حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان

# پەنجەمۆری زمانیی لە لێکدانەوەی تاوانە زمانییەکاندا

**نامەیەکە**

**سۆما جەمال رؤوف**

**پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا**

سەرپەرشت :

پ.ی.د. ئاڤێستا کەمال مەحموود

(٢٧٢١)ی کوردی (٢٠٢١)ی زایینی

ئەم نـامەیە بە ناونیشـانی (پەنجەمـۆری زمـانیی لە لێكدانەوەی تـاوانە زمانییەكانـدا) لە لایەن خوێندكار (سۆما جمال رؤوف)ەوە ، بە سەرپەرشتی من لە زانكۆی سلێمانی ئامـادەكراوە و بەشێكە لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی كوردیدا.

ناو :پ.ی.د. ئاڤێستا كەمال مەحموود

ڕۆژ : / ٩ / ٢٠٢١

بە پێی ئەو پێشنیازە ، ئەم نامەیە پێشكەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەكەم.

ناو: پ.ی.د. محەمەد عومەر عەول

سەرۆكی بەشی كوردی

ڕۆژ : / ٩ / ٢٠٢١

ئـێمە ئەنـدامانی لیـژنەی گفتوگـۆ و هەڵســەنگاندن ، ئەم نامەیەمــان خوێنــدەوە و لەگەڵ خوێنـدکارەکەدا گفتوگۆمـان لە بـارەی نـاوەڕۆک و لایەنەکـانی تـری کـرد و بڕیارمانـدا ، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                  )بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو :

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ :     /     / ٢٠٢١

ناو:

ئەندام

ڕۆژ :     /     / ٢٠٢١

ناو:

ئەندام

ڕۆژ :     /     / ٢٠٢١

ناو:

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ :     /     / ٢٠٢١

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمان پەسەندکرا.

ناو :

ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕۆژ :     /     / ٢٠٢١

**پێشکەشە بە :**

- ڕۆحی هەمیشە زیندووی باوکم.
- نهێنی سەرکەوتنەکانم (دایکی شیرینم).
- ئەو کەسەی پاڵپشتی هەموو هەنگاوەکانم دەکات (هاوسەرە ئازیزەکەم).
- دوو جگەرگۆشە خۆشەویستەکەم (زین و زیوی) .
- دڵسۆزانم ( تارا ، سارا ، ئارا ، سانا ، هاوناز).

## سوپاس و پێزانین بۆ :

• زۆر بەڕێز ( پ.ی.د. ئاڤێستا کەمال مەحموود ) ، کە بەوپەڕی لەخۆبردوویی و دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەشتیکردنی نامەکەمی لە ئەستۆ گرت .

• بەڕێزان (داواکاری گشتی /خاتوو ڤینۆس بکر علی ) و (جێگری داواکاری گشتی / خاتوو چنار عەبدولقادر محەمەد سەعید ئەحمەد) ، کە سەبارەت بە بابەتە یاساییەکانی پەیوەست بەم لێکۆڵینەوەیەوە ، بەرچاوڕوونییان پێدام .

• بەڕیزان کارمەندانی پێنووسی دادگای (تاوان و کەتن)ی سلێمانی ، بە تایبەتی (یاریدەدەری دادوەریی / بەختیار جلال خضر) لە پێنووسی دادگای تاوانەکانی (٣) ، (یاریدەدەری دادوەریی / شۆخان حەمە صالح) لە پێنووسی دادگای کەتنی (٥) ، کە زۆر هاوکارییان کردم .

• بەڕێزان سەرۆک و بڕیاردەری بەشی کوردی ، بەڕیزان ستافی کارمەندانی (سکرتاریەتی بەش ، خوێندنی باڵا ، کتێبخانەی کۆلێژی زمان ) ، کە پێمانەوە ماندوو بوون .

• هاوڕێی دڵسۆزم (م. نیگار) ، کە بە وەرگێڕانی پوختەی نامەکە بۆ زمانی عەرەبی هاوکارم بوو .

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Implication | بەخشکەیی دەربڕین |
| Nominalization | بەناوکردن |
| Linguistic Fingerprint | پەنجە مۆری زمانیی |
| Compare and Contrast | پێکهاتەی دەق لە جۆری بەراورد وجیاوازیکردن |
| Cause and Effect | پێکهاتەی دەق لە جۆری هۆکارو کاریگەری |
| Problem and Solution | پێکهاتەی دەق لە جۆری کێشەو چارەسەر |
| Description | پێکهاتەی دەق لە جۆری پەسنکردن |
| Linguistic Fingerprint | پەنجە مۆری زمانیی |
| Criminology | تاوانناسی |
| Language Crimes | تاوانە زمانییەکان |
| White-coller crime | تاوانی یەخەسپی |
| The crime of counterfeiting and using counterfeit currency | تاوانی لاساییکردنەوە و بەکارهێنانی دراوی ساختە |
| Embezzlement | تاوانی بردنی ماڵی دەوڵەت |
| Theft crime | تاوانی دزیکردن |
| The crime of threatening | تاوانی هەڕەشەکردن |
| The crime of insulting and slandering | تاوانی جنێودان و خستنەپاڵی نادروست |
| Defamation Crime | تاوانی ناوزڕاندن |
| Crime of incitement | تاوانی هاندان |
| Deception crime | تاوانی هەڵخەڵەتاندن |
| Murder crime | تاوانی کوشتن |
| Reid technique | تەکنیکی ڕید |
| Ambiguity | تەمومژی واتایی |
| Questioned recording | تۆماری گومانلێکراو |
| Text type | جۆری نووسین |
| Suicide | خۆکوشتن |
| Legal text | دەقی یاسایی |
| Condition Structures | دروستەی مەرجیانە |
| Impersonal Structueres | دروستەی ناکەسی |
| voice of the suspected speaker | دەنگی قسەکەری گومانلێکراو |
| Forensic dialectology | دیالێکتۆلۆجی دادوەری |

| | |
|---|---|
| Pitch level | ڕەوتی دەنگ |
| Interdisciplinary Linguistics | زانستی زمانی فرەڕەهەندی |
| Language Didactics | زانستی فێربوونی زمانی دووەم |
| Educational Linguistics | زانستی زمانی پەروەردەیی |
| Forensic Linguistics | زمانەوانی دادوەری |
| Applied linguistics | زمانەوانی جێبەجێکردن |
| Legal Language | زمانی یاسا |
| Language in the Legal Process | زمان لە ڕێکارەکانی دادگادا |
| Language as evidence | زمان وەکو بەڵگە |
| Language for specific purposes | زمان بۆ مەبەستی دیاریکراو |
| Common Ground | زەمینەی هاوبەش |
| Sequence | زنجیرە |
| Registera | شێوازی دووان |
| Forensic Stylistic | شێوازناسی دادوەری |
| Forensic phonetics | فۆنەتیکی دادوەری |
| The investigative stage | قۆناغی لێکۆڵینەوە |
| The trial stage | قۆناغی دادگاییکردن |
| Appeal stage The | قۆناغی پێداچوونەوە |
| Knowledge | کۆزانیاریی |
| Background Knowledge | کۆزانیاری پێشینە |
| Speech acts | کردە قسەییەکان |
| Presupposition | گریمانە پێشەکییەکان |
| PEACE interviewing model | مۆدێلی چاوپێکەوتنی PEACE |
| Conversation Management model | مۆدێلی بەڕێوەبردنی گفتوگۆ |
| Enhanced Cognitive Interview model | مۆدێلی چاوپێکەوتنی درکپێکردنی پێشکەوتوو |
| Genre | میتۆدی ژانەر |
| Truth-conditional | مەرجی ڕاستەقینە |
| Deixis | نیشانە پراگماتیکییەکان |
| Iconicity | وێنەکاری |

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پیشەکی** | |
| ١/٠) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٢/٠) بواری لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٣/٠) کەرەستەی لیکۆلینەوەکە | ١ |
| ٤/٠) هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٥/٠) گیرگرفتی نامەکە | ١ |
| ٦/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٧/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| **بەشی یەکەم : زمان لە پرۆسە دادوەرییەکاندا** | ٥ |
| ١/١) زانستی زمانی دادوەری / زمانەوانیی دادوەریForensic Linguistics | ٥ |
| ١/١-١) پێداچوونەوە وگەشەسەندنی چەمکی زمانەوانی دادوەری | ١٠ |
| ١/١-٢) کاری زمانەوان لە زمانەوانی دادوەرییدا | ١٤ |
| ١/١-٣) شارەزای زمانیی لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا | ١٨ |
| ١/١-٣-١)یاسای شارەزایان ژمارە (١٦٣)ی ساڵی (١٩٦٤) | ١٩ |
| ١/١-٣-٢) یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانی عێراقی (قانون اصول المحاكمات الجزائية) | ٢١ |
| ١/١-٣-٣) یاسای سەلماندن (قانون الاثبات) | ٢٣ |
| ١/١-٣-٣)کەموکورتی یاسای شارەزایی | ٢٧ |
| ٢/١) بوارەکانی زانستی زمانی دادوەری : | ٢٩ |
| ٢/١-١ ) زمانی یاساLegal Language | ٣٠ |
| ٢/١-٢)زمان لە ڕێکارەکانی دادگادا Language in the Legal Process | ٣٧ |
| ٢/١-٢-١)قۆناغەکانی پرۆسەی دادگاییکردن | ٣٨ |
| یەکەم : قۆناغی لێکۆڵینەوە Investigative stage The | ٣٨ |
| دووەم : قۆناغی دادگاییکردن The trial stage | ٤٥ |
| سێیەم : قۆناغی پێداچوونەوە Appeal stage The | ٤٦ |
| ٢/١-٣) زمان وەک بەڵگە Language as Evidence | ٤٧ |
| ٣/١) دەق | ٥٢ |
| ٣/١-٢) دەقی یاسایی Legal text | ٥٣ |
| **بەشی دووەم : لێکدانەوەی تاوانە زمانییەکان لە ڕێگەی پەنجەمۆری زمانییەوە** | ٥٨ |
| ١/٢) چییەتی تاوان | ٥٨ |

| | |
|---|---|
| ١/٢-١)جۆرەکانی تاوان | ٥٨ |
| ١/٢-٢ )بنەماو تیۆرەکانی تاواناسی | ٦٠ |
| ٢/٢) پەنجەمۆری زمانیی لە تاوانە زمانییەکاندا | ٦٣ |
| ٢/٢-١) پەنجە مۆری زمانیی چەمک و تێڕوانین | ٦٥ |
| ٢/٢-٢) پەنجەمۆری زمانیی لە لێکدانەوەی تاوانی نێو داوا سزاییەکان | ٦٨ |
| ٢/٢-٣) داوا سزاییەکان پەیوەست بە ئەو تاوانانەی بە پەنجە مۆری زمانیی لێکدەدرێنەوە | ٧٢ |
| ٣/٢)ڕۆڵی ستراتیژییە زمانییەکان لەدیاریکردنی پەنجەمۆری زمانییدا | ٨٦ |
| **یەکەم:** ستراتیژەکانی فۆنەتیکی دادوەری Forensic phonetics | ٨٧ |
| دووەم: ستراتیژەکانی شێوازناسی دادوەریForensic Stylistic | ٩١ |
| چوارەم: ستراتیژەکانی ڕستەکاری دادوەری | ٩٣ |
| سێیەم: ستراتیژەکانی دیالێکتۆلۆجی دادوەریForensic dialectology | ٩٧ |
| پێنجەم: ستراتیژییە سیمانتیکی و لۆجیکییەکان | ٩٩ |
| شەشەم: ستراتیژییەکانی پراگماتیکی دادوەری | ١٠٢ |
| حەوتەم : ستراتیژییەکانی زمانی جەستە | ١٠٧ |
| هەشتەم: ستراتیژییەکانی سایکۆ-زمانی دادوەری | ١٠٩ |
| **بەشی سێیەم : دۆزینەوە و لێکدانەوەی جێپێی (تاوان و بەڵگە) زمانییەکان لە دەقی دۆسیە تاوانکارییەکاندا** | ١٣٧ |
| ٣/١) لێکدانەوەی جێپێی تاوانە زمانییەکان لە دەقی دۆسیە تاوانکارییکاندا | ١٣٧ |
| یەکەم : تاوانی هەڕەشەکردن:The crime of threatening | ١٣٩ |
| دووەم : تاوانی جنێودان و خستنەپاڵی نادروستThe crime of insulting and slandering | ١٤٢ |
| سێیەم : تاوانی ناوزڕاندنDefamation Crime | ١٤٥ |
| چوارەم : تاوانی هاندان Crime of incitement | ١٤٨ |
| پێنجەم : تاوانی هەڵخەڵەتاندن Deception crime | ١٥٣ |
| ٢/٣) لێکدانەوەی جێپێی بەڵگە زمانییەکان لە دەقی دۆسیە تاوانکارییەکاندا | ١٥٧ |
| یەکەم : تاوانی کوشتن Murder crime | ١٥٧ |
| دووەم :تاوانی لاساییکردنەوە و بەکارهێنانی دراوی ساختە The crime of counterfeiting and using counterfeit currency | ١٦٦ |
| سێیەم : تاوانی بردنی ماڵی دەوڵەت Embezzlement | ١٧١ |
| چوارەم : تاوانی دزیکردنTheft crime | ١٧٧ |
| پێنجەم : خۆکوشتن | ١٨٤ |
| ٣/٣) کەرەستە زمانییەکان لە جێپێی بەڵگەکاندا : | ١٩٤ |
| ٤/٣)گرنگی پەنجەمۆری زمانیی بە لێکدانەوە سایکۆ_ زمانییەکان : | ٢٠٢ |
| **ئەنجام** | ٢٢٦ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ٢٢٩ |

| | |
|---|---|
| **الخلاصة** | ٢٤١ |
| **Abstract** | ٢٤٣ |

## ١/٠) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە :

ناونیشـــانی لێکۆڵینەوەکـــە بـــۆ (پەنجـــەمۆری زمـــانیی لـــە لێکدانـــەوەی تاوانـــە زمانییەکانـــدا ) تـــەرخانکراوە . بەشـــێوەیەکی گشـــتی ناســـاندنی پەنجـــەمۆری زمـــانیی ، ڕۆڵ و گرنگیـــی لـــە لێکدانەوەی تاوان و بەدەستهێنانی بەڵگەی زمانییدا لەخۆدەگرێت.

## ٢/٠) بواری لێکۆڵینەوەکە :

لێکۆڵینەوەکە دەکەوێتە چێوەی زانستی زمانی دادوەرییەوە ، کە زانستێکە لە چوارچێوەی زانســتی زمــانی فرەڕەهەندیــدا ســەربەخۆیە ، لــە نێــوان هــەردوو بــواری زمانــەوانی و یاســادا نێوەندگیرە .

## ٣/٠) کەرەستەی لیکۆڵینەوەکە :

نامەکــە کەرەســتە زمانییــەکانی (زاری کرمــانجی ناوەڕاســت – شــێوەزاری ســلێمانی ) تێــدا بــەکاردەهێنرێت ، نمونــەکانیش لــە دەقــی دۆســیە تاوانکارییــە یــەکلاییبووەکانی نێــو پێنووســی دادگای کەتن و دادگای لێکۆڵینەوەی تاوانی ناو دادگای سلێمانییەوە وەردەگیرێت .

## ٤/٠) هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە :

لێکدانــەوەکانی زمانــەوانی دادوەری پشتبەســتوو بە پەنجەمــۆری زمــانیی ، بــە یــەکێک لــەو لێکدانەوە تەواوکارییانە دادەنرێت ، کە سیستەمی دادوەری زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان ، بۆ قۆناغی لێکۆڵینەوەی تاوان ، لێکدانەوەی دەقی تاوان ، دۆزینەوەی بەڵگەی زمـانیی لــە دەقــی تاوانەکانــدا پشتیپێدەبەســتێت ، هەربۆیــە نــەبوونی ئــەمجۆرە لێکۆڵینەوانــە ، کــە پشتبەستووبێت بە ڕێسا و یاسا و کەرەستە زمانییەکانی زمانی کوردی ، کەلێن و بۆشایی لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە و بەڕێوەچوونی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانەدا دروستدەکات . لەبەر ئەوە بە گرنگ زانرا ، ئەم نامەیە ببێتە یەکەمین نامەی ماستەر ، کە کار بە پەنجەمۆری زمانیی ،بۆ لێکدانەوەی تاوانەکان بکات (بە زمانی کوردی) ، تا دەروازەیەک بێت بۆ سەرهەڵدانی چەندین نامە و لێکۆڵینــەوەی زانســتی دیکە ، کە لــە ڕێگەیــەوە زانســتی زمـانیش بکــەن بــەو زانســتەی ، وەکو بەشێک لە ئامرازەکانی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنی دادپەروەرانــە لــە دادگاکانی هــەرێمی کوردستاندا ، پشتیپێببەسترێت.

## ٥/٠) گیرگرفتی نامەکە :

١- لە نێو دادگای سلێمانیدا ، دەقی لێدوانی نێو دۆسیە تاوانکارییەکان دەقاودەق وەکو وتەی کەســی لێدوانــدەر تۆمــار نەکرابــوون ، بەڵکــو بیــرۆکەی ســەرەکی لێــدوانەکان

نوسـرابوونەوە ، ئەمەش بۆ لێکدانەوەکانی زمـانەوانی دادوەری بـابەتێکی کێشـەدارە ، چونکە لەم جۆرە لێکدانەوانەدا بچوکترین کەرەسـتەی زمـانیی بەهەند وەردەگیرێت و لێکـــدانەوەی بـــۆ دەکرێـــت ، ئەمە ســـەرەڕای ئەوەی لەگەڵ بەدەمـــەوەهاتن و پێشکەشکردنی یارمەتی لەلایەن کارمەندەکانیانەوە ، بەڵام دۆزینەوەی ئەو دۆسێیانەی ، کـە تایبــەت بـوو بـە تاوانــە زمانییەکانــەوە ، کـارێکی زۆر زەحمــەت و گرانبــوو ، هـەروەها کـاتێکی یـەکجار زۆری دەویسـت ، ئـەویش بـەهۆی ئـەو سیسـتمە تایبـەت و پێویستەی لەنێو دادگاکاندا ، سەبارەت بە هـەڵگرتنی دۆسـیە یـەکلاییبووەکان پـەیڕەوی دەکەن .

٢- نەبوونی سەرچاوەی ئەوتۆ ، کە زانیارییە بەراییەکانی تایبەت بە زمانەوانی دادوەری تێـداخرابێتە ڕوو بە گشـتی ، هەروەهــا نەبــوونی هــیچ ســەرچاوەیەک دەربــارەی پەنجەمۆری زمانیی ، بەردەستبوونی تاکە توێژینەوەیەک دەربارەی تاوانە زمانییەکان بە (زمانی کوردی) ، وایکرد نامەکە زیاتر هـەڵبگرێت و پێویستی بـە ڕوونکردنـەوە و خستنەڕووی زیاتربێت .

**٦/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :**

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی (پەسنی شیکاریی)دا یە ، بە پێی پرەنسیپ و ستراتیژیی لێکدانەوەی زانستی زمانیی دەروونی .

**٧/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە :**

لێکۆڵینەوەکە جگە لە لیستی سەرچاوە ، پێشەکی ، ئەنجام ، پوختـە ، لـە سێ بەشی سـەرەکی پێکهاتووە ، کە هەربەشێکیش کراوە بە چەند پارو وەچە پارێکەوە :

**بەشی یەکەم :** ئەم بەشە بە ناونیشانی (**زمان لە پرۆسـە دادوەرییەکاندا**) یـە ، لـە سێ پاری سـەرەکی پێکهاتووە :

پاری یەکەم : لـەژێر ناونیشـانی (زانسـتی زمـانی دادوەری / زمانـەوانیی دادوەری ( Forensic Linguistics) ، گرنگـی بــە ناســاندنی زانســتی زمــانی دادوەریــی دەدرێــت ، هەروەهــا پێداچوونەوەیــەکە بەســەر ســەهەڵدان و گەشەســەندنی چــەمکی زانســتەکە ، پاشــان کــاری زمانـەوانان لـە چوارچێوەی بوارەکـەدا دەستنیشـاندەکرێت ، دواتـر یاسـای شـارەزایی وەکـو یاسـایەکی پەیوەسـت بـە بوارەکـە و ئـەو یاسـاییانەی لـە چوارچێوەیدا کارپێدەکرێت ، لەگـەڵ دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکانی خراوتەڕوو.

پاری دووەم : ئەم پارە بە ناونیشانی (**بوارەکانی زانستی زمانی دادوەریی** ) ، بۆ ناساندنی زمانی یاسا و ڕوونکردنەوەی زمان لە ڕێکارەکانی دادگا و زمان وەک بەڵگە تەرخانکراوە .

پاری سێیەم: بە ناونیشانی **(دەق)** ، بە کورتی قسەکردنە لەسەر دەق و جۆرەکانی پاشان دەقی یاسایی وەکو جۆرێکی تایبەت لە دەق دەستنیشانکراوە و جۆرەکانی خراوەتە ڕوو.

**بەشی دووەم :** ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (**لێکدانەوەی تاوانە زمانییەکان لە ڕێگەی پەنجەمۆری زمانییەوە**) ، سێ پار لەخۆدەگرێت:

**پاری یەکەم :** ئەم پارە لەژێر ناونیشانی (**چییەتی تاوان**)دا ، چییەتی تاوانی تێدا ڕووندەکرێتەوە و جۆرەکانی دەستنیشاندەکرێت ، پاشان ئەو بنەماو تیۆرییانەی ، کە تایبەتن لە تاواننانسی تیایدا دەخرێنە ڕوو.

**پاری دووەم :** ئەم پارە لە ژێر ناونیشانی (**پەنجەمۆری زمانیی لە تاوانە زمانییەکاندا**) ، وردەکاری و جۆرەکانی تاوانی زمانیی تێداڕووندەکرێتەوە ،پاشان ڕوودەکرێتە باسکردنی (پەنجەمۆری زمانیی چەمک و تێروانین ) لەو ڕووەشەوە دوو لایەن دەرخرێنەڕوو، ئەوانیش : پەنجەمۆری زمانیی لە لێکدانەوەی تاوانی نێو داوا سزاییەکان ، داوا سزاییەکان پەیوەست بە ئەو تاوانانەی بە پەنجە مۆری زمانیی لێکدەدرێنەوە .

**پاری سێیەم** : کە کۆتا پاری ئەم بەشەیە ، بە ناونیشانی (**ڕۆڵی ستراتیژییە زمانییەکان لەدیاریکردنی پەنجەمۆری زمانییدا ، بۆ لێکدانەوەی تاوانە زمانییەکان**) ، ستراتیژییەکانی (فۆنەتیکی دادوەری ،شێوازناسی دادوەری ، دیالێکتۆلۆجی دادوەری ، ڕستەکاری دادوەری ، ستراتیژییە سیمانتیکی و لۆجیکییەکان ، ستراتیژی پراگماتیکی دادوەری ، ستراتیژییەکانی زمانی جەستە ، لەگەڵ ستراتیژییە سایکۆزمانییەکان )ی سەبارەت بە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانی تێدادەخرێتە ڕوو.

**بەشی سێیەم** : ئەم بەشە کە تایبەتە بە بەشە پراکتیکییەکەی لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (**لێکدانەوەی جێپێی (تاوان، بەڵگە) زمانییەکان لە دەقی دۆسیە تاوانکارییەکاندا**) ، لە چوار پاری سەرەکییدا بە شێوەیەکی پراکتیکیانە، بابەتەکانی تێدا ڕووندەکرێتەوە:

**پاری یەکەم** : لە ژێر ناونیشانی (**لێکدانەوەی جێپێی تاوانە زمانییەکان لە دەقی دۆسیە تاوانکارییەکاندا**) ، چەند تاوانێکی زمانیی وەک (هەڕەشەکردن ، جنێودان و خستنەپاڵی نادروست ، ناوزڕاندن ، هاندان ، هەڵخەڵەتاندن) دەخرێنە ڕوو ، پاشان بەپێی جۆرەکەیان چەند دۆسیەیەک لە دۆسیەتاوانکارییەکانی نێو دادگای سلێمانی وەردەگیرێت ، جێپێی تاوانیان تێدا دەستنیشاندەکرێت و لێکدانەوەیان بۆدەکرێت.

**پاری دووەم** : لە ژێر ناونیشانی (**لێکدانەوەی جێپێی بەڵگە زمانییەکان لە دەقی دۆسیە تاوانکارییەکاندا**) ، هەندێک لە تاوانە کردارییەکانی وەک (کوشتن ، لاساییکردنەوە و بەکارهێنانی دراوی ساختە ، بردنی ماڵی دەوڵەت ، دزیکردن ، ڕووداوی خۆکوشتن )وەردەگیرێت و جێپێ بەڵگەی تاوانیان تێدا ئاشکرا دەکرێت .

**پاری سێیەم** : ئەم پارە بە ناونیشانی (**کەرەستە زمانییەکان لە جێپێی بەڵگەکاندا**) ،لەژێر ڕۆشنایی ئەو جێپێی بەڵگانەی لە پاری دووەمدا بەهۆی لێکدانەوەی دۆسیەکانەوە دەرکەوتن ، بە جیا باس لە مەبەست و شێواز ئەو کەرەستە زمانییانە دەکرێت ، کە لەهەریەکێکیاندا بەکاردێت.

**پاری چوارەم** : کە کۆتا پاری ئەم لێکۆڵینەوەیەیە ، لەژێر ناونیشانی (**گرنگی پەنجەمۆری زمانیی بە لێکدانەوە سایکۆ_ زمانییەکان**) ، لێکدانەوە بۆ ئەنجامی ڕاپرسیەکی (٢٣)بیست و سێ پرسیاری دەکرێت ، وەکو بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی گرنگی پەنجەمۆری زمانیی لە لێکدانەوەی تاوانەکاندا بە گشتی ، بە تایبەتیش ئەو پەنجەمۆرە زمانییانەی بەهۆی پرەنسیپ و ستراتیژییەکانی سایکۆ_زمانیی دادوەرییەوە دەستنیشاندەکرێت .

# بەشی یەکەم

# زمان لە پرۆسە دادوەرییەکاندا

## ١)زمان له پرۆسه دادوەرییەکاندا :

زمان وەکو ئەو سیستەمە ئاڵۆزەی کەسەکان بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن ، دەربڕینی بیروڕا و بۆچوون ، گوزارشتکردن له خود ... هتد ، بەکاری دێنن . له چوارچێوەی زانستی زماندا دەتوانرێت چەندین ڕێسا و یاسا و ی تایبەتی وەهای تێدابدۆزرێتەوە ، که له چارەسەرکردنی بەڵگەنامه نوسراو و تۆمارکراوەکانی تایبەت به بواری دادوەریدا یارمەتیدەربێت .

## ١/١) زانستی زمانی دادوەری/ زمانەوانیی دادوەری(Forensic Linguistics ):

ئەم زانسته ڕووکاری نێوان هەردوو بواری زمان و پرۆسه یاسایی و دادوەرییەکانه و لێکدانەوەی زمانەوانییانەیه له مەسەله تاوانکاری و ڕێوشوێنه یاساییەکاندا . واته به ئامانجی دیاریکردنی ناسنامەی ئەنجامدەر یان تۆمەتبار ، کار لەسەر لێکۆڵینەوەو ڕاڤەکردن و پێوانەکردنی داتا زمانییەکانی پەیوەست به ڕوودانی تاوانێکەوە دەکات ، لەبەرئەوە بۆ تێگەیشتن له ئەم زانسته ، پێویسته به دوای چییەتی زمانەوانی دادوەریدا بگەڕێین و ئەو پەیوەندی و بوارانەی کار تێدا دەکات بخەینەڕوو.

ئەم بواره زانستییانه پەیکاڵ دەبێت ، لەگەڵ جێبەجێکردنی کۆزانیاریی زانستی بۆ ناو زمان ، له ناو دەقی تاوانکاری ، یاسای باری شارستانییدا ، دەستوور ، یاسای کەتن ... هتد . به شێوەیەک مامەڵه لەگەڵ کێشەو دیارده یاساییانەدا ، بۆ ڕەواندنەوە و ڕوونکردنەوەی واتاو مەبەسته لێڵەکان دەکات. به واتایەکی تر گرنگی به تێگەیشتن له زمانی یاسایی و ئەو ئاڵۆزییانەی له ناو سروشتی ئەم زانستەدا هەیه ، لەگەڵ چوارچێوەی بەکارهێنانی زمان له ناو پرۆسه دادوەرییەکانی وەکو جوڵاندنی داوای سزایی و هەواڵدان له تاوان و لێکۆڵینەوەو ڕێکاره دادگاییەکان و بڕیارو حوکمەکان و ...هتد، دەدات. بۆیه دەتوانین بڵێین زمانەوانی دادوەری " وەک پێویستییەکی ناچاری له بواری یاسادا دەردەکەوێت ، چونکه خەڵکی ئاسایی کەشارەزاییان نییه له بواری یاساییدا به باشی له ماف و ئەرکه یاساییەکانی خۆیان تێناگەن و ئاشنا نین پێی بەڵکو لەوەش زیاتر ئەوەیه ، که ئەو کەسانەی به تاوانێک تاوانباردەکرێن ناتوانن له پێواژۆکاری یاسایی و زاراوەکانی تێبگەن " (محمود ٢٠١٧ :٣) ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، که زمان له بواری یاساییدا ، گرنگییەکی بەرچاوی هەیه ، هەر له داڕشتنی دەقی یاسایی و داتاشینی زاراوەی یاسایی تا دەگاته لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ وتەو لێدوانەکانی لایەنه پەیوەندیدارەکان به دادگاو خودی دادگا، لەبەر ئەوە ئەم زانسته به ڕێنیشاندەرو دەرخەی ڕاستی دادەنرێت ، بۆ تێگەیشتن له بابەته یاسایی و دادوەرییەکان.

لە سەرەتادا ئەم بوارە ، وەکو ڕەوتێکی ئەکادیمی نوێ و لەژێر سێبەری زمانەوانی جێبەجێکردندا Applied linguistics[1] ، هاتەکایەوە ، بەو پێیەی ئەم جۆرەی زمانەوانی "جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی میتۆدە زمانەوانی و شێوازە هونەرییەکانە ، لە شیکردنەوە و توێژینەوەی بوارە نازمانییەکاندا " (کریستاڵ ١٩٧٤ :١٧٤ ) واتە هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان لایەنە تیۆری و کارەکییەکانی ناو خودی زمان و پەیوەندی نێوان زمان و زانستەکانی دیکە دەدات و هەر لە سەرەتاشەوە وەکو زانستێکی فراوان دەرکەوتووەو زۆربەی کایە زمانەوانییەکانی دیکەی وەکو (پڕانی زمان، فێربوونی زمانی بێگانە ، فرەزمانی ، پلانی زمانی، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی ، زانستی زمانی دەروونی ، چارەسەری کێشەو ئاریشە زمانییەکان ، وەرگێڕان ، فەرهەنگ ، زانستی زمانی بەرامبەری ، زانستی زمانی هەژمارەیی و ...هتد ) (عبدة الراجحی ١٩٩٥ : ٩) لەخۆگرتووە . بە شێوەیەک کە چارەسەری کۆمەڵێکی فراوان لە کێشە زمانییەکانی کردووە ، کە ڕۆڵیان هەیە لە ژیانی تاک و بارودۆخەکانی کۆمەڵ، بۆیە ئەگەر سەنج بدەینە ئینسکلۆپیدیای زمانەوانی جێبەجێکردن ، کە ( لە (وایلی Wiley)ییەوە دەستپێدەکات ، تێبینی ئەوە دەکرێت ، لیستی ئینسکلۆپیدیاکە (٢٨) بواری جۆراو جۆر دەگرێتەوە )[2] (Rosane Silveira 2018 : 9)، زمانەوانی دادوەریش بە گوێرەی ئەوەی "جێبەجێکردنی زمانە بەسەر پرسیارو کێشە یاساییەکانەوە" (Olsson 2008:3 )یەکێکە لەو بوارانە, بەلام لە ئێستادا زمانەوانی جێبەجێکردن ، کە تا ڕادەیەک سنوری لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بووە بە وەلامدانەوەی سێ پرسیاری وەکو (چی دەزانین دەربارەی زمان ؟ چۆن فێردەبین ؟ چۆن بەکاری دێنین ؟ ) (Schmitt & Celce-Murcia 2002: 1) و لە ڕێگەی " کۆزانیاری دەربارەی سروشتی زمان ، (کە بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بەدەستهاتووە)، بە ئامانجی باشترکردنی کارایی هەندێک ئەرکی پراکتیکی ، کە زمان تیایدا پێکهاتەی ناوەکییە هەوڵی چارەسەرکردنی هەندێک لەو کێشانە دەدات ، کە لە دنیای ڕاستەقینەدا هەن." Corder (24 : 1974)، بۆیە بەشێکی زۆری ئەو بوارانەی پێشتر لە چوارچێوەیدا بوون ، لە ناویشیدا زمانەوانی دادوەری بوونەتە کایەی سەربەخۆ و تەنانەت وایان لێهاتووە بوون بە سەرچاوە

---

[1] زمانەوانی جێبەجێکردن: بوارێکی لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە و (مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ١٩٤٨ لەگەڵ بلاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری فێرکاری زمان : گۆڤاری زمانەوانی جێبەجێکردن ) (Grbae 2016 :1).

[2] ئەو بوارانەی لە لیستی ئینسکلۆپیدیای زمانەوانی جێبەجێکردندان (شیکردنەوەی دەق ، هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە ، فێرکردنی جووتزمانی و فرەزمانی ، فرەزمانی و جووتزمانی ، ژیاننامە ، وەرگرتنی زمانی دووەم ، شیکردنەوەی گفتوگۆ ، زمانی جەستە ، شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی دەق ، کلتورو دەروربەر ، دەق ، زمانەوانی دادوەری ، ڕێزمان ، ئایدۆلۆژیای زمانی ، زمان پڕان و فێرکردنی زمان ، سیاسەتی زمان و پلانی زمانیی ، زمان بۆ مەبەستی تایبەتی ، فەرهەنگ ، فێرکردنی نووسین و خوێندنەوە ، فرەمۆدی پەیوەندیکردن ، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی ، پراگماتیک ، میتۆدی جۆرێتی ، میتۆدی چەندێتی و تێکەڵ ، لایەنی کۆمەڵایەتی و دینامیکی و ئاڵۆزی لە گەشەسەندنی زمانی دووەمدا ، زمان و تەکنەلۆژیا ، وەرگێڕانی زارەکی و نووسراو ، ئینگلیزی جیهانی ) ( Silveira 2018 : 9)

بۆ زمانەوانی جێبەجێکردن ، بە ڕادەیەک دەتوانرێت بوترێت لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی جێبەجێکردنیش زیاتر تەرخان بوون بە زمان پڕان و فێربوونی زمانی یەکەم و دووەم ،بەتایبەتیش بەلای فێربوونی زمانی دووەمدا ئاڕاستەی گرتووە . هەر لەبەر ئەمەشە دەبنین دەربارەی زاراوەی زانستەکە ، زمانەوانێکی وەکو "وێلکینس Wilkins پێشنیازی ناوی لێکۆڵینەوە زانستییەکان بۆ فێربوونی زمانی بیانی بۆ کردووە ، ماکای Mackey بە زانستی فێربوونی زمانی دووەم Lnaguage Didactics ، سپۆلسکی Spolsky یش بە زانستی زمانی پەروەردەیی Educational Linguistics ناوی دەبات و لە ئەڵمانیاش لە نێوەندە زمانییەکاندا بە زاراوەی فێرکردنی زمان و لێکۆڵینەوە لە فێربوونی بۆ بەکارهاتووە"(الراجحی ١٩٩٥ :١٠) ، بەڵام لە دواجاردا هیچ یەک لەو زاراوانە بەکارنەهاتن و زاراوەکە وەکو خۆی مایەوە.

زمانەوانی دادوەری بەو پێیەی شیکردنەوە لە ڕێگەی زمانەوە بە یاسا دەبەخشێت ، واتە زانستێکە لە نێوان هەردوو بواری زمانەوانی و یاسادا نێوەندگیرە ، کە بە شێوەی سەربەخۆ لە چوارچێوەی زانستی زمانی فرەڕەهەندی Interdisciplinary Linguistics لێکدانەوەکانیان دەخەنەڕوو ، ئەمەش لەبەر ئەوەی " توێژینەوەکانی زمانەوانی فرەڕەهەندی ، دوو پسپۆڕیی ئەکادیمی یان زیاتر دەگرێتەوە ، کە بە جیاواز دادەنرێن "( ٢٠١٨ :٨) Evdokia Karavas . واتە ئالۆزییەکانی بوارێک لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدو تیۆرییەکانی بوارێکی دیکەوە ڕووندەکاتەوە، هەروەکو چۆن زمانەوانی دادوەری ، بەکارهێنانی میتۆدو تیۆرییە زمانییەکانە ، بۆ ڕوونکردنەوەی ئالۆزییەکانی بواری یاساو دادوەری .

لێرەوە دەتوانرێت بوترێت زمانەوانی دادوەری بە یەکێک لەو زانستە تەواوکارییانە دادەنرێت ، کە بە نەبوونیان پرسیارو بەڵگەی بەجێماو دروست دەبێت ، لەبەرئەوەی وەکو ئاشکرایە هیچ زانستێک بە تەنیا ناتوانێت بە تەواوی خۆی بسەلمێنێت ، ئەگەر کەڵکی لە لێکدانەوە زانستییەکانی بوارە پەیوەندیدارەکانییەوە وەرنەگرتبێت . بۆدرککردن بەو ڕاستییەش دەتوانین پشت بەوە ببەستین ، فرەڕەهەندی لە لێکدانەوەکان و خودی زاراوەکەشدا ، کە " وەکو زاراوەی سەدەی بیستەم سەیردەکرێت . بەڵام چەمکەکە پێشینەیەکی مێژوویی هەیە ، کە بە شێوەیەکی بەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی " (Ausburg, Tanya 2006:3 ) ، بۆ نمونە لە سەدەی حەڤدەهەمدا ، بۆ درووستکردنی سیستەمێکی دادوەری جیهانی ، کە پێویست بە زانیاری زمانەوانی و ئابووری و کارگێڕی و ئیتیک و فەلسەفەو یاسا و ....هتد دەکات ، کەڵک لە تواناکانی فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی (لایبنتز) وەرگیرا ئەویش بەهۆی "زانینە گشتییەکەی کە ژێرخانی ئەو بوو " کۆمەڵێک نووسەر( ٢٠١٥: ٣٤)

لەم ڕووەوە زمانەوانی دادوەری جگە لەوەی پێکهاتەیەکی فرەڕەهەندی هەیە ، لەناو خودی لێکدانەوەکانیشدا بەتەنیا بە ئاست و بوارێکی زمانەوانییەوە پەیوەست نابێتەوە ، بەڵکو پشت بە هەریەک لە ئاستەکانی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و سیمانتیک دەبەستێت و کار بە میتۆدو تیۆرییەکانی بوارەکانی پراگماتیک و زانستی زمانی دەروونی و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت زمانی جەستەش دەکات ، ئەمەش وادەکات هەم سروشتی پێکهاتنی و هەم سروشتی کارکردنی فرەڕەهەند بێت . کەواتە دەتوانرێت بوترێت لێکدانەوەکانی زمانەوانی دادوەری پشتبەستووە بە هەردوو جۆری لێکدانەوەی ( زمانەوانی ورد/ Micro linguistics) و (زمانەوانی درشت / Macro linguistics) لە شیکردنەوەی پێکهاتەکانی ناوەوەی زمان و دیاریکردنی هۆکارە دەرەکییەکانی زمان.

ئامانجی لیکدانەوەکانی ئەم بوارە ، بەدەستهێنانی شیکردنەوەی دەقە ، لەسەر بنەمای جۆری دەقەکە و ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی ئەو ناڕوونییانەی لە یاسایەک کەیسێکی یاساییدا هەیە . ئەم بوارە لە ڕێگەی تەکنیکی زمانەوانییەوە کار لەسەر دوو پرسیاری سەرەکی دەکات، ئەوانیش، یەکەم : دەقێکی دیاریکراو چی واتایەک لە خۆیدا هەڵدەگرێت ؟ دووەم : کێ دەریبڕیوە یان نووسەرێتی ؟ بۆیە لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی دادوەری جیاواز لە هەر لێکۆڵینەوەیکی دیکەی زمانەوانی ، کارکردنە لەسەر دەقی نووسراو و وتراوی یاسایی و دەستنیشانکردنی پارچەکان و دەقەکان ، جا چ دەستنووس / چاپکراو ، کۆکراوە یان گۆکراو / بینراو بێت. بە پشتبەستن بە کۆزانیاریی زمانەوانی ، واتە مامەڵەی ڕاستەوخۆی زمانە لەگەڵ بواری یاساییدا . بەواتایەکی تر بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە ، زمانەوانان پشت بە تەواوی ئەو کۆزانیارییە زمانییانە دەبەستن ، کە دەرئەنجامی تییۆرییەکانی گشت ئاستەکانی زمان و لقەکانی زمانەوانییەوە خراونەتە ڕوو . چونکە لە بواری یاساییدا ، هەم بۆ داڕشتنی دەقی یاسایی و داتاشینی زاراوەی یاسایی کەڵکی لێوەردەگیرێت، هەم بۆ لێکدانەوەی وتە و لێدوانەکانی لایەنەکان ، لە ڕێکارە یاساییەکاندا . دەرئەنجامەکانیشی دەتوانێت ببێتە هۆی دیاریکردنی ڕاستی و دروستی دەستنیشاکردنی لایەنەکانی تاوانێک و تەنانەت گۆڕینی ڕەوتی بڕیاری کۆتایی دادگا دەربارەی کەیسێکی یاسایی . هەروەکو لەمبارەیەوە دەوترێت" زمانەوانان بە بەڵگەوە ئەوە دەسەلمێنن کە زمانەوانی دادوەری وەکو زانستێکی ڕەسەنی ناوازە ، پشتیوانی لە یاسای تاوان دەکات، بە تەواوی وەکو هەریەک لە کیمیای دادوەری و ژەهرناسی دادوەری و ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دیاریکردنی ئەنجامی باوەڕپێکراو تەنانەت پێشبینیکراو. " (Ali , Abd Algane 2013 :172) بۆیە لێکۆڵەری زمانی بەشێوەیەکی بەرچاو کاری یارمەتیدانی دادگا دەبێت ، لە چنگکەوتنی وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە دەقە یاساییەکاندا ، وا چاوەڕواندەکرێت بۆ گەیشتن بە بڕیاری دروست ، شیکردنەوەی زمانی پێویست بێت.

هـەردوو زمانـەوان ئۆلسـن و لوشـچنبروەرس دەربـارەی ئـەم زانسـتە دەڵـێن "زمانـەوانی دادوەری بریتییە لـەو شـیکردنەوەیەی زمـان کـە پەیوەنـدی بـە یاسـاوە هەیـە چ وەک بەڵگەو چ وەک دەقی یاسـایی "(olsson , luchjenbroers 2014 :3) ، واتـە ئـەوان لـە شـیکردنەوەی زمانـدا وەکـو بەڵگـە ، زیـاتر کـار لەسـەر دیـاریکردنی سـەرچاوەی نووسـراوێک و لێکدانـەوەی واتایی دەکەن ، لە شیکردنەوەی دەقی یاسایشدا وەک خۆیان ئاماژەیان پێداوە زمانی یاسـایی و ڕاوێژکاری دادوەری و وتەی ناو ژووری دادگاو وتەی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان پارێزەران و کەسـانی دیکە لـە دەرەوەی ژووری دادگایـە . ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت ، زمانـەوانی دادوەری دوو شێوەی زمانەوانی دەگرێتەوە ، هەم داڕشتەی زمانی دەقێکی یاسایی ، هـەم لێکدانـەوەی واتایی دەقێکی یاسایی دەگرێتەوە .

لـە کاتێکـدا زمانـەوانێکی وەکـو جیراڵـد میکمێـنمن لـە یـەکێک لـە پێناسـەکانییدا سـەبارەت بـە زمانـەوانی دادوەری دەڵێـت " زمانـەوانی دادوەری لێکۆڵینـەوەی زانسـتییانەی زمانـە ، کـە بـۆ مەبەست و دەوروبەری دادوەری بەکار دێت" (McMenamin 2002 : 4) ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم زمانەوانە ، زیاتر مەبەستی لە لێکدانەوەی پراگماتیکیانەی دەقە یاساییەکانە .

لـە لایـەکی تـرەوە هەریـەک لـە سـەیاری و باقـەری لـە توێژینەوەیـەکی هاوبەشـدا ئامـاژە بـەوەدەدەن کـە "زمانـەوانی دادوەری ڕووکـاری نێـوان زمانـەوانی و یاسـایە و مامەڵـە لەگـەڵ هـەموو ئـەو بوارانـەدا دەکـات ، کـە بـە نزیکـەیی لەگـەڵ زمـان و یاسـادا تێکـەڵ دەبـن ، کـە بـەکارهێنانی زمـان دەگرێتـەوە لـە دەوروبـەرە یاسـاییەکاندا لـە لایـەن دادوەرو و پـارێزەرو ئەفسـەری پۆلیس و وەرگێڕی یاسـایی و وەرگێڕو هەرکەسـێک لـە بـواری یاسـاییدا کاربکـات" (Seyari , Bagheri 2019 :189) ، لەڕاستییدا خودی ئەم پێناسـەیە لەسـەرەتاوە واتایـەک دەگەیەنێت ، کە زمانەوانی دادوەری بوارێکی فراوان و دەستبەسـەردا نـەگیراوە ، ئـەویش بـەو پێیەی ئەو بوارانەی کە بە نزیکەیی لەگەڵ زمان و یاسـادا تێکەڵدەبن گـەلێک فراوانـە ، بۆنمونـە ڕۆڵـی زمـان لـە بـواری یاسـایی کـە زمـان تیایـدا ئـامرازە نـەک مەبەسـت ، دۆزینـەوەی خاڵـە هاوبەش و سەربەخۆکانی هەردوو بواری زمان و یاسا بە بەراوردکردنیان ، لەگەڵ زمـان لـە ئاسـتی دادوەرییدا ، کـە باڵادەسـتی زمـان دەخاتـە ڕوو بـەهۆی ئـەو شـیکردنەوانەی زمـان بـە یاسای دەبەخشێت. ئەمانە ئەو بوارانەن کە بـە نزیکـەیی لەگـەڵ زمـان و یاسـادا تێکـەڵ دەبـن ، نەوەک ئەوەی لە بە شی کۆتایی پێناسەکەیاندا بە پێچەوانەوە سنورداریانکردووە بـە لێـدوان و وتەی بەکارهێنەرانی زمان لە دەروبەرێکی یاساییدا .

(ئۆلسن)یش چوارچێوەی زانسـتەکە ڕاسـتەخۆ دەبەسـتێتەوە بـە شـیکردنەوەی دەقـەوە و ڕای وایە " هەر دەقێک یان بڕگەیەکی زمانی دەربڕاو ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە دەقێکی دادوەری ، ئەگەر دەقەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان بـە دەوروبـەرێکی یاسـایی یـان تاوانییـەوە تێوەگلابێت

ئەوە دەقێکی دادوەرییە "(Olsson 2008:1) لەم پێناسەیەوە ڕووندەبێتەوە ، کە ئۆڵسن سنوورێکی بۆ جۆری دەقە دادوەرییەکان دەستنیشاننەکردووە ، وەکو ئەوەی زۆرێک لە زمانەوان دیاریانکردووە ، بەڵکو مەودایەکی فراوانتری پێ بەخشیوە .

هەروەها عادل سەکاکینی پێی وایە" زمانەوانی دادوەری هەوڵدەدات چارەسەری کێشەی جیاوازی تاکەکەسی لە نێوان دەستکەوتی زمانی و بەکارهێنان بکات، لە ڕێگەی ڕەخنەی ئەکادیمییەوە ، باشترین ڕێبازە بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی بەدەستهێنانی ڕوونکردنەوەکان لەو پرسیارە سەرەکییە زمانەوانییانەوە لە کەیسە دادوەرییەکاندا ، کە جێگەی مشتومڕن." (Sakakini 2020:22) واتە زیاتر جەختی لەسەر گرنگی بوارەکە کردووتەوە وەکو زانستێک .

فەرهەنگی (Blacks Law)یش پێناسەی زمانەوانی دادوەری بەوە دەکات کە "زانستێکە یان تەکنیکێکە کە تایبەتمەندییە زمانەوانییەکانی نووسراو یان پەیوەندی زارەکی هەڵدەسەنگێنێت" .

لە ڕاستییدا لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەکان لەبارەی ئەم زانستەوە ، زۆر زیاترن و لەو چەند پێناسەیەی لە پێشەوە ئاماژەیان پێدرا ، چونکە فرەجۆری ئەو کەیسە یاساییانەی لە ڕێگەی زمانەوە لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت هەروەها ئەو سروشتە فرەڕەهەندییەی کە خودی زانستەکە خۆی هەیەتی، وایکردووە زمانەوانان هەریەکەیان و لە گۆشەنیگایەکەوە تێڕوانینی خۆیانی لە بارەوە بخەنەڕوو و بنیانی لێکدانەوەکانیانی لەسەر هەڵبچنن . بۆیە دەتوانین بڵێین ، بۆ ڕوونکردنەوەی چییەتی زانستەکە بە گشتی لەسەر بنەڕەتی تاکە پێناسەیەک لەو پێناسانە، کەموکورتی دروستدەبێت ، لەبەرئەوەی کارکردن لەسەر ئەم زانستە فراوانترە لەوەی تەنیا کار لەسەر دەقی نووسراو گوتراو بکات ، یان شیکردنەوەی پراگماتیکییانە و سیمانتیکییانەی دەقێک بێت ، بەڵکو زمانەوانی دادوەری بەکارهێنانی سەرجەم کۆزانیاریی زمانەوانییە ، بۆ ڕێکخستنی زمانی یاسایی و خستنەڕووی میتۆدو تیۆری گونجاو بە ئامانجی بەدەسهێنانی بەڵگەی زمانی ، هەروەها لێکدانەوەی زمانەوانییانەی دەقە یاسایی و تاوانکارییەکان .

## ١-١/١) پێداچوونەوە و گەشەسەندنی چەمکی زمانەوانی دادوەری:

وەکو هەریەکێک لە بوارەکانی دیکە ، بیروبۆچوونی جیاواز سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی زمانەوانی دادوەری هەیە ، بەڵام ئەوەی زۆربەی زمانەوانان لەسەری کۆکن ئەوەیە زاراوەی زمانەوانی دادوەری بە شێوەیەکی زانستییانە ، بۆ یەکەمجار لەلایەن زمانەوانی سویدی جان سڤارتیک (JanSvartvik) لە ساڵی ١٩٦٨ دا لە کتێبێکدا[٣] بەکارهێنراوە ، چونکە پێش ئەم

---

[٣] ئەو کتێبەی سڤارتیک بۆ یەکەمجار ئەو زاراوەیەی تێدا بەکارهێناوە لە ژێر ناونیشانی (لێدوانەکانی ئیڤانس :کەیسێکی زمانەوانی دادوەری) The Evans Statements: A Case for Forensic دایە.

زمانەوانە، هەرچی کارێک لەم بوارەدا کرابێت سادەبوون و تا ڕادەیەک دیسپلینێکی ئەکادیمی ئەوتۆیان پێوە دیارنەبووە. ناوەڕۆکی کتێبەکەی سڤارتیک ، لێکدانەوەی زمانەوانییە بۆ کەیسی تاوانکاری تیمۆسی جۆن ئیڤانس[٤] ، کە تیایدا" شیکردنەوەی پێکهاتەی سینتاکسی، شێواز، تۆمارکردن ، زمانی قسەکردن بەرامبەر بە زمانی نووسین لەگەڵ کۆزانیاری تۆمارە تایبەتییەکانی پۆلیس ، کە لەکاتی وەرگرتنی لێدوانەدا بەکارهاتووە ، لەخۆدەگرێت" ( Heydon 2014:2 ). ئەمەش وایکردووە شیکردنەوەکەی بە شیکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی زمانەوانی دادوەرییانە هەژماربکرێت ، ئەگەرچی بەبەراوردکردن بە هەنووکە ، شیکردنەوەکەی هەندێک لایەنی تێدا پشتگوێخراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە دەروازەیەکی گرنگ بۆ ئاشنابوون بە زانستەکە دەژمێردرێت .

بەگشتی لە پاش ئەم شیکردنەوەیەش کارکردن لەم بوارەدا ، لەسەرەتاوە زۆر بە هێواشی گەشەی دەکرد و کارەکان لە چوارچێوەی وتاری کورت و پچڕپچڕدا بوون ، هەتا سەرەتای ساڵانی هەشتاکان ، کە چالاکانەتر وتارو لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا دەرکەوتن ، بۆ نمونە وتارەکەی دانێت Danet لە ساڵی ١٩٨٠ ، یەکەم بیبلیۆگرافی گشتگیر لە لایەن لیڤی Levi ، لێکۆڵینەوە سیمانتیکییەکان لە ژووری دادگا لە لایەن O'barrو هاوپۆلەکانی لە ساڵی ١٩٨٣ ، جێبەجێکردنی زمانەوانی لە بواری دەق و پراگماتیکدا لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٤-١٩٨٦)[٥] . هەروەها لە ساڵی ١٩٨٨ یشدا چەندین کۆنفرانس سەبارەت بەم زانستە سازدران . دواتر لە ساڵانی نەوەدەکانەوە ، ئەم زانستە گرنگییەکی زیاتری لە چوارچێوەی فەرمانگە یاساییەکاندا بەدەستهێنا ، هەروەکو کۆلتهارد و جۆنسن لەمبارەیەوە دەڵێن " لە ئێستادا زمانەوانی دادوەری ، وەکو پسپۆڕییەک گەیشتووەتە تەمەنێکی پێگەیشتوو، کە کۆمەڵەی پیشەیی تایبەت بە خۆی هەیە ، بۆ نمونە کۆمەڵەی نێودەوڵەتی زمانەوانی دادوەری کە لە ساڵی ١٩٩٣دا دامەزراوە ، گۆڤاری تایبەت بە خۆی ، وەکو گۆڤاری نێودەوڵەتی بۆ وتار، زمان و یاسا کە لە ساڵی ١٩٩٤دا دامەزراوە هەروەها بە هەموو دوو ساڵ جارێک و کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی "

---

[٤] کەیسی ئیڤانس دەربارەی ڕووداوێکی تاوانکاری بەناوبانگە ، کە لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە بەریتانیا ڕوویداوە ، لێکۆڵینەوەو بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییکردنی ئەم تاوانە، بە یەکێک لە هەرە هەڵە گەورەکان ، لە جێبەجێبەجێکردنی دادپەروەری سیستەمی یاسایی بەریتانییدا دەژمێردرێت. ڕووداوەکانی ناو ئەم کەیسە دەربارەی کەسێکە ، بە ناوی تیمۆسی جۆن ئیڤانس ، کە بە هەڵە تاوانبارکرا ، بە تاوانی کوشتنی هاوسەرو کچە ساواکەی و لە ئەنجامیشدا لە سێدارە درا، ئەویش لە ڕێگەی ئەو لێکدانەوە نادرووستانەی لە لێکۆڵینەوەی ئەو تاوانەدا ، بۆ ئەو چوار لێدوانە (MT1, MT2, NH1, NH2) کرابوون، کە ناوبراو بۆ پۆلیسی دابوو . بەلام پاش لە سێدارەدانی و مردنی بە سێ ساڵ، بەهۆی دەستکەوتنی کۆمەڵێک بەڵگەوە ، بێتاوانی ئیڤانس سەلمێنراو لێخۆشبوونی بۆ دەرچوو بڕوانە (Svartic 1968 :8) .

[٥] بڕوانە بەشی چوارەمی کتێبی (McMenamin G 2002)

( Coulthard and Johnson 2010 :2) . ئەمە جگە لە یەکێتی نێودەوڵەتی فۆنەتیکی دادوەری و لێکۆڵینەوەی دەنگی (IAFPA) .

لە ڕاستییدا بە وردبوونەوە ، بە ناوەڕۆکی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە سەرەتای سەرهەڵدانی زانستەکەوە کە تا ئێستا خراونەتە ڕوو ، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە لەسەرەتادا توێژینەوەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی فراوان لە پسپۆڕیدا دۆزرایەوە ، وەکو (زمانەوانی ، یاسا ، کۆمەڵناسی ، دەروونناسی ، مرۆڤناسی و ...هتد ) ، واتە بوارەکە وەکو زانستێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا نەدەکرا ، بەڵام پاش ئەوەی پەرەیپێدراو ، کەڵک لە پلان و تیۆرییە تایبەتییەکانی لە چوارچێوە یاساییەکاندا وەرگیرا ، ئەم بوارەش بەرەو زانستێکی سەربەخۆ ڕێڕەوی وەرگرت ، بۆیە دەتوانرێت مێژووی ئەم زانستە لە ڕابردوودا بکرێت بە دوو قۆناغەوە " ئەوانیش قۆناغی پێش ساڵی ١٩٧٠ و قۆناغی دوای ساڵی ١٩٧٠ ، قۆناغی یەکەم ، تیشکی دەخستە سەر توێژینەوە لەسەر زمانی یاسا دروستکردن و دەقە یاساییەکان ، واتە بەزۆری گرنگی بە تایبەتمەندییە سینتاکسییەکان دەدا . قۆناغی دووەمیش گرنگی بە لێکۆڵینەوەی پراگماتیکی و شیکردنەوەی دەق دەدا ، واتە زمانەوانی دادوەری لە یەکەمجاردا هەوڵیدا مەوداو کاریگەری خۆی لەناو سیستەمی دادگادا بدۆزێتەوە ، دوای ئەوەش هەوڵی بۆ باشترکردنی میتۆدەکان و بۆ دروستکردنی تایبەتمەندی کە نەشارەزایان تێدەگەیەننک، دا. لە ئێستاشدا لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دادوەری بەکارهێنانی زمان ، وەکو بەڵگەیەک بۆ بەراوردکردنی دادوەری لە دەقی نووسراوو گوتراودا بۆ بەدیهێنانی ئامانجی جیاواز لە کردەی دادوەرییدا دەگرێتەوە "(Seyari, bagheri 2029 :190) ، بە گشتی ئەم قۆناغەی هەنووکە ئەم زانستەی پێدا تێپەڕ دەبێت ، قۆناغی سەرکەوتن و بەرەو پێشچوونی زانستەکەیە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ، ئەم زانستە لە پێشەوەی ئەو زانستانەیە ، کە بە یارمەتیدەرێکی بەهێز ، لە بەڕێوەچوونی ڕێکارەکانی دادگادا دادەنرێن. لەبەرئەوەی ئەم زانستە وەکو ڕێنیشاندەرێک ، چارەسەری بۆ هەموو ئەو گرفتە زمانیانە دۆزیوەتەوە ، کە لە ڕێکارەکاندا ڕووبەڕووی لێکۆڵەرو دادوەرەکان دەبنەوە ، ئەویش بە دۆزینەوەی میتۆدی گونجاو بۆ (چۆنیەتی لێکۆڵینەوە ، هەڵهێنجانی واتا لە لێدوانەکان ، دیاریکردنی ستراتیژی زمانیی تایبەت بە دانپێدانان و گێڕانەوەی تاوانەکان ، بەستنەوەی زانیارییە دەربڕاوەکان بە یەکترییەوە لە پێناوی چنگکەوتنی بەڵگەی بەهێز ، خستنەڕووی تیۆری تایبەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن بە هەڵە زمانییەکان و نەخۆشییە زمانییەکان کە لە ئاستەنگ لەبەردەم تێگەیشتندا درووستدەکات ...هتد)

بە گشتی زمانەوانی دادوەری لە ئێستادا هەتا دێت زیاتر بایەخی پێدەدرێت چ لە زانکۆو پەیمانگا جیهانییەکاندا و لە ڕووی دامەزراندنی کۆمەڵە و دەستەی تایبەت بە بوارەکەو دەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامە لە بارەیەوە ، چونکە زانستێکە خزمەتێکی زۆر بە دەسەڵاتی

جێبەجێکردن و یاساو دادپەیوەری و مرۆڤایەتی دەکات . هەربۆیە دەبینین، لە سەرانسەری جیهاندا چەندین زمانەوانی بەناوبانگی وەکو (McMenamin، Shuy، Coulthard، Simpson، Mayr، Olsson، Hyland ، ...هتد ) لێکۆڵینەوەکانی خۆیان سەبارەت بەم زانستە تەرخانکردووە و بەردەوام لە بواری جیاجیادا دەیانخەنە ڕوو ، دادگاکانیش کەڵکیان لێوەردەگرێت . هەموو ئاماژەکانیش ئەوە دەخەنە ڕوو ، کە زانستەکە لە ئایندەیەکی نزیکدا زۆر بە فراوانی لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بڵاودەبێتەوە و لە بواری یاساو دادوەرییدا زۆر زیاتر لەم ئاستەی ئێستای پشتی پێدەبەسترێت.

## ٢-١/١)کاری زمانەوان لە زمانەوانی دادوەرییدا :

ئاشکرایە ئەرکی دادگا و دادوەرەکان بڕیاردانە ، لەسەر بنەمای یاساگشتی و یاسا تایبەتە بەرکارەکانی وڵاتەکەی ، بە پشت بەستن بەو بەڵگانەی کە پێشکەش کراوە . شارەزایی و پسپۆڕیی یاساناسان و دادوەرانیش لە چوارچێوەی دەق و مادده و وردەکارییە یاسایی و دەستوورییەکاندایە . لە هەمان کاتدا ئەو کەیسانەی ڕووبەڕووی دادگاو دادوەرەکان دەبنەوە ، هەمەچەشن و جۆراوجۆرن ، بۆیە بەڵگەکانی سەبارەت بەو کەیسانەش دەخرێنەڕوو، دیسان جۆراوجۆرن . لەبەرئەوەی کە "(حوکمی دادوەری ) بریتییە لە بڕیاردان و ئاشکراکردنی ڕاستییەکی دەرنەکەوتوو کە دادوەر توانیویەتی بیبینێت (کەشفی) بکات لە ڕوانگەی بەڵگەو پێشکەشکراوەکان و بینی لایەنەکانی ناو داواکەوە . بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئایا ئەو ڕاستی یە کەلەواقعدا هەبووە یان نا، ئەمە وادەکات کە هەندێک جار هاوڵاتی بە تایبەت لایەنی دۆڕاوی ناو داواکە بە چاوی گومانەوە بڕوانێتە حوکمی دادگا ، وە دادوەر لە دەرکردنی حوکمەکەیدا بە ناڕاست و ناپاک و لایەنگیر و نادادپەروەر ناوزەند بکات "( حسین٢٠١٣ : ٨) ، هەر بۆیە بیر لەم کێشەیە کراوەتەوە و یاسای تایبەتی لە بارەوە داڕێژراوە . ئەویش بە پەنابردنە بەر کەڵکوەرگرتن لە شارەزایەک ، کە ڕادەسپێردرێت بۆ ئەوەی پسپۆڕی و شارەزایی و ئەزموونی خۆی ، لە لێکدانەوەی وردەکارییەکانی ناو کەیسێکی پەیوەست بە پسپۆڕییەکەی لە ڕێگەی ڕاپۆرتێکەوە بخاتە بەردەستی دادوەر .

ڕاپۆرتی شارەزا هۆکارێکە بۆ ئاسانکاری لەبەردەم دادگا و دادوەرەکاندا بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر لەکاتی تاووتوێکردنی کەیسەکەدا " ئەوەش لە پێناو پەیبردن بەو فەلسەفەیەی کە سیستەمی چاکسازی و چارەسەری هەڵچنراوە ، لە پاڵ سیستەمی سزایی و شارەزابوون لە دەقە یاساییەکان ، لە بەرپرسیارێتی سزاییەوە لە ڕووی بڕیاردانەوە پێی بگات و سزا تاوانییەکان لە ڕووی هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی باشترین و گونجاوترین سزا بۆ کەسی تاوانبار و بە گوێرەی پێداویستی و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بێ " (حبیب ٢٠١٦ :٢٨) ، لەم ڕووەوە لە یاسادا ئەو کەسانەی کەڵک لە شارەزایی و پسپۆڕییەکەیان وەردەگیرێت ، بە (شارەزا) ناو دەبرێن. جا شارەزاییەکەیان لە بواری زمانەوانی ، ژمێریاری ، ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی، شیکاری کیمیاوی و ... هتد بێت یان شارەزاییان لە پیشەیەکی دیاریکراودا هەبێت.

بە گشتی دەکرێت بڵێین شارەزایان " دوو پۆلن ، یەکەمییان شارەزایانی فەرمیین ، کە بریتین لە پسپۆڕە تایبەتمەندەکان و سەر بە لایەنێکی فەرمی دەوڵەتن ، وەکو پزیشکی دادوەری ، کە دادوەر شارەزاییان وەردەگرێت لە دیاریکردنی مردن و هۆکاری ڕوودانی مردنی ، هەروەها نووسینگەی بەڵگەکانی سەبارەت بە پەنجە مۆری تۆمەتبار ... و زانکۆکان و فەرمانگەکانی

تریش له باری پسپۆڕییاندا ، ئەمانیش به نووسراوی فەرمی وەڵامی دادگا دەدەنەوە . پۆلیی دووەمیان ، شارەزایانی نافەرمیین ، كه بریتیین له خاوەن پسپۆڕییه سەربەخۆكان له دەوڵەت یان پیشەییەكانن ، وەكو دارتاش یان ئەندازیار یان چاككەرەوەی ئۆتۆمبێل ، ئەمانیش به زارەكی یان به راپۆرتی نووسراو شارەزاییەكەیان پێكەشی دادگا دەكەن " (ڕەشید ٢٠١٢ : ٧٩-٨٠) .

له ماددەی (١٣٢)ی دەقی یاسای سەلماندن ژمارە (١٠٧) ی ساڵی ١٩٧٩ هەمواركراو بەركارله هەرێمی كوردستان –عێراقدا هاتووە " شارەزایی پرسه زانستی و هونەرییەكان دەگرێتەوە و جگه لەوانەش له پرسەكانی پێویست بۆ یەكلاییكردنەوەی به بێ بابەته یاساییەكان )"(النداوی ٢٠١٦ :١٤٧) بەم پێیه زانستی زمانیش وەكو پسپۆڕییەكی تایبەت ، یەكێكه لەو زانستانەی ، كه دەتوانێت هاوكاربێت له شیكردنەوە و لێكدانەوەی ئەو بەڵگه یاساییانەی تێگەیشتن لێیان ئاڵۆزە و بۆ ڕوونكردنەوەیان پێویست به لێكدانەوەی زمانەوانی دەكات . چونكه هەروەكو شوی دەڵێت " وەک چۆن پزیشكەكان ڕاهێنراون ، بۆ بینینی ئەو شتانەی لەناو تیشكی (X-ray)دا هەیه ، كه تەنانەت ئەو كەسانەی كه زۆر به نایابانەش دەبینن ، ناتوانن ببینن ، هەرواش زمانەوانیی دادوەریش ڕاهێنراون بۆ بینین و بیستنی ئەو پێكهاتانەی كه بۆ كەسانی ئاسایی نادیارە"(Shuy 1993: xvii ).

زمانەوان لەم بوارەدا له ڕووی زمانەوانییەوە ، زانستییانه مامەڵه لەگەڵ ئەو داتا زمانییانەدا دەكەن ، كه یاسا بەتەنیا ناتوانێت ڕوونیانبكاتەوە ، واته به پێی سروشتی پسپۆڕییەكەیان ، كه ژێرخانێكی فرەڕوویان هەیه ، له زانیاری دەربارەی بەكارهێنانی زمان و وردەكارییەكانی زمانی جەسته و ئەو بارودۆخه كۆمەڵایەتییانەی كاریگەرییان لەسەر دەربڕاوە زمانییەكان و پرۆسه دەروونییەكانی پەیوەست به زمانەوانیی و لایەنه زمانەوانی و ڕێزمانییەكانی دەقی نووسراو گوتراو و ...هتد هەیه، كەڵک له پسپۆڕییەكەیان بۆ لێكدانەوەی ئەو واتایانەی له بوارە یاساییەكەدا ناكۆكی لەسەرە و پێویستیان به شیكردنەوەیه وەردەگیرێت .

بەم پێیه دەتوانرێت بگوترێت زمانەوانی دادوەری : ئەو شارەزا زمانەوانیانەن ، كه به كارامەیی و پسپۆرییەكەیان چارەسەری گونجاو پێشكەش بەو كێشه ئاڵۆزانه دەكەن ، كه پەیوەندییان به بواری زمان و یاساوە هەیه و بەڵگەی نووسراو و بیستراو شیدەكەنەوە ، چاودێری ئاخاوتنەكان دەكەن لەكاتی لێكۆڵینەوە و گوزەركردن بەناو هەندێک كەیسی وەكو (گرێبەستی یاسایی ، وەسیّتنامه ، دانپێدانان ، هەڕەشلێكردن ، هێمای بازرگانی ، ناوزڕاندن ودرۆكردن ، پێشێلكاری مافی چاپ ، لێدوانی گەواهیدەر، سەرانەوەرگرتن ، ناردنی نامەی ئەلكترۆنی ، چاوپێكەوتنی پۆلیس ، نامەی خۆكوژی ، هاندان بۆ كاری خراپ ،... هتد) . واته به گشتی لێكدانەوەكانیان له چوارچێوەی لێكدانەوەی تاوانه زمانییەكان و دۆزینەوەی بەڵگه

زمانییاکانـدایه، بـه واتایـەکی تـر هەوڵـدەدەن لێکدانـەوەی زانسـتییانەی زمانـەوانی بـۆ واتـا ناڕوونەکانی ناو کەیسە جۆراوجۆرەکان بە پێی میتۆدە جۆراو جۆرەکان بکەن .

بە گشـتی کـارکردنی زمانـەوانان لـەم بـوارەی زمانەوانییـدا ، لـە ڕوانگـەی سروشـتی ئـەو بابەتەوەیە کە جێی پرسیار لەسەر کردنە ، هـەروەکو کۆلتهارد دەڵێت"دادگاکان زۆرجار داوا لە زمانەوانانی دادوەری دەکەن یارمەتییان بدات لە وەڵامدانـەوەی هەندێک پرسیاری وەکو ئەوەی تێکستێکی دیاریکراو چی دەڵێت ؟هەروەها کێ نوسەرێتی ؟ ئـەوانیش بۆ وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارانە پشـت دەبەسـتن بـە کۆزانیارییـەکانیان لەسـەربنەمای بوارەکـانی زمانـەوانی وەسـفی لـە چوارچێـوەی وتـەو شـیکردنەوەی دەق ، فۆنـەتیک ، فۆنۆلـۆجی ، سـیمانتیک ، دروسـتکردنی وشـەو پراگماتیک ." (Coulthard 1997:288)ئەمـەش واتـای سـوود و کـەڵکی بـوارە جیاوازەکـانی زمانەوانییـە لـە بـواری دادوەرییدا ، وەکـو شـیکردنەوەی واتـای نیشـانە بازرگانییەکان لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە ، ڕوونکردنـەوەی ئاڵۆزییە سینتاکسییەکان لـە نامـەی خۆکوژییدا ، دیاریکردنی نیشانە یەکلاییەکەرەوە زمانییەکان لـەو بەڵگانـەدا کـە بـە زمـانی دایـک نـین ، وردبوونـەوە لـە واتـای دەربڕینـە فرەواتاکـان و دانپێدانـە ناتـەباکان لەسـەر ئاسـتی واتاسازی .

هــەرچی ســەبارەت بــە ڕۆڵــی زمانــەوانانی دەروونیشــە لــەم بــوارەدا ، لــەو لێکدانــەوە جۆراوجۆرانـەوە دەردەکـەوێت ، کـە پرۆسـە سـایکۆزمانییەکان پێشکەشـی دەکـەن ، هـەر لـە تێگەیشتن لە واتای دەربڕاوەکان ، لێکدانەوەی گشت جۆرەکانی دیاردەی تـەمومژی واتـایی ، بەرهـەمهێنانی ئاخـاوتن لای گەواهیدەر یان گومـانلێکراو بـۆ دانپێدانان ، بە بێ ناچارکردنیـان بۆدانـان بـە تاوانێکـدا کـە نـەیانکردبێت ، هـەروەها سـتراتیژییەکانی چۆنیـەتی بیرهێنانـەوەی ڕووداو و زانیارییــەکان و... ئەمە جـگە لە دۆزینــەوەی جێپێــی بەڵــگەی تــاوانکردن بە پێــی میتۆدەکانی بوارەکە و ... هتد .

بەم پێیە لێکدانەوەکانی زمانەوانیی دادوەری ، وەکو هـەر پسـپۆڕییەکی تایبـەتی دیکـە ، پشـت بـە تیـۆرو میتـۆدی زمانـەوانی زانسـتییانە بـۆ کـارکردن لەسـەر بەڵگـەکان دەبەسـتێت . زمانـەوان کۆلتهـارد بـە پێی جـۆری دەقـە یاسـاییەکان و سروشـتی کـارکردنی ، زمانـەوانیی دادوەری (شارەزای زمانیی) بۆ "سێ بواری جیاواز دابەشدەکات :

١- زمانی دەقی یاسایی نووسراو: لێرەدا زمانەوانان گرنگی بە هەردوو وشەگەلی ناڕوون و ڕێزمـانی ئـاڵۆز هـەروەها خاڵبەنـدی دەگمـەن دەدەن کـە چەنـدین دەقـی یاسـایی دەنوێنێت و کێشـە یـەک بـە دوای یەکـەکان کـە خوێنـەری ئاسـایی هەیانـە لەگـەڵ ئـەم دەقانەدا چارەسەردەکات.

٢- زمانی ئاخاوتن لە پرۆسە یاساییەکاندا : لێرەدا زمانەوانان تاوتوێی سروشتی چاوپێکەوتنی پۆلیس لەگەڵ گومانلێکراوان دەکەن لەگەڵ یاسا تایبەتییەکان کە کاریگەری لەسەر یەکتری لە دادگاییەکاندا دادەنێن ، هەروەها ئەو کێشانەی بۆ گەواهیدانە لاوازەکان دروستبوون لەپاڵ ئەو نارەحەتییانەی بەهۆی ئەو کەسانەوە تووشبوون کە بە زمانی یاسایی قسە ناکەن.

٣- زمانەوان وەکو گەواهیدەریکی شارەزا: لێرەدا زمانەوانان ڕای خۆیان لەسەر شتەکان دەردەبڕن بۆنمونە لەسەر ئەو تێکەڵوپێکەڵبوونەی لە نیشانەی بازرگانی ڕکابەرەکاندا هەیە ، لەسەر دیاریکردنی نووسەری بەڵگەکان ،لەگەڵ مانای وشەو دەستەواژەکان یاخود ڕای خۆیان لەسەر ناو و شوێنی لەدایکبوونی ئەو کەسانەی داوای پەنابەرێتی دەکەن دەردەبڕن." (Coulthard 2010:16)

بەم پێیە ، لە لێکۆڵینەوەی بەڵگەی نووسراودا ، زمانەوانیی دادوەری جەخت لەسەر ڕێنووس ، ڕستەدروستکردن ، هەڵبژاردنی وشە، خاڵبەندی ، هتد ... دەکاتەوە، لەبەرامبەردا لە بەڵگەی بیستراودا گرنگی بە ئەکسێنت ، دیالێکت ، چۆنیەتی دەربڕین ، گۆکردن ، تۆنی دەنگ ، خێرایی و هێواشی، ڕیتمی ئاخاوتن ، هتد .. دەدات، کەواتە ئەگەر بەراوردێک بکرێت لە نێوان ئامانجی زمانەوانێکی دادوەری و پارێزەر(Lawyer) ێکدا بۆ کەیسێکی تاوانکاری ، دەبینرێت ئەگەر ئامانجی پارێزەر قایلکردنی دادوەرەکان ودادگا بێت ، ئەوا زمانەوانان ئامانجیان پێشکەشکردنی بۆچوونەکانیان و ڕوونکردنەوەیانە لە ژێر تیشکی زمانەوانییدا و ئەو ڕاستییانەی ، کە زمان دەریاندەخات. بەم پێیە ئەرکی زمانەوانیی دادوەری وەکو شارەزایەک ئەوەیە ، کە یارمەتی دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا دەدات لە لێکۆڵینەوە و پێشگرتن لە تاوانکردن بە بیروڕای پسپۆڕانە ، کار لەسەر پرسە یاساییەکان دەکات و بەشداری لە ڕێکارەکانی دادگاو لێکۆڵینەوەی زمانییدا دەکات.

لە ڕاستیدا بەکارهێنانی شارەزای زمانیی لە ڕێکارە یاسای و دادوەرییەکاندا ، هەر لە سەرەتاوە و لە قۆناغی سکاڵاکردن یان هەواڵگەیاندن و بەرزکردنەوەی داوایەک دەربارەی تاوانێک ، دواتریش گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنە پێویستەکان . بەکارهێنانی ڕێگا جۆراوجۆرەکان لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە لە لایەن لێکۆڵەرەوە ( بە مەبەستی چەسپاندنی ڕوودانی تاوان ، زانینی چۆنیەتی درووستبوونی تاوانەکە ، هۆکاری ئەنجامدانی تاوانەکە ، ناسینی خودی تاوانبارەکە ) ، تا دەگاتە قۆناغی دادگاییکردن و تەنانەت هەندێک جار لە قۆناغی تێهەڵچوونەوەش ، پێویستییەکە تا دێت بایەخیی زیاتری پێدەدرێت ، ئەویش لەبەر ئەوەی:

١-" زمانەوانانی دادوەری دەزانن پێویستە گوێ لە چی بەشێکی گفتوگۆکە بگرن ، ئەوان گوێ لەسەرتۆپی بابەت ، دووبارە بەکارهێنانەوەی بابەت ، ستراتیژییەکانی وەڵامدانەوە ، شێوازی پچڕان ، نیشانەکانی ئاوازی دەربڕین ، وەستانە درێژەکان ، پێکهاتەی ڕووداوی ئاخاوتن ، کردارەکانی ئاخاوتن ، پوختکردنەوە ، وردی تەمومژییەکان دەگرن ، هەروەها سەرنج دەدەنە وردیی ڕێنوس و زۆر شتی تر. " (Shuy 1993 :xviii) ، ئەم وردیەش لە پراکتیزەکردنی لێکدانەوەکاندا لە لایەن زمانەوانەوە ، وا دەکات بەڵگەی بەهێز بخاتە بەردەست دادگا.

٢- لە هەر قۆناغەدا و زمانەوانان بە شێوەیەکی جودا ، کاریگەرییان لە یارمەتیدانی دادوەر و دادگا لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکاندا هەیە ، بۆ نمونە دیاریکردنی چەند ستراتیژییەکی زمانەوانی لەقۆناغی لێکۆڵینەوەدا دەربارەی چۆنیەتی پرسیارو وەڵام ، لێکدانەوەی واتای دەربڕاوەکانی ناو دۆسیەکە لە ڕێی تۆمارە دەنگی و دەقە نووسراوەکانەوە و ... هتد

هەموو ئەمانەش بە پشت بەستن بە کۆزانیارییە زمانەوانییەکانی ناو بوارەجیاجیاکانی وەکو زانستی زمانی دەروونی و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و زمانی جەستەو پراگماتیک و سیمانتیک و ... هتد .

هەموو ئەوانەی باسکران ئەوە دەخەنەڕوو ، کاری زمانەوان لە زمانەوانی دادوەرییدا گرنگە بۆ :

١- دانانی میتۆدی شیکردنەوە.
٢- گەواهیدانی زانستییانە .
٣- لێکدانەوەی تاوان.
٤- دۆزینەوەی بەڵگە.
٥- هەڵەچنی.
٦- بەئەندامبوونی زمانەوان لە نووسینەوەی دەستوورو یاسادا.

**٣-١/١) شارەزای زمانیی لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا :**

بە گشتی نزیکەی سی ساڵێک لەمەوبەرو بەدیاریکراوی لە ساڵی ١٩٩٣وە ، دادگا لە ژمارەیەک لە وڵاتان ، لە داواکردنی شارەزای زمانیی یاخود زمانەوانیی دادوەری ، گەشەکردنێکی فراوانی بەخۆیەوە بینیوە ، بە تایبەتی لەو کەیسانەدا کە ناکۆکی لەسەر لایەنەکانی دەقێکی نووسراو هەیە . بۆ دیاریکردنی شوێن و پێگەی زمانەوانیی دادوەریی و

پشت بە ستن بە پسپۆڕییەکەیان ، لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا[٦] ، وەڵامی هەندێک پرسیار ئەو ڕاستییە ڕووندەکەنەوە ئایا هیچ یاسایەک هەیە پێویستی زمانەوانیی دادوەری لە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی تاوانەکان و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان پشتڕاستبکاتەوە ؟ ئایا لە گشت قۆناغەکانی ڕێکارە دادگاییەکاندا ، وەکو ئەوەی پێویستە و زانستییە کەڵک لە توانای شارەزای زمانەوانیی وەردەگیرێت ؟ ...هتد .

## ١/١-٣-١) یاسای شارەزایان (قانون الخبراء) :

یاسای شارەزایانی ژمارە (٢٣) ی ساڵی (١٩٧١) ، ئەو یاسایەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ پشت بەستن بە شارەزای زمانیی کاریپێدەکرێت. ئەم یاسایە کۆمەڵێک بنەمای یاسایی لە خۆی گرتووە و وەکو بنەمای گشتی بۆ هەموو شارەزاییەکی بەردەم دادگا پشتیان پێدەبەسترێت ، واتە یاسایەکی گشتگیرە و تایبەت بە گشت شارەزایی و پسپۆڕییە جیاوازەکان لە (٢٥) ماددەدا داڕێژراوە . بە پێی دەقی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە " ئەگەر بابەتی داخوازیەکە پێویست بە پەنابردن بە شارەزایان بکات بە پێی ئەوەی بڕیاری لێدراوە لە بەشی (شەشەم) لە دەروازەی (دووەم ) لە یاسایی بنەمای دادبینی شارستانی و بازرگانی ژمارە (٨٨) ی ساڵی (١٩٥٦) ،ڕکابەرەکان ڕێک نەکەوتن لەسەر هەڵبژاردنیان دادگا هەڵیاندەبژێرێت بەو پێیەی لەم یاسایە بڕیاری لێدراوە " (یاسین ٢٠١٤ : ٤) دەقی ماددەکانی دواتریش بەکورتی و شێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە داڕێژراون:

- ماددەی (٢) تەرخانکراوە دیاریکردنی چۆنیەتی تۆمارکردنی شارەزا لە خشتەی شارەزایان لە هەموو دادگایەکی تێهەڵچوونەوەدا .

- پێکهێنانی (لیژنەی شارەزایانی خشتە ) ، کە پێکهاتوون لە سەرۆکی دادگاو یاخود ئەوەی لە جێگایەتی و ئەندامێتی هەردوو دادوەری بەرایی و ئاشتەوایی یەکەم هەروەها ئەرکەکانیان لە ماددەی (٣) باسکراوە.

- ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە شارەزادا هەبێت لە ماددەی (٤)دا دەستنیشانکراون.

- ماددەی (٥) تایبەتە بە خستنەڕووی ڕێکارەکانی چۆنیەتی داواکاری بۆ تۆمارکردن لە خشتەی شارەزایان و دیاریکردنی کاتەکەی ، کە دەبێت پێش یەکەم ڕۆژی مانگی (ئەیلول)ی هەموو ساڵێک بێت ، دەستنیشانکردنی بەڵگەنامە و پێویستییەکانی خۆتۆمارکردن لەگەڵ وەڵام و بڕیاری دادگا بە قبوڵکردن کردنی هەندێک و دوورخستنەوەی هەندێکی دیکەیان لەگەڵ

[٦] بەگشتی زمانی دەقە یاساییە وەرگیراوەکان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە ، لە ڕووی خاڵبەندی ، ڕێنووس ، بەکارهێنانی وشەی کوردی ، ... هتد کێشەدارن ، بەڵام لەبەر ئاکاری زانستی وەکو خۆیان وەرگیراون.

دیاریکردنی هۆکارەکەی ، لە کاتی دیاریکراودا ، کە بریتییە لە ماوەی دوو هەفتەی یەکەمی مانگی ئەیلول .

- ماددەکانی(٦)و(٧)و(٨)و(٩) باسکردنە لە چۆنیەتی دابەشکردنی شارەزایان بە سەر خشتەی شارەزایاندا بە شێوەیەکی زنجیرەیی ، پێدانی ناوی ئەو شارەزایانە لە هەفتەی سێیەمی مانگی ئەیلول بە دادگا پەیوەندیدارەکان و وەزارەتی دادو بەخشینی ناسنامە بەو شارەزایانەی لە خشتەکەدا تۆمارکراون و سنوردارکردنی قبوڵکردنی شارەزا کە نابێت لەلایەن زیاتر لە یەک دادگای تێهەڵچوونەوە قبوڵبکرێت.

- ماددەی (١٠) تەرخانکراوە بۆ سوێندخواردنی شارەزا بە پێی ماددەی (١١٩)ی یاسای بنەماکانی دادبینی شارستانی و بازرگانی.

- مەرجی هەواڵدانی شارەزا بە دادگا دەربارەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستاو پێشووی و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا دێن لە ماددەی (١١) دا جێگیرکراوە .

- ماددەی (١٢) دیاریکردنی مەرجەکانی هەڵبژاردنی شارەزایە بەدەر لە زنجیرەی دادگا، لە کاتی پێویستییدا و ڕوونکردنەوەی هۆکارەکەی .

- پێویستی پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەلایەن دادگاوە بە لیژنە لەو کاتانەدا ، کە بەڵگە هەبوو شارەزا توانای کارەکەی نییە ، هەروەها ئاگادارکردنەوەی لیژنە لەلایەن داواکاری گشتییەوە بەو دادگەریانەی ، کە دژی شارەزایان دەردەچن لە ماددەکانی تاوانکاری ، کەتن ، چۆنیەتی ئامادەکردنی دۆسیەی کەسی شارەزایان لەبارەی ئەو ڕاپۆرتانەی لە بارەیەوە هاتوون ، هەروەها ئاگادارکردنەوەی شارەزا بە نووسراوی تۆمارکراو دەربارەی ئەو سکاڵایانەی لە دژی پێشکەشکراوەو وەڵامدانەوەی شارەزا لە ماوەی دەڕۆژدا و بڕیاری لیژنەکە لەو بارەیەوە تەوەری ماددەکانی (١٣)و (١٤)و (١٥)ن.

- لە ماددەی (١٦)و (١٧) و (١٨) دا ڕێکارەکانی چۆنیەتی مامەڵەکردنی لیژنە ، لە هەردوو باری ئەوەی ئەو سکاڵایانەی دژی شارەزا کراوە ڕاست یاخود ڕاست نەبێت ، هەروەها مەرجی هەواڵدان بە دادگا پەیوەندیدارەکان و وەزارەتی دادو داواکاری گشتی دەربارەی ئەو سزایانەی بۆ شارەزا دەرچووە و ئاگادارکردنەوەی داواکاری گشتی بەو بڕیارانەی دەرچووە سەبارەت بە هەڵگرتنی سکاڵاکان دژی شارەزاکە ، لە لایەن لیژنەکەوە ، خراونەتەڕوو.

- ماددەی (١٩) تایبەتە بە تانەگرتنی خاوەن پەیوەندی بە ڕێگای پێداچوونەوە و بڕیاری لیژنە لەو ماوەیەدا کە دیارکراوە ، کە (دە) ڕۆژە.

- دەسـەڵاتی داواکاری گشـتی بـۆ داواکـردن لـە لیژنـە سـەبارەت بـە  تێڕوانین لـە کاروبـاری شارەزا و تەنانەت تانەدان لـە بڕیاری لیژنـە ، بـە ڕێگـای پێداچوونـەوە ، بـە پێـی مـاددەی (٢٠) ڕوونکراوەتەوە .

- مـاددەی (٢١)یـش جەختکردنەوەیـە لـەوەی ، کـە بڕیـاری دادگـای پێداچوونـەوە لـە هـەموو حاڵەتەکان بۆ کۆتا دادەنرێت و شیاوی تانە لێدان نییە.

- چارەنووسـی ئـەو شـارەزایەی کـە لیژنـە بڕیـاری ڕاگرتنـی لـەکارکردن داوە بـەکاتی یـان دوورخستنەوە لە ماددەی (٢٢) دا باسکراوە.

- ماددەی (٢٣) دیارکردنی  شایستە داراییەکانی کرێی ڕاپۆرتی شارەزایە.

- جێبەجێکردنی یاساکەش لە ماددەی (٢٤)و (٢٥) ڕوونکراوەتەوە.

ئەوەی لە دەقی ماددەکانەوە ڕوونبووەوە ، کـە یاسـاکە گشـتگیرە و گشـت مـاددە و بڕگـەکانی ئەم یاسایە بە شێوەیەک داڕێژراوە ، کـە تایبـەت نـەبێت  بـە تـەنیا پسـپۆڕییەک ، بـەڵکو هـەموو شارەزایی و پسپۆڕییەکان لە ناویشـییدا زمانـەوانیی دادوەری لـەخۆدەگرێت. بـەڵام هـەرچۆنێک بێت بوونی یاسایەکی لەمجۆرە ، وەکو پاڵپشـتێک ، جـەخت لەسـەر پشتبەسـتن بـە شـارەزا  لـە شوێن و کاتی پێویستدا دەکاتەوە ، کارێکی باشـە .  ئەوەش کە لەم بارەیـەوە دەوترێت ئەوەیە "بۆ یاسای شارەزایان بەرانبـەر دادگـا پیشـەی شـارەزایی لـە گرنگترین و ترسـناکترین پیشـەیە چونکە شارەزا پشـتیوانی دادوەرە ، کـە زانیـاری و تاقیکردنـەوەکانی خـۆی دەخاتـە بەردەسـتی لەوەی دیارنییە یاخود گوماناوییە لە کاروبارەکە بۆی بە ڕوون دەکاتەوەو ڕێگاکەی بۆ ئامـادە و ڕوونـاک دەکاتـەوە بـۆ یەکلاییکردنـەوەی ئـەو ململانێیـەی خراوەتـە ڕووی لەسـەر بنـەمای دروست" (یاسین ٢٠١٤:١٦) بە گشتی جێبـەجێکردنی ئـەم یاسـایە لـە چوارچێوەی یاسـای تـردا ڕووندەبێتـەوە.

**١/١-٣-٢) یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانی عێراقی  (قانون اصول المحاكمات الجزائيه) :**

 لە یاسادا کۆمەڵێک ڕێسا هەن ، کە جۆری تاوان و سزاکان ، ڕێوشوێنەکانی  چۆنیەتی گەڕان و کۆکردنەوەی بەڵگە، لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن، جێبەجێکردنی حوکمی دادگا دیاریدەکەن و بە ( یاسا تاوانکارییەکان ) ناسراون .

بە گشتی کرۆکی ئـەم یاسـایانە (یاسـای تاوانکـاری) ، لـە دوو لایـەن پێکهـاتووە ، یەکـەمیان کـە ڕێسا بابەتییەکانە (القواعد الموضوعية ) ، تایبەتە بە یاسا سزاییەکان و هـەردوو بەشـی گشـتی و تایبـەتی دەگرێتـەوە ، دوومـیش ڕێسـا ڕوواڵەتییەکانـە (القواعـد الشـكلية) کـە یاسـای بنـەما دادگەرییە سزاییەکان لە خۆدەگرێت و باس لە پێنج تەوەری سەرەکی دەکات:

أ- داوا (الدعوى)

ب- گەڕان و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و لێکۆڵینەوەی سەرەتایی (التحری و جمع الادلە و التحقيق الابتدائی)

ت- دادگاییکردن (المحاكمة)

پ- تانە (االطعن)

لە هەرێمی کوردستاندا ، کە یاسای بنەمای دادگەرییە سزاییەکانی عێراقی کارپێدەکرێت ، بۆ دیاریکردنی ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە کۆکردنەوەی بەڵگەکان ، لە پاڵ هەریەک لە چوون و دیارکردن (الانتقال و المعاينة)، گوێگرتن لە گەواهیدانی گەواهیدەران (سماع شهادات الشهود) ، پشکنین (التفتيش) ، ناچارکردنی تۆمەتبار و تاوان بەرامبەرکراو بۆ پشکنین (ارغام المتهم و المجنی عليه علی الفحص) ، کردنەوەی گۆڕو پشکنینی لاشەی مردوو (فتح القبر و الكشف علی جثة الميت) پرساندن یان لێپرسینەوە لە تۆمەتبار (استجواب المتهم) دا ، پشت بە هێنان یان دانانی شارەزایان (انتداب الخبراء) دەبەسترێت. لەبەرئەوەی زۆر بابەتی زانستی و هونەری هەیە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دەردەکەون ، جگە لە دادوەرو لێکۆڵەر ، پێویستی بە شارەزایی کەسێکی پسپۆڕیشە بۆ شرۆڤەکردن .لەبەرئەوە دادوەر (داوای زانیاری لە شارەزا (خەبیر) دەکات ، ئەمەیش بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیاری دەربارەی دەعواکە و بە شێوەیەکی زارەکی (شفوی) وتەکانی لێوەردەگیرێ) (حسين ٢٠١٧: ٧٠) ،بە گشتی شارەزایی بە پێی ئەم یاسایە تەنها تایبەتە بە بواری سزایی ، یاساناسانیش وەها پێناسەی دەکەن ، کە شارەزایی سزایی "بریتییە لە خەملاندنی ماددی یان بیریی پسپۆڕان و هونەرداران لە بابەتێکی هونەری – تەکنیکی- پەیوەست بە کەسی تۆمەتبار یان تاوان یان شوێنەوارەکانی کە لێکۆڵەر یان دادوەری لێکۆڵینەوە نایزانێت" (ڕەشيد٢٠١٢ : ٧٨) لەم نێوەندەشدا شارەزای زمانیی ئەرکی ڕوونکردنەوەی تەکنیکە زمانییەکانی ناو دەقێکی وتراو یان نووسراوی زمانیی ناو داوایەکی سزاییە ، کە لێکدانەوەیان گرنگە بۆ بەدەسهێنانی بەڵگەی زمانیی . پێویستی دانانی شارەزاش بۆ لێکۆڵینەوە لە داوایەک بە پێی ئەم یاسایە ، ئەرکی دادوەری لێکۆڵینەوەیە و لەوەدا هەر خۆی خاوەن بڕیارە .

"لە ماددەی (٦٩)ی ئەم یاسایەدا هاتووە :

أ- درووستە بۆ دادوەر یان لێکۆڵەر بە ویستی خۆی یان لەسەر داوای ڕکابەرەکان، کە شارەزایەک یان زیاتر دیاری بکات بە مەبەستی پێدانی بۆچوون بە تاوانانەی لێکۆڵینەوەی لێ ئەکرێت .

ب- دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر بۆیان هەیە ئامادەبن لە کاتی دەستبەکاربوونی شارەزا لە کارەکەی.

ت- دادوەر بۆی هەیە کرێی پسپۆڕی شارەزا دیاری بکات وە گەنجینەش لە ئەستۆی دەگرێت و نابێت زیادەڕۆیی تیابکرێت لە برەکەی." (سعید ٢٠١٨: ٨٠) .

لەڕاستتیدا ئەوەی مەرجی سەرەکییە لەسەر کارکردنی شارەزا لەم بوارەدا، ئەوەیە:

١- بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە لێکدانەوە و بۆچوونەکانی بخاتە ڕوو، بە پێچەوانەوە (بە گوێرەی ماددەی (٢٥٥)ی لە قانونی عقوبات عێراقی حوکمی شایەتی درۆزنی هەیە و هەمان عقوبە دەدرێت کە شایەتی درۆزن (کاذب) پێی عقوبە دەدرێت، چونکە بە ئەنقەست درۆی کردووە .
٢- ئەگەر خەبیرەکە خزمی (مجني عليه )یان (جاني) بوو وەک براو خوشک و ... ئەوا ڕەتدەکرێتەوەو بۆچوونی وەرناگیرێت
٣- ئەگەر تۆمەتبار خۆی اعترافی کرد و وتی بەڵێ جەنابی دادوەر من تاوانەکەم کردووە ، بەڵام خەبیر وتی ئەو تاوانەی نەکردووە ئەوا کار بە اعترافەکەی تۆمەتبار دەکرێ ، چونکە لێرەدا بەهێزترین بەڵگەی سەلماندنە و بۆچوونی خەبیریش ملزەم نییە بۆ دادوەر) (حسين ٢٠١٧ : ٧١)

### ١/١-٣-٣)یاسای سەلماندن (قانون الاثبات):

لە هەرێمی کوردستاندا ، یاسایەک کە پشت بە شارەزا ببەستێت ، یاسای (سەلماندن[٧] ) ی ژمارە (١٠٧) ە ساڵی (١٩٧٩) ی عێراقییە ، کە هەموارکراو و بەرکارە لە هەرێمی کوردستان ، ئەم یاسایە لە پێناوی ( دانانی ڕێساگەلێکی گشتی بۆ سەلماندن بۆ دیاریکردن و دابەشکردنی بارگرانی سەلماندن لەنێوان ڕکابەرەکان ، هەروەها ڕێگەگرتن لە دادوەر بۆ دادگەری کردن بە زانیاری کەسی خۆی ) (یاسین٢٠١٦: ٣٩) هاتووەتە کایەوە و بە یەکێک لە گرنترین بابەتە یاساییەکان دەژمێردرێت ، بەو پێیەی "مافەکان دەپارێزێت و لە کاتی ناکۆکیدا هێزی یاساییان بۆ دەگێڕێتەوە بە شێوەیەک کە خاوەنەکەی دەتوانێت سوودمەندبێت لە مافەکەی " (حسين ٢٠١٣: ٧) . پشت بەستن بە شارەزا لەم یاسایەدا ، لە چوارچێوەی ئەو بەڵگانەدایە ، کە یاسادانەرانی عێراقی بۆ سەلماندنی ڕووداوەکان بە ڕیزبەندی دیارییان کردووە و بە بەڵگەی

[٧] یاسای سەلماندن : بریتییە لە هێنانی بەڵگە بە ڕێگەی یاسایی دیاریکراو لە لایەن داواکارەوە بۆ بەردەم دادگا بۆ سەلماندنی ئەو ڕووداوەی کە بانگەشەی دەکات. (حسين ٢٠١٣: ٦)

سەلماندن[8] یاخود ڕێگاکانی سەلماندن ناسراون ، کە بریتین لە ( بەڵگەی نووسراو ،دانپێدانان ،پرساندن ، گەواهیدان ،گرینەو بیانگەی حوکمەکان ، سوێند ، شوێن بینی ، شارەزایی ) (حسین٢٠١٣: ٦٣- ٦٤).

شارەزایی ، کە کۆتا ئاستی ئەو ڕیزبەندییە "بریتییە لە ڕێگایەک لە ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە لە داوا ، بە ئامانجی بەدەستهێنانی زانیاری پێویست ، لە ڕێی کەسانی تایبەتمەندو پسپۆڕو شارەزا ، لەو بوارە هونەرییانەی کە بابەتی کێشەکەن ، لە نێوان ڕکابەرکاندا و دادوەر شارەزایی تەواوی لە بارەیانەوە نییە "(العبودی ١٩٨٨: ٢٧٨) . واتە دیاریکردنی شارەزا بۆ سەلماندنی بەڵگەکان بە مەبەستی ڕاوێژکردنە لەسەر ئەو کەیسەی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکەن ، بە پێی پسۆڕیی شارەزاکە و خستنە ڕووی زانیارییە شاراوەکانی ناو کەیسەکە، جگە لەمەش بۆ ئەو مەبەستەیە ، ئەگەر " دادوەر زانیارییەکەش بزانێت بۆی نییە رای خۆی بدات"(ڕەشید ٢٠١٢ : ٧٨٣) هەر بۆیە خستنە ڕووی بەڵگەکەکان لەڕێگەی شارەزا و پسپۆڕی تایبەتەوە هەم زانستیترن هەم یاساییین.

بە پێی ماددەی (١٣٣) ی ئەم یاسایە "ئەگەر بابەتی داخوازییەکە پێویست بە پشت بەستن بکات بە بۆچوونی شارەزایان ، دادگا هەردوو لایەن ڕادەسپێرێت بە ڕێککەوتن لەسەر شارەزایەک یاخود زیاتر بە مەرجێک ژمارەیان تاک بێت لەوانەی ناویان لە خشتەی شارەزایان هاتووە ، یاخود لەوانەی ناویان لەم خشتەیە نەهاتووە و لەکاتی ڕێکنەکەوتنی هەردوو لایەن لەسەر شارەزایەکی دیاریکراو دادگا هەڵدەستێت بە دەستنیشانکردنی شارەزایەک " (یاسین ٢٠١٦ : ٢٠٥) ، دەقی ئەم ماددەیەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە "ڕکابەر هەر سیفەتێکی هەبێت لە داوادا داواکار بێت یان داوا لەسەرکراو یان کەسی سێیەم بۆی هەیە داوای ئەوە بکات کە شارەزایەک لە داوادا دیاریبکرێت بۆ ئەوەی پشتی پێببەسترێت ، داواکە لە هەر قۆناغێکدا بێت بێجگە لە دادگای پێداچوونەوە " (حسین٢٠١٣ : ١٨٣) . دادگاش بڕیاری ئەوە دەدات ، ئایا پێویستە پشت بە شارەزا ببەسترێت یاخود نەخێر ، لێرەدا و بەپێی ماددەی (١٣٧) ی یاسایی ناوبراو کاتێک دادگا بڕیار دەدات پشت بە یاسا ببەستێت پێویستە بڕیاری دەستنیشانکردنەی " لە ڕێکارەکانی دەستنیشانکردنی شارەزا دا ، ئەم زانیارییانە لەخۆ بگرێت :

یەکەم : ناوی شارەزاو پیشەکەی و جگە لەوە لەو زانیارییانەی لەسەر کەسایەتیەتی.

[8] بەڵگەی سەلماندن: بریتییە لەو ئامرازانەی پەسەندکراوە لە ڕووی یاساییەوە کە لایەنەکانی ناکۆکی پەنای بۆ دەبەن بۆ باوەڕهێنان بە دادوەر بە دروستی ئەو ڕووداوانەی بانگەشەی بۆ دەکەن ، لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی هاوچەرخدا ، یاسادانەر هەڵدەستێ بە نوێکردنەوەی بەڵگەکانی سەلماندن بۆ دیاریکردنێکی دیاریکراو و هەر بەڵگەیەک بەهانەی خۆی بۆ باوەڕهێنان و مافی دادوەر لە باوەڕهێنان لە چوارچێوەی پانتایی جیاوازبۆ هەر بەڵگەیەک.( یاسین ٢٠١٦ : ٤٩)

دووەم: ئەو کاروبارانەی مەبەستە پشت بە شارەزاییەکەی ببەستریت و ئەوەی مۆڵەتی پی ئەدریت لە گرتنەبەری چارەسازی بەپەلە لە کاتی پیویست.

سێیەم : کاتی کۆتایی هاتنی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە.

چوارەم : ئەو گوژمەییەی پێویستە دابندرێت لە سندوقی دادگا بۆ ژمێردەی کرێی شارەزاو خەرجیەکان و کاتی دانانی و ناوی ئەو ڕکابەرەی پابەندی بە دانانی و ئەوەی لەسەرەتاوە لەم گوژمەیە خەرج دەکرێت " (یاسین٢٠١٦ : ٢٠٦) .

هەر لە ڕێکارەکانی دەستنیشانکردنی شارەزادا و پاش ئەوەی بە پێی ماددەی (١٣٨) دادگا شارەزایەک یان زیاتر دەستنیشاندەکات لە بڕگەکانی ماددەکانی (١٣٩) و (١٤١)دا باس لە کرێی شارەزا لەو گوژمەیەی گە لە سندوقی دادگا دانراوە ، دەکرێت . پاشان بە پێی ماددەی (١٤٢ ) شارەزا دەست بەکارەکانی خۆی دەکات ، جا لە ژێر سەرپەرشتی دادگادا بێت یاخود کارەکە وا پێویست بکات کە بە تەنیا ئەنجامی بدات ، ڕێوشوێنی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەرکی شارەزاش ، بە پێی بڕگەکانی ماددەی (١٤٣)و (١٤٤) بەم شێوەیە دیاریکراوە :

ماددەی (١٤٣)

یەکەم : شارەزا کۆنووسێک ئامادە دەکات بە کارەکەی کە بانگهێشتکردنی ڕکابەرەکان و وتەو تێبینییەکانی ئەوەی ئامادەبووە لەوان و ئەوەی پێی هەڵساوە لە کارەکان ، وتەی ئەو کەسانەی کە پێویست بووە گوێبیستییان بێت لەخۆدەگرێت ، بەڵام دەبێت ئەوە بە بێ سوێندخواردن بێت.

دووەم : ڕکابەرکان وتەو تێبینییەکانیان واژوو دەکەن و کەسانی تریش ئەو قسانەی کردوویانە واژوو دەکەن ، ئەگەر یەکێکیان پێشگیری بکەن لە واژووکردن ئەوە جێگیر دەکات لە کۆنووسەکە.

ماددەی (١٤٤)

یەکەم: شارەزا ڕاپۆرتێک ئامادە دەکات کە واژووی دەکات بەو ئەرکەی پێی سپێردراوە.

دووەم: دەبێت ڕاپۆرتەکە سەرجەم ئەو کاروبارنە لەخۆبگرێت ، کە پێی گەیشتووە وئەو هۆکارانەی بۆچوونی خۆی لەسەر بنیاتناوە.

سێیەم: ئەگەر شارەزاکان فرەبوون و جیاوازبوون لە بۆچوون، پێویستە لە ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە بۆچوونی هەریەکێکیان بکرێت لەگەڵ هۆکارەکەی.

چوارەم : شارەزا ڕاپۆرتەکەی و کۆنووسی کارەکانی پێشکەش بە دادگا دەکات و وێنەیەک لە ڕاپۆرتەکە ئەدرێت بەوەی داوای دەکات لە ڕکابەرەکان. (یاسین ٢٠١٦ : ٢٠٨)

دوای ئەوەی شارەزا کۆتایی بەکارەکانی هێنا ، دادگا " ماندووبوونی شارەزا و خەرجییەکانی دەخەملێنێ بە ڕەچاوکردنی گرنگی داواکە و ئەو ئەرکانەی کە پێی هەستاوە و ئەو کاتەی کە خایاندوویەتی لە هەڵسان بەو ئەرکەی کە پێی سپێردراوە " (حسین٢٠١٣ :١٨٨) .

سەبارەت بەکارپێکردن بە لێکدانەوەکانی شارەزاش بە پێی بڕیاری دادگای پێداچوونەوە " پاش ئەوەی شارەزا بۆچوونی خۆی پێشکەش بە دادگا کرد دادگاش بە ئامادەبوونی ڕکابەرەکان لە دانیشتنی دادبینیدا دەیخوێنێتەوەو پرسیار لە ڕکابەرەکان دەکات لە بوونی تێبینی و ناڕەزاییەکانیان لەسەر ڕاپۆرتەکە"(بڕیاری دادگای پێداچوونەوە ١٩٨٠ :١٤٣) . پاشان بە پێی ماددەی (١٤٥) ئەگەر هەستکرا ڕاپۆرتی شارەزاکە تێر و تەسەل نییە، ئەوا دادگا بۆی هەیە لە خۆڕا یان لەسەر داوای ڕکابەرەکان شارەزا بانگهێشتبکاتەوە و هەر پرسیارێک بەکەڵک بێت بۆ یەکلاییکردنەوەی داواکە لە شارەزاکەی بکات . لە بارێکیشدا ڕوونکردنەوەکانی شارەزای بە تەواو نەزانی ، ئەوا داوا لە شارەزا دەکات کەموکورتی کارەکەی چاکبکاتەوە و بە ڕاپۆرتێکی سەربار پێشکەش بە دادگای بکاتەوە ، یاخود هەوڵدەدات کارەکە بسپێرێت بە شارەزایەکی تر . هەر سەبارەت بەمە لە ماددەی (١٤٦) دا مافی بە ڕکابەرکان داوە کە تانە لە ڕاپۆرتی شارەزا بدەن ، بەڵام بەمەرجێک هۆکاریان هەبێت ، لەم کاتەشدا بڕیارەکە دەکەوێتەوە سەر دادگا .

دواجار هەرچەندە لێکدانەوە و زانیارییەکانی شارەزا ، تایبەت بە داوایەک بە قەواڵیەکی فەرمی دادەنرێن ( بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونی شارەزاکە دادگا پابەند ناکات ، بەڵکو بۆی هەیە بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو حوکم بدات ، بەو مەرجەی لە حوکمەکەیدا ئەو هۆیانە بگرێتە خۆی کە پێویستی کرد بۆچووونی شارەزا هەمووی یان هەندێکی وەرنەگرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو قەرەبووەی ، کە دیاریکرابوو زۆربوو ئەوا دادوەر ناتوانیت خۆی کەمی بکاتەوە بەڵکو پێویستە لەسەری پشت بە شارەزایەکی تر ببەستێت بۆ خەملاندنی قەرەبوویەکی گونجاو و دادپەروەرانە ، هەروەها دادگای تێهەڵچوونەوە مافی ئەوەی هەیە کە سەیری ئەو تانەیە بکات کە لە خەملاندنی شارەزا دەگیرێت لەو داوا بەرائی یەدا کە داوای تێهەڵچوونەوەی کراوە ، وە بابەتی شارەزاییەکە جێگیر بکات وە بڕیارێکی نوێ دەربکات بە قەناعەتی خۆی ) (حسین ٢٠١٣ :١٩١-١٩٢ ).

### ٣-٣-١/١) کەموکورتی یاسای شارەزایی لە سەرجەم یاساکاندا:

لـە پـاش سـاڵی ١٩٦٠ و بـە دیـاریکراوی لـە سـاڵی ١٩٦٤ ەوە بەهەسـتکردن بـەوەی " ئـەو کاروبارانـەی پێویسـت بـە پشـتیوانی خـەڵکی خـاوەن شـارەزایی دەکـات، تێکـەڵ بـووە و چوارچێوەکـەی فـراوان بـووە ، بـە فراوانبـوونی بوارەکـانی ژیـان و و زۆر بـوونی بوارەکـانی کارکردن . بۆیە پێویستی بە دانانی یاسایەک کرد تاکو ئەم پیشەیە ڕێک بخات و دەستەبەری هـەڵبژاردنی باشـترین شـارەزا بکـات " (یاسـین ٢٠١٤ :١٦) لـە ئەنجامـدا یاسـای شـارەزاییان بەرامبەردادگا داڕێژرا . کە لە سـەردەمی دەرچـوونی ئـەو یاسـایەوە تـاکو ئێسـتا هـەموو بـوارە زانسـتی و پیشـەییەکانیش بـە گشـتی و لـە ناویشـیاندا زمانـەوانی پێشـکەوتن و بەرەوپێشـچوونێکی زۆر گـەورەتریان بـە خۆیانـەوە بینیـوە ، بەشـێوەیەک زانسـتێکی وەکـو زمانـەوانی ، لـە توانایدایـە چارەسـەری زۆربـەی هـەرە زۆری کێشـە زمانییـەکان بکـات و لێکدانـەوەی زانسـتییانە بۆ بابەتـە زمانییە کێشـە لەسـەرەکان بکـات ، کـە ئەمـەش لـە بـواری یاساییدا و بۆ لێکدانەوەی بابەتە تاوانکارییەکان کەڵک و بایەخێکی بەرچاوی هەیە ، بەڵام وەک ئەوەی کە هەیـە ، یاسـاکە هـەمان یاسـایە کـە پێش پـەنجا سـاڵ ، بـە بێ لەبـەرچاوگرتنی ئـەم هـەموو پێشکەوتنە دانـراوە . لـە لایـەکی تـرەوە ئەگـەرچی بـەکارهێنانی شـارەزا بـە گشـتی و شـارەزای زمـانی / زمانـەوانیی دادوەری بـە تایبـەتی گرنگییـەکی زۆر هەیـە و بـەهای یاسـای شارەزایی وەک بەڵگەیەک "چەندین تیۆری لە بارەوە خراوەتە ڕوو ، لەوانە :

١- شارەزایی بەڵگەیەکە لە بەڵگەکان.

٢- شارەزایی دەستاوێژێکە بۆ خەملاندنی بەڵگە.

٣- شارەزایی کارسازییەکی یاریدەدەری دادوەرە.

٤- شارەزایی گەواهیدانێکی هونەرییە.

٥- شارەزایی ڕاوێژێکی هونەرییە. " (ڕەشید ٢٠١٢ :٨٢) .

کەچی ئەوەی تێبینی دەکرێت، هێشتا هەندێک لە یاساناسان و دادوەران ڕایان وایە (پـەنابردن بـۆ شـارەزایی لـە کـاری دادوەری لـە ژیـانی کـرداری لـە پەرەسـەندن و بڵاوبوونەیـە ، نـەک بەهۆی زۆربوون و پێشکەوتنی زانستە مرۆڤایەتییەکان و ئاشنانەبوونی دادوەر بەم پرسـە ، بـەڵکو وەک ئارەزوویـەکی دادوەران لـە هەنـدێک کاتـدا لـە دەسـت هـەڵگرتنی ئـەرکی خۆیـان بـۆ شـارەزایان ، کـە پێیـان وایـە ئـەم ئاڕاسـتەیە زیـان بـە ڕێڕەوی دادوەری دەگەیـەنێت و دەبێتـە هۆی خەرجی زیاتر لە داخوازییەکە ، هەروەها وابیردەکەنەوە ، بەهۆی کارکردن بـە بۆچـوونی شـارەزایان ، شـارەزایان کـار دەکەنـە سـەر بیروبۆچـوونی دادوەران و بەلاڕێیانـدا دەبـەن )

(یاسین ٢٠١٦ : ١٤٧) ، کە ئەمەش گریمانەیەکی تەواو نادرووستەو نازانستییانەیە ، چونکە لە لایەک لێدانە لە کاری شارەزاو بەگرنگییەوە تەماشانەکردنێتی، لە لایەکی دیکەوە زیان گەیاندنە بە ڕەوتی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە ، چونکە پشت نەبەستن بە شارەزا لەو شوێنانەدا ، کە پێویست دەکات ، بە هەر بیانوویەک بێت، کەلێن لە لێکدانەوەی تاوانەکە وچنگکەوتنی بەڵگەی دروستدا دروستدەکات ، کە لە چوارچێوەی پسپۆڕیی دادوەردا نییە و تەنیا شارەزایان بە پێی بوارەتایبەتییەکانیان دەتوانن بەدەستیبهێنن.

دیارە بیرکردنەوەیەکی لەمجۆرەش لە ژێر تیشکی دەقەکانی ئەو یاسایەدایە ، کە بایەخێکی ئەوتۆی بە بەکارهێنانی توانا و پسپۆڕییەکانی شارەزایان نەداوە ، بە واتایەکی دیکە ، زانستەکان بە گشتی ، کە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی هاتوونەتە کایەوە ، دەکرا لەم یاسایەدا وردتر گرنگی بەبەکارهێنانیان بدرایە ، بۆ نمونە زانستی زمان، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بواری یاساو بواری دادوەرییەوە هەیە بەو پێیەش ، کە پرۆسەی دادگاییکردن هەر لە قۆناغی کرکردنەوەی بەڵگەو لێکۆڵینەوەی سەرەتاییەوە هەتا دوا قۆناغ ، کار لەسەر زمان دەکات و لە هەموو شوێنێکدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە چ لە لایەن کەسی تاوانبار و چ لە لایەن گەواهیدەرانەوە ، بۆیە دەکرا ماددەی تایبەت بە شارەزای زمانیی هەبوایە ، کە جەختی لەسەر کەڵکوەرگرتن لە پسپۆڕی زمانەوانی بکردایەتەوە چ بۆ هاوکاریکردنی دادوەر لە دیاریکردنی ستراتیژییەتی چۆنیەتی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە لەکاتی لێکۆڵینەوە ، چ بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی زمانیی ، چ بۆ بەکارهێنانی تواناکانیان لە لێکدانەوەی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی کە لەلایەن تۆمەتباران و گەواهیدەرانەوە دەخرێنە ڕوو ، کە زۆرجار هەڵگری بەڵگەی زۆر بەهێزن و کەسی ئاسایی و دادوەرەکان ناتوانن درکیپێبکەن.

لە نەبوونی ماددەیەک یان چەند ماددەیەکی تایبەت بەم بوارە ، دادوەری لێکۆڵینەوە لەکاتی لێکۆڵینەوە لە گومانلێکراو و تۆمەتبارو گەواهیدەرەکان ، پشتدەبەستن بە ئەزموونی خۆیان لەگەڵ چوارچێوەی جۆری داواکە ، وەکو ستراتیژییەک بۆ شێوازی لێکۆڵینەوە ، لە کاتێکدا لە زۆربەی وڵاتان کەڵک لە مۆدێل و میتۆدو تیۆرە زمانەوانییەکان وەردەگیرێت بۆ ئەم مەبەستە و بەردەوام لێکۆڵەرەوەکان سیمیناریان بۆ سازدەکرێت و لەوڕێگەیەوە بەرچاوڕوونییان دەدرێتێ سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن ، بە ئاشناکردنیان بە تیۆرەکانی زمانەوانی دەرونی و دەماری و کۆمەڵایەتی و زمانی جەستەو ...هتد ، چونکە پشتگوێخستنی بوارێکی وەکو زمانەوانی بۆ شێوازی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن ڕەنگە گرفتی تێنەگەیشتن ، هەڵەتێگەیشتن ، درەنگ تێگەیشتن بێنێتە ئاراوە. لەبەرئەوە یاساکەش پێویستی بە بەسەرداچوونەوە هەیە ، کە ڕەچاوی ئەو پێشکەوتنە بکات کە گشت زانستەکان بە گشتی و زانستی زمانیش بە تایبەتی بەخۆیەوە بینیویەتی و بەکارهێنانی شارەزا و کەڵک وەرگرتن لە لێکدانەوەو شرۆڤەی کەسانی پسپۆڕ گرنگی زیاتری پێبدرێت نەک ئەوەی

دەگوترێت " وەرگرتنی ڕای شارەزا وەک بەڵگەیەکی مادی ، تەنها وەک ڕاوێژەو ئەمەش واتای ئــەوە دەگەیــەنێت ، کــە دادگــا ناچــار نییــە ڕای شــارەزا وەربگرێــت" (ڕەشــید ٢٠١٢ :٧٩) . لەبەرئەوەی ڕای پسپۆڕو شارەزایان ، زانستیترە و پشت بە تیۆرو بەڵگە دەبەستێت ، بۆیە لە ڕووی لۆجیکییەوە پێویستە زیاتر پشتیپێببەسترێت.

## ٢/١) بوارەکانی زانستی زمانی دادوەری:

کاتێک باس لە زمانەوانی دادوەری دەکرێت ، زمان توخمە سەرەکییەکەی ئەم بوارەیە ، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە ئایا لەم نێوەندەدا زمان تەنیا لەگەڵ بواری یاساییدا لە پەیوەندیدایە؟ یـان بـە بوارەکـانی دیکـەی پراکتیکییـەوە بەسـتراونەتەوە ؟ بـە سـەرنجدان لـەو توێژینـەوە تیۆرییانەی لە سێ دەیەی ڕابردوودا لەسەر ئەم بوارە خراونەتەڕوو ، ئەوە ڕووندەبێتـەوە کە ، توێژینەوەکان بە زۆری لە چوارچێوەی "زمانی یاسایی و بە ستانداردکردنی دەقی یاسایی گوتراوو نووسراو ، زمانی یاسادانان و جێبەجێکردنی دادوەری و کارگێڕی زمان و ناکۆکی زمـان و پێکهاتـەی زمـان و شـێوازو تایبەتمەنـدی زمـانی یاسـایی و شـیکردنەوەی کـردەی ئاخـاوتن"ن (Seyari, Bagheri 2019:190 ) . بۆیـە دەکرێـت بڵێـین ئەنجامـەکانی ئـەو شیکردنەوە ورد و سیستماتیکیانەی لەڕێگەی ئەم بوارەوە دەستەبەر دەبێت ، بەهاو نرخیان لـە چەنـدین بـواری گرنگـدا هەیـە ، بۆنمونـە ئەفسـەرانی پـۆلیس دەتـوانن هـەم بـۆ چۆنیـەتی چاوپێکەوتن لەگەڵ گومانلێکراوان ، تۆمەتباران و گەواهیدەرەکاندا کەڵکی لێوەربگرن ، هـەم بۆ چارەسەرکردنی تاوانەکان بە شێوەیەکی باوەڕپێکراوتر. لەلایەکی ترەوە پارێزەران ، دادوەران و ئەنـدامانی دەسـتەی دادوەری، دەتـوانن کـەڵک لـەم شـیکردانەوانە وەربگـرن مەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی لێدوانـەکان و دەرخسـتنی تاوانبـاری و بێتـاوانی لایەنـەکان بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانەتر ...هتد . ، لەم ڕووەوە (کۆرییا) ڕووکاری نێوان زمان و بواری یاسایی بۆ سێ بوار پۆلێن دەکات "یەکەم :زمان وەکو هۆکاری پەیوەنـدی لـە نێـوان دەسـەڵاتدارانی سـەپاندنی یاساو گومانلێکراو و گەواهیدەرەکان یان ڕێگایـەک بـۆ بیـانوو هێنانـەوەی یاسـایی لـەناو هـۆڵی دادگادا ، دووەم : زمانی یاسا (پرسەکانی ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەو بنیاتنانی زمـانی یاسـایی ، سێیەم تاوانە زمانییەکان و بەڵگە زمانییەکان (بـەکارهێنان ، ڕەوابوون ،متمانەپێکردن لـە نـاو هـۆڵی دادگـا)" (Correa 2013 :5 ) واتـە سـنووری زمانـەوانی دادوەری لـە تـەنیا ڕووبەرێکدا نامێنێتەوە ، بەڵکو بە ناو تەواوی چوارچێوە یاسـاییەکاندا بـڵاو بووەتـەوە. بۆیـە بـە شـێوەیەکی گشتی و چڕکراوە ، زمان لە بواری دادوەریدا لە چەند جێکەوتەیەکی جیاوازدا دەردەکەوێت ، لەوانەش:

١ - زمانی یاسا (Legal Language)

٢- زمان لە ڕێکارەکانی دادگادا (Language in the Legal Process)

٤- زمان وەکو بەڵگە (Language as evidence).

## ١-٢/١ ) زمانی یاسا (Legal Language):

بوونی کۆمەڵێک بنەما و ڕێسا و دەستوور، کە بۆ ڕێکخستنی ڕەفتار و هاوسەنگی تاکەکانی کۆمەڵگا بێت ، پێی دەوترێت یاسا . یاساکان لەلایەن حکومەت و پەرلەمان یان دامەزراوەی کۆمەڵایەتییەوە دادەڕێژرێن بەمەبەستی دادپەروەی و ئاسایشی نەتەوەیی . هاوڵاتیانیش بەردەوام و لە هەموو شوێن و کاتێکدا بەریەککەوتنیان لەگەڵ ئەو یاسایانەدا هەیە، کە لە سادەترینەوە دەستپێدەکات تا مەزنترینیان و تاکیش لە هەر پلەو ئاستێکدا بێت پێویستە بەردەوام پابەندبێت بە جێبەجێکردنیانەوە ، لەبەرامبەردا لە ئەگەری لادان و جێبەجێنەکردنی ئەو یاسانایانە ، بەتاوانبار لە قەڵەم دەدرێت و بە پێی جۆری تاوانەکەی سزای یاسایی بەسەردا دەسەپێندرێت.

لە ڕووی زاراوەییەوە چەمکی یاسا " دوو مانای هەیە ، یەکێکیان واتایەکی گشتی یە ، ئەوەی تریشیان تایبەتی یە، یاسا بە مانا گشتییەکەی بریتی یە لەو کۆمەڵە بنچینانەی کە ژیانی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵ ڕێک دەخات ، هەموو کەسێکیش ڕێزیان لێ دەگرێت و دەسەڵاتی گشتی لە ڕێگای هێزەوە کەفالەتی ڕێزگرتنیان دەکات . واتە ئەگەر یەکێک سەرپێچی لێکردن و ڕێزی نەگرتن لە لایەن دەسەڵاتی گشتی یەوە بە هێز بەرپەرچ دەدرێنەوە واتە سزا دەدرێن. بەڵام مەبەست لە یاسا بە مانا تایبەتی یەکەی ئەو یاسایەیە کە دەسەڵاتی یاسادانان دایان دەنێت" (سەعدی ١٩٩٩ : ٣) لە هەردوو بارەکەشدا تاک لێپرسراوە بەرامبەر جێبەجێکردنیان .

ئەوەی مەبەستە لێرەدا باسبکرێت پەیوەندیی زمانە بە یاساوە و ئەو ڕۆڵەیە، کە زمان لە بواری یاساییدا بەچەندین شێوەی جۆراو جۆر دەیگێڕێت، چونکە وەک دەزانین " پەیوەندییەکی پتەو هەیە لەو نێوان زمان و یاساو دادگاکاندا ، لەبەرئەوەی لە ڕێگەیەوە یاساکان دادەڕێژرێن و دادوەرحوکم و بڕیارو فەرمانەکانی دەردەکات" (حسین ٢٠١٣ : ٥) واتە لە هەرشوێنێکدا یاسا بوونی هەبوو زمانیشی لەگەڵە ، بە بێ زمان یاسا داناڕێژرێت و ناخوێنرێت و ناگەیەنرێت ، تاکەکان لە ماف و ئەرکەکانی خۆیان تێناگەن ، کێشەو سکاڵاکان ناگەیەنرێن ، هیچ دادگاییکردنێک ، سەلماندنێک ، گەواهیدانێک ، حوکمدانێک جێبەجێناکرێت و ناتوانرێت هیچ بەڵگەیەک بخرێتە ڕوو .

ئۆڵسن و لۆشچنبرۆوەرس لەمبارەیەوە دەڵێن " کاتێک ئێمە قسە لەسەر زمان و یاسا دەکەین ، باس لە چەند ڕوویەکی زمانی یاسایی دەکەین . دەتوانین بابەتەکە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش بکەین ئەوانیش زمانی پسپۆڕیی یاسایی و ئەو زمانە یاساییەی ، کە ڕووبەڕووی کەسێکی ئاسایی (ناپسۆڕ) دەبێتەوە، کە بێگومان تێکەڵبوونێک لە نێوان هەردووکیاندا هەیە ،

دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاوبێت بەشێکی زۆر گرنگ لە زمانی یاسا بە تەواوی لە ئێمە شاراوەیە : ئەویش ئەو زمانەیە لە ژووری دەستەی سوێندخۆران بەکارهاتووە"( Olsson, 1: luchjenbroers 2014 )کەواتە ئەوەی ئاشکرایە ، زمانی یاسایش وەکو زمانی هەر پسپۆڕییەکی دیاریکراو زمانێکی تایبەتە و کەسانی ئاسایی ناتوانن بە ئاسانی لێتێبگەن و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن ، لەبەرئەوەی خۆی لە بنەڕەتدا ، یاسا بوارێکی فرە زاراوە و چارەنووسسازە ، وەک چۆن جیرارد کۆرنو پێی وایە " زمانی یاسایی بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانی نەتەوەییە و تاکە زمانە کە بە زاراوەوەکانی و شێوازەکەی گوزارشت لە کۆزانیارییەکی تایبەت بکات ، کە ئاسان نییە بۆ کەسانێک یاسایی نەبن و لێی تێبگەن" ( سعدون ، بوتشاشە ٢٠١٧ :٤٠) لە ڕاستییدا ئەوەی گرنگە بوترێت ئەوەیە ، کە ئەم زمانە نەک تەنیا لە بارەی خەڵکانی ئاساییەوە پێویستیان بە شرۆڤەکردنی زمانی یاساکان هەیە ، بەڵکو یاساناسانیش پێویستییان بە ڕوونکردنەوەی زمانی زیاترە تا لە تەواوی یاساکان تێبگەن و بزانن بەکاریبێنن .

کەواتە زمان لە بواری یاساییدا "واتە زمانی زانستی یاسا، کە زاراوەو پێناسەو ئامانج و سنوورو پێکهاتەی یاسا ، وەک زانستێکی سەربەخۆ دیاری دەکەن" (وەسمان ٢٠١٣ :٤ ) ، بەواتایەکی تر زمانی یاسا کایەیەکی سەربەخۆیە ، ئامانج و ئەرکی خۆی هەیە و ڕۆڵی تایبەتی هەیە لە داڕشتنەوە و خستنەڕووی یاسا و ڕێساکانی ، کە لە پێناوی دادپەروەری و یەکسانی مرۆڤایەتییدا دانراون و یارمەتیدەرێکی بەهێزە لە ئاشکراکردنی وردەکارییەکانی تایبەت بە مەسەلە یاسایی و دادوەرییەکان و ڕێگایەکە بۆ ناساندنی یاساو دەستوورە فەرمییەکان بە تاکەکانی کۆمەڵ. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ، کە یاسادانان و جێبەجێکردنی یاسا بە بێ بوونی زمان کارێکی ئاسان نییە و یاسا لە چەندین بواردا ڕووبەڕووی زمان دەبێتەوە، لە گرنگترین ئەو هاوبەشییانەش کە لە نێوان ئەم دوو دیاردە مرۆییەدا هەیە و بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم زانستە (کۆدی زمانی و داڕشتنەوەی واتای یاسایین ، کە بە ناوکۆییەکانی زمان و یاسا ناسراوون ، لەبەرئەوەی دەقە زمانی و یاساییە بەرهەمهاتووەکان (چ گوتراو چ نووسراو )جگە لە کۆد هیچی ترنییە ، لەم ڕوانگەیەوە (کۆد) دەبێتە ناوکۆیی هەرە بەهێزی نێوان ئەم دوو دیاردە مرۆییە و درووستبوونی پردی پەیوەندی نێوانیان و پێویستی بوونی زانستێکی نێوانگیر لە نێوانیاندا ، چونکە یاساش هەروەک زمان چنراوێکی کۆدییە ، کۆدە یاساییەکانی زمانی یاساش ، کە زیاتر کۆدێکی درووستکراون و بەکارهێنانێکی تایبەتییان هەیە لە حاڵەتێکی تایبەتی وەک یاسادا . دواجار هەر خودی ئەو کۆدانەش ، دەتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ چەمکی (شیانی بەکارهێنان و سیستەمی شیان)[٩] و بە

[٩] دوو چەمکی تایبەتن بە بنەمای داڕشتنی چەمکی (بەکارهێنانی زمان بە مەبەستی تایبەتی ) لە قوتابخانەی هالیدایدا .

بەکارهێنانەنیان ، دارشتنەوەی واتای یاسایی دێتە کایەوە ، کە لە خولقاندنی زمانی یاساییدا لە ناواخنیاندا بارە کۆمەڵایەتییەکانیان بە شێوەیەکی عەقڵمەندیانە هەڵگرتووە) .(محمد امین ٢٠١٥ :٢٠- ٢٦ ) .

زمانەوانان سنوری بەکارهێنانی زمانی یاسا بە شێوەی جیاواز شیدەکەنەوە بۆ نمونە (کلۆود) Claude (1981:344) پۆلێنیدەکات بۆ (زمانی کارگێری ، زمانی بازرگانی ، زمانی ڕاسپاردە (وەسیەت) ) ، لەکاتێکدا کومار باتیا "ئەم زمانە بۆ سێ ئاست پۆلێن دەکات:

١- زمانی بواری ئەکادیمی : بۆ نمونە زمانی ڕۆژنامەو گۆڤار و خول و توێژینەوە ئەکادیمیە یاساییەکان و کتێبی پرۆگرامە فێرکارییەکانی تایبەت بە یاسا.
٢- زمانی دەسەڵاتی دادوەری : وەکو ئەو زمانەی ، کە بۆ دەستکاریکردنی بڕیاری دادوەری و ئەو بڕیارانەی کە دادگا دەریدەکەن بەکاردێت ، هەروەها ئەو بەڵگەنامانەی مامەڵە لەگەڵ کێشە ڕاپۆرتە یاساییەکاندا دەکەن.
٣- زمانی یاسادانان : ئەمجۆرەش زمانی بەڵگە نامە یاساییە نمونەییەمان ، وەکو ئەو یاسایانەی کە پەرلەمان دەریانکردووە لەگەڵ بەڵگەنامە دەستوورییەکان و گەلاڵەکان و بڕیارنامەو گرێبەست و بەڵێننامەو ڕێککەوتننامەو پەیماننامەکان و ...هتد دەگرێتەوە ، کە ئامانجی سەرەکییان دەستنیشانکردنی کۆمەڵێک پابەندبوون یان قەدەغەکردنە . (V.K. Bhatia1985 :2)"

ئەوەی تێبینی دەکرێت ، ئەم شیکردنەوەیەی باتیا تەنها لە چوارچێوەی دەقی نووسراوی یاساییدایە ، بۆیە جارێکی دیکە و بە لەبەرچاوگرتنی دەقی یاسایی گوتراو و نووسراو هێلکاری زمانی یاسایی بەم شێوەیە دارشتووەتەوە :

**زمانی یاسا**




هێڵکاری ژمارە (١) پۆلێنکردنی زمانی یاسایی بە پێی شیکردنەوەی زمانەوان ( Bhatia, V. K. (1987: 227

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی دەقی زمانی یاسایی خۆی لە چوارچێوەی هەردوو دەقی نووسراوی یاسایی، وتراوی یاساییدا دەبینێتەوە ، کە هەرچی دەقی نووسراوی یاساییە لە (دەقی یاسا ، دەقی پرۆژە یاسا ) پێکدێت ، دەقی وتراوی یاساییش مەبەست لەو جۆرە ئاخاوتنانەیە کە لە دامودەزگاو فەرمانگە فەرمییەکاندا بەکاردێت ، وەکو زمانی ئاخاوتنی دادوەر ، لێکۆڵەر ، پارێزەر ، ... هتد ، لەگەڵ ئەو زمانەی لە خوێندنگا ، پەیمانگا ، زانکۆ و گشت ناوەندە ئەکادیمیەکاندا ئاخاوتنی پێدەکرێت . چوارچێوەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ئەمجۆرە زمانەش کراوە ، ئەوەخراوەتەڕوو کە زمانی یاسا بە هەردوو جۆرەکەیەوە هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکن ، کە جیایان دەکاتەوە لە زمانی پسپۆڕییەکانی دیکە ، بە کورتی ئەمانەی خوارەوەیان لێدەستنیشاندەکەین :

أ- ئارەزووی درێژدادڕی دووبارەکردنەوەی دەربڕاوەکان: کەسانی یاسایی ئارەزووی ئەم شێوازە دەربڕینە دەکەن ، ئەویش ڕەنگە لەبەر چەند هۆکارێک بێت ، بۆ نمونە هەر یاسایەک چەندین ماددەو برگە لە خۆبگرێت ، کە دەشێت تیایدا جیاکردنەوەی قەدەغە کراو و قەدەغە

نەکراوەکان ، دیاریکردنی جۆری کەتنێک ، دەستنیشانکردنی جۆری ئەو سزایەی ئەو تاوانە دەیگرێتەوە ،... هتد ، ئاڵۆزی دروستبکات ، بۆیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ئاڵۆزییانە کەسانی یاسایی پەنابەدەبەنەبەر درێژدادڕی و دووبارەکردنەوەی دەربڕاوەکان ، ئەمەش زۆرجار دەچێتە ڕادەیەکی ناپێویستەوە.

ب- بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەی کۆن : زمانی یاسایی ژمارەیەکی زۆر وشەگەلی کۆنی تێدایە ، کە لە پێشوودا لە زمانی باو و ڕۆژانەدا بەکارهاتوون ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ، وشەی دیکە جێگەی گرتوونەتەوەو بەکارهێنانەکەیان بە سنوورداری لە زمانی یاساییدا ماوەتەوە. بۆ نمونە وشەی (قەواڵە ) کە لە زمانی یاسادا بەکارهێنانی زۆرە ، بەڵام لە زمانی ئاساییدا زیاتر بەکارهێنانی لە ئیدیۆمێکی وەکو (کە زۆر هات ، قەواڵە بەتاڵە) دا دەردەکەوێت.

ت- داهێنانی زمانەوانی : هاتنە ناوەوەی هەندێک وشە و دەستەواژەی نوێ ، کە هاوکاتە لەگەڵ پێشکەوتن و نوێبوونەوەکان . بۆ نمونە ئەو وشەو دەستەواژانەی بە پشبەستن بە داهێنراوە تەکنەلۆژییەکان هاتوونەتە کایەوە ، وەکو یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن.

پ- سنورداری لە دەستکاریکردنی قاڵبەکانی بەڵگەنامەی یاسایی : بۆ نمونە هەر بەڵگەنامەیەکی یاسایی جۆرێک لە فەرمیبوونی تێدایە لە چوارچێوەی ئەو یاسایەی دەیگرێتەوە ، بۆیە ڕەنگە بە بەلابردن ، زیادکردن ، گۆڕین ، لەبریدانانی ، ...هتد تاکە ئامرازێکی ڕێزمانی قاڵبی بەڵگەنامەکە ، گۆڕانی بەسەردا بێت . واتە بواری یاسا زیاتر لە هەر بوارێکی دیکە ، پەیوەستە بە سنورداری لە دەستکارینەکردنی دەربڕاوەکان ، وەکو لە دەقی ڕێکەوتننامەیەکدا تاکە ئامرازێکی نەرێکردنی وەکو (نا) دەتوانێت گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی دەقی ڕێکەوتننامەکەدا بکات و ئەرکی لایەنێک لە لایەنەکان بگۆڕێت بە ئاڕاستەی پێچەوانەی یاساوە.

ج- شێوازی گشتاندن و گرتنەخۆ : ئەم شێوازە لەبەکارهێنان ، زیاتر بە مەبەستی دوورکەوتنەوەیە لە درێژدادڕی ، بۆ نمونە لە زۆربەی دەقە یاساییەکاندا جێناوی (ئەوە – ئەوانە)ی بەکارهاتووە لەبری دەستنیشانکردنی ناوی کەسەکان یان دیاریکردنی ڕەگەزەکانیان ، وەکو "بە گرتن سزادەدرێ کە لە سێ ساڵ زێتر نەبێ ئەوەی بە ئەنقەست کارێکی کردبێ کە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکی مەترسیدارو زیانبەخش بۆ ژیانی خەڵکی لێکەوتبێتەوە " (ماددەی ٣٦٨ لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩)

ح- تێکەڵی لە نێوان زمانەکاندا : واتە هەستکردن بە ئاوێتەبوونی دووزمانی جیاواز لە زمانی یاسایی دیاریکراودا ، بۆ نمونە لە هەرێمی کوردستاندا هەرچەندە "ئەو زمانەی کە بەکاردەهێنرێت لە حوکم و بڕیارو فەرمانەکانی دادگاکاندا بە زۆری زمانی عەرەبی یە ، بەڵام بە پێی ماددەی شەشەم لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، زمانی کوردی زمانی دادگاکانە و دەشێ لە کاتی پێویستدا زمانی عەرەبی بەکاربێت "(حسین ٢٠١٣ : ٥) ، ئەمەش واتای ئەوەیە کە زمانی عەرەبی تێکەڵ بە زمانی یاسایی زمانی کوردی بووە ، وەرگێڕان و خۆدەربازکردنیش لێی تاڕادەیەکی بەرچاو ئاڵۆزە، یاخود ئەوەی لە زمانی یاسایی جەزائیریدا دەبینرێت کە تێکەڵە زمانی لاتینی و فەرەنسی.

خ- بەکارهێنانی بکەردیار لە بری بکەرنادریار : ئەرکی سەرەکی یاسا دەستنیشانکردنی (کەس ، کات ، شوێن ، شت ) ی ڕووداوەکانە بە شێوەیکی ئاشکراو ڕوون ، هەربۆیە شێوازی گونجاو بۆ ئەم بوارە بەکارهێنانی بکەردیارە تا بە ئاسانی مەبەستی پێڕوونبکرێتەوە . بۆ نمونە لە دەقی یاسای سزاداندا ، بە ئاشکرا لایەنەکان دیاریدەکرێت کە بە تاوانبار هەژماردەکرێن ، کە پێویستە دەستنیشانبکرێن وەکو ماددەی (٢٣٤) لە یاسای سزادانی عێراقی "بە گرتن و بژاردن یا بە یەکێک لەم دوو سزایە سزا دەدرێ هەر دادوەر یا دادیارێک حوکمی دەرکردبێ و دەربکەوێت کە ڕاست نییە و بەهۆی نێوکاری بووە لای ئەم "خۆشناو (٢٠٢٠ :٢١١) لەبری بە بە گرتن و بژاردن یا بە یەکێک لەم دوو سزایە سزا دەدرێت ، گەر حوکمێک دەرکرابێت و دەربکەوێت کە ڕاست نییەو ... .

د- بوونی ڕستەی مەرجییانە : "دروستەی مەرجیانە لە ڕێی ئامرازی گەیەنەری مەرجی (ئەگەر ،مەگەر ، ئەگەرچی ، گەر ، ...هتد) دروست دەبێت، کە لە ڕێگە ئەم ئامرازانە (ڕستەیەکی سەرەکی) بە (ڕستەیەکی شوێنکەوتوی مەرجی) دەبەستێتەوە ." (محمد امین ٢٠١٥: ٩١) . وەکو "ئەگەر تۆمەت ئاڕاستەی تاوانێکی تێکەڵ کرا لە چەند کردارێکەوە دواتر زانرا تۆمەتبار تاوانێکی سادەی کردووە لەو تاوانەی کە لێی پێکهاتووە ئەوا دادگا بە دادگایی کردنەکەدا دەڕوات و خوکمی خۆی تیا دەردەکات بێ ئەوەی پێویستی بە تۆمەتی تازە بێت "(ماددەی ١٩١ لە یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١)

ژ- ڕوونی و درووستی و دوورکەوتنەوە لە وشەی ئاڵۆز و سەرنجڕاکێش: ئەمەش واتای ئەوەیە ، کە کەسانی یاسایی جا دادوەر ، یا پارێزەر یاخود ڕاوێژکار بن ، پێویستە شێوازی ڕوون بەکاربهێنن و دووربکەونەوە لە لێڵی ، لەبەرئەوەی بە بەکارهێنانی هەریەک لە میتافۆڕ ،ئیدیۆم و واتای پراگماتیکی لە دەربڕاوەکاندا ، واتا دەقە یاساییەکە پەرشوبڵاودەبن و بە ئاسانی تێگەیشتن نایەتە ئاراوە .

ر- بەکارهێنانی شێوازی فەرمان : دەقە یاساییەکان هەرجۆرێک بن و سەبارەت بە هەر ماددەیەک بن ، شێوازی دەربڕینی فەرمان و پابەندبوونیان تێدایە ، لەبەرامبەردا لە ئەگەری لادان لەو یاسایەنەو جیبەجێنەکردنیان بە پێی جۆری ماددەو بڕگەکە ، سزای تایبەتییان بۆ داڕێژراوە . ، بە تایبەت لە ئاخاوتنی یاساییدا ، بۆنمونە (دەبێت دان بەڕاسییەکەدا بنێیت ، پێویستە واژوو لەسەر ربەڵێننامەکە بکەیت ، ...هتد).

ز- سەرتۆپکردن : دەقی هەر یاسا و پرۆژە یاسایەک بە سەرتۆپێک دەستپێدەکات ، کە ڕێگەیەوە دەزانرێت ناوەڕۆکی مادده و بڕگەکانی ئەو ئەو یاسایە دەربارەی چیین ، بۆ نمونە (یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق ، یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ ، پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ ، پرۆژە یاسای دادگای تاوانکاری تایبەتمەند بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ... هتد) .

کەواتە بەگشتی هەموو ئەو تایبەتمەندییانە دەمانگەیەنێت بەوەی بڵێین ، زمانی یاسا جۆرێکە لەو زمانەی کە پێی دەوترێت زمان بۆ مەبەستی دیاریکراو Language for specific purposes (LSP) کە لە زمانەوانیدا بە زمانی زانستی یاخود زمانی پسپۆڕی ناسراون ، بەو پێیەی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە کە (Lehrberger 1986 :22) وەکو مەرجی (LSP)دەستنیشانی کردوون ، بۆ نمونە :

١. زمانی بوارێکی دیاریکراو بێت : زمانی بواری یاسایە.

٢. سنورداری فەرهەنگی و سیمانتیکی و سینتاکسی : بۆنمونە لە ڕووی فەرهەنگەوە خاوەنی چەندین وشەو دەستەواژەی تایبەت بە بوارەکەیە ، وەکو سکاڵا ، داوای یاسایی ، سزا ، تاوان ، کێشانەوەی تۆمەت ، ئاشتەوایی ، هەموارکردن ، ... هتد . هەرچی سەبارەت بە سیمانتیکیشە ئەوەیە ، خودی مامەڵەکردن بە یاسا لەسەر بنەڕەتی لێکدانەوەی واتای دەقە یاساییەکانە ، واتە کارکردن بە یاساو ڕێساکان پشتدەبەستێت بە تێگەیشتن لە واتای ئەو زمانەی دەقە یاساکانی پێ نووسراوەتەوە . ئەمە جگە لەوەی زمانی یاسایی خاوەنی چەندین سیمای جیاکەرەوەی سینتاکسییە کە وەکو (نیشانەیەکی سینتاکسی دەبنە سیمای دارشتەی زمانی یاسایی وەکو :دروستەی مەرجیانە Condition Structures ، دروستەی ناکەسی Impersonal Structueres ، ڕستەی سەرجێناوی ، بەناوکردن Nominalization، فرێزە پێشناوییەکان و ئەرکیان لە ڕستەی درێژکراوەی دەقە یاساییەکاندا ) (محمدامین ٢٠١٥ :٩٠-١٠٩).

٣. لادان لە ڕێسا ڕێزمانییەکان : بۆ نمونە چۆنیەتی ڕیزبوونی یەکە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا لە شێوەی (بکەر+بەرکار+کردار)ە ، بەڵام زۆرجار لە زمانی دەقە یاساییەکاندا لادان لەو ڕێسایانە بەرچاودەکەوێت ، وەکو " داوای سزایی ناجوڵێنرێت لەسەر ئەو بچکۆلەیەی یانزە ساڵی تەواونەکردبێت " (ماددەی ٢٣٣ لە یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١) ، (ناجوڵێنرێت) کە کرداری ڕستەکەیەو پێویستە لە کۆتاییدا بێت ، بەمەبەستی سەرنجڕاکێشان بۆ بارێکی دیاریکراو پێشخراوە .

٤. بەرزی ئاستی داڕشتنی دەربڕاوەکان :(بۆ نمونە شێوازی ڕستەی فەرمی لە دەقە یاساییەکاندا).

٥. پێکهاتەی دەق : زمانی یاسا پێکهاتووە لە دەقی جۆراو جۆر، کە هەریەکەیان و بۆ مەبەستێکن ، بۆ نمونە (دەقی بەڵگەیی) .

٦. بەکارهێنانی هێمای تایبەتی : بۆ نمونە لە یاسادا خستنەڕووی دەقی ماددەو بڕگەکان لە ڕێگەی ژمارەوە ، جۆرێکە لە هێمای تایبەت بە یاسا ، وەکو "پشت بە حوکمی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و ، لەسەر داوای ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی – عێراق و ، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە (٤٩)ی ڕۆژی (٢٠٠٤/١٠/٥) یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێی ئەو سەلاحییەتەش کە بڕگەی (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:"(دەقی یاسای ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٤ ).

## ٢-٢/١) زمان لە ڕێکارەکانی دادگادا Language in the Legal Process:

زمان لە یاسا نووسراوەکان و بەڵگەنامە یاساییەکاندا ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریی هەیە ، بە هەمان شێوە لە ناو دادگاشدا ، کە ناوەندی لێکۆڵینەوەیە لە دۆسییە تاوانکارییەکان ، ڕۆڵی بەرچاودەگێڕێت ، لە چوارچێوەی دانانی ستراتیژیەت و دیارکردنی تیۆری بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن و لێکدانەوەی ئەو زمانەی لە ڕێکارە یاساییەکاندا بوونی هەیە ، لە نێوان ئەفسەرانی پۆلیس و گومانلێکراوان و دەسەڵاتی دادوەری و لایەنەکانی دۆسیەیەکی تاوانکاری .کە ڕەنگە ڕێکارەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییکردن و سیستەمەی یاسایی و دادوەری وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت ، بەڵام ئەوەی خاڵی هاوبەشە ئەوەیە ، لە زۆربەی زۆری وڵاتانی دنیا ، پشت بەستن بە تیۆرییە زمانییەکان لەو ڕێکارانەدا بووە بە مەرجی سەرەکی و کارپێدەکرێت ، بە شێوەیەکی گشتی لە سیستەمی دادوەری زۆربەی وڵاتاندا هەر لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی بەراییەوە هەتا دوا قۆناغی تێهەڵچوونەوە کەڵک لە

ڕاپۆرت و کۆنووسەکانی شارەزایان وەردەگیرێت و کارپێدەکرێت ، پەیوەست بە یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ، دەتوانین ڕۆڵی زمان لە ڕێکارە یاساییەکاندا بۆ سێ قۆناغ دابەش بکەین.

## ١-٢-٢/١) قۆناغەکانی پرۆسەی دادگاییکردن :

پرۆسەی دادگاییکردن کە لە سێ قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن و پێداچوونەوە پێکهاتووە ، لە هەریەک لەم قۆناغانەدا زمان بە شێوەیەکی ڕوون و بەرچاو ڕۆڵی کاریگەر لە ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن لە کەیسێکی دیاریکراو ، دیاریکردنی بڕیارێکی ڕوون سەبارەت بە کەیسەکە دەگێڕێت ، بە شێوەیەک کە دەتوانرێت لە کاتی لێکۆڵینەوەدا، بەهۆی تەکنیکی زمانییەوە پرسیاری وەها ئاڕاستە بکرێت، کە وەڵامەکەی بەڵگەیەکی بە هێز و بەسوود پێشکەش بە پرۆسەکە بکات ، یان کار بە دانەبەدانەی ئەو وشانە بکرێت، کە تۆمەتبارێک یان نوێنەرەکەی بۆ پشتگیریکردنی کەیسەکەی دەیخاتە ڕوو ، یان گەواهیدەرێک لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداو و بابەتی کەیسەکەدا باسی لێدەکات و ...هتد. بەگشتی بەوردبوونەوە و لێکدانەوەی سەرلەبەری ئەو گفتوگۆیانەی لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییەکەدا ئەنجامدەدرێت ، بەڵگەی زمانیی کاریگەر پێشکەش بە دەستەی دادوەران و دادگا بکرێت و لە پاڵ بەڵگە نازمانییەکاندا کاری پێبکرێت.

## یەکەم: قۆناغی لێکۆڵینەوە Investigative stage The:

لێکۆڵینەوە بریتییە لە کۆکردنەوەی ڕاستییەکان پێکەوە، بۆ پێکهێنانی وێنەیەکی بەرجەستەکراو و لۆژیکی لە بارودۆخێکی دیاریکراودا . وەکو قۆناغێک لە قۆناغەکانی پرۆسەی دادگاییکردن ، سەرەتای دەستپێکردنی پاش پرۆسەی هەواڵدان لە تاوان دێت لە لایەن کەسێک ، کە تاوانی بەرامبەر کراوە ، یان تاوانی کردووە یاخود ڕاستی ڕووداوێک دەزانێت ، یان ئەو جۆرە ئەو کەسانەی کە بە پێی ماددەی (٤٨) لە یاسای بنەماکانی دادگەری وەکو هەواڵدەری فەرمی دیاریکراون و هەواڵەکە دەگەیەنن .

لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا ، ئەو لایەنانەی کە هەواڵیان پێدەدرێت " دادوەری لێکۆڵینەوە ، لێکۆڵەرەوەی دادی ، داواکاری گشتی یان بنکەیەکی پۆلیس " (سعید ٢٠١٨ :٤٧) ، چەند پێویستە زانیارییان لەسەر یاساکان بە گشتی و یاسای بنەماکانی دادگەری و یاسای سزاکان هەبێت ، هێندەش پێویستە پشت ببەستن بە تیۆرییە زانستییەکانی ناو زانستەکانی تر ، کە یارمەتیدەرن لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی دروست .

لەم ڕووەوە زمانەوانی دادوەریی ، لە پێشەنگی ئەو زانستانەدایە ، کە بە شێوەی جیاواز و لە شوێن و کاتی جیاوازدا ، کەڵک لە تیۆری و لێکدانەوەکانی وەردەگیرێت ، چونکە لە

لێکۆڵینەوەی سزاییدا، ئەندامانی بەرزەفتی دادوەری ، هەر لە سەرەتای پێڕاگەیاندنی تاوانێکی بینـراو و بیسـتراو لـە لایـەن دادوەرەوە ، ئـەو کارسـازییانەی پێیهەڵدەسـتن ، مامەڵـەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ زماندا هەیە. چونکە ( بە گوێرەی مادەی (٤٩) لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی ، لەسەر هەموو بەرپرسێکی بنکەی پۆلیس پێویستەلە کاتی گەیشتنی هەواڵێک بە ڕوودانی گەورەکەتنێک یان کەتنێک ، وتەی هەواڵدەر تۆماربکات و واژووپێبکات، دواتر بە راپۆرتێک ئەمە بگەیەنێتە دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر، ئەگەر هەواڵەکەش تایبەت بوو بە گـەورە کـەتنێک یـان کـەتنێکی بینـراو، ئـەوا پێویسـتە لەسـەری دەسـتبەجێ بگاتـە شـوێنی ڕووداوەکە و وتەی تاوانلێکراو بە شێوەیەکی زارەکی وەربگرێت و تۆمەتبار لە تۆمەتەکەی ئاگاداربکات ......و بارودۆخی ئامادەبووانی شوێنی تاوانەکە تۆماربکات و گوێ لە وتەکانیان بگرێت، لەگەڵ هەر زانیارییەکی ترکە دەستیدەکەوێت، بە کۆنووسێک پێشکەشی لێکۆڵەر یان دادوەری لێکۆڵینـەوەی بکـات ) (ڕەشـید٢٠١٢ : ٥٧) واتـە لـەم قۆناغـەدا وردێتـی لـە چۆنیـەتی تۆمـارکردنی زانیارییـە زمانییـە بەدەسـتهاتووەکان لـە ڕێگـەی لێدوانی بەشـداربووەکانی نـاو چاوپێکەوتنەکانــەوە ،تیشکخستنەســەر بەشــەگرنگەکانی وتــەکان ، شــارەزایی و ســەلیقەی زمانـەوانی پێویسـتە، لەبەرئـەوەی ئـەو زانیارییـە بەدەسـتهاتووانە گرنگییـەکی زۆریـان هەیـە ، چونکە:

١- هەر یەک لەو زانیارییانە زمانییانە ، دەبنە بەڵگەیەک بۆ لێکۆڵینەوەکە.
٢- ئـەو بەڵگانـە لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی سـتراتیژی زمانییـەوە ، بەکاردەهێنرێنـەوە بـۆ بەدەستهێنانی بەڵگەی دیکە.
٣- بەراورد دەکرێنەوە بە بەڵگەکانی دیکە ، ئەمـەش لە ڕاستی و درووستی ڕووداوەکە نزیکیان دەکاتەوە .
٤- لە ڕێگەی درووستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەم بەڵگە زمانییانەو بەڵگە نازمانییەکاندا ، هەر لە ناو خودی لێکۆڵینەوەکەدا ، دەتوانرێت درک بـەوە بکرێت ، کـە هەواڵدان لـەو تاوانـە ، هەواڵدانێکی درۆیـە ، یاخود هەواڵنەدانـە لـە بوونی تاوانێک ، هـەروەها وتـەو لێدوانـەکان گومڕاکردنی دادوەری پێوەدیـارە یـاخود نـا ، بەهـەمان شێوە گەواهیـدانی درۆ و سوێند خواردن بە درۆ ، ئاشکرا دەکات ، کە هـەموو ئەمانـەش دیسـان خۆیـان دەبنـەوە بـە تـاوان ، لـە مـاددەو بڕگـەکانی (٢٤٣ - ٢٥٩) لـە یاسـای سـزاکانی عێراقـی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ ، سزای جۆراوجۆریان بۆ دەستنیشانکراون.

هەموو ئەمانەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسینی کارسازییەکان و بڕیارەکانی لێکۆڵینەوە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا[١٠]، کە بریتییە لە "نووسینی وتەی سکاڵاکەرو گەواهیدەرو وتەی تۆمەتبارو نووسینی هەموو بڕیارەکانی دادوەر لە دۆسیەی کێشەکەدا ، لە یەکەمین بڕیاری دادوەرەوە تا دوا بڕیار " (ڕەشید ٢٠١٢ :٦١) بە هەڵەکردن و بازدان و تێپەڕبوون و تیشکنەخستنە سەر هەندێک زانیاری زمانیی گرنگ ، لە لایەک کار لە کارئاسانی بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوەکە و ئاشکراکردنی ڕاستی و بەدەستهێنانی بەڵگەی زیاتر دەکات، لە لایەکی دیکەوە کاریگەری لەسەر متمانەپێکردنی ئەفسەری لێکۆڵەرو دادوەرەکەش هەیە . هەر لەبەر ئەمەیە مامەڵەکردنی یاسا لەگەڵ زماندا مامەڵەکردنێکی ورد و هەستیارەو شارەزایی پێویستە.

بۆیە دەبینین لە لە یاسای ئینگلیزییدا ، بیر لەوە کرایەوە کارلەسەر ئەم بابەتە بکرێت ، بۆ ئەمەش " بۆ ماوەیەکی زۆر کۆمەڵێک یاسا سەبارەت بە لێپرسینەوە لە گەواهیدەرەکان و بە تایبەتیش دەربارەی چۆنیەتی وەرگرتنی لێدوان دانرابوون ، کە بە سادەیی بە یاسای دادوەرەکان ناسرابوون ، ئەم یاسایانە بۆ ئەوە داڕێژرابوون ، کە گومانلێکراوەکان چیرۆکەکانی خۆیان بۆ ئەفسەری پۆلیس بگێڕنەوە ، بە شێوەیەک کە ڕێگە بە ئەفسەرەکە نەدەدرا ، گێرانەوەکە لە گومانلێکراوەکە بپچڕێنن ، هەروەها لەم قۆناغەدا نەدەبوو ، هیچ پرسیارێک ئاڕاستەی گومانلێکراوەکە بکرێت ، جگە لە چەند ڕوونکردنەوەیەکی کەم نەبێت "(Olsson 2008 :4) . ئەمەش ئەوە دەردەخات هەر لە مێژەوە درک بە گرنگی بەکاهێنانی ستراتیژییە زمانییەکان و لێکدانەوە زمانییەکان کراوە ،بە شێوەیەک :

١- چەندین مۆدێل و تەکنیک بەرچاو دەکەوێت ، کە وەکو ڕێبەرییەک بۆ چۆنیەتی چاوپێکەوتنی پۆلیس ، بە پێی ئەو لایەنانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێت ، بەکارهاتووەو بەکاردێت ، وەکو ( مۆدێلی چاوپێکەوتنی (PEACE) / PEACE interviewing model ، مۆدێلی بەڕێوەبردنی گفتوگۆ/ Conversation Management model، مۆدێلی چاوپێکەوتنی درکپێکردنی پێشکەوتوو Enhanced Cognitive Interview (ECI) model هەروەها (تەکنیکی ڕید Reid technique) و ...هتد . لە پاڵ بەکار هێنانی چەندین تیۆری زمانەوانی ، کاری لەسەر داتا کۆکراوەکان پێدەکرێت بۆ نمونە پرنسیپەکانی هاوبەشیکردنی گرایس (١٩٧٥) و تیۆری هاردمان ١٩٩٦ Hardmans theory of Derivational Thinking و پرێنسیپەکانی تورک لە نۆرمەکانی بەرگریکردن Turks principle of Norm Resistance و ...هتد.

[١٠] لێکۆڵینەوەی سەرەتایی : بریتییە لە کۆمەڵێک کارسازی لە لایەن دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەوە ئەنجامدەدرێت ، تایبەت بە دەستکەوتنی بەڵگەو کۆکردنەوەی بەڵگەی نوێ بە ئامانجی سەلماندنی تاوانێک یان سەلماندنی ڕوونەدانی و پەیوەندییان بە تۆمەتبار، پێش ئەوەی کێشەکە بگاتە دادگا.

بۆ نمونە تەکنیکی ڕید Reid technique ، وەکو یەکێک لە تەکنیکەکانی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە (لێپرسینەوە ) لە چاوپێکەوتنی پۆلیسدا ، کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، لەلایەن ئەفسەری پۆلیس جۆن ڕید John E. Reid ی زانای دەروونی و شارەزا لە بواری ئاشکراکردنی درۆدا ، پەرەپێدرا . کۆمەڵێک ڕێنمایی گشتی دەربارەی پلان و تەکنیکی چاوپێکەوتن لە کاتی ئەنجامدانی تاوان ، هەڵوێست و ڕەفتاری گشتی لێکۆڵەر لە کاتی لێکۆڵینەوە ، تایبەتمەندییەکانی ژووری لێکۆڵینەوەو ... هتد ، لە نۆ هەنگاودا خستووەتە ڕوو ، کە بە کورتی بریتین لە[11] :

هەنگاوی یەکەم : ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەرێنی ڕاستەوخۆ:

أ- پێشکەشکردنی ڕاستییەکان بۆ گومانکردن.

ب- ئاماژەدان بە بەڵگە ، ڕاستەقینە یان خەیاڵی بێت.

ت- بە گومانلێکراوەکە بوترێت ، کە دەستی لە تاوانەکەدا هەیە.

پ- چاودێریکردنی ڕەفتاری گومانلێکراوەکە.

ج- دوبارەکردنەوەی ڕووبەڕووبوونەوە ، بەهێزتر یان لاوازتر.

هەنگاوی دووەم : پەرەپێدان بە بابەتەکە :

أ- قۆناغی گواستنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە.

ب- پێشنیارکردنی ئەو هۆکارانەی ، کە پاساو و بیانوو بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە دەهێننەوە.

ت- هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری گومانلێکراوەکە بۆ هەڵبژاردنی بابەتی گونجاو.

پ- درێژترین بەشی ۹ هەنگاوەکە.

هەنگاوی سێیەم : ڕاگرتنی نکوڵیلێکردنەکان:

أ- تاوانبارو بێتاوان نکوڵی لە تاوانەکە دەکەن.

ب- لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەرێنی ڕاستەوخۆوە دەستپێدەکات.

ت- نکوڵێنەکردن لە قۆناغی دووەمدا ، ئاماژەیە هەستکردن بە تاوانباری.

---

11 بروانة Zulawski, and Wicklander,( 1998)Practical Aspects of Interview and Interrogation , CRC PressAnn Arbor

پ- ئەو کەسەی لێپرسینەوەکە دەکات (لێکۆڵەر) ، نکوڵیکردن دەناسێتەوەو نکوڵیکەر دەوەستێنێت پێش ئەوەی وتەکانی تەواوبکات.

ج- ئاماژەکانی پێشکەوتن دەردەکەون ، لە ماوەی وەستانی نکوڵیلێکردندا.

هەنگاوی چوارەم : زاڵبوون بەسەر ناڕەزاییەکاندا :

أ- گومانلێکراو هۆکارێک بۆ ئەوەی گوایە تاوانەکەی ئەنجامنەداوە پێشنیاردەکات.

ب- بە شێوەیەکی ئاسایی لای تاوانبارەوە ئەو هۆکارە پێشکەشدەکرێت.

ت- ئاماژە بۆ پێشکەوتن لە لێپرسینەوەکە دەکات ، ئەگەر تەنیا نکوڵیکرابێت.

پ- بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ نکوڵیلێکردنەکاندا دەکرێت ، بە یەکەم گوێگرتن و پەسەندکردنەوە.

ج- چارەسەری گونجاوی بەهەڵستیکردنەکان یارمەتی زاڵبوون بەسەر کەسی بەرهەڵستیکاردا دەدات.

هەنگاوی پێنجەم : وەرگرتنی سەرنجی گومانلێکراوەکە :

أ- گومانلێکراوەکە لە حاڵەتی بەرگریدایەو شڵەژاوە.

ب- بابەتەکە کاردەکات ، گومانلێکراوەکە تەنیا گوێدەگرێت.

ت- لێکۆڵەرەوەکە لە ئاخاوتنییدا دەگاتە لوتکەو دڵسۆزی.

پ- نزیکبوونەوەی فیزیکی و بەکارهێنانی تەکنیکی زارەکی بۆ ڕاکێشانی سەرنج.

ج- ئاماژەی جەستەیی بەکاردەهێنرێت ،بۆ دروستکردنی هەڵوێست لە تێگەیشتن و نیگەرانی.

هەنگاوی شەشەم : گومانلێکراوەکە بێدەنگ دەبێت و گوێدەگرێت :

أ- نیشانە فیزیکییەکانی خۆبەدەستەوەدان دەستپێدەکات.

ب- بابەتەکان کورتدەکرێنەوەو جێگرەوەکانی یەکتری بەکاردێن.

ت- لێرەدا بەکارهێنانی جوڵەکانی چاو گرنگترین هۆکاری پەیوەندییە .

پ- بوونی فرمێسک لەمقۆناغەدا ئاماژەیە بۆ تاوانباری گومانلێکراوەکە.

هەنگاوی حەوتەم :جێگرەوەکانی یەکتر:

أ- هەڕەشەلێنەکردن لە گومانلێکراوەکە ، کە لە هەندێک ڕووی کەمەوە پەیوەندییان بە تاوانەکەوە هەیە.

ب- پێدانی هەڵبژادە لە نێوان هۆکاری پەسەند و هۆکاری ناپەسەندی ئەنجامدانی تاوان.

ت- جەختکردنەوە لەسەر یەکێک لە جێگرەوەکان ، بۆ هەڵبژاردنی بابەتی جێگرەوەی ئەرێنی.

پ- هەریەک لە دوو بژاردەکە دانپێدانانی تاونارییە.

هەنگاوی هەشتەم : هێنانە ناوەوەی گومانلێکراوەکە بۆ نێو گفتوگۆکە :

أ- دووپاتکردنەوەی پەسەندکردنی یەکێک لە جێگرەوەکان.

ب- هانی گومانلێکراوەکە دەدرێت بۆ قسەکردن لەسەر لایەنێک لە لایەنەکانی تاوانەکە.

ت- خستنەڕووی وشەی واقیعی بۆبەکارهێنان لەلایەن لێکۆڵەرەوە.

پ- سەرەتای دانپێدانان بە گرتنەئەستۆی تاوان دەستپێدەکات.

ج- ڕێگەپێدان بە گەواهیدانی زارەکی لە لایەن دوو کەسەوە.

هەنگاوی نۆیەم :دانپێدانان :

أ- کەمکردنەوەی لێدوانە زارەکییەکە بە نووسین ، چاپکردن یان تۆمارکردنی ئەلکترۆنی.

ب- خۆبەخشانە لە دەربڕینی لێدوانەکاندا ، دڵنیایی لە دانپێدانان بە وردەکارییەکاندا دروستدەکات .

ت- واژۆکردنی لێدوانی گومانلێکراوەکە ، لەلایەن دوو گەواهیدەر یان زیاترەوە.

لەگەڵ ئەو نۆ هەنگاوەدا ئەوەی گرنگە پراکتیزەکردنی تەکنیکەکەیە بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕێنماییانەی لەلایەن (کۆمپانیای ڕیدو هاوڕێکانی)یە ، بە پشت بەستن بە تەکنیکەکە دەستنیشانیانکردووە[١٢] :

١- چاوپێکەوتن ئەنجامبدە پێش هەر لێپرسینەوەیەک.

---

[12] بڕوانە www.reid.com , The Reid Technique of Interviewing and Interrogation .

٢- تەنیا كاتێك لێپرسینەوە ئەنجامبدە ، باوەڕێكی گونجاو هەبێت ، كە تۆمەتبارەكە تاوانبارە یان زانیارییەكی پەیوەندیداری پێیە.

٣- ڕەچاوی هەڵسوكەوتی گومانلێكراو بكە، هاوشان لەگەڵ ڕاستی كەیسەكان و بەڵگەكان.

٤- هەوڵبدە تاوتوێی بەهانەی گومانلێكراوەكە بكەیت ، پێش ئەنجامدانی لێپرسینەوە.

٥- دەبێت تاكە لێكۆڵەرێك ببێتە لێكۆڵەری سەرەكی.

٦- كاتێك لێپرسینەوە لە گومانلێكراوێكی دەستبەسەردانەكرداو دەكەیت ، گومانلێكراوەكە بێبەش مەكە لە ئازادی بەجێهێشتنی ژوورەكە.

٧- لێپرسینەوەی زۆر درێژ ئەنجام مەدە.

٨- زۆرئاگادار بە لە كاتی لێپرسینەوە لە هەرزەكاران ، ئەو گومانلێكراوانەی كە ئاستی زیرەكییان نزمە ، ئەو گومانلێكراوانەی مێشكیان لاوازە.

٩- كاتێك تاكتیكی لێپرسینەوە بەكاردەهێنرێت ، لە تاوانی تێوەگلان بە فێڵكردن ، لێكۆڵەر نابێت بەڵگە لە دژی گومانلێكراو دروستبكات.

١٠- كاتێك گومانلێكراوێك بانگەشەی ئەوەدەكات ، كە یادەوەرییەكی تەواوی نییە ، یان هیچ بیرەوەرییەكی دەربارەی ئەو كاتە نییە ، كە تاوانەكەی تێدا ئەنجامدراوە ، نابێت لێكۆڵەر لەگەڵ گومانلێكراودا درۆبكات ، لەبارەی پەیوەندی بە بەڵگەی تاوانباركردنەوە.

١١- هەموو ئەو زانیارییانەی دەربارەی تاوانەكە زانراون ، بۆ گومانلێكراوەكە ئاشكرا مەكە.

١٢- هەوڵبدە بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانە لە گومانلێكراوەكە ، كە لێكۆڵەر نایزانێت.

١٣- دانپێدانان كۆتایی لێكۆڵینەوەكە نییە.

ڕۆیشتن بە پێی ئەو هەنگاوانە بە جێبەجێكردنی ڕێنماییەكان ، بە مەبەستی ئاسانكارییە لە دۆزینەوەی تاوانبارو بێتاوانان ، پارێزگاریكردن لە بێتاوانان . هەر بۆیە لە ئێستادا لە دادگای زۆربەی وڵاتە پێشكەوتووەكانی دنیادا ، ئەم تەكنیكە یەكێكە لەو تەكنیكانەی لە قۆناغی لێكۆڵینەوەدا ، بە شێوەیەكی بەرچاو پشتی پێدەبەسترێت و كارپێدەكرێت، هەروەكو جۆزیف بەكلی Joseph P. Buckley لەبارەی دانپێدانانی دادگای باڵا، بە تەكنیكەكەدا دەڵێت " لە حوزەیرانی ٢٠٠٤دا و لە كەیسی مەیزوری ڤی سایبرت Missouri v. Seibert ، دادگای باڵای

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، ئاماژەی بە کۆمپانیاو کتێبەکەمان (لێپرسینەوەی تاوانبار و دانپێدانانەکان ) دا ، وەک نمونەیەک لە سەرچاوەی یاسایی سەپێنراو ، کە ڕاهێنانی شیاوی پێشکەشکردووە . ساڵی ١٩٩٤ دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، کتێبەکەمانی وەکو سەرچاوەیەک بەکارهێنا ،بۆ بڕیاردانیان لە بارەی کەیسی ستانسبێری ڤی کالیفۆرنیا Stansbury v. California. لێرەوە دادگان لە سەرتاسەری وڵاتدا ، (تەکنیکی ڕید)یان وەکو پێشەنگی چاوپێکەوتن و ڕێبازی لێپرسینەوە ناساند ، کە ئەمڕۆ لە هەردوو یاسای سەپاندن و بژاڤی بازگانیدا بەکاردێت " (Buckley 2020 :2) .

٢- بەردەوام لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی نوێ بەپێی بابەتی هەڵبژێردراو ، بە بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی ئاست و بوارە جیاوازەکانی زمانەوانی کراوە و دەکرێت ، بۆ چەندین بابەتی وەکو " تێبینییەکانی سەرانە ، نامەکانی هەڕەشەی دیاریکراو ، کورتەنامەی مۆبایل ، تێبینییەکانی خۆکوشتن ، شێوازی قسەکردنی قوربانیان و گومانلێکراوان ، ڕەفتار" Olsson (25: 2014) . وەکو توێژینەوەی (زمان لە چاوپێکەوتنی پۆلیسدا ) ی (ماشمیلان ) ، توێژینە هاوبەشەکەی هەریەک لە ڕەمەزانی و سانی و موقەدەم لەژێر ناونیشانی (زمانەوانی دادوەری لەژێر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەی تاواندا ) و چەندەهای تر ... .

## دووەم : قۆناغی دادگاییکردن The trial stage :

قۆناغی دادگاییکردن لە پاش هەواڵەکردنی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ دادگای تەرخان دێت ، ئەم قۆناغە بە گوێرەی ئەوەی " ئاڵوگۆڕێکی زارەکییە و لە زۆر لایەنەوە لە ئاخاوتنی گفتوگۆی ئاسایی جیاوازە" (2: Sanni 2018) ، بۆیە دەتوانین بڵێین زمان لەم قۆناغەدا ڕۆڵێکی کارای هەیە ، بە شێوەیەک کە خستنەڕووی زانیارییەکان و گەواهیدانی گەواهیدەران ، دانپێدانان و نکوڵیلێکردن و بەرگریکردنی خودی بریگرتەکان ، لێدوان و ڕوونکردنەوەی بریکارەکان، خستنەڕووی ڕێوشوێنە یاسایی وبڕیارەکانی دادوەرو ...هتد ، سەرجەمی لە ڕێگەی زمانەوە جێبەجێدەکرێت . سروشتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییکردنیش ، کە شێوەیەکی فەرمی لەخۆدەگرێت ، هێندەی دیکە وایکردووە پێویست بە ڕەچاوکردنی بەکارهێنانی ستراتیژییە زمانەوانییەکان و شیکردنەوەی زمانەوانیی دادوەری بکرێت ، لەبەرئەوەی بوونی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی لەنێوان زمان و لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتییدا هەیە ، لە کەشێکی لەوجۆرەدا و بەهۆی ئەو شێوازە فەرمییەی لە چۆنیەتی دانیشتن و نۆرەی ئاخاوتن و بەکارهێنانی دەستەواژەی یاسایی و ... هتدا هەیە ، کار لەسەر ئەو زمانە دەکات کە لایەنەکان لە ناوی هۆڵی دادگادا بەکاری دەهێنن ، ڕەنگە نەتوانن بە شێوەیەکی ڕێکوپێک گوزارشت لەوە بکەن ، کە دەیانەوێت بیخەنەڕوو ، بۆ نموونە (گیبنز) ئەو هۆکارانە یاریدەکات ، کە وا لە ئاخێوەر دەکات کەمتر بەهێز دەرکەون وەکو "وەڵامدانەوە ، دوودڵی ، نادڵنیایی ، بەکارهێنانی

دەستەواژەکانی وەکو بەڕێز/خانم ، زۆرلێکردن ، کات بۆگرتن ، هێورکردنەوە " ( Sanni 3: 2018) ، دیارە ئەمانەش بە شێوەیەک لە شێوەکان ، لەو کەسانەدا ڕەنگدەداتەوە ، کە لەو چوارچێوە یاساییەدا ئاخاوتن دەکەن ، کە ڕەنگە وابکەن کەسەکە ، تووشی هەندێک گرفتی وەکو هەڵەی دەربڕین و هەڵخلیسکانی زمانی و بەرزی و نزمی تۆنی دەنگ و ....هتد ، ببن ، ئەمەش خوێندنەوەیەکی زانستییانەی زمانەوانییانەی پێویستە و تەنیا لەژێر ڕۆشنایی تیۆری و ستراتژییە زمانەوانییەکانەوە ڕووندەبێتەوە، لەبەرئەوەی هەریەک لەم بارانە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی ، کەسەکە بەڵگەی درووست نەخاتەڕوو ، یان بە پێچەوانەوە بەڵگەی بەهێز بدرکێنێت ، بە بێ ئەوەی خۆی درکی پێبکات.

دادگان لەم قۆناغەدا ، زۆرجار بانگهێشتی شارەزای زمانی دەکەن " بۆ پرسیارکردن دەربارەی شیکردنەوەی خاوەنداری نووسین ، هەڕەشە ، پێکهاتەی دەق ، ...هتد " ( Olsson 25: 2014) ، واتە شارەزایان لەم قۆناغەدا کار لەسەر شیکردنەوەی دەق و ناسینەوە و دەستنیشانکردنی لایەنەکانی کێشەکە و ڕوونکردنەوەی واتا لێڵ و تەمومژاوییەکان و .... هتد دەکەن ، جگە لەوەی هەر لەم قۆناغەدا سەبارەت بە کۆکردنەوەی بەڵگە لەو کەیسانەشدا کە تاوانی زمانیی نین ، زمان ڕۆڵی کارای هەیە ، وەک لە ٢/٣ ی ئەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت.

لەمبارەیەوە لە مادەی ١٦٦ی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ دا هاتووە " دادگا بۆی هەیە شارەزایەک دابنێت یان زیاتر لەو بابەتانەی پێویستی بە ڕاوبۆچوون هەیەوە کرێ دیارییکات بە بێ زیادەڕەوی کە گەنجینە لە ئەستۆی دەگرێت " (سەعید ٢٠١٨ :١٨٣) ، واتە لە یاسای هەرێمی کوردستاندا، دادگا سەرپشکە لە سەر وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی شارەزایان ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەبوونی شارەزا بەتەواوی پشتگوێنەخراوە ، بە شێوەیەک جگە لەو جۆرە دانیشتنە دادگاییەی، کە بە شێوەیەکی ئاشکرایە و بۆ هەر کەسێک ، کە بیەوێت ئاگاداری دادگاییکردنەکە بێت ، دەتوانێت ئامادەبێت ، لەو دادگاییکردنانەشدا ، کە هەمووی یان بەشێکی بە شێوەی نهێنی ئەنجامدەدرێت ، شارەزای زمانی وەکو یەکێک لەو لایەنە پەیوەندیدارانە دەستنیشانکراوە کە ، دەتوانن تیایدا ئامادەبن .

### سێیەم : قۆناغی پێداچوونەوە The Appeal stage:

پێداچوونەوە بە گشتی هەڵسەنگاندنی شتێکە بەمەبەستی گۆڕین یاخود دەستکاریکردن ، ئەگەر پێویست بکات ، بەڵام لە بواری یاسادا ، مەبەست لەو پێداچوونەوەیەیە ، کە بە پێی ماددەی ١٣٧ لە یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان ، لە پاڵ هەردوو جۆری دادگای کەتن و دادگای تاوانەکاندا بە دادگای پێداچوونەوە ناوبراوە ، بە چاودێری جێبەجێکردنی یاسا لەلایەن دادگا سزاییەکانەوەو گەرەنتی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە . واتە دادگایەکە بە مەبەستی تانەی پێداچوونەوە ، کە "تایبەتمەندە بە بینیی حوکمەکان و بڕیارەکانی دەرچوو لە تاوانەکان و کەتن

و له بابەتانەی تر کە بە یاسا دەقکراوە "(سەعید ٢٠١٨ : ١٥٦). ڕۆڵی زمان لەم قۆناغەدا ، بەپێی ئەو ڕێوشوێنە یاساییانەی بوارەکە دیاریکردوە سەبارەت بە تانەدان لە بڕیاری دادگا و دادگای پێداچوونەوە ، لەوەدا دەردەکەوێت ، کەپاش ئەوەی دادگا پێداچوونەوە دەکات بە درووستی بڕیارەکانی دادگادا و ئەو بەڵگانەی کارپێکراوە ، کە بەڵگە زمانییەکان جۆرێکیانە ، بۆی دەردەکەوێت کە ( بەڵگەی پێویست هەبێت بۆ تۆمەتپاڵدان ، بەڵام دادگای تەرخان حوکمی بەو هۆکارە دەرکردووە ، کە بەڵگەی پێویست بۆ تۆمەتپاڵدانی تۆمەتبار بەردەست نییە یان بە پێچەوانەوە گێڕانەوەی داواکە بۆ دادگاکەی بە مەبەستی سەرلەنوێ دادگاییکردنەوە لە هەموو کێشەکەدا یان بەشێکی ) (ڕەشید ٢٠١٢ :٢٣٦) لەو نێوەندەدا چەندین جار ڕوویداوە ، دادگای پێداچوونەوە داوا لە دادگای تەرخان بکات بە زیادکردنی ڕاپۆرتی شارەزای زمانیی ، کە لە دادگاییەکەدا پشتگوێخراوە ، یاخود زیادکردنی ژمارەی شارەزایانی زمانی لە تاکە دۆسیەیەکدا ، بەمەبەستی دڵنیابوونەوە و بەراوردکردنی لێکدانەوەکانیان ، کە زۆرجار لەو ڕێگەیەوە چەندین بەڵگەی نوێ دێتە کایەوە ، کە کار لە گۆڕینی بڕیاری دادگا دەکات . واتە بە گشتی ئەو بەڵگە زمانییانەی لەم قۆناغەدا کاریان لەسەر دەکرێت :

١- بەڵگە زمانییە کۆنەکانن و خوێندنەوەی نوێیان بۆ دەکرێت.

٢- درووستبوونی بەڵگەی نوێیە لەڕێگەی پێداچوونەوە بە بەڵگە نازمانییەکاندا.

٣- چنگکەوتنی بەڵگەی زمانی نوێ ، کە لە بنەڕەتەوە ، نەبوونی بووەتە هۆی تانەلێدان و پێداچوونەوەی دادگاییکردنە.

## ٣-٢/١) زمان وەک بەڵگە Language as Evidence :

بەڵگە زەمینەی باوەڕپێکردنە ، سەرچاوەی دەستنیشانکردنی ناسنامەی تاوانبارە و لە یاسادا بە بەڵگەی تاوان ناودەبرێت ، بەوە پێناسە دەکرێت " بریتییە لە کۆکردنەوە و هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان بە شێوەیەکی زانستی و شیکردنەوەو ڕێکخستن و ئامادەکردنیان بۆ سەلماندنی تاوانەکەو گەیشتن بە ڕاستی ڕووداوەکەو ئاشکراکردنی تاوانباران"(عبدالرحمن٢٠٢٠ :٤٣ ). بەڵگە زمانییەکانیش ، وەکو جۆرێک لەبەڵگەی تاوان، هەم بە ڕاستەوخۆ هەم ناڕاستەوخۆ، ڕۆڵێکی گرنگیان لە سەلماندنی ڕاستییەکاندا هەیە ، کە ئەرکی سەرەکی بەڵگەی تاوانە، ئەمەش بەو پێیەی جۆری سروشتی بەڵگەکان لە بەڵگە ماددی و مەعنەوییە ڕاستەوخۆکان و بەڵگە ماددی و مەعنەوییە ناڕاستەوخۆکان پێک دێت، بۆ نمونە بەڵگەی مەعنەوی ڕاستەوخۆ ، کە لە یاسادا پێی دەوترێت "بەڵگەی قسەکەر ، لەبەرئەوەی سەرچاوەی قسەی سەر زمانی مرۆڤە ، لەم جۆرە بەڵگانە شاهێدی کەسێک کە بە چاو ڕووداوی تاوانەکەی دیتبێ ، یان دانپێدانانی تۆمەتبار بە تاوانەکەی کە ئەنجامیداوە"(عبدالرحمن٢٠٢٠ :٤٥) ، زمان بەڵگەی

سەرەکییە لە سەلماندنی ڕاستییەکەدا . بۆیە گەر بە شێوەیەکە وردتر سەرنجبدەین لە "بەڵگەکانی سەلماندن لە یاسای عێراقی کە بریتین لە :

١- بەڵگەی نووسراو کە ئەمانە دەگرێتەوە :قەواڵەی ئاسایی و ئەوانەی هاوشێوەی قەواڵەی ئاساییین وەک نامەو بروسکە دەفتەرو ئەو پەڕاوانەی واژووی لەسەر نەکراوەو پرسی تانە لێدان و لێکۆڵینەوە لە دروستی ئەو تانەگرتنانە.

٢- دانپێدانان.

٣- لێپرسینەوە.

٤- گەواهیدان.

٥- گرینەکان و بەڵگەبوونی دادگەرییەکان.

٦- سوێندخواردن.

٧- شوێن بینین (دەرخستەی شوێنی ڕووداو).

٨- شارەزایی."(یاسین ٢٠١٦ :٤٩)

تێبینی ئەوە دەکرێت ، لە زۆرینەی ئەو بەڵگانەی لە دەقی یاسای سەلماندندا دیاریکراوە ، زمان تیایاندا ڕێڕەوی سەرەکییە و لە هەریەکەیاندا ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە ، بۆ نمونە لە بەڵگەی دانپێداناندا ، جگە لەوەی ئەرکی کارکردنە لەسەر خودی وتە و دەربڕاوەکانی دانپێدانەر ، لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵی هەیە لە دەستنیشانکردنی چەند ستراتیژییەکی زمانیی بۆ دانپێدانانێکی زانستییانەو دروست وەکو ( ئەو ستراتیژییانەی (Shuy . R. W) دایڕشتووە بۆ ئەم مەبەستە :

١- بەکارهێنانی تەمومژی واتایی Using Ambiguity

٢- بەبەردکرن و جیاکرنەوەی وشەکان Blocking the word

٣- وەستان و بڕینی وشەکان.

٤- ستراتیژییەکانی لێدان وڕاکردن The hit and run stategy.

٥- ستراتیژی پیسبوونی ئاخاوتن Contamination the Talk.

٦- دابڕینی تۆمەتبار لە زانیاری گرنگ Isolation from information.

٧- فەرامۆشکردنی وەڵامی (نا)ی پرسیارلێکراو Ignorationg The (No) Answer.

٨- دانانی سیناریۆ بۆ کەسی بەئامانجکراو Scripting The Target. ) مەحمود (٣٣٢:٢٠١٥ ).

به بارێکی دیکەدا ، ئەو ستراتیژییانەی زمان دایدەنێت بۆ ئاسانکاری دانپێدانانی تۆمەتبار ، دەبێتە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ بەڵگەی لێپرسینەوەش "لەبەر ئەوەی بە کەمی ڕکابەر ئارەزوومەندانە داندەنێت بە پرسەکەدا تەنها لە دوای گفتوگۆکردنی نەبێت لە بەرانبەر دادوەر" (یاسین ٢٠١٦ :٩٦) . بەهەمان شێوە بەڵگەی گەواهیدان ، دیسان سەلماندنی ڕاستییەکانە لە ڕێگەی زمانەوە ، کە گەواهیدەرەکان لە ڕێگەی وتەو لێدوانەکانیانەوە دەیخەنەڕوو ، جا لەبەر ئەوەی هەواڵدانی گەواهیدەر سەبارەت بە کەیسێکی تاوانکاری ، زۆر جار دەبێتە بەڵگە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکە ، بۆیە پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ وشە بە وشەی ئەو وتانەدا بکرێت کە گەواهیدەرەکە دەریدەبڕێت ، بۆ نمونە لە " لە فیقهی ئیسلامی وتوویانە گەواهیدەر لە دزیکردن گەواهی ئەدات و دەڵێت بردوویەتی و ناڵێت دزیویەتی ، چونکە ئەگەر بڵێ دزیویەتی دادگەری دەکات بە دزی کردن " (یاسین ٢٠١٦ : ١٠٠) ئەمەش واتای ئەوەیە ، ئەو وشانەی گەواهیدەر دەریدەبڕێت ، دەشێت واتای ڕوون یان شاراوەیان هەبێت ، لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ، کە پێویستە دادوەر بە سەرنج بێت لەو وشانەی ، کە ئەو گەواهیدەرەکە بۆ خستنە ڕووی گەواهیدانەکەی بەکاریدەهێنێتک ، بەشێوەیەک :

١- خاڵە بنەڕەتییەکانی لێدوانی گەواهیدەرەکە بدۆزێتەوە کە پرسیارو وەڵامی گونجاو بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بەڵگەی نوێ دروستدەکەن. بۆ نمونە (ئەو وشانەی زۆردووپاتی دەکاتەوە ، ئەوانەی بە شێوازی جیاجیا دەریاندەبڕێت ...هتد).
٢- تیشک بخاتە سەر زمانی جەستە و ئەو هۆکارە فسیۆلۆژی و دەروونییانەیانەی کار لە چۆنیەتی شێوازی دەربڕینی گەواهیدەرەکە دەکەن ، کە ڕەنگە دادوەر بگەیەنێت بەوەی ئەو کەسە ناچارکراوە ، یاخود هۆکارێکی هەیە ، لە دەربڕینی وتەکانییدا بەو شێوەیە. بۆنمونە جوڵەی دەست و چاوەکان ، زمانگرتن و تەتەڵەکردنی زمان لە کاتی قسەکردندا ، دەربڕینی ئاخاوتنەکان بە شێوەی یەک لەدوای یەک بێ هیچ ناوبڕێک ، وەکو ئەوەی بیەوێت ئەوەی ئاڕاستەکراوە بیڵێت بێ ئەوەی هیچ بەشێکی لەبیربکات و زۆری تریش ...
٣- درک بەو بازدانە زمانیانە بکات ، کە گەواهیدەر بۆ شاردانەو بەلاڕێدابردنی گەواهیدانەکەی دەیدات. بۆ نمونە (وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بە باسکردنی بابەتێکی ناپەیوەندیدار لەبری وەڵامی دروست و مەبەست ، پەڕاندنی بەشێک لە لە باسکردنی ڕووداوەکەو ... هتد.

٤- له یەک کاتدا له ڕێگەی تاکه وشەیەکی گەواهیدەرەوه ، که دەریدەبڕێت درک به دوو لایەن بکرێت :

أ. ئایا ئەو وشانه یەکدەگرنەوه لەگەڵ شێوەزاری ئەو کەسەو تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کەسەکه لەگەڵ (پەنجه مۆری زمانیی)ەکەیدا.

ب. ئایا تا چەند لێکچوونیان هەیه لەگەڵ لێدوانی گەواهیدەرەکانی تری هەمان کەیس ئەگەر هەبن.

چونکه لەو ڕێگەیەوه دەتوانرێت پەی ببرێت به ڕاستی و درووستی لێدوانی گەواهیدەرەکه و درک بەوه بکرێت ئایا ئەو کەسه ڕێنماییکراوه بەو شێوەیه گەواهیبدات ؟ یاخود ڕاستییه ؟ بۆ نمونه هەموو مرۆڤێک به ڕەچاوکردنی تەمەن و ڕەگەزو ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و .... هتد ، مۆدیلێکی قسەکردنی تایبەت به خۆی هەیه ، که ڕەنگه ئاسان نەبێت تەنانەت لێکچوون له نێوان و خۆی و تاکێکی خێزانەکەی یان هاوپیشەکەیدا بدۆزرێتەوه ، بۆیه ناکرێت و ناگونجێت چەندین کەس که گەواهیدەرێکی تاوانێکن جا گەواهیدەری داواکراو یان داوالێکراو بن به هەمان شێوازی دەربڕین و ڕیزبەندی له گێڕانەوەی ڕووداوەکان ، وتەکانیان بخەنه ڕوو ، له هەمان گۆشەنیگاوه گەواهیدانەکەیان پێشکەش بکەن ، دیاره بۆ ئەمەش تەنیا ئەوه بەس نییه که له یاسادا دەوترێت " دادوەری باش و زانا ئەو توانایەی هەیه که بتوانێت ڕاستگۆیی و ناڕاستی گەواهیدەرەکه جیابکاتەوه یان ئەگەر گەواهیدانەکەی فێرکرابوو"( یاسین ٢٠١٦ :١١٧) ، چونکه توانای دادوەر بۆ درککردن بەو وردەکارییه زمانیانه ، تەنیا له ڕێگەی ئەزموون و هەستەوه ، بەدی نایەت ، بەڵکو پێویسته لەلایەن زمانەوانیی دادوەرییەوه ڕابهێنرێت و ستراتیژییەکانی بۆ ڕوونبکرێتەوه .

بەڵگەی سوێندخواردنیش ، سوێندی یەکلاکەرەوه بێت یان سوێندی تەواوکاری ، هەر لەسەرەتاوه پشت بەستنه به زمان وەکو بەڵگەیەک ، هەتا دەگاته باسکردنی هەموو وردەکارییەکانی ڕووداوەکه له بەڵگەی بینیندا .

له کۆتاییدا شارەزایی زمانیش وەکو بەڵگەی شارەزایی ، ئەرکی خستنه ڕووی تیۆری و میتۆدی زمانەوانی بۆ دەستکەوتنی بەڵگەکان و شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی سەرجەم بەڵگەکانی پێشووتری هەیه . هەموو ئەوانەی له پێشەوه باسکران ، واتای ئەوه دەگەیەنن که زمان وەکو بەڵگە، خۆی له هەموو چەشنه دەقێکدا دەبینێتەوه ( نووسراو و وتراو ) ،لێرەوه پشت بەستن به وردەکارییه زمانەوانییەکان بۆ شیکردنەوەی هەریەک لەو دەقانه ، پێویستییەکی گرنگه بۆ وەڵامدانەوەی هەندێک پرسیاری وەکو: کێ نووسی؟ کێ وتی ؟ئایا ئەم دەقه هاوشێوەی ئەو دەقەیە؟ ئایا ئەم دەقه چ جێپێیەکی بەڵگه به دوای خۆیدا بەجێدەهێڵێت ؟

ئایا دەتوانین ئەو تێکستانە بەیەکەوە کۆبکەینەوە ؟ئایا ئەم دەقە ئەوەیە کە بەدوایدا دەگەڕایت ؟ئەو دەقە چەند زانیاریمان دەداتێ دەربارەی تەمەن و ڕەگەز و دیالێکت و زمانی دایکی خاوەنەکەی؟ وەڵامی ئەمانەو چەندین پرسیاری تری دەبنە کەرەستەی بەڵگەی زمانیی لەپاڵ بەڵگە نازمانییەکاندا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕین لەلێکۆڵینەوەی یاسایی و بەدەستهێنانی دادپەوەری و ئاسایشی نیشتمانی و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستی .

زمانەوانی دادوەری بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەو ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەی واتای بەڵگە زمانییەکانی دەربڕاوەکان و گەیشتن بە ڕاستییەکان ، لەلایەک پشت بە (چەمک ، واتا ، فۆڕم ) ی دەربڕاوەکان دەبەستێت ، کە چۆن فۆڕمەکان دەرخەری چەمکی بابەتەکانن ، لە لایەکی دیکە واتاکەی دەبەستێتەوە بە لۆژیکەوە . بە شێوەیەک وشەو دەربڕاوەکان بۆ ئەوەی واتای دروست بگەیەنن و تێگەیشتن بهێننە ئاراوە پێویستە ڕاستەقینەو سەلمێنراو بن بۆ نمونە بە پێی پرەنسیپی سەلماندن "هیچ دەربڕینێک وەک دانەیەکی پڕواتا سەیر ناکرێ، تا ئەو کاتەی سەلماندنی لەسەر نەکرێ بەهۆی سەرنج و تێبینی ، یان ڕێبازێکی زانستی ستانداردەوە"(احمد ۲۰۰۸: ١٤٥) ، لە هەمان کاتدا بۆ وردبوونەوە و تێگەیشتن لەو بیرەی کە بەڵگە زمانییەکە هەڵیگرتووە و ڕوونکردنەوەی نالێلی و ناڕوونی پێکهاتەی واتاکەی ، پشت بە ئامانجی بەکارهێنانی لۆژیک دەبەستێت " کە دەبێت بەجۆرێک کەرەستەکان ڕیزبکرێن لە کردەی گەیاندنەکەدا ، کە گوێگر ڕاستەوخۆ لە ڕستەو دەربڕاوەکانی قسەکەر تێبگات و بەهای ئاخاوتنەکەش لە گرنگترینەوە بۆ گرنگ بناسێتەوە و بە پێی پێویستی و بەهێزی بەڵگەهێنانەوەکان لە مەبەست و کردەی پەیوەندیکردنەکەی قسەکەر بگات " (عەلی ، محمود ۲۰۰۹ :۲۸).

بە شێوەیەکی گشتی زمان لە بواری دادوەرییدا، بەتەنیا پەیوەست نەبووە بە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوەو تەنیا ئەرکێکی نییە ، بەڵکو :

١- بڕیار بەسەر شێوازی دەقە یاساییە نووسراو و وتراو و جۆرەکانیانەوە دەدات ، کە سروشتێکی فێرکاری و قاڵبێکی داڕێژراوی هەیە ، بەوەی لە بواری یاساییدا خۆی لە فێرکردنی ئەکادیمیانە ، پەروەردییانە و پسپۆڕیانە دا دەبینێتەوە و دەقی یاسا ، ڕێسا و سزاکانی پێدادەڕێژێت و هەر لەسەر بنەڕەتی ناوەڕۆک و واتای دەقەکانەوە ، کە لە ڕێی زمانەوە خراوەتەڕوو ، بڕیار و سزاکانی پێجێبەجێدەکرێت ، بۆیە وردبوونە لە زمانی یاسایی و پێکهاتە و داڕشتەی زمانی یاسایی یەکێکە بوارەگرنگەکانی ئەم زانستە.

٢- لە لایەکی ترەوە ، لە ڕێکارەکانی دادگادا ، زمان هەم لایەنە لە دەستخستنی بەڵگەی تاوانی ، لە ڕێگەی خستنەڕووی میتۆدو تیۆری گونجاو تایبەت بە پرۆسەی لێکۆڵینەوەو

دادگـــاییکردن ، بـــه شـــێوەیەکی زانســـتییانه و درووســـت ، هـــەم هۆکـــاره بـــۆ لێکدانـــەوه و شیکردنەوەی دەقە نووسراو ، وتراو ، زارەکییەکان.

٣- زمانەوانیش وەکو ڕێنماییکار ، پسپۆڕ گەواهیدەرێکی شارەزا ، لایەنی سەرەکییه ، لـه لێکدانـــەوەی ناڕوونیـــەکان و بەســـتنەوەی واتـــای بەڵگـــەکان بەیەکـــەوەو خســـتنەڕوویان بـــه شێوەیەکی زانستییانه .

واتـــه بەگشـــتی لـــه تێکـــڕای پرۆســـەی دادوەرییـــدا ، هـــەموو ئـــەو زمانـــەی پرۆســـەکەی پێبـــەڕێوەدەبرێت ، وەکـــو زمـــانی مـــادده یاســـاییەکان ، ئـــەو زمانـــەی لایەنـــەکانی بەشـــدار لـــه پرۆسەکەدا بەکاریدەهێنن...هتد ، پێویسته وەکو دەقێکی به بایەخ تەماشابکرێن بۆ تێگەیشتن لێیـــان و پاشـــان لێکدانـــەوەیان بـــه شـــێوەیەکی درووســـت ، بـــه قـــوڵایی وردەکارییەکانییانـــدا ڕۆبچرێتەخوارەوه .

### ٣/١) دەق :

زمانـــەوانان هـــەتا ســـاڵانی شەســـتەکان ، ســـنوری لێکۆڵینـــەوەیان لـــه بوارەکـــانی فۆنۆلـــۆژی، مۆرفۆلۆژی ، فەرهەنگسازی ، ڕستەسازی ، تایبەتییه سیمانتیکییەکانی زماندا بوو . بەڵام لەو سـەردەمه بەدواوه و هـەر لەگـەڵ سـەرهەڵدانی بواری پراگماتیکدا ، لێکۆڵینەوەکان لە بارەی دەقەوه تا ڕادەیەک سروشتەکەی گۆڕاو ڕێرەوێکی دیکەی بەخۆوەگرت تا دواتر و له کۆتایی ساڵانی شەستەکان و سـەرەتای حەفتاکانـەوه ، تیشکخستنەسـەر لێکۆڵینەوەکان بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕان بۆ گەران به دوای سروشتی دەق و پێکهاتەکەییدا ، بەمەش تێڕوانینی نوێ بۆ دەق و لێکدانـەوەی دەق هاتـه ئـاراوه و چیتـر وەکـو دیاردەیـەکی زمانەوانـەوانی دابـڕاو و پەراوێزخراو سەیرنەکرا.

دەق کە ئاماژەیه بۆ فۆرمی زمانی گوتراو ، نووسـراو "بریتییه لـەو چنراوەی کـه ڕیزکردنی بیرۆکەکان و یەک له دوایی یەکی وشەکانی تێدا بەرجەسته دەبێت " (حسێن ٢٠١٩ :١٦)، کـه له هێمایەکی واتاداری زمانی سادەوه ، وەکو هێمای گڵۆپەکانی هاتوچۆ یان دەربڕینێکی وەکو سڵاوکردن دەستپێدەکات ، تـا دەگاتـه دەقێکی ئاڵۆزی زانسـتی یان یاسـایی ، واتـه دەگونجێت دەق ، فۆنێمیک ، مۆرفیمێک ، یـان فرێزێک یاخود ڕسـتەیەک یان دەربڕاوێکی گـەورەتر بێت. ئەمەش ئەو بیربۆچوونه ڕەتدەکاتەوه، کە دەگوترێت دەق لـه پاش ڕسـتەوه پێکدێت ، چونکە " زۆربەی دەقە باوەکان له یەک ڕسته کەمتر پێکهاتوون ، وەک : ئاگاداری لافیته ...بۆ فرۆشتن ، داخراوه ، واته کورتی و درێژی بەرچاوناگیرێت" (تۆفیق ٢٠٠٢ :٣٢ ) .

بـەم پێیـه " دەق تـۆڕێکی ئـاڵۆزه ، به سیسـتمێکی دیـاریکراو ڕێکدەخرێت ، واته کەرەسـەکانی کەپێکهـاتەی دەقـن هەمـان ئەو کەرەسـانەن که پیکهـاتەی ڕسـتەن له ڕووی (دەنـگ ، ڕیزمـان ،

واتـا ) . بەڵام ئەوەی گـرنگە لە دەقـدا ، ئەو پەیوەنـدییەیە کە بەشــەکانی دەقەکەو ڕســتەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە . کاتێک ڕستەیەک لە نێوان دوو ڕستە دادەنرێت پەیوەندییەکی واتـایی هەیە ، کە ئەم ڕستانە بە یەکەوە دەبەستێتەوە ." (قادر ، مستەفا ٢٠١٧ : ١٠)". کە پێمـان دەڵێت کۆدەکـانی دەقـەکانی دەقەکـە چـین ؟ لـە چ دەروربەرێکدا دەربـڕاوە ؟ چ بیرێکـی لـە خۆیـدا هـەڵگرتووە ؟ هۆکـار چییـە ئـەو بیـرەی لـە خۆیـدا هـەڵگرتووە ؟ هـەروەها کـێ خـاوەنی دەقـە دەربڕاوەکە یان نووسراوەکەیە؟ کێ وەرگرێتی ؟ چۆن گەیەنراوە ؟ وەرگر چـۆن لێـی تێدەگات ؟ چ دەرئەنجامێک درووستدەکات ؟ ... هتد .

جۆری دەقەکان لە چەندین شێوەو فۆڕمی جیاوازدا دەردەکەون ، وەکو ( شیعر ، وتار، ڕیکلام ، ڕۆمـان ، لیسـتی بـازاڕکردن ، پەیوەنـدی تەلـەفۆنی ، ....هتـد ) ، کـە هەریەکـەیان جۆرێـک لـە شێوازو میتۆدی داڕشتنی تایبەت بە خۆیان هەیە ، هـەر بۆیـە چەنـد جـۆرێکی دەق ، پەیوەسـت بـە شــێوەو فۆرمــە جیاوازانــەوە دەستنیشــانکراوە ، ئــەوانیش وەکــو ( گێڕانــەوە ، پەســنی ، ئاڕاستەکردن ، شیکردنەوەیی ، دەقی مشتومڕ ، ...هتد ) . کە دەتوانرێت پۆلێن بکرێت بۆ (دەقـە ئەدەبییەکان ، دەقە زانستییەکان) .

١- دەقـە ئەدەبییـەکان : ئـەو جـۆرە دەقانـەن ، کـە پەیامـەکانی بـە شـێوەی هونـەری و داهێنەرانـە تێدا دەگەیـەنرێت ، بۆنمونـە لـە دەقـی گێڕانـەوەدا وەکـو ئـەو دەقانـەی کـە بـاس لـە چیرۆکێک دەکات کە بە زنجیرەیـەک ڕووداودا تێپەڕیبێت، بـۆ وێنـە زنجیرکـارتۆن و چیرۆکـی وێنەی و ...هتد ، کە تیایدا پەسنی کەس ، کات ، ڕووداو و شتەکانی تێدادەکرێت بە شـێوەیەکی خەیاڵی ، یـاخود دەقە درامییەکان کە لـە باسـکردن و وەرگرتنـی هەنـدێک بیرۆکـە لـە ڕووداوە ڕاسـتییەکانەوە ، بـۆ زیـاتر سـەرنجڕاکێشـانی وەرگـر هەنـدێ بۆچـوونی کەسـی ، یـان زیـاد و کەمکردنی ڕووداوو وردەکارییەکان ، تێکەڵ بە دەقەکە دەکرێت ، ...هتد.

٢- دەقە زانستییەکان : ئەو دەقانەن کە پەیامەکان تیایدا بـە شـێوەیەکی واقعییانـەیە دوور لە هەر خەیاڵێکی سەرنجڕاکێش و بێ بنەما پشتنەبەستوو بە بەڵگە و سـەلماندن دەگەیـەنرێت ، وەکو دەقی (پزیشکی ، فیزیای ، یاسایی، فەلسەفی ...هتد)

### دەقی یاسایی Legal text:

یاسـا وەکو ئـەو ئـامرازەی ، کـە ڕێوشـوێنەکانی ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی تاکـەکانی نـاو کۆمـەڵی لێوەردەگیرێت ، لە کۆمەڵێک دەق پێکهاتووە ، کـە ئـەرک و مـاف و سزاکانی ئـەو تاکانـەی تێدا خراونەتـە ڕوو، هـەروەکو (کریسـتاڵ و داڤـی )لەمبارەیـەوە دەڵـێن ، دەقـی یاسـایی بریتییـە لـە "سـەپاندنی ئـەرک و پێدانی مـاف" (Crystal & Davy 1986: 193) . بـەو واتایـەی ، ئـەو

دەقانـەن ، لـە چوارچێـوەی زمـانی پسـپۆڕی یاسـاییدا ، پەیوەسـتن بـە مـاف و ئـەرک و دادپەروەری و یەکسانییەوە .

سەبارەت بە بەهـەمهێنانی ئـەمجۆرەی دەق ، لـە (Depraetere 2011: 212) هـاتووە ، کـە لـە لایەن " أ) یاسادانەر (بۆ نمونە دەستوور ، یاسا ، بڕیار) ب) دادوەر (بۆ نمونـە بڕیارەکـان ) ت ) کەسـانی ئـەکادیمی و بەرپرسـانی دیکـە کـە یاسـا سەرپشـکی کـردوون وەکـو دادنـووس و پارێزەرەکان (بۆ نمونە بەڵگەنامەکان ) " ەوە دەبێت ، واتە بە پێی ئـەمجۆرە پۆلێنکردنـە ، تـەنیا ئەو دەقانە دەستنیشانکراون ، کـە لـە لایـەن کەسێکی پسپۆڕی یاساییەوە ، ئاڕاسـتە دەکرێن ، یـاخود دادەڕێـژرێن. ئەمـەش واتـای ئەوەیـە جـۆری دەقەکـە ، کـە ئایـا دەقێکـی جێبـەجێکردنی یاسایی ، دادوەری ، ڕێکەوتننامە ، یـاخود کارگێڕییە ، دەتوانێت دەستنیشـانی یاسـایی دەقەکـە بکـات . بـەڵام لـە ڕاسـتییدا ، ئـەمجۆرە پۆلێنکردنـە کـەموکورتی تێدایـە و هـەموو لایەنـەکانی بەرهەمهێنەری دەقی یاسـای ناگرێتـەوە ، بۆیـە وا باشـترە پشـت بـە بیـروڕای (ئـالبی و ئـالبیر ) ببەسترێت بۆ ئەم مەبەستە ، کە پێیان وایە " پێویسـتە هـەموو بارودۆخـەکانی نـاو دەقەکـە ، لـە نێرەر ، وەرگر ، تۆمار ، ئامانج لەبـەرچاوبگیرێت " (Depraetere 2011: 212) ، لەبـەر ئـەوەی هەموو ئەو پێوەرانە بەیەکەوە دەتـوانن ، دەقـە یاسـاییەکان بەرهـەم بهێنن و زمـانی تایبـەت بـە هەر هەیەک لەو پێوەرانەیە ، لـە دەوروبـەری یاساییدا دەقـە یاسـاییەکەی لـێ پێکدێت. ئەمـەش ئەوە دەگەیەنێت ، ئەمجۆرەی دەقیش ، وەکو هەر جۆرێکی دیکەی دەق دەشێت بریتـی بێـت لـە دەقێکی نووسراو وەکو : دەسـتوورو گرێبەسـت و ماددەکـان و بڕگـەکانی یاسـاکان و حـوکم و سزاو وەسێتنامەو دادبینیی و دەقی هەربەڵگەنامەیـەکی تاوانکـاری و هتـد ....... یـاخود دەقێکـی گوتراو بێت وەک : تۆمـارێکی دەنگـی ، گـوێگرتن لەدانپێدانان و گەواهیدان و ... هتد. بـەم پێیـە دەقە یاساییەکان چەند جۆرێکن لەوانە:

١- دەقی ڕێساکان :

مەبەست لێی دەقی ڕێسـا یاسـاییەکانە ، کـە یاسـای لێپێکدێت و ڕێکخسـتنی ژیـان و پەیوەنـدی نێوان تاکەکانی کۆمەڵی پێدەکرێت . ڕێساکان کە خاوەنی چەند تایبەتمەندییـەکی جیاکـەرەوەن وەکو ( أ- ڕێسا یاساییەکان ، دوایین ڕێسان ، ب- ڕێسا یاسییەکان کۆمەڵە ڕێسایەکی گشـتی و جیاکـەرەوەن ، ت- ڕێسـا یاسـاییەکان خـاوەنی سـیفەتی سـزایین پ- ڕێسـا یاسـاییەکان کۆمەڵـە ڕێسـایەکی ڕەفتـاریی کۆمەڵایـەتیین )( النیـة ٢٠١٦ :٤-٨ ) ، سـەرجەمیان لـە ڕێگـەی زمانەوە ڕێکدەخرێن و دەخرێنە ڕوو ، بەو واتایەی یاساناسان و ئەوانەی بە یاسـاوە خـەریکن ، بۆ داڕشتنی ئەو یاسایانە لە لایەک و تێگەیشتن و جێبەجێکردنیان لە لایـەکی دیکـە ، پێویسـتە سەرنج بخەنە سەر دانە بەدانەی وشەو دەستەواژە زمانییـەکان و واتایـان پێببەخشـن و پێیـان بدەن.

بۆ نمونە لەو تایبەتمەندییەدا کە کۆمەڵە ڕێسایەکی گشتی و جیاکەرەوەن ، دەقی ئەو ڕێسایانە زمان ڕێکیاندەخات ، کە چۆن یاسایەکی گشتی بن و کۆمەڵ گشتی پێیانەوە پابەندبێت ، یان چۆن یاسایەکی تایبەتی بن و بە پێی سیفاتەکانیان جیاکردنەوەیان بۆ بکرێت و ئاماژەیان پێبدرێت ، بە بێ ئەوەی ناویان بهێنرێت بە شێوەیەکی دورودرێژ ، یان چینێک لە بیربکرێت ، هەموو ئەوانەی پێویستە پێوەی پابەند بن ، ماف و ئەرکەکانی خۆیان بزانن.

٢- دەقی بەڵگەیی:

مەبەست لەو دەقانەیە ، کە وەکو بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی تاوانێک ، لە یاسادا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت . کە یاسای سەلماندنی هەر وڵاتێک چەند ڕێگایەک دەستیشاندەکات دەکات ، وەکو هۆکارێک بۆ خستنە ڕووی ئەو بەڵگانە لە ڕێگەیانەوە ، بۆ نمونە لە یاسای سەلماندنی عێراقییدا ، بەڵگە ڕاستەوخۆکان هەیە ، کە بریتین لە بەڵگەی نووسراو ، گەواهیدان ، شوێن بینی، شارەزایی ، وە بەڵگە ناڕاستەوخۆکانیش وەکو دانپێدانان ، پرساندن ، قرینە ،بیانگەی حوکم ، سوێند . واتە هەم لە شێوەی دەقی نووسراو و لە شێوەی دەقی وتراودا ، لە ناو دەقە یاساییەکاندا بوونیان هەیە و ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و بە چاوی بایەخەوە سەیردەکرێن.

٣- دەقی کەیس:

بریتییە لە دەقی ئەو ڕاپۆرتەی ، ئەو سکاڵایانەی تێدا تۆمارکراوە ، کە سکاڵاکەر بە شێوەی زارەکی یاخود نووسراو ، یان کەسێک لە کاتی بینینی گەورە کەتنێک یان کەتنێکی بینراودا پێشکەش بەو لایەنانەیان کردووە ، کە یاسا دیارکردووە سکاڵایان لەلا تۆماربکرێت . واتە تیایدا هەواڵی تاوانەکە و کاتی ڕوودانی تاوانەکە لەلایەن بەرپرسی بنکەی پۆلیس وتەی هەریەک لە گومانلێکراو تاوانبار، گەواهیدەر، هەواڵدەر و تێبینی و سەرنج و بەڵگەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەری تێدا تۆمارکراوە لەگەڵ "بڕیارەکانی دادوەر لە دۆسیەی کێشەکەدا ، لە یەکەمین بڕیاری دادوەرەوە تا دوا بڕیار، هەروەها هەموو کارسازییەکانی تری وەکو پشکنین و پشکنینی شوێنی ڕووداو" (ڕەشید ٢٠١٢ :٦١).

٤- دەقی بڕیار :

بریتییە لە دەقی کۆنووسی دادگاییکردن ، کە تیایدا هەموو ئەوەی دەگوزەرێت دەنووسرێتەوە ( بە واژووی دادوەر یان سەرۆکی دادگا ، لەگەڵ تۆمارکردنی بەرواری هەموو دانیشتنەکان ، ناوی دادوەر یان دادوەرەکان ،نووسەر ، نوێنەری داواکاری گشتی ، ناوی تۆمەتباران و ڕکابەرەکانی تر بریکارەکانیان ، ناوی شایەتەکان ، باسکردنی ئەو پەڕاوانەی کە

خوێندراونەتەوە ، ئەو داواکارییانەی کە پێشکەش کراون ، ئەو ڕێکارانەی کە کراون لەگەڵ کورتەی بڕیارەکان ) (سەعید ٢٠١٨ :٢٤٨ ) .

٥- دەقی سزایی :

بریتییە لە دەقی یاسای سزاکان ، کە هەموو بنەما گشتییەکانی تاوان و سزاو جۆرەکانی تاوان و سەرپێچی بە وردو درشتییانەوە لەگەڵ سزاکانیان خراونەتە ڕوو ، هەر لە ناو دەقی ئەم یاسایەدا چەندین جۆری تاوان و سزاکانیان خروانەتە ڕوو ، کە لە زمانەوانییدا بە تاوانە زمانییەکان ناودەبرێن و لە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی لێوە دەکەین.

٦- دەقی تانە / تانەلێدان :

مەبەست لە دەقی تانە بریتییە دەقی( دەستنووسی ئیعتزاز بۆ ئەو دادگایەی کە حوکمەکەی دەرکردووە ، یان بۆ هەر بنکەیەکی پۆلیس ، یان کۆنووسێک ، کە دادگا یان بنکەی پۆلیس دەینوسێت، لەکاتی دەستگیرکردنی یان خۆبەدەستەوەدانی تۆمەتباری حوکمدراو ، کە پرسیاری لێدەکرێت، ئایا دەخوازێت ئیعتزاز لەسەر حوکمەکە پێشکەش بکات ، ئەگەر خواستی ئەوا کۆنووسەکە بە تانوت دادەنرێت و ئەگەر نەشیخواست ، ئەمە لە کۆنووسەکەدل تۆمار دەکرێت ) (ڕەشید ٢٠١٢ :٢٢٢ )

هەریەک لەمجۆرانەی دەقی یاسایی ، کە هەردوو جۆری دەقی نووسراو و وتراوی لەخۆگرتووە ، لە قۆناغ و دەوروبەری جیاوازدا کاریان لەسەر دەکرێت . جگە لەوەی ، دارشتنی ئەو دەقانە لە ڕووی زمانەوانی و تێگەیشتن لێیان ، بە پێی جۆری دەقەکە و بابەتی دەقەکە ، لە ڕووی پێکهاتن و واتاو گەیاندنەوە جیاوازن ، لە هەمان کاتدا لێکدانەوەی دەقێکی یاسایی نووسراو لەگەڵ دەقێکی یاسای وتراودا دیسان جیاوازە ، کە بۆ ئەوەش ئەم هۆکارانە دیاریکراوە :

أ. ( بەدەستهێنانەوەی پاشماوەی ئاخاوتن بە شێوەیەکی لە سەداسەدی کارێکی ئاسان نییە لە کاتێکدا بەڵگەکانی زمانی نووسین ئاسانتر بەدەستدێنەوەو مامەڵەی حاشاهەڵنەگریشیان لەگەڵدا دەکرێت .

ب. خودی دەقی زمانی نووسراو بە شێوەیەک دەنووسرێتەوە کە زۆربەی بابەتە گشتی و وردەکارییەکانی ئەو بابەتەی ، کە دەقەکەی بۆ نووسراوە بگرێتە خۆ.

ت. چنینی دەقی یاسایی بە شێوەیەک بێت ، کە کەمترین کەلێنی تێدا بێت بەمەش تاوانبارو کەسی نیازپیس ناتوانن بۆشایی یاسایی بدۆزنەوە و باز بەسەریاسادا بدەن یاخود بیەزێنن ،

له کاتێکدا زمانی ئاخاوتن ئەم چەشنە چنراوییەی نییە و دەشێت بە ئاسانی بۆشایی تێدا ببینرێتەوە بە بەراورد بە زمانی نووسراو . ( مەحمود ٢٠١٥ : ٣٣٦)

پ. دەقی گوتراو لەگەڵ دەربڕینیدا گەڕانەوەی نییە و هەوڵدان بۆ چاککردنەوە و گۆڕینی هەر وتەیەکیش کە بە پێچەوانەی وتەی یەکەمەوە بێت نیشانەی پرسیاری دەخرێتە سەر و زیاتر لەسەری ڕادەوەسترێت ، لە بەرامبەردا دەتوانرێت لە دەقی نووسراودا چەند جارێک دەستکاری بکرێت و زیادو کەمبکرێت .

ج. دەقی گوتراو بە بێ بوونی وتەی گەواهیدەرێک ، یان تۆمارێکی دەنگی پشتڕاستکەرەوە بەشێوەیەکی ئەوتۆ پشتی پێنابەسترێت ، کەچی دەقی نووسراو بەڵگەیەکی بەهێزترەو ڕزگاربوون لێی ئاسان نییە.

ح. "زمانی نووسراو دەتوانرێت زیاتر لە جارێک بخوێندرێتەوە .بۆیە ، دەتوانرێت تێگەیشتنی تەواو ئاسانتر بەدەستبهێنرێت وەک لە زمانی ئاخاوتن ، لە کاتێکدا بیستەر تەنیا یەک چانسی هەیە بۆ ئەوەی تێبگات لەوەی قسەکەر چی وتووە " (Alsaawi 2019 :196)

بەڵام هەموو ئەو جیاوازیانەش هیچ لە ئەو ڕاستییە ناگۆڕن کە دەقی نووسراو بە هەمان شێوەی دەقی گوتراو لە یاساو پرۆسەی دادوەرییدا کارییێدەکرێت تەنیا جیاوازییەکە ئەوەیە " لە گفتوگۆدا پشت دەبەستین بە کردنەوەو داخستنی بابەتەکە ، بەڵام لە نووسیندا قسە لەسەر پێشەکی ئەنجام دەکەین" . ( Coulthard and Johnson 2007 :15 )

# بەشی دووەم

## لێکدانەوەی تاوانە زمانییەکان لە ڕێگەی پەنجەمۆری زمانییەوە

## ٢)لێکدانەوەی تاوانە زمانییەکان لە ڕێگەی پەنجەمۆری زمانییەوە :

زمان هەروەک دەتوانێت بۆ دروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندی نیوان کەسەکان ئامراز بێت، دەتوانێت بۆ پشێوی نانەوە ، دروستکردنی ئاڵۆزی و گیروگرفت تا ڕادەی تیوەگلان لە تاوانەکانیش هۆکار بێت ، بۆ ئەم مەبەستەش هەر لە ناو خودی زمان خۆیەوە ، پێویستە بنەمایەکی وەکو (پەنجەمۆری زمانیی) بدۆزرێتەوە تا هۆکار ، چارەسەر ، شیکاریی بۆ ئەو تاوانانە بخاتەڕوو .

### ١/٢)چییەتی تاوان:

مەبەست لە تاوان ئەو ڕەفتارە نایاساییانەیە ، کە زیانی بۆ دەوروبەر و کۆمەڵ هەیە ، لە یاسای هەر وڵاتێکدا ، بە پێی جۆرو ڕادەی تێوەگلانی ئەنجامدەری تاوان ، چەندین سزای یاساییان بۆ داڕێژراوە و کاریان پێدەکرێت . بە واتایەکی تر ، تاوان لادانە . لادانە لە یاساو دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان . گەر سەرنجی یاسای سزاکانی عێراقی بدەین ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێناسەیەکی ئەوتۆی بۆ تاوان نەخستۆتە ڕوو ، بەڵکو لە ڕێگەی پێناسەی (کار / کردە ) وە ، لە ماددەی (١٩) بڕگەی (٤) دا دەڵێت " کار : هەر هەڵسوکەوتێکی ئەرێنی یان نەرێنی وەک وازهێنان و ملنەدان ، کە یاسا بە تاوانی دانابێ ، مەگەر دەقێکی جیاواز لەمە هەبێ " (خۆشناو ٢٠٢٠ : ٢٤) تاوانی ناساندووە . ئەمەش واتای ئەوەیە ، تاوان دوو جۆر کردەیە ، کردەیەک کە ئەنجامدانی قەدەغە بێت ، لەگەڵ کردەیەک کە ئەنجامدانی بە پێی یاسا بە پێویست دانرابێت ، بۆ نمونە کردەیەکی ئەرێنی وەکو دزیکردن ، لەگەڵ کردەیەکی نەرێنی وەکو نەچوون بەدەم هاوڵاتییەکەوە کە داوای یارمەتی کردووە بۆ ڕزگاربوون ، بەم پێیە "تاوان کردارێکە یاسا بەهۆی دانانی سزاوە ڕێگەی لێگرتووە و لە کاتی پێشێلکردنی ئەنجامدەرەکەی سزا دەدرێت " (عبدالرحمن ٢٠٢٠: ٣٥ ).

### ١/٢-١) جۆرەکانی تاوان :

تاوان جۆری زۆرە ، لەناو هەرجۆرێکیشدا پلە بەندی هەیە ، لە ڕووی قورسی و سوکی تاوانەکە و ڕادەی تێوەگلانی تاوانبار و ئەو سزایەی دەیگرێتەوە ، بۆ نمونە :

١- ئەو تاوانانەی ، کە دژ بە تاکەکەسێک ئەنجامدەدرێت و بە تاوانە کەسییەکان ناسراون بۆ نمونە : کوشتن ، توندوتیژی ، دەستدرێژی سێکسی ، ... .

٢- تاوانی دژ بە موڵکداری و خاوەنداری : وەک دزیکردن ، تاڵانی ، داگیرکردنی ماڵ و سامان ، زیان گەیاندن بە موڵکی خەڵک بە ئەنقەست ، دزینی بیرۆکە ... .

٣- تاوانە مەعنەوییەکان یاخود تاوانەکانی دژ بەلایەنی دەروونی تاک : وەکو سووکایەتیکردن بە (ڕەگەز ، ئایین ، بیروباوەڕ، کەمئەندامی ، پلە پایە ... هتد).

٤- ئەو تاوانانەی دژ بە ئاکار و دابونەریتی کۆمەڵگان : بۆ نمونە هاوسەرگیری نایاسایی ، یاری بەخت (قومارکردن ) بە نایاسایی ، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرو دەرمانی نایاسایی ، ... .

٥- تاوانی پێشێلکاری لە موڵک و ماڵی گشتی لە لەلایەن کەسانێک کە لە پلە و پایەیەکی بەرزدا بن لە کۆمەڵدا: وەکو داگیرکاری ، خۆدزینەوە لە باج ، بازرگانی نایاسایی ، ... .

٦- ئەو تاوانانەی کە گروپ و باندێک ئەنجامی دەدەن : وەک لەشفرۆشی ، سپیکردنەوەی پارە ، بازرگانی دەرمان ، ...

٧- ئەو تاوانانەی کە تاوانبارەکانیان ، بە هاندانی کەسێک بۆ بەئەنجامگەیاندنی تاوان لە ڕێگەی فریودان و هەڵخەڵەتاندن ، ترساندن و هەڕەشە ، ... هتد تاوانبارن.

ئەمانە و زۆری تریش کە لێرەدا باسنەکراون ، لەو کردانەن کە بە تاوان دادەنرێن ، یاسا سزایان بۆ دەستنیشاندەکات ، ئەمە جگە لەوەی بەردەوام جۆری نوێش پەیدادەبێت ، بە هۆی بوونی چەند هۆکارێک ، لەوانە :

أ. ئەو هۆکارانەی ، کە پەیوەندییان بە تێپەڕبوونی کات و بەرەو پێشچوونی لایەنی کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژیا و ... هتدییەوە هەیە ، وەکو سەرهەڵدانی تاوانی بازرگانیکردن بە جەستەی مرۆڤ کە پێش چەندین ساڵ بوونی نەبووە ، یاخود ئەو تاوانانەی لە ڕێگەی کورتەنامەی مۆبایلەوە دەکرێت و پێش سەرهەڵدانی مۆبایل نەبوون .

ب. بەو هۆکارەی ، کە " تاوان ئەستەمە کۆتایی بێت و ڕۆژێک بێت لەسەر زەویدا تاوان نەکرێت ، تەنانەت هەندێک لە تیۆرو قوتابخانەکانی تاواناسی ، تاوان بە ڕەفتارێکی غەریزی دەزانن" (ئەکرەم ٢٠٢٠ :٢٣) . یان بە واتایەکی تر بەهۆی ئەوەی جۆرەکانی تاوان ناتوانرێت لەناو بازنەیەکی داخراودا کۆبکرێتەوە، بەڵکو بەردەوام جۆری نوێی لێ پەیدا دەبێت .

بۆیە دەبینین یاسایەکی وەکو یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، بە دوو شێوە پۆلێن بۆ تاوانەکان دەکات ، کە ڕێگەی بە لەخۆگرتنی دەستنیشانکردنی هەموو جۆرە سزایەک داوە ، کە بەهەر هۆکارێک بێت ، بێنە کایەوە ، ئەوانیش :

**١- تاوانەکان لە ڕووی سروشتەکانیانەوە :**

بە پێی ماددەی (٢٠)ی ئەم یاسایە ، تاوانەکان لە ڕووی سرووشتەکانیانەوە دەکرێن بە (تاوانی ئاسایی و تاوانی ڕامیاری ) ، لە برگەی (١) ی ماددەی (٢١) هەمان یاسادا ، وەها دەستنیشانیکراوە کە "تاوانی ڕامیاری ئەو تاوانەیە کە لەبەر هاندەرێکی ڕامیاری دەکرێ یان بەرانبەر مافە ڕامیارییە گشتی یا تاکەییەکان دەکرێ ، جیا لەمانە بە تاوانی ئاسایی دادەنرێن " (خۆشناو٢٠٢٠ : ٤٣)

## 2- تاوانەکان لە ڕووی سەختییەوە:

لەم یاسایەدا لە ڕووی سەختییەوە سێ جۆر تاوان دەستنیشانکراون ، ئەوانیش (کەتنی گەورە (جنایە) ، کەتن ، سەرپێچییەکان ) ن ، کە جۆری سزاکانیان بە پێی جۆری تاوانەکان دەستنشانکراون ، بۆ نمونە ( سزاکانی تاوانی گەورەکەتن دەشێت : ١) لە ناوبردن ، ٢) بەندکردن (السجن)ی هەتا هەتایی ، ٣) بەندکردن (السجن)لە پێنج ساڵ زیاتر تا پازدە ساڵ و سزای کەتن : ١) گرتن (حبس) ی توند یان سادە لە سێ ماند زیاتر تا پێنج ساڵ ، ٢) بژاردن . سزای سەرپێچیش : ١) گرتن (حبس)ی کورتخایەن بۆ بیست و چوار کاتژمێر تا سێ مانگ ،٢) بژاردن بڕەکەی (٤٥٠٠٠)دینار زێتر نەبێ) (خۆشناو ٢٠٢٠ : ٤٨ -٤٩)بێت .

هەرچی سەبارەت بەم توێژینەوەیەشە ، تاوان بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکات ، ئەوانیش :

أ. ئەو تاوانانەی بە کردار دەکرێن.

ب. ئەو تاوانانەی لە ڕێگەی زمانەوە دەکرێن .

سەبارەت بە جۆری یەکەمیان ، زۆرشێوە لە تاوان دەگرێتەوە ، وەکو (کوشتن ، دزیکردن ، تالانی ، داگیرکاری ، توندوتیژی ، گێچەڵی سێکسی ، قومار ، داڵدەدانی گرتوو و دەستگیرکراوان ، بەرتیل ، لێدان ، خیانەت ، سوو ،...هتد ) کە ڕەنگە دیسان زۆرێک لەو تاوانانەش بە شێوەیەک لە شێوەکان یان بە ناڕاستەوخۆ زمان تێیدا هۆکاربێت . بەڵام جۆری دووەمیان کە مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەیە ئەو شێوە تاوانانە لەخۆدەگرێت ، کە بە (تاوانە زمانییەکان) ناسراون ، لە (٢/٢)ی ئەم توێژینەوەیەدا ڕووندەکرێتەوە.

## ٢-١/٢ ) بنەماو تیۆرەکانی تاواناسی :

تاواناسی (Criminology) زانستی لێکۆڵینەوەیە لە تاوان ، واتە ئەو زانستەیە کە " گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی تاوان و گەڕان بە دوای هۆکارەکانی تاواندا دەدا " (شوانی ٢٠١٦ :٢٢) . ئەم زانستە هەر لە مێژەوە جێگای تێڕامانی بیرمەندان بووە ، بە شێوەیەک هەر لە سەردەمی چاخەکۆنەکان و سەردەمی یۆنانی ، دواتریش لە سەدەی بیست و تا دەگاتە سەردەمی پاش کۆتای هاتنی کلاسیک ، هەر قۆناغە و بیرکردنەوە و پلانی جۆراوجۆریان ، بۆ

لێکدانەوەی دیاردەی تاوانکردن هەبووە ، بۆ نمونە ( لە چاخە کۆنەکان و پێش سەردەمی سەرهەڵدانی فەلسەفە لە چوارچێوەی لێکدانەوەی لاهوتی و ئەفسانەیی شیکردنەوەیان بۆ تاوان دەکرد ، لە سەردەمی یۆنانییدا هۆکاری تاوانیان بۆ لەنگەر تێکچوون و شیرازەی دەروونی مرۆڤ دەگەڕاندەوە . لە کلاسیکیشدا زانایەکی وەکو دیلاپۆرتا پشتبەشستنی بۆ شیکردنەوەی تاوان لەسەر ئەو بنەمایە دانابوو ، کە پێی وابوو مرۆڤ شێوەی لە چی بچێت ڕەفتاری لەوە دەچێت ، ...هتد) ئەکرەم (٢٠٢٠ :١٦ –١٨ ) بەڵام دواتر وردتر و زانستییانەتر بیر بوارەکە کرایەوە ، "هانز گرۆنزی مامۆستای یاسای تاوانناسی لە زانکۆی جوانزی نەمسا لە ساڵی (١٩١٢) پەیمانگای زانستی تاوانناسی دامەزراند بۆ توێژینەوەکردن لەسەر تیۆرەکانی تاوانناسی ، ساڵی (١٩٣٠) کۆلێژی یاسا لە زانکۆر ستۆکهۆڵم پەیمانگایەکی بۆ زانستی تاوانناسی دامەزراند ، لە ساڵی ١٨٣١ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاوانناسی دامەزرا ...هتد "ئەکرەم (٢٠٢٠ : ٢٠) .

لەم سەردەمەشدا لێکدانەوەی تاوان لە زۆربەی وڵاتاندا بە تەواوی پێشکەوتووە ، دادگا و دادوەران بە شێوەیەکی بەرچاو پشت بە داتا و لێکدانەوەکانی پزیشکی دادوەری ، زمانەوانیی دادوەری ، ئەکادیمی سەرجەم بوارەکان و پیشەوەران و ... هتد دەبەستن و کەڵکیان لێوەردەگرن.

بە گشتی لە ئێستادا زانستی تاوانناسی خۆی بە بە دۆزینەوەی وەڵامی هەندێک پرسیاری وەکو تاوان چییە ؟ بەچی دەوترێت تاوان ؟ بۆ تاوانکردن چی هۆکارە ؟ بۆ هەندێک تاوان دەکەن هەندێک نایکەن ؟ چەندجۆر تاوان هەیە ؟ ئایا دەکرێت تاوانباریش وەکو قوربانییەک سەیربکرێت؟ چۆن تاوانەکان دەستنیشاندەکرێن و لێکجیادەکرێنەوە ؟ بۆ لێکدانەوەی تاوانەکان پشت بە چی دەبەسترێت ؟....هتد خەریکدەکات . بۆ دەستکەوتنی هەموو ئەم زانیارییانەش ، هەر لە سەرەتاوە بە پێویست زانراوە پشت بە تیۆری و ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ناو گشت زانستە دەروونی و کۆمەڵایەتی و دەماری و زمانەوانی و ئۆرگانی و ...هتد ، بیەکانی دیکە ببەسترێت. واتە دەبێت تاوانناسی (هەماهەنگی لەگەڵ هەموو ئەو زانستانەدا هەبێت ، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی کەسایەتی مرۆڤی تاوانکار دەدەن ، هەروەکو لەمبارەیەوە تۆرستن سیلین دەڵێت "مرۆڤایەتی ئەوەندەی پێویستی بەوەیە ئاشنای دەروونی تاکەکانی و پاڵنەری ڕەفتارەکانیان بێ ، ئەوەندە پێویستی بەوە نییە هەڵوەستە لەسەر نهێنییەکانی سروشت بکات ") (شوانی ٢٠١٦ :٢٢) ، هەربۆیە لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی دۆزینەوەی زانیارییەکانی ئەم بوارە بە پێی زانستە جیاوازەکان ، تاوانناسی چەندین لقی لێبووەتەوە ، وەکو (ئەنترۆپۆلۆژیای تاوان ، دەروونناسی تاوان ، کۆمەڵناسی تاوان ، قوربانی ناسی ، ئاماری تاوان ، سزاناسی ، ..هتد) ، کە هەریەک لەم لقانە پشت بە قوتابخانە و تیۆری و بنەمای تایبەت بە بوارەکەی خۆی دەبەستێت بۆ لێکدانەوە.

زانستی زمان سەبارەت بە لێکدانەوەی تاوانەکان ، جگە لەوەی خاوەنی ستراتیژییەتی تایبەت بە خۆیەتی بۆ لێکدانەوە کە لە (٣/٢ ) ی ئەم توێژنەوەیەدا دەخرێتە ڕوو، بەهۆی ئەو سروشتە فرەڕەهەندەشەوە ، کە هەیەتی ، لە ناو تییۆری ناو زانستە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانیشدا کەڵکی لێوەردەگیرێت، بۆ نمونە:

١- لە تیۆرە کۆمەڵناسییەکاندا بۆ شیکردنەوەی تاوان ، چەندین تیۆری تایبەت ئەو بوارە وەکو تیۆرییەکانی ( ئۆگست کۆنت ، ئەمیل دۆرکهایم ، ماکس ڤیبەر ، لەکە ، هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی ، تێکەڵبوونە جوداییەکان ـ ...هتد ) خراونەتەڕوو ، بەڵام لە تیۆرییەکی وەکو تێکەڵبوونە جوداییەکاندا باس لە جۆرێکی تاوان بە ناوی (تاوانی یەخەسپی White-coller crime) کراوە ، کە تایبەتە بەو تاوانانەی پیاوە بازرگانەکان ، دەسەڵاتداران ، یاساناسان بەرانبەر بە هاوڵاتیانی دەکەن ، شێوەکانی ئەم جۆرە تاوانە هەندێک تاوانیش دەگرێتەوە ، کە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێن و دەچنە ناو تاوانە زمانییەکانەوە وەکو "تەزویرکردن Fraudیەکێکە لە بڵاوترین جۆرەکانی تاوانی یەخە سپی ، هەروەها شایەتی دان بە درۆ و شاردنەوەی ڕاستییەکان لەلای کۆمەڵێک بەرپرس Perjury". (ئەکرەم ٢٠٢ :١٣٠) .

٢- لە کارکردن لەسەر تیۆرییە دەروونییەکانی تاوانناسی وەکو تیۆرییەکانی (فرۆید ،گۆستاڤ ، نەخۆشییە دەروونییەکان و ...هتد) ، بەبێ بنەما زمانەوانییەکان کەلێنی تێدەکەوێت ، ئەویش لەبەر ئەو خاڵە هاوبەشانەی هەردوو بوارەکە ، لەسەر ئاستی زمانەوانی دەروونی ، وەکو وەرگرتنی زمان ، بیرکردنەوە ، نەخۆشییەکانی وتن ، ... هتد کاری لەسەردەکەن ، نمونەش بۆ ئەمە ، ڕوونکردنەوەی ئەوەیە ئاسان نییە بەردەوام چاودێری ڕەفتاری تاوانبارێک بکرێت و ڕاستەخۆ زانیارییە ناوەکییەکانی ئەو تاوانبارە بەدەستبێت ، بەڵام دەتوانرێت لە ڕێگەی ڕەفتارە زمانییەکانییەوە ، پەی بەهەندێک لایەنی شاراوەی کەسەکە ببرێت . وەکو :

أ- دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەو وشانەی بەکاریدێنێت و وەسفی کەس و ڕووداو شتەکانی پێدەکات پەی بەلایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئاستی خوێنەواری و ...هتد کەسەکە ببرێت .

ب- وشە گەلێک بەکاردێنێت ، کە بیرکردنەوەی کەسەکە بە چ شێویەک بێت دەیخاتە ڕوو ، لەگەڵ هۆکاری ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی.

ت- لە ڕێگەی ڕێکخستن و پاش و پێشخستنی ڕستەو دەربڕاوەکانەوە دەتوانرێت لە مەبەستی ئاخێوەر ، کە ئایا دەیەوێت چی ڕستەیەک بکات بە بەڵگە بۆ ڕووداوێک ، چی بشارێتەوە، هێزی چی زیادبکات ؟ چی کەمبکاتەوە ؟ تێبگەیت.

پ- ئەو شێوازەی کە قسەی پێدەکات دەریدەخات ، کە ئاخێوەر لە چ ئاستێکی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و خوێندەواری و ...هتدایە ، ئایا ئەو شێوازە ئاخاوتنەی هەیەتی

هۆكاریكە بۆ ئەوەی كەسێك بۆ تاوانكردن ناچاربكات ؟ ئایا ئەو شێوازەی گەواهیدانێك یان گێڕانەوەی ڕووداوێكی پێدەردەبڕێت ، بە شێوازی خۆی یەكسانە ؟ یاخود ئاڕاستەكراوە ؟

ج- ئەو جوڵە و ڕەفتارانەی لە ڕێگەی زمانی جەستەوە كار لەسەر لایەنی دەروونی تاك دەكەن و لێكدانەوەیان پێویستی بە تیۆری ئەكادیمیانەی زمانەوانییە .

جگە لەوەی دەتوانرێت هەر لە ڕێگەی زمان و لێكدانەوە زمانەوانییەكانەوە ، درك بە ڕاستی و دروستی ئەو وتە و دەربڕاوانەدا بكرێت، كە تاوانبارێك یان گومانلێكراوێك دەریدەبڕن . كەواتە دەتوانرێت بوترێت ، كە لە تاوانناسییدا چەندەها تیۆری و قوتابخانە خراونەتە ڕوو ، بەڵام تیۆرییە زمانەوانییەكان ، لەو تییۆریانەن چ بە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ستراتیژی ئاستە جیاوازەكانی زمانەوانیەوە ، چ بە ناڕاستەوخۆ لە ناو تیۆری بوارەكانی تردا دەگەڕێدرێتەوە سەریان و كەڵكیان لێوەردەگیرێت .

## ٢/٢) پەنجەمۆری زمانیی لە تاوانە زمانییەكاندا :

مەبەست لە تاوانە زمانییەكان ، ئەو جۆرانەی تاوانن ، كە بەهۆی زمانەوە ئەنجامدەدرێن ، جا زمانی نووسراو یاخود وتراو بێت ، بەكەرەستەی سەرەكی لێكۆڵینەوەی زمانەوانی دادوەری دادەنرێت . بە واتایەكی تر ئەمجۆرە تاوانە ، ئەو شێوانەی تاوان دەگرێتەوە ، كە زمانەوانی دادوەری لە ئاستێكییدا ، بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی بەهێز بۆ یارمەتیدانی دادگاو دادپەروەری كاریان لەسەر دەكات . بۆیە دەتوانین بڵێین ، ئەمجۆرەش بە هەمان شێوەی تاوانە كردارییەكان ، بە كردەی نایاسایی دادەنرێت و لەیاسای سزادانی هەر وڵاتێكیشدا بەپێی شێوەكەی سزای تایبەتی بۆ دیاریكراوە . لەبەرئەوەی هەر شێوەیە و بە جۆرێك زیان بە دادپەروەری دەگەیەنێت ، لەوانە :

١- زیان بە پێگەو پلەو پایەی كۆمەڵایەتی و كەسایەتی تاكێك یان گرووپێك دەگەیەنن.

٢- پێشنیاردەخەنەڕوو بۆ پێشێلكردنی مافی كەسانی دیكە.

٣- قایلكردنی كەسێك یان كەسانێك بۆ ئەنجامدانی تاوان .

٤- ترس و تۆقان بڵاودەكەنەوە.

٥- فریودەدەن.

٦- بەڵێندانی نادرووستن.

٧- ئەو نهێنییانە ئاشكرادەكەن ، كە پێویستە شاراوە بن.

٨- ڕێکەوتنیان بۆ پیلانگێڕی پێدەکرێت.

٩- مافی خاوەنداریان پێ زەوتدەکرێت .

١٠- هۆکارن بۆ ساختەکاری.

١١- پێچەوانەی ڕاستییەکان پیشاندەدەن ، زۆری تر...

هەموو ئەمانەش لە ڕێی تاوانەکانی وەکو (ناوزڕاندن ، بەرتیلدان ، هاندان ، هەڕەشە ، هەڵخەڵەتاندن ، پیلاندانان ، داگیرکردنی خاوەنێتی ژیریاری ، تەزویرکردن ، دۆرکردن ، سوێندخواردنی درۆ ، گەواهیدانی درۆ ، جنێودان ...) .

تیریسما و سۆلان پێیان وایە "هەموو تاوانە زمانییەکان دەربارەی کردەی ئاخاوتنی نایاسایین " (Tiersma & Solan 2012 :1) ، واتە تاوانە زمانییەکان دەبەستنەوە بە بە بەکارهێنانی زمان بۆ ئەنجامدانی چەند کردارێک ، بۆ ئەمەش پشتیان بە تیۆری کردەی ئاخاوتن (کردە قسەییەکان) بەستووە بۆ ڕوونکردنەوەی تاوانە زمانییەکانی وەک : درۆکردن ، هاندان بۆ کاری نایاسایی ، قایلکردن لە ڕێگەی هەڕەشەو هەڵخەڵەتاندن و ...هتد. هەروەها دەڵێن (هەندێک لە کردە ئاخاوتنەکان بەپێی مەبەستی قسەکەر ، هەندێکی تریش لە ڕێگەی کاریگەری کردار لەسەر گوێگر دەگۆڕێن ) (Tiersma & Solan 2012 :1) ، واتە هەم لە ڕێگەی ئەو کردانەی ، کە کردەی بەئەنجامگەیاندنی کردارێکن بە زۆرلێکردن Acts illocutionary force) The ، هەم ئەو کردانەی کە لە ئاستی لێکەوتە دەروونییەکاندا سەیر دەکرێن وەکو قایلکردن ، ڕازیکردن ، ترساندن ، ڕوونکردنەوە ، ئیلهامپێبەخشین و خستنەڕووی پێشنیار ، ...هتد (Acts perlocutionary effect) . کەواتە بەکارهێنانی زمان پەیوەست بەو دوو جۆرە کردەیەوە ئەوە دەسەلمێنن ، هەر دەربڕاوێکی زمانیی گەر پەیوەست بە چوارچێوەیەکی یاسایی و تاوانکارییەوە بێت ، بە پشتبەستن بە مەبەست و کاریگەرییە دەروونییەکانی ، دەگونجێت بە تاوانی زمانی دەستنیشانبکرێت . بۆیە لەم بوارەدا بە گشتی زمان بە دوو شێوە دەچێتە قاڵبی تاوانەوە ، یاخود دوو جۆر تاوانی پێدەکرێت :

١- تاوانی ڕاستەوخۆ : ئەمجۆرە تاوانە ئەو شێوانەی تاوانی زمانیی دەگرێتەوە ، کە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەوی زمانەوە ئەنجامدراوە ، نمونە توندوتیژییە زمانییەکانی وەکو ناوزڕاندن ، سوکایەتیپێکردن ، تاوانەکانی خستنەپاڵینادروست ، جنێودان ، نهێنی درکاندن ، ساختەکردنی نووسراو و بەڵگەنامەی فەرمی ، هەواڵدانی درۆ و هەواڵنەدان، گەواهیدانی درۆ ، بەدرۆسوێندخواردن ، ... هتد.

٢- تاوانی ناڕاستەوخۆ : زمان لە شێوەکانی ئەمجۆرە تاوانەدا ، دەبێتە هەڵنان بۆ کردنی تاوان ، بۆ نمونە تاوانی (هاندان ) ، وەک هاندانی کەسێک بۆ کردنی تاوانێک لە ڕێگەی خستنەڕووی بیرۆکەو پێشنیار ، تەفرەدان ، فریودان و هەڵخەڵەتاندن ، بەڵێندان و سوێندخواردنی درۆ بە مەبەستی قایلکردن بۆ ئەنجامدانی تاوان، ... هتد هەروەکو (ڕوستایی ) لەمبارەیەوە دەڵێت "بە ڕای ئێمە هاندان زیاتر بە ووتە ئەنجام دەدرێت نەک کردارو شێوازەکانی تر ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوەی جۆراوجۆری زۆری هەیە ، وەک پێدانی بەڵێن بە شتێک یان پێدانی پۆستێک یان ماڵ یان هاندان لە ڕێگەی هەڕەشە و چەندین شێوازی تر کە بوونیان هەیە " (ڕوستایی 2018 :378 ).

## ٢/٢-١) پەنجە مۆری زمانیی چەمک و تێڕوانین :

لە ڕاستییدا ئەوەی هەتا ئێستا بەشێوەیەکی بەرچاو کەسەکان دەربارەی پەنجەمۆر پێی ئاشنان و دەیزانن ، ئەو کۆمەڵە هێڵە شێوە بەرز و نزمانەی سەر لێواری پەنجەکانن ، کە لە زۆربەی مامەڵە یاسایی و کارگێڕییەکان ، سیستەمی ئاسایش و پاراستنی مافی کەسی ، لە کلتورە جیاوازەکاندا بۆ خوێندنەوەی بەخت ، هەروەها گرنگتر لە هەموویان بۆ دۆزینەوەی تاوان و تاونباران بەکاردێن . بەکارهێنانی ئەو هێڵانەش بۆ ئەو مەبەستانە ، لەوەوە هاتووە ، کە پەنجەکان "هەر کاتێ بە شتێ بکەوێ شوێنەوارەکەی دەکەوێتە سەرو بەجێ دەمێنێت ، ئەو هێڵانە سروشتی مرۆڤن و زانستی پزیشکی ئەوەی سەلماندووە ، هەر کە منداڵ لە ناو سکی دایکییەتی لە مانگی چوارەمەوە ئەو هێڵانە درووستدەبن ، بە هیچ شێوەیەک تەنانەت بە هۆکاری بۆماوەیش گۆڕانی بەسەردا نایەت ، تا ئەو مرۆڤە لەسەر ژیان بێت ئەو هێڵانەی پەنجەمۆر وەکو خۆی دەمێنێتەوە تەنیا هی جمک وەکو یەکە ئەویش ئەگەر لە یەک هێلکەی پیتراو دروست بن و کرۆمۆسۆمیان یەک بێت "(عبدالرحمن٢٠٢٠: ١٥٥) . بەڵام لە ڕاستییدا ، جۆرەکانی پەنجەمۆر هەروەکو شارەزایان دیارییانکردووە جۆریان زۆرە و بە شێوەی جۆراو جۆر پۆلێنکراون ، ئەوەی مەبەستی ئەم توێژینەوەیەشە ، باسکردنی جۆرێکی دیکە لە پەنجەمۆرە ، کە لە زانستی زماندا (پەنجەمۆری زمانیی) پێدەوترێت و لە سادەترین پێناسەدا ، بە پرۆفایلی زمانیی ناسراوە.

لە بابەتی تاوانکارییدا ، ئەگەر پەنجەمۆربە گشتی بریتیبێت لە یەکێک "لە بەڵگەکانی ماددی بەچاو نەبینراوو زۆر گرنگ ، لە بواری لێکۆڵینەوەی تاوانکاری کاتێک تۆمەتبارلە شوێنی تاوان بەجێیدەهێڵێت ، دەبێتە هۆی ناسینەوەی ناسنامەی تۆمەتبار کە هیچ شک و گومان هەڵناگرێت بەهۆی بوونی شوێنەواری پەنجەمۆر لە شانۆی تاوان ئەوە دەردەخات کە ئەو کەسە لەوێ بووە و پەیوەندی بەم شوێنەوە کردووە "(عبدالرحمن ٢٠٢٠: ١٥٥) ئەوا پەنجە مۆری زمانی بریتییە لە بەڵگەی نووسراو و بیستراو ، کە لە ڕێگەی تەکنیک و ستراتیژییەکانی زانستی

زمانەوە دەدۆزرێتەوە و بە هەمان شێوەی پەنجەمۆری ئاسایی دەبێتە هۆی ناسینەوەی ناسنامەی تۆمەتبار و چەندین زانیاری ورد لە بارەیەوە دەخاتە بەردەست ، لەبەرئەوەی "هەر مرۆڤێک زمان بە شێوەیەکی جیاواز بەکاردەهێنێت ، کە بە ئاسانی و بێ هیچ گومانێک ، دەتوانرێت ئەم جیاوازییە وەکو جیاوازی پەنجەمۆر ببینرێت " ( Ahmed 2021 :24) ئەمەش واتای ئەوەیە ، پەنجە مۆری زمانیی کەسەکان ناوازەن ، هێندەی ناوازەیی هێڵکاری پەنجەکان ، چونکە بیرکردنەوە و تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زمانیی هەموو تاکەکان وەک یەکنین ، هێڵی گشتییان هەیە ، لە هەمانکاتدا جیاوازی ناوازە لە دەربڕین و تێگەیشتندا ، ئەویش بە هۆکاری ئەوەی " هەموو کەسێک فەرهەنگێکی زمانیی تایبەت بە خۆی هەیە ، کە پێکهاتووە لە ئەزموونە زمانییەکانی کەسەکە ، ڕۆشنبیرییەکەی ، ئەو چوارچێوەیەی کارلێکی لەگەڵدا دەکات ، ئەمە جگە لە کارتێکەرە فسیۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان ، کە کاریگەری لەسەر دروستکردنی گشت تاکەکان بەشێوەی ناوازە ، لە چۆنیەتی دەربڕین و بەکارهێنانی پێکهاتەکان و خستنەڕووی بیرۆکەکان بەجێدەهێڵن" (عباس ٢٠٢٠: ١٩) .

لە پۆلێنکردنی هەندێک لە لێکۆڵینەوەکاندا ، پەنجەمۆری زمانیی لە چوارچێوەی (پەنجەمۆری دەنگ)دا کورتکراوە و باسیلێوەکراوە ، بۆ نموونە:

١- ( الراوي ) لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە بە ناونیشانی (پەنجەمۆر) ە ، چواردە جۆری پەنجەمۆری دەستنیشانکردووە ، کە بریتین لە (پەنجەمۆری چاو ، پەنجەمۆری قژ ، پەنجەمۆری گوێ ، پەنجەمۆری قەبارەی دەست ، پەنجەمۆری هێڵەکانی دەست ، پەنجەمۆری دەمارەکانی دەست ، پەنجەمۆری ڕیتمی دەست ، پەنجەمۆری نینۆک ، پەنجەمۆری گەرمایی ، پەنجەمۆری دەنگ ، پەنجەمۆری ڕووخسار ، پەنجەمۆری بۆن ، پەنجەمۆری بۆماوەیی DNA ، پەنجەمۆری لێو ) (الراوي ٢٠١٥ : ٨).

٢- محافظي محمود لە لێکۆڵینەوەی (پەنجەمۆر وەک بەڵگەی زانستی و ڕەوابوونی لە بەڵگەی تاواندا ، جۆرەکانی پەنجەمۆری بۆ- پەنجەمۆرە بەرجەستەکراوەکان ، پەنجەمۆرە نابەرجەستەکراوەکان - دابەشکردووە و پەنجەمۆرە بەجەستەکراوەکانی پۆلێنکردووە بۆ پەنجەمۆری (ڕووی پێست ، ددان ، گلێنەی تۆڕی چاو ، بۆماوەیی ) پەنجەمۆرە نابەرجەستەییەکانیش بۆ ( دەنگ ، بۆن ، مێشک ، دەروونی ) ) (محمود ٢٠١٥ : ٥-١٤)

٣- (آمال عبدالرجمن) لە تێزی ماستەرەکەیدا بە ناونیشانی (بەڵگەی زانستی نوێ و ڕۆڵی لە بەڵگەی تاواندا) دووجۆر پەنجەمۆری دەستنیشاتکردووە ، کە بریتین لە :

أ. پەنجەمۆری بۆماوەیی.

ب. پەنجەمۆری پەنجەکان ،دەنگ ، وێنە ، مێشک.

بەڵام لە ڕاستییدا پەنجەمۆری زمانیی تەنیا لە چوارچێوەی دەنگدا ناوەستێتەوە ، بە پیشت بەستن بە بوارە جیاوازەکانی زمانەوانی پەنجەمۆری زمانیی بە چەندین جۆر دەستنیشاندەکرێن ، لەبەرئەوەی پەنجەمۆری زمانیی "ئاماژەیە بۆ ئەو شوێنەوارە تایبەتەی ، کە لە ئاخاوتنی تاک بەجێدەمێنێت ، پێناسەی بەوە دەکرێت ; ڕەفتاری زارەکی تاک ، ڕێگای تایبەتی لە دەربڕین ، شێوازی نواندنی ئاخاوتن ، هەر تایبەتمەندییەکی دەنگی، واتایی ، بینراو ، کۆمەڵایەتی ، دەروونی ، ڕۆشنبیری دەگرێتەوە ، کە تایبەتمەندییەکانی زمانی کەسێکی پێ جودا دەکرێتەوە ، کە لە هەمان کاتدا بەسترابێتەوە بە داوایەکی یاساییەوە"( الهندی ، عامر ٢٠٢٠ :١٢١ )، ئەمەش ئەو ڕاستییە ڕووندەکاتەوە ، کە زانستی لێکۆڵینەوە لە زمان ، زیاتر لەوەی درکی پێدەکرێت ، فرە ئەرکە و لەم ئەرکەشیدا ئەکادیمیانە لە توانایدایە لایەنی شاراوەی زمانیی تاکەکان دەربخات و پەسنیانبکات . بە واتایەکی تر "بەکارهێنانی زمان چ لە نووسیندا بێت یان لە ئاخاوتندا ، دەکرێت نیشانەیەک بێت وەک جیاکردنەوەی پەنجەمۆر – هەروەها ئاواز ، شێوەزار ، خێرایی دەنگ ، کە ئەگەرچی دەکرێت بگۆڕێن ، بەڵام بێهاوتایە . " . (ELEK , Habil 2016 :130)

لە ئێستادا لە سیستمی دادوەری زۆربەی وڵاتاندا ، هەر وەکو چۆن پشت بە پەنجەمۆر ، شوێنپێ ، پرچەمۆر ، ئارەقەمۆر ، شوێنەواری نینۆک ، شوێنەواری سپێرم ، ... هتد وەکو شوێنەواری تاوان دەبەسترێت ، بە شێوەیەکی فراوانیش لێکۆڵینەوەی تاوان لە ڕێگای زمانەوە دەکرێت. واتە پشت بەو بەڵگانە ، کە لێکدانەوە زمانییەکان دەیخەنە بەردەست لەسەر بنەمانەی لێکدانەوەی (پەنجەمۆری زمانیی) دەبەسترێت ، چونکە هەروەکو ئەوەی دوو پەنجەمۆر ناکرێت لەیەکبچن ، هەرواش دوو پرۆفایلی زمانی لەیەکترناچن .

هەر تاکێک لەسنوری زمانێکی دیاریکراودا ، جگە لەو شێوەزارە ناوچەیی یان کۆمەڵایەتییەی ، کە هەیەتی و ناسنامەی کۆمەڵایەتی پێدەبەخشێت ، خاوەنی فەرهەنگێکی زمانیی تایبەت بە خۆیەتی ، کە لە چۆنیەتی بیرکردنەوە و بیروباوەڕ ، پێگەی کۆمەڵایەتی ، ئاستی ڕۆشنبیری ، باری دەروونی ، پسپۆڕی ، هەڵکەوتنی ئەندامە ئۆرگانییەکان تایبەت بە چۆنیەتی گۆکردن ، دەربڕینەجیاوازەکان ، ئۆرسۆگرافی، ستایلی تایبەت لە بەرکارهێنانی وشەو ڕستەکان ، چۆنێتی گوزارشتکردن لە شتەکان و پەسنکردنیان ،... هتد پێکهاتووە ، کە بۆ ناسینەوەی تاوانبار و پەیداکردنی بەڵگەی تاوانبارکردن یان بێتاوانی یارمەتیدەرن ، هەر بۆیە دەبیستین زۆرجار پەنجەمۆری زمانیی بە ( بەڵگەی تۆمەتبارکردن) ناودەبرێت.

کەواتە ئەوەی ڕوونبووەوە ئەوەیە ، کە هەر تاکێک بە پێی ئەو وشانەی لە ڕێگەی بیستن ، خوێندنەوە ، وەرگێڕانەوە فێریان دەبێت ، ئەوانەش ، کە بەهۆی لە لایەنە کۆمەڵایەتی ، ڕۆشنبیری ، ئایدۆلۆژی ، دەروونی ، ئایینی ، بیەکانیەوە ... هتد پێیاندەگات ، لەگەڵ ئەو

سیستەمە زمانییە جیاوازەی ، کە تایبەت بە خۆی سەبارەت بە بەکارهێنانی زمان هەیەتی ، ناسنامەی زمانیی دروستدەبێت ، ئەم ناسنامەیە بریتییە لە پەنجەمۆری زمانی ئەو تاکە و لە زمانەوانی دادوەرییدا بە بەڵگە و یارمەتیدەرێکی بەهێز لە دەستنیشانکردنی تاوانباری و بێتاوانی کەسەکاندا دادەنرێت، بۆیە پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارانە ڕوونبکەینەوە ، کە ئایا پەنجەمۆری زمانیی سوودی چییە ؟ لە لێکدانەوەی چ جۆرە داوایەکی سزایی و تاوانێکی زمانییدا بەشدارە ؟ بە پشت بەستن بە چ ستراتیژییەکی زمانەوانی کاردەکات؟

## ٢-٢/٢) پەنجەمۆری زمانیی لە لێکدانەوەی تاوانی نێو داوا سزاییەکان :

بواری دادوەری و دادگای زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا و ئەمریکا ، بۆ چەندین داوای یاسایی و کەیسی تاوانکاری ، بەشێکی گرنگی پشتپێبەستنیان بە ئەنجامی ئەو ڕاپۆراتانەیە ، کە شارەزایانی زمانیی لە لێکدانەوەی تاوانە زمانییەکاندا کەڵکیان لە پەنجەمۆری زمانیی وەرگرتووە . بوونی ئەو جۆرانەی داوای سزایی و کەیسی تاوانکاریش تەنیا بەو وڵاتانەوە پەیوەست نییە ، بەڵکو لە سیستەمی دادوەری زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان و تەنانەت دادگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا ، بە تاوان هەژمارکراون و لە یاسای سزاداندا سزای تایبەتییان بۆ دەستنیشانکراوە . بەڵام ئەوەی جیاوازە ، ڕادەی پشت بەستنی دادگاکانە ، بە لێکدانەوەی زمانەوانان لەو داوایانەدا .

بەو پێیەی هەندێک لە داوا سزاییەکان دەچنە چوارچێوەی تاوانە زمانییەکانەوە ، بۆیە بە بێ دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانی لایەنەکانی بەشدار لەو داوایانەدا ، ڕەنگە بەڵگەی پێویست یان دروست بۆ دادگا نەیەتە بەردەست و لە دەرئەنجامدا بڕیارێکی نادادپەروەرانەی لێبکەوێتەوە . لەبەر ئەوەی هەر دەربڕاوێکی زمانیی ، لە لایەن خاوەنەکەیەوە ، تا دەگاتە وەرگر ، بە شێوەیەکی ئەبستراکت چەندین هۆکار بووەتە هۆی دەربڕینیان ، لەوانە :

أ- مەبەستی ئاخێوەر/نووسەر .

ب- باری دەروونی ئاخێوەر/نووسەر لە کاتی دەربڕینی دەربڕاوەکەدا.

ت- ئەو پاڵنەرانەی وایکردووە ئەو دەربڕاوە بێتە کایەوە.

هەموو ئەمانە بە ڕەچاوکردنی بیرکردنەوە ، تەمەن ، ڕەگەز ، ئاستی ڕۆشنبیری ، کۆمەڵایەتی ،خوێندەواری ، ڕادەی زیرەکی ، ئابووری ، تەنانەت لایەنی بایۆلۆجی کەسەکە ، ئەو دەوروبەرەی کە دەربڕینەکەی تێدا هاتووەتە بەرهەم لە ڕووی کات و شوێن و ...هتد ، کاریگەری لەسەر دەربڕین بەجێدەهێڵن.

بۆیە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکە ، لە لایەن شارەزای زمانییەوە ، لە ڕێگەی پەیوەستکردنی ئەو هۆکارانە بە ستراتیژییە تایبەتەکانی زمانەوانی دادوەرییەوە دەبێت ، کە لەم ڕێگەیەوە لێکۆڵەر و دادوەر وەڵامی زۆر پرسیاریان بۆ ڕووندەبێتەوە ، کە سوودیان بۆ ڕەوتی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن هەیە ، لەوانە :

١- پەنجەمۆری زمانیی کەسەکەن لە ڕێگەی شێوازی ئاخاوتنەوە ڕوونیدەکاتەوە :

أ. شێوازی بیرکردنەوەی کەسەکە چۆنە ؟ ئەمیش بەهۆکاری ئەوەی " زمان ڕەنگدانەوەی بیرە و ئامرازی سەرەکی و کارای گەیاندنی بیر و قاڵبی بیر و ئاراستەکەری بیرکردنەوە و... هتدی بیرە " (شەمس ٢٠١٨ :١٣٦) ، واتە شێوازی بیرکردنەوە لەگەڵ شێوازی ئاخاوتن تەواوکەری یەکترن ، بە شێوەیەک کە دەوترێت " ئاخاوتن بریتییە لەو کۆمەڵە ڕستانەی کە قسەکەر بۆ گوزارشتکردن لەو بیرۆکانەی کە هزری دەهەژێنێت دەیان درکێنێت "(عەلی ٢٠٢٠ : ٩٧) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، کە ئەو دوو شێوازە پێویستە پێکەوەگونجاوبن ،چونکە گەر بیرکردنەوەی بەوشێوەیە نەبێت شێوازەکەش هیچ مەبەستێک لە خۆی ناگرێت و ڕەنگە ببێتە پەرچەکردار. چونکە هەروەک (المسدي) ئاماژەی پێداوە "شێواز لیستێکە بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی بیرکردنەوە لای خاوەنەکەی "(المسدي ١٩٩٧ :٦٠) ، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت ، ئەو شێوازەی تاکێک بۆ گوزارشتکردن لە بیرکردنەوەکانی بەکاریدێنێت ، دەبێتە مۆرکی زمانی ئەو کەسە و پەنجەمۆری زمانییەکەی پێدەستنیشاندەکرێت.

ب. مەبەستی کەسەکە ڕووندەکاتەوە ؟ بۆ نمونە کەسێک ، کە تاوانبارکرابێت بە تاوانێکی زمانیی ، لە بنەڕەتەوە ئەو تاوانەی ئەنجامی داوە بە شێوەیەکی سەرزارەکی و بێ مەبەست بووە ؟ یان مەبەستێکی تایبەت و پلانی داڕێژراوی بۆ ئەو تاوانە هەبووە؟ ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ، ئایا ئەو کەسە خۆی لە بنەڕەتەوە شێوازێکی نەرم و نیانی لە دەربڕیندا هەیە ؟ یاخود زمانی زبر و توند بەکاردەهێنێت ؟ دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە ، کە کەڵک و بایەخی زۆری بۆ دەستنیشانکردنی ڕادەی تێوەگلانی تاوانبار بە تاوانەکەیەوە هەیە ، لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکەوە دەبێت ، بۆ نمونە لە تاوانی هەڕەشەکردندا ، تاوانبار تا چەند مەبەستێکی ڕاستەقینەی هەبووە لە جێبەجێکردنی هەڕەشکردنەکەییدا ؟ ئایا تا چەند ڕاستە و لەسەدا سەد دڵنیاکەرەوەیە ، ئەو هەڕەشەیەی ئەو گومانلێکراوە کردوویەتی لەگەڵ جێبەجێکەری هەڕەشەکە هەمان کەس بن ؟ ... . واتە شێواز دەتوانێت بەمەبەستی تاوانەکەمان بگەیەنێت ، کە لە یاسادا بە مەبەستی تاوانکاری و هەڵە ناسراوە و لە ماددەی (٢٣) یاسای سزاکاندا جۆرەکانی دەستنیشانکراوە ، لە ماددەکانی دواتریشدا سزاکانی خراونەتە ڕوو . ئەمەش واتای ئەوەیە کە لە یاسادا مەبەست ڕادەی تێوەگلانی تاوانبارەکە بە تاوانەکەیەوە ڕووندەکاتەوە.

ت. دەتوانرێت بە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی گومانلێکراوان و تاوانباران ، لە ڕێگەی ئەو شێوازە زمانییەی بۆ مەبەستی ڕازیکردن بەکاریدێنن، لێکدانەوە بۆ چەندین جۆری تاوانی زمانی بکرێت ، لەبەرئەوەی لە ناو کەیسە تاوانکارییەکاندا ،چەندین تاوانی زمانیی تۆمارکراون ، کە لەڕێگەی کردەی ڕازیکردن و کاریگەریخستنەسەرەوە ئەنجامدراون ، هەربۆیە لە زمانەوانییدا هەوڵدراوە ئەو ڕێگایانە دەستنیشانبکرێت ، کە تاکەکان بۆ جێبەجێکردنی کردەی ڕازیکردن دەیگرنە بەر ، لەم ڕووەوە (عوسمان ٢٠٠٩ :٤٢) بە کۆکردنەوەی بیروڕای زانایان چوار ڕێگای بۆ ڕازیکردن دەستنیشانکردووە ، کە بریتین لە" ڕازیکردن لە ڕێگەی هۆشەوە ، ڕازیکردن لە ڕێگەی سۆزەوە ، ڕازیکردن لە ڕێگەی ترسەوە ، ڕازیکردن لە ڕێگەی دووبارەکردنەوە " ، دەستنیشانکردنی هەرجۆرێک لەم ڕێگایانە لە شێوازی کردەی ڕازیکردنی کەسێکی دیاریکراودا ، پەنجەمۆری زمانیی کەسەکە دیاریدەکرێت ، کە دەتوانرێت بۆ لێکدانەوەی تاوانەکەی بەرکابهێنرێت و ئاستی تاوانباری و بێتاوانی کەسەکەی پێدەستنیشانبکرێت، بۆ نمونە تاوانی هاندان (هاندان بۆ لاڕۆیی و داوێن پیسی) کەسی تۆمەتبار بەو تاوانە ، هەرچەندە نکوڵی لەو تاوانە بکات ، بەڵگەی نادروست بۆ بێتاوانی بێنێتەوە ، شارەزای زمانیی دەتوانێت بە بەراوردکردنی ئەو شێوازە زمانییەی تاوانبار بۆ ڕازیکردنی لێکۆڵەرو دادگا بەکاریدێنێت ، لەگەڵ ئەو شێوازەی بەهاندان پێی تۆمەتبارکراوە ، بە بەڵگەی درووست بۆ تاوانبارکردن یان دەرخستنی بێتاوانی بگات.

٢- لە ڕێگەی پەنجەمۆری زمانییەوە ، درک بە لایەنی دەروونی کەسی گومانلێکراو یان تاوانبار دەکرێت ، چونکە هەروەکو ساپیر دەڵێت : "زمان هۆیەکی ناغەریزییە تایبەتە بە مرۆڤەوە بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، بەهۆی ڕەمزەوە لەسەر یاسا ڕۆیشتووە ، و کار دەکات و لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە " (فەتاح ٢٠١١ : ١١)دیارە گواستنەوەی هەست و ئارەزووی مرۆڤیش گواستنەوەی لایەنی دەروونی تاکە بە گوێگر ، بۆ نمونە لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانییەوە دەتوانرێت درک بە کەسێک بکرێت ، کە بە تووڕەیی ئاخاوتن دەکات ، ئەو تووڕەییەی ، بەشێکە لە پەنجەمۆری زمانییەکەی و بەردەوام لەگەڵیدایەتی؟ یاخود لەو کاتەدا هۆکارێکی تایبەت بووەتە هۆی درووستبوونی ئەو شێوازە لە دەربڕین؟ ئەمەش بۆ ڕەوتی لێکۆڵینەوە گرنگە و دادگاییکردن بە تایبەتی لەو بارانەدا کە تاوانبار مافی (بەرگری ڕەوا ) دەیگرێتەوە ، لەبەرئەوەی ڕەنگە لەڕوونکردنەوەی ئەمبارەدا داواکراو و داوالێکراو بەقەد یەک تاوانبارbن. ئەمە جگە لەوەی گرفت و کێشەکانی دەربڕین لە کەسێکدا وەکو نەخۆشییەکانی زمان (Lnaguage Disorders) ، نەخۆشییەکانی ئاخاوتن (Speech Disorder) ، نەخۆشییەکانی بیستن بەشێکن لە پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان . بۆ نمونە بە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکانی گەشە ، یاخود نەخۆشییەکی وەکو ئەفاژیا ، گنی ، خێرایی قسەکردن ، وەستان ، جەلجەلە و ... هتد ، کە کاری زانستی زمانی دەروونییە ،

دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لە تاوانباری و بێتاوانی کەسێک بکرێت. بۆ وێنە لە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسێکی ئەفاژیای برۆکادا ئەوە ڕووندەبێتەوە ، کە لەکاتی قسەکردندا ڕستەکانی پچڕپچڕ و ناتەواون ، ئەمەش جیاوازە لە پەنجەمۆری زمانی کەسێک کە شێت ، سەرخۆش ، یان بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر بێت ، یاخود کەسێک ، کە زمانی دەیگرێت یان بە خێرایی قسەدەکات  لە بێهۆشێک جیاوازە.

دەستنیشانکردنی هەموو ئەم تایبەتمەندییانەش بە شێوەیەکی زانیستییانە وەکو پەنجەمۆری زمانی کەسەکە ، لەلایەن شارەزایی زمانییەوە ، ڕەنگە بچێتە چوارچێوەی بەشی کۆتایی ماددەی (٦٠) لە یاسای (نەمانی پێزانین و ویست ) لە یاسای سزاکانی عێراق وەکو بەڵگە بۆ بێتاوانی کەسەکە ، یاخود بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە لە ڕێگەی دەستینشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکەوە ، بەڵگەیەکی وەها بخرێتە بەردەستی یاسا ، کە تاوانبار سزا بیگرێتەوە . بۆ نمونە تاوانی ساغبوونەوەی تاوانی جنێودان بەسەر کەسێکدا لەڕێگەی دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکەوە .

٣- پەنجەمۆری زمانیی ڕێگایەکە بۆ دەستنیشانردنی تیرۆرستان : "پەنجەمۆری زمانیی دەتوانرێت بۆ دۆزینەوەی تیرۆرستان و هەموو ئەوانەی پەیوەستە پێیانەوە  سوودی لێوەربگیێت ، ئەویش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە دەقە نووسراوو وتراوەکانیانەوە بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە و ئاشکراکردنی ئاماژە و هێما زمانییەکان ، کە ئاماژە بۆ خاوەنی ڕاستەقینە و باردۆخیان دەکات . "( الهندی ، العامری ٢٠٢٠ :١٢٢)

٤- لە ڕێگەی پەنجەمۆری زمانییەوە ، لێکۆڵینەوە بۆ دەستنووس و ڕێنووسی ئەو دەقانە دەکرێت ، کە بە داوایەکی سزاییەوە بەستراونەتەوە . هەر لەوێشەوە لە ڕێگەی ستراتیژییە زمانییەکانەوە دەتوانرێت درک بە زۆر لایەنی تایبەتی کەسەکە بکرێت ، کە سوودی بۆ لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنی ئەو دۆسەیەیە دەبێت ، وەکو لایەنی دەروونی ، کۆمەڵایەتی ، ڕۆشنبیری ، جوگرافی ، ... هتد خاوەنی دەستنووس.

٥- لە ڕێگەی پەنجە مۆری زمانییەوە ، دەتوانرێت تایبەتییە کەسییەکانی کەسی (گومانلێکراو ، تاوانبار) لە ڕووی زمانی جەستەوە دەستنیشانبکرێت و کەڵکی لێوەربگیرێت بۆ لێکدانەوەی ئەو تاوانەی پێی تاوانباراکراوە ، بۆ نمونە بەکارهێنانی جوڵەکانی چاو ، دەست ، ... هتد ئەو کەسە لە کاتی ئاخاوتندا ، تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر هەندێک تاوانی زمانیی وەکو (هەڕەشەکردن ، هاندان ، ... هتد).

لە ڕاستییدا لێکدانەوەی تاوانی زمانیی لە ڕێگەی پەنجە مۆری زمانییەوە ، بە زۆر شێوەی جۆراوجۆر سوود و کەڵک بە لێکۆڵینەوەی تاوانکاری و پرۆسەی دادگاییکردن دەگەیەنێت .

هەروەکو دواتر لە پراکتیزەکردنی لێکدانەوەی نموونەی دۆسیە وەرگیراوەکانی دادگاکاندا لە بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیدا ڕووندەبێتەوە ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە ، پەنجەمۆری زمانیی بۆ هەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن بە ئامرازێکی گرنگی لێکدانەوە و بەدەستهێنانی بەڵگەی زمانیی لە پرۆسەی دادوەرییدا دادەنرێت. چونکە پەیوەست بە پەنجەمۆری زمانیی هەریەک لایەنەکانی بەشدار (تاوانبار ، تاوانلێکراو ، تۆمەتبارکراو ، گەواهیدەر ، ...هتد) لە داوایەکی سزاییدا ، لە لایەک ئاسانکاری بۆچۆنیەتی خستەڕووی پرسیارەکانی قۆناغی لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی شارەزایانە دەکرێت ، لە لایەک لێکدانەوەیەکی ئەکادیمیانە پەیوەست بە ڕێسا و ستراتیژییە زمانییەکانەوە بۆ تاوانە زمانییەکە دەکرێت ، ئەمە جگە لە دۆزینەوەی بەڵگەی زمانیی پێویست ، کە لە دواجاردا یارمەتیدەر دەبن لە دەرچوونی بڕیاری دادپەروەرانەدا.

## ٢/٢-٣) داوا سزاییەکان پەیوەست بە ئەو تاوانانەی بە پەنجە مۆری زمانیی لێکدەدرێنەوە :

ئەو داوا سزاییانەی بە تاوانە زمانییەکانەوە پەیوەستن ، لێکدانەوەیان پێویستی بە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسانی بەشدار لە داواکە هەیە ، زۆر جۆر دەگرنەوە . خستنەڕووی لێکدانەوەی تاوانی ناو ئەو دۆسێیانەی تایبەتن بەو داوایانەوە ، بە پراکتیکی و بە پێی ستراتیژییەکانی پەنجەمۆری زمانیی ، لە بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدایە ، بەڵام لە سەرەتادا پێویستە ئاماژە بەو داوا سزاییانە بدرێت ، کە شارەزایی زمانیی تیایدا بۆ لێکدانەوەی تاوانەکان پشت بە پەنجەمۆری زمانیی دەبەستن . ئەو داوایانە لە ڕووی زمانەوانییەوە پۆلێنێن دەبن بۆ سێ جۆر :

یەکەم : ئەو داوایایەی پەیوەستن بە دەقێکی (یاسایی) نووسراوەوە .

دووەم : ئەو داوایانەی پەیوەندییان بە دەقی وتراو (زارەکی) ییەوە هەیە .

سێیەم :داوا هاوبەشەکان.

## یەکەم : ئەو داوایایەی پەیوەستن بە دەقێکی (یاسایی) نووسراوەوە :

ئەو خوێندنەوانەی بۆ دەقێک دەکرێت ، لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ، لەلایەن کەسی جیاوازەوە و بۆ مەبەستی جیاواز دەبێت ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەڵبگرێت، بەڵام بۆ دەقێکی یاسایی ، بە پێچەوانەی ئەوەی باسکرا پێویستە دووربێت لە بیروبۆچوونی کەسی و لایەنگیری تاکەکەسی ، بەڵکو مەرجە ورد و زانستییانە و پشتبەستوو بە ستراتیژییە زمانییەکان بێت ، بۆ نمونە :

یەکەم : دەقی ئەو داوایانەی تایبەتن بەو تاوانانەی ، کە باوەڕی گشتی دەشێوێنن : ئەم داوایانە چەندین جۆری تاوان لەوانەی ، کە دەچنە بواری تاوانی زمانییەوە دەگرنەوە ، وەک :

١- لاسایی و دەستکاریکردنی مۆرو نیشانەو پوولەکان:

مەبەست لە تاوانی لاسایکردنەوە درووستکردنی شتێکی ساختە لەسەر شێوەی شتێکی درووستە ، وەکو لاساییکردنەوەی مۆر و هێما و لۆگۆ بازرگانییەکان ، لاسایکردنەوەی واژووی سەرۆک یا بەڕێوەبەر ، ... هتد ، کە نمونەی ئەمجۆرە تاوانانەن. بۆ نمونە هێمای بازرگانیی ، کە بە ناسنامەی ڕاستەقینەی کۆمپانیایەک دادەنرێت و پەیوەندی لە نێوان بەرهەم و بەکارهێنەراندا دروستدەکات ، زۆرجار بە شێوەیەک دەناسرێت ، دەبێتە جێگەی متمانەی بەکارهێنەرانی دانیشتوانی سەرانسەری جیهان وەکو هێما بازرگانییە بەناوبانگەکانی ( مایکرۆسۆفت Microsoft ، ئەپڵ Apple ، سامسۆنگ Samsung، ئەمەزۆن Amazon ، ...هتد ) ، یاخود هەر کۆمپانیا یان شوێنکارێکی بازرگانی ناوخۆیی کە ناوی لە ژووری بازرگانی تۆمارکرابێت ، وەکو کۆمپانیای (ئاسیاسێڵ Asia cell، کۆرەک Korek telecom ، پایۆنییر PiONEER ، قەیوان Qaiwan group ، ئاوامێدیکا Awamedica ، ...هتد) هێما و ناوەکانیان لەگەڵ ستراتیژییەتی کارەکانیان و ئەو خزمەتەی بە بەکارهێنەرانی دەکەن ، لەگەڵ ئەو فیدباکەی بەکارهێنەران بۆ بەرهەمی ئەو کۆمپانیایە هەیانە ، دەبنە پەنجە مۆری زمانیی ئەو هێمایەی لە ڕێگەیەوە کۆمپانیاکەی پێدەناسرێتەوە ، بۆیە بەکارهێنان و لاساییکردنەوەی هێما و ناوی کۆمپانیایەک ، بۆ هەر مەبەستێک بێت بە تاوانی زمانیی دادەنرێت و سزای تایبەتی خۆی هەیە ، چونکە وەکو هەرجۆرێکی تری تاوان زیان بە بەرژەوەندی لایەنێک یان کۆمەڵێک دەگەیەنێت و بە تاوان هەژماردەکرێت ، لەبەرئەوەی :

أ. ڕەنگە کۆمپانیایەکی لاساییکەرەوە کالا و شمەکی خراپ بخاتە بازاڕەوە بە ناو و هێمای کۆمپانیایەکی دیکەوە ، ئەوەش لە لایەک دەبێتە هۆی ناوزڕاندنی کۆمپانیا ڕاستەقینەکە، لەدەستدانی متمانەی بەکارهێنەران، کەمبوونەوەی بازاڕی بەرهەمەکانی . لە لایەکی دیکە فریودانی بەکاربەرانی بەرهەمەکانی ئەو کۆمپانیایەیە بە کاڵای ساختە .

ب. بەکارهێنانی هێمایەکی زۆر نزیک لە هێمای کۆمپانیایەکی دیاریکراو بە مەبەستی خۆبەناوبانگردن ، دەبێتە هۆی دروستبوونی کێبڕکێیەکی ناداپەروەرانە لە نێوان ئەو دوو کۆمپانیایەدا ، کە ڕەنگە بە زیانی کۆمپانیا ڕاستەقینەکە بشکێتەوە.

٢- ساختەکردنی دراو و پەڕەدراوەکان و قەواڵە دراراییەکان :

ساختەکردن نووسراوەکان لە ڕێگەی لاساییکردنەوە و دەستکاریکردنی نووسراوەکانەوە بە تاوانە زمانییەکان هەژماردەکرێن و سزای تایبەتییان بۆ دەستنیشانکراوە ، وەکو تاوانی ساختەکردنی (چەکی بانکی ، نووسراوی تایبەت بە خەرجکردنی پارە ... هتد).

3- گزی یان دەستکاریکردنی نووسراوەکان:

دەستکاریکردن کە بە یەکێک لە تاوانە زمانییەکان هەژماردەکرێت لە ماددەی (٢٨٦)ی یاسای سزاکاندا وەها پێناسەکراوە کە "ڕاستی گۆڕینە بە مەبەستی خەوش کردن لە قەواڵە یان بەڵگەنامەیەک یان لە هەر نووسراوێکی دیکە بە یەکێک لە ڕێیەکانی مایەکی و ژێریاری (معنوي) کە یاسا دیاریان دەکات ، ئەمەشیان زیان بە بەرژەوەندی گشتی یان کەسێک بگەیەنێ "(خۆشناو٢٠٢٠ :٢٦٩) ، واتە مەبەست لە دەستکارییکردنی دەقێکی دیاریکراوە بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان بێت :

١- دەستکاریکردنی (ماددی ) : وەکو دەستکاریکردنی واژوو لە شێوەی ( گۆڕینی واژوو ، خەوشکردنی واژوو و مۆری کەسێک ، یان بەکارهێنانی واژوو بۆ مەبەستێکی خراپ) ، یاخود دەستکاریکردنی نووسراوێک بە زیادکردن یان سڕینەوە یان هەموارکردن و لاساییکردنەوەی نووسراوەکە .

٢- دەستکاریکردنی (مەعنەوی) :ئەمجۆرەیان ئەو تاوانە دەگرێتەوە کە بەتەواوی پێویستی بە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانی تاوانبارو لایەنەکانی بەشدار لە تاوانە زمانییەکەدا هەیە ، کە ئەمجۆرەی دەستکاریکردن لە یاسادا بە دەستکاریکردنی ژیاریاری ناودەبرێت و " بە یەکێک لەم ڕێگایانەی خوارەوە دەکرێت :

i. گۆڕینی دانپێدانانی خاوەندار کە ئامانج لە نووسینی نووسراوەکە تۆمارکردنی دانپێدانانی ئەو کەسەیە.

ii. دانانی ڕووداوێکی دەسکاریکراو لە شێوەی ڕووداوێکی دروست لەگەڵ ئەوەی بزانێ دەستکاریکراوە.

iii. ڕووداوێکی دانپێدانەنراو لە شێوەی ڕووداوێکی دانپێدرانراو.

iv. فێڵکاری بە کەسەیاتی یەکێکی دیکە یا گۆڕینی سیفەتێکی ناڕاست وەرگرتن ، بە شێوەیەکی گشتی گۆڕینی ڕاستی لە نووسراوێک یا فەرامۆشکردنی زانیارییێک لە کاتی نووسینی نووسراوەکە بۆ سەلماندنی ئەو شتە کە ئامادەکراوە ." (خۆشناو ٢٠٢٠ :٢٧١).

بۆ نمونە لە تاوانێکی وەکو خەوشکردنی واژوو و مۆری کەسێک ، لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی (کاڵ و تۆخی هێڵەکانی واژووەکە ، دەستپێکردنی سەرەتای واژووەکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ یاخود بە پێچەوانەوە ، ددیاریکردنی خالێک لە واژووەکە ، کە بە نوکی پێنووسەکە پەستانی دەخاتە سەر ، خێرایی لە درووستکردنییدا ، بەکارهێنانی جۆرێک پێنووسی تایبەت بۆ واژووکردن ، بەکارهێنانی هێمایەکی تایبەت لە واژووەکەدا کە لاسایکردنەوەی ئاسان نەبێت ، ... هتد) پەنجەمۆری زمانیی خاوەنەکەی لەو واژووەدا دەستنیشاندەکرێت ، بۆیە ڕەنگە بە دۆزینەوەی جیاوازییەکی هەرەبچوک ، لە یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی لە پەنجەمۆری زمانیی خاوەنی واژووەکەدا هەیە ، بەڵگەی جۆراوجۆر بەدەستبێت .

٤- ئەو داوایانەی پەیوەستن بە تاوانە کۆمەڵایەتییەکانەوە :

بۆ نمونە تاوانەکانی هەستی ئایینی دەگرنەوە : وەک تاوانی سوکایەتیپێکردن و بێڕیزیکردن بەرامبەر بە بیروباوەڕێکی ئایینی . گەر سەرنجبدرێتە بڕگەکانی ماددەی ٣٧٢ی یاسای سزاکانی عێراقی تایبەت بەمجۆرە تاوانە ، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە زۆر شێوەیان دەچنە چوارچێوەی تاوانی زمانییەوە و پێویستییان بە پەنجە مۆری زمانییە بۆ لێکدانەوەیان ، بە تایبەت بڕگەی (٤)ی هەمان ماددە لە تاوانە زمانیانەیە ، کە بە شێوەی دەقی نووسراو ئەنجامدەدرێت لە یاساکەدا ئاماژەی پێدراوە ، بە هەمان شێوە لە تاوانی سواڵکردندا وەکو لە بەشێکی ماددەی (٣٩٠)ی ئەم یاسایەدا هاتووە ئەوەی هەر ڕێیەکی "هەڵخەڵەتاندنی بەکارهێنابێ بۆ بەدەستهێنانی خێری خەڵک " (خۆشناو ٢٠٢٠: ٣٨٣) ، کە دەکرێت لە ڕێی ڕاپۆرتێکی پزیشکی ساختەوە ، یان پشتگیرییەکی ساختە لە لایەن پزیشکێک یا لایەنێکی پەیوەندیدارەوە بێت . هەرچەندە دەشکرێت بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکی زمانییەوە لە ڕێی درۆو هەڵخەڵەتاندنەوە بێت ، لە ڕێگەی ئەو دەربڕاوە زمانییانەوە کە هەستدەوروژێنن ، ترس دێننەکایەوە ، متمانە درووستدەکەن ، ... هتد ، بۆ نمونە لە ڕێگەی درووستکردنی چیرۆکی کاریگەر و هەستبزوێن بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر ، بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانەی دەبنە تۆقاندن و ترساندنی بەرامبەر لەئەگەری جێبەجێنەکردنی داوای قسەکەردا ، سوێند خواردن بە پیرۆزییەکان و هێنانەوەی نمونەی کاریگەر بە مەبەستی متمانە دروستکردن ، ... هتد.

٤- ئەو داوایانەی تایبەتن بە دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانی خاوەنداریتی (معنوی):

هەر تاکێک لە شێوازی ئاخاوتن و نووسینیدا ، لە ڕووی ئایدیا ، فەرهەنگی تاکەکەسی ، ڕێزمان ، پاش و پێشخستنی وشەکان و ...هتد. کۆمەڵێک تایبەتمەندی جیاکەرەوە و تایبەت بە خۆی هەیە ، کە دەستنیشانی پەنجەمۆری زمانییەکەی پێدەکرێت ، هەربۆیە لە تاوانێکی وەکو بڵاوکردنەوەی تەواوی یان بەشێکی نووسینێک یان توێژینەوەیەک بە ناوی کەسێکەوە ،

که خاوەنە ڕاستەقینەکەی نییە ، دۆزینەوەی ناسنامەی نووسەرایەتی ئەرکی شارەزای زمانییە ، کە پێویستی بە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری نووسەری ڕاستەقینە و ئەو نووسەرەشە ، کە گومانلێکراوە مافی نووسەرێکی دیکەی بردبێت ، ئەویش بە بەراوردکردنی نووسینە کێشە لەسەرەکە بە نووسینەکانی پێشووی هەردوو نووسەرەکە .

٥- ئەو داوایانەی تایبەتن بەرپرسیاریەتی لە تاوانەکانی بڵاوکردنەوە :

بڵاوکردنەوەی هەرجۆرێک لە نووسین ، کە بە تاوانی زمانییەوە تێوەگلابێت، جا لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە بێت ، یان پەڕتووکێک ، ... هتد ، بۆ نمونە تاوانی ناوزڕاندن و سوکایەتی پێکردن بە کەسێک ،لایەنێک ، کۆمەڵێک ، دەستەیەک ، ... هتد ، بە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی نووسەرەکە لە ڕووی بیربۆچوونەکانی ، شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لە گوزارشتکردندا ، ... هتد ، پەی بە ڕادەی تێوەگلانی ئەو کەسە بە تاوانەکەوە ببرێت ، ئایا ناوزڕاندن و سوکایەتیپێکردنەکە بە مەبەست بووە ؟ بە بەراروردکردنی بیروبۆچوونەکانی پێشووی ئەو سوکایەتییە ئاڕاستەی کێ کراوە ؟ ئەو شێوازە لە دەربڕین لە نووسینی دیکەشیدا هەیە ؟ ... هتد .

## دووەم : دەقی ئەو داوایانەی پەیوەندییان بە دەقی وتراو (زارەکی) ییەوە هەیە :

ئەمجۆرەیان زیاتر شێوەکانی ئەوجۆرە تاوانانە دەگرنەوە کە پەیوەستن بە تاوانەکانی لادان لە ڕەوتی دادپەروەری ، کە بە شێوەیەکی زارەکی ئەنجامدەدرێن ، بەڵام زیان بە بەرژەوەندی گشتی یان تاک دەگەیەنن ، لەم نێوەندەشدا شێوە جۆراوجۆرەکانی تاوانی درۆکردن ، بابەتی سەرەکی ئەم جۆرە داوا زارەکییانەن.

درۆکردن، کە یەکێکە لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردن جگە لەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە " بە پێچەوانەی ڕاستگۆیی کەسایەتی تاک لەکەدار دەکات ، لە کۆمەڵدا بە سوک سەیردەکرێ ، متمانەی پێناکرێ ، گوێگر ئەگەر ئەو سیفەتەی قسەکەر بزانێ شارەزای بێت، گوێی بۆ ناگرێت ، لە ناو کۆمەڵدا بە ( درۆزن )ناودەبرێ " (عوسمان ٢٠٠٩ :٦٧) ، لە ڕووی یاساییەشەوە ، گەر پەیوەست بێت بە داوایەکی یاساییەوە ، بە تاوانێکی زمانیی هەژماردەکرێت ماددەی تایبەت بە خۆی هەیە و سزای بۆ دەستنیشانکراوە .

بواره جیاوازەکانی زمانەوانی ، سەبارەت بە دەستنیشانکردنی کردەی درۆکردن ، ستراتیژیەتی تایبەت بە خۆیان هەیە ، بۆ نمونە (Frige 2008 :90 – 99 )ئاماژە دەنگییەکانی تایبەت بە درۆکردن بە " هەڵەی قسەکردن ، دەنگی بەرز ، ڕادەی قسەکردن ، ماوەی شاردنەوە ، ماوەی وچان ، ڕێژەی دووبارەبوونەوەی وچان " دەستنیشاندەکات ، واتە بە بەراوردکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان بەو تایبەتمەندییانەی بۆ کردەی درۆکردن

دەستنیشانکراون ، دەتوانرێت ، درک بە درۆ و ڕاستی دەربڕاوەکان بکرێت . تەنانەت زۆرێک لە زمانەوانان بە پێی بارودۆخە تایبەتیەکانیش ئاماژە زمانییەکانی تایبەت بە درۆکردن دەستنیشاندەکەن ، هەروەک ، هەریەک لە (هێنکۆک و ود ۆرپ )بە بەراوردکردنی هەریەک لە شێوازی درۆکردن و شێوازی ڕاستگۆیی لە پەیوەندیکردنی کۆمپیوتەرییدا ، چەند سیمایەکی جیاکەرەوەیان دەستنیشانکردووە ، کە دەتوانرێن وەکو پەنجەمۆری زمانیی کەسانی درۆزن دەستنیشان بکرێن :

أ- درۆزنەکان لە کاتی گفتوگۆی هەڵخەڵەتێنەرانەدا وشەی زیاتر وەک لە کاتی گفتوگۆی ڕاستییدا بەرهەمدێنن .

ب- درۆزنەکان لەکاتی گفتوگۆی فریودەرانەدا ، زیاتر پرسیار دەکەن ، بە بەراورد بە گفتوگۆی ڕاست و دروست.

ت- درۆزنەکان لە گفتوگۆ هەڵخەڵەتێنەرەکاندا ، کەمتر جێناوی کەسی یەکەم لە چاو جێناوە کەسییەکانی دیکەدا ، لەبەرامبەر بە گفتوگۆ ڕاستییەکان بەکاردەهێنن.

پ- درۆزنەکان لە کاتی گفتوگۆی هەڵخەڵتێنەرانەدا ، زیاتر وشەی هەستیی نێگەتیڤ بەکاردێن وەک لە گفتوگۆ ڕاستەکان.

ج- درۆزنەکان لەکاتی گفتوگۆی فریودەرانەدا ، کەمتر وشەی نوێ و چەمکی نەرێکردن بەکاردێنن ، بە بەراورد لە گفتوگۆ ڕاستییەکان.

ح- درۆزنەکان خۆیان بەدووردەگرن لەو دەستەواژە هۆکارییەکان لە گفتوگۆ هەڵخەڵتێنەرەکاندا .

خ- درۆزنەکان زیاتر ئەو چەمکانە ی ،کە واتادارن لەو گفتۆیانەدا کە هەڵخەڵەتێنەرن بەکاردەهێنن ، وەک لەو گفتوگۆیانەی ڕاستەقینەن.( Woodworth 2008 : 7-8)

بەشێوەیەکی گشتی هەریەک لە بوارەکانی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی ، سینتاکس ، سیمانتیک ، پراگماتیک ، زمانەوانی دەروونی ، زمانەوانی کۆمەڵایەتی ، ... هتد ، ستراتیژیەتی تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ ئاشکراکردنی پەنجەمۆری زمانی کەسی درۆزن ، کە دەتوانرێت بە تایبەت لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت ، هەربۆیە زمانەوانی دادوەری بە پشت بەستن بە ئەو ستراتیژییانە ، دەتوانێت لێکدانەوە بۆ گشت جۆرەکانی تاوانی درۆکردن بکات ، لەوانە (هەواڵدانی درۆو هەواڵنەدان ، بەدرۆسوێندخواردن ، دادوەری گومڕاکردن ، هەڕەشەکردن ، ساختەکردن ، بردنی مۆرگی بازرگانی ، جنێودان و سوکایەتیپێکردن ، ... هتد)

## سێیەم : دەقی داوا هاوبەشەکان :

مەبەست لەو داوایانەیە کە ئەنجامدانی تاوانە زمانییەکە دەکرێت لە شێوەی دەقێکی نووسراو یاخود وتراودا(زارەکی)دا بێت :

١- ئەو داوایانەی پەیوەستن بە تاوانەکانی بەرانبەر دەسەڵاتی گشتی دەکرێن : هەرچەندە کارکردن بە هەندێک لە ماددەکانی ئەم تاوانانە بە پێی یاسا وەستێنراون ، بەڵام هەروەکو لە ماددەی ٢٢٦ ی یاسای سزاداندا هاتووە و بە فەرمی کارپێدەکرێت ، ئەوەی تایبەتە بە تاوانی سوکایەتیپێکردن بە ئەنجوومەنی نەتەوە ، حکوومەت ، دادگەکان ، هێزە چەکدارەکان ، بە دەستەکانی پێرەوکاری ، دەسەڵاتە گشتییەکان ، بەرژوەندییەکان ، فەرمانگە فەرمییەکان ، یاسا فەرمییەکان ، لە ئێستادا کارایە و ماددەی تایبەتی لەسەرە و سزای تایبەتی بۆ دەستنیشانکراوە.

ئاشکرایە یەکێک لە شێوەکانی تاوانی سوکایەتیکردن ، سوکایەتیکردنە لە ڕێگەی زمانەوە ، جا لە شێوەی دەقێکی نووسراو ، یان لە شێوەی دەقێکی زارەکیدا بێت ، بۆیە ئەرکی شارەزای زمانیی لەمجۆرە لەم کەیسانەدا ، کە تاوانەکەی سوکایەتیپێکردنە ، بریتییە لە تاوتوێکردنی ئەو ئاماژە زمانییانەی کە پەنجەمۆری زمانیین ، بۆ دەرخستن و لێکدانەوەی بوون و نەبوونی بەڵگەی سوکایەتیپێکردن و شێوەی دەربڕینی ناشایستە لە دەقە دیاریکراوەکاندا . لەمبارەیەوە شابانۆڤ چەند ڕاسپاردەیەکی پێشکەش بەو شارەزا زمانییانە کردووە ، کە تاوتوێی تاوانی سوکایەتیپێکردن دەکەن و دەڵێت " لە کاتی ئەنجامدانی شارەزایی زمانی سەربەخۆدا ، پێویستە شارەزایان چەند ڕاسپاردەیەک پەیڕەو بکەن :

أ- بۆ جێبەجێکردنی پێویستی ڕێسای ڕێکاری ( شارەزایی زمانەوانی ناتوانێت شارەزایی یاسایی تێدابێت ).

ب- ڕەچاوکردنی فرەئەرکی زمان ، کە بۆ نمونە ڕەنگە ببێتە هۆی ڕەتکردنەوە و گوزارشتکردن لە بارە ناوەکییەکانی قسەکەر .

ت- پێویستە شارەزاییەکان ستراتیژییەکانی لادانی زمانی بە نمونەوە نیشانبدەن ، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو تەکنیکانەی بەدەستیهێنراوە و خستنەڕووی شێوازی ئامانجی سوکایەتیپێکردنەکە ، کە بەدەستهاتووە.

پ- لەسەر شارەزا پێویستە ، بابەتی شارەزایی بە دروستی دەستنیشانبکات ، واتە دەستنیشانکردنی بەشە زمانەوانییەکەی شارەزاییەکە ، لە بوارە یاساییەکە.

کاتێک شارەزایی زمانەوانی ڕەفتار لەگەڵ لێدوانێکی کێشەلەسەر دەکات ، تەنها ستراتیژییەکی زارەکی نییە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەنجامەی ، کە گرنگە ، بەڵکو هێرشکردنە سەر شکۆ ، هەیبەت ، ناوبانگی کەسەکەیە " (Shabanov 2010 :176) ، دیارە هەموو ئەو ڕاسپاردانەش پێویستی بەوەیە ، کە شارەزا بەتەواویی لە ناو زانیارییە زمانییەکاندا قاڵبووبێتەوە و خۆی لە لایەنە یاساییەکە دابڕێنێت ، واتە زانیاری تەواو لە بارەی ئەو وشانەوە کۆبکاتەوە ، کە وەکو تاوانی سوکایەتیپێکردن دەستنیشانکراون ، بە ڕەچاوکردنی هەموو ئەو دەوروبەرە زمانییانەی پەیوەندی بەو وشانەوە هەیە بۆ نمونە ئەو دەقەی ئەو وشانەی تێدا بەکارهێنراوە ، هیچ بوارێک بۆ ئەوەی واتای پێچەوانەی سوکایەتیپێکردن بدات بە دەستەوە دەرەخسێنێت ؟ ئەو وشەیە بە پێی ناوچەی جوگرافی واتای جیاواز هەڵدەگرێت ؟ ئەو کەسەی بەکاریهێناوە ئاستی ڕۆشنبیریی چەندە ؟ پلەو پایەی کۆمەڵایەتی چۆنە ؟ ئەو وشانەی بەکاریهێناوە لە بنەڕەتەوە پەرچەکردارن بۆ ڕەفتارێکی زمانی یان نا زمانی کە بەرامبەری کراوە ؟ ... هتد ، کە هەموو ئەمانە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکەیە ، لە هەمانکاتدا بەراوردکردنی شێوازە زمانییەکەیەتی بە شێوازی سوکایەتیپێکردن و ڕوونبوونەوەی ئاست و مەبەستی سوکایەتیپێکردنەکەیە لە لایەن ئەو کەسەوە ، کە تۆمەتبارکراوە بەو تاوانە.

٢- ئەو داوایانەی کە تاوانەکانی ئازادی و پارێزبەندی مرۆڤ دەگرنەوە : لە نمونەی ئەمجۆرە داوایانە ، تاوانی (هەڕەشەکردن)ە ، کە جۆرێکی دیکەی تاوانی زمانییە ، جا بۆ هەر مەبەستێک و بە شێوەیەکی زارەکی ، یاخود بە هۆی نامەیەکی نووسراو ، یا لە ڕێگەی زمانی جەستەوە بێت . واتە هەڕەشکردن هەروەکو نووسینگەی فیدراڵی FBI پێناسەی کردووە "بریتییە لە لێدوانێکی زارەکی یا نووسراو ، دەقی نامەیەکی گەیشتوو ، یان هەر ئاماژەیەک بۆ ڕوودانی ڕووداوێک ، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر وەرگرەکە ، کەس و شتی پەیوەندیدار ، یاخود کەسانێکی دیاریکراو یان دیارنەکراو هەبێت " (Fitzgerald 2005: 2) .

لە بوارێکی وەکو زمانەوانی دادوەرییدا هەندێکجار دادگاکان ڕووبەڕووی ئەو جۆرە داوایانە دەبنەوە ، کە تاوانەکەی بریتییە لە تاوانی هەڕەشەکردن لە ڕێگەی زمانەوە ، هەربۆیە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەمبارەیەوە ، بەگشتی بریتییە لە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان لە ڕێگەی :

أ- دەستنیشانی ئاستی ڕاستەخۆیی و ناڕاستەخۆیی زمانی هەڕەشە .

ب- دیاریکردنی ئەو ڕەفتارە زمانییانەی هاوتای کردەی هەڕەشەکردنن .

ت- خستنەڕووی ئەو ڕەفتارە دەروونییانەی لێکەوتەی کردەی هەڕەشەکردنن .

پ- بەراوردی هەڕەشەیەک کە بۆ ئاراستەکردن بێت بۆ کارێکی چاکە و مەبەست لێی ئەنجامدانی تاوان نەبێت ، لەگەڵ هەڕەشەیەک کە پێداگری بۆ جێبەجێکردنی تاوانێکی تێدابێت ، ... هتد بکات .

لەمبارەیەشەوە هەندێک لێکۆڵینەوەی جیاواز بە ئەنجامی جیاوازەوە ئەنجامدراون ، وەکو لێکۆڵینەوەکەی (بروس فرەیزەر )لە ژێر ناونیشانی (بەسەرداچوونەوەیەک بەسەر هەڕەشەکردندا ) ، کە ناوەڕۆکەکەی " دابەشکردووە بۆ چوار بەش :

1) چی هەڕەشەکردن دروستدەکات؟

2) هەڕەشەکردن چ جیاوازییەکی هەیە لە ئاگادارکردنەوە و بەڵێندان ؟

3) قسەکەر چۆن هەڕەشەدەکات؟

4) چ فاکتەرێک دەستنیشانی دەکات کە هەڕەشەیەک کراوە ؟ " (Fraser 1998: 159) ،

بە هەمانشێوە تێزی دکتۆراکەی (سمیث) بە ناونیشانی (لە وتەی توندوتیژەوە بۆ کردەوەی توندوتیژیی : خەملاندنی مەترسی پەیوەندی هەڕەشەکردن ) ، کە تیایدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی " ئەو هەڕەشانەی بەردەوام دووبارە دەبنەوە ، ئاماژەن بۆ بابەتەکانی (خۆشەویستی ، هاوسەرگیری ، سۆزداری ) " (Smith 2006 :81) ، ئەمەش دەتوانێت یارمەتیدەربێت بۆ دەستنیشانکردنی مەبەستی ئازاردانی ئەو کەسەی هەڕەشەکەی کردووە ، بە ڕەچاوکردنی ئەو دەوروبەرە زمانیی و نازمانییانەی کار لەسەر شێوازی گفتوگۆی نێوان ئەو جۆرە پەیوەندییانە دەکەن ، دەستنیشانکردنی ئەو یەکە زمانییانەی لە جۆرە دەوروبەرانەدا بۆ مەبەستی هەڕەشەکردن بەکاردێن ، ڕادەی پێداگری لە جێبەجێکردنی ئەو هەڕەشانەدا لەبەرامبەر بە هەڕەشەیەکی سەرزارەکی ، ...هتد . بە هەمان شێوە لێکۆڵینەوەی (هەڵوێستەکانی هەڕەشەکردن : شیکردنەوەیەکی گشتگیری هەڕەشە بەرجەستەکراوەکان لەبەرامبەر هەڕەشە بەرجەستەنەکراوەکان) ی زمانەوان (تامی گەیلس)[١٣] ، لێکۆڵینەوەیەکە ئاسانکاری دەکات بۆ تێگەیشتن لەو هەڵوێستانەی کە زمانی هەڕەشەکردن دەیهێننەکایەوە ، چونکە وەک ئاشکرایە "ئاخێوەرەکان لە کۆتاییدا بژاردەی زمانەوانی دەکەن بۆ ئەوەی هەڵوێست وەرگرن" (Kiesling 2009 :179) ، هەموو ئەمانەش پێکەوە بە پێی ستراتیژییە زمانەوانییەکان ، پەنجەمۆری زمانیی کەسەکانی پێدەستیشاندەکرێت ، کە تێوەگلاون لە تاوانی هەڕەشەکردن و داواکانیان بۆیەکلاییبوونەوە پێویستی بە ڕاپۆرتی زانستییانەی زمانەوانی هەیە .

---

[١٣] ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری ( زمان و یاسا Language and Law) ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٥) دا بڵاوکراوەتەوە.

بوونی لێکۆڵینەوە جیاوازەکان بە ڕەچاوکردنی جۆرە دیاوازەکانی داوا سزاییەکانی تایبەت بە تاوانی هەڕەشەکردن ، ئاماژەیە بۆ بوونی ستراتیژی جیاواز لە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکاندا بۆ لێکدانەوەی تاوانەکان ، بۆ نمونە لە تاوانێکی وەکو هەڕەشەکردن لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ، شارەزا ئەو لایەنانەی بۆ دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی تیشکی دەخاتەسەر بریتییە لە ( بەرزی و نزمی دەنگ ، ڕیتم و ئاوازی دەنگ ، مەودای دەنگ ، دووبارەکردنەوەی وشەکان ، وەستاو پچڕانەکانی نێو دەربڕاوەکان ، ... هتد) ، لە کاتێکدا بۆ لێکدانەوەی تاوانی هەڕەشەکردن لە ڕێگەی نامەیەکی نووسراوەوە پشت بە گرافۆلۆژی دەبەسترێت ، کە تیشکخستنە سەر (شێوەی فۆنت ، شێوازی وێنەکێشانی پیتەکان ، وردبوونەوە لە پێکهاتە زمانییەنییەکان و ئەو وشە و دەستەواژانەی گوزارشتیان پێکراوە ، لەگەڵ دووبارە بوونەوەی دەربڕاوەکان و ... هتد)ییە ، لەم نێوەندەشدا (کەیسی هاوپتمان The Hauptmann Case )[١٤] لەو داوا بەناوبانگانەیە ، کە شارەزایانی زمانەوانی لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانییەوە ، بەڵگەی تەواویان خستۆتە بەردەست بۆ لێکدانەوەی تاوانەکە.

٣- ئەو داوایانەی پەیوەندییان بە تاوانی نهێنی درکاندنەوە هەیە : نهێنی درکاندن کاتێک پەیوەست بێت بە داوایەکی سزاییەوە بە تاوان هەژماردەکرێت. شێوەکانی جۆراوجۆرن ، بۆ نمونە ئەو نهێنی درکاندنەی ، کە پەیوەستە بەو داوایانەی پەیوەستن بەو تاوانانەی ، کە ئازادی و پارێزبەندی مرۆڤ دەگرنەوە وەکو لە ماددەی 328ی یاسای سزاکاندا ئاماژەی پێدراوە ، هەروەها درکاندنی نهێنی لەو داوایانەدا ، کە (دەرچوونی فەرمانبەران لە سنوری ئەرکەکانیان)ن ، لە ماددەی (٣٢٧) دا . بۆ دۆزینەوەی بکەری تاوان لەمجۆرە داوایانەدا ، بە تەنها تۆمەتبارکردنی کەسەکان لە ڕێگەی پەنجەخستنەسەر ئەو کەسانەی ، ئەو نهێنییانەیان لابووە ، دادپەیوەرانە نییە ، چونکە ئەگەر لێکۆڵینەوە لە زمانی درکاندنی نهێنییەکە نەکرێت و بەراوردنەکرێتەوە بە پەنجەمۆری زمانیی هەریەک لەو کەسانەی ئەو نهێنییەیان لابووە ، کە بە تۆمەتبار دەستنیشانکراون ، ڕەنگە ببێتە هۆی تاوانبارکردنی کەسێکی بێتاوان بە ناڕەوا ، چونکە هەرچەندە ناوەڕۆکی نهێنییەکان لای هەموویان چوونیەکیش بن ، بەڵام شێوازی

[١٤] کەیسی هاوپتمان داوایەکی یاسایی تایبەت بە تاوانی ڕفاندنی منداڵێکی بچوکە ، کە لە١ی ئازاری ساڵی 1932 دا ڕوویداوە ، کاتێک کەسێک دەچێتە ماڵی فڕۆکەوان چارلس لینبرگ Charles Lindbergh و منداڵە بچوکەکەی دەڕفێنێت ، پاش دۆزینەوەی نامەیەک لە لێواری پەنجەرەی ژووری نووستنی منداڵەکە و لێکۆڵینەوە لێی، لەلایەن هەشت پسپۆڕی زمانەوانی لە بواری ڕێنسووس و دەستنووسەوە ، لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی تاوانبارەکە لەو نامەیەدا ، ناسنامەی بکوژەکە ئاشکراکرا ، کە کۆچبەرێکی ئەڵمانیی بووە و خاوەنی تۆمارێکی درێژی تاوان بووە . بڕوانە (The Trial of Richard Bruno Hauptmann)( Linder :2007

درکاندنیان لە لایەن کەسە جیاوازەکانەوە ، چەندین زانیاری لەخۆدەگرێت ، کە پەنجەمۆری زمانیی کەسەکە پیشاندەدات ، بۆ نمونە :

أ- پەیوەست بە نهێنییەکی هەستیارەوە ، بە پشتبەستن بە جیهان بینیی تاکەوە ، ڕەنگە هەر کەسە و سەرنج و بایەخی لەسەر بەشێکی نهێنییەکە بێت ، بۆیە پێویستە دەستنیشانی سەرنج و بایەخی ئەو کەسانەی ئەو نهێنییە دەزانن، لەسەر بەشەکانی نهێنییەکە بکرێت ، پاشان بەراوردکردنی ئەو زانیارییانەی تاکە تاکەی تۆمەتبارەکان بە تایبەتی جەختیان لەسەریەتی ، بەو زانیارییانەی درکێنراون ، واتە بە ئەو بەشەی نهێنییەکە ، کە زیاتر لەبەشەکانی دیکە زانیارییەکانی تێدا ئاشکراکراوە ، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی تاوانباری ڕاستەقینە.

ب- سەرنجبخرێتە سەر ئەو وشە و دەستەواژانەی ، کە گوزارشتی نهێنیدرکاندنەکەی پێکراوە ، پاشان بەراوردبکرێتەوە بە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو وشە و دەستەواژانە لای ئەو کەسانەی تۆمەتبارکراون بەو تاوانە .

ت- دەستنیشانکردنی شێوازی زمانی تۆمەتبارەکان ، لەبەرئەوەی "شێوازی زمانیی ،شێوازێکی سەربەخۆیە و واتادارە بۆ دۆزینەوەی کەسایەتی " (Pennebaker, King 1999 :1296) ، ئەمەش لێکۆڵەر دەگەیەنێت بەوەی ئەو تاوانە زیاتر لە کەسایەتی کام لەو تۆمەتبارانە دەوەشێتەوە ؟ کامەیان هەوڵدەدات شێوازی زمانییەکەی بگۆڕێت بۆ شاردنەوەی کەسایەتییەکەی؟ ، ... هتد.

بەگشتی ناتوانرێت ، ناسنامەی تۆمەتبارێک بە تاوانی نهێنی درکاندن ئاشکرابکرێت ، تا پەنجەمۆری زمانیی ئەو تۆمەتبارە ، لەناو شێوازی دەربڕینە زمانییەکانی ناو ئەو دەقەی ، کە تاوانی نهێنی درکاندنەکەی گوزارشتپێکراوە، نەدۆرزێتەوە ، لەبەرئەوەی هەر کەسێک شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ نووسین و دەربڕین ، کە "هەرچەندە ناوەڕۆکی پەیامیش هەمان شت بێت ، تاکەکەس بە شێوەیەکی زارەکی بە شێوازی جیاوازی خۆیان دەریدەبڕن . بۆ نمونە زمانی وتراو لەگەڵ زمانی نووسراو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر زۆر بێهاوتایە ، کە شارەزایان زۆرجار بە ئاسانی دەتوانن دەستنیشانی دەربڕاوەکان لە نێو دەستنووسەکانیاندا بکەن لە ڕێگەی ئەو وشە و دەستەواژانەوە، کە بەکاریدەهێنن و بریتین لە شێوەکانی پەنجەمۆری زمانیی."(Pennebaker, King 1999 :1296)

پ- ئەو داوایانەی پەیوەستن بە تاوانەکانی پەیوەندیدار بە بازرگانی : پێشتر هەندێک شێوەی ئەمجۆرە تاوانە لە چوارچێوەی ئەو تاوانانەی پەیوەستن بە دەقێکی نووسراوە ڕوونکرایەوە ، بەڵام هەندێکی تریان هەیە ، دەشێت بە ڕێگەی زارەکی و نووسراویش ئەنجامبدرێن ، وەکو

بڵاوكردنـەوەی پڕوپاگەنـدە و دەنگۆی ناڕاسـت سـەبارەت بـە كۆمپانیایـەک و شـكاندنەوەی ، یـاخود گزیكـردن لـە ڕێگـەی بەكارهێنانـەوەی دروشـم و دەسـتەواژەی كۆمپانیایـەكی تـر بـە مەبەست ، ...هتد ، جا بە پشت بەستن بە بەڵگەی زمانی نووسراو ، یان زارەكییەوە بێت .

بـۆ نمونـە لـە ئێسـتادا پڕوپاگەنـدەی بازرگـانی لـە ڕێگـەی كەناڵـەكانی ڕاگەیانـدن و تـۆڕە جیاوازەكانی كۆمەڵایەتییەوە ، ڕێگەیەكی سەرەكییە بۆ ساغكردنەوەی بەرهەمـە بازرگانییـەكان ، ئامرازی سـەرەكیش خستنەڕووی ئەو بەرهەمانە ، زمانـە ، كە لـە ڕێگەیـەوە پەسـنی كـاڵا و بەرهەمەكانی پێدەكرێت و سـەرنجی كڕیارانی پێڕادەكێشـرێت ، بـە شـێوەیەک " لـە لێكدانـەوەی سیستەمی ئاماژە یان زماندا ، ڕیكلام واتای فرەڕەهەندی هەیـە نـەک تـەنها بـۆ سـاغكردنەوەی بەرهەم ، تەنانەت بۆ لێكدانەوەی سیستەمی ئاماژە و زمانیش ، بەوەی  سیستەمی زمان هێزی هەیە و هەمیشە ئایدۆلۆژیایەک تیایدا خۆی حەشارداوە(70: Widyahening, Hum 2015) ، كـە ئـەو ئایدۆلۆژیایـە دەتوانێـت كاریگـەری بخاتـە سـەر چۆنیـەتی بیركردنـەوە ، ڕەفتـار ، هەڵسوكەوت ، هەڵوێست ... هتدی بەكاربەرانی .

تاریگن دەڵێت "زمان چوار مەبەستی بەكارهێنانی هەیە كە بریتین لە گوزارشتكردن لە خود ، شرۆڤە ، هونەر ، ڕازیكردن " ( Tarigan 1993:23) ، دەتوانرێت بوترێت بـەكارهێنانی زمـان لـە ڕیكلامـدا ، تـا ڕادەیـەک هـەر چـوار مەبەسـتەكەی تێدایـە ، بـە شـێوەیەک گوزارشـتكردنە لـە خستنەڕووی بەرهـەمی كۆمپانیاكە لە ڕێگەی زمانـەوە ، شرۆڤەكردنە لـە ڕێگـەی پەسـنكردنی كوالێتی بەرهەمەكانەوە ، هونەرە لە چۆنیەتی بەكارهێنانی وشە و دەستەواژەكان ، ئامانجە بۆ ڕازیكردنی هاوڵاتیان بۆ كڕین و بەكاهێنانی بەرهەمەكە ، هەربۆیە ، لە ڕیكلامیشدا هاوشـێوەی بوارەكانی تر ، زمان دەتوانێت :

١- ڕێگایەک بێت بۆ خستنەڕووی كاڵای بەسوود و دروست ، بە پێچەوانەشەوە ڕێگەیەک بێت بۆ تاوانێكی زمانیی ،  چونكە زۆرجار لە بواری بازرگانیشدا ، كۆمپانیاكان هەندێک دروشـم و دەستەواژە و هێمای زمانیی تایبەت بەخۆیان هەیە ، كە دەبنە پەنجەمۆری زمانیی تایبـەت بـەو كۆمپانیایە ، بۆ نمونە :

- Asia cell : كۆماندەكاتەوە .
- Korek telecom : جیهان لەناو دەستەكانتە .
- Apple : جیاواز بیركەرەوە.
- Red Bull : باڵت دەداتێ.
- Facebook: خێرا بجوڵێ و شتەكان بشكێنە ، ... هتد.

هەریەک لەو دروشمانە و سەدەهای تریش ، پەنجە مۆری زمانیی کۆمپانیاکانیانن ، کە هەریەک لەو دروشمانە هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکە کە کاریگەری دەخاتە سەر بیرکردنەوەی بەکارهێنەرانی ، بۆ نمونە لەڕێگەی بەکارهێنانی دروشمێکی بەهێزەوە ، کە هاوتای کوالێتی بەرهەمی کۆمپانیاکە نەبێت ، بەکارهێنەران فریوبدرێن بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان .

٢- زۆربەی کۆمپانیا بازرگانیەکان هێما و لۆگۆی تایبەت بە خۆیان هەیە ، کە یەکێکی ترە لە سیمای پەنجەمۆری زمانیی ناوی کۆمپانیاکان ، بەکارهێنانی ئەو هێما و لۆگۆیانە لە لایەن کۆمپانیایەکی دیکەوە ، جا بە مەبەستی خۆبەناوبانگکردن بێت لە ڕێگەی کۆمپانیا ڕاستەقینەکەوە ، یاخود بە مەبەستی لێدان بێت ، بە تاوانی زمانیی هەژماردەکرێت.




وێنەی ژمارە (١) ، هێمای هەندێک لە کۆمپانیا بازرگانییە جیهانییەکان.

3- هەندێکجار کۆمپانیایەکی بازرگانی لە ڕێگەی گۆڕانکارییەکی سادە ، لە ڕێنووسی ناوی کۆمپانیایەکدا ، دەتوانێت گزیبکات و بەکارهێنەرانی پێفریوبدات ، بۆ نموونە بەکارهێنانی ناوی (TOSHEBA لە بری TOSHIBA، Gorengo لە بری Gorenge، Flormal لە بری flormar ، ... هتد )واتە درووستنووسی ناو ناونیشانی کۆمپانیا بازرگانییەکان ، شێوەیەکی تری پەنجەمۆری زمانی کۆمپانیاکەیە کە پێی دەناسرێتەوە.

هەربۆیە کاتێک خاوەنی کۆمپانیایەک ، درک بە بوونی دیاردەیەکی لەوجۆرەدەکات ، کە کاریگەری لەسەر کۆمپانیاکەی هەیە ، شارەزای زمانی دەتوانێت پەیوەست بە جۆری داواکەوە دەستنیشانی پەنجەمۆری زمانی و لێکدانەوەی تاوانەکەی بکات.

ج- ئەو داوایانەی پەیوستن بە تاوانەکانی لادان لە ئەرکەکانی فەرمانبەرێتی : (بەرتیل) بۆ نمونە ، لە ڕاستییدا بەخشین و وەرگرتنی بەرتیل تاوانێکی کردارییە ، بەڵام پرۆسەی داوالێکردن و ڕازیبوون لە ڕێگەی زمانەوەیە ، جا داواکردنەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان

ناڕاستەوخۆ بێت. لە شێوەی دەربڕینێکی زارەکیی ، یاخود لە ڕێگەی نامەیەک ، یان هەر جۆرێکی دیکەی نووسین ، یان ئاماژەیەکی نازمانییدا بێت ، هەروەکو موئمینی لەمبارەیەوە تاوانی بەرتیلدان بۆ دوو قۆناغ پۆلێندەکات ، کە بریتین لە قۆناغی پێشنیار ، قۆناغی کاریگەریدروستکردن "لە قۆناغی پێشنیاردا کردەی قسەیی نواندن ، پێشنیاری زارەکی ڕاستەوخۆ ، پێشنیاری زارەکی ناڕاستەوخۆ ، تەنانەت پێشنیاری نازارەکی وەکو (کرداری دانانی پارە لەسەر مێز ، هێشتنەوەی پارە لە دەستی کەسێکدا ، نیشاندانی ناونیشان ، ... هتد ، )هەیە "(Momeni 2011 :742-743) ، کە پێی وایە قۆناغی دووەم قۆناغە گرنگەکەیە ، لەبەرئەوەی کاردانەوەکەی تێدایە . ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت ، دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی ئەو کەسەی بە تاوانی بەرتیلدان تۆمەتبارکراوە ، لەگەڵ ڕەفتارە کۆمەڵایەتی و کەسیتییەکەی پێویستییەکی ناچارییە ، چونکە شارەزا دەتوانێت لە ڕێگەیەوە ، ئەو ڕێگایە بدۆزێتەوە ، کە کەسێکی پێ پەلکێشکردووە بۆ ئەنجامدانی تاوانی بەرتیلوەرگرتن لەبەرئەوەی " بەرتیل تاوانێکی زمانییە و بە کردەی ئاخاوتن دروستدەبێت ، لە ئەنجامدا زمان بەشێکی تەواونەکراوە ، بەرتیل کاتێک دروستدەبێت ، کە هەندێک کردار لەگەڵ تایبەتمەندییە زمانەوانییەکاندا یەکدەکەون" (Momeni 2011 : 743)

ح- ئەو داوایانەی پەیوەستن بە تاوانی (هاندان)ەوە : تاوانی هاندان بەشێوەی جۆراو جۆر ئەنجامدەدرێت و لە داوای جۆراو جۆردا باسیلێوەکراوە ، بۆ نمونە لەو داوایانەدا ، کە پەیوەستن بە (تاوانەکانی لادان لە ڕەوشت و ئاکارە گشتییەکان) ، وەک هاندان بۆ لاڕۆیی و داوێنپیسی . هەروەها لەو داوایانەدا ، کە ئەو تاوانانەی ژیانی مرۆڤ و سەلامەتی جەستە دەگرنەوە وەکو تاوانی هاندان بۆ خۆکوشتن ، بە شێوەیەک ئەگەر لە لێکۆڵینەوەی ڕووداوی مردنێکدا، پزیشکێکی دادوەری کاری جیاکردنەوەی کاری خۆکوژی و تاوانی کوشتن بێت ، ئەوا زمانەوانی دادوەری بەدوای ئەو هۆکارە زمانییانەوەیە ، کە هانی خۆکوژەکەیانداوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە دەگەڕێت ، ئەویش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە پەنجەمۆری زمانیی هاندەرەکە و ڕوونکردنەوەی وردەکارییەکانی ، چونکە لە یاسادا دۆزینەوەی هاندەرەکە یەکێکە لە پێویستییەکان و لە یاسای سزادانی عێراقییدا "ئەو کەسەی هانی کەسێک بدات بۆ خۆکوشتن سزا دەدرێت ، واتا یاسادانەر سزای بۆ ئەو کەسە دانەناوە کە هەوڵی خۆکووشتن دەدات ، بەڵکو سزای ئەو کەسە دەدات کە هانی خۆکووشتنەکە دەدات"(عبدالرحمن٢٠٢٠ : ٢١٦) .

شارەزای زمانیی لە لێکدانەوەی تێبینیی نامەیەکی خۆکوژییدا ، پێویستە لە ڕێگەی تەکنیکە زمانییەکانەوە ، دەستنیشانی سێ لایەن لەو نامەیەدا بکەن ، کە بریتییە لە " مەبەستی خۆکوشتن ، ناوەڕۆکی پەیامەکە ، ملکەچی و بێهیوایی کە ئاماژە بۆ خۆکوشتن بکەن " (Triana , sari 2020 : 795) تا لەڕێگەیەوە ، بتوانرێت لێکۆڵەر بگەیەنرێتە تۆمەتباری

ڕاستەقینە . لەم نێوەندەشدا دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی خۆکوژەکە و ئەو کەسانەی گومانی هاندان بۆ ئەو تاوانی خۆکوژییەان لێدەکرێت ، پێویستییەکی سەرەکییە ، لەبەرئەوەی ئەگەرەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی :

أ- نامەکە لە لایەن خۆکوژەکەوە نەنوسرابێت.

ب- نامەکە لەلایەن خۆکوژەکەوە نووسرابێت ، بەڵام لەژێر زەبر و کاریگەرییدا.

ت- ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان درووستکردووە لەسەر کەسەکە بۆ خۆکووشتن.

پ- خۆکوژەکە بە ناڕاستەوخۆیی لەڕێگەی کلیلە وشەیەکەوە ئاماژە بەو کەسە بدات ، کە هۆکارە بۆ خۆکوشتنی ، ... هتد ، کە دەستنیشانکردنیان پێویستی بە کارکردنە بە ستراتیژییە زمانییەکان.

بەگشتی سەبارەت بەجۆرەکانی ئەم داوا سزاییانە و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زمانەوانی لەبارەیانەوە ، پێویستی بە توێژینەوەی جیایە لەبارەی هەرجۆرێکیانەوە ، تا بتوانرێت بە وردی دەستنیشانی هەموو لایەنە زمانەوانییەکانیان بکرێت، هەروەکو ئەو هەوڵانەی ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایانی زمانیی وەکو (McMenamin، Shuy، Coulthard، Simpson، Mayr، Olsson، Hyland ، ...هتد) لەجیهاندا داویانە[١٥] ، لەبەرئەوەی هەر بوار و ئاستێکی زمانەوانی تایبەتە بە شیکردنەوەی لایەنێک لە تاوانێکی زمانەوانی ، کە ڕەنگە بۆ کارکردن لەسەر دۆسیەیەکی تاوان ، ستراتیژی تاکە بوارێکی زمانەوانی پەنجەمۆری زمانیی تۆمەتبار ڕووبکاتەوە و ئەنجام بە دەستەوە بدات، بەڵام چەندین دۆسیە هەبێت پێویست بە پشتبەستن بە ستراتیژیەتی نێو هەموو بوار و ئاستە جیاوازەکانی زمانەوانی بکات.

## ٣/٢) ڕۆڵی ستراتیژییە زمانییەکان لەدیاریکردنی پەنجەمۆری زمانییدا :

لێکۆڵینەوە لە دەقی تاوانکاری ، زیاتر لە هەر دەقێکی دیکە ، پێویستی بە وریایی و شارەزایی هەیە، لەبەرئەوەی ئەمجۆرە دەقە لەو دەقانەیە ، بۆ لێکدانەوەی پێویستت بە سەلماندن هەیە ،

---

[١٥] بۆ نمونە توێژینەوەکانی ڕۆجەر شو وی Roger Shuy لەژێر ناونیشانی:

١- زمانی بیرۆکراتیک لە کاروباری دەوڵەت و بازرگانییدا Bureaucratic Language in Government and Business(1998)

٢- زمانەوانی لە هۆڵی دادگادا : بەڵگەی کارەکی(2006) Linguistics in the Courtroom: A Practical Guide .

٣- زمان لە کەیسی ناوزڕاندا (The Language of Defamation Cases (2010) .

٤- زمان لە کەیسی گەواهیدان بە درۆ (2011) The Language of Perjury Cases

٥- زمان لە کەیسی بەرتیلداندا(The Language of Bribery Cases (2013

٦- زمان لە کەیسی فێڵکارییدا (The Language of Fraud Cases (2016) ، ... هتد ).

ئەو سەلماندنەش دواجار دەبێتە بەڵگەیەک لەو بەڵگانەی دادگا پشتی پێدەبەستێت بۆ بڕیاردان .

لە لێکدانەوەی تاکە دەقێکی تاوانی زمانییدا ، دەشێت چەندین وردەکاری زمانیی هەبێت ، کە هەریەک لەو وردەکارییانە ، تا لێکدانەوەیەکی لۆجیکی و سەلمێندراوی بۆ بکرێت ، پێویستە بە ستراتیژییەکانی چەند ئاست یان چەند بوارێک لە بوارەکانی زمانی لێکبدرێتەوە ، بۆیە شارەزایی زمانی پشت بەو ڕێساو یاسایانە دەبەستێت ، کە گشت ئاست و بوارەکانی زمانەوانی بە تیۆری و میتۆد خستوویانەتە ڕوو ، گرنگترینەکان ، کە بۆ دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان بە سوودن ، تا کارپێکردنپێبکات لە لێکدانەوەی دەقە تاوانکارییەکاندا ، دیاریدەکات ، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی جۆری دەقەکە ، دیاریکردنی ئەو بەشانەی پێویستی بە لێکدانەوە هەیە ، واتای گرنگی لەخۆیدا هەڵگرتووە ، پاشان جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی گونجاوی نێو بوار و ئاستێک یان چەند ستراتیژیەتێک ، بەسەر دەقە دیارکراوەکەدا.

## یەکەم: ستراتیژەکانی فۆنەتیکی دادوەری Forensic phonetics :

فۆنەتیک یەکێکە لقە سەرەکییەکانی زمانەوانی ، مامەڵە لەگەڵ بچوکترین یەکەی زمانییدا دەکات ، کە (دەنگ/ sound)ە . واتە "لێکۆڵینەوەیە لە خودی دەنگەکان لە دنیا فیزیکییەکەداو لێکۆڵینەوەی فیزیۆلۆژیانەو توێکاریانەو نۆیرۆلۆژیانەو سایکۆلۆژیانەی ئەدگارەکانی دروستکردنیانە (لە لایەن مرۆڤەوە ) "(مەحوی ٢٠٠٨: ٦٤) .

پسپۆڕانی بواری دەنگسازی کار لەسەر تایبەتمەندییە زمانەوانی ، بایۆلۆژی و فیزیکییەکانی ئاخاوتن دەکەن ، وەکو چۆنیەتی گۆکردن ، دەربڕینی دەنگە بەدوای یەکدا هاتووەکان ، شوێنی دروستبوونی دەنگەکان ، شێوەی گۆکردن ، جۆری دەنگەکان ، نووسینی پیتەکان بەراورد بەدەنگە گۆکراوەکانیان و وەڵامدانەوەی چەندین پرسیاری تری وەکو ئەوەی ، مرۆڤ چۆن جوڵەکانی بەجێدەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی قسەکردن ؟ ئەو تایبەتمەندییە دەنگییانە چین ، کە لە ئەنجامی جوڵە جیاوازەکانەوە دروستبوون ؟ چۆن مرۆڤ شەپۆلی دەنگی دەگۆڕێت بۆ زانیاری زمانەوانی ؟ کۆئەندامی بیستن بەچ شێوەک کار لەسەر وەرگرتن و تێگەیشتن لە دەنگەکان دەکات ؟ هتد . واتە فۆنەتیک بە چەمکە گشتییەکەی گرنگیدانە بە "لێکۆڵینەوەی دەنگی ، فسیۆلۆژی ، درکپێکردنەکانی زمانی مرۆڤ ، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە ، فێرکردن ، پراکتیزەکردنی لەو بوارانەدا ، کە پێویستە ، لەسەر هەریەک لە بابەتەکانی فۆنۆلۆژی (تاڕادەیەک ) ، لەگەڵ ژمارەیەک تایبەتمەندی تەواوکاری ڕاهێنرابێت ، کە دیارترینییان دەنگەکان و تایبەتمەندییە ئەندازیارییە پەیوەندیدارەکانە ، ئەمە جگە لەوەی ، کە پێویستە

شارەزایی بنەڕەتییان هەبێت لە ڕەفتاری مرۆڤدا (لە سایکۆلۆژیاوە بۆ فیسیۆلۆژیا)و بیستن (بەتایبەتی سایکۆلۆژیای دەنگی و سایکۆنۆیرۆلۆژیا) " (Hollien 2012 :27).

بۆیە لەبەرچڕی ئەو وردەکارییە دەنگییانەی فۆنەتیک لەخۆیدەگرێت، زمانەوانی دادوەری زۆرجار لە لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکاندا ، پەنادەباتە بەر لێکۆڵینەوە فۆنەتیکییەکان ، بۆ دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی تاوانباران ، تا لە ڕێگایانەوە لێکدانەوە بۆ ئەو تاوانە زمانیانە بکات ، کە پێی تۆمەتبارکراون ، لەم نێوەندەدا بە (فۆنەتیکی دادوەری )ناودەبرێت و کار لەسەر شیکردنەوەی زمانی ئاخاوتن دەکات "بە مەبەستی :

١- دەستنیشانکردنی ناسنامەی قسەکەر .

٢- پتەوکردن و خوێندنەوەی هێمای پەیامی ئاخاوتنەکان .

٣- شیکردنەوەی هەستەکان لە دەنگ " (Hollien 2012 :27) .

ئەمانەش واتای ئەوە دەدەن ، کە فۆنەتیکی دادوەری جگە لەوەی گرنگیدانە بە لایەنی دەنگی ، خۆی لە خۆیدا پرۆسەیە ، لەبەرئەوەی " ناسینەوەی قسەکەری دادوەریی (FSR) ، پرۆسەیەکە بەکاردێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی ، ئایا تاکێکی دیاریکراو (قسەکەری گومانلێکراو ) سەرچاوەی تۆماری دەنگی ئەو کەسەی ، کە گومانی لەسەرە (شوێنپێهەڵگرتن / trace) بێت . ئەم پرۆسەیەش بەراوردکردنی تۆمارە دەنگییە نەناسراوەکان (تۆماری گومانلێکراو / questioned recording) بە تۆمارێک یان زیاتر لە دەنگی نەناسراو (دەنگی قسەکەری گومانلێکراو / voice of the suspected speaker ) لەخۆدەگرێت " (155: Sinha2015).

دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی لە فۆنەتیکی دادوەرییدا ، لەسەر بنچینەی ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی کارتێکردن و کارتێکراوە ، بەواتایەکی دیکە هەم باس لەو هۆکارانە دەکات ، کە لەکاتی تاوانێکدا کار لەسەر دەنگی تاوانبارەکە دەکەن، هەم ئەو سیمایانەی تایبەتە بە دەنگی تاوانبارەکە و سودی بۆ لێکۆڵینەوەکە هەیە . بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە (هۆڵیەن) فۆنەتیکی دادوەریانە بۆ دوو توخمی سەرەکی دابەش دەکات ، کە "یەکێکیان شیکردنەوەی ئاماژەکانی ئاخاوتن ، کە گواستراونەتەوە و گەنجکراون (ئەلیکترۆدەنگی Electro-acoustical ) لەخۆدەگرێت ، ئەوی تریش ئەوەیە ، کە شیکردنەوەی کاری پەیوەندییەکانی خۆی دەنوێنێت " (Hollien 1990 :27) . سەبارەت بە یەکەمیان مەبەست لە پتەوکردن و خوێندنەوەی هێمای پەیامی ئاخاوتنەکانە و باس لە باشترکردنی ڕوونی ئاخاوتنەکان و خوێندنەوەی پەیامی ئاخاوتن لە ڕێگەی دەنگەکانەوە دەکات ، ئەوەی تریش شیکردنەوەی هەستەکانە لە دەنگ ، وەکو ناسینەوەی قسەکەران لە ڕێگەی دەنگەکانیانەوە و دیاریکردنی باری تەندروستی ، هەستیاری ، ... هتد ئەمە جگە لەوەی دەتوانرێت لە ڕێگەی دەنگەکانەوە دەستنیشانی

پەنجەمۆری زمانیی کەسەکە لە ڕووی تەمەن ، ڕەسەنایەتی ، شێوەزار ، ڕەگەز ... هتد بکرێت ، بۆ نمونە :

١- لە دەستنیشانکردنی تەمەنی نەزانراوی کەسێکی دیاریکراودا ، لە ڕێگەی چۆنیەتی و هێزی دەنگ ، شێوەی گۆکردن ، بەرزی و نزمی دەنگەکانەوە دەتوانرێت ، مەزەندەی تەمەنی کەسەکە بکرێت ، لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی گشتی ، سروشتییانە دەنگی مرۆڤەکان بە پێی قۆناغە یەکبەدواییەکەکانی تەمەن گۆڕانی بەسەردادێت . ئەمەش بەڵگەیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەی تاوانکاری ، لەبەرئەوەی هەروەکو توێژینەوە کراوە "زۆربەی تاوانباران تەمەنیان لە نێوان (٢٠-٤٠)ساڵدایە و هەندێکجاریش ئەم ڕێژەیە زۆربەکەمی سەردەکەوێت بۆ (٥-) ساڵ " (مەحمود ٢٠١٥ : ٣٤٠).

٢- دیاریکردنی ڕەسەنایەتی ئاخێوەر لە ڕێگەی فۆنیمە گۆڕاوەکانەوە ، بۆنمونە لە دەستیشانکردنی زمانی دایکی گومانلێکراوێک ، لە ڕێگەی چۆنیەتی بەکارهێنانی فۆنێمەکانەوە پەیوەست بەو گۆڕانانەی لە زمانی کوردیدا ڕوویانداوە ، بۆ نموونە :

(١) أ- گۆڕینی /ط/ بۆ /ت/ وەکو طەیارە بۆ تەیارە.

ب- گۆڕینی /ظ/بۆ /ز/ وەکو ظالم بۆ زاڵم

لە ئێستاشدا گۆڕینی دەنگی /ح،ع/ بۆ دەنگی /هـ/ ، یەکێکە لەو گۆڕانە دەنگییەی هەندێک تاکی ئاسایی و نووسەران بەکاریدێنن ، ئەگەرچی هەڵەیە ، بەڵام بە پەنجەمۆری زمانی بەکارهێنەرانی دادەنرێت.

٣- بە لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکانەوە ، وەکو زیادکردنی دەنگ ، کرتاندنی دەنگ ، گۆڕینی دەنگ ، تێکەڵکردنی دەنگەکان ... دەتوانرێت دەستنیشانی شێوەزاری گومانلێکراو بکرێت و لەو ڕێگەیەوە پەنجەمۆریی زمانییەکەی دەستنیشانبکرێت . بۆ نمونە لەشێوەزاری سلێمانییدا لە دەربڕینی دووپاتکردنەوەی کرداری داخوازییدا ، ئەگەر کردارەکە کۆتایی بە یەکێک لەم دەنگانە هاتبوو /ە/ ، /و/، /ێ/ ئەوا / ر/ زیاد دەکرێت لە نێوان کۆتایی دەنگی کردارە داخوازییەکە و مۆرفیمی (ەوە) ، وەکو :

(٢) بخۆوە ⟵ بخۆرەوە .

یان کرتاندنی هەندێک لە دەنگەکان ، وەکو :

(٣) سەگ ⟵ سە (شێوەزاری هەولێری و ناوچەی بێتوێن و پشدەر).

گۆڕینی دەنگەکان وەکو :

(٤)      مەحمود ←—— خوله (شێوەزاری سلێمانی)

هەروەها تێکەڵکردنی دەنگەکان ، وەکو تێکەڵکردنی /ح/ و /ع/ لە شێوەزاری هەولێرو ناوچەی بتوێن و پشدەر ، بۆ نمونە :

(٥)      حەوت ←—— عەوت .

٤- دەستنیشانکردنی ڕەگەز لە ڕێگەی ئاست و پلەی دەنگییەوە بۆ نمونە " پلەی دەنگ (ڕەوتی دەنگ PITHCH LEVEL لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێدا، لە یەک جیاوازە بۆ نموونە ئاست و پلەی دەنگی ئافرەت بەرزترە لە پیاو ، چونکە دەنگی ئافرەت تیژترە لە پیاو لە لایەکی ترەوە ئەم پلەی دەنگییە بە پێی تەمەنی نێر و مێ و پلەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری دەگۆڕێت " (مەحمود ٢٠١٥ :٣٤٠ )

٥- دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لەسەر تۆمارە دەنگییەکانی تایبەت بە تاوانە زمانییەکان بکرێت و لەو ڕووە و پەی بە باری دەروونی گومانلێکراوان ببرێت ، لە ڕێگەی شڵەژاوی و دووبارەکردنەوەی دەنگەکان ، ئاستی بەرزی و نزمی دەنگەکان لە کاتی ئاخاوتن ، ...هتد.

٦- بەهۆی ئاوازی دەربڕینەوە دەستنیشانی جۆری ڕستەکانی نێو دەربڕاوێکی زمانیی دەکرێت ، چونکە " گۆڕینی لەرینەوەی ژێکان دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاوازی ڕستە ، هەر ئاوازەش واتایەکی جیا بەڕستەکە دەبەخشێ " ( ئەمین ١٩٩٤ :١٥) ، ئەو واتا جیاجیانەش بۆ ڕەوتی لێکۆڵینەوە دەشێت زانیاری زۆر گرنگ لەخۆی بگرێت ، بۆ نمونە :

(٦) أ. تۆ هەر خەریکی ئەو کارانە بە. (توانج لێدان) ب. تۆ هەر خەریکی ئەو کارانە بە . (فەرمانکردن)

٧- لە ڕێگەی تیشکخستنە سەر هێز لە دەربڕاوێکی زمانییدا ، دەتوانرێت مەبەست و پەیامی ئاخێوەرەکە (تاوانبار ، سکالاکار ، گەواهیدەران) ڕوونبکرێتەوە ، چونکە زۆرجار ئاخێوەر بە هەرمەبەستێک بێت نایەوێت ڕاستەوخۆ پەیامەکەی بخاتەڕوو ، بۆیە پەنا بۆ بەکاهێنانی هێز و ئاوازە دەبات ، سەبارەت بەمەش "دەستنیشانکردنی ئەو شوێنەی کە هێزی بڕگەی ئاوازەداری خراوەتە سەر ، گرنگترین بەشی پەیامەکە دەردەخات ، کە دەبێتە هەڵگری زانیاری نوێ ، کە پێشتر باسینەکرابێت " (Haliday1985 :275) .

٨-کەسەکان پەیوەست بەو شێوەزارەی کە قسەی پێدەکەن ، هەندێک تایبەتمەندی دەنگی سەر بە شێوەزارەکەیان هەیە ، پەنجەمۆری زمانیی تایبەت بە خۆیان پێدەبەخشێت ، کە بەکارهێنەرانی سەر بەهەندێ لە شێوەزارەکانی دیکە ، هەرچەندە هەوڵی لاساییکردنەوەی بدەن ، بەڵام بە ئاشکرا درکیانپێدەکرێت ، بۆ نمونە بەدوایەکدا هاتنی هەردوو دەنگی /ن ، گ / ، / ن، د/ ) لە کۆتایی وشەدا بە جۆرێکی تایبەت دەردەبڕێت ، کە /گ / و /د/ لە نێو دەنگی

/ن/ دا دەتوێنەوە و لێیجیانابێتەوە ، واتە دەکرێت بڵێن ئەم دوو دەنگە لە شێوەی دەنگی /نگ/ دا " لە شێوەزاری سلێمانیدا فۆنیمە " (عەلی ٢٠١٤ :١٥٤ )بۆ نمونە :

(٧) أ . شەبەنگ ←—— شەبەن ب. دەوڵەمەند ——← دەوڵەمەن

کەچی هەندێکجار ئەو دەنگی /گ/ یە ، لە شێوەزارەکانی تردا بە ڕەوانی گۆدەکرێت ، تەنانەت هەندێکجار لە کەسەکان کە هەوڵدەدەن بە لاسایی شێوەزاری سلێمانی بکەنەوە ، لە بە ڕەوانی دەنگی /د/ ی کۆتایی وشەیەک کە /ن/ ی لە پێشەوە هاتبێت بە /گ/ گۆدەکەن ، بۆ نمونە :

(٨) توند ——← تونگ .

٩- زۆرجار بوونی گرفت و نەخۆشی زمانیی لە کەسێکدا ،بۆ نموونە ئەو کەسانەی نەخۆشی دیسلێکسیان هەیە ، کە نەخۆشییەکە" لە ئەنجامی کەموکورتی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لە زماندا ، یاخود بەهۆی هەندێک هۆکاری نەخوازراوەوە کە پەیوەندییان بە لایەنی توانا هزریەکانەوە (زانینییەکانەوە) هەیە دروست دەبێت " (کاکەمد ٢٠٢١ : ١٣) ، هۆکارێکی بەهێزە بۆ دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی ئەو کەسانەی لەوجۆرە کەموکورییانەیان هەیە .

کەواتە فۆنەتیکی دادوەرییانە کاری تەنیا ئاشکراکردنی تۆمەتبارێک لە ڕێگەی دەنگییەوە نییە ، بەڵکو وەک ئەوەی بە کورتی خرانەڕوو ، چەندین ستراتیژییەتی تایبەت بە خۆی هەیە ، کە دەستنیشانی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکانی پێدەکرێت و دواتر وەکو بەڵگەی بەهێز و دڵنیاکەرەوە بۆ دەستنیشانکردنی تاوانباری ڕاستەقینە هاریکارن.

### دووەم: ستراتیژەکانی شێوازناسی دادوەری Forensic Stylistic:

مەبەست لە شێوازناسی دادوەری "جێبەجێکردنی زانستی شێوازناسی زمانەوانییە لە دەوروبەرەکانی دادوەرییدا ، کە تیشکدەخاتە سەر زمانی نووسراو ، هەندێکجاریش زمانی وتراو بە نووسین ، بۆنمونە نووسینەوەی گفتوگۆ تۆمارکراوەکانی ناو کاسێتێک ، ئەسپاردەکان ، چاوپێکەوتنەکان ، ...هتد . سەرەکیترین جێبەجێکردنی شێوازناسی دادوەری ، لە بواری دەستنیشانکردنی نووسەرێتی دەقێکە ، کە خاوەنەکەی گومانلێکراوە ، جێبەجێکردنەکانی تریش پەیوەستن بە شیکردنەوەی واتای بەڵگەنامەکان ، وەکو وەسێتنامەکان ، سیاسەتی بیمە ، گرێبەستەکان ، ڕێکەوتننامەکان ، یاساکان هەروەها شیکردنەوەی واتای گوتارەکان " (Ilza 2018:33 ) . بۆ نمونە لە لێکۆڵینەوەی دەستنیشانکردنی نووسەرێتی دەقێکدا ، کە خاوەنەکەی گومانلێکراوە ، لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی لێکدانەوەی زمانی تاک (ئایدۆلێکت (Idiolectدایە ، بۆیە شارەزای زمانیی ، تا دەستنیشانی پەنجەمۆری زمانیی نووسەری ڕاستەقینەی دەقەکە بکات ، گرنگیدەدات بە :

١- ئەو وشە و دەستەواژانەی کە ئەو کەسە زۆر بەکاریاندێنێت و دووبارەیاندەکاتەوە.

٢- ڕێزمانی ڕیکخستنی وشەو ڕستەکانی کەسەکە .

٣- چۆنیەتی گۆکردنەکانی کەسەکە لە دەقی وتراودا.

٤- بەراوردکردنی شێوازی نووسینەکە بە کەسایەتی و بیرکردنەوەی کەسەکە .

٥- وردبوونە لە ڕێنووسی نووسینەکانی کەسەکە

٦- دەستنیشانکردنی نەخۆشی و گرفتە زمانییەکانی ئەو کەسە ئەگەر هەبێت ، ، ... هتد

دیارە هەموو ئەمانەش ، لە ڕێگەی بەراوردکردنی نووسینەکانی کەسە گومانلێکراوەکەیە (هەندێکجاریش تۆمارە دەنگییەکان لە دەقی وتراودا) ، بە دەقە دەستنیشانکراوەکە ، دەستنیشانکردنی شێوازی گومانلێکراو و تاوانباریش بەچەند ڕێگەیەک دەبێت :

أ- بە وردبوونەوە لە شێوازی نووسەر یان وتاربێژێک ، درک بە دووبارەبوونەی تاکە وشە و دەستەواژەیەک یان کۆمەڵێک لە وشەو دەستەواژە دەکرێت ، کە وەکو مۆرکێکی تایبەتی کەسەکە دەردەکەوێت و پێی دەناسرێتەوە .

ب- دەستنیشانکردنی چۆنیەتی چنینەوەی ڕستەکان و دەربڕینیان لە شێوەی ڕستەی کورت و واتادار ، یاخود ڕستەی سادەو ئاڵۆز ، زۆرجار دەبنە دەستنیشانکەری شێوازی کەسەکە .

ت- لەکاتی ئاخاوتندا هەموو ئەو تایبەتمەندییە دەنگیانەی کە فۆنەتیکی دادوەرییانە خۆی پێوە خەریکدەکات ، ئەنجامەکەی بەکاردێت بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی تاکەکەسێکیش .

پ- هەموو ئەو سەرتۆپانەی ، کە نووسەر یان وتاربێژ مەیلی لێیان هەیە، تا لە بارەیانەوە بنوسێت یان لێدوان بدات ، جۆرێک لە شێوازی کەسەکەی پێوەدیارە ، کە ئایا زیاتر لە چ چوارچێوەیەکدان .

ج- ڕێنووسیش یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی ، کە زۆر گرنگە لەبارچاوبگیرێت تیشکی بخرێتە سەر ، چونکە ڕێنووس "چۆنیەتی نووسین و تۆمارکردنی دەربڕینە زمانییەکانە (قسەکردن) ، بە هێما ." (شەمس ٢٠١٧ :١٤٠) ، واتە لە ڕێی ڕێنووسەوە بە ئاسانی دەتوانیت دەستنیشانی چۆنیەتی نووسین و تۆمارکردنی دەربڕینە زمانییەکانی تاکەکەسێک بکەیت ، لەبەرئەوەی ئەرکی ڕێنووس لە بواری زمانەوانی دادوەرییدا زیاتر لە هەموو بوارەکانی دیکە ڕووندەبێتەوە ، چونکە ئەگەر هەندێک پێیان وابێت ڕێنووس و خاڵبەندی شتێکی وا لە واتای دەربڕاوێک ناگۆڕێت ، ئەوا لە زمانەوانی دادوەرییدا ئەوە ڕووندەبێتەوە ، کە چۆن ڕێنووس یارمەتیدەرە لە دەستنیشانکردنی ناسنامەی نووسەرێتی دەقێکی دیاریکراو ، بۆ نمونە :

١- زۆرجار کەسەکان لە کاتی نووسیندا بە بێ ئەوەی خۆیان درکیان پێکردبێت ، بەردەوام هەمان هەڵەی ڕێنووسی دووبارە دەکەنەوە ، کە ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە لە لێکدانەوەی دەقێکدا، بە بەراوردکردن بە چەند نووسینێکی ئەو کەسە ، چونکە ئەو هەڵانە دەبنە پەنجەمۆری زمانیی کەسەکە و یارمەتیدەردەبن لە دەستنیشانکردنی تاوانباری و بێتاوانی کەسەکە پەیوەست بەکەیسە دیاریکراوەکەی .

٢- گرنگی نەدان بە هەندێک وردەکاری تایبەت بە ڕێنووسی زمانی کوردی ، وەکو بەکارهێنانی سەرو بۆرو چوکلە لەسەرو ژێری هەندێک پیتی وەکو (ڵ) و (ڕ) و (ۆ) ، یاخود بەکارهێنانی هەندێک پیتی وەکو (ص ، ظ، ط ) ، کە ڕێگەیەکی دیکەی دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکانە ، دەشێت ئاماژەی جیاواز بەدەستەوە بدات بۆ نمونە نووسەری ئەو دەقە ، دەشێت بە ڕەگەز عەرەب بێت .

٣- گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان هەندێکجار لە ڕێنووسیشدا ڕەنگدەداتەوە ، بەوەش دەتوانێت یارمەتیدەربێت بۆ دۆزینەوەی شێوازی نووسەرەکەی ، بۆ نمونە زاڵنەبوون بەسەر هاتنەناوەوەی شێوازی ئاخاوتن لە نوسییەنەکانی ئەو کەسەدا ، واتە نووسینەوەی هەندێک لە وشەکان هەر بەو شێوەیەی لە زمانی ئاخاوتندایە .

هەموو ئەمانەش واتای ئەوە دەگەیەنێت ، کە ئەرکی سەرەکی شێوازناسی دادوەری دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی گومانلێکراوانە ، لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی شێوازەکەیانەوە ، بە واتایەکی تر ، هەموو ئەو کارانەی شێوازناسی دادوەری ، لەسەر شێوازی زمانی گومانلێکراوێک دەیکات ، ئەنجامەکەی بۆ دەرخستنی پەنجەمۆری زمانیی ئەو کەسەیە ، تا لێکدانەوەی تاوانە زمانییەکەی پێبکرێت.

## سێیەم : ستراتیژەکانی ڕستەکاری دادوەری:

لە زمانەوانییدا ڕستەسازیsyntax ئاماژە بەو ڕێساو یاسایا و پرۆسانە دەکات ، کە حوکم بەسەر پێکهاتەکانی ڕستە و چۆنیەتی ڕیزبوونی ڕستەکان ، پێکەوەهاتنی وشەکان و ڕێزمانی زمانێکەوە دەکەن ، یاخود "لێکۆڵینەوەیە لە ڕێکخستنی وشەو فریزەکان ، کە ڕێگە بە قسەکەر دەدەن مانا لە دەنگ هەڵهێنجن ، ئاماژەکان (وەکو ئاماژەی زمانی ) ، نیشانە بینراوەکان وەکو وشەی نووسراو " ( Petersen 2017 :47) ، کەواتە کار لەسەر هەرسێ دەقی زمانی گوترا ، نووسراو ، بزاوتن دەکەن . بە واتایەکی تر زمانەوانان لەم بوارەدا خۆیان خەریکدەکەن بە "دەستنیشانکردنی سروشت و چۆنیەتی پێکهاتنی ئەم کەرەستانە (دەنگ – فۆنیم –برگە- مۆرفیم –وشە- فریز) و پیشاندانی جۆری پەیوەندی نێوانیان و چۆنیەتی لێکدانیان لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا" (ئەمین ٢٠٠٤: ١٤٨)

بەو پێیەی ڕستەسازی وەکو ئاستێکی زمانی سەربەخۆیی تەواوی هەیە ، بەڵام " لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ پێکهاتەکانی تری ڕێزماندا ، پێکەوە کاردەکەن و کارتێکردنیشیان لەسەر یەکتری هەیە ، واتە دیاردە زمانییەکانی ئەو پێکهاتانە ، لە سینتاکسدا دەردەکەون و پێوەندی لە نێوانیاندا دروست دەبێت . ئەمە جگە لەوە ، کە سینتاکس فەرهەنگی زمانی تێدایە و وەسفێکی تەواوی ئەو زانیارییە خۆڕسکانە دەکات ، کە قسەکەری زمانی دایک لە بارەیەوە هەیەتی " (حسەین ۲۰۰۹ :۲۱ )وایکردووە بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زانستییانەی زۆرێک لە ڕستەکان بە تایبەت لە بوارێکی چارەنووسسازی وەکو زمانەوانی دادوەرییدا ، تەنیا کاری شارەزای زمانیی بێت و بە ئەوان بسپێردرێت ، هەربۆیە لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاری زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا ، ڕێگە بە کەسانی ناپسپۆڕ نادرێت شیکردنەوەی نادروست لە بارەی تاوانە زمانییەکانەوە بخەنەڕوو ، هەمیشە پشتبەستنی بەشێکی تەواویان بەو بەڵگانەیە، کە شارەزایان لە لەڕێگەی دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکانەوە ، لێکدانەوەیان بۆ تاوانەکانیان دەکەن و لە شێوەی ڕاپۆرتدا پێشکەشی دەکەن .

ئەو ستراتیژییانەی شارەزای زمانیی لە ڕستەکاری دادوەرییدا بۆ دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی گومانلێکراوان و تاوانباران پشتیپێدەبەستێت ، ڕوونکردنەوەی چەند لایەنێکی ڕستەسازییە ، لەوانە :

**یەکەم :یاسای سەرە ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە:**

لە زۆربەی زمانەکاندا یاسای سەرەو ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە جیاوازن لە یەکتری ، بۆ نمونە لە زمانی کوردی و تورکیدا (SOV) یە و لە زمانی ئینگلیزی و ئیسپانیدا (SVO) کەچی لە زمانی عەرەبیدا (VSO)یە .

أ- هەندێکجار لە ڕێگەی چۆنیەتی یاسای ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەوە دەتوانرێت لێکبدرێتەوە قسەکەر یان نووسەر ، بە ڕێسای زمانی دایک ئاماژەی داوە یاخود نا ، کە ئەمەش دەبێتە دەبێتە پەنجەمۆری زمانیی کەسەکە ، کە وەکو بەڵگەیەک بەجێیدەهێڵێت. .

ب- زۆرجار بە پێی چەند یاسایەکی دیکە ، کە ناسراون بە یاساکانی گواستنەوە ، شوێنی ئەو کەرەستانەی ڕستە ئاڵوگۆڕدەکرێن ، چونکە ئەو گواستنەوانە "پەیوەندییە وتەییەکانی مرۆڤ ئاسان دەکەن ، وەک لە جەختکردن و ئابووریکردن و لە کەرەستەو خێرا گەیاندنی بیر ، یان مەبەستدا دیارە " (حسەین ۲۰۱۲ :۲۹) ، کە ئەمەش وەکو بەڵگەیەک بەکاردێت ، بۆ دیاریکردنی مەبەستی تاوانبار لەڕێگەی ئەو گۆڕانکارییانەی لەکاتی بەکارهێنانی زماندا لە یاساکانی زمانەکەدا جێبەجێی کردووە.

ت- گۆڕینی کەرەستەکانی ڕستە ، هەندێکجار ڕاستی پێچەوانە دەکاتەوە ، بۆ نمونە :

(٩)    أ- ئامانج هەڕەشەی لە ئارام کرد.

ب- ئارام هەڕەشەی لە ئامانج کرد.

**دووەم: لێکدانەوەی ڕستەی ناسادە:**

ڕستەکانی زمان کە لە یەک (کردار ) زیاتریان تێدابوو ، واتا (ڕستەی ناسادە)ن ، جا ئەو ڕستانە ، لە شێوەی ڕستەی ناسادەی (لێکدراو)بن ، کە لە دوو رستە یان زیاتری سادە پێکدێت و لە ڕێگەی مۆرفیمەکانی بەستنەوەی وەکو ( و ، بەڵام ، چونکە ، یان ...هتد )لێکدەدەرێن ، یان ڕستەی ناسادەی (ئاڵۆز / ئاوێتە / تێکەڵ) بن ، کە بەهۆی شێوەی دارشتنەکەیانەوە ، کە لە (شارستە و پارستە ) پێکهاتووە و چۆنیەتی بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی بەستنەوە تیایاندا ، بۆ نمونە مۆرفیمی بەستنەوەی (کە) بە شێوەیەکی بەرچاو و مۆرفیمەکانی وەکو ( چونکە ، بەڵکو ، تا ، هەتا ، ... )یش ، تێکەیشتن لە پەیوەندی ڕێزمانیی و واتایی بەشە پێکهێنەرەکانییان ئاڵۆزە و پێویستی بە لێوردبوونەوەی زیاتر هەیە .

ڕستەکاری دادوەری جەخت لە چەند لایەنێک دەکاتەوە بۆ لێکدانەوەی ڕستەی ناسادە ، کە پەنجەمۆری زمانیی لە دەقە تاوانکارییەکەدا بەجێدەهێڵن و شارەزا دەتوانێت بۆ لێکدانەوەی تاوانە زمانییەکە کەڵکیان لێوەردەگرێت ، بۆ نمونە لە ڕستەی لێکدراودا گرنگی بە مۆرفیمەکانی بەستنەوە دەدات ، کە ئاراستەی بیری دەربڕی ڕستە لێکدراوە دیاریدەدەکات ، لە ڕستەی ئاڵۆزیشدا جۆری (پارستە)، کە واتای ڕستەکەی تێدا هەڵگیراوە :

أ- مۆرفیمەکانی بەستنەوە لە ڕستەی لێکدراودا: بەکارهێنانی ئەو مۆرفیمانە لە لایەن تاوانبار و گەواهیدەرەوە لە لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکاندا، دەتوانن ئاماژەی جیاواز بەردەستبخەن ، بۆ نمونە بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی وەکو (و، بەڵام ، یان ) ئاماژەکانیان بەمجۆرەیە ([و]کەسی ئاخێوەر دەیەوێت بەردەوام بێت لە گەیاندنی بیرەکەیدا ، [بەڵام] مارکەیە بۆ ئەوەی قسەکەر دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ سەر قسەکانی پێشووی و خاڵێکی نەرێنی یان ئەرێنی تێیدا نیشانبدات و جەختی لەسەر بکاتەوە ، یاخود دەیەوێت تەمومژییەک بخاتە سەر یەکێک لەو بابەتانەی کە پێشتر باسیکردووە ، [یان] مارکەیە بۆ هەبوونی دووڕیانێک لە هەڵبژاردندا .) (مەحمود 2015 :٣٢٩)

ب- جۆرەکانی پارستەی کرداری لە ڕستەی ئاڵۆزدا: کە "شوێنکەوتوی شارستەیە و زانیاری زیاتر دەربارەی شارستە دەدات .هەروەها بە ڕستەی بەند دادەنرێت ، چونکە سەر بە ڕستەی سەرەکییە ، ئامرازەان تێکەڵ بە دارشتنی پارستەکان دەبن و لە ڕستەی ئاڵۆزدا ئەرکی فرێزی ناوی جیبەجێ دەکات" (عەبدولرەحمان ٢٠١٥ : ٢٩) . لە دەقە نووسراو وتراوەکانی لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکاندا ، زۆرجار لێکوڵەر بەریەککەوتنی لەگەڵ جۆرێک لە ڕستەی

بەکارهێنراو دا دەبێت ، کە سوود لە بەکارهێنانی پاڕستەی کاری وەرگیراوە بۆ مەبەستی هاندان یان ئەنجامدانی تاوانکاری لە ڕێگەی زمانەوە ، بۆ نمونە :

(١٠) کە کاروان هات ، تۆ دەستبکە بە گاڵتەپێکردنی. (پاڕستەی کاتی)

(١١) لەبەرئەوەی بە گوێم ناکەی ، منیش لەمەودوا یارمەتیت نادەم. (پاڕستەی هۆ)

(١٢) تۆ باش کارەکان ئەنجام نادەی ، بۆیە منیش خەڵاتت ناکەم. (پاڕستەی ئەنجام)

(١٣) تۆ ئەو کارەم بۆ جێبەجێ بکە ، بۆ ئەوەی منیش پلەت بەرزبکەمەوە. (پاڕستەی ئامانج)

(١٤) ئەگەر بە قسەم نەکەیت ، هاوڕێیەتیت لەگەڵدا دەپچڕێنم . (پاڕستەی مەرج)

(١٥) بە ڕادەیەک قازانج دەکەی ، کە خۆشت بروا نەکەیت . (پاڕستەی پێوانە) .

ئەمە جگە لەوەی هەندێک لە مۆرفیمەکان بەکارهێنانیان ناوازەیە و پەیوەستە بە ناوچەیەکی دیاریکراوە وە ، یاخود بەکارهێنانیان لە ئاستی تاکەکەسییدا ماوەتەوە .

**سێیەم : لێکدانەوەی جۆرەکانی بکەر :**

بکەری ڕستە ئاماژە بۆ ئەو کەسە دەکات ، کە هەستاوە بە ئەنجامدانی کارێک ، ڕستە بەبێ بوونی بکەر ، یان جێناوێک ، کە بۆ بکەر بگەڕێتەوە واتادار نابێت. مەبەستی لێکۆڵینەوەی تاوانکاریش دۆزینەوەی بکەری تاوانەکەیە ، زۆر جار گومانلێکراوان و گەواهیدەران ، بۆ خۆبێبەریکردن ، یاخود خۆدزینەوە لە تاوانبارکردنی کەسێک ، ڕستەکانیان بە جۆرێک دەردەبڕن ، بە بێ ئەوەی کەلێن لە واتای ڕستەکەدا درووست کەن ، بکەری ڕستەکە دەرناخەن یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەریدەبڕن ، بۆیە لێکۆڵەر لەو کاتەدا ، دەبێت بە ئاگایانەوە لەو شوێنانەدا بوەستێت و لە مەبەستی قسەکەر تێبگات ، بۆنمونە :

(١٦) زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا.

زەنگی تەلەفۆنەکە (بکەری ڕێزمانی) یە ، لە بنەڕەتدا خۆی کارەکەی ئەنجام نەداوە ، دەبێت کەسێک تەلەفۆنی کردبێت و زەنگەکە لێدرابێت.

(١٧) ئایە ئەو ڕێنماییانە لە ئالانەوە وەردەگرێت.

ئەگەر لە ڕووی سینتاکسییەوە سەیری پێکهاتەکانی ئەو ڕستەیە بکرێت ئایە بکەرە و ئالان تەواوکەر ، بەڵام لە ڕووی واتاوە لێکدانەوە بۆ ڕستەکە بکرێت ، ئالان (بکەری ڕێزمانی) یە (ئایە بکەری لۆجیکی) لەبەرئەوەی ئالان ڕێنماییەکان بە ئایە دەدات.

(١٨)    وەسیتانامەکە دەستکاریکرا.

لەم ڕستەیەدا (دەستکاریکرا) کاری بکەرنادیار ، ئەم ڕستەیە بکەر نادیارە لەبەرئەوەی دیار نییە کێ هەستاوە بە دەستکاریکردنی وەسیتنامەکە.

هەریەکە لەم ڕستانە لە ڕووی واتاوە ، واتادارن ، بەڵام دەشێت بەکارهێنانیان بەو شێوەیە ، بۆ مەبەست بێت ، بۆیە لێکۆڵەر دەبێت ، ڕێگە نەدات ئەو جۆرە ڕستانەی بەسەردا تێپەڕێت ، تا مەبەستەکەی ڕووندەکاتەوە.

**چوارەم : لێکدانەوەی کرداری فەرماندان وداخوازی :**

لە لێکۆڵینەوەکاندا هەندێکجار کەسێک تۆمەتبارە بە هاندان یان فەرماندان بەسەر کەسێکدا بۆ بەئەنجامگەیاندنی تاوانێک ، شێوازی ئەو فەرماندانە لە ڕێی شێوازی دەربڕینەکەیەوە دیاریدەکرێت .

(١٩)    أ- هەر ئێستا دەست بەکارەکان بکە.

ب- تکایە یارمەتیم بدە.

ت – دەتوانیت ئەو کارەکەم لەگەڵ بکەیت ؟

لە (أ) دا جۆری فەرماندانەکە توندە و قسەکەر گوێگری ناچارکردووە بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارێک.(ب) جۆرێک لە پاڕانەوەی تێدایە وا دەردەکەوێت گوێگر لە ڕووی دەسەڵاتەوە لە قسەکەر بەتواناتربێت، بەڵام لە (ت) دا ، داخوازییەکە لە شێوەی پرسیاردا دەربڕاوە و هیچ جۆرە ناچارکردن و هەستجوڵاندنێکی تێدا نییە ، گوێگر دەتوانێت ، بڵێ بەڵێ ، یاخود نەخێر.

بەم پێیە ڕستەکاری دادوەری زۆرترین وردەکاری تێدایە، کە زمانەوان دەتوانێت سوودی لێ ببینێت لە لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکارییدا ، لە بارێکی دیکەشدا لێکدانەوەی پێکهاتەکانی ڕستە بە پەیوەستکردنیان بە هەریەک لە بوارەکانی (سیمانتیک ، پراگماتیک ، دەروونی ، کۆمەڵایەتی ، جوگرافی) ، لێکدانەوەکە پتەوتر و بەپێزتردەکات ، کە ئەمەش ئەرکی شارەزای زمانییە و پێویستە بە وریاییەوە کاریانپێبکات.

**چوارەم: ستراتیژەکانی دیالێکتۆلۆجی دادوەری Forensic dialectology:**

جیاوازی چەند تایبەتمەندییەکی زمانیی لە نێو یەک زماندا لەڕووی وشە و دەنگ و ڕێزمانەوە بە زار یاخود دیالێکت ناسراوە ، واتە جیاوازی زمان لەگەڵ دیالێکتدا ئەوەیە کە "دیالێکت

بوارێکی تەسکترو پانتاییەکی سنووورداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە ، کە بە زمانە گشتییەکە قسەدەکەن " (عەلی ، حەمە ئەمین ۲۰۰۷ :۱۳) ، دیالێکتۆلۆژیش وەکو زانستێکی تایبەت بەم بوارە خۆی بە دیاریکردنی ئەوجیاوازیانە و ئەو بنەما و پێوەر و هۆکارەکانەش ، کە جیاوازیەکان درووست دەکەن لە نێوان زارو شێوەزارەکانی زمانێکدا خەریککردووە.

زمانەوانان بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر، جۆرەکانی زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردییان دیاریکردووە جا لەسەر بنەمای (لەیەکترگەیشت ، قەبارە ، ناوداری ) (تۆفیق ۲۰۰۷ :٦٣-٦٤) ، یان لەسەر بنەمای (بەستانداردبوون ،جوگرافی ، کۆمەڵایەتی ، بەکارهێنان ، مێژوویی ، سیمانتیکی ، لێکتێگەیشتن ) (ئەحمەد ۲۰۰۹ :۳۰ -۳۱) بێت ، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ، ئەو دیاریکردنە جۆراوجۆرانە وەکو بنەمایەک ئەوە دەسەلمێنن کە زارو شێوەزارەکان (دیالێکت و وەچەیالێکت) لە زمانی کوردییدا زۆر و هەمەچەشنن ، ئەمەش واتای ڕەسەنایەتی زمانەکە دەردەخات و ڕێگە کراوەدەکات شارەزای زمانیی لە ڕێگەی جۆری زارو شێوەزارەکانەوە لە شوێنی جوگرافی ، پلە و پایەی کۆمەڵایەتی ، ئایینی ، ڕەگەز ، تاکەکەسی و ... هتد کەسی مەبەست بکۆڵێتەوە ، کە خاڵێکی گرنگە بۆ کاری شارەزای زمانیی لە زمانەوانی دادوەرییدا ، تا سود لە دیالێکتۆلۆژی بۆدۆزینەوەی پەنجەمۆری زمانیی تاکەکان و لێکدانەوەی ڕاست و درووستیانەی دەقێکی تاوانکاری پەیوەست بە زمانەوە ، یاخود وتە و لێدوانەکانی تۆمەتبار ولایەنەکانی بەشدار لە پرۆسەی دادگاییکردنێکدا ، ببینێت .

دیالێکتۆلۆجی دادوەری "ئاماژەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیالێکت لە ڕێگەی میتۆدەوە ، بە پشت بەستن بە زانیارییە ئەنسرۆپۆلۆجییەکان ", (Sajedi , Ariani 2014 :223) ، واتە شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەو زار یان شێوەزارەیە، کە تاکێک قسەی پێدەکات ، لەگەڵ لایەنە کلتوری و ڕۆشنبیرییەکەی .

لە زمانەوانی دادوەرییدا لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی دیالێکتۆلۆجی دادوەرییەوە بە گرنگ دادەنرێت . لەبەرئەوەی ئەو شاڵاوە بەردەوامە بەهێزەی لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ، جێگۆڕکێی شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوانی جیهان ، بڵاوبوونەوەی فکرو ئایدۆلۆژیای نوێ ، ... هتد لە ئارادایە ، وادەکات ، هەرچەندە سنوری زمانە جیاوازەکان لە ڕووی جوگرافییەوە لەیەکدووربن ، بەڵام لەڕووی بەکارهێنانەوە لەیەکنزیکبنەوە ، ئەم گۆڕانەش نەک تەنیا لە سنوری گشتی زمانەکەدایە ، بەڵکو ڕۆدەچێتە ناو جۆرەکانی زارو شێوەزارەوە ، کە لەئەنجامدا ڕەنگە ببێتە هۆی ئاڵۆزی لە دۆزینەوەی ڕەسەنایەتی قسەپێکەری سەر بە زارێک یان شێوەزارێک . ئەمە جگە لەوەی لەسەر ئاستی تاکەکەس ، کاریگەرییەکی تەواو بەجێدەهێڵت ، لە لای ئەو کەسانەی ئەو هۆکارانە کاریگەرییان هەبووە لەسەری و نیشانە لەسەر پەنجەمۆری زمانییان بەجێدەهێڵێت .

شارەزای زمانیی لە زمانەوانی دادوەریدا هەوڵدەدات ، لە ڕێگەی وردەکارییە زمانییەکانی بواری دیالیکتۆلۆژی ، دەستنیشانی پەنجەمۆری زمانی کەسی گومانلێکراو یان هەرکەسێکی مەبەست بکات لەڕێگەی :

١- دیاریکردنی دیالێکت و وەچە دیالێکتی کەسەکە .

٢- دەستنیشانکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی ، تەمەن ، ڕەگەز ، ئایین ، ڕۆشنبیری ، ... هتد ، کەسەکە ، بکات بۆ نمونە :

أ. لە ڕێگەی ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆژییانەی لە زمانی کوردییدا هەیە ، دەتوانرێت درک بە زارو شێوەزاری کەسی گومانلێکراو بکرێت ، بۆ نمونە :

(٢٠) أ- کرتاندنی دەنگی /د/ لە شێوەزاری سلێمانییدا ، وەکو منداڵ مناڵ.

ب- جێگۆڕکێی دەنگ لە شێوەزاری هەولێردا ، وەکو تەرزە تەزرە.

٣- لە ڕێگەی تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی ئەکسێنتەکانەوە ، بۆ نمونە ، کە ئەکسێنتی هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ لەگەڵ نەخوێنەوار، ئەکسێنتی سەرکردەکان لەگەڵ کەسی ئاسایی ، ... هتد جیاوازن ، دەتوانرێت ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گومانلێکراو دەستنیشانبکرێت ، کە ڕەنگە بە ڕەچاوکردنی ئەو لایەنانەی گومانلێکراوەکە ، دەستنیشانکردنی تاوانباری و بێتاوانی و جۆری سزای تاوانە زمانییەکە گۆڕانی بەسەردا بێت .

٤- لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشە و پێکەوە لکاندنیان ، چۆنیەتی دەربڕینی دەنگەکان ، گۆکردنیان ، بەرزی و نزمی تۆنی ئاخاوتن ، هەتا دەگاتە داتاشینی وشە و دەستەواژەی نوێ ، لە نوسین و دەربڕینەکاندا ، ڕەنگدانەوەی بیرورا ئایینی و سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان لە نووسین و ئاخاوتنەکاندا ، دەتوانرێت (ئایدۆلێکت ) دیاریبکرێت ، کە ئەمەش بۆ بواری زمانەوانی کەڵک و بایەخێکی زۆری هەیە بۆ نمونە لەو دەقە نووسراو و تۆمارە دەنگیانەدا کە خاوەنەکەی گومانی لەسەرە و یەکلایی نەبوەتەوە.

کەواتە زمانەوانی دادوەری سوود لە دیالێکتۆلۆژی دەبینێت وەکو ئەو زانستەی یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردن و دۆزینەوە جۆری دیالێکت و ئەکسێنتی کەسی گومانلێکراو ، کە دەستنیشانی پەنجەمۆری زمانییەکەیان دەکات و لە دواجاردا دەبنە زانیاری گرنگ بۆ ڕەوتی لێکۆڵینەوە.

## پێنجەم: ستراتیژییە سیمانتیکی و لۆجیکییەکان :

سیمانتیک وەکو ئەو زانستەی گرنگی بە واتا دەدات ، " ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ دەبینێت لە هەموو ئاستەکانی شیکردنەوەی زماندا ، هەر لە ئاستی شیکردنەوەی فۆنیمەوە تا دەگاتە

شیکردنەوەی دەق ، بۆیە تەنیا لە ڕێگەی تێگەیشتنی واتاوە دەکرێ لە ڕاستی و سروشتی زمان تێبگەیت" (عەلی ٢٠١٤ :٧٧) .

لە لێکۆڵینەوەی تاوانکارییدا ، واتا تیشکدەخاتە سەر ڕستەکانی ئەو دەقە ، ئەو کەرەستانەش کە ڕستەکانی پێکهێناوە ، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کەرەستەکانی ناو ڕستەیەک ، هەرچەند لە ڕووی سینتاکسییەوە گونجاو بن ، گەر لە ڕووی واتاییەوە ئەو کەرەستە بەدوای یەکداهاتووانە لەگەڵ یەکدا گونجاو نەبن ، ئەوا لە ڕووی لۆژیکییەوە بە درووست دانانرێن . چونکە " لۆژیک لەم ئاستەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت ، کە دەبێت ڕستەکان درووست بن ، بە پێی یاسا لۆژیکییەکان و لادان لەناو ڕستەکان و پەیوەندی نێوان وشەکاناندا نەبێت ، چونکە هەر لادانێک لە یاسا و دیاردەلۆژیکییەکان دەبێتە هۆی لێکبچڕان و تەواو نەبوونی کردەی لێک گەیشتن و دەرکەوتنی کەلێن لە پرۆسەی بیرکەوتنەوەدا " (عەلی ، مەحمود ٢٠٠٩ : ٣٧ ) کەواتە ئەگەر مەبەست لە لێکدانەوەی دەقە تاوانکارییەکان تێگەیشتن بێت لەو بیرەی ئەو دەقانە دەیگەیەنن ، ئەوا بۆ دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسانی دیایکراو ، کە لێکدانەوەی تاوانەکانیانی پێدەکرێت ، پشت بەو یاسا لۆژیکیانە دەبەسترێت کە پەیوەندییان بە سیمانتیکەوە هەیە ، لەبەرئەوەی لۆژیک لێکۆڵینەوەیە لە بیر ، واتاش ئەو پەیامەیە کە بیری دەقێک لە ڕێگەی زمانەوە دەگوێزێتەوە ، بەشێوەیەکی سادەتر دەتوانین بڵێین واتا لێکدانەوەی ئەو بیر و چەمک و شتایە کە لە واقیعدا هەیە ، واقعیش یەکسانە بە لۆژیک ، هەر بۆیە "لە توێژینەوە لۆجیکییەکاندا ، واتا لە دوو بۆچووونیدا باسکراوە :

یەکەم : واتا ئەو ئاماژەیەیە کە وشەیەک هەیەتی و هەر وشەیەکیش لە ڕێگەی ئەو ئاماژەیەوە واتادار دەبێت کە وشەکە بۆی دەگەڕێتەوە .

دووەم : واتا بریتییە لەو پەیوەندییەی کە وشەیەک لەگەڵ دروستیدا هەیەتی ، یاخود ئەو پەیوەندییەی کە وشەکە بە دروستییەوە دەبەستێتەوە ."(محمد ٢٠١٢ : ٨٤٨ ).

بۆیە شارەزای زمانیی ، لە لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکاندا ، بە پشت بەستن بە لۆژیک واتای دانە بە دانەی وشە و ڕستەکانی دەقێکی تاوانکاری لێکدەداتەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات ، بۆ نمونە :

١- لەئاستی وشەدا لە ڕێی سیمانتیکەوە لێکدانەوە بۆ واتای ئەو وشانە دەکات ، کە لە بەڵگە زمانییەکەدا هاتوون ، واتا (لێڵ ، ناوازە ، دژیەک ،... هتد) ییەکان ڕووندەکاتەوە ، بۆ نمونە سەبارەت بە واتا لێڵەکان ، کە زۆرێک لە وشەکان واتاکانیان ڕوون و ئاشکرا نییە ، بە وشە تەمومژاوییەکان / لێڵەکان Ambiguity Words ناسراون ، واتە مەبەست لەوەیە " وشەیەک یان مۆرفیمێک بە تەنها ببیسترێ یان بخوێندرێتەوە گوێگر یان خوێنەر بە زیاتر لە واتایەک

تێی بگات " (امین ١٩٩٥ :١٣٦). لە بوارێکی هەستیاری وەکو دادوەرییدا لێکدانەوەی واتای ئەو جۆرە وشانە، کە خۆی لە هەردوو جۆری (فرەواتا ، هاوبێژ) و جۆرەکانیاندا دا دەبینێتەوە ، پێویستییە و لەسەر شارەزای زمانییە ، ئاستی لۆژیکیان ڕوونبکاتەوە ، چونکە "دوو ڕێگای ترن لەبەردەم گەیاندنی چەمک و مەبەستەکانی ئاخێوەردا" (برزو ، محمد ٢٠١٧ : ٤٠٩) ، کە زۆر جار بە پێی پێویست لەلایەن کەسی ئاساییەوە لیکنادرێنەوە ، بۆ نموونە لە لێکدانەوەی فرەواتای (گشت و بەش) دا ، کە واتا تیایدا بە شێوەیەکە ،بۆ هەمان چەمک دەکرێت جارێک ئاماژە بیت بۆ واتای گشت ، یاخود بە پێچەوانەوە واتای بەشیکی ئەو گشتە، کە بەهۆی لۆجیک و دەوروبەرەوە لێکدەدرینەوە ، وەک :

(٢١) أ- ماڵەکە پاکبکەرەوە . = هەموو ماڵەکە.

ب- ماڵەکەی پیسکرد. = بەشیکی ماڵەکە.

٢- شارەزای زمانیی لە ئاستی ڕستەشدا سوود لەو پەیوەندییە وەردەگرێت کە لە نێوان سیمانتیک و لۆژیکدا هەیە ، لەبەرئەوەی "فۆرمی لۆژیکیی لابەری لێڵی و تەمومژیی سیمانتیکی دەربڕاو و ڕستەکانە " (عومەر ٢٠١٢ :٢٤٤) ، ئەمەش واتای ئەوەیە ، گرنگە پشت بە واتای لۆژیکی ڕستەکان ببەسترێت ، بۆ ئەوەش بە شێوەیەکی ئاسایی پێویستە لەسەر شارەزایانی زمانەوانی ، بەردەوام لە لێکدانەوەی واتای رستەکاندا پشت بەو ڕاستییە ببەستن ، کە واتای وشەکانیان لەخۆیاندا هەڵیانگرتووە ، بۆ نمونە :

(٢٢) شاناز ڕەبەنە ؟

هەرچەندە بە پێی فەرهەنگی زمانی کوردی وشەی (ڕەبەن) مەبەست لە کەسێکە ، کە هاوسەرگیری نەکرووە ، بەلام بەکارهێنانی ئەو وشەیە لە پاڵ ناوی ئافرەتێک لە ڕووی لۆجیکییەوە گونجاو نییە ، لەبەر ئەوەی لە واقیعدا وشەی ( ڕەبەن ) تەنیا بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت ، لەبەرامبەر ئەو وشەیە وشەی (گەورە کچ ، قەیرە )بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێت.

(٢٣) أ- ئازاد نامەکەی بە شوفێرەکە دا.

ب-شۆفێرەکە نامەکەی بە ئازاد دا.

ئەگەر لە ڕووی ڕێزمانەوە سەرنجی ئەو دوو ڕستەیە بدرێت ، یاسای ڕیزبوونی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەی زمانی کوردییان تێداجێبەجێکراوە ، بەلام ئەگەر لێکدانەوەیەکی لۆژیکییان بۆ نەکرێت و پەیوەست نەکرێنەوە بەو واقیعەوە کە نامەکە لەلایەن کێیەوە بە کێ دراوە ، ئەوا ڕەنگە واتای دروستمان دەستنەکەوێت ، جا ئەگەر ئەو دوو ڕستەیە ، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە دەقێکی تاوانکارییدا دەربڕدرابێت ، ئەوا ئەو واتایە زیاتر لەوە

هەڵدەگرێت کە لەبارودۆخێکی ئاساییدا دەربڕدرابێت ، چونکە ڕەنگە ئەو نامەیە پەیوەست بە تاوانێکەوە بێت.

(٢٤) میوانەکانیان ڕۆیشتن و ژنە پیرەکە گریا ، بۆیە منیش منداڵەکەم نەگەیاند.

لێکدانەوەی ڕستەیەکی لەمجۆرە ، کە لە سێ ڕستەی سادە لەناو ڕستەیەکی لێکدراودا پێکهاتووە و هەریەک لەو ڕستانە، پێکەوە گونجاو نین و پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، وایکردووە ، ڕستەکە وەکو دەربڕاوێکی نادروست ببینرێت ، بەڵام گەر ئەو ڕستەیە پەیوەستبکرێتەوە بە واقیع و ڕستەکانی دیکەی ناو دەقەکە ، ڕەنگە واتایەکی تەواو و گونجاو بگەیەنێت ، هەربۆیە زۆرجار لێکدانەوەی هەندێک لەم جۆرە ڕستانە ، وەکو دەربڕاوێک وایە لەلایەن کەسێکەوە ، کە هەندێک لێی تێناگەن و دەڵێن "قسەکانی هیچیان بەسەر هیچەوە نەبوو" ، هەندێکیتریش پەیوەست بە لۆجیکەوە لێی تێدەگەن و دەلێێن "قسەکاتی هەمووی لە شوێنی خۆیدابوو "

لە پاڵ هەریەک لەو ستراتیژییانەدا ، ئەوەی پێویستە گرنگی پێبدرێت ، بۆ دەستنیشانکردنی پەنجەمۆریی زمانیی کەسەکە ، بەراوردی دەربڕاوە زمانییەکانییەکانێتی لەڕووی سیمانتیک و لۆژیکەوە بە لایەنە دەروونی و ئاوەزییەکەی لەبەرئەوەی هەر کێشەیەک لەو لایەنانەی مرۆڤەکاندا هەبێت کار لە واتا و لۆژیکیەتی دەربڕاوە زمانییەکانییان دەکات. هەربۆیە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانی کەسەکان بە بە پێی پێوەرە سیمانتیکی و لۆژیکیەکان گرنگییەکی بەرچاوی هەیە ، تا ئەو ڕادەیەی لێکدانەوەکانی بواری واتاسازی لە توانایاندایە ، لە کوێشدا سنوری لێکدانەوەکانی واتاسازی تەواو بوو ، پێویستە پەنا بۆ ستراتیژییەکانی لێکدانەوەی پراگماتیکی بەرێت.

**شەشەم: ستراتیژییەکانی پراگماتیکی دادوەری :**

بۆ لێکدانەوەی واتای دەقەکان ، بەتەنها واتای پیتی وشە فەرهەنگییەکان ، شارەزایی لە یاسا و ڕێساکانی زمانەکە ، بەستنەوەی دانەپێکهێنەرەکانی ڕستەیەک بەیەکتری ، لەچوارچێوەی ڕستەکەدا یارمەتیدەر نابێت ، لەبەرئەوەی لە گشت کاتەکاندا کەرەستە و پێکهاتەکانی ئەو ڕستانەی لە دەقەکاندا دێن ، گوزارشت لە واتا ڕەهاکانیان ناکەن . بەڵکو زۆرجار ئەو کەرەستانە ، پەیوەست بە دەوروبەرەوە (دەوروبەری کۆمەڵایەتی ، ئایینی ، ڕۆشنبیری ، کلتوری ، دەروونی ، ...هتد)، واتای جیاوازیان لێهەڵدەهێنجرێت ، کە بە واتای پراگماتیکی ناسراون ، واتە لێکدانەوەی واتاکانیان پەیوەست بە دەوروبەر و بارودۆخی وتنەوە دەستنیشاندەکرێت هەروەکو لایینز لەمبارەیوە دەڵێت "ئەو دەوروبەرەم بدێ ، کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە ، واتاکەتدەدەمێ "(حەسەن ٢٠٢٠: ٤١ ).

دەقی تاوانە زمانییەکانیش بەدەر نییە لەوجۆرە دەقانەی ، کە لێکدانەوەی پراگماتیکیانەیان پێویستە ، بە هەردوو جۆری دەقی تاوانە زمانییە نووسراو یان زارەکییەکانەوە ، بۆ نمونە لە دەقێکی زارەکییدا ، ڕەنگە بچوکترین گۆڕانکاری "بەهۆی ئاواز و بەرزکردن و نزمکردنەوەی دەنگ و گۆڕینی ڕەوتی دەنگ واتای پێچەوانەی ڕستە دەربڕاوەکە بگەیەنێت" (عەلی ت . ٢٠١٤ :٢٢٦) وەکو:

(٢٥) تۆ لە شوێنی خۆت مەجوڵێ.

لە ڕستەی (٢٥) دا ، گەر ڕەچاوی ئەو دەوروبەرە نەکرێت ، کە ئەو ڕستەیەی تێدا دەربڕاوە ، واتای فەرماندانە بە نەکردنی شتێک ، بەڵام ڕەنگە گەر پەیوەستی بکەیت بە دەوروبەری وتنەکەیەوە ، بە مەبەستی توانجدان بەکارهاتبێت ، یان واتای فەرماندان بێت بە کردنی شتێک. کەواتە واتای پراگماتیکی واتای مەبەستە و مەبەستیش بەهۆی دەوروبەرەوە دیاریدەکرێت.

(Yule 1996 :3 ) یش چوارچێوەیەکی فراوانتر بە لێکۆڵینەوە لە واتای پراگماتیک دەبەخشێت و گرنگی بە چوار ئاست دەدات :

١- پراگماتیک لێکۆڵینەوەیە لە واتای قسەکەر

٢- پراگماتیک لێکۆڵینەوەیە لە واتای دەوروبەر

٣- پراگماتیک لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی پەیوەندیکردن زیاتر لەوەی وتراوە.

٤- پراگماتیک لێکۆڵینەوەیە لە دووریی ڕێژەیی.

ئەم پۆلێنکردنەش ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە ، کە لە پراگماتیکدا وشەو دەستەواژەکان واتایەکی قوڵتریان لە واتای پیتیی یاخود سیمانتیکی تێدایە .

لە لایەکی ترەوە بەهۆی ئەوەی هەرکەس لە ڕوانگەی جیهانبینی و کۆزانیاری خۆیەوە لە شتەکان دەڕوانێت ، هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە لێکدانەوەیان بۆ دەکات ، بواری پراگماتیک لە ڕێگای چەند تیۆری و گریمانە و بنەمایەکی پەیوەست بە دەوروبەری وتنەوە ، بە شێوەیەکی بابەتییانە ، هەلی ڕەخساندووە بەرلەو بێسەروبەرییە بگرێت ، کە لە ڕێی بیرو بۆچوونە جیاوازەکانەوە ، کار لە لێکدانەوە پراگماتییەکان دەکەن ، بۆ نمونە (تیۆریی کردە قسەییەکان Speech acts ، نیشانە پراگماتیکییەکان Deixis ، بەخشکەیی دەربڕین Implication ، گریمانە پێشەکییەکان Presupposition ) ، بواری دادوەریش بەو پێیەی بوارێکی چارەنووسسازە و ئەنجامی لێکدانەوەکانی زمانەوانی دادوەریش کار لە بڕیاری دادگا دەکات ، هەربۆیە کارکردن بەو تیۆری و گریمانانە بەشێکە لە کارکردن بە پەنجەمۆری زمانی

کەسەکان بۆ لێکدانەوەی دەقە تاوانکارییەکان ، لەبەرئەوەی هەندێکجار دۆزینەوەی زۆر بەکارهێنانی ئەو دیاردە پراگماتیکیانە لە پەنجەمۆری زمانیی کەسەکەدا ، دەبێتە بەڵگە بۆ سەپاندنی تاوانەکە بەسەریدا ، هەندێکجاریش پێچەوانەکەی ، چونکە زۆر کەس بەدەر لە مەبەستی تاوانکاری ، دەتوانرێت درک بە بە بوونی ئەو دیاردە زمانییانە لە شێوازی ئاخاوتن و نووسینییدا بە شێوەیەکی دووبارە بکرێت ، بۆ نمونە:

(٢٦) أ- هەرئێستا راپۆرتێک لەدژی ئامادە بکە.

ب- هەموو بەڵگەنامە فەرمییەکان لە فایلی ژمارە پێنجدا هەڵگیراون .

ڕستەی (٢٦-أ )بە پێی تیۆری کردە قسەییەکان Speech acts جۆرێکە لە تاوانی ڕاسپاردن ، کە زمان ڕۆڵی هەبووە لە ڕاپەڕاندیدا ، چونکە بە پێی ئەم تیۆرە "مەرج نییە هەموو گوتنێک تەنها وەسفکردنی بارێکی تایبەت بێت و مەبەست لێیەوە تەنها هەواڵێک بێت ، بەڵکو قسەکەر لە دەربڕینی هەندێک گوتندا کارێک ئەنجام دەدات . " ( محمد ، عبدالله ٢٠١٥ :٥٠ )

سەبارەت بە ڕستەی (٢٦-ب) ش بەهەمان شێوە دەچێتە چوارچێوەی ئەوجۆرە ڕستانەوە کە دیارەی پراگماتیکی کردە قسەییەکانی لە خۆگرتووە ، ئەویش بەپێی کرۆکی بیروڕاکانی (ئۆستن) ، کە قسەکردنی بە ڕاپەڕاندن یان ڕانەپەڕاندنی کارێکەوە دەبەستنەوە و پێی وابوو کار ڕاپەراندن یان بە شێوەیەکی ڕاستەخۆیە(ئاشکرا) یان ناڕاستەوخۆ(بەخشکەیی)یە. گەر ئەم ڕستەیەش پەیوەست بکەین بە دەوروبەرێکی تاوانکارییەوە ، جۆرێکە لە تاوانی نهێنی درکاندن ، کە زمان ڕۆڵی لە ڕاپەڕاندیدا نەبووە ، بەو پێیەی خودی تاوانە زمانییەکانیش پەیوەست بە ڕاپەڕاندن و ڕانەپەڕاندنەوە پۆلێن دەکرێت ، بۆ نمونە لە ڕاپەڕاندندا وەکو تاوانی (هەڕەشەکردن ، هاندان ، ناوزڕاندن ، ڕاسپاردن ، ...هتد. ) لەبەرئەوەی ئەو جۆرە تاوانانە کارێکن بە قسە ڕاپەڕێندراون ، ڕانەپەڕاندنیش وەکو تاوانی (نهێنی درکاندن ، گەواهیدانی درۆ ، دادوەری گومراکردن ، ... هتد) زانیارییەکیان گەیاندووە بە لایەنێک ، کە ئەو زانیاریگەیاندنە تاوانێکی لێدەکەوێتەوە.

(٢٧) أ- ئازاد نامەکەی نووسی.

ب- ئەو ڕایسپاردم ئەو کارە بکەم .

ت- زۆر بەتوندی هەڕەشەی لێکردم .

پ- ئەوانە بوون ژنە پیرەکەیان فریودا.

ج- پلانەکە هی خۆیان بوو.

ح- گشتیان ئاگاداربوون.

خ- بەڕێزت مەبەستت کامیانە؟

د- هیچمان نەدەزانی .

ژ- یەکترییان دەناسی.

لە لێکدانەوەی گشت ڕستەکانی (٢٧) دا ، ئەوەی تێبینی دەگرێت ، ئەوەیە گشت ڕستەکان هەڵگری نیشانەی پراگماتیکین ، کە وەکو بەڵگە و پەنجەمۆری زمانیی نیشانەی ڕاست و دروست بۆ شارەزای زمانیی بەجێدەهێڵن ، تا لە ڕێگایانەوە بچێتە ناو وردەکارییە زمانییەکان ، لەبەرئەوەی لە پراگماتیکدا " نیشانە زاراوەیەکە ، مامەڵە لەگەڵ ئەو وشە و دەربڕاوانەدا دەکات ، کە لێکدانەوەیان پشت بە دەوروبەری ئاخاوتن و مەبەستی قسەکەر دەبەستێت " (Abdulameer 302: 2019 ) ، ئەو فۆرمانەش کەهەڵگری واتای دەوروبەرن بۆ نمونە (ئەمە ، ئەوە ، ئێرە ، ئەویَ ، لێرە ، لەوێدا ، ئێوارە ، ئەمڕۆ ، دوێنێ ، من ، تۆ ، کێ، کەی ، .....) واتە بەگشتی (نیشانە کەسییەکان ، نیشانەی شوێن ،نیشانەی کات نیشانەکانی دەق و نیشانەی کۆمەڵایەتین) ، کە هەریەکەیان دەتوانرێت بە چەندین فۆڕمی جیاواز دەرببڕێت ، بۆ نمونە سەرجەمی ڕستەکانی (٢٧) لە ڕێگەی نیشانەیەکی کەسییەوە ، ڕووداوێک یان کارێک خراوەتە پاڵ کەسێک ، بەڵام هەر ڕستەیە و جۆرێک لە نیشانەی تێدابەکارهاتووە بەم شێوەیە : (٢٧-أ) ئازاد – ناوی تایبەت ، (٢٧- ب) ئەو – جێناوی کەسی سەربەخۆ ، (٢٧-ت) ی- جێناوی کەسی لکاو ، (٢٧-پ) ئەوانە- جێناوی کەسی ئاماژە ، (٢٧-ج) خۆیان – جێناوی خۆیی ، (٢٧-ح) گشتیان – جێناوی دیاریکار ، (٢٧-خ) کامیان – جێناوی پرس ، (٢٧-د) هیچمان – جێناوی نەریَ ( ٢٧-ژ) یەکترییان – جێناوی هاوبەش ، بۆ ڕوونکردنەوەی هەریەک لەو نیشانە کەسییانە ، پێویستە لێکۆڵەر بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی ڕووداوەکەی تێدا ڕوودواوە یان کارەکەی تێدا ئەنجامدراوە ، ئەگینا هەریەک لەو نیشانانە بە نەزانراوی دەمێننەوە و ڕاستەوخۆ کەسی مەبەست دەستنیشان ناکەن ، بە پێچەوانەشەوە هەندێک جار ڕستە هەیە هەڵگری دوو جۆر نیشانەیە ، بۆ نمونە :

(٢٨) ڕۆژێک پێش خۆکوشتنکەی باسیکرد کە هەڕەشەی لەسەرە.

ڕستەی (٢٨) دوو جۆر نیشانەی کاتی تێدا دەردەکەوێت ، کە دانەیەکیان نیشانەی کاتی ڕوودانە ، ئەوەی تر نیشانەی کاتی وتن ، واتە ئەو کاتەی ڕووداوەکەی تێدا ئەنجامدراوە ، دەربڕی ئەو ڕستەیە لە نیشاندانی ئەو دوو جۆر کاتەدا ، ڕێگە بە لێکۆڵەر و شارەزای زمانیی دەدات ، لە ڕێگەی ڕۆژی ڕووداوەکەوە بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو ، کاتی ئەو ڕۆژە دەستنیشانبکات و بەو هۆیەوە لە بارودۆخەکانی ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی پێشووی خۆکوژەکە

بکۆڵێتەوە بۆ نمونە لەگەڵ کێ بووە ؟ چیکردووە ؟ چووە بۆ کوێ؟ کێ پەیوەندی پێوەکردووە ؟ ... هتد ، پاشان لەو ڕێگەیەوە دەستنیشانی پەنجەمۆری زمانیی خۆکوژەکە بکات ، بەوەی بەردەوام چی بابەتێکی لای دەروربەرکەی باسکردووە ؟ بە چ بابەتێک هەستیار بووە ؟ کێ کاریگەری لەسەر ژیانی هەبووە ؟ ڕەفتاری دەروونییەکانی چ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕەفتارە زمانییەکانی هەبووە ؟ چ ئاماژەیەکی زمانی لە وتەکانی ئەو خۆکوژەدا هەبووە تا بەڵگەی تاوان بەسەر کەسێکدا یەکلایی بکاتەوە ؟... هتد.

(٢٩) أ- تۆ لەو کاتەدا چیت دەکرد لە شوێنی ڕووداوەکە؟

ب- من هەموو ڕۆژێک لە کاتژمێر دوانزەی تەواو ، کاتی پشوومە و دەڕۆم بۆ نانخواردن لەو خواردنگەیەی بەرامبەر شوێنی ڕووداوەکەیە ، بۆیە ئەو کاتەش دەچووم نان بخۆم.

گەر سەرنجی ڕستەکانی (٢٩-أ) و (٢٩-ب) بدرێت ئەوەی تێبینی دەکرێت ، وەڵامی (٢٩-ب) هاوتا نییە لەگەڵ پرسیارەکەی (٢٩-أ) ، بەڵام بەو پێیەی "بەخشکەیی دەربڕین ئەوەیە کە مەبەستە ، نەک ئەوە بێت کە وتراوە"(Wright 1975 :379). هەروەها بە ڕەچاوکردنی بەزاندن و لادان لە (پرنسیپەکانی هاوبەشیکردن )کە بنەمای دروستبوونی بەخشکەیی دەربڕینە دەردەکەوێت قسەکەر دەیەوێت بەخشکەیی پرسیار لە گومانلێکراوەکە بکات ، چ پەیوەندییەکی بەو ڕووداوەوە هەیە، لە بەرانبەردا (٢٩-ب) ، لە ڕێی بەزاندنی ماکزیمی چەندێتییەوە درێژە بە وەڵامەکەی دەدات ، تا لێکۆڵەرەکە تێبگەیەنێت ، ئامادەبوونی ئەو لە شوێنی ڕووداوەکە ، تەنیا پەیوەست نییە بەو ڕۆژەوە، بەڵکو ڕۆتینی ڕۆژانەیەتی و بە ڕێکەوت لەسەر ڕووداوەکە ئامادە بوو نەک پەیوەندی پێوە هەبێت ، هەروەها هەر بەپێی ستراتیژیيە پراگماتیکییەکان ، ئەو ڕستەیە هەریەک لە دیاردەی نیشانەپراگماتیکییەکان و کردە قسەییەکانیشی تێدا بەدیدەکرێت ، بەمەش لێکۆڵەر و شارەزای زمانیی دەتوانن لە ڕێگەی ئەو ئاماژە زمانیی و بەڵگە زمانییانەی ، کە لە وتەکانی خاوەنی دەربڕاوەکەدا ڕووندەبێتەوە ، پەنجەمۆری زمانییەکەی دەستنیشانبکەن ، تا لە ڕێگەیەوە لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستی وتەکانی ، باری دەروونی ، زمانی جەستەی کەسەکە بکەن و لێکدانەوەی دروست پێشکەش بە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە بکەن.

(٣٠) أ- چۆن ئەو کەسانەت ڕازیکرد ، ئەو هەموو برە پارەیەت بدەنێ؟

ب- وا خۆم پیشاندا گۆڕاوم و ڕەفتارەکانی پێشووم دووبارە نەدەکردەوە

ڕستەکانی (٣٠) ئاماژەن بۆ بوونی گریمانەی پێشەکی ، کە لە (٣٠-أ) دا لەسەر بنەمای هەبوونی زانیاری پێشیینە ، ئاڕاستەی (٣٠-ب) کراوە ، واتە پەیوەندی ڕستەکان بە دەوروبەرەوەیە ، پشت بە مەرجی ڕاستی و ناڕاستی نابەستێت ، قسەکەری ڕستەی (٣٠-ب)

له ڕێی کرداری (واخۆم پیشاندا)،کە گریمانەی پێشەکی ناڕاستەقینەیە و زانیارییە ڕاستەکە ئەوەیە ، کە نەگۆڕاوە ، لە بەشی کۆتایی ڕستەکەشدا ، کە دەڵێت ڕەفتارەکانی پێشووم دووبارە نەدەکردەوە ، گریمانەی پێشەکی ڕاستەقینەیە ، بەوەی پێشتر هەندێک ڕەفتاری هەبووە کە جێی سەرنج بووە ، لە لایەک بۆی ڕووندەبێتەوە، کە قسەکەر تاوانی فێڵکاری و فریودانی ئەنجامداوە ،لە لایەکی ترەوە لەو ڕەفتارانەی پێشوتری دەکۆڵێتەوە کە ڕەنگە چەندین بەڵگەو زانیاری نوێی لێهەڵبهێنجرێت. هەموو ئەم لێکدانەوانەش لە ڕێگەی پەنجەمۆری زمانیی قسەکەری (٣٠-ب) خۆیەوە هەڵدەهێنجرێت ، کە لە ڕێگای دەربڕینی وتەکانی بە شێوازی گریمانەی پێشەکی ، بەڵگەی گرنگ دەخاتە بەردەستی لێکۆڵەر ، تا تیشکبخاتە سەر وتەکانی و زانیاری لێچنگبکەوێت.

بەگشتی ستراتیژییە پراگماتیکییەکان ، زۆر زیاتر لەوەی خرایەڕوو ، بوار بە خستنەڕووی پەنجەمۆری زمانیی تۆمەتبار ، گەواهیدەر ، گومانلێکراوان دەدات ، بۆ لێکدانەوەی تاوانە زمانییەکان ، لەبەر ئەوەی ئەم بوارە ، لەلایەک لێکۆڵینەوەیە لە مەبەست و دەوروبەری پراگماتیکی ، کە دوو لایەنی هەمەچەشنن لە پێشکەشکردنی زانیاری زمانیی ، لەلایەک لێکۆڵینەوەیە بە پێی دیاردە پراگماتیکییەکان ، کە هەریەکەیان چەندین جۆر و ئاست لەخۆدەگرن ، کە هەریەکەیان لە سوچێکی جیاوازەوە زانیاری زمانیی جیاوازی دەربڕاوێک دەخەنەڕوو.

## حەوتەم : ستراتیژییەکانی زمانی جەستە :

زمانی جەستە ، کە یەکێکە لە کۆدە دەربڕاوەکانی نێو کۆدە نازارەکییەکان لە زماندا ، بریتییە " لە گەیاندنی زانیارییەک ، یان پەیامێک لەلایەن مرۆڤەوە، لە ڕێی هێما و بزواندنی ئەندامەکانی لەشەوە، هەروەها بەهۆی دەربڕینە ڕوخسارییەکانەوە" (مینە ٢٠٠٤: ٢٦) . ئەو جوڵە و بزاواندنانەی ئەندامەکانی جەستەش "بەشێکە لە پێکهاتەی قسەکردن دەتوانرێ بگوترێ هیچ قسەکەرێک لێی بێبەش نییە ، زۆرجار بە شێوەیەکی بێ ئاگا بەکاردێت، بە ئاسانی ناناسرێتەوە و دەربڕینەکانی زیاتر لە ڕاستی نزیکن " (عوسمان ٢٠٠٩ :٨٦) .

بەگشتی جوڵەکانی جەستە ، کە خۆی لە جوڵەی (چاو ، دەست ، ڕووخسار ، سەر ، پێ )دا دەبینێتەوە ، بەتەواوی بەشێکن لە پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان ، لێکۆڵەری تاوانکاری دەتوانێت بەسەرنجدان ، چەندین ئاماژەیان لێبخوێنێتەوە و وەکو بنەمایەک کەڵکیان لێوەربگرێت ، بۆ بەدەستهێنانی هەندێک زانیاری ورد ، کە ڕەنگە ببنە هۆی پەیدابوونی بەڵگە بۆ سەلماندنی تاوان بەسەر لایەنێکدا . بە واتایەکی دیکە ، هەندێک لە ئاماژانەی ، کە لەو جوڵانەوە ڕووندەبنەوە ، وەکو ئاماژەکانی (بڕوابەخۆبوون ، دڵەڕاوکێ و دوودڵی، ڕاستگۆیی و درۆکردن ، شڵەژان ، خۆبەدەستەوەدان و بێدەسەڵاتی ، خۆبێبەریکردن ، هەڵخەڵەتاندن ،

نائومێدی ، ... هتد) ، دەتوانن هەستی ئەو کەسەی لێدوان بۆ لێکۆڵەر دەدات، ڕوونبکەنەوە ، بەوهۆیەشەوە لێکۆڵەر باری دەروونی ئەو کەسەی بۆ ئاشکرا دەبێت .هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بە شێوەیەک بنیاتی پرسیارەکانی دادەڕێژێت ، کە وەڵامەکان زانیاری گرنگ بن بۆ ناو بەڵگەکۆکراوەکان .

وردەکارییەکانی ناو زمانی جەستە زۆر و فراوانن ، کە بچوکترین جوڵە تا گەورەترینیان دەگرێتەوە  بۆ نمونە سەبارەت بە چاوبڕینەچاو کە یەکێکە لە جوڵەکانی چاو ، دەوترێت "ئەوانەی هەست بە شەرم و شەرمەزاری و تۆران و تاوان دەکەن ، کەمتر چاو دەبڕنە چاوی گوێگر یان قسەکەر " (عوسمان ٢٠٠٩ : ٩١)  . کە ئەمەش خاڵێکی گرنگە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ، بۆ لێکۆڵەر ڕوونبێتەوە ، هەروەها دەربارەی جوڵەی دەستەکان  بۆچوونێکی (جۆی ناڤارۆ ) دەخەینەڕوو ، لە ڕێی ڕاپرسی و توێژینەوە پێی گەیشتووە و دەڵێت " کاتێک لە ناو دادگاکاندا ڕاپرسی و توێژینەوە دەکەم ، یەک شت کە زۆر بەدیدەکرێت ، ئەوەیە کە ئەندامانی دەستەی سوێندخۆران خۆشییان بەو پارێزەرانە نایەت کە خۆیان لە پشتی مێزەکانەوە دەشارنەوە . ئەندامانی دادگا دەیانەوێت دەستی پارێزەرەکان ببینن بۆ ئەوەی بە دروستی پێوانەی ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکان بکەن ، هەروەها ئەم ئەندامانە ئەو شایەتحاڵانەیان بە دڵ نییە کە دەستییان دەشارنەوە و بە شێوەیەکی نەرێنی لێکدانەوەیان بۆ دەکەن ، پێیان وایە شایەتحاڵەکە درۆ دەکات . ئەو بۆچوون و لێکدانەوەیە لەلایەن ئەندامانی دادگاوە گرنگی خۆی هەیە " (نامیق ٢٠١٩ : ١٣٨) .

بەهەمان شێوە جوڵە جیاوازەکانی ڕووخسار لایەنێکی ترە بۆ دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی تاکەکان ، کە دەتوانن ئاماژەی جیاواز بگەیەنن بە لێکۆڵەر و لایەنی دەروونی قسەکەریان بۆ ڕوونبێتەوە  بۆ نمونە لە کاتی (ترس) دا ، ڕەنگەی ڕووخساری کەسی ترساو ئەم جوڵانەی تێدا بەدیبکرێت :

١- "برۆکان بەرزدەبنەوە و بەرو یەکدەکشێن ، بەڵام لە شێوازی سەرسامی کەمتر ، هەروەها ناوچەوان چرچی تێدەکەوێت ، هێڵی چرچەکان کورت و بچوکترە لە سەرسامی ، واتە پانتایی نێوچەوان  نابڕن.

٢- پێڵوەکانی چاو دەکرێنەوە، بەڵام پێڵوی سەرەوە بە ڕادەیەکی زیاتر ، کە ماوە دەدات بە سپێنەی چاو تا تەواو دەرکەوێت .

٣- لێوەکان لەوانەیە بۆ دواوە بکشێن بە دەوری دەمێکی کراوەدا "(مینە ٢٠٠٤ :٤١) .

هەستی (ترس) لەلایەن ئەو کەسەوە ، کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت کار لەسەر ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە دەکات ، هەر بۆیە لێکۆڵەر بەلایەوە گرنگە بۆی ئاشکرابێت ، تا بتوانێت ڕێگای دروست بۆ بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوەکە دەستنیشانبکات.

لە ڕاستییدا زمانی جەستە گەلێک فراوانترە لەوەی باسیلێوەکرا ، بەلاّم ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئاماژە بەوە بدرێت، زمانی جەستەش ، کە بە زمانی (پەیوەندییە گۆنەکراوەکان) ناسراوە ، ستراتیژییەتی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ لێکدانەوەیان ، کە گەلێک سوود بە ڕەوشی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری دەگەیەنن ، بۆ نمونە :

١- لێکۆڵەر لە ڕێی زمانی جەستەوە دەتوانێت هەستی ئەو کەسەی بۆ ئاشکرابێت ، کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکات.

٢- لەڕێگەی ئاشکرابوونی هەستی ئەو کەسەوە ، دەتوانێت :

ا- بچێتە ناو وردەکارییەکانی هۆکاری درووستبوونی ئەو هەستەوە ، بۆ نمونە لە (هەستی ترس) دا ، بۆ دەترسێت ؟ ئایا ئەو ترسە پەیوەندی بەوە وە هەیە ، کە ئەو کەسە پەیوەندی بەو تاوانەوە هەیە کە لێکۆڵینەوەی لە بارەوە ئەکرێت ؟ یاخود هەر ترسێکە بەهۆی کەشی لێکۆڵینەوەوە دروستبووە؟ ، ... هتد

ب- کە هۆکاری ترسەکەی بۆ ڕوونبووەوە ئەگەر ئەو کەسە تێوەگلاو بێت لە تاوانەکە ، دەتوانێت بچێتە ناو زانیاری نوێوە ، ئەگەر ترسێکی ئاسایی بێت ، کەشێکی ئارامتر بۆ ئەو کەسە بێنێتە کایەوە بۆ لێدواندان ، ... هتد.

ئەوەی جێی ئاماژە پێدانە ڕوونبوونەوەی هەستەکانی ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت ، یەکێکە لە لایەنە سەرەتاییەکانی کارکردنی سایکۆزمانیی لە لە بواری زمانەوانی دادوەرییدا ، چونکە لێکۆڵەر تەنیا بە جێبەجێکردنی ستراتیژییەکانی ناو پرۆسەکانی سایکۆزمانیی ، دەتوانێت بەشێوەیەکی بابەتییانە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕەفتارە دەروونییانەدا بکات ، بۆ بەدەستهێنانەوەی زانیاری پێویست.

## هەشتەم: ستراتیژییەکانی سایکۆ_زمانیی دادوەری:

لێکۆڵینەوە لە بواری دەروونی لێکۆڵینەوەیە لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ ، زمانیش وەکو ئەوەی یەکێک لە ئەرکەکانی بریتییە لە گەیاندن ، بە میکانیزمێکی گرنگ دادەنرێت لە گەیاندنی ڕەفتارە دەروونییەکانی مرۆڤ . بە واتایەکی دیکە ڕەفتارە دەروونیەکانی مرۆڤ وەکو تووڕەبوون ، نەرمونیانی ، هەڵچوون ، توندوتیژی ، ترس ، شەرمەزاری ، هتد.... ، لە وشە و دەربڕاوەکانیشدا ڕەنگداتەوە ، وەکو بەشێک لە پەنجە مۆری زمانیی تاکەکان مامەڵەیان

لەگەڵدا دەکرێت ، هەروەکو (ڤندریس) لەو لێکدانەوانەی لە نووسنەکانیدا بۆ دیاردە زمانەوانەیەکانی کردووە "سەرنجی ئەوەی داوە کە پەیوەندییەکی زۆر نزیک لە نێوان کردەی قسەکردن و کردەی دەروونی و سۆزدارییدا هەیە ، لەئەنجامدا بۆی ڕوونبووەتەوە کە هەموو ڕووداوێکی ئاخاوتن کاریگەری هەڵچوونی لەسەرە" (افیتیش٢٠٠٠: ١٣٢) بۆیە لێکدانەوەی ئەو ڕەفتارانەی مرۆڤ "بێ ئاماژەکردن و گەڕان بە دوای پەیوەندی نێوان زمان و بیر ، کردەی هەستپێکردن و درککردن و کاردانەوە و تێگەیشتن و دۆخە دەروونییەکان و ئەو دەوروبەرەی زمانی تێدا بەکاردەهێنرێت ، ناتوانرێت شیکردنەوەی گونجاو ، یان وەڵامی شیاو بۆ پرسیارە ئاڵۆز وگرفتە دەروونی و شێوازی کۆمەڵایەتی و فکری و دەروونی زمان بدۆزرێتەوە "(حەسەن ٢٠٢٠: ٥)

لە ڕاستییدا لێکۆڵینەوەی سایکۆ-زمانیی کارێکی ئاڵۆز و گرانە، ئەو زمانەوانەی لەم بوارەدا ئیشدەکات ، جگە لە پسپۆڕی زمانیی ، پێویستە شارەزایی لە بواری سایکۆلۆژی ، دەمارزانی ، کۆمەڵایەتی ، زمانی جەستەشدا هەبێت ، لەم ڕووەوە (جاکیندۆف) بۆ دیاریکردنی چەشنی لێکدانەوەکانی زانیارییەکان پێنج ڕەوتی لێکۆڵینەوەی دەستنیشانکردووە ، کە بریتین لە " دیاردەزانی Phenomenology، فیسیۆلۆژی (کاری ئەندامزانی ) Physiology ، ئەرکی نەخشاندن Functional Architecture ، پرۆسەکان prosess، دروستە Structuer" (مەحمود ێ ٢٠١٢: ٤١) کە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە ڕێی هەر ڕەوتێکیانەوە وەڵامی چەند پرسیارێکی جیاواز لە ڕەوتێکی تر دەداتەوە ، بۆ نمونە (دیاردەزانی Phenomenology هەوڵدەدات لەو ڕەفتارە زمانییانە وردبێتەوە و دوای ئەو پاشماوە ڕەفتارییانە بکەوێت ، کە لە قسەکەر بەجێدەمێنێت ، بەڵام پرۆسەکان prosess شیکردنەوەی ئەو میکانیزمانەیە ، لە زانیارییەکان لە نێوان بیرو زماندا پێیدا تێپەڕدەبن ئەمەش هەموو لایەنە ناوەکیی و بیرکەوتنەوە و بیرچوونەوەکان دەگرێتەوە )( مەحمود ٢٠١٢: ٤٢) .

کایە جیاوازەکانی سایکۆ-زمانی کە بریتین لە :

١- زانستی سایکۆ-زمانیی تیۆریی ، کە تیشکدەخاتە سەر تیۆرییە زمانییەکان ، پەیوەست بە پرۆسە ئاوەزییەکانی مرۆڤ لە زماندا ، بۆ نمونە فۆنەتیک ، شێوازی ئاخاوتن و نووسین ، سینتاکس ، دیزاین ، وتار ، گۆکردن .

٢- سایکۆ-زمانیی گەشەسەندویی ، پەیوەست بە بەدەستهێنانی زمانەوە ، چ زمان پژاندن ، یان فێربوونی زمانی دووەم بێت. چوارچێوە فۆنۆلۆژی ، سیمانتیکی ، واتاییەکان دەنوێنێت و قۆناغەکان بە پرۆسەدا دەبات بە شێوەیەکی پلە بە پلە و لێکنەپچڕاو.

٣- سایکۆزمانیی کۆمەڵایەتی،کە پەیوەستە بە بیرکردنەوەی کۆمەڵەوە .

٤- سایکۆ-زمانیی دەماریی ، کە تیشکدەخاتە سەر پەیوەندی نێوان زمان ، بەرهەمهێنانی زمان ، مێشکی مرۆڤ ، شارەزایانی دەمارزانی توانای شیکردنەوەی بنیاتە بایۆلۆژییەکانی مێشک و چی ڕوودەدات لە کاتی تێکردەی زمان ، چۆنیەتی بەبەرنامە کردنی دەرکردە زمانییەکان و ئامادەکردنیان لە مێشکدا.

٥- سایکۆ-زمانیی ئەزموونیی ،کە هەموو بەرهەمە زمانییەکان ، چالاکییە زمانییەکان ، ڕەفتاری زمانیی ، دەرەئەنجامی زمان دادەپۆشێت و ئەزموونی دەکات.

گشتییان پێکەوە یارمەتیدەر دەبن بۆ هاتنەکایەی سایکۆزمانیی دادوەری[١٦] ، کە سەبارەت بە شیکردنەوەکانی دەوترێت " جێبەجێکردنی بواری سایکۆزمانییە ، بەسەر داوا تاوانکاری و شارستانییەکاندا " ،(Smith , Shuy 2002 :18) واتە جێبەجێکردنی گشت ستراتیژییەکانی نێوان ئەو کایە جیاوازانەیە ، بەسەر ئەو جۆرە داوایانەدا.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان بواری سایکۆ- زمانیی دادوەری بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیانسەندووە ، کە لە ناوەڕۆکەکانیاندا هەوڵدراوە بە شێوەی جۆراوجۆر ئەو پەیوەندییانە ڕوونبکرێتەوە ، لە نێوان تایبەتمەندییە زمانەوانییەکان و سیما جیکەرەوەکانی کەسایەتی مرۆڤدا هەیە ، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە ، خودی ئەو تەکنیک و مۆدێلانەیە ، کە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە کاتی چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوەی تاوانکارییدا کاریانپێکردووە و هەتا ئێستاش کارییپێدەکەن ، کە بەشێکی زۆریان لەسەر بنەمای ستراتیژییەکانی سایکۆزمانی داڕێژراون ، لەوانەش تەکنیکی ڕید Reid technique ، وەکو یەکێک لە تەکنیکەکانی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە (لێپرسینەوە ) لە چاوپێکەوتنی پۆلیسدا ، کە لە (٢/١-٢-١) ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە وردی خرایە ڕوو ، کار لەسەر چاودێریکردنی ڕەفتاری گومانلێکراوەکە ، ئاماژە زمانیی ، ئاماژە جەستەییەکان ، دیارکردنی زمانی گونجاو تایبەت بە بارە جیاوازەکان ، چۆنیەتی مامەڵکردن لەگەڵ گومانلێکراو بۆ هێنانەوەی زانیارییەکان و دانپێدانان ، ... هتد دەکات.

[١٦] سەبارەت سەرەتای بیرکردنەوە لە بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی سایکۆلۆژیای زمان لە بواری دادوەرییدا ، دەوترێت " لە کلتوری کۆنی چیندا ، چەند دەربڕینێکی نووسراو هەبووە ، بە بیرۆکەی زمانەوانی دادوەری و پراکتیزەکردنی . لە وڵاتە ڕۆژاواییەکانیشدا ، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستیپێکرد ، کاتێک مۆنستەربێگ و کەتێل و هەندێک لە زانایانی تر ، وەکو پێشەنگی ئەم بوارە کاریان لەسەرکرد " (Yang,Liu 2018 :109) ، هەروەها (شارۆن سمیث و ڕۆجەر شۆوی)یش لە توێژینەوەیەکی هاوبەشدا لە ژێر ناونیشانی (سایکۆزمانی دادوەری - بەکارهێنانی شیکردنەوەی زمانیی لە دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی سەرپێچیکاراندا) ، دەڵێن " لە ساڵی ١٩٧٩ بریکارێکی FBI و پرۆفیسۆرێک یەکیانگرت ، بە نووسینی وتارێک لەسەر شیکاریی سایکۆزمانیی بۆ پەیوەندییەکانی هەڕەشەکردن ، کە یەکێکە لە وتارە یەکەمینەکان ، کۆزانیاریی جێبەجێکردنی یاسا و بواری ئەکادیمی پێکەوە کۆکردبێتەوە " (Smith , Shuy 2002 :18) .

لەئێستاشدا لێکدانەوەکانی سایکۆ-زمانیی دادوەری بووە بەو بوارە گرنگەی ، دادگان بۆ بڕیاردان لەسەر چەندین جۆر داوای سزایی وەکو ( هەڕەشەکردن ، دەستنیشانکردنی ناسنامەی نووسەر یان ئاخێوەر ، بانگەشەی نادروست ، توندوتیژی لە شوێنی کارکردن ، ... هتد) لایەک ، چۆنیەتی مامەڵەکردنی (لێکۆڵەر ، ئەفسەری پۆلیس ، دادوەری لێکۆڵینەوە ) لە کاتی چاوپێکەوتنی لێکۆڵینەوەی تاوانکارییدا لایەکی دیکە پشتی پێدەبەستن . ئەویش بەهۆکاری ئەو سروشتە فرەڕەهەندییەی بوارەکە هەیەتی ، کە کارکردنە لەسەر هەر سێ بواری (زمان ، دەروونناسی ، یاسا) ، لە ڕێگەی ئەو میتۆدانەوە ، کە سایکۆ-زمانیی خستوویەتییە ڕوو بۆ ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی دادوەرییانەدا سوودیان لێوەربگیرێت ، هەروەکو یانگ و لیو لەمبارەیەوە دەڵێن " سایکۆز-زمانیی دادوەری بابەتێکی فرەڕەهەندی نوێیە ، کە میتۆدە دەروونییەکان بەکاردێنێت ، بۆ شیکردنەوەی ڕەفتارە زمانەوانییەکان لە چالاکییە یاساییەکاندا ، هەربۆیە سروشتێکی هەمەچەشنە و یەکخراوی هەیە" (Yang , Liu 2018 ) 109: ، واتە شارەزای زمانیی بە شیکردنەوەی ڕەفتارە زمانییەکانی تاک ، لە ڕێگەی میتۆدە کانی سایکۆلۆژیای زمانەوە، لە قۆناغی یەکەمدا پەیوەست بە شێوە و جۆری تاوانەکەوە ، دەستنیشانی پەنجەمۆری زمانیی کەسانی دیاریکراو دەکات ، پاشان لێکدانەوەی سایکۆ-زمانیی بۆ تاوانەکە دەکات . بۆ نمونە ئەو دوو زمانەوانە لە بارەی شیکردنەوەی سایکۆ-زمانیی بۆ تاوانی هەڕەشەکردن دەڵێن " شیکردنەوەی ئەو کەرەستەیەیە کە لە فۆڕمی زارەکی یان نووسیندا ، هەڕەشەکەی پێکراوە ، کە بە پشتبەستن بە شیکردنەوە لێکۆڵەرەوان دەتوانن دەستنیشانی (هاندەر ، کەسایەتی ، تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان[١٧] )ی گومانلێکراوان بکەن و شیکاری دەروونی بۆ مەترسییەکانی هەڕەشەکردن لە لایەن کەسی هەڕەشەکەرەوە دیارییبکەن " (121: Yang, Liu2018 ) . واتە بە دەستنیشانکردنی هەریەک لەو سێ تایبەتمەندییە لەو کەسەدا کە زمانی هەڕەشەکەی بەکارهێناوە ، تیشکدەخرێتە سەر پەنجەمۆرە زمانییەکەی ، کە ئایا لەڕووی دەروونیەوە چی هاندەر بووە ئەو کەسە هەڕەشەی زمانیی بکات ؟ ڕەفتاری زمانیی کەسەکە لەبەرانبەر شێوازی کەسایەتییەکەی چی ڕووندەکەوە ؟ ، ئایا گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان بە چ شێوەیەک کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری زمانی تاکەکە بەجێهێشتووە ؟ ...هتد ، پاشان ئەو وردەکارییانە بەکاردێنن بۆ لێکدانەوەی تاوانەکە ، لەبارەی مەترسی هەڕەشەکە ، جێبەجێکردنەکەی ، ... هتد.

[١٧] لێکۆڵینەوەی دیمۆگرافی "مامەڵە لەگەڵ کۆکردنەوە و نمایشکردن و شیکردنەوەی داتاکانی پەیوەست بە ڕووداوە بنەڕەتییەکانی سوڕی ژیان و ئەزمونەکانی خەڵک دەکات بۆ نمونە : لەدایکبوون ، هاوسەرگیری ، جیابوونەوە ، بنەماڵە ، پێکهێنانی خێزان ، دامەزراندن ، تەمەن ، کۆچ ، مردن " (Riangain 2002 :7)

به گشتی دەقی ئەو داوایانەی سایکۆ-زمانیی دادوەری لێکدانەوەیان بۆ دەکات ، گەلێک فراوان و جۆراوجۆرن . واتە لێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارە تایبەتن بە لێکدانەوەی سایکۆ-زمانییانە بۆ گشت دەقە ( نووسراو ، گوتراو ، ئاماژەیی) یەکانی تاوانبار و لایەنەکانی بەشدار لە لێکۆڵینەوەیەکی تاونکارییدا ، بە ئامانجی بەدەستهێنانی بەڵگە بۆ خزمەتی دادوەریی ، کە ڕەنگە ئەو بەڵگانەی لە ڕێگەی ئەم بوارەوە بەدەستدێن ، بەڵگەی نوێ و بەسوود بن ، لەبەرئەوەی ئەو گریمانەیەی لە ڕێگەی بینین یان بیستنی ڕووداوێکەوە بە بێ بەڵگە لامان درووست دەبێت ، دەشێت لە دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی سایکۆ-زمانییانەوە ، پێچەوانەکەی ڕاست بێت ، هەروەها بە پێی ئەو ئەرکەی کە هەیەتی " شیکردنەوەی دەربڕینەکان لە ڕوانگەی دەروونییەوە ، یاخود شیکردنەوەی لایەنە زمانیی – دەرونییەکان ، بۆ زانینی چۆنیەتی کارکردنی بیر و دەرخستنی پەسنکردنی تەواوی توانستی زمانی و چۆنیەتی گەیاندنی بیر ، بەشێکی گرنگی کارکردنی زمانەوانی دەروونییە" (مەحموود 2012 :36) ، هەربۆیە شارەزای زمانیی لە لێکۆڵینەوە سایکۆ-زمانییەکاندا بۆ تاوانە زمانییەکان ، پشت بە بیرکردنەوەکانی ئاخێوەر دەبەستێت لەڕێگەی شێوازی بەکارهێنانی زمانی کەسەکەوە ، چونکە بە شێوەیەکی سەرەکی "دیراسەکردنی کاری زمان و بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە زمان دیارترین بابەتەکانی ئەو زانستە پێکدەهێنن "(زەهاوی ، حەمید ٢٠١٤ : ٤٦٦) ئەمە جگە لەوەی "بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی زمان ، کاریگەرە بەسەر شارستانی و نۆرم و بیروباوەڕ و لایەنە ئاوەزییەکان و پلەی ڕۆشنبیری و چۆنیەتی ڕوانینی خەڵک بۆ ژیان و لایەنە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان ، هەموو ئەمانە لە شێوەی دەربڕیندا دەردەکەون و سیمایەکی تایبەتی پێدەبەخشن" (فەرەج ٢٠١١ : ٨) ، ئەم سیما تایبەتەش پەنجەمۆری زمانیی کەسەکەیە کە لە دواجاردا ، بەکاردەهێنرێت بۆ لێکدانەوەی تاوانەکەی پێی تۆمەتبارکراوە.

بەگشتی لێکدانەوەی سایکۆ-زمانیی بۆ تاوانە زمانییەکان ، بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە بیر دەبەستێت ، لەبەرئەوەی لە لایەک "بیری قسەکەر و گوێگر ، بە بێ زمان ، بە یەک ناگەن ، قسەکەر هەموو بیرەکانی دەخاتە ناو بۆتەی وشەکانییەوە و گوێگریش هەموو وشە بیستراوەکان دەگۆڕێت بۆ بیر ، واتە وشە بیستراوەکان چەند بیرێکی لا دەوروژێنن " (شەمس ٢٠١٣ : ٣٦) ، لە لایەکی دیکە " زمان سنوری توانای مرۆڤ بۆ قسەکردن و بیرکردنەوەش دادەنێت " (غولام ٢٠١٦ : ١٥) .

کەواتە دەتوانین بڵێین ، ئەگەر ئامانجی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری بە گشتی بریتی بێت لە ( سەلماندنی ڕوودانی تاوان ، چۆنیەتی ڕوودانی تاوان ، هۆکاری تاوان ) (عبدالرحمن ٢٠٢٠ : ٣١-٣٣)ئەوا سایکۆ-زمانیی کار لەسەر پەرەپێدانی زانیارییە ڕەفتارییەکان ، کە لە ڕێگەی کەناڵە زارەکی و نازارەکییەکانی چنگیگەوتووە دەکات و ئەو تەکنیکانە دەستنیشاندەکات ، کە یارمەتیدەرێکی گونجاوە ، لە گەیاندنی لێکۆڵەر بە بیری ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا

دەكات . بەم پێیە شارەزای زمانیی بۆ دیاریكردنی پەنجەمۆری زمانیی تاك ، پەنا دەباتە بەر بیركردنەوەی بەرامبەر ، چ لە ڕێگەی ئەو بیرەی كەسەكە بەهۆی چوارچێوە كۆمەڵایەتییەكەیەوە بۆی دروستبووە ، چ ئەو ئەو بیرەش ، كە بەهۆی تایبەتمەندییە دەروونییەكانیی خودی خۆیەوە بۆی پەیدا بووە ، هەموو ئەمانەش بە پشتبەستن بە تایەتمەنییەكانی تاك كە بریتین لە ( یادگە ، وێنەی هزری ، لایەنی فۆنۆلۆجی ، دركاندنی وشە ، جۆری ئەكسێنت ،چۆنیەتی تێگەیشتن ،جیهانبینی كەس...هتد )

بۆ ڕوونكردنەوەی هەریەك لەم تایەتمەندییانەش ، پێویستە لێكۆڵەر شارەزای هەموو ئەو پرۆسە سایكۆلۆژییانە بێت ، كە ئەو تایبەتمەندییانە دەچنە چوارچێوەیانەوە.

**پرۆسە سایكۆلۆزمانییەكان :**

وەك باسیلێوەكرا ئەركی سایكۆ-زمانیی بە گشتی ، بریتییە خستنەڕووی چەند تیۆرییەك ، كەوا ڕوونیدەكەنەوە ، مرۆڤ چۆن زمانی دەپژێت ؟ چۆن فێری زمانی دووەم و سێیەم دەبێت ؟ چۆن زمان بەرهەمدێنێت ؟ چۆن تێدەگات ؟ ئەمەش واتای ئەوەیە لێكۆڵینەوەی سایكۆ-زمانیی لێكۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان ئاوەزی مرۆڤ و زمانەكە ، واتە نواندنی ئەو پرۆسانەی ، كە لەكاتی بەرهەمهێنان و دركپێكردندا ڕوودەدەن. بە پەنا بردنە بەر زمانی تاك " بە دوو شێوە :

یەكەم : لە تاك دەڕوانێت وەك نوێنەری گشت و هەموو بیروبۆچوونەكانی ئەو تاكە ، هەڵسوكەوتەكانی ، چۆنیەتی ڕوانینی بۆ كۆمەڵ ، هەموو ئەمانە دەبنە كەرەستەی لێكۆڵینەوەی سایكۆلۆژیای زمان.

دووەم : لە تاك دەڕوانرێت وەك بوونێكی سەربەخۆ و توێژینەوە لە زمانی تاكەكانیش دەكات ، تەنها وەك نوێنەری گروپێك بەڵكو وەك كارلێكردنی ناوەكیی و پرۆسە شاراوە و نادیارەكان . "( مەحمود ٢٠١٢ :٣٦) .

لە ئەنجامیشدا لە ڕێگەی پشت بەستن ، بە پەیوەستكردنی زمانی تاك بە وردەكارییەكانی ناو پرۆسە سایكۆ-زمانییەكانەوە ، دەگاتە پەنجەمۆری زمانی كەسەكە و كەڵكی لێوەردەگرێت بۆ لێكدانەوەی تاوانە زمانییەكان .

**یەكەم : پشت بەستن بە گەڕاندنەوەی زانیارییەكان لە بەپرۆسەدابردنی زانیارییەكاندا :**

زانیارییە زمانییە سایكۆلۆژییەكان مەبەست لەو زانیارییانەیە كە لە ڕێگەی پرۆسەكانی ئاخاوتنەوە بە هزری مرۆڤ گەیشتوون ، لەگەڵ ئەوانەی لە ڕێگەی هەستەكانەوە بۆ مێشك هاتوون .

ئەو فۆرمە ئاخاوتنیانەی کە هەر ئاخێوەرێک بۆ نمونە تاوانبار ، گومانلێکراو ، گەواهیدەر ، ... هتد ئاخاوتنی پێدەکات ، ئەنجامی ئەو ڕێکخستنەیە کە سیستەمی درکپێکردنی ئاخێوەرەکە لە هزریدا کردوویەتی. بۆیە تیشکخستنەسەر سەر لایەنە ئەبستراکتەکانی مێشکی کەسەکە ، بە نمونە (تاوانبار) ، وەکو سیستەمی درکپێکردن ، یادگە ، وشە هەڵبژاردن ، هەڵاوێرکردن ، وێنەی هزری و ....هتد. پێویستییەکی گرنگە ، لەبەر ئەوەی لە باری وەرگرتنی لێدوان لەسەر ئەو ڕووداوانەی کەسێک بینیویەتی یاخود بە ئەنجامی گەیاندووە ، سیستەمی درکپێکردنی ئەو کەسە :

١- لە هەنگاوی یەکەمدا هەستاوە بە پرۆسەی وەرگرتنی ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە ، هەروەها ئەوانەش کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە بە مێشکی گەیشتوون .

٢- پاشان دێتە سەر ئەزموونی سەرەتایی بۆ درککردن و فێربونی زانیاری ئەویش بە هەڵاوێرکردنی ئەو هەستانە بۆ چەمک و هێما زمانییەکان ، واتە بۆ بەجفرەکردن ( بەکۆدکردنی هەستەکان Encoding Process) لە ڕێگەی چەند یاسایەکی ئەبستراکتەوە ،" واتە کردنی بیر بە ڕەمز و دەنگ و دەربڕین " (وەیس ١٩٨٤ :١٢).

٣- پاشان بەهۆکاری نا ڕێکخراوی ئەو زانیاریانە هەر لەوێدا و بەهۆی پرۆسەی پاڵاوتەکردنەوە (Filtering processung) ڕێکدەخرێن .

٤- دواتر دێنە سەر قۆناغی گەنجکردنی زانیارییەکان ئەویش بە پشت بەستن بە (یادگەکان Memories ) ە ، کە تیایدا ئەو زانیاریانە پۆلێندەکرێن و دواتر گەنجدەکرێن و هەڵدەگیرێن ، بە شێوەیەک کە لە توانایاندایە جارێکی تر بگەڕێنرێنەوە ، هەر لەنێوەندەشدا پەیوەست بە زانیاری دیکەوە دەتوانرێت زانیاری نوێ و کۆزانیاری لێ بەرهەمبهێنرێت.

٥- پاش جێبەجێبوونی هەموو ئەو قۆناغانە ، دەتوانرێت زانیارییەکان لە ڕێگەی پرۆسەی بەدەستهێنانەوە وە Retrieval Process بگەڕێندرێنەوە و بەکاربهێنرێن.

واتە بە شێوەیەکی گشتی بە کۆدکردن " ئاماژەیە بۆ پرۆسەی لێکدان یان دانانی زانیارییەکان بۆ ناو یادگە بەڵام بەدەستهێنانەوە ئاماژەیە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو زانیارییانەی لە پێشودا کۆدکراون " (Brown , Craik 2012 : 93) , بەڵام سەبارەت بە سایکۆ-زمانیی داوەریی پەیوەست بەم پرۆسانەوە ، گەڕاندنەوەی زانیارییەکان (Retrieval Process) ، بە گرنگترین پرۆسە بۆ بەدەستهێنانەوەی زانیارییەکان لای کەسی تاوانبار یان گەواهیدەر بە مەبەستی باسکردن و دانپێدانان دادەنرێت ، کە لێکۆڵەر بەکاریبێنێت. شارەزاش بۆ دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسی مەبەست ، لە ڕێگەی گەڕاندنەوەی زانیارییەوە گرنگی بە چەند لایەنێک دەدات ، بۆ نمونە :

١) پێشگرتنی تۆمەتبار : بە گرنگی دان بە چۆنیەتی ڕێکخستن و دەستنیشانکردنی گرنگیدانی تۆمەتبار بە زانیارییەکە ، بۆ نمونە زانیارییەکان بە چ شێوەیەک دەگێڕێتەوە ؟ جەخت لە چ بەشێکی دەکاتەوە ؟ چ زانیارییەکی دیکەی پێوە پەیوەست دەکات ؟ دەیەوێت باز بەسەر چ زانیارییەکدا بدات ؟ ... هتد .

٢) پارمەتیدانی گەواهیدەر بۆ گەڕاندنەوەی زانیاری : هەروەک زۆرجار پرسیارێکمان لێ دەکرێت هەست دەکەین وەڵامەکەی دەزانین بەڵام دەستمان پێناگات ، کە ئایا لە چ شوێنێکی هزرماندا هەڵمانگرتووە تا بیگەڕێنینەوە ، یاخود هەندێکجار بۆ گەڕاندنەوەی زانیاری دەربارەی ڕووداوێک پێویستە کەسێک لە پێدانی هەندێک وردەکاری هاوکار بێت . تاوەکو پرۆسەی گەڕاندنەوەی زانیارییەکەت لا جێبەجێدەبێت . چونکە گەڕاندنەوەی ئەو زانیاریانە بەندە چۆنیەتی چەسپاندنی ئەو زانیارییە گەنجکراوانە ، کە ئایا :

١- ئەو زانیاریانەی کەسەکە مەبەستیەتی بیگەڕێنێتەوە تا چەند لەکاتی خۆیدا جیایکردۆتەوە لە زانیارییەکانی ئێستا پێویستی نییە ؟

٢- تا چ ڕادەیەک گرنگی داوە بەو زانیارییە و مەبەستی بووە گەنجی بکات لای خۆت ؟

٣- تا چ ڕادەیەک گرنگی داوە بە شیکردنەوەی وردەکارییەکانی ئەو زانیارییە ؟

واتە "بەدەستهێنانەوەی زانیارییە ئەبستراکتەکان ، کە لە چەمکەکاندا بەرجەستە دەبن ، بەهۆی پارمەتیدانی یادگەکانی (هەستکردن ، کورت_خایەن ، درێژ_ خایەن ) بەدەستدەهێنرێنەوە و ئەو زانیاریانەش ، کە چەمکێکی ڕەفتاری و بزاوتن لە خۆدەگرێت و لە یادگەی کردەییدا گەنج_ هەڵگرکراون بەهۆی دوو یادگەی سەرەکییەوە پەیکاڵدەبن لەگەڵ کاری پرۆسەکانی بەدەستهێنانەوەدا دوو یادگەکەش بریتین لە یادگەی پێشنیازکار Prospective Memory، کە هەڵدەستێت بە بیرخستنەوەی هەموو ئەو کردانەی ، کە لە ئێستاو داهاتوودا دەبێت بکرێن و هێشتا بە ئەمجام نەگەیشتوون و یادگەی ڕابردووخواز Retrospective Memory گرنگی بەو کردانە دەدات ، کە لە ڕابردوودا کراون و هەندێک جار پێویستە لە ڕابردووەوە ئەو کردانە بهێننەوە بۆ ئێستا " (مەحمود ٢٠١٢ :١٩٨) بۆ نمونە : کەسێک ، کە گەواهیدەرە لە بینین و بیستنی ڕووداوێکی وەکو (هەڕەشەلێکردن)دا ، بۆ لێدوانـدان لەبارەی ئەو ڕووداوەوە پێویستە ئەبستراکتانە پرۆسەی گەڕاندنەوەی زانیارییەکان لە مێشکیدا جێبەجێبکرێت ، بە چەند شێوەیەک ، بۆ نمونە :

أ- ئەو ڕێگایەی ڕۆژانە پیایدا ڕۆیشتوون.

ب- ئەو فرۆشگا ، خواردنگە ، ... هتد ، زۆر سەردانیانکردووە .

ت- ئەو کەسانەی ڕۆژانە لە هەمان ڕێگادا ڕووبەڕوویاندەبنەوە .

پ- ڕووداوە جیاوازەکـانی ئـەو ڕۆژە لـە ڕۆژەکـانی تـر ، کـە لـەناکاو کەسـێک دێتـە پـێش هاوڕێکەی و ڕێگای پێدەگرێت و هەڕەشەی لێدەکات .

لـە ڕاسـتییدا خـاڵی (أ،ب، ت) زانیـاری دووبـارەن ، بـەڵام (پ) ڕووداوێکـی نوێیـە، ڕووداوە نوێیەکان توانای دەستپێگەیشتنەوەی زانیارییەکانیان تێدا بەهێزە ، لەبەر هۆکارێک یان چەند هۆکارێک ، بۆ نمونە :

١- ئەو ڕووداوە زانیارییـەکی نوێیە و جیایە لە زانیارییەکانی پێشـووتر ، ئـەم جیاکاریـەش وا دەکات ئەو زانیاریە ئاسان تر بەدەستبێتەوە .

٢- ڕەنگە ئەو کەسە بەهۆکاری دڵگرانی ، سەرسوڕمان ، تووڕەبوون ، لەوانەشە پێخۆشبوون و ... هتد ، بە مەبەست و بە ویستی خۆی گرنگی زیاتر بە گەنجکردنی زانیارییەکانی نێو ڕووداوەکە بدات ، یاخود بە بێ ویست و بەهۆی کاریگەریی ڕووداوەکەوە بیری نەچێتەوە .

٣- گەر هەرلەوێشدا ئەو کەسە ئەو ڕووداوەی بەستبێتەوە بە زانیاری دیکەوە ، کە سـەبارەت بەو کەسە و هاوڕێکەی دەیزانێت بۆ نمونە کێشـەیەکی وەکو (قەرزداری)، شیکردنەوەی بۆ کردبێت ، ئەوە زۆر یارمەتیدەرە بۆ ئـەوەی پرۆسـەی گەڕاندنـەوەی زانیارییەکەی بە ئاسـانی بەڕێوەچێت .

٤- بـەڵام گرنگتـر لەوانـە ، سـتراتیژیەتی چۆنیـەتی چاوپێکـەوتن و پرسـیار ئاڕاسـتەکردن لـەو گەواهیـدەرە ، بـە بـەهێزی کاریگـەری لەسـەر گەڕاندنـەوەی زانیـاری مەبەسـت هەیـە ، چونکـە ڕەنگـە گەواهیدەرەکـە ، بـە ڕاسـتییدا پرۆسـەی گەڕاندنـەوەی زانیارییەکـەی بـە باشـی لا جێبەجێنـەبێت ، یـان ڕەنگـە نەیـەوێت باسـی کـات ؟ لـە هـەردوو بارەکـەدا لێکۆڵـەر دەتوانێت هەنـدێک سـتراتیژ بـەکاربێنێت تـاوەکو زانیارییـەکی دەسـت کـەوێت ، لـە ڕێگـەی چەنـدین پرسیارەوە ، بۆنمونە .

(٣٠) أ- تۆ هـەموو ڕۆژێک لەگـەڵ هاوڕێکـەت بـەو ڕێگایـەدا دەڕۆیشـتیت ، ئـەو ڕۆژە چـی نامۆت بینی ؟

ب- کە بە فڵان شوێندا دەڕۆیت هیچ ڕووداوێکت بیرناکەوێتەوە ؟

ت- هیچ ڕووداوێک ڕووی نەدا کارت تێبکات ؟ هەست بە شڵەژان بکەیت ؟ و هتد ....

پرسـیارێکی وەکو (٣٠-أ) وادەکات گـەر بەڕاسـتیش ئـەو کەسـە پرۆسـەکەی بە باشی لـەلای جێبەجێ نەبێت ، تا ڕادەیەک ئەو ڕووداوەی بیر بکەوێتـەوە ، کە جیا بـووە لەوانـەی ڕۆژانـی

پێشوتر. گەر واش خۆی دەرخات لە بارەیەوە نازانێت ، بە ناچاری باسی بکات ، لەبەرئەوەی لای ئاشکرایە ، کە لێکۆڵەرەکە دەزانێت ئەم گەواهیدەرە ئامادەبووە ، لەکاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا ، بەوەی زانیویەتی کە ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێکەی بەیەکەوە دەڕۆن ، گەر هەر لێدوانیشی لە بارەوە نەدا ...هتد .

بەم پێیە لە جێبەجێکردنی پرۆسەی گەڕاندنەوەی زانیارییەکاندا ، بۆ کاریگەریخستنەسەر بیرکردنەوەی تاوانباران و گەواهیدەران ، لێکۆڵەر پێویستە تیشکبخاتە سەر ئەو کردانەی، کە بۆ ئەو مەبەستە گرنگن :

١- کردەی لابردن Omission: واتە بەجێهێشتن و هەموو ئەو زانیارییانەی بە بەشداریکردنی ئاخاوتنەکەوە پەیوەندیدار نین.

٢- کردەی گواستنەوە : گواستنەوەی هەندێک لە وردەکارییەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو بۆ ئەوەی دیاردەی قسەلەسەرکراو بە تەواوەتی بگەیەنرێت.

٣- کردەی هۆکاربەندی : دەرخستنی لایەنەکانی بابەتێکە بۆ ئەوەی شیاو بێت بە شێوەیەک کە تاک لێی تێبگات .

٤- گۆڕینەوەی کلتووری : ناوەڕۆک و ئەو شێوازە ، کە ئاخاوتنەکان هەیانە و باکگراوندی کلتوری لە کاتی بەشداریدا کاریان تێدەکات واتە ئێمە لە ڕێگەی باکگراوندی کلتوری خۆمانەوە شێواز ناوەڕۆکەکان دیاریدەکەین و دەیانخوێنینەوە."(محمود٢٠١٣ : ٢).

٥- دەستنیشانکردنی ڕاستی و دروستی وتەی تۆمەتبار و بەدەستهێنانی ڕێگەکانی یادگەو میکانیزمەکانی بۆ بەدەستهێنانی ڕاستی لێی : دۆزینەوەی بەڵگەی درۆکردن ، خۆیدا لە خۆیدا نیشانەیە بۆ جۆرێک لە سەلماندنی ئەنجامدانی تاوانێک ، هەربۆیە لە زمانەوانییدا "کۆمەڵێک نیشانەی زمانی هەن بۆ ناسینەوەی درۆ و درۆزن ، هەریەک لەو نیشانانە ، پەیوەندییان بە ئەو ناوەندەی گواستنەوەیە هەیە ، کە کەسی درۆزن بەکاریاندەهێنێت ، بۆ نمونە (ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ ، زمانی نوسین نامە و ئینتەرنێت و وتار ، ئاخاوتنی تیلیفۆن ) ، چونکە ئەم چەشنە ناوەندانە جیاوازن لە هۆکارەکانیاندا بۆ نمونە لە زمانی ئاخاوتنی ڕووبەڕوودا تۆنی دەنگ و پاشوپێشخستنی وشەکان و هێنانەوەی گریمانە و بەهانەی بەیەکداچوو یارمەتیدەری ناسینەوەی کەسانی درۆزنن ، هەروەها زمانی جەستەش وەک جوڵەی چاو و چرچولۆچی دەموچاو یارمەتیدەر دەبێت بۆ ناسینەوەی درۆ " (مەحمود ٢٠١٥ :٣٦٠ ) هەربۆیە گرنگە لێکۆڵەر لەمبارەدا ، هەستێت بە داڕشتنەوەی وتەی تۆمەتبارەکە ، بە مەبەستی دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی زانیارییە پێویست و ناپێویستەکان تا لێکدانەوەیان بۆ بکات.

## دووەم : پشت بەستن بە وێنەی هزری:

وێنەی هزری ، کە بە بەرهەمی پرۆسەی درکپێکردن لە بەدەستهێنانەوە ، بنیاتنانەوە ، چارەسەرکردنی نواندنی هزریی شتەکان و بابەتەکان پێناسەدەکرێت ، ڕۆڵێکی گرنگ لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی لێدوانی تاوانباران و گومانلێکراواندا دەبینێت ، لەبەر ئەوەی تیۆری هزر کە "بە (خوێندنەوەی هزر)یش ناودەبرێت، بەکاردەهێنرێت بۆ لێکدانەوەی هەڵوێستی وەکو (باوەڕ، نییەت ، هاوسۆزی ) "( مەحموود ٢٠١٧ :٤٤٠) ، کە بابەتی سەرەکیین بۆ لێکدانەوەی مەبەستی تاوانبار لە تاوانە زمانییەکاندا ، واتە وێنەی هزری گوزارشت لە وێنە و چەمک و بیرەکانی ئاوەزی مرۆڤ دەکات ، کە بۆ دنیای دەرەوە دەریاندەخات . بۆ نمونە لە کاتی گەواهیدانێکدا گەواهیدەرەکە ، بە گێڕانەوەی ئەو کۆزانیارییانەی لە ڕێگەی بینینی ڕووداوەکەوە چنگی کەوتووە ، لەلایەک وێنەی هزری خۆی بە دەرخستنی دیوە شاراوەکانی ناو بیری دەخاتە ڕوو ، لەلایەک وێنەی هزری سەبارەت ڕووداوەکە بۆ لێکۆڵەر پێدرووستدەکات ، لە ڕێگای ئەو ئاماژانەی وێنە هزرییەکەی بەخشیویەتی ، پەیوەست بە کۆزانیارییەکانی لێکۆڵەرەکە خۆیەوە .هەر بۆیە دەوترێت ' وێنەی هزری دەرئەنجامی چالاکییەکانی مێشکە ، لە شوێنی دیریکراو و پێناسەکراودا لە ناو مێشکدا " Nargis 2014) :17).

پەیوەندی نێوان کۆزانیاریی و وێنەی هزری بەیەکەوە لەوەدایە ، کە وێنەی هزری کۆزانیاریی ئاخێوەر دەگوێزێتەوە ، لەبەرامبەردا " خودی کۆزانیاریی بەرفراون لای تاک دەبێتە هۆی چالاککردنی پێڕەوی چەمکەکان لە هزردا پاشان نواندنیان لە وێنەکاندا" (مەحمود ٢٠١٣ : ٤) ، کۆزانیارییەکانیش کە دروستکەری وێنەی هزریین ، یان کۆزانیاریی زمانیین و لە ڕێگەی وشەکان ، میتافۆرەکان ، ئامرازەکان ، یاسا ڕێزمانییەکانەوە ... هتد ڕووندەبنەوە ، یان کۆزانیاریی نازمانین و بەهۆی تاووتوێکردن و تێگەیشتن لە هزردا دەبنە کۆزانیاریی زمانیی، واتە بە گشتی " کۆزانیاری تێگەیشتن و زانیارییە دەربارەی بابەتێک یا ڕاستییەک یا شتێک کە پەیوەستە با توانای مرۆڤ لە زانین و درککردن و تێگەیشتن لە ڕووداوو بابەتەکان ، یاخود دەربارەی هەموو ئەو شتانەی کە لە دەوروبەر دەگوزەرێن" (عەبدوڵڵا ٢٠١٧ : ٦٠٤) ، هەموو ئەمانەش پێکەوە دەبنە کەرەستەی خاوی وێنەی هزری لای کەسەکان.

سەبارەت بە لێکدانەوەی تاوانەکان ، بە زۆری کارکردنە لەسەر لێکدانەوەی گێڕانەوەی ڕووداوی تاوان ، واتە کارکردنە لەسەر زانیارییەکی نازمانی کە بەهۆی تاووتوێکردن و تێگەیشتن لە هزردا بووەتە زانیاریی زمانیی و لە لایەن تاوانبار یان گەواهیدەرەوە بۆ لێکۆڵەر دەخرێتە ڕوو ، بۆیە لە لایەن لێکۆڵەرەوە پێویستی بە چەند بنەمایەک هەیە ، کە ئەو

زانیارییانەی پێڕکبخات و لێیان تێبگات وەکو پرینسیپەکانی ( پرنسیپی چەندێتی ، پرنسیپی نزیکایەتی ، پرنسیپی ڕیزبوونی زنجیرەیی ... )[18] بۆ نمونە :

١- پرنسیپی چەندێتی گرنگی دەدات بە بڕی ئەو واتا (سادە ، ئاڵۆز ، جەختلێکراوە و میتافۆر)ییەی ، کە دەربڕاوەکان لە هزری گوێگردا درووستی دەکەن ، کە پەیوەندی بە پرنسیپی دووبارەکردنەوەشەوە هەیە ، بۆ نموونە :

(٣١) أ- من کەسێکی بێتاوانم. بێتاوان.

ب- من کەسێکی زۆربێتاوانم زۆر بێتاوان.

ت- من تاکە کەسم کە لەم ڕووداوەدا بە تەواوی بێتاوانم . تاکەکەس کە بەتەواوی بێتاوانە.

نمونەکانی سەرەوە کار لەسەر چۆنیەتی ڕەوتی پرسیارەکان دەکەن کە لێکۆڵەر لەدوای بیستنی ئەم ڕستانەدا دەیبیستێت ، واتە وەڵامەکان جۆرێک لە پەنجەمۆری زمانیی بەجێدەهێڵن لە ڕێگەی ئەو وێنە هزرییەی ، کە درووستییان کردووە ، وەکو ئەوەی لە ڕستەی (٣١-أ) دا جەختلێکردنەوە بەهێز نییە ، بەڵام لە (٣١-ب) دا بەهێزتردەبێت ، لەکاتێکدا لە(٣١-ت) دا نەک بەهێزتردەبێت بەڵکو ئاڵۆزیش دەبێت ، بەوەی وا لێکدەدرێتەوە کەسانی دیکە تاوانبار بن ، کەواتە هەریەک لەو ڕستانە و وێنەیەکی هزری جیاواز لای لێکۆڵەرەکە درووستدەکات ، کە وادەکەن ڕێگای جیاواز هەڵبژێرێت بۆ چۆنیەتی گەڕاندنەوەی ئەو زانیارییانەی هزری بەرامبەر ، تا لێدوانی لەبارەوە بدات و ببێتە بەڵگە.

٢- بە پێی پرنسیپی نزیکایەتی کار لەسەر نزیکایەتی ئەو چەمکانە دەکرێت کە لەو دەقە تاوانکارییەدا بە دوای یەکدا هاتوون ، ئایا ئەو پەیوەندییەی لە نێوانیاندایە بەهێز یان لاوازە ، یاخود لە بنەڕەتدا پەیوەندییان بەیەکەوە هەر نییە ، یان ئەو دوو چەمکە بەیەکەوە مانایەکی دیکە بە دەستەوە دەدەن ، ، بۆنمونە :

(٣٢) أ- ئازاد بوو فیشەکەکەی تەقاند .

ب- ئازاد فیشەکەکەی فڕێدا .

ت- ئازاد فیشکەکەی هەڵدا.

[18] بڕوانە ئاڤێستا کەمال (مەحمود ٢٠١٣ : ١٣- ١٨)

له هەرسێ ڕستەکەدا ئازاد بکەرە و فیشەک بەرکارە بەڵام کردارەکە بە پێی ڕێژەی نزیکایەتی پەیوەندی لەگەڵ بەرکارەکەدا واتای جیاواز دەدات بە دەستەوە و وێنەی هزری جیاوازیش درووستدەکات.

٣- لە پرنسیپی زنجیرەییدا بۆ گێڕانەوەکانی دەقێکی تاوانکاری، گێڕانەوە جیاوازەکان ، وێنەی هزری جیاواز درووستدەکەن ، بۆ نموونە لە گێڕانەوەی زنجیرەیەک لە کەیسێکی تاوانییدا ، پاش و پێشخستنی ڕووداوەکان ، ڕاستییەکان بەلارێدا دەبات یاخود پێچەوانەی دەکاتەوە ، لەبەر ئەوەی بە پێی زنجیرەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەتوانرێت ئەوە دەستنیشانبکرێت ، تیشکەکە لەسەر کام بەشەی ڕووداوەکەیە؟ لەکوێدا پێویستە هەڵوەستەبکرێت و زۆرتر لەسەری بمێنرێتەوە پرسیاری لەبارەوە بکرێت ؟ وەکو :

(٣٣)أ- فەرهاد هات و کارەکەی ئەنجامدا کە ئاکۆ بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ بڕوا دەکرد.

ب- کە فەهارد هات ، ئاکۆ بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ بڕوا دەکرد و کارەکەی ئەنجامدا.

ت- کە ئاکۆ بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ بڕوا دەکرد ، کارەکەی ئەنجامدەدا ، فەرهادیش هات.

گەر لە لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکاریدا ، ئەو کارەی کە لەو ڕووداوەدا باسی لێ دەکرێت و ئەنجامدراوە ، کارێکی تاوانکاری بێت ، ئەوا چۆنیەتی ڕیزکردنی زنجیرەی گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانەی ناو ڕووداوەکە ، بە شێوەیەکی مەترسیدار واتای جیاواز بە دەربڕاوەکە دەبەخشن و وێنەی هزری جیاواز لای لێکۆڵەر دروستدەکەن ، چونکە هەروەک هایمان ئاماژەی پێداوە "ڕێزبوونی یەکبەدوای یەکی ڕووداوەکان ، دەبنە ڕیزبەندی لە دەربڕین و گوزارشتکردنی ئاخاوتنەکانمان "(Haiman 1983 :781) هەروەک ئەوەی لە ڕستەی (٣٣-أ) دا وەها دەردەکەوێت تاوانبارەکە (فەرهاد) بێت ، ئەو کاتەی ئەو تاوانەشی تێدا ئەنجامداوە ئەو کاتە بووە کە ئاکۆ و بڕوا بەیەکەوە بە تەلەفۆن قسەیانکردووە ، لەکاتێکدا ڕستەی (٣٣-ب) دەریدەخات تاونبارەکە (ئاکۆ) بێت، کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەشی ئەو کاتە بووە ، کە بەتەلەفۆن لەگەڵ (بڕوا ) قسەی کردووە و هەر ، لەو کاتەشدا فەرهاد هاتووە. بەڵام ڕستەی (٣٣-ت) کەمێک ناڕوونترە ، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وادەردەکەوێت (ئاکۆ) بۆ ئەنجامدانی ئەو تاونە هاندرابێت ، یان لە لایەن (بڕوا) وە چونکە لەو کاتەدا تەلەفۆنی لەگەڵ ئەو کردووە ، یان لەلایەن (فەرهاد)ەوە لەبەر ئەوەی ئەویش لەو کاتەدا هاتووە.

هەموو ئەوەی باسکرا واتای ئەوە دەخەنەڕوو ، کە وێنەی هزری لە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانییدا ، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە ، لەبەرئەوەی کەسە جیاوازەکان ، لە گێڕانەوە و باسکردنی ڕووداوەکاندا وێنەی هزری جیاواز درووستدەکەن ، تەنانەت دەگاتە ڕادەیەک هەندێک لە تاکەکان بەهۆی بوونی ئاریشە زمانییەکان توانای دروستکردنی وێنەی

هزری گونجاویان نییه ، کە ئەمەش لە خۆیدا جۆرێکە لە پەنجەمۆری زمانی کەسەکە ، بۆ نمونە ئەوانەی (ئۆتیزم)یان هەیە " توانای لاساییکردنەوە و بڕیاردانیان لەسەر ڕەفتارەکان نییە ، چونکە توانای لاساییکردنەوەی هزرییان نییە بۆیە ناشتوانن هەڵبژاردنەکانیان دیاریبکەن و هۆکاربەندبن ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان ناتوانن وێنای جیاواز دروستبکەن لە وێنایانەی کە خۆیان هەیانە " (مەحموود٢٠١٧ : ٤٤٠)

## سێیەم : پشت بەستن بە لێکدانەوەی پەیوەندییە واتاییەکان لە پرۆسەکانی تێگەیشتندا :

مەبەستی سەرەکی لە شیکردنەوەی دەقێکی تاوانکاری ، تێگەیشتنە . تێگەیشتن لە پێناوی بڕیاردانی دادپەروەرانە دەربارەی داوایەکی سزایی دیاریکراو ، خودی تێگەیشتنیش بریتییە لە پرۆسەی هەڵێنجانی واتا لە دەقێکی نووسراو یاخود گوتراودا ، بەواتای لێکۆڵەر هەر لەگەڵ گەیشتنی ئەو زانیاریانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا پێی دەگات ، پرۆسە سایکۆلۆژییەکانی ئەبستراکتانە دەستدەکەن بە شیکردنەوەیان ، دیارە بۆ ئەم شیکردنەوەیەش ، تەنیا پشت بە واتای ڕووکەشانەی ئەو وشە و دەربڕاوانە نابەسترێت کە دەبڕدراوە یاخود نووسراوە ، بەڵکو ئەو وشەو دەربڕاوانە هەلاوێردەکرێنەوە و هەر لەوێشدا بە پێی ئەو مەبەستەی دەیانەوێت پێی بگەن ، پۆلێندەکرێن بۆ ئەوانەی پشتگوێی دەخەن لەگەڵ ئەوانەی تیشکی دەخەنە سەر، بەم پێیە پرۆسەی تێگەیشتن مەبەست لە دوو پرۆسەی ترە , ئەوانیش:

١- پرۆسەی داڕشتن : مەبەست لێی لە سەرەتادا ( وەرگرتنی زانیاری بیستراو پاشان لە بیردا پارێزگاریلێکردنێتی ، لەگەڵ ڕاڤەکردن و دابەشکردنی بەسەر پێکهاتەکانی ڕستەدا ، دواتر هەستان بە شیکردنەوەی ئەو وتراوانەی ، کە لەبەر دەستدایە بۆ دروستکردنی ڕستەی کورت وەک ئامادەکارییەک بۆ بەکۆدکردنیان وەرگرتنی زانیاری بیستراو لە سەرچاوەی دیکەوە ) ( شیماء ٢٠١٠ : ٥٩) ، یاخود بۆ پرۆسەی بەکارهێنان.

٢- پرۆسەی بەکارهێنان (Usage precess): کە واتای ئەوە دەدات "زمان ئامێریکی پەیوەندییە ، خەڵک زمان بۆ مەبەستی هاوبەشیکردنی زانیاری ، پرسیارکردن ، بەڵێندان ، ئاڕاستەکردنی کاری کەسانی تر ، یاخود بۆ هەستدەربڕین بەکاردێت " (Holger Diessel 2017 :2)

لە سایکۆ-زمانیی دادوەرییدا پەیوەست بە تێگەیشتنەوە ، دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی ، پشت بە تایبەتمەندییە کەسییەکانەوە وەکو (جێندەر ، کۆدکردنەکان ، جیهانبینی تاک ، .. ) لەگەڵ خودی( واتا و کات)دەبەستێت .

**١) واتا :**

تێگەیشتن لە ئەو واتایانەی ، کە لێکۆڵەر لە لێکۆڵینەوەی تاوانکارییدا لە لایەن لایەنەکانی بەشدار لە داوایەکی سزاییەوە دەیانبیستێت ، یەکێکە لەو هەنگاوانەی لێکۆڵەر خۆی پێوە خەریکدەکات . بەم پێیە بۆ دارشتنی واتای ئەو بیرەی کە بە لێکۆڵەر دەگات ، پێویست بە رێکخستنی ئەو وشە و چەمکانە دەکات ، کە بیرەکەی گەیاندووە ، چونکە "واتاکان لە زماندا لێکدەدرێنەوە ، لە ئەنجامی بەکۆدکردنی چەمکەکانن لەبیردا"( مەحمود ٢٠١٢ :١٢٢) ، بە شیوەیەک " ئەگەر بەشێک لە توانای درکپێکردن سروشتیەکەی بایۆلۆجی مرۆڤەکان بێت، ئەوە بەشەکەی تری دەگەرێتەوە بۆ لیهاتویی تاک ، کات ، شوێن ، رادەی رۆشنبیری پلەی خۆخەریککردنی کەسەکان بە مەبەستی لیکدانەوەی هەر دیاردەیەک لە دەوروبەردا"( احمد ، حسن ٢٠١٧ :٥٠ )، هەر بۆیە گەر لێکۆڵەر کەسێکی لێهاتوو بێت ، ئەوا بە لێکدانەوەی ئەو چەمکانە دەتوانێت:

أ- بە دونیابینی ئەو کەسەی بەکاریهێناون بگات (واتە ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکات).

ب- بە بۆچوون و بیروباوەرەکانی ئەو کەسە بگات.

ت- ئەوروانگەیە دیاریبکات ، کە کەسەکە دونیای پێدەبینێت .

پ- لە کۆتاییدا تێگەیشتن بێتە ئاراوە .

بەمەش دونیابینی ئەو کەسەو کۆزانیارییەکانی خۆی (کۆزانیاریی تاکگەرایی یان کۆزانیاری کۆمەڵ) پەیکاڵ بکات و پرسیاری پێداڕێژێت .

(مەحموود٢٠١٢ :١٦٠) بۆ تێگەیشتن لە واتا دوو جۆر تێگەیشتن دەستنیشاندەکات :

١- تێگەیشتن لە واتای پیتیی ٢- تێگەیشتن لە میتافۆر

١- تێگەیشتن لە واتای پیتیی : مەبەست لەمجۆرەی واتا هەروەک (رێکاناتی) ئاماژەی پێداوە " تێکەڵەیەکە لە واتای رستە و ئەوەی کە وتراوە " (Abuarrah 2018 :88)، هەربۆیە پەیوەست بە تێگەیشتن بەمجۆرەی واتاوە، پێویستە شیکردنەوە بۆ واتا دیاریکراوەکان بکرێت لە رووی رێزمانییەوە واتە لە ئاستی رستەسازی و چۆنیەتی پێکەوە هاتنی وشەکان لەلایەک ، دەستنیشانکردنی واتای نارێزمانی و مەبەستیش لە لایەکی دیکە ، واتە لێکدانەوەی ئەمجۆرە واتایە پێویستی بە شارەزابوونی لێکۆڵەرە لە کۆزانیاریی زمانی و نازمانیش ، بۆ نمونە :

(٣٤) أ. هەستمپێکردبوو ، ساران بەردەوام لەژێر چاودێریدایە.

گەر ڕستەی (٣٤-أ) ، پەیوەست بێت بە بارودۆخێکی تاوانکارییەوە ، لێکدانەوە لە واتای پیتی ڕستەکە ، بە تەنیا لە ڕێگەی لێکدانەوەی واتای ڕێزمانیی ڕستەکەوە ، واتە ئەو واتایەی لە ڕێگەی بەدوای یەکدا هاتن و بەستنەوەی وشەکانەوە دەیدات بە دەستەوە ، ڕەنگە لێکۆڵەر بەهەڵەدا ببات، بەڵام بەو پێیەی "بارودۆخی کۆزانیاری لە شیکردنەوەی ڕستەکاندا گرنگە، بۆ پڕاوپڕبوونی تێگەیشتنەکان لە بیردا ، هەربۆیە لە بەستنەوەی کۆزانیارییەکان لە یادگەی درێژخایەندا بە شیکردنەوەی ڕستەکان دەبێتە هۆی چاەسەرکردن و واتای جۆراوجۆر " مەحموود (٢٠١٢ :١٦٢) ، واتە گەر ڕستەی (٣٤-أ) پەیوەستبکرێت بە بارودۆخی کۆزانیاری ڕووداوی تاوانەکەوە ئەوا ئەو ڕستەیە بەدەر لە یەک واتا لەخۆی دەگرێت، کە بریتین لە :

ب.هەستمپێکردبوو ، ساران ، بەردەوام لەژێر چاودێریدایە.

ت.هەستمپێکردبوو ، ساران بەردەوام ، لەژێر چاودێریدایە.

بە بەراوردی تێگەیشتن لە واتای ئەو دوو ڕستەیە ، لێکدانەوەی ڕستەی (٣٤-ب) ، واتای ئەوە دەگەیەنێت ، کە ساران بەردەوام لە لایەن کەسێک یان چەند کەسێکەوە چاودێریدەکرێت. بەڵام لە ڕستەی (٣٤-ت) دا ، بە پێچەوانەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت ، کە ساران بەدەوام چاودێری کەسێک یاخود شتێک دەکات.

کەواتە شیکردنەوەی ڕستەکان بە پێی کۆزانیارییە زمانی و نازمانییەکان لە پەیوەندییەکی بەردەوام و پێکەوەییدان و لە یەکتر دانابڕێن.

٢- تێگەیشتن لە میتافۆر : مەبەست لە میتافۆر ، شێوەیەکە لە شێوەکانی ئاخاوتن ، کە پەسنی بابەتێک یان کردارێکی پێدەکرێت ، کە هاوتا نییە لەگەڵ واتای پیتی وشەکەدا ، بەڵکو ڕوونکردنەوەی بیرۆکەیەک ، یاخود بەراوردکرنێکە .

لە ڕاستییدا سەبارەت بە لێکدانەوەی میتافۆر بیرۆکەی جیاواز هەیە و تەنانەت هەندێک لە" توێژینەوە نوێیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ، کە تاک لە میتافۆر تێدەگات ، بەهەمان شێوەی ئەوەی لە واتای پیتی تێدەگات " (Yu 2011 :1616) ، بەڵام (مەحموود ٢٠١٢ :١٧٤) ئاماژە بەوەدەدات کە "واتای میتافۆریی پرۆسەی سایکۆلۆژییانەی تایبەت بەخۆی نییە بەڵام لە جێبەجێبوونی ئەم پرۆسە سایکۆلۆژییانەدا میکانیزمی جیاواز هەیە ، کە تایبەتمەندێتی دەداتێ و دواتر بە واتای پیتییەوە دەیبستێتەوە " بۆ ئەمەش پشت بە دوو بیرۆکەی سەرەکی دەبەستێت سەبارەت بە چەمکەکە ، کە یەکێکیان واتای واتایەکی زیادکراو بۆ واتای پیتی دەگەینێت ، دووەمیش سەربەخۆیی واتای میتافۆرە .

بەشـێوەیەکی گشـتی ئـەوەی لـە بـارەی میتـافۆرەوە ، بـواری سـایکۆ-زمـانیی خـۆی پێـوە خەریکدەکات ، بریتییە لە گرنگی دان بەو پرۆسانەی ، کە بەرپرسن لە دەستنیشانکردنی کاتی پێویست بۆ تێگەیشتن لە میتافۆرێک ، سـەبارەت بەمـەش توێژینـەوەکان نوێیـەکانی ئـەم بـوارە "ئەوە پیشاندەدەن کە کارکردنی ئەو پرۆسانە گەلێک خێرایە ، کە بریتییە لە ماوەی چەند سـەد ملـیم چرکەیـەک بـۆ چەنـد چرکەیـەکی کـەم " (Yu 2011:1614) ، ئـەو هۆکارانـەش کـە کاریگـەرییان لەسـەر جیاوازی کـاتی تێگەیشـتن لـە میتـافۆر هەیـە ، بـریتین لـە (دەوروبـەری ئاخـاوتن ، جـۆری میتـافۆر) . هەربۆیـە سـایکۆ-زمـانیی لـە لێکدانەوەکانییـدا بـۆ زمانـەوانی دادوەریی ، بۆ دۆزینەوەی پەنجەمۆری زمانی لە سەلماندنی تاوانباری و بێتاوانی لە دەقێکی تاوانکارییدا ، پێویستە پشت بەو دوو لایەنە ببەستێت ، ئەویش بەهۆکاری ئەوەی:

أ- "دەوروبـەری ئاخـاوتن دەتوانێـت کاریگـەری لەسـەر کـاتی تێگەیشـتن لـە میتـافۆر دروستبکات " (Yu 2011 :1615) بۆیـە "واتـای میتـافۆریی بەسـتنەوەی کۆدەکـانی پێویستە بـە سیما واتاییە پیتیی ، کرۆکە واتـا و کۆزانیارییەکانـەوە "(مـەحموود ٢٠١٢ :١٧٧)، واتـە " هـەنێکجار ڕووداوێکـی ڕاسـتەقینە کـە ڕوودەدات ، وێنەیـەکی زمـانی هۆشـەکی لای خـەڵکی دروسـت دەکـات و دواتـر دەبێتـە خوازەیـەی زمـانیی بـۆ هـەر ڕووداو یـان هەڵوێسـتێکی لـەوجۆرە "( عەبـدوڵڵا ٢٠١٧ : ٥٨) ، بـۆ نمونـە میتـافۆری (چێشتی مجێور ) بە پشت بەستن بە واتا پیتی و کرۆکە واتاکەیـەوە ، واتـە پشتبەسـتن بە ئەو ڕووداوە ڕاستەقینەیەی لە پشتییەوەیەتی[١٩] ، لەگەڵ ئەو دەوروبەرە واتاییەی ،کـە لـە دەقێکـی دیـاریکراودا تیایـدا بـەکارهاتووە ، دەتوانرێـت واتـای جیـاوازی لێهـەڵبهێنجرێت ، ئەمـەش پێویسـتی بـە خسـتنەوەکاری کۆزانیارییـە سـەبارەت بـەو دەوروبـەی تیایـدا بـەکارهاتووە ، دیـارە، خسـتنەوەکاری ئـەم کۆزانیارییانـەش بـۆ جێبەجێبوونی کردەی تێگەیشتن لـە میتافۆرەکـە بـەو خێراییـە ، گـەر لای لێکۆڵـەرێکی ئاسـایی گـران یـان مـەحاڵ بێت ، ئـەوا لای شـارەزایەکی زمـانیی کـارێکی گـران نییـە ، چونکـە شـارەزای زمـانیی پەیوەسـت بـە پسـپۆڕییەکەیەوە ، لەگـەڵ ئـەو کۆزانیارییـە زمانی و نازمانییانەی ، کە هەیـەتی شـارەزایانەتر واتـای دەوروبـەری میتافۆرەکـە بـە فەرهەنگی ئاوەزی و مۆدێلی ئاوەزییەوە دەبەستێتەوە ، کە واتا فەرهـەنگی و پیتییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە ، بەمەش واتای دروستی میتافۆرەکەڕووندەبێتەوە.

ب- میتافۆرەکـان لـە ڕووی جـۆرەوە ، هەنـدێکیان لـە بـارودۆخی زیـاتر و بـەرکاهێنانی زیاتریان هەیە و زیاتر بڵاون ، هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە ، هەربۆیـە لـە زمانەوانییدا بۆ " میتافۆرەکانی (هـەژارتر) لەگـەڵ (باشـتر) جیاکرانـەوە ، کـە هـەژارترەکان تـەنها بۆ

[١٩] میتافۆری چێشتی مجێور لەوەوە هاتووە ، کە مجێوری مزگەوت، مەنجەڵێکی دەهێنا ،لە دەرگای ماڵانی دەدا، هەرچی بەرماوەی ماڵان بوو ، وەریدەگرت و دەیکرد بەسەر یەکدا.

هەندێک لێکدانەوە گرنگن ، بەڵام باشترینەکان بەسەر بارودۆخی زیاتردا دەچەسپن " (Yu 2011 :1615) ، وەک ئەوەی "هەندێک جۆری میتافۆر بە ڕادەیێک بڵاون ، کە تەنانەت ئێمە هەستیان پێ ناکەین ، بۆ نمونە لە کاتی گەشتکردندا ، کە بە ڕێگایەکدا دەڕۆین ، چەند تابلۆیەک دەبینین : (ژیان لێرەوە دەست پێدەکات ، شاری خەونەکان ، دەشتی بەهەشت )" (عەبدوڵلا ٢٠١٧ : ٦٠)، گەر بەو هۆیەوە بێت کە ناو و ناونیشان و دروشمی کۆمپانیایەک یاخود هەر شوێنێکی دیاریکراون ، یان بەو هۆیەی ، لە ڕێگەی پڕوپاگەندە بازرگانییەکانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو دەیانبیستین و دەیانبینین ، بوون بە دەربڕاوێکی تایبەت بە دەوروبەرێکی تایبەت لە وێنەی هۆشەکییماندا ، واتە لەوجۆرەن کە بەکارهێنانێکی هەژارتریان هەیە ، بەڵام بە پێچەوانەوە هەندێک لە میتافۆرەکان بۆ نمونە میتافۆرە چەمکییەکان ، کە بریتین لە " وێناکردنی بیری قسەکەر یان ئەوەی لە هزر و بیری قسەکەردایە ، بە شێوەیەکی وێنەیی و وێنەبۆکراو ، بگوازرێتەوە بۆ کەسی گوێگر لە ڕێگەی زمانەوە " (محمد ٢٠٢٠ :١٨٨) سروشتێکی فراوانتریان هەیە . هەربۆیە لێکۆڵەر لە لێکدانەوەی دەقی تاوانکارییدا ، پێویستە ڕێگە نەدات ئەو میتافۆرانە بەسەرییدا تێپەڕبێت بێ ئەوەی لێکدانەوەی بۆ بکات ، چونکە ئەو چەمەکانە دەکرێت وەک دەربڕاوێکی ئاسایی دەرکەون ، بەڵام لە ڕاستییدا واتای مەبەستیان تێدا دەدۆزێتەوە ، بۆ نمونە :

(٣٥) ئەو پاڵپێوەنام ئەو کارە بکەم .

لە ڕستەی (٣٥) دا میتافۆری چەمکیی (پاڵپێوەنان ) ، کە واتای (هاندان ) دەدات ، وا لە لێکۆڵەر دەکات کە لێکۆڵینەوە لەو شێوازە زمانییە بکات ، کە کەسەکە هانیپێداوە ، لە ڕێگەی بەراوردکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسی هاندەر ، بەو شێوازە زمانییەی ، کە دەربڕی ڕستەی (٣٥) پەسنی دەکات ، بچێتە ناو وردەکارییە زمانییەکان و بگات بە ڕاستی ڕووداوەکە .

ئەمە جگە لەوەی ئەم میتافۆرانە دەکرێت بە واتای نوێ بەکاربێن ، گەر لێکۆڵەر پەیوەست کۆزانیارییە زمانیی و نازمانییەکانییەکان بە تەواوی دەقەکەوە ، لێکدانەوەی بۆ نەکات ، ڕەنگە واتای نوێی نادروستی لێدروستکات، لەبەر ئەوەی "میتافۆر هێندەی مەودای دۆزینەوە و لێکدانەوەی باری نوێ دەدات ، هێندەش شاردنەوە و دوورکەوتنەوەیە لە ڕاستی و ، پشتگوێخستنیشی لە بوارەکانی زماندا ، دەبێتە سەرچاوە بۆ نالۆژیکی و نا درووستبوون لە لێکدانەوەی واتادا " (عەلی ٢٠٠٠ : ١٤)بۆ نمونە :

(٣٦) تۆپەکە لە ساحەی خۆماندا بوو.

لە ڕستەی (٣٦)دا میتافۆری (تۆپ) ، مەبەستێکی زۆر قوڵی تێدایە ، هەموو ئەو بارودۆخ و مەبەست و ئامانجانەیە ، کە لە ئاوەزی دەربڕی ڕستەکەدا بووە ، بۆیە بە ڕاوەستان لەسەر ئەو میتافۆرەوە ، خستنەڕووی پرسیاری جۆراوجۆر لەبارەیەوە ، دەتوانرێت پەی بە چۆنیەتی ، چییەتی ، چەندێتی ...هتد لەباری بارودۆخەکە ببرێت کە بۆ تۆمەتبارە گونجاو بووە ، بەمەش چەندین هۆکار بخرێتە ڕوو ، کە بە سوودن بە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە.

## ٢) جێندەر :

جیاوازی شێوازی ئاخاوتنی نێر و مێ ، وادەکات بۆ تێگەیشتن لە واتای دەربڕاوەکان و لێکدانەوەی دەقەکان ، پشت بەو توێژینەوانە ببەسترسێت کە لە بارەی زمان و ڕەگەزەوەن، لەبەرئەوەی سەبارەت بە تاکەکان ، ڕەگەز بە هۆکاریکی گرنگ دادەنرێت لە کارکردنە سەر ڕەفتاری زمانی ، هەڵبژاردنی وشە و دەربڕاوەکان و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان ، ئەویش بە هۆکاری ئەو جیاوازییانەی لە سروشتی دەروونی ، بایۆلۆجی ، کۆمەڵایەتی ، شێوازی ژیان و ... هتد ، هەردوو ڕەگەزەکەدا هەیە ، بۆ نمونە زمانەوانێکی وەکو لێیکۆف ، لە پێناو دەستیشانکردنی زمانی ژنانەوە " پشتی بە 11 بنەمای جیاواز بەستووە ، توانیویەتی بەهۆی دانە پاڵیەکی ئەم بنەمایانە ، بە وردی جیاوازی و سیما جیاکەرەوەکانی زمانی هەردوو ڕەگەزەکە دیاری بکات ، بنەماکان لای لێیکۆف ئەمانەن :

١- زمانی پێوەر و ستاندەر و بازاڕی.

٢- ڕێژەی بەکارهێنانی ستراتیژی فەرماندانی ڕاستەوخۆ لە داواکردندا .

٣- جێگیری و براوەیی لە ئاخاوتن.

٤- قسەپێبڕین.

٥- ڕێژەی بەکارهێنانی ئاوەڵکارەکان لە ئاخاوتندا.

٦- ڕێژەی بەکارهێنانی شێوازی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پرسیاری پاڵپشتییانەوە.

٧- ڕێژەی بەکارهێنانی جنێو و تابۆ.

٨- سوێندخواردن.

٩- ڕێژەی بەکارهێنانی ئامراز و ڕستەی سەرسوڕمان لە ئاخاوتندا.

١٠- ڕێژەی بەکارهێنانی ئاوەڵناوەکان و باری سۆزدارانە لە ئاخاوتندا.

١١- بەکارهێنانی ناوی ڕەنگەکان ."(صدیق ٢٠١٩ : ١٢٩).

لە ڕاستییدا ئەگەرچی ڕەنگە بیروڕاکان دەربارەی ئەم بنەمایانە جیاوازبن ، بەڵام بۆ کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری وەکو کۆمەڵگای کوردی ، ڕەنگە تاڕادەیەک پەسەندبێت ، بەم پێیەش ئەگەر ئەم بنەمایانە ، وەکو بنەمای دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی لای هەردوو ڕەگەز دابنرێت ، ئەوا دەتوانرێت ، بنەچەی زۆرێک لەو بنەمایانە بۆ هۆکاری دەروونی بگەڕێندرێتەوە ، لەمەشەوە تێبینی ئەوە دەکرێت ، کە " پیاوان بە شێوەیەکی بەرچاو و بە ڕێژەیەکی زیاتر ، قسە بە ژنان دەبڕن ، زۆرجار قسە بە هاوڕەگەزەکانیان دەبڕن ، بەڵام زۆر دەگمەنە ، لە گفتوگۆی نێوان دوو ڕەگەزدا ، قسە بە پیاوان ببڕن " (صدیق ٢٠١٩ : ١٣٣ ) ، کە هەر تاکێک لە ئەو کۆمەڵگایانەدا ، بە بێ ویستی خۆیان ، جۆرێک لە پابەندییان بە پێڕەوکردنی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەوە پێوە دیارە ، ئەمەش وادەکات پەیوەست بەم دیاردەیەوە ، جارێک پەنجەمۆری زمانیی ڕەگەزی نێر و مێی بە گشتی پێدیاریبکرێت ، جارێکیش پەنجەمۆری زمانیی تاکێکی دیاریکراو ، ئەویش بەهۆی لادان لە پێڕەوکردنی ئەو بیروڕایەی دەربارەی دیاردەی قسەپێبڕین هەیە.

هەروەها لە بنەمای سوێندخواردندا ، لەبەرئەوەی زۆرجار وتەکانی ئافرەت بە بێ بەهاو کەم نرخ تەماشاکراوە و پشتی پێنەبەستراوە ، بۆیە بەگشتی ڕەگەزی مێ ، وەها بیردەکاتەوە ، گەر سوێندخواردن لە وتەکانییدا بێت ، زیاتر سەرنجی بەرامبەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت وتەکەی باوەڕپێکراوتردەبێت ، لەکاتێکدا بەهۆی ئەو هەستی باوەڕبەخۆبوونەی لای ڕەگەزی بەرامبەر هەیە ، بەپێچەوانەوە وایکردووە ، پیاوان کەمتر پشت بەسوێندخواردن ببەستن بۆ بەدەستهێنانی متمانەی بەرامبەر.

بەگشتی پەیوەست بە هەموو بنەماکانەوە ئەوەی پەیوەندی بە سایکۆ-زمانییەوە هەیە ئەوەیە ، کە گشت بنەماکان پەیوەستن بە چۆنیەتی بیرکردنەوەی ڕەگەزەکان و ڕەنگدانەوەی بیرەکانیان لە شێوازی زمانیاندا ، بۆنمونە هەندێک بابەت هەیە "پەیوەستە بە جۆری تێڕوانینی پیاوان لە کۆمەڵدا ، بە بێبایەخ سەیری دەکەن و ئەم بابەتە لایان لە دەرەوەی بازنەی کاری پیاوانە دادەنێن وتایبەتی دەکەن بە ژنان و ئەو پیاوانەی گومانیان لە لە پیاوەتییان هەیە "(صدیق ٢٠١٩ : ١٢٩) ، واتە ڕەگەز کار لەسەر هەڵبژاردنی بابەتی ئاخاوتنیش دەکات ک چونکە " لە هەڵبژاردنی بابەتی ئاخاوتنیشدا قسەکەر ئەو بابەتانە یاخود ئەو ڕاستییانە هەڵدەبژێرێت ، کە دەیەویت باسیان بکات ، ئەمەش بە شێوەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر سنوری تواناو دەسەڵاتی قسەکەر لە هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەکان و شارەزایی لە بەکارهێنانDا "(حسین ٢٠١٦ : ١٠٩ ) لەبەر ئەوە ، لە زمانەوانی دادوەرییدا ، بۆ تێگەیشتن لە دەقێکی تاوانکاری ، لێکۆڵەر دەتوانێت بە پشتبەستن بە پەنجەمۆری زمانیی ڕەگەزی نێرومێ ، زۆر بەڵگە بخاتە ڕوو کە بەکەڵکن بۆ ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە ، بەوەشەوە ناوەستێت تەنانەت دەتوانێت ، بەراورد لە نێوان هەمان ڕەگەزدا لە ڕووی جیاوازی ناوچەی نیشتەجێبوون ، پلەی

کۆمەڵایەتی ، ئاستی ڕۆشنبیری ، ... هتد بکات بۆ نمونە '.زۆر بەکارهێنانی مۆرفیمی کۆکردنەوەی (ان)لە کاتی ئاخاوتن لای ئافرەتانی قەڵادزێ وەک : پەتاتان دەکرم ، قاپان دەشۆم ، نانی حەج و مەولودانی تێدا بخۆن، تیتکان دادێنم ... هتد" (حسین ٢٠١٦ : ١٢٤) سیمای جیاکەرەوەی ئافرەتانی ئەو ناوچەیەیە. کەواتە بە گشتی بە پشتبەستن بە بەراوردکردنی تایبەتمەندییە زمانییەکانی ڕەگەزەکان بە گشتی و پەنجە مۆری زمانیی لایەنەکانی بەو وردەکارییە زمانەوانیانە ، لێکدانەوە بۆ تاوانێکی زمانی بکات کە یەکێک لە ڕەگەزەکانی پێتۆمەتبارکراوە ، لەسەر بنەمای هەندێک پرسیاری وەک ، ئایا ئەو شێوازە زمانییە هاوتایە لەگەڵ شێوازی زمانی ڕەگەزی تۆمەتبار ؟ ئایا ئەو جۆرە بابەتە جێی بایەخە لە بیرکردنەوەی ڕەگەزی تۆمەتباردا ؟ ئایا ئەو شێوازی زمانییەی لە تاوانەکانی هاندان ، هەڕەشەکردن ، سوێندخواردنی درۆ ، ...هتد بەکاهاتووە ، تاچەند لەگەڵ لایەنی دەروونی ڕەگەزی تۆمەتباردا یەکدەگرێتەوە ؟ چی بووەتە هۆکاری ئەوەی ڕەگەزێکی دیاریکراو پەیوەست بە ڕەگەزەکەیەوە لادان لە شێوازی زمانییدا ڕوویدابێت و تاوانی پێ ئەنجامدابێت ؟ ... هتد .

سەبارەت بە سایکۆ-دادوەری ، دەتوانرێت دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانی بواری زمان وجێندەر ، لە لێکۆڵینەوەی تاوانکارییدا بۆ خستنەڕووی چەند مەبەستێک بەکاربهێنرێت ، لەوانە :

أ- بە دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی شێوازی زمانیی هەردوو ڕەگەز ، لێکۆڵەر نزیکبێتەوە لە دەستنیشانکردنی تۆمەتبار و بێبەریکردنی بێتاوان لە تاوانە دیاریکراوەکەدا لە ڕووی ڕەگەزەوە ، ئەمەش هەنگاوێکی بەسوودە بۆ نزیکبوونەوە لە ناسنامەی تۆمەتباری ڕاستەقینە بۆ نمونە دەستنیشانکردنی ناسنامەی تۆمەتبار لە نامەیەکی هەڕەشەدا ، کە خاوەنەکەی دیارنییە و هەڕەشەلێکراو گومانی لە دوو کەس یان زیاترە کە ڕەگەزەکانیان جیاوازن .

ب- بە پشتبەستن بەو توێژینەوانەی، کە لە بارەی تێگەیشتن لە فۆرمی سادەی و تەمومژیی دروستەی ڕستەکان سەبارەت بە هەردوو ڕەگەزەکەوە کراون ، لێکۆڵینەوە لەبارەی تێگەیشتن لە بیرو بۆچوون ، لایەنی دەروونی ، مەبەستی ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت ، بکرێت، بۆ نمونە لە بەکارهێنانی شێوازی تەمومژی زمانیی لە لایەن لە ئەو کەسەوە کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت ، کە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی تێنەگەیشتن یان درەنگ تێگەیشتن، مەبەستی کەسەکە ڕووندەبێتەوە ، بۆ نمونە دەیەوێت چی لایەنێکی ڕووداوەکە بشارێتەوە ؟ چی زەق بکاتەوە ؟ خۆی لە باسکردنی چی لابدات ؟ بە ناڕاستەوخۆ کێ تۆمەتباربکات ؟ کێ بێبەریبکات ؟ ... هتد.

ت- لێکۆڵەر دەتوانێت لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و درووستی دانەپاڵی تاوانێکی زمانیی بکاتەوە ، کە دراوەتە پاڵ کەسێک ، لە ڕێگەی ڕەگەزەکەیەوە ، بۆ نمونە لە تۆمەتبارکردنی کەسێک بە تاوانی (هاندان) بۆ کارێکی نایاسایی ، بە پشتبەستن بە تایبەتمەندییە زمانییەکانی ڕەگەزەکەی بە گشتی و بەراوردکرنی بە پەنجەمۆری زمانییەکەی بە تایبەتی ، ڕاستی دروستی دانەپاڵەکە ڕووندەبێتەوە ، چونکە سەبارەت بە ڕەگەزی نێر بە شێوەیەکی گشتی لەو کۆمەڵگایانەدا ، کە ئافرەت تیایاندا ژێردەستەیە ، لە تاوانێکی وەکو (هاندان)دا ، نێرینەکان بە زۆر شێوە دەتوانن کاریگەری لەسەر ڕەگەزی مێ دروستبکەن ، یەکێک لەو شێوازانەش بەکارهێنانی (هێزی زمانی)یە ، کە "بابەتی هێزی زمانی ، کۆنترۆڵکردن و ژێردەستەبوون، بە شێوەیەک ئاوێتەی یەکتربوونە کە لێکجیاناکرێنەوە . لە ڕوانگەی لێیکۆڤەوە زمان ئامرازێکە بۆ دوورەپەرێزکدرنی ژنان لە هێز و دەسەڵات ، کاتێک ژن لە هێز دەسەڵاتیشەوە دووربێت دەبێتە ژێردەستە و کۆنترۆڵکراوی ڕەگەزی بەرانبەری دەبێت " (صدیق٢٠١٩ : ١٣٠ ) ، لە بەرانبەردا ڕەنگە یەکێک لە شێوازەکانی هاندان لای ڕەگەزی (مێ) بەکارهێنانی ئەو وشە و دەستەواژانە بێت ، کە کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی بەرامبەر دروستدەکەن ، یان بەڵێندان بێت بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر ئەو شێوەیەی ، کە مەبەستێتی.

### ٣) کات :

سەبارەت بە پرۆسەکانی تێگەیشتن ، کات بە فاکتەرێکی گرنگ دادەنرێت ، لەبەر ئەوەی :

١-"پرۆسەکانی تێگەیشتن لەگەڵ خێرایی و کاتدا لە پەیوەندییەکی پتەودان ، چونکە پرۆسەی تێگەیشتن کاتێک سەرکەوتوو کاریگەر دەبێت ، ئەگەر هاتوو بڕی کاتی خایەنراوی کەمبێت و بەستنەوە ، ناسینەوە و لێکدانەوەکانیشی خێرا و لێکنەپچڕاو بن." (مەحمود ٢٠١٢ :٢٤١ )

٢- هەڵبژاردنی کاتی نەگونجاو هۆکارێکە بۆ تێنەگەیشتنی وەرگر بۆ نمونە لە کاتێکدا وارسەرقاڵی کارێک بێت ، یاخود درەنگانێکی شەو پاش ماندووبونی بە درێژایی ڕۆژ

لەم ڕوانگەیەوە لە لێکۆڵینەوەی تاوانکارییدا دەتوانرێت سایکۆزمانیی دادوەری ، ڕەهەندی کات وەکو فاکتەرێک بۆ لێکدانەوەی واتای دەقە تاوانکارییەکان ، بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر بەکاربهێنێت ، لەوانە :

أ- هەندێکجار ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت ، هەندێک دەستەواژەی تەمومژو فرەواتا ، یان دروستەی مۆرفۆسینتاکسی و ڕستەی ئاڵۆز لە واتادا بەکاردەهێنێت ، بەمەبەستی خۆلادان لە باسکردنی بەشێکی ڕووداوەکە و بەلاڕێدابردنی لێکۆڵەر بە شێوەک کە تێگەیشتن نەیەتە ئاراوە ، یاخود کاتی زۆری پێویست بێت بۆ لێکدانەوە ، هەربۆیە شارەزای

زمانیی پەیوەست بە کۆزانیارییە زمانییەکانییەوە ، دەتوانێت خێرا درک بەو جۆرە شێوازانە بکات و هەر لە شێوێنی خۆیدا لێکدانەوەیان بۆ بکات . بڕوانە (مەحموود ٢٠١٢ :٢٤١ - ٢٤٩).

ب- لێکۆڵەر دەتوانێت دەستنیشانی لایەنی دەروونی ئەو کەسە بکات ، کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکات ، پەیوەست بە کاتەجۆراوجۆرەکانی لێدواندانەوە ، بۆ نمونە لە کاتی باسکردنی کام بەشەی ڕووداوەکەدا ، شڵەژانی پێوەدیاربووە ؟ هەڵە و هەڵخلیسکانی زمانی هەبووە ؟ لایەنی دەروونی نائارام بووە؟ ...هتد بەمەش دەتوانێت تیشکبخاتە سەر ئەو بەشانەی ڕووداوەکە و لێکدانەوەی وردتریان لەبارەوە بکات ، چونکە ڕەنگە ئەو کاتانە زانیاری ناڕاست و پێچەوانەی لە بارەی ڕووداوەکەوە دابێت.

### ٤) کۆدکردنەکان :

لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا ، بۆ ئەوەی تێگەیشتن دروستبێت ، پێویستە قسەکەر هەڵبستێت بە " کۆدکردنی بیرۆکەکانی کە دەیەوێت بە گوێگریان بگەیەنێت لە بەرانبەر ئەو پرۆسەیەشدا گوێگر هەموو ئەو شەپۆلە دەنگییانەی ، کە پێیدەگات دەیانشکێنێت و شیاندەکاتەوە دەیانگێڕێتەوە بۆ بیرە ئەبستراکتەکەی ، کە دەنگەکان لە تویێ خۆیاندا هەڵیانگرتووە ، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت ، کە ئەو بیرەی لە هزری قسەکەردایە وەک خۆی دەگاتە گوێگر ، بەڵکو ئەو لێکدانەوانە ڕێگە خۆشکەرن بۆ گەیاندنی بنەماو بیرۆکە سەرەکییەکان و بەستنەوەیان بە کۆزانیارییەکانی گوێگرەوە بەمەش تێگەیشتن دروستدەبێت " (مەحموود٢٠١٢ : ٢٥٣) . واتە دەتوانین بڵێین بەرهەمهێنانی ئاخاوتن پێکدێت لە " بەچەمکردنی بیرۆکەکان ، ڕێزمان ، فۆرمی وشەکان ، هەروەها دەربڕین " (Schiller 2006 : 53) ، هەربۆیە گونجاوە بوترێت لە شیکردنەوەی ئاخاوتنێکدا ، پێویستە بە یەک ئاست لە تایبەتمەندییە سیناکسی ، سیمانتیکی ، فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییەکانی دەربڕاوەکە بکوڵرێنەوە ، بۆ ئەوەی بۆ تێگەیشتن لە دەربڕاوێک ، بە پەیوەستکردنی زانیارییەکانی ناو هەریەک لەو ئاستانە ، بە زوویی هەست بەو بەشانەی دەربڕاوەکە بکرێت ، کە گرنگن و جەختیان لەسەر کراوەتەوە پێویستە زیاتر گرنگیان پێبدرێت ، هەڵەن و پێویستە ڕاستبکرێنەوە ، یاخود باسنەکراون پێویستە بخرێنە ڕوو ، ... هتد.

لە لێکۆڵینەوەی تاوانکارییدا ، گرنگە لێکۆڵەر لە کاتی دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی لایەنەکانی بەشدار لە دۆسیەیەکی تاواندا ، سەرنج بخاتە سەر کۆدکردنەکانی ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکات ، بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی خۆیی و پەیوەستردنیان بە لۆژیکەوە لێکدانەوەیەکی بابەتیانەیان بۆ بکات ، بۆ نمونە :

١- کۆدکردنی فۆنۆلۆژی Phonological encoding: ئەمجۆرە کۆدکردنە کۆمەڵێک پرۆسەیە ، کە شێوەکانی دەربڕین لەسەر بنەمای زانیارییە واتاسازی و سینتاکسییەکان دێنێتە ئاراوە . "بە پێی مۆدێلەکانی بەرهەمهێنانی زمانی ئاخاوتن Models of spoken language production کۆدکردنی فۆنۆلۆژی لە پاش لە فۆڕمی وشەوە دەستپێدەکات ، کە لە دانەی فەرهەنگییەوە گەیشتووە بە فەرهەنگی ئاوازی"( Schiller 2006 : 53) ، لەو نێوەندەشدا هەموو تایبەتمەندییەکانی فۆڕمی وشەکە لە ڕووی دەربڕین ، دانپێدانانی فۆنیمەکان بە دەرخستنی باری دەروونی ئاخێوەر ڕووندەبێتەوە ، کە بەشێکن لە پەنجەمۆری زمانییەکەی ، ئەمەش واتای ئەوەیە ، کە "کۆدکردنی فۆنۆلۆژی بەرجەستەکردنی هەموو ئەو دەنگ ، نووسین ، و ئاماژە جەستەییانەیە ، کە مرۆڤ لە نێوان خۆیاندا لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بۆ دەربڕینی هەست ، خۆشاردنەوە ، لێکترتێگەیشتن ، شەڕکردن ... هتد) بەکاریدێنن " (مەحموود ٢٠١٢ : ٢٨١) ، هەربۆیە لێکۆڵەر لە لێکۆڵینەوەی تاوانکارییدا دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو کەڵک لەمجۆرە کۆدکردنە وەرگرێت ، بۆ لێکدانەوەی مەبەستی لێدوانی ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکات، چونکە لەم گۆکردنەدا ، لێکۆڵەر دەتوانێت لە ڕێگەی ئەو کاتیگۆرییانەی بۆ پەیپبردنی دەبڕاوەکان بەکاردێن لە ڕێگەی( چۆنیەتی دەربڕینی سەگمێنتەکان ، دیاریکردنی پەستانی سەر فۆنیمەکان ، ڕێکخراوی لە بەدوایکداهاتنی فۆنیمەکانی دەربڕاوەکەوە ، ئەو ئاماژە جەستەییانەی کە لە کاتی کۆدکردنەکەدا درکی پێدەکرێت ، ... هتد) دیوی ناوەوەی دەربڕاوەکە ڕوونبکاتەوە ، بەمەش دەتوانرێت ، پەیببرێت بەوەی ئایا ئەو کەسە شتێک دەشارێتەوە ؟ دەترسێت ؟ بە گومانەوە قسەدەکات ؟ درۆ دەکات یان ڕاستی دەڵێت ... هتد ، لەبەرئەوەی "هەموو دەنگێک لە ژێر کاریگەری ئەو دەوروبەرە زمانییەی ، کە تێدا کەوتووە گۆڕانی بەسەردا دێت"(فتاح ١٩٨٧ : ٤٥). بۆ ئەمەش نمونەی بەکارهاتووی توێژینەوەیەکی هاوبەشی( قادر ، فەرەج ، مەحموود ٢٠١٧ : ٢٨٥) ژێر ناونیشانی ( پەیپێبردنی فۆنۆلۆژییانە لە ناسینەوەی وشەکانی زمانی کوردیدا )بە نمونە دەهێنینەوە :

(٣٧) پەموو ئەمڕۆ بەچکەکانی فێری بازدان کرد.

لەم نمونەیەدا بە پێی ئەو(9) کاتیگۆرییەی بۆ پەیپێبردنی رستەکە وەریانگرتووە و بریتین لە (دیاریکردنی جۆر و کارێکتەری فۆنیمەکان ، دیاریکردنی ئەلۆفۆنەکان ، ناسینەوەی جۆری برگەکان، دەرخستنی ئاستی دەنگ ، ڕوونکردنەوەی جۆری تۆنی بەکارهاتوو، دەستنیشانکردنی جۆری هێزی وەستێنراو لەسەر وشەکان و سەرجەمی ڕستەکە ، چۆنیەتی دروستبوونی وشەکان و پێکەوەهاتنیان ، دیاریکردنی دەوروبەری ئەکوزەتیکی) ، پەی بە چەندین لایەنی ئەو ڕستەیە بەرن بۆ نمونە ئاماژەی پەموو چییە ؟ بۆچی ئاماژەکە ناوی پەمووی لێنراوە ، ئەگەر ئاماژەکە بەچکەی هەیە ئایا ئەمە وایلێدەکات چ جۆرە ئاژەڵێک بێت ،

ئەو هێز و تۆنەی بەکارهێنراوە لەلایەن قسەکەرەوە چ پەیپێبردنێک لای گوێگر دروستدەکات ، ...هتد بەم پێیە دەتوانرێت لە لێکدانەوەی دەقە تاوانکارییەکانیشدا پشت بە کۆدکردنی فۆنۆلۆژیانە ببەسترێت بۆ لێکدانەوە و زۆر بە وردی لێکدانەوە بۆ ورد و درشتی زانیارییەکانی نێو دەربڕاوەکە بکرێت.

٢- کۆدکردنی فەرهەنگی Lexical Encoding : مەبەست لێی کۆدکردن و پوختکردنەوەی وشەکانە لە ڕستەدا . واتە کۆدکردنی فەرهەنگییدا بیرەکان تێکەڵدەکرێن و وهەڵاوێرکردنی[20] لێماکان دێتە کایەوە ، کە ئەمەش یارمەتی لێکۆڵەر دەدات کار لەسەر هەڵاوێرکردنی لێماکان لای کەسی تاوانبار یان هەرکەسێک ، کە لێدوان دەدات سەبارەت بە تاوانێک ، بکات ، بە شێوەیەک لێکۆڵەر دەتوانێت سوود لەو لێمایە ببینێت ، کە کەسی بەرامبەر لەکاتی لێدواندا هەڵاویری دەکات و بەمەش پەنجەمۆری زمانییان دەستنیشانبکات بۆ نموونە لەکاتی لێدواندان لە بارەی ساختەکردنی <ناسنامەی باری شارستانی>یدا ، لێما پەیوەندیدارەکانی وەکو <پاسپۆرت> و <مۆڵەتی شۆفێری> و<ناسنامەی پیشەیی> هتد چالاک دەبنەوە ، کە ئەمەش هەڵبژاردنی وشەکانی کەسی گەواهیدەر لە کاتی ئاخاوتنەکەدا و لێکۆڵەریش لەکاتی گوێگرتندا چالاک دەبێتەوە بۆ هەموو ئەو لێکسیمە هەڵبژێردراونە بکرێت ، بەهەمان شێوەیە هەر لە ڕێی کۆدکردنی فەرهەنگییەوە دەتوانرێت پێداچوونەوەیەک بۆ هەموو ئەو لێکسیمە هەڵبژێردراوانە بکات کە ئەو کەسە دەریبڕیوە کە لێدوانەکەی بۆ لێکۆڵەر داوە ، لە ڕووی بڕی گونجاوی و شیاویان لەناو دەربڕینەکەدا .

٣- کۆدکردنی ئاخاوتن پەیوەست بە دەوروبەرەوە : لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا ئامانجی کۆدکردنەکان درووستکردنی پەیوەندییە لە نێوان قسەکەر گوێگردا ، بە مەرجێک گوێگر ئەو کۆدانە پەیوەست بکات بە پراگماتیک و دەوروبەری گوتنەکەیەوە بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی مەبەستەکەی ، گەر وانەکات پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتنەکە سەرکەوتوو نابێت و قسەکەر لە خاڵێکدا لە ئاخاوتنەکە دەوەستێت . لەبەرئەوەی بەستنەوەی پرۆسەکانی ئاخاوتن بە دەوروبەروە خۆی لە چوار بەشی سەرەکیدا دەبینێت (کردەی کردنەوە ، کردنەی جێبەجێکردنی ئاخاوتن ، کردەی داخستنی ئاخاوتن ، کردەی پڕکردنەوەی چێوەکان)[21] ،

---

[20] مەبەست لە هەڵاوێرکردن واتە دەستنیشانکردن لێدەرکدنی شتێک یان زیاتر لە بەشێک ، کە دانەیەکە لێی یان دانەیەک بووە لێی واتە لە ڕستەدا " مەبەست لە هەڵاوێرکردنی بەشێکی ڕستەکەیە لە ڕووی واتاو ئەرکەوە لە بەشێکی تری ڕستەکە . وەکو کردەی لێدەرکردنی زانستی بیرکاری وایە " (بەرزنجی ، فەرهادی٢٠١٤: ٢٢٨)

٢١ دەربارەی کردەکانی ئاخاوتن پەیوەست بە دەوروبەروە و میکانیزمەکانی بەرێوە چوونیان سوود لە سەرچاوەی (ئاڤێستا کەمال مەحمود ٢٠١٢ :٢٨٩) بینراوە.

هەریەک لەم کردانەش میکانیزمی تایبەت بە خۆی هەیە ، بۆیە لێکۆڵەر لەکاتی لێکۆڵینەوەدا پێویستە بۆ لێکدانەوە ڕەچاوی کردانە بکات :

أ- کردەی کردنەوە ، کە خۆی لە کردەیەکی دەستپێشخەریدا دەبینێتەوە پێی دەگوترێت بەستەڵەک شکاندن (Ice Breaking) ئەم بەستەڵەک شکاندنە خۆسازکردنی دەروونیانەی دەوێت ، بە شێوەیەک لە پرۆسەیەکی وەکو لێکۆڵینەوەی تاوانکارییدا ، گەر لێکۆڵەر لە سەرەتاوە بەستەڵەکەکان بە باشی نەشکێنێت ئەوا پرۆسەکە تا کۆتایی بە لاوازی دەمێنێتەوە و بگرە سەرکەوتووش نابێت ، لەبەر ئەوەی هونەری چاوپێکەوتن لە لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکاریدا لەو پرسیارو وەلامانەدایە کە لە ناو خودی پرۆسەکەدا بەڕێوە دەچێت و ئاراستەی ئەو کەسە دەکرێت کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، یەکێکیش لەو میکانیزانەی کە بەستەڵەکەکانی پێدەشکێنرێت میکانیزمی پرسیارکردنە ، بە هەمان شێوە بەستنەوەی ئەو چوارچێوەیەی چاوپێکەوتنەکەی لەسەر ساز دەکەن بە دەوروبەرە جیاوازەکانی ئەو تاوانەوە و لەسەر بنەمای میکانیزمی پێشکەشکردنە ، هەروەکو چۆن لێکۆڵەر سوود لە میکانیزمی سەرنجراکێشان وەردەگرێت بۆ سەرنجراکێشانی گومانلێکراو یان گەواهیدەر لە ڕێگەی جوڵاندنی هەستییەوە ، وا لە ئەو کەسە دەکات کە لێکۆلینەوەکەی لەگەڵدا دەکات ، چەندین بەڵگەی زمانیی بدات بە دەستەوە ، بۆ نمونە لە ڕێگەی پرسیارێکی وەکو :

(٣٨) أ- نەتدەزانی ساختەکردن تاوانێکی چەند گەورەیە ، بۆیە ئەنجامتدا ، وانییە؟

ب- تۆ ئەو مامەڵە ساختانەت ئەنجامداوە ؟

بە پێی ڕستەی (٣٨-أ) لێکۆڵەر بە بەکارهێنانی (نەتدەزانی) هەلێک دەخاتە بەردەمی تاوانبارەکە ، تا سەرنجی ڕابکێشرێت ، لە ڕێگەی پاساوی نەزانینەوە ، بە بێ ئەوەی خۆی هەستی پێبکات چەندین دەربڕاو دەردەبڕێت ، کە زووتر ئەنجامبدەن بە دەستەوە و ببن بە بەڵگەی زمانیی ، بە پێچەوانەوە لە (٣٨-ب) دا هیچ میکانیزمێکی سەرنجراکێشانی تێدا بەکارنەهێناوە ، تا هەستی تاوانبارەکەی پێجولێنێت و دەرفەتێکی تێدا بدۆزێتەوە ، بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەو کارەی کردوویەتی.

ب- کردەی جێبەجێکردنی کرۆکی ئاخاوتن : پاش ئەوەی لێکۆڵەر لە ڕێگەی پرسیارێکەوە بەستەڵەکەکان دەشکێنێت ، وا لە بەرامبەر دەکات ئەویش بێتە نێو پرۆسەکەوە ، لەمەشەوە کرۆکی ئاخاوتنەکە پەیوەست دەبێت بە بارودۆخی ئاوەزی ، گراماتیکی ، سیمانتیکی ، ...هتد یەوە ، بە واتایەکی تر لێکۆڵەر پەیوەست بەو توانا ئاوەزییانەی هەیەتی و پەیوەست بە بەستنەوەی ئەو وشانەی کە گومانلێکراو دەریدەبڕێت بە دەوروبەرکانییەوە ، جیاکردنەوەی واتای یەک بە یەکیان لە ئامادەباشیدایە بۆ تیشکخستنە سەر ئەو وشەو دەربڕاوانەی ، کە

دەزانێت سوودی دەبێت بۆ لێکۆڵینە و پێویست دەکات لەسەری بوەستێت و بیکات بە بنەما بۆ درووستکردنی پرسیارێکی دیکە ، لە ئەنجامیشدا پێکەوە بە بەڵگەیەکی تری زمانیی دروستدەکەن ، بۆ نمونە :

(٣٩) زۆرجار بە میرانم دەوت خۆزگە لەم ساختکارییەوە تێوەنەگلامایە.

لە ڕستەی (٣٩) دا ، هێنانە ناوەوەی ناوی میران وا دەکات چەندین پرسیاری دیکە لای لێکۆڵەر درووستبێت وەکو ئەوەی میران کێیە؟ ئایا ساختەی بۆ ئەو میران ناوەکردووە ؟ یان ئەویش بەشدارە لەو ساختەکارییەدا ؟ یان ئەوەتا میران تەنیا ئاگادارە ئەو ساختەکارییانەیە بەڵام زانیاری باشی لایە و پێویستە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەویش بکرێت .

هەموو ئەمانەش بە ڕەچاوکردنی سێ هەنگاوە ئەبستراکتەکەی (کرۆکی ئاخاوتن)ەوەیە ، کە لە ڕێگەی هەنگاوی پەخشکردن (The Screening Step)ەوە ، کلیلە وشەکان و ئەو هێمایانە دەستنیشاندەکات، کە ئەو کەسە دەربیڕیوە، کەچاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ دەکات واتە لەم ڕێگایەوە تاڕادەیەک دەستنیشانی پەنجەمۆری زمانیی ئەو کەسە دەکرێت ، بەمەش ئەو پرسیارانەی لا درووست دەبێت کە دەیکاتە کرۆکی چاوپێکەوتنەکە ، پاشان دێتە سەر دیاریکردنی شێواز و چۆنیەتی نەخشەکێشان بۆ دەربڕینی پرسیارەکان ، کە هەنگاوی دووەمی کرۆکی ئاخاوتنەکەیە و بە هەنگاوی نەخشەکێشان (The Mapping Step) ناسراوە ، دواتر لە ڕێگەی هەنگاوی پاسیڤی (The passive Step)دەستدەکات بە ئاڕاستەکردنی پرسیارەکانی.

ت- کردەی داخستنی ئاخاوتن : ئەم کردەیە دوای ئەوە دێت ، کە لێکۆڵەر دوو هەنگاوەکەی دیکەی بڕیوە و بەڵگەی زمانیی دەستکەوتووە . کە بە گشتی کردەی داخستن لە هەموو جۆرە گفتوگۆ و دەقێکدا زیاتر بەو ئامرازانە دەستپێدەکات ، کە واتای ئەنجام دەگەیەنن ( لە کۆتاییدا ، کەواتە ، دواجار ، باشە ، وەک بینیمان ، ڕاستە ....)بۆ نمونە :

(٤٠) لە کۆتاییدا دانت بە تاوانەکەتدا نا.

پ- کردەی پڕکردنەوەی چێوەکان : لەبەر ئەوەی چێوەکان لە شێوەی زنجیرەییدا یەکتر پڕدەکەنەوە ، بۆیە زۆر جار لە کاتی چاوپێکەوتەکەدا ، کاتێک ئەو کەسەی لێدوان دەدات ، گەر هەندێک دەستەواژەی وەکو ( پێم وایە ، پێم وانییە ، ڕەنگە ...هتد) بەکاربێنێت ، کەلێنێک درووستدەکات ، پێویستی بە ڕوونکردنەوە دەبێت ، بۆ نمونە:

(٤١) پێم وایە هاورێکەشی ئاگاداری ئەو ساختەکارییە.

بەکارهێنانی دەستەواژەی (پێم وایە) لە ڕستەی (٤١) دا ، وایکردووە ناڕوونی و بۆشاییەک درووست بێت ، گەر پڕی نەکاتەوە بە هۆکاری ئەوەی ئەو کەسە بۆچی پێی وایە ، ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی بازهەڵبدات بەسەر بەڵگەیەکی گرنگدا . یاخود لەوانەیە گەواهیدەرێک لە کاتی لێدواندا بە مەبەست یەکێک لەو دەستەواژانە بەکاربێنێ ، بۆ ئەوەی بە ناڕاستەوخۆ کەسێکی دیکە یاخود بابەتێکی دیکە بکات بە سەرتۆپی باسەکە ، واتە زۆرجا پڕنەکردنەوەی ئەوبۆشاییەی ئەو دەستەواژانە درووستی کردون ، ڕەنگە ببێتە هۆی لەدەستدان یان دواکەوتن لە دۆزینەوەی ، ڕێڕەوە ڕاستەکەی لێکۆڵینەوە.

## ٥) جیهانبینی تاک :

مەبەست لە جیهانبینی تاک سەرجەمی ئەو بیرکردنەوە و تێڕوانین و لێکدانەوانەیە ، کە هەریەکێک دەربارەی ڕووداو دیاردەکانی دەوروبەر ، بەپشتبەستن بەو کۆزانیارییانەی لەڕێگەی ئەزموونی ژیانییەوە بەدەستیهێناوە ، هەیەتی .

ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زمان و جیهانبینیدا هەیە ، بریتییە لەوەی تاکەکان بە ئاشکرا ئەو ڕوانگەیەی جیهانی پێدەبینین ، لە زمانیاندا ڕەنگدەداتەوە ، بۆ نمونە ئەوانەی " کە جیهانبینییەکی ئاینییان هەیە ، لە دەربڕینەکانیاندا دەربڕاوە ئاینییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەکاردەهێنن ، ئەوانەیش کە جیهانبینییەکەیان لە سێکسەوە سەرچاوەی گرتووە ، دەربڕاوە سێکسییەکان زۆر بەکاردەهێنن ، لە هەموو دیاردە و بابەتێکدا لێکچوونێک یان پەیوەندی و پەیوەستییەک لە نێوانیاندا دەبیننەوە "(شەمس ٢٠١٨ : ١٤١) ، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیێنێت ، جیهانبینی تاکێک ، فاکتەرێکی بەهێزە بۆ دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانییەکەی ، لەبەرئەوەی مۆدیلی ئاوەزی هەریەکێکمان " چۆنیەتی ڕێکخستنی زانیارییەکان لە هزرماندا ڕووندەکاتەوە و شێوەکانی بڕیاردان و هەڵوێستمان دەربارەی جیهان دەنەخشێنێت" (مەحمود٢٠١٣ : ٣٢) ، واتە ئەگەرچی تاک لە ناوچوارچێوەی کۆمەڵگاکەیدا پەیوەست بە لایەنی ئاینی ، کۆمەڵایەتی ، چۆنیەتی گوزەران، کلتورو دابونەریت ... هتد ، بیەوە جیهانبینییەکی گشتی هەبێت ، بەڵام پەیوەست بە مۆدیلی ئاوەزییەکەیەوە ، خاوەنی جیهانبینی تایبەت بە خۆیەتی . ئامانجی سەرەکی ئەو فەرهەنگی ئاوەزییەش لە زمانەوانییدا " ئاماژەدانە بە زمانزانیی تاک و بەکارهێنانی وشە، هەروەها دەربارەی نیشاندانی زانینە دەربارەی وشەکان لە بیردا و دەرخستنی مۆدێلێکە لە فۆرم و واتا "(مەحموود ٢٠١٢ : ١٤٣)، کە هەموو ئەمانە تایبەتمەندی پەنجەمۆری زمانی ئەو لایەنە ڕووندەکەنەوە ، کە لێکۆڵەر لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکات ، لە دواجاردا بۆ لێکدانەوەی دەقە تاوانکارییەکەی تایبەت بە داوا سزاییەکەی ئەو لایەنەوە بەکاردەهێنرێت.

# بەشی سێیەم

## دۆزینەوە و لێکدانەوەی جێپێی (تاوان و بەڵگە) زمانییەکان لە دەقی دۆسیە تاوانکارییەکاندا

## ٣) دۆزینەوە و لێکدانەوەی جێپێی (تاوان و بەڵگە) زمانییەکان لە دەقی دۆسیە تاوانکارییەکاندا:

ئەو پەنجەمۆرە زمانییەی لەڕێگای ستراتیژییەکانی نێو ئاست و بوارە جیاوازەکانی زمانەوانییەوە دەدۆزرێتەوە ، وەکو سەرەکیترین بنەمای لێکۆڵینەوەی تاوان لە چوارچێوەی زمانەوانی دادوەریدا ، سەبارەت بە تاوان و بەڵگەی تاوانەکان ، دەتوانێت هەم بۆ دۆزینەوەی جێپێیکانیان ، هەم بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنیان یارمەتیدەربێت.

### ١/٣ ) لێکدانەوەی جێپێی تاوانە زمانییەکان لە دەقی دۆسیە تاوانکارییکاندا :

تاوانە زمانییەکان هەروەک لە (٢/٢) ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕوونکرایەوە ، مەبەست لەو جۆرە تاوانانەیانە ، کە لە زمانەوانییدا بە کردەی قسەی نایاسایی ناودەبرێت و لەڕێگەی ئاخاوتن یاخود نووسینەوە ئەنجامدەدرێت ، واتە تاوانەکە لەسەرەتاوە لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدراوە ، ئەو بەڵگانەش ، کە بوونی تاوانەکە دەسەلمێنن ، لە ڕێگەی تۆمارێکی دەنگیی ، دەقێکی نووسراو ، یاخود لە ڕێگەی لێدوانەکانی گەواهیدەرێک ، یان چەند گەواهیدەرێکەوەیە ، کە گەواهیدەرە لە بیستن یان بینیی تاوانە زمانییەکەدا . هەربۆیە بۆ کارکردن لەسەر ئەمجۆرە تاوانانە ، لە هەرسێ قۆناغەکەی دادگاییکردندا (لێکۆڵینەوە ، دادگاییکردن ، پێداچوونەوە) ، لەلایەن هەریەک لە دادوەری لێکۆڵینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە ، داواکاری گشتی و دادوەران بۆ تاوتوێکردن و سەلماندن و بڕیاردان ، لە کۆتا قۆناغیشدا بۆ بەسەرداچوونەوە لە بڕیاری دراو ، پشت بەزمانی تاوانەکە ، ئەو بەڵگە زمانیانەی تاوانەکە دەسەلمێنن ، دەبەسترێت . ئەمە جگە لەوەی هەریەک لە پارێزەران ، تاوانباران ، گەواهیدەرانی بەرگری ، پەنا بۆ هەڵوەشانەوە ، بەکارهێنانی پاساو بەمەبەستی دۆزینەوەی بارودۆخی ئاسانکار بۆ تاوانباکە دەبەن ، لەبەرئەوە لێکدانەوەی ئەم جۆرە تاوانانە پێویستی بە وردبوونەوەیە ، لەسەر سادەترین پەنجەمۆری زمانیی ، کە جێپێی تاوانی زمانیی پێوە دیارە و درکپێکردنیان لەلای پسپۆڕانی زمانەوانی نەبێت ، کارێکی ئاسان نابێت ، ئەویش لەبەرئەوەی ، لە بیستن و خوێندنەوەی دەقی تاوانە زمانییەکەدا ، پسۆڕان" دەزانن ، کە :

١- گوێ لە چی دەگرن لەناو ئاخاوتندا .

٢- بە دوای سەربارەت و کرۆکدا دەگەڕێن .

٣- بە دوای ئەو ئەو بابەتەدا دەگەڕێن ، تاوانبارەکە دوای فەرامۆشکردنی لە کوچە و کەلەبەری قسەکانییدا باسیلێوەدەکات ، کە پێی دەوترێت بەرهەمهێنانەوەی بابەت Topic Aecycling.

٤- دۆزینەوەی ستراتیژییەکانی وەڵامدانەوە Interruption Pateern.

٥- تۆنەمارکەلێدراوەکان.

٦- مەودای درێژی وەستانەکان.

٧- دروستەی ئاخاوتنەکە.

٨- کردە ئاخاوتنییەکان. " (مەحموود ٢٠١٥: ٣٤٦ )

لە سایکۆ_زمانیی دادوەرییدا ، بۆ لێکدانەوەی جێپێی تاوانە زمانییەکان ، لەسەرەتادا دۆزینەوەی پەنجەمۆری زمانیی تاوانبار ، دواتر دەستنیشانکردنی جێپێ تاوانەکە ، پاشان لێکدانەوەی ئەو جێپێیانە لە ڕێگەی پرنسیپ و میتۆدەکانی بواری سایکۆ_زمانییەوە پێویستییەکی ناچارییە ، چونکە لەڕێگەی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکەوە ، دەتوانرێت دەستنیشانی شێوازی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان و ڕەفتارە زمانییەکانی کەسەکە ، بکرێت ، کە ئەمەش بە بەراوردکردن بە جێپێی تاوانەکە ، بۆ دۆزینەوەی هەندێک ڕاستی وەک ، تاوانباری و بێتاوانی کەسەکە ، ئەو هاندەرەی پاڵی پێوەناوە بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە ، مەبەستەکانی پشت تاوانکردنەکە ، ...هتد گرنگە .

سەبارەت بە شێوازی لێکۆڵینەوە لە تاوانە زمانییەکان ، (محمود ٢٠١٥: ٣٢٨-٣٣١ ) چەند بنەمایەکی گشتی دەستنیشانکردووە ، کە لە دوو پنتی سەرەکییدا کۆیکردوونەتەوە ، ( ئەوانیش بریتین لە (هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوە ، شێوازی بەستنەوە ) ، کە لە هەنگاوی یەکەمدا باس لە ڕێکارەکانی چۆنیەتی لێکۆڵینەوە دەکات ، لە ڕێگەی چۆنیەتی گوێگرتن لە تاوانباران و گەواهیدەران ، بەکارهێنانی هەندێک دەستەواژە و ڕستە ، کە لایەنە نهێنییەکانی کەیسەکە بخاتەڕوو ، پەنا بردنە بەر ڕابردووی تاوانبار ، لە کۆتایشدا پێشگرتن لە تاوانبار و گەواهیدەر لەڕێی کردنی چەند پرسیارێکی ئاڵۆز و دروستکردنی چیرۆکەوە تاوردەکارییەکانی دۆسیەکە ڕوونبکەوە . لە شێوازی بەستنەوەشدا ، لەسەر وردێتی لە بەئاگایی هەر کەرەستەیەکی زمانیی دەربڕاو لەلایەن لێکۆڵەرەوە جەختدەکاتەوە ، کە بچوکترینیان تا گەورەترین بە تۆڕێکی پەیوەندییەوە لە هزری مرۆڤدا بەستراونەتەوە و هەر یەکەیان واتایەک بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشن) .

لەڕاستیدا کارکردن بەو بنەمایانە لەسەر ئاستی لێکۆڵینەوەی تاوانی زمانیی بە شێوەیەکی گشتی ، گرنگی و بایەخێکی بەرچاوی هەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شێوازە زمانییەی تاوانەکەی پێئەنجامدەدرێت ، لە تاوانێکەوە بۆ تاوانێکی تر ، تەنانەت لە خودی تاوانێکیشدا لە دۆسیەکەوە بۆ دۆسەیەکی تر ، لە نێو دۆسیەیەکیشدا لە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ، بە

پێی بارودۆخی تاوانەکە ، ئەو کەسەی تاوانەکەی ئەنجامداوە ، ئەو کەسەی تاوانەکەی بەرامبەری کراوە ، دەگۆڕێت ، بەم پێیە دەتوانرێت بوترێت ، گەرچی ڕەنگە تیشکخستنە سەر تاوانێکی زمانیی لە نێو دۆسەیەکی دیاریکراودا ، کارێکی گران نەبێت ، بەڵام لێکدانەوەی ئەو تاوانە ، دۆزینەوەی جێپێی تاوانەکان پێویستی بە وردەکاری گشت ئاستەکانی زمان بە گشتی و سایکۆ_زمانیی دادوەری بە تایبەتی هەیە ، چونکە ئەوجۆرە تاوانانە لەوانەن ، کە بەشێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی کاریگەری ڕەفتارە دەروونییەکان بەسەر ڕەفتارە زمانییەکانەوە ڕوودەدەن ، لێکەوتەی دەروونی بەجێدەهێڵن ، ئەمە جگە لەوەی ، لێکدانەوەیان بە پێی پرنسیەکانی سایکۆز_زمانیی لەرێگەی ئەو پرۆسە سایکۆلۆژیانەی زمانەوەیە ، کە زانستەکە خستوونیەتیەڕوو ، ئەمەش وا دەکات لێدانەوەکە ئەکادیمی و پشتڕاستکراوە بە زانست بێت .

لەم توێژینەوەیەدا لێکدانەوەی ورد بۆ جێپێی تاوانە زمانییەکانی ، نێو هەندێک دۆسیەی تایبەت بە تاوانە یەکلاییبووەکانی نێو دادگای سلێمانی ، لە ڕێگەی دەقی وتەی تاوانباران و گەواهیدەرانی تایبەت بە دۆسیەکە دیاریکراوەکە ، لەگەڵ دەقی بەڵگەی زمانیی نووسراو (ئەگەر هەبێت) ، دەکرێت .

## یەکەم : تاوانی هەڕەشەکردن The crime of threatening:

بەکارهێنانی زمان بەمەبەستی هەڕەشەکردن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ ، واتە ڕووبەڕوو ، یان لە ڕێگەی تۆمارێکی دەنگی نێردراو ، نامەیەکی نووسراو ، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی، یاخود لەڕێگەی ئاماژەیەکی ناوتەیی ، ... هتد ییەوە ، بە تاوانی زمانیی هەژماردەکرێت ، چونکە ترس و تۆقین لەسەر لایەنی دەروونی کەسە هەڕەشە لێکراوەکە لەبارەی مەترسی گیانی ، کەسایەتی ، ماڵی ، کۆمەڵایەتی ، ... هتد دروستدەکات ، لەوەش گرنگتر هەروەک( المرصفاوی ١٩٧٥ :١٤) ئاماژەی پێداوە "ڕەنگە هەڕەشەی ژێر کاریگەری ئەو ترسە ببێتە هۆی ئەوەی کە بە ئارەزووی خۆی وەڵامی ئەنجامدەرەکەی بداتەوە " ، کە ئەمەش واتای ئەوەیە، دەکرێت هەڕەشەکردن بە جەنگێکی دەروونی سەیربکرێت ، کە تاوانبار بەرامبەر بە تاوانلێکراوی دەیکات ، لە سادەترین لێکەوتەیدا ، وا لە تاوانلێکراو بکات لەبارێکی دەروونیی ئاساییدا ژیان بەسەرنەبات و هەمیشە لە ترسدا بژی ، تا دەگاتە ئەوەی ڕەنگە بۆ بەرگریکردن لەخۆی هەڵوێست وەربگرێت و بە تاوانێکی گەورەتر ڕووبەڕووی ببێتەوە ، یاخود کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێت. بە گەڕان بە نێو دۆسیە تاوانکارییەکانی نێو دادگاکانی هەرێمی کوردستان و سەرجەم دادگای وڵاتانی دنیادا ، چەندین دۆسیەی هاوشێوە دەبینیت ، کە سەرچاوەی تاوانکردنەکە ، لە هەڕەشەکردنێک یان چەند هەڕەشەیەکەوە سەریهەڵدابێت ، بۆ نمونە تاوانەکانی کوشتن ، خۆکوشتن ، دزیکردن ، چاودێریکردن ...هتد.

لـه لێکدانـەوەکانی  سـیاکۆـزمانیی دادوەرییـدا ، لـە ڕێگـەی پەنجـەمۆری زمـانیی تاوانبـار ، تـاوانلێکراو ، گەواهیـدەرانی تاوانەکـەوە ،  جیپێـی ئـەو تاوانـە زمانیانـە  ڕووندەکرێتـەوە ، کـە لێکۆڵـەر دەگەیـەنن  بـە مەبەسـتی ئەنجامـدانی تاوانەکـە ، چونکـە مەبەسـتی هەڕەشـەکـان ، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا لـە دۆسیەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت ، بۆ نمونـە ڕەنگـە تەنیا بۆ ترساندنی تاوانلێکراو بێت ، لەوانەشە لەڕێگەیەوە کەسێکی پێهانبدرێت تا کارێکی پێ ئەنجامبـدات ، یـاخود  بـە پێچەوانـەوە بـە مەبەسـتی ئەنجامنـەدانی کارێـک ، یـاخود هـەر مەبەسـتێکی تـر...  ، بۆ نمونـە ئـەو هەڕەشـانەی دەربـارەی بڵاوکردنـەوەی وێنـە و ڤیـدیۆ لـە ئافرەتان دەکرێت و لەبەرامبەردا داوای سێکسی ، دزیکردن ، نهێنی درکاندن  - چاودێریکردن یان هەر شتێکی تر ، یاخود ئەو هەڕەشانەی دەربارەی ترساندنە بە کوشتن و بڕین ، ڕفاندن ... هتد.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت لێکدانەوە بۆ دۆسیەیەکی تاوانکاری تایبەت بەم تاوانە زمانییە بکرێت ، کە لە ڕێگەی مۆبایلەوە ئەنجامدراوە.

دۆسیەی یەکەم :

ڕووداوی نێـو ئـەم دۆسـیە تاوانکارییـە ، تایبەتـە بـە داوای سـکاڵاکار (ش)  ، لـەبارەی هەڕەشـەکردن لێیـەوە لـە لایـەن تاوانبـار (ب) لەڕێگـەی کەسـێکی دیکـەوە بە نـاوی (هـ ) ، کـە خزمی سکاڵاکارە  و گوایە لـە ڕێگـەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە تاوانبـار بە (هـ )ی وتـووە ، بـە سکاڵاکار بڵێ " چاوی بە پارەکەی ناکەوێت ، بۆم بکرێت باج و سەرانەی لێئەسێنم ، دوایش قسە بکات یان ئەیکوژم ، یان سەرونگومی ئەکەم " ، سەبارەت بەمەش تاوانبار (ب) نکوڵی لەو هەڕەشەکردنە دەکات و دەڵێت "کە قەرزاری سکاڵاکارە و لە ڕێی بەڕێوەبرێتی جێبەجێکردنەوە مانگانە پارە لە مووچەکەی دەبڕدرێت بۆ ئەو قەرزە "، لە ئەنجامدا دادگا بە پێی ماددەی (٢) لە یاسـای قـەدەکردنی خـراپ بـەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەنـدیکردن و لەبـەر نـەبوونی  بەڵگـەی پێویست بۆ ئیدانەکردنی ، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتـەی ئاڕاسـتەی تۆمـەتبار کرابـوو دا .

بۆ لێکدانەوەی ئەم دۆسیەیە ، کە گوایە تاوانبـار (ب) ، بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ و لەڕێگـەی کەسـی سـێیەمەوە ، کـە (هــ) ە ، هەڕەشــەی بـۆ سـکاڵاکار (ش) نـاردووە ،  لەسـەرەتادا تیشـکدەخرێتە سـەر وتـەکانی گەواهیـدەر (هــ) ، ئـەو بەشـە دەستنیشاندەکرێـت ،  کـە واتـای هەڕەشـەکە لـەخۆدەگرێت ، هـەر لـە ڕێـی ئـەو جێپێـی هەڕەشـەکردنەوە  پـۆلێن بـۆ جـۆری هەڕەشەکردنەکە دەکرێت ،  پاشان بە ڕەچاوکردنی بەراوردکردنی ئەو وشانەی ، لە نێو دەقی هـەڕەشـەی تاوانبـار دا بـەکارهاتووە  ، لەگـەڵ ئـەو بـارودۆخ و واقعـەی هەریـەک لـە تاوانبـارو

سکالاکاری تێدابووە ، لێکدانەوە بۆ مەبەست و پێداگری لە جێبەجێکردنی هەڕەشەکردنەکە دەکرێت .

لە دەقی هەڕەشەی نێو ئەم دۆسیە تاوانکارییەوە ، کە گەواهیدەر (هـ ) ئاماژەی پێداوە ، تاوانبار (ب) وتوویەتی "بە ناحەکیم بڵێ نە ئەو پارەیەی ئەدەمەوە ، ئەبێ سەرانەی لێ وەربگرم ، هەر سەرونگومی ئەکەم " سێ جۆر هەڕەشەکردن دەستنیشاندەکرێت ، ئەوانیش :

١- هەڕەشەکردن زەوتکردنی پارە قەرزی پێشوو. (بە ناحەکیم بڵێ نە ئەو پارەیەی ئەدەمەوە)
٢- هەڕەشەکردن بە وەرگرتنی پارە بە زۆرەملێ.( ئەبێ سەرانەی لێ وەربگرم)
٣- هەڕەشەکردن بە لەناوبردن.( هەر سەرونگومی ئەکەم).

بۆ لێکۆڵینەوە لە (هۆکار ، مەبەست) ی تاوانەکە ، پێویستە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخەی کە هەڕەشەکەی تێدا کراوە ، پشت بە لێکدانەوەی واتای دەروونی ئەو وشانە ببەسترێت ، کە لە هەڕەشەکردنەکەدا هاتووە ، چونکە دەکرێت واتای وشەکان بە پێی واتای دەروونی دڵخۆشکەر و ئارامبەخش بن ، یاخود بە پێچەوانەوە بێزارکەر و وروژێنەر بن ، ئەمەش واتای ئەوەیە ، ڕەنگە تاوانبار ، کەسێک ، یان شتێک ، یان هەر بارودۆخێک ، کاری تێکردبێت و ناڕەحەت و دڵتەنگی کردبێت ، تا هەستێت بە ئەنجامدانی ئەو تاوانە ، لەبەرئەوە :

١- بە هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخەی ،کە تاوانبار بە هۆی کێشەی قەرزەکەیەوە ، تیایدا بووە و لە وتەی خودی خۆی و سکالاکاریشدا ، ئاماژەی پێدراوە ، " لەبری بڕی ئەو (١٣٠٠٠٠٠٠)سیازدە ملیۆنەی لای تاوانبار بووە ، بەهۆی نەدانەوەی قەرزەکەوە ، یاسا بڕیاری داوە بە ، لێبڕینی یەک لەسەر پێنجی مووچەکەی و گەڕاندنەوەی بۆ خاوەن قەرز ، هەروەها حیجزخستنە سەر خانووەکەی " .
٢- بە ڕەچاوکردنی شێوازی هەڕەشەکردنەکەی ، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی (شێوازی ڕاستەوخۆ بۆ زمانی هەڕەشەکردنەکە) و بێ دانانی هیچ مەرج ، لێوەرگرتنی بەڵێن ، ئاگادارکردنەوەیەک بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی شتێک لەبەرامبەردا . بەکارهێنانی (شێوازی ناڕاستەوخۆ بۆ گەیاندنی هەڕەشەکە) بە کەسی هەڕەشەلێکراو ، پێشبینی ئەوە دەکرێت کە :

أ. هۆکاری ئەنجامدانی تاوانەکەی ، ئەو بارودۆخە دەروونییە بووبێت ، کە بەهۆی لێبڕینی مووچە و دەستبەسەردارگرتن بەسەر خانووەکەیدا بەسەریدا هاتووە ، بەتایبەتی کە تیایدا

ڕاستەوخۆ بێ دانانی هیچ مەرجێک هەڕەشەکەی کردووە ، وەک نەبوونی هیچ دەرفەتێک بۆ دەرچوون لە دانەوەی قەرزەکەی ، کە پێشتر نەیویستووە بیداتەوە.

ب. پەنا بردن بۆ گەیاندنی هەڕەشە لەلایەن کەسی سێیەمەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، تەنیا بۆ مەبەستی ترساندن و شڵەژاندنی باری دەروونی خاوەن قەرزە لەبەرئەوەی لە بارودۆخێکی وەهادا ، تاوانبار گەر مەبەستی جێبەجێکردنی تاوانەکە بێت ، بە لایەنی کەمەوە تەنیا یەکجار بە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە خاوەن قەرزدەکات ، نەک هەموو جارێک کەسێک بکات بە گەواهیدەر بەسەر خۆیەوە ، لە ئەنجامدانی هەیەرک لە ئەو تاوانانەدا .

**دووەم : تاوانی جنێودان و خستنەپاڵی نادروست The crime of insulting and slandering:**

ئەم جۆرەش لە تاوانی زمانیی ، هەروەکو لە ماددەی (٤٣٣ )و( ٤٣٤ ) لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ دا هاتووە ، دەکرێت بە تەنها جنێودان بە کەسێک بێت ، کە "شکۆمەندی بڕوشێنێ یا پێگەی لەکەدار بکات ، یا هەستی بریندار بکات هەرچەندە ڕووداوێکی دیاریکراوی نەخستبێتە پاڵ " یان دەکرێت تاوانی جنێودان و خستنەپاڵی نادروست پێکەوە بێت " بە ئاشکرایی یا بە ڕێی تەلەفۆن ئاڕاستەی تاوانلێکراو کرابێ یا بە نامە بۆی ناردبێ یا بە ڕێی یەکێکی دیکە پێی ڕاگەیاندبێ " ، کە لە هەردوو بارەکەدا مەبەست لە بەکارهێنانی زمانە، بە نیازی خراپ .

بە پێی پرنسیپەکانی بواری زمانەوانی دەروونی "پشکی گەورەی دەربڕین و پرۆسەکانی تێگەیشتن پشت بە پێڕەوی کۆدکردن دەبەستن ، تاوەکو لە ڕێگایانەوە بیرەکان بەرجەستە بکرێن " (مەحمود ٢٠١٢ :٢٧٧) ، هەربۆیە بۆ تێگەیشتن لە تاوانی زمانیی (جنێودان و خستنەپاڵی نادروست )، پێویستە لەسەرەتادا پشت بە کۆدکردنی چەمکی تاوانەکە ببەسترێت کە (حەسەن ٢٠٢٠ :١٦٤) لەمبارەیەوە دەڵێت"کۆدکردنی جوێن =قەڵسبوون ، کاردانەوە ، هەڵچوون ، لەدەستدانی کۆنترۆڵ ، درۆ ، نواندن ،سۆز ، ئەنقەست ، دەرد ، ئاخ ، کردەی بەزاندنی سنوری ئاسایی و سروشتی پەیوەندیکردن و گەیاندنی مەبەست " پاشان کۆدکردنی دانەبەدانەی وشە و کەرەستە بەکارهاتووەکانی نێو دەقی تاوانەکە.

کەواتە بۆ دەستنیشانکدنی جێپێی تاوان و لێکدانەوەیان ، لە دۆسیە تاوانکارییەکانی تایبەت بەم تاوانە ، پێویست بە جێبەجێکردنی دوو پلان دەکات :

١- پلانێکی گشتی : کە تیایدا پشتبەسترێت بە کۆدکردنی کەرەستە بەکارهاتووەکانی نێو تاوانەکە بە دەوروبەرەوە ، کەلە زمانەوانی دەروونیدا ، بە کۆدکردنی ئاخاوتن پەیوەست بە دەوروبەرە ناسراوە ، (مەحمود ٢٠١٢ : ٢٨٦) لەمبارەیەوە دەڵێت "کۆدکردنی (فۆنێم ، مۆرفێم ، وشە و ڕستە ...هتد) لە پێناو دروستکردنی ئاخاوتن و پرۆسەی پەیوەندیکردندایە هیچ

بەشـێکیش لـە پرۆسـەکانی بەهـەمهێنان سـەرکەوتوو نابێـت ، گـەر گـوێگر پەیوەسـت بـەو دەوروبەری تیێیدایەتی لێیتێنەگات و وایلێنەکات بەشدار بێت لە کردەی پەیوەندیکردنەکەدا" بەم پێیـە پێویسـتە بـە پەیوەسـتکردنی کەرەسـتە زمانییـەکانی نێـو هـەر دەقێکـی تـاوانی جنێـو و خستنەپاڵی نادروستەوە ، ئەوە ڕوونبکرێتەوە تاوانبار لـە ئـەنجامی کاردانـەوەی کـام ڕەفتـاری زمانی یان نازمانییەوە ، ئەو تاوانەی ئەنجامداوە ؟ بەدیاریکراوی کام بەشـەی ئـەو ڕەفتـارە بووەتـە هـۆی لەدەسـتدانی کـۆنترۆڵی ؟ ئایا ئـەو هۆکـارە هاوتایـە بـەو تاوانـەی ئەنجامیداوە ؟ یاخود زیاد لە پێویست سنوری بەزاندووە ؟ ئایا بـەکارهێنانی زمـان بـە مەبەسـتی جنێودان و خستنەپاڵی نادروست بەشێکە لە سروشتی ئاخاوتن و لایـەنی کۆمەڵایـەتی کەسـەکە ، یـان لـەو تاوانـە دیـاریکراوەدا بـۆ مەبەسـتێکی دیـاریکراو بـەکارهاتووە ، ... هتـد . هـەموو ئەمانـەش بـە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی تاوانبار و تـاوانلێکراو دەبێـت ، کـە لـە لێکدانـەوەی دەقـی تاوانەکـەدا بـەکاردێت بـۆ دۆزینـەوەی ئـەو جێپـێ تاوانانـەی ، کاریگـەرییان لەسـەر ڕەفتـاری زمانیی یەکتری ڕووندەکاتەوە. واتە بە شێوەیەکی گشتی بۆ تێگەیشـتن لـە ڕاسـتییەکانی پشـتی تاوانەکە ، لەڕێگەی وەڵامی ئەو پرسیارانەوە ، پێویست بە دروستکردنی (چیرۆک یـان چێـوە )یـەک دەکـات ، چونکـە بـە هـەڵبژاردنی دروسـتەی چێوەیـەک لـە یادگـەدا "ئەگـەری چـۆنییەتی ڕوودانی ڕووداوەکان کۆدەکرێنەوە و لە شێوەی چەند چیرۆکێکدا دادەڕێژرێنـەوە " (مـەحمود ٢٠١٥: ٣٥٨ )

٢- پلانێکی تایبەتی : کە پەیوەستە بە دۆسیەیەکی دیاریکراوەوە ، تیایدا دەستنیشانی جۆری تاوانەکە بکرێت ، ئایا جنێودانێکی ئاساییە ؟ یاخود تۆمـەتێکی دروستکراوی تێدایە ؟ ئایا ئـەو تۆمەتـە لەئـەنجامی هـەڵچوونێکی دەروونییـەوە و بـێ پـلان هەڵیبەسـتووە ؟یـاخود پـلان بـۆ داڕێژراوە و لـە کـات و شـوێنی تریشـدا دووبـارەی کردووەتـەوە ؟ ئایا ئـەو تاوانـە ڕووبـەڕوو ئەنجامدراوە ، یـان لـە ڕێگـەی پەیوەندیی تەلـەفۆنی ، بڵاوکراوە ، نامـەی دەنگـی و نووسـراو ، ...هتد ، ئایا خۆبەخۆ بووە ، یان کەسانی تریش ئاگاداربوون ،... هتد.

لــەم توێژینەوەیــەدا هەوڵــدەدرێت ، دەقــی دۆســیەیەکی تاوانکــاری تــاوانی جنێــودان و تۆمەخسـتنپاڵی نادروسـت بـە شـێوەی ڕووبـەڕوو ، وەکـو داتـا وەربگیرێـت و لێکدانـەوە بـۆ جێپێکانی تاوانەکە بکرێت.

دۆسیەی دووەم :

ڕووداوەکانی نێو ئەم دۆسیە تاوانکارییە ، بریتییە ، لە داوای سکاڵاکار (ن) ، لـە سـەر تاوانبـار (ل) ، کە تۆمەتباری کردووە بـە تـاوانی جنێودان و خستنەپاڵینادروست ، ئاماژە بـەوە دەدات کە تۆمەتبار لەگەڵ خوشکەکانی و دایکیدا چووەتـە مـاڵی سکاڵاکار بۆ بینینی برازاکـەی ، پێـی وتـووە " قەحبـە بـەرەڵا ، ئەگـەر براکـەمت نەهێنایەتـە ....... نەئـەکوژرا " هـەروەها پێـی وتـووە

"پەیوەندیت هەیە لەگەڵ لەگەڵ هاوڕێیەکی برا کوژراوەکەم" ، واتە سکاڵاکار پێشتر براژنی تاوانبار بووە و لەبرای تاوانبار کچێکی هەیە ، بەڵام لە ئێستادا براکەیان کوژراوە و لە ژیاندا نەماوە. لە ئەنجامدا دادگا بە لێکۆڵینەوە ڕووداوی تاوانەکە ، بە پێی ماددەی ٤٣٤ لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ ، بڕیاری غەرامەکردنی تاوانباری (ل)ی بە بڕی (١٠٠٠٠٠)سەد هەزار دیناری عێراقی دا.

لێکدانەوە بۆ دەقی تاوانەکە :

لەم دۆسیەیەدا بە دروستکردنی ئەو چیرۆکانەی لەڕێگەی کۆدکردنی وشە ، مۆرفیم ، ڕستەی نێو دەقی تاوانەکە ، لەگەڵ دەقی لێدوانانەکانی هەریەک لە تاوانباران ، سکاڵاکار ، گەواهیدەران داڕێژراون ، گریمانەی چەند ڕاستییەک دەکرێت :

١- هەرچەندە تاوانبار لە ئێستادا کەسێکی ئازادە و هاوسەرەکەی لە ژیاندا نەماوە ، بەڵام هەبوونی بەڵگەی پەیوەندی لە نێوان ژنی برا کوژاوەکەیان و هاوڕێی براکەیاندا ، کە بە وتەی تاوانبار "نامەکانی لە ناو مەسنجەری سکاڵاکار خۆیدا بوو ، کە لەسەر ئایپادەکەی من دایگرتبوو" ، کاردانەوەی نەرێنی لەسەر لایەنی دەروونی تاوانبار و دایک و خوشکەکانی درووستکردووە ، بە تایبەتی کاتێک وەها بیریانکردووەتەوە ، براکەیان کوژراوە و ژنەکەی لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی پەیوەندی هەیە ، هەربۆیە بەو گرژی دەروونییەوە سەردانی ماڵی سکاڵاکاریانکردووە ، جنێو و قسەی زبریان ئاراستەکردووە.

٢- بە ڕێگریکردنی سکاڵاکار لە بینینی منداڵی کوڕەکەیان کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنەوە مافی بینینیان پێدراوە ، زیاتر هەڵچوون و کۆنترۆڵیان لەدەستداوە ، ئەوەیان بۆ پشتڕاستبووەتەوە کە سکاڵاکار دەیەوێت پەیوەندییان لەگەڵ بپچڕێنێت و دەست بە ژیانێکی نوێ بکات ، بۆیە بوونی پەیوەندی لە نێوان ئەو سکاڵاکارە و هاوڕێی براکەیان ڕاستەوخۆ بە ڕوودا داوەتەوە.

٣- لە کۆتایشدا وەکو کاردانەوەیەک بۆ ئەو ڕێگرییە و ئەو بارەی دەروونییەی تیایدا بوون ، تاوانی کوشتنی براکەیان خستۆتە ئەسۆی ئەو سکاڵاکارە ، کە بە بۆنەی ئەوەوە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی بەجێهێشتووە و لە شاری (....)ژیانی بەسەربردووە ، تا کەسانێکی ناسیوە ، کە کوشتوویانە.

هەربۆیە دەتوانرێت بووترێت سەبارەت بەم تاوانە ، بەپێی ئەو لێکدانەوەیەی بە کۆدکردنی کەرەستە بەکارهاتووەکانی نێو دەقی تاوانەکەوە ، بۆ تاوانەکە کرا ، هەروەها بە ڕەچاوکردنی دانپێدانانی سکاڵاکار و تاوانبار ، کە تاوانبار و دایک و خوشکەکانی بە شێوەیەکی ڕووبەڕوو تاوانەکەیان ئەنجامداوە و لە هیچ کات و شوێنێکی تردا ، بە ئاگاداری هیچ کەسێک بەدەر لە خێزانی سکاڵاکار ئەو جنێو و تۆمەتانەیان ئاڕاستەی سکاڵاکار نەکردووە ، بۆیە ئەو تاوانەی بەهۆکاری ئەو هەڵچوونە دەروونیەی لە بەڵگە بوونی پەیوەندی نێوان سکاڵاکار و هاوڕێی براکەیان بۆیان درووستبووە و مەبەستیشیان ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی سکاڵاکار نەبووە ، چونکە هیچ کەسێکی تر لەو دۆسیەیەدا گەواهی لەسەر باسکردنی ئەو تۆمەتە لەملاولا نەداوە ، تا ببێتە هۆی ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی ، بە پێچەوانەوە لە ئەگەری بوونی هەر بەڵگە و گەواهیدانێک لەسەر سەلماندنی ناوزڕاندنی ناوبراو ، تاوانەکە دەچووە چوارچێوەی تاوانێکی ترەوە کە بە (تاوانی ناوزڕاندن / التشهير Defamation Crime ) ، ناودەبرێت.

## سێیەم : تاوانی ناوزڕاندن Defamation Crime:

ئەم تاوانە بارودۆخی قورسی تاوانی پێشوو (تاوانی جنێودان و خستنەپاڵی نادرووست )ە ، واتە جێپێی تاوان لەو لێکەوتە نەرێیانەی ، لە ئەنجامی ئەو ڕەفتارە زمانییەوە ، زیان بە پێگەو کەسایەتی و ناوبانگی تاوانلێکراو دەگەیەنێت ، دەردەکەوێت.

فراوانبوونی بوارەکانی ڕاگەیاندن و پێشکەوتنی بواری تەکنەلۆژیا لەم ساڵانەی دواییدا هۆکارێکی سەرەکی بوو ، بۆ بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندی تاوانەکە ، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو هۆکارانە ، بواری ڕەخساندووە بۆ تاوانبار ، بەو شێوەیەی ، کە مەبەستێتی بە ناوزڕاندن و لەگەدارکردنی کەسێک هەستێت ، واتە بە ناسنامەیەکی ئاشکراوە ، لە ڕێگەی بڵاوکراوەی ڕۆژنامە و گۆڤارێک ، ژمارەیەکی ناسراو ، پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی ، کورتە نامەیەک ، یان تۆڕێکی کۆمەڵایەتی وەکو فەیسبووک ، تویتەر ، ئینستاگرام ، ... هتد ، یاخود بە شاراوەیی لەڕێگەی ژمارەیەکی نەناسراو ، ناوێکی خوازرا و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا .

تێرسما وەکو پسپۆڕی هەردوو بواری یاسا و زمان ، سەبارەت بە تێگەیشتن لە تاوانەکە دەڵێت " تێگەیشتن لە ناوزڕاندن نەک تەنیا لە ڕووی کاریگەری لەسەر وەرگری پەیامی ناوزڕاندنەکە ، تایبەت بە زیانگەیاندن بە ناوبانگ و شکۆی ئەو کەسە لە کۆمەڵگەی کۆمەڵایەتییدا دەبێت ، بەڵکو لەڕێگەی هێزی ئاگایی ئاخاوتنیشەوەیە ، کە گوزارشت لە نیازی ئاخێوەر دەکات " (Shuy 2010: 171) ، واتە ناوبراو پێشنیاری ئەوە دەکات ، بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانی ناوزڕاندن ، تەنیا لێکۆڵینەوە لە ڕووە ئاشکراکەی تاوانەکە نەکرێت ، بەڵکو هەر لەڕێگەی وردبوونەوە لە وردەکارییە زمانییەکانی نێو دەقی ناوزڕاندنەکەوە ، هۆکار و نیازی

ئـەنجامـدانی تاوانەکـە ڕوونبکرێتـەوە ، چونکـە ڕەنگـە بـەبێ ڕوونکردنـەوەی ئەوانـە، بڕیـاری تاوانباری و بێتاوانی کەسە ، لە چوراچێوەیەکی ناڕۆشندا دەربکرێت .

ئەمەش واتـای ئەوەیـە ، بۆ دەستنیشـانکردنی جێپێی تـاوان و تێگەیشـتن لـە ڕووداوەکانی نێو ئـەمجۆرە تاوانـە ، پێویسـتە هـەمان ئـەو پلانانـەی کـەبۆ تێگەیشـتن لـە تـاوانی (جنێـودان و خستنەپاڵی نادرووست ) دانراوە ، جێبەجێبکرێت ، ئنجا لێکۆڵینەوە لە تاوانی ناوزڕاندەکە ، کە لە ڕێگەی یەکێک لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ، بڵاوکراوە ، تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکانی ئێنتـەرنێت ، ... هتدییەوە کراوە ، بکرێت.

ســـەبارەت بـــەمجۆرە تاوانـــەش ، لـــەم توێژینەوەیـــەدا دۆســـیەیەکی تاوانکـــاری وەکـــو داتـــا وەردەگیرێت ، کە تاوانبـار لـە ڕێگـەی تۆڕی کۆمەڵایـەتی فەیسبووکەوە ، بە لەکـەدار کـردن و ناوزڕاندنی سکاڵاکار هەستاوە.

دۆسیەی سێیەم :

سەبارەت بە ڕووداوەکانی نێو دەقی ئەم دۆسیە تاوانکارییە ، لە دەقی داواکەدا هـاتووە ، ( کە تاوانبار (ت) ، هەستاوە بە ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی سکاڵاکار (م) ، لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی (٩)نۆ ئـەکاونتی فەیسبووک بـە (٩) نۆ نـاوی خـوازراوەوە ، کـە لـە ڕێگـەی ئـەو ئەکاونتانـەوە ، تاوانبار جگە لەوەی بە ناردنی نامەی هەڕەشە و قسەی ناشـرین و سـووکایەتی بۆ سـکاڵاکار هەستاوە ، هەربۆ ناوزڕاندنی چەندین کردەوە و تۆمەتی خسـتووەتە پـاڵ نـاوبراو و لـە ڕێگـەی ئـەو ئەکاونتـە سـاختانەوە نـاردوونی بـۆ هـاوڕێ و خزمـانی سـکاڵاکار ، ئەمـە جگـە لـەوەی سکاڵاکار بە گوێرەی پیشـەکەی خاوەنی پەڕەیەکی فەیسبووکە ، (٣٦٠٠٠)سـی و شـەش هـەزار شـوێنکەوتوو (Followers) ی هـەبووە ، تاوانبـار (ت) نامـەی بـۆ زۆربـەی هانـدەر (fan)ەکـانی نـاردووە و هـەمان سـوکایەتی دووبارەکردووەتـەوە ، کـە ئەمـەش کاریگـەرییکی زۆری لەسـەر کەســـایەتی تاوانبـــار درووســـتکردووە ، تەنانـــەت بووەتـــە هـــۆی کەمبوونـــەوەی ژمـــارەی شوێنکەوتووەکانیشی لە (٣٦٠٠٠)سی و شەش هەزارەوە بۆ (٣٠٠٠٠)سـی هـەزار ) کە بە پێی بەڵگە دەستکەوتووەکانی تایبەت بەو تاوانە ، تاوانبار بەهۆی دانانی ژمـارە لەسـەر یـەکێک ئـەو هەژمارانە ئاشکرا بووە و سکاڵاکار سکاڵای لەسـەر تۆمـارکردووە . کە لـە دواجـاردا بـە پێی بوونی بەڵگەکان دادگا بە پێی ماددەی (دووەم) لـە یاسـای قـەدەغـەکردنی خـراپ بـەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ، سزای تایبەتی بۆ دەستنیشانکرد.

لێکدانەوەی دەقی تاوانەکە :

جێپێـی تـاوان لـەم دۆسـیەیەدا ، بـە دۆزینـەوەی هۆکـاری سـەرهەڵدانی ئـەو کێشـەیەیە ، کـە تاوانەکەی لێکەوتووەتەوە ، واتە بە هەمان شێوەی لێکدانەوەی دۆسیەی پێشـوو ، پێویسـتی بـە

دروستکردنی چیرۆکێکە کە ڕاستی ڕووداوەکانی تێدا ڕوونبکرێتەوە ، ئەو چیرۆکەش لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو کەرەستە زمانیانەوە دەبێت ، کە دەقی وتەی تاوانبار و سکاڵاکاردا هاتووە ، بەم پێیە لەڕێگەی بیری ئەو کەرەستانەوە ، دەتوانرێت بیرۆکەی سەرهەڵدانی کێشەکە ئاشکرابکرێت ، وەک سکاڵاکار ئاماژەی پێداوە " تاوانبار بە تۆمەتی دروستبوونی خیانەتی هاوسەرگیری لە نێوان سکاڵاکار و هاوسەری تاوانباردا ، لەو کاتەوە کە تاوانبار و دایکی و هاوسەرەکەی لەڕێگەی پیشەکەیەوە سەردانی سکاڵاکاریانکردووە" ئەو کینەیەی دروستکردووە و هەستاوە بە ئەنجامدانی ئەو تاوانە ، کە هەر بە پێی وتەی سکاڵاکار پێشتر ئەو کێشەیە یەکلاییکراوەتەوە .

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبدرێت ، ئەو هەنگاوەیە ، کە سکاڵاکار بۆ دۆزینەوەی ئەو تاوانبارەی لەژێر ناوی خوازردا ، تاوانی ناوزڕاندنەکەی ئەنجامداوە ، ناویەتی ، چونکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بە دوو ڕێگا کاری بە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی تاوانبار کردووە :

١- بەراوردی ئەو شێوازە زمانییەی تاوانبار ، کە لە کێشەی یەکەمەوە بۆ سکاڵاکار ڕوونبووەتەوە ، لەگەڵ ئەو شێوازە زمانییەی ، کە لەڕێگەی ئەو نامانەوە بۆ سکاڵاکار خۆی ، خزم و کەس و کار ، فانەکانی چووە ، کردووە .
٢- سکاڵاکار ئاماژە بەوە دەدات " تاوانبار لە ڕێگەی ژمارەیەکی نەناسراوەوە تۆمارێکی دەنگی بۆ ناردووە "، کە دەنگەکەی وەکو پەنجەمۆرێکی زمانیی تاوانبارەکە ، ناسیوەتەوە .

بەم پێیە هەنگاوی یەکەمی لێکدانەوەی زمانەوانی بۆ گشت تاوانێکی زمانیی ، کە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی تاوانبارە ، سکاڵاکار خۆی ناویەتی و بەڵگەکانی کە چنگی یاساش کەوتووە ، پشتڕاستییان کردووەتەوە ، بەڵام کارکردن لەسەر دەقی ئەو دەربڕاوەی تاوانەکە ، کە بە پێی نامەکانی تاونبار بۆ کەسەکانی ناردووە ، سەلماندنی بەکارهێنانی زمانە بۆ نیازی خراپ ، بە ئاشکرا جێپێی تاوانی پێوە دیارە ،چونکە:

١- تیایدا ناوی چەند کەسێک دەستنیشاندەکات ، بە تۆمەتی بوونی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ سکاڵاکار.
٢- جگە لەوەی ناوەڕۆکی نامەکان ، بەگشتی دەربارەی لەکەدارکردن و سوکایەتیپێکردن بە بە سکاڵاکارەوەیە، خستنە پاڵی سیفەتی بەدڕەوشت لەگەڵ ناوی سکاڵاکاردا ، لە ناو دەقی سەرجەم نامەکاندا دەرکەوتنی جێپێی تاوانەکەیە ، چونکە لە پرۆسەکانی تێگەیشتدا ، کەرەستە زمانییەکانی نێو دەربڕاوەکان هەندێکجار بە هۆی لێهاتووی لە بەکارهێنانی زمان ، چۆنیەتی پێکەوەهاتنی وشە ، هێنانەوەی بەڵگەی دروستکراو ، لە

شێوەی چیرۆکێکی داڕێژراو ، کە لە ڕاستییەوە وەرگیرابێت ، دەتوانن وێنەیەکی هزری وەها لای وەرگر دروستکەن ، کە باوەڕپێبهێنێت ، واتە هەندێکجار بە هۆکاری ئەو لێهاتووییەی تاوانبار لە گوزارشتکردن لە مەبەستەکانی هەیەتی ، دەتوانێت وێنەیەکی هزری وەها دروستبکات ، وا بکات ئەوەی درکپێدەکەین ، هاوشێوەی ڕاستییەکە نەبێت ، تاوانباری نێو ئەم دۆسیەیەش ، بە لێهاتووییە زمانییەکەی خۆی ، توانیویەتی بە شێوەیەک تۆمەت بۆ سکالاکار هەڵبەستێت ، کە بووەتە هۆی لەکەداربوونی کەسایەتی و پێگەی لەنێو شوێنی کارەکەی و دەوروبەرەکەیدا ، تەنانەت بووەتە هۆی دروستبوونی تێڕوانینی نەرێنییانە لەلایەن ئەو کەسانەوە ، کە سکالاکار مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات بە شێوەیەک کە خۆیان لێدوورخستووەتەوە و تەنانەت لە شوێنکەوتنی پەڕەکەشی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کشاونەتەوە.

کەواتە بۆ تێگەیشتن لەدەقی تاوانی (ناوزڕاندن ) لە سەرجەم دۆسیەکاندا بەگشتی و لە نێو ئەم دۆسیە تاوانکارییەدا بە تایبەتی ، پێویستە کار لەسەر لێکدانەوەی ئەو بزوێنەرە بکەین ، کە کار لەسەر بیرکردنەوە و مێشکی مرۆڤ دەکات ، بۆ ئەمەش پێویستە پشت بە تیۆری درکپێکردن ببەسترێت چونکە" تیۆری درکپێکردن جەخت لەسەر ئەو ڕێگایە دەکاتەوە کە چۆن مرۆڤەکان زانیارییەکان پرۆسە دەکەن، ، مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، و چۆن ئەو مامەڵە کردنە دەبێتە هۆی وەڵامدانەوە ، بە واتایەکیتر ، گرنگی بەوانە دەدەن ، کە هەمیشە دەگۆڕێن لە نێوان وروژاندن /تێکردە و وەڵامدانەوە / دەرکردەدا " (احمد ، حەسەن ٢٠١٧ : ٥٠) لەبەرئەوەی لە ڕێگەی ئەو ئەو وروژێنەرانەی کە تاوانبار بۆ ناوزڕاندنی تاوانلێکراو بەکاریاندەهێنێت ، دەتوانێت وێنەیەکی وا لە هزری دەوروبەردا دروستبکات ، کە تێڕوانینی ئەرێنی دەوروبەر بۆ تێڕوانینی نەرێنی بگۆڕێت و زیان بە پێگەی کۆمەڵایەتی کەسایەتی و ناوبانگی کەسەکە بگەیەنێت .

## چوارەم : تاوانی هاندان Crime of incitement :

دەربارەی تاوانی هاندان لە ماددەی (٤٨) ی یاسای سزاکانی عێراقییدا هاتووە "ئەوەی یەکێکی هاندا بۆ ئەنجامدان و بەهۆی ئەم هاندانەوە ڕوویدابێ " (خۆشناو٢٠٢٠ :٧٢) بە بەشداری تاوان دەژمێردرێ .

بە شێوەیەکی گشتی جەوهەری ئەم تاوانە ئەوەیە ، کە "کەسێک (هاندەر) داوا لە کەسێکی تر ، یان کەسانێکی تر (هاندراو)(ەکان) دەکات تاوانێک ئەنجامبدات " (Jaconelli ٢٠١٨ : ٢٤٦) ، ئەمەش پەیوەندی تاوانی هاندان بە زمانەوە ڕووندەکاتەوە ، کە بریتییە لە بەکارهێنانی شێوازە جیاجیاکانی زمان ، بەمەبەستی داواکردن لە کەسێک بۆ ئەنجامدانی تاوانی وەکو (کوشتن ، دزیکردن ، کاری تیرۆرستی ، هاندان بۆ لاڕۆی و داوێنپیسی ، ئاژاوە نانەوە ، ... هتد ) یان

ڕووداوی نەخوازراوی وەکو خۆکوژی . بە واتایەکی تر کەسی هاندەر لە تاوانی (هاندان)ی کەسێکدا ، ئامانجێکی هەیە "بەرجەستەکردنی ئەو ئامانجەش لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت ، کە لە نێوان قسەپێکەرانی زماندا بەهۆی کردەی تێگەیاندن و تێگەیشتنەوە ئەنجامدەدرێت " (عەلی ۲۰۱۸ :۲۱۹) ، بۆ ئەمەش کەسی هاندەر بە مەبەستی تێگەیشتن و تێگەیاندنی (هاندراو ) هەڵدەستێت بە بەرجەستەکردنی بەو بیرەی دەربارەی هاندانەکە هەیەتی ، بۆ دەنگ و هێمای زمانیی لە شێوەی جفرەککردندا ، لەمەشدا پشت بە یاساکانی پرۆسەی کۆدکردن (بەجفرەکردن )دەبەستێ ، کە بریتین لە هەڵبژاردنی (پەسەندترین ، درووستترین ، بەهێزترین ، خێراترین ، کوتبڕترین) ، واتە بە پێی مەبەستی خۆی و بار تێگەیشتنی ئەو کەسەی هانی دەدات ، بە پشتبەستن بەو یاسایانە پەنا بۆ چەند تەکنیکێکی زمانیی دەبات ، تا هانیپێبدات ، بۆ نمونە :

١- تەکنیکی لایەنگیریکردن : بە بەکارهێنانی ئەو (هێماناگوتەیی ، وشە ، دەستەواژە ، ڕستە)انەی کە واتای پاڵپشتیکردن دەگەینن ، کە ڕەنگە بە پێی ئەو دەرورەبەر و بارودۆخەی هانی تێدا دەدرێت ، تەنیا سەرلەقاندنێک ، بەرزکردنەوەی پەنجەیەک (بەدڵمە)، لایەنگیرییەکە بگەیەنرێت ، لەوانەشە هاندانەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ( لەگەڵتام ، پشتگیرییت دەکەم ، لایەنگیریت دەکەم ، پاڵپشتیت دەکەم ... هتد ) ەوە بێت .

٢- تەکنیکی فەرمانکردن : واتە بەکارهێنانی هەموو ئەو وشە و دەستەواژانەی ، کە ڕێگا بۆ بەرامبەر ناهێڵێتەوە ، بیر لە ئەنجامنەدان بکاتەوە ، بۆ نمونە هاندانەکە لەلایەن کەسێکەوە بێت کەپلە و پایەی کۆمەڵایەتی ،دەسەڵات ، تەمەن ... هتدی لە کەسە هاندراوەکە بەرزتربێت بۆ نمونە (ئەنجامی بدە ، هەر ئێستا دەستپێبکە ، پێتا ناڵێمەوە ) .

٣- تەکنیکی پاڕانەوە : ئەم جۆرە بەکاهێانەی زمان بە مەبەستی هاندان لەنێوان دوو کەس ، کە هاوتا لە پلەو پایە و دەسەڵات و تەمەندا بن، بەکاردێت ، بە بەکارهێنانی وشەکانی پاڕانەوە و تکاکردن بۆ نمونە (تکایە ، تخوا ، تکات لێ<ەکەم ، لێتدەپاڕێمەوە ، ... هتد)

٤- تەکنیکی ناچارکردن : ئەم جۆرەیان بچوککردنەوەی دنیا و نەهێشتنەوەی هیچ چارەسەرێکە لەبەر چاوی ئەو کەسەدا ، کە مەبەستێتی هانیبدات بۆ ئەنجامدانی کارێک بۆ نمونە (چیبکەیت مەجبوریت بیکەیت ، چاری ترت نییە ، ئەمە باشترین شتە کە بیکەیت ، ... هتد)

٥- تەکنیکی بەرزنرخاندن : لەم شێوازەشدا بەهەمان شێوە یان لە ڕێگەی هێمایەکی ناگوتەییەوە ، هاندانەکە ئەنجامدەدرێت ، بۆ نمونە ماچکردنی سەری کەسەکە ،

باوەشپیاکردن ، چەپڵەلێدان ، یاخود بە بەکارهێنانی وشە و کەرەستەی زمانیی وەکو (بێ وێنەیە ، چاکدەکەیت ، جێگەی شانازیت ، هەموو کەس ئەوەی تۆی پێناکرێت ، ناوازەیە ، ... هتد) .

٦- تەکنیکی وروژاندن : واتە بە بەکارهێنانی هەندێک وشەی پەسن ، بۆ پەسنکردنی کەسانێک ، کە لە باروودۆخێکی تاوانکاری تێوە گلاون ، یان پیشاندانی سودمەندبوونیان بەهۆی ئەو باروودۆخەوە کە تیایدان بۆ نمونە (ئاقڵە ، بوێرە ، دەزانێت بژی ، دڕاوە ، قازانجی چاک دەکات ، ... هتد) .

٧- تەکنیکی پیشاندانی بەرژەوەندی : واتە بەکارهێنانی ئەو هێماناگوتەیی و کەرەستە زمانییانەی ، کە واتای بوونی بەرژەوەندی لە ئەنجامدانی کارێکدا دەگەیێنن ، بۆنمونە نوقاندنی چاوێک و ڕاوەشاندنی سەر لەگەڵیدا بۆ خوارەوە بەو واتایەی (زەرەر ناکەیت ، یاخود لەڕێگەی (ژیانت دەگۆڕێت ، خۆت ناناسیتەوە ، ڕزگارت دەبێت لەم باروودۆخەت ، ... هتد) .

٨- تەکنیکی سادەکردنەوە : واتە بەکارهێنانی ئەو هێما ناگوتەییانەی واتەی سادەیی باروودۆخەکە دەگەیەنن ، بۆ نمونە زەردەخەنەکردن بە مەبەستی گاڵتەپێکردن کەسێک کە دەترسێت لە ئەنجامدانی تاوان یان کارێکی نایاسایی ، یاخود لە ڕێگەی پرسیارکردن بەو کەرەستە زمانییانەی ، کار لەسەر دەروونی هاندراوەکە دەکات بەوەی بڵێت من بەهێزترم لەوەی توانی ئەو کارەم نەبێت بۆ نمونە (ئەوەندە ترسنۆکی ؟ ئەوەندە قورسە بەلاتەوە ، ئەوەت پێناکرێت ؟... هتد) .

٩- تەکنیکی ڕاڕاکردن : واتە لە ڕێگەی دەرپەڕاندنی وشەیەکەوە ، کە کەسەکە دوڵ و ڕاڕابکات بکات لە ئەنجامدانی تاوانەکە (دوایی نەڵێی خۆزگە بمکردایە ، خۆت و ویژدانت ، هیوادارم پەشیمان نەبیتەوە ، ... ).

١٠- هەموو ئەم ڕێگایانەش واتای ئەوە دەگەیەنێت (تاوانی هاندان)داوکردنە لەبەرامبەر ، واتە " ئاخاوتنێکە بۆ گواستنەوە یاخود ئاڕاستەکردنی داوایەک بۆ داوالێکراو ، بە مەبەستی ئەنجامدانی شتێک ، کە لە قازانجی کەسە داواکەرەکەیە ، بەکاردێت " (MuhammedAubed 2012 :916) ، کە ڕەنگە ئەو قازانجکردنە لە بەدەستهێنانی ئامانجێکی بەرجەستەکراوی وەکو (دەستکەوتێکی دارایی گەورە ، بەدەستهێنانی پلە و پایەی بەرز ... هتد ) دا خۆی ببینێتەوە ، ڕەنگە قازانجکردنێکیش بێت ، کە تەنها مەبەست لێی بەدیهێنانی قازانجێکی مەعنەوی وەکو( تێوەگلان لە تاوان ، لەکەدارکردن ، بەلاڕێدابردن)ی کەسێکی دیاریکراو بێت . بۆیە دەتوانرێت سەرجەم ئەو تەکنیکانە لە دوو شێوازدا کورتبکرێتەوە :

١- شێوازی ڕاستەوخۆ : واتە بەکارهێنانی زمان لە شێوەی ( فەرمان ، داخوازی ، ناچارکردن ) ، بۆ نمونە :

١) أ. بیکە
ب. داوات لێدەکەم بیکەیت .
ت. ناچاریت بیکەیت .
٢- شێوازی ناڕاستەوخۆ: واتە بەکارهێنانی زمان لە شێوەی (پرسیار ، پشتگیری ، پێشنیار ، وروژاندن ، ... هتد) ، بۆ نمونە :
٢) أ. حەزت لێنییە بەشداری بکەیت ؟
ب. ئەگەر بیکەیت زەرەر ناکەیت .
ت. من بم لە بری تۆ دەیکەم .

بەشێوەیەکی گشتی ، هەرچەندە هەموو ئاخێوەرێک پەنجەمۆرێکی زمانیی تایبەتی خۆی پەیوەست بە ئەزموونە تاکەکەسییەکەیەوە هەیە ، کە لە بارودۆخە جیاوازەکانی بەکارهێنانی زماندا بەگوێرەی بەمەبەستی خۆی لە تێگەیشتن و تێگەیاندنی بەرامبەر بەکاریاندێنێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک فۆرمی گشتی هەیە ، کە تایبەت بە مەبەستە جیاوازەکانی تێگەیشتن و تێگەیاندن ، لەلایەن زۆربەی بەکارهێنەرانی زمانەوە بەکاردەهێنرێن . واتە کەسانی هاندەر لەپاڵ بەکارهێنانی هەموو ئەو تەکنیکە زمانییە تایبەتانەدا ، کە وەکو پەنجەمۆری زمانیی خودی خۆیان بۆ مەبەستی هاندان و کاریگەریدروستکردن لەسەر کەسێک بۆ ئەنجامدانی کارێک ، کە "هەندێکجار وشەی (پێکردن)یشی بۆ بەکاردێت " (مەحموود ٢٠١٥ :٣٤٦)، پێیدەناسرێنەوە ، هەندێک وشە و دەستەواژەی تریش بەکاردێنن ، کە وەکو سیمای هاوبەش لە نێوان هەموو ئەو کەسانەی (هان) دەدەن ، بەکاردەهێنرێت ، وەک ئەو دەربڕاوانەی واتای خۆ نزیکدەرخستن ، سوێندخواردن ، بەڵگەهێنانەوەی نادروست ، وەسف و پیاهەڵدان ، خۆبێدەسەڵاتدەرخستن... هتد دەگەیەنن ، بۆ نمونە (خوشکەکەم ، هاوڕێکەم ، بەو خوایە، فڵان شاهیدە ، چارم نییە ، ... هتد ) .

دۆسیەی چوارەم :

ڕووداوەکانی نێو ئەم دۆسیەیە ، تایبەتە بە تاوانبارێک بە ناوی (ن) ، کە جگە لەوەی لە ماڵەکەی خۆیدا توندوتیژیی بەرامبەر هاوسەرەکەی ئەنجامداوە ، هەستاوە بە هاندانی کوڕێک بە ناوی (م) ، کە خۆشەویستی پێشوی هاوسەرەکەی بووە ،لە ڕێگەی ناردنی نامەوە بۆ مەسنجەرەکەی ، تا یارمەتییدات بە پێدانی وێنەو ڤیدیۆی هاوسەرەکەی ، بەو مەبەستەی لە دژی بەکاربهێنەوە و لەکەدار و تۆمەتباری بکات بە تاوانی (خیانەتی هاوسەرگیری ) و لەو ڕێگەشەوە وازیلێبێنێت ، لە ئەنجامدا کوڕەکە وێنەی سەرجەم ئەو نامانە وەکو بەڵگەیەکی بەرجەستە بۆ پوری هاوسەری تاوانبارەکە دەنێرێت و لەو ڕێیەوە هاوسەری تاوانبارەکە داوای یاسایی لەسەر هاوسەرەکەی تۆماردەکات. کە ناوەڕۆکی نامەکان بەم شێوەیە :

- (م) : بۆچی نامەت بۆ من نارد ؟ چیت دەوێت .
- تاوانبار (ن) : کاک (م) تکام کرد لێت .
- (ڕ) : بە ڕوونی پێم بڵێ .
- تاوانبار (ن) :وەک پیاو هاتیتە پێش ، بەس حەق بە تۆیە ، ڕەسمێک یان ڤیدیۆ ، کاک (م) تکایە ، یەک پەیوەندیت لەگەڵ دەکەم ، دوو دەقە زیاتر نەخایەنێت .
- (ڕ) : براکەم ڕەسمی چیت بۆ بنێرمەوە ، تۆ هێنات وتت لەبەر خوا شتەکانیم پۆشی ، تۆبەی کرد ، ئیتر ئێستا بۆ تەلاقی دەدەی؟
- تاوانبار (ن) : ئەم نامەیە بخوێنەرەوە وەک کارێکی ئینسانی ڕاست ئەکەی تۆ من هەڵەبووم بەس تکامکرد من ژیانم نییە چەند ڕۆژە وەلا بەینی باریەتیمان بێت ، سوێند بەخوا مادەم ئەوەندە پیاوێکی مەردبووی ، بەڕاستی قسەتکرد هاتیتەوە خزمەتت دەکەم ، سوێند بەخوا بەس ئاخ حەیف بە قسەم نەکردی .
ئێستا وەک کەسێک مرۆڤێک پێویستم بە هاوکاری تۆیە ئیتر تۆش خۆت و ویشدانت ،چونکە خودا شک ئەبەم دووەمیش تۆ.
خۆت و ویشدانت هیچ ناڵێم ، بەس ئەوەندە دەڵێم تۆ لەپێتکرد بەس با نەزانێ تۆش بێدەسەلاتی ئەو زواجی نەویستایە من پێم نەئەکرد خۆی ویستی واتە واس واس بوو ، تۆش ئەمەم بۆ بکەیت چی دەبێت .

لێکدانەوەی تاوانەکە :

بۆ لێکدانەوەی ئەم دۆسەیەیە ، پێویستە لەسەرەتادا پەناببرێتە بەر گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێش ڕوودانی تاوانەکە ، چێوەیەک بۆ ئەو سەردەمە لە ڕێگەی ئەو وشە و کەرەستانەی لەو نامانەدا بەکاهاتووە ، بکێشرێت ، بەم پێیە ئەو نامانە ئەوە دەردەخەن کە تاوانبار و خۆشەویستی پێشووی هاوسەرەکەی ، پێش هاوسەرگیری یەکتریان ناسیوە و قسەیان لەگەڵ یەک کردووە ، خۆشەویستی هاوسەرەکەی دانی بەوەدا ناوە ، کە ئەو ئافرەتە خۆشەویستیەتی و ڕەسم و ڤیدیۆی وەکو بەڵگە لایە ، بەلام ناوبرا و ئەوەی نەکردووە بە کێشە و وتویەتی (لەبەر خوا شتەکانیم پۆشی و ئەویش تۆبەی کرد )..

جێپێی تاوان ، لەو نامانەی تاوانباردا ، بە چەندین بەڵگەی زمانیی و بەکارهێنانی تەکنیکی زمانیی ڕووندەبێتەوە ، بۆ نمونە :

١- تاوانبار (ن) لە ناو نامەکانییدا ، بە بەکارهێنانی ئەو وشە و دەربڕاوە زمانییانەی ، کە لە پەنجەمۆری زمانیی زۆربەی تاوانبارانی تۆمەتبار بە هاندانی زمانییدا هەیە ، وەکو ( براکەم (خۆبردنەپێشەوە و خۆلێنزیککردنەوە) ، وەک پیاو هاتیتە پێش (وەسف و

پیاهەڵدان)، وەڵا (سوێندخواردن) ، بەینی برایەتیمان بێت (خۆبردنەپێشەوە و خۆلێنزیککردنەوە)، سوێند بەخوا (سوێندخواردن) ، پیاوێکی مەرد بووی (وەسف و پیاهەڵدان) ، خوا شک ئەبەم دووەمیش تۆ (خۆبێدەسەڵاتدەرخستن) ، دەیەوێت کار لەسەر لایەنی دەروونی (ڕ) درووستبکات و بیخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە .

٢- لە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا چەندین تەکنیکی زمانیی بەکاردێنێت ، بەمەبەستی هاندانی (ڕ) بۆ پێدانی وێنە و ڤیدیۆی هاوسەرەکەی ، بۆ نمونە :

أ. تەکنیکی پاڕانەوە : تکام کرد لێت ، تکایە ، پێویستم بە هاوکاری تۆیە.

ب. تەکنیکی لایەنگیرییکردن : حەق بە تۆیە.

ت. تەکنیکی پیشاندانی بەرژەوەندی : هاتیتەوە خزمەتت ئەکەم.

پ. تەکنیکی ڕاڕاکردن : خۆت و ویشدانت هیچ ناڵێم .

ج. تەکنیکی وروژاندن : ئەو زەواجی نەویستایە ، من پێم نەئەکرد ، خۆی ویستی واتە واسواس بوو.

ح. تەکنینکی سادەکردنەوە : تۆش بێدەسەڵاتی ، تۆش ئەوەم بۆ بکەیت چی دەبێت؟.

## پێنجەم : تاوانی هەڵخەڵەتاندن Deception crime :

ئەمجۆرە تاوانە بەکارهێنانی شێوە جیاوازەکانی (درۆکردن)ە لەلایەن تاوانبارانەوە ، وەک (فریودان ، ساختەکردن ، چەواشەکردن ، شاردنەوەی ڕاستی ، دەستبەدی (خیانة الامانة)... هتد) ، بۆ دوو مەبەست:

١- بەمەبەستی گەیشتن بە مەرامەکانی خۆیان ، لەڕێگەی هەڵخەڵەتاندنی کەسێک یان چەند کەسێکەوە ، کە ڕاستەوخۆ خۆیان تاوانەکە ئەنجامەدەن .

٢- بەمەبەستی بەشدارییپێکردنی کەسانی دیکە لە تاوانێکدا.

بەم پێیە هەڵەخەڵەتاندن ئەو جۆرانەی درۆ دەگرێتەوە ، کە ئەنجامەکەی تاوانێکی لێبکەوێتەوە ، چونکە ئەوەی ڕاستییە ئەوەیە ، زۆربەی کەس ڕۆژانە بۆچەندین مەبەستی جیاواز درۆدەکات ، کە ڕەنگە لەهەندێک باردا بە پێچەوانەی مەبەستی تاوانەوە بۆ نیاز پاکیش بەکاربهێنرێت ، بۆ نمونە کاتێک کەسێک پرسیارت لێدەکات "ئەمرۆ چۆن دەرکەوتووم ؟" تۆ دەڵێیت "زۆر جوان دەرکەوتوویت " ، یاخود ئەو درۆیانەی ، بەخێرایی بەسەرماندا تێپەڕدەبێت بێ ئەوەی بیری لێبکەینەوە ، بۆ نمونە هەرچەندە لە باری تەندروستییەکی خراپدابین ، یاخود لە کێشەیەکی گەورەدا بین ، گەر کەسێک سڵاومان لێبکات بڵێت : چۆنی ؟ لە وەڵامدا دەڵێین : باشم ، ... هتد .

بە شێوەکی گشتی جێپێی تاوانی هەڵخەڵەتاندن ، لەم شێوە و فۆڕمانەدا دەردەکەوێت :

١- بێـدەنگی : لەڕاسـتییدا بـەکارهێنانی شـێوازی بێـدەنگی ، بـۆ تـاوانی هەڵخەڵەتانـدن ژیرانـەترین شـێوازی زمانییـە ، لەبەرئـەوەی تاوانبـار ، بەمەبەسـت خـۆی لـە زانینـی زانیارییەک بێدەنگ دەکات ، تا لە ڕێگەیـەوە خـۆی تاوانێک بکات ، یان کەسێک لـە لـە تاوانێکـەوە تێـوە بگلێنێـت ، بۆئـەوەی هـیچ بەرپرسـیارێتییەک ، یـاخود کـەمترین بەرپرسیارێتی تاوانەکە لـە ئەستۆ بگرێت، بۆ نمونـە کەسێک دەزانێـت ئـەو کـارەی هاوڕێکەی لە نەزانینەوە دەیکات ، کارێکی نایاسـاییە ، بـەڵام بێدەنگی هەڵدەبژێرێت تـا لە تاوانێکییەوە بگلێنێت.

٢- گشتاندن : هەنـدێکجار کەسـی هەڵخەڵەتێنـەر هەنـدێک فۆرمی گشـتی بەکاردێنێـت ، تـا وەک بەڵگەیەک پاڵپشتی بکات بۆ ڕاستی قسەکانی ، بۆ نمونە ( گشت ، هـەموو ، بە گشـتی ، هەرچی ، هیچ ، دنیا ، ... ) ، بۆ نمونە

٣) أ. هەموو کەس من دەناسێت .

ب. هەرچی ئەو نەخۆشییەی تۆی هەیە ، ئەم دەرمانە بەکاردێنێت .

٣- گۆڕینی ڕاسـتی : هەنـدێکجار تـەنها یـەک ڕاسـتی لـە ئاخاوتنەکـەدا هەیـە ، کەسـی درۆزان دەزانێت چۆن سەرجەمی درۆکانی لە تاکە ڕاستییەوە دەپێچێت ، بەمـەش یاسـاییبوونێک بـە سـەرجەمی بابەتەکـەی دەبەخشـێت " (مـەحموود ٢٠١٥ :٣٦٠) ، بۆنمونە کەسێک بەشداربێت لـە تـاوانێکی دزیکردنـدا ، لەهـەمان ڕۆژی دزییەکـەدا ، بۆ چەند خولەکێک سەردانیماڵی هاوڕێکەی کردبێت ، لە کـاتی لێکۆڵینـەوەدا بڵێت بەدرێژایی ڕۆژەکە لە ماڵی هاوڕێکەم بووم.

٤- بەڵگەهێنانـەوە نادروسـت : هەنـدێکجار کەسـی هەڵخەڵەتێنـەر بەهێنانـەوەی بەڵگـەی نادروست ، کاریگەری لەسـەربیرکردنەوەی بەرامبەرەکەی دروستدەکات ، کـە زۆر جار ئەو بەڵگانە خۆی لە هێنانەناوەوەی کەسێک یان کەسانێکدا دەبینێتەوە بۆ نـاو بابەتەکە ، بەشێوەیەکی نادیـاریی ، واتـە بـە بێ ناوهێنـان بۆ نمونـە : هاوڕێیـەکم لەگەڵدا بوو ، کچێک پێی گوتم ، ژنێک ئەوەی پێدام، ... هتد.

٥- بـەکارهێنانی جیهـانبینی هەڵخـەڵـەتێنراو : واتـە کەسـی هەڵخەڵەتێنـەر شـارەزایە لـە جیهانبینی کەسی بەرامبەر و کەڵکی لێوەردەگرێت ، بۆ هەڵخەڵەتاندنی ، بۆ نمونـە ئەو کەسانەی ڕوانگەیەکی ئاینییان هەیە (سوێندخواردن ، نمونـە دروسـتکردن بـە شـەرع ،..هتـد)یان لەگەڵـدا بـەکاردێنێت ، بـۆ نمونـە سـوێندبەخوا زەرەر ناکـەیت ، شەرع حەرامی نەکردووە ، ... هتد ،ئەو کەسانەی ڕوانگەیەکی مرۆڤدۆستییان هەیە ، شێوازەکانی پاڕانەوە و خۆبێدەسەڵاتدەرخستنیان لەگەڵ بـەکاردێنێت ، بۆ نمونـە (تکات لێئەکەم هاوکاریم بکە ، ئەگەر یارمەتیم نەدەی ڕەنگە خۆم بکوژم ... هتد

بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی گشت ئەو فۆڕم و شێوازانە ، بەکارهێنانی درۆیە بۆ شاردنەوەی ڕاستی ، واتە مەرجە ئەو کەسەی هەڵخەڵتێنراوە و تاوانێک لە ڕێگەیەوە ئەنجامدەدرێت ، یاخود تێوەدەگلێت لە تاوانێک بەڕاستی ئاگاداری ڕاستییەکانی پشتی ئەو درۆیە نەبێت .

دۆسیەی پێنجەم :

ڕووداوی نێو ئەم دۆسەیەیە بریتییە لە تاوانی دەستەبەدی (خیانة الامانة) ، کە لەلایەن تاوانبار (ب) ئەنجامدراوە ، کاتێک ناوبراو لە نووسینگەی خۆی لە بری (١٢٠٠)$هەزار و دووسەد دۆلاری ئەمریکی لە سکاڵاکاری وەریگرتووە بە مەبەستی بڕینی تکت بۆ وڵاتی هندستان وەرگرتنی ڤیزا بۆ سکاڵاکار و کوڕە نەخۆشەکەی ، بەڵام سەرەڕای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر تاوانبار نە تکت و نە ڤیزای دابین نەکردووە بۆ سکاڵاکار و پارەکەشی بۆ نەگەڕاندووەتەوە ، لەو دۆسیەیەدا ناوبراو لە وتەکانییدا لە قۆناغی دادگاییکردن دەڵێت " سکاڵاکار سەردانیکردم لە نووسینگەکەم بە ناوی (...) لە شەقامی (....) ، منداڵێکی نەخۆشی لەگەڵدا بوو ، بریکارنامەی منداڵەکەی پێبوو ، داوای تکتی فڕۆکەی دەکرد بۆ وڵاتی هندستان ، گوایە بۆ چارەسەری نەخۆشی منداڵەکەی دەڕوات ، لەبەرامبەر (١٢٠٠)$هەزار و دووسەد دۆلار ، لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا تکتم بۆ بەدەستهێنا ، پەیوەندیم پێوەکرد بە ژمارەکەی زیاتر لە جارێک ، بەڵام داخرابوو ، کۆتا جار کە لەبیرم بێت دایکی وەڵامی دامەوە پرسیاری سکاڵاکارمکرد وتی کوڕەکەم لە تورکیایە، ئەم کیسەیە وەکو خۆی مایەوە تاکو سکاڵاکار لە ڕێگەی کوڕەکەمەوە ئاگاداری کردمەوە یەکترببینین ، وا ڕێکەوتین پارەکەی بۆ بگەڕێنمەوە لە گیرفانی خۆم کاتێک لە بازاڕی.... پۆلیش قۆڵبەستیان کردم ، سەبارەت بە وتەکانی پێشووم لە قۆناغی لێکۆڵینەوە لە یادم نییە چیم وتە بەڵام قسەکانی ئێستام ڕاستە ، پاشان دەڵێت لەسەر من تەنها بەدەستهێنانی تکتی فڕۆکە بوو نەک بەدەستهێنانی ڤیزەش "

لێکدانەوەی تاوانەکە :

بە شێوەیەکی گشتی ، جێپێی تاوان لەم دۆسیە تاوانکارییەدا ، لەو ساتەوە دەردەکەوێت ، کە تاوانبار لە ڕێگەی گۆڕینی ڕاستییەکانەوە هەستاوە بە هەڵخەڵەتاندنی سکاڵاکار ، بەوەی بە بڕی (١٢٠٠)$ هەزار و دووسەد دۆلاری ئەمریکی ، بلیتی فڕۆکە و ڤیزا بۆ سکاڵاکار و کوڕەکەی دابیندەکات ، بۆ درککردن بە ڕاستی وتەکانی تاوانبار پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت ، کە " دککردنی واتا و زانیاری لە ئاوەزدا بۆ ئەو شتانەی لە بووندا هەن و سەرەتاکەی لە پەیوەندییە هەستییەکان و چەشنی بەیەکەوە بەستنەوەی زانیارییەکانەوە خۆی دەبینێتەوە " (مەحموود ٢٠٠٩ : ٢٩) ، بۆ ئەم دۆسەیەیەش تاوانبار لەکاتێکدا خۆی لە واقیعدا تەنیا توانای دابینکردنی بلیتی فڕۆکەی هەیە ، بۆچی بەڵێنی بە سکاڵاکار داوە ڤیزاشی بۆ دابینبکات ؟

بەستنەوەی ئەم زانیارییانە و وەڵامی ئەو پرسیارە ئەو واتایە بە دکپێکردنمان دەبەخشێت ، کە تاوانبار هەر لەسەرەتاوە نیازی هەڵخەڵەتاندنی سکاڵاکاری هەبووە ، نەک وەک ئەوەش ، کە خۆی باسیدەکات کە بلیتی فڕۆکەی بۆدابینکردووە و چەندجارێک پەیوەندی پێوەکردووە بەڵام وەڵامی نەداوەتەوە .

لە لایەکی ترەوە تاوانبار لە ڕێگەی بەڵگەهێنانەوەی نادروستەوە هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی دادوەریش دەدات تا بڕواپێبێنێت ، کە بەنیازبووە پارەکە بۆ سکاڵاکار بگەڕێنێتەوە ، بەوەی دەڵێت " سکاڵاکار لە ڕێگەی کوڕەکەمەوە ئاگاداری کردمەوە یەکتربببینین ، وا ڕێکەوتین پارەکەی بۆ بگەڕێنمەوە لە گیرفانی خۆم کاتێک لە بازاڕی.... پۆلیس قۆڵبەستیان کردم" ، لەبەرئەوەی لەڕاستیدا هیچ بەرواروو کاتژمێرێک بوونی نییە ، کە ڕێککەوتبن لەسەری پارەکەی تێدا بۆ سکاڵاکار بگەڕێنێتەوە ، هەر بۆیە لە شێوەی کاتێکی دیارینەکراودا ، باس لەگەڕاندنەوەی پارەکە دەکات و تەنانەت هەوڵدەدات ئەو کاتە ببەستێتەوە ، بەو کاتەوە کە تیایدا دەستگیرکراوە و هیچ بوارێکی نەبووە بۆ ئەوەی پارەکە بگەڕێنێتەوە .

هەروەها تاوانبار لە درێژەی وتەکانییدا ، ئاماژە بەوە دەدات " سەبارەت بە وتەکانی پێشووم لە قۆناغی لێکۆڵینەوە لە یادم نییە چیم وتووە بەڵام قسەکانی ئێستام ڕاستە " ، کە لە ڕاستییدا واتای ئەم ڕستەیە لەگەڵ ڕاستی پرۆسەی بەدەستهێنانەوەی ئەو زانیارییانەی لە یادگەکاندا گەنجکراون ، یەکناگرێتەوە ، لەبەر ئەوەی سەبارەت بە چەسپاندنی زانیارییەکان لە یادگەکاندا چەند وەچە پرۆسەیەکی وەکو (پرۆسەی ڕێکخستن ، پرۆسەی جیاکاریکردن ،پرۆسەی ماندووبوون ، پرۆسەی وردەکارییکردن) لە ئاوەزدا دەگیرێتە بەر ، کە ڕێگە نادات هیچ زانیارییەک بە شێوەیەکی ڕەها لەبیربچنەوە ، هەربۆیە سەبارەت بە لێدوانی هەر تاوانبارێک ، یاخود گەواهیدەرێک ، لە شوێنێکی یاسایی وەکو دادگا و هۆڵی دادگاییکردن ، تەواو پەیوەندی بە پرۆسەی ماندووبوونەوە هەیە ، چونکە هەرکەسێک کە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا لێدوانێک دەدات ، تەواو خۆی ماندوو دەکات بە کەنجکردنی ئەو زانیارریانەی لەناو وتەکانییدا لەو قۆناغەدا پێشەکەشی دادوەری لێکۆڵینەوەی کردووە ، تاوەکو هەمان زانیاری لە قۆناغی دادگاییکردنیشدا پێشکەش بکاتەوە ، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەشدا ڕاستییەکەی نەوتبێت و بۆ قۆناغی دادگاییکردن هەوڵبدات ڕاستییەکە بڵێت ، ڕاستککردنەوەی ئەو زانیارییانەی هەر لەسەر بنەمای درۆکانی پێشووی ڕێکدەخاتەوە ، نەک بە شێوەیەکی ڕەها هەموو زانیارییەکانی بیربچێتەوە .

## ٢/٣) لێکدانەوەی جێپێی بەڵگە زمانییەکان لە دەقی دۆسیە تاوانکارییەکاندا:

سەبارەت بە بەڵگەی زمانیی هەروەک لە ( ٢/١-٣ ) ئەم توێژینەوەیەدا ڕوونکرایەوە ، مەبەست لەو بەڵگە مەعنەوییانەیە ، کە قسەکەر (لایەنەکانی بەشدار لە لێدواندان سەبارەت بە دۆسیەیەکی تاوانکاریی) لە لێکۆڵینەوەی تاواندا دەیخاتە ڕوو . وردبوونەوەی پسپۆڕانی بواری زمانەوانی ، لە وردەکارییە زمانییەکانی وتەی هەریەک لە بەشداربووانی نێو پرۆسەی لێکۆڵینەوەکە و دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی هەریەکێکیان ، لێکۆڵەر لە شوێنکەوتنی ئەو جێپێیانەی ، کە بەرەو بەڵگەی ڕاستەقینە دەیبات ، نزیکدەکاتەوە . بۆ ئەم مەبەستە پشت بە ستراتیژییەکانی ئاست و بوارە جیاوازەکانی زمانەوانی دەبەستێت ، کە لە (٣/٢) ی ئەم توێینەوەیەدا ئاماژەیان پێدرا .

لێرەوە بە پشت بەستن بە ستراتیژییەکانی سایکۆ_زمانیی دادوەری ، هەوڵدەدرێت تیشکبخرێتە سەر ئەو جێپێیانەی ، کە لە ڕێگەی پەنجەمۆری زمانیی لایەنەکانی بەشدار لە هەندێک دۆسیەی تاوانکاریدا وەرگیراون ، تا بە مەبەستی دۆزینەوەی بەڵگەی زمانیی تیایاندا ، لێکدانەوەیان بۆ بکرێت . واتا لێکدانەوەی زمانەوانیی بۆ لێدوانی نێو ئەو دۆسیە تاوانکارییانە ، کە تاوانەکەیان بەدەر لە تاوانێکی زمانییە (تاوانی کرداریی) یە بکرێت ، کە ڕەنگە لە هەندێک باریاندا ، تاوانێکی زمانیی لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە کردارییەدا سەرچاوە بووبێت ، بۆ نمونە تاوانەکانی (کوشتن ، دزیکردن ، لاسارییکردنەوە و بەکارهێنانی دراوی ساختە ، تاوانی بردنی ماڵی دەوڵەت (اختلاس) ، تیرۆر ، خۆکوشتن ، ... هتد)

### یەکەم : تاوانی کوشتن Murder crime :

تاوانی کوشتن ، بە ئەنقەست ، یاخود بەهۆی لێدانێک بێت ، کە دەبێتە هۆی مردن و بەهەڵە کوشتن ، ڕەنگە سەرچاوەی ئەنجامدانەکەی ، بۆ دەمەقاڵێیەکی نێوان دوو کەس ، سوکایەتیپێکردنێک ، گاڵتەپێکردنێک ، دانپێدانانێک ، ... یان هەر ڕەفتارێکی دیکەی زمانیی ، کە کار لەسەر ڕەفتاری دەروونی تاکەکان دەکات ، بگەڕێتەوە و لەئەنجامدا ئەنجامدانی تاوانەکەی لێبکەوێتەوە . زمانەوانی دادوەری بۆ ئەمجۆرە بارانە ، تیشکدەخاتە سەر ئەو جێپێ زمانییانەی کە لەڕێگەی پەنجەمۆری زمانیی هەریەک لە تاوانباران ، تاوانلێکراوان ، گەواهیدەرەکان لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردندا پێشکەشی دەکەن ، لێکدانەوەی زانستییانەی بۆ دەکات ، کە لە دواجاردا دەتوانرێت وەکو هەریەکێک لە بەڵگەکانی تری تاوان مامەڵیان لەگەڵدا بکرێت ، سوودیان لێببینرێت .

کارکردن لەسەر هەر دۆسیەیەکی تاوانکاری تایبەت بە کوشتن بە پێی ستراتیژییەکانی سایکۆ_زمانیی دادوەری لەسەرەتادا دۆزینەوە پاشان ڕۆیشتنە بەشوێن ئەو جێپێ زمانییەدا ،

کە گومان دەکرێت سەرچاوەی دروستبوونی تاوانەکە بێت. پاشان لێکدانەوە و بەراوردکردنی ئەو جێپێ سەرەکییە بەجێپێکانی تری نێو لێدوانەکان بۆ خستنەڕووی بەڵگە زمانییەکان ، بۆ نمونە:

دۆسیەی یەک:

ئەم دۆسیەیە تایبەتە بە تاوانێکی (کوشتن) ، کە تیایدا تاوانبار (م) بە گومانی هەبوونی پەیوەندی خوشەویستی لە نێوان هاوسەرەکەی (ن) و تاوانلێکراو (ه) تاوانەکەی ئەنجامداوە و لە دانپێدانانییدا لە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەدا سەبارەت بە ئەنجامدانی تاوانەکەی دەڵێت " لە مانگی (٢)ساڵی (٢٠١٧) هەستم کرد تاوانلێکراو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هاوسەرەکەم هەیە و دوای ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەم باسمکرد ، هاوسەرەکەم وتی جارێک سێکسی لەگەڵ کردووم ، بەڵام هاوسەرەکەم لای کەسانی تر دەیگوت کاری سێکسیم لەگەڵ تاوانلێکراو نەکردووە ، بۆیە خزمەکانمان بە منیان دەوت ڕاست ناکەی ، لەبەرئەوەی ئەو شتە لە مێشکمدا بوو دوای ئەوەی شەرم بوو لەگەڵ هاوسەرەکەم و ماڵی بەجێهێشت بڕیارمدا تاوانلێکراو بکوژم و چەکم کڕی و چووم کوشتم " لە ئەنجامدا دادگا بە پێی دانپێدانانی تۆمەتبار و تاوتوێکردنی گشت بەڵگەکان بە پێی ماددەی (١/٤٠٦/أ) لە یاسای سزاکان بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ تۆمەتبار دەرکردووە.

لێکدانەوەی لێدوانی تاوانبار و لایەنەکانی بەشدار ، لە دۆسیەی تاوانیی ژمارە (یەک)دا ، بە پێی ستراتیژییە سایکۆ_زمانییەکان ، چەند جێپێیەک ڕووندەکاتەوە :

یەکەم : لێکدانەوەی جێپێ زمانییەکانی تاوانبار:

١- تاوانبار لە دەستپێکی لێدوانەکەیدا ، ئاماژە بە کاتێکی دیاریکراو دەدات کە بریتییە لە مانگی (٢) ساڵی (٢٠١٧) ، ناوبراو بە دەستنیشانکردنی ئەو کاتە ، خۆی لە تەمومژی زمانیی دووردەخاتەوە ، ئەمەش بۆ بواری سایکۆ_زمانیی دادوەری جێگەی بایەخە ، چونکە تیشکخستنەسەر هەر زانیارییەک بە دیاریکراوی و دوورکەوتنەوە لە تەمومژی زمانیی ، لێکۆڵەر زووتر لە تێگەیشتن نزیکدەکاتەوە ، لەم لێدوانەشدا تاوانبار بە بەجێهێشتنی (جێپێی متمانەدروستکردن )لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەو کاتەوە ، دەیەوێت سەرنجی لێکۆڵەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت ، بە ئەوەی ئامادەیی تێدایە بۆ باسکردنی ڕووداوەکانی پاش و پێشی ئەو کاتەی ، کە گومانی لا دروستبووە .
٢- پاشان دەڵێت "هەستمکرد تاوانبار پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هاوسەرەکەم هەیە " لەم ڕستەیەدا (جێپێی هەستکردن) پەنجەمۆرێکە بۆ ئەوەی بگوترێت تاوانبار پشتی بە (ئەزموونی هەستی) بەستووە لە درکپێکردنی بۆ بوونی پەیوەندی خۆشەویستی لە

نێوان تاوانلێکراو و هاوسەرەکەیدا ، لەبەرئەوەی ئەو ئەزموونە "ئیلهام لە شارەزایی هەستەکانەوە وەردەگیرێت و بەرجەستەی دەکات و دەبێتە هۆی درکپێکردن " (غەریب ٢٠١٦ :٢٧) ، بۆیە پێویستە لێکۆڵەر پاش گوێگرتن لە لێدوانی تاوانبار سەرەتا بە شوێنکەوتنی جێپێی هەستکردنی تاوانبار دەستپێبکات ، داوا لە تاوانبار بکات ، سەرچاوەی دروستبوونی ئەو هەستکردنەی بۆ ڕوونبکاتەوە ، ئەو جووڵە گوماناوییە چی بووە لە نێوان ئەو دوو کەسەدا کە ئەو هەستەی لا دروستکردووە ؟ ئەگەر خودی تاوانبار ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بینین یان بیستنەوە ئەو هەستەی ئەزموون کردووە ، ئەو ئەزموونکردنە بە تەواوی چۆن بووە ؟ ئەگەر لە ڕێگەی کەسێکەوە بووە ، ئەو کەسە کێیە ؟ .... هتد لە ڕێگەی وەڵامی ئەم پرسیارانەوە ، ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە ڕوونبێتەوە تاوانبار لە ئەزموونکردنی ئەو هەستەیدا بە هەڵدا چووبێت ، بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە هەریەک لە هاوسەرەکەی و تاوانلێکراو بە جۆرێک لە جۆرەکان تاوانباربن بە تاوانی (خیانەتی هاوسەرگیری).

٣- دواتر دەڵێت " دوای ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەم باسمکرد ، هاوسەرەکەم وتی جارێک سێکسی لەگەڵ کردووم " ، ئەم ڕستەیەی تاوانبار ئاماژەیە بۆ (جێپێی دانپێدانان لەلایەن هاوسەرەکەیەوە ) ، کە بە جێپێی سەرەکی ئەنجامدانی تاوانەکە دادەنرێت ، چونکە لە ڕێگەی ئەو دانپێدانانەی هاوسەرەکەیەوە ، تاوانبار وێنەیەکی هزریی لە ئاوەزیدا نەخشاوە و کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونیی درووستکردووە ، هەروەک لە درێژەی وتەکانییدا دەڵێت "ئەو شتە لە مێشکمدا بوو ... ) لە کۆتاییدا تاوانەکەی ئەنجامداوە ، جا بە پشتبەستن بەوەی ، لە یاسادا "دانپێدانان ، فۆرمێکی دیاریکراوی گەواهیدانە ، کە لە خۆیدا بەشدارە ، وەک جۆرێک لە بەڵگە لە پرسە دادوەریەکان یان لانی کەم لە کاتی دۆزینەوەی ڕاستییەکاندا بەکاردێت " (Vijayan 2013 : 655)، پێویستە لێکۆڵەر بە گرنگییەوە تیشکبخاتە سەر ئەو دانپێدانانەی هاوسەری تاوانبار ، کە تاوانبار ئاماژەی پێداوە ، پاشان پرسیار لەوە بکات ، چۆن دانی پێداناوە ؟ بە چ شێوەیەک کاریگەری خستووەتە سەر هاوسەرەکەی ، تا دان بەوەدا بنێت ؟ هاوسەرەکەی بە دیاریکراوی بە چ شێوەیەک گوزارشتی لەو دانپێدانانە کردووە ؟ ... هتد ، ئەو زانیارییانە بە وردی لای خۆی تۆماربکات ، دواتر بەراوردی بە پەنجەمۆری زمانیی هاوسەرەکەی لەگەڵ وەڵامی هەمان ئەو پرسیارانە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بکات ، لە کۆتایشدا زانیارییەکانی هەریەک لە تاوانبار و هاوسەری تاوانبار بە لۆژیکەوە ببەستێتەوە ، چونکە هەروەک دەوترێت "لۆژیک یاساکانی بیرکردنەوەیە هەروەها لۆژیک زمانی گەیاندنی بیرە "( عەلی ٢٠١٤ :٥٣) ، واتە ئەگەرچی زانیارییەکانیشان هەمان شت نەبن ، بەڵام لانی کەم لە دۆزینەوەی ڕاستی نزیکدەبێتەوە بەوەی بەوهۆیەوە دەزانێت ، کە هەریەک لەو تاوانبارە و هاوسەرەکەی

" لەناو بەڵگەکانیاندا چۆن بیرەکانیان ڕێکدەخەن ، چۆن خۆیان لە هەڵە و تەمومژی واتایی بەدووردەگرن " (Leech 1978 :157) ، کە ئەمەش گرنگە بۆ دۆزینەوەی پەنجەمۆری زمانیی هەریەکێکیان و لێکدانەوەی بەڵگەی تاوانەکانیان.

٤- تاوانبار هەر لەو لێدوانەیدا (جێپێی خۆبێبەریکردن) ی هاوسەرەکەی پیشاندەدات ، بەوەی دەڵێت "بەڵام هاوسەرەکەم لای کەسانی تر دەیگوت کاری سێکسیم لەگەڵ تاوانلێکراو نەکردووە ، بۆیە خزمەکانمان بە منیان دەوت ڕاست ناکەی " . لە ڕێگەی ئەم ڕستیەوە ، پێویستە لێکۆڵەر کۆمەڵێک پرسیار ئاراستەی تاوانبار بکات ، بۆنمونە : هاوسەرەکەت بە چ شێوازێک نکوڵی لە ئەنجامدانی کاری سێکسی لەگەڵ تاوانلێکراو کردووە ؟ چی بەڵگەیەکی پێبووە بۆ خۆبێبەریکردن؟ بۆچی خزمەکانت متمانەیان بەو کردووە نەک بە تۆ ؟ ...هتد پاشان بۆ تێگەیشتن لەو زانیارییانەی وەریدەگرێت کەڵک لە پێکەوە گونجانی وشە و دەربڕاوەکانی نێو ئەو زانیارییانە وەربگرێت ، کە تاوانبار گوزارشتی پێکردووە ، بۆ ئەوەش "ڕەچاوی (چەندێتی Quantitative ، کارلێکردنی ناوەکی Interactional ، بارو هەژموونی واتایی Semantic Dominance ) (مەحمود ٢٠١٥ : ٣٤٤) وشە و ڕستەکانی نێو دەربڕاوەکە بکات . دواتر بەراوردی بکات بە بۆچوونی هاوسەرەکەی لەلایەک ، ئەو خزم و کەسوکارەی وەک گەواهیدەر لەو دۆسیە تاوانکارییەدا لێدوان دەدات لە لایەکی دیکە.

٥- تاوانبار لە کۆتایی لێدوانەکەییدا کاتێک دەڵێت " ئەو شتە لە مێشکمدا بوو دوای ئەوەی شەڕم بوو لەگەڵ هاوسەرەکەم و ماڵی بەجێهێشت ، بڕیارمدا تاوانلێکراو بکوژم و چەکم کڕی و چووم کوشتم " ناوبراو بە پێی بە بەکارهێنانی پرەنسیپی زنجیرەیی لە گێڕانەوەی ڕووداوی تاوانەکەیدا، دوو جێپێی زمانیی دەخاتە بەردەست ، یەکەمیان (جێپێی سووربوون لەسەرتاوانکردن) ، بە ئاماژەدان بەو وێنە هزرییەی ، بەهۆی دانپێدانانی هاوسەرەکەیەوە لە لای درووستبووە و بەردەوام لە ئاوەزیدا ماوەتەوە ، تا دواجار کاریگەری لەسەر باری دەروونی دروستکردووە و بووەتە هۆی ئەنجامدانی ئەو تاوانە ، دووەمیان (جێپێی دانپێدانانە ) ، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەبێ بەکارهێنانی هیچ تەمومژیی و بەهانەیەک ، بە زنجیرەیەک ،کاتی بڕیاردانی لە تاوانەکە ، تا کاتی بە ئەنجامگەیاندنەکەی دەگێڕێتەوە .

**دووەم : لێکدانەوەی جێپێ زمانییەکانی بەشداربووانی پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە :**

١- بە تیشکخستنە سەر چێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە لایەن هاوسەری تاوانبارەوە ، لێکۆڵەر درک بە ( جێپێی درۆکردن ) دەکات لە وتەکانیدا ، لەبەرئەوەی ناوبراو لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەدا نکوڵی لە بوونی پەیوەندی دەکات لەگەڵ تاوانلێکراودا ، بە شێوەیەک هاوسەرەکەی تۆمەتبار دەکات بەوەی

دەڵێت " هاوسەرەکەم واتە تۆمەتبار خراپ بووە لەگەڵم و لێیداوم وچەقۆی خستووەتە سەر ملم بۆ ئەوەی بڵێم پەیوەندییم لەگەڵ تاوانلێکراو هەیە و پێی وتووم بانگی بکەرە ژوورەوە و ڕووتی دەکەمەوە و پارەی لێدەسێنم " لە کاتێکدا لە هۆڵی دادگاییکردندا وتەکانی پێچەوانە دەکاتەوە و دەڵێت " تاوانلێکراو هاتووە قاچی بەستوومەتەوە و بەزۆر کاری سێکسی لەگەڵ کردووم و وێنەی گرتووم و پێی وتووم بڵاوی دەکەمەوە دەبێ دووبارە کاری سێکسیم لەگەڵ بکەی ، من لە ترسی باوکم کاتی خۆی سکاڵام لە تۆمەتبارکردووە" چنینەوەی ڕووداوەکان بەو شێوە دژیەکە ، گومان لای لێکۆڵەر دروستدەکات ، کە ئایا لەو دوو گێڕانەوەیە کامیان ڕاستەکەیە ؟ ئایا ڕاستیی ڕووداوەکان هیچ کام لەو دوو گێڕانەیە نییە و ناوبراو لە پەیوەندی خۆشەویستییدا بووە لەگەڵ تاوانلێکراودا بەسەرهاتەکان بە ئارەزوومەندانە بووە ؟ ...هتد ، هەربۆیە هەڵدەستییێت بە داڕشتنەوەی وتەی ئەم کەسە بە پشتبەستن بە هەریەک لە کردەکانی (هۆکاربەندی ، گواستنەوە ، کرتاندن ) ، لەوێشەوە دەگاتە ئەوەی :

أ. جارێکی دیکە بۆ وتەکانی تاوانبار بگەڕێتەوە ، کە باسی لەوە دەکرد هاوسەرەکەی بە تەنیا دانییەوەداناوە ، کە سێکسی لەگەڵ تاوانلێکراودا کردووە ، بەڵام لای خزمەکانی نکوڵیلێکردووە.

ب. تیشکبخاتەسەر ئەو متمانەیەی هاوسەری تاوانبار لای هەندێک لە خزمەکانی درووستیکردووە ، بەوەی هیچ کام لە گەواهیدەرەکان ، گەواهییان بە بوونی پەیوەندی لە نێوان ناوبراو و تاوانلێکراودا نەداوە .

کاتێک لێکۆڵەر ئەم دوو تێڕوانینە ببەستێتەوە بە وتەی کۆتاییەوە ، کە دانی بەوەدا ناوە ، تاوانلێکراو بە زۆر کاری سێکسی لەگەڵدا کردووە ، لەکاتێکدا پێشتر لە دانیشتنەکانی نێوان ئەو خێزانانەدا توانیویەتی جگە لە هاوسەرەکەی لە هەموو کەسەکانی دیکە بشارێتەوە ، کە ئەو کارەی کردووە ، تەنانەت بە شێوەیەک دەوروبەر ڕازیبکات ، کە سەرجەم گەواهیدەرەکان ، تاوانبار بە گومانبەر دەزانن و هیچ کامیان لە وتەکانیاندا ، نە بە ڕاستەوخۆ نە بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بە گومانی پەیوەندی لە نێوان هاوسەری تۆمەتبارو تاوانلێکراودا نەداوە ، تەنانەت بە مەبەستی (خۆبێبەریکردن) لەو کارەی کردوویەتی ، توانیویەتی پەیوەندی بە (ف)ەوە ، کە یەکێکە لە کەسەکانی تاوانبارەکە بکات و بڵێت "هاوسەرەکەم بوختانم بۆ دەکات " ، ئەمە جگە لەوەی باوکی ناوبراو لە وتەکانییدا ئاماژە بەوە دەدات ، کە کچەکەی پەیوەندی پێوە کردووە و وتوویەتی ، کە هاوسەرم " ئەشکەنجەی داوم و داوای لێکردووم ، دان بەوەدا بنێم ، کە من پەیوەندییم هەیە لەگەڵ تاوانلێکرداودا " ، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ بوونی (جێپێی فریودان) لە پەنجەمۆری زمانیی هاوسەری تاوانباردا ، لەبەر ئەوەی :

أ. به گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردندا ، بە شێوازی پێچەوانەی یەکتری ، لێکۆڵەر هەنگاوێک لە ڕاستی دووردەخاتەوە و دەیخاتە گومانەوە .

ب. شاردنەوەی ڕاستییەکان ، بەو شێوە ڕەهایە لە سەرجەم خزم و کەس و کارەکانی جگە لە هاوسەرەکەی ، تەنیا لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی زمانیی فریودانەوە دەبێت.

ت. ناڕەزایی دەربڕین لەلای هەندێک لە خزم و کەس و کاری خۆی و هاوسەرەکەی ، بۆ فریودانی دەوروبەرە ، تا پێش هاوسەرەکەی بکەوێت لە باسکردنی ڕاستییەکاندا ، وێنەیەکی هزری وەها لای کەسەکانی درووستبکات ، کە هاوسەرەکەی گومانی نابەجێی لێدەکات.

پ. لە وتەکانییدا لە قۆناغی دادگاییکردن ، تۆمەتبارکردنی هاوسەرەکەی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا بە بوونی ترس لە باوکی دەبەستێتەوە ، لە کاتێکدا لە لێدوانی باوکییدا باس لەوەدەکات کچەکەی پەیوەندی پێوەکردووە ، وتوویەتی لە لایەن هاوسەرەکەیەوە هەڕەشەی لێکراوە بۆ دانپێدانان بە بوونی پەیوەندی لە نێوان خۆی و تاونلێکراودا ، باوکیشی بەوە ڕازی نەبووە بۆیە شکاتیان کردووە ، بەستنەوەی ئەو دوو ڕووداوە بەیەکەوە و باسکردنیان لە لایەن هاوسەری تۆمەتبارەوە ، بۆ ئەوەیە لە قۆناغی دادگاییکردندا ، بە پشتبەستن بەو ڕەتکردنەوەیەی باوکی ، کە وتویەتی دان بە پەیوەندییەکدا مەنێ لە تیایدا نیت ، وتەکانی بگۆڕێت . هەروەک چۆن لە پێشتردا ، بەمەبەستی فریودانی باوکی ، پەیوەندی پێوەکردووە و ئاماژەی بەوە داوە هاوسەرەکەی دەیەوێت بە زۆر دانپێدانانی پێبکات بۆ کارێک کە نەیکردووە ، لە کاتێکدا بە پێی وتەکانی کۆتایی خۆی لە قۆناغی دادگاییکردندا ، دانی بە بوونی پەیوەندی سێکسی لە نێوان خۆی و تاوانلێکراودا ناوە ، کە بە وتەی خۆی بە ئارەزوومەندانە نەبووە و بەزۆرلێکردنی تاوانلێکراو بووە .

٢- به بەراوردکردنی وتەکانی کەسوکاری تاوانلێکراو ، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە ، کە لێکچوونێکی زۆر لە ڕووی گێڕانەوەی ڕووداو ، چنینی ڕستەکان ، بیروبۆچوون و تێڕوانینەوە بەدیدەکرێت ، لە کاتێکدا لە زمانەوانییدا بە گشتی لەڕووی پەنجەمۆری زمانیی تاکەوە ، ئەو لێکچوونە جێگەی سەرنجە ، لە لە زمانەوانی دەروونیشدا ، بە پشت بەستن بەوەی ، کە مۆدێلی ئاوەزی هەرکەسێک "بریتییە لە ڕوونکردنەوەی بیرکردنەوەی کەسێک (تێڕوانینی کەسێک )بۆ شتێک لە جیهانی ڕاستەقینەدا ، هەروەها ئەم تێڕوانینە چۆنیەتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ شتەکاندا دیاریدەکات لە جیهانی واقع و ئەبستراکتدا لەسەر هەردوو ئاستی تاک و کۆمەڵ بۆ ئەمەش تاک پشت دەبەستێت بە هەموو ئەو کۆزانیارییانەی لە ماوەی ژیاندا بە دەستی هێناون و هەر ئەمەشە دواتر دەبێتە مۆدێلێکی جیهانبینی تاک یان کۆمەڵ " (مەحمود ٢٠١٣ :٣٢) ، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی بگوترێت ، ڕێکەوتنێک لە نێوان کەسوکاری تاوانلێکراودا هەیە ،

لەسەر چۆنیەتی لێدواندان دەربارەی تاوانەکە ، ئەمەش وا لە لێکۆڵەر دەکات ، لە کۆی دەقی ئەو وتە لێکچووانەوە ئەو جێپێیە بدۆزێتەوە ، کە لەلایەک مەبەستی کەسوکارەکەی ڕووندەکاتەوە ، لەلایەک بەڵگەیەکی زمانیی بۆ تاوانەکە زیاد دەکات ، لەم دۆسیەیەدا لە کۆی (یازدە) لێدوانی کەسوکار و گەواهیدەرانی تاوانلێکراو ، (هەشت) لێدوانیان بە هیچ جۆرێک ئاماژەیەکیان لەبارەی بوون و نەبوونی پەیوەندی لە نێوان تاوانلێکراو و هاوسەری تاوانباردا نەداوە ، تەنیا لە ڕێگەی :

أ. تۆمەتبار وای گومانکردبوو کە خێزانی لەگەڵ تاوانلێکراو پەیوەندی هەیە .

ب. ئەوەندەی بزانم لەناو خەڵکدا گوایە تۆمەتباری ئامادە گومانی هەبووە لە براکەم .

ت. من ئەوەندی بزانم کێشە هەبووە لە نێوان تۆمەتبار و کوڕەکەم ، کێشە هەبووە لەسەر ئافرەت .

پ. تاوانلێکراو هیچ شتێکی لای من باسنەکردووە و هەرگیز باسی ئەوەی نەکردووە کە کێشەی لەگەڵ تۆمەتبار هەیە.

گەواهیدەران لەڕێگەی ئەو شێوازە دەربڕینەوە ، خۆیان لە باسکردنی ڕووداوە و هەبوونی زانیاری پێویست دزیوەتەوە ، لە کاتێکدا پێش ئەنجامدانی تاوانەکە چەند کۆبوونەوەیەک لە نێوان خێزانی تاوانبار و تاوانلێکراودا کراوە ، دەکرا کەسوکاری تاوانلێکراو زانیاری و بەڵگەی زیاتریان لەسەر پەیوەندی نێوان کوڕەکەیان و ئەو ئافرەتەدا پێبێت ، ئەمەش لەخۆیدا (جێپێی خۆدزینەوە)یە ، تا لە لایەک خۆیانبدزنەوە دانپێدانان لە هەبوونی پەیوەندی لە نێوان کوڕەکەیان و ئەو ئافرەتەدا لە لایەک ، دوورکەوتنەوە لە گەواهیدانی درۆ لەبەردەم یاسادا لە لایەکی دیکە. ئەوەی کە هەیە لە (سێ) لێدوانەکەی تردا ، درک بە (جێپێی بێبەریکردن) دەکرێت ، بەوەی وتراوە :

أ- ئەم تۆمەتبارە بوختانێکی دروستکرد ، کە پەیوەندی هەیە لە نێوان براکەم و ژنی تۆمەتبار .

ب- ئەوەندەی من بزانم گومانێکی درۆی بە براکەم کرد .

ت- دوای ئەوەی تۆمەتبار و هاوسەرەکەی ئاشتبوونەوە ، تۆمەتبار داوای لێبوردنی کرد ، دوای سێ ڕۆژ کوڕەکەم کوژراوە ، ئەوەندەی من بزانم کە تۆمەتباری ئامادە گومانی هەبووە لە ژنەکەی خۆی ، کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ کوڕەکەی من .

مەبەست لە وتەی ئەم گەواهیدەرانە کە کەسی پلە یەکی تاوانلێکراوەکەن ، هەوڵدانە بۆ (بێبەریکردنی تاوانلێکراو ) لە هەبوونی پەیوەندی لە نێوان ناوبراو ، هاوسەری تاوانباردا ، بە بێ پشتڕاستکردنەوەی ئەو وتانە و پێشکەشکردنی هیچ بەڵگەیەک ، کە نەبوونی پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو کەسەدا بسەلمێنێت . ئەم شێوازە لە دەربڕینیش زۆرجار بەهۆی ئەو هەڵچوونە دەروونی و لایەنە هەستییەوە ڕوودەدات ، کە کەسوکاری تاوانلێکراو بۆ گەیشتنی تاوانبار بە سزاکەی بەکاریدێنن.

٣- ئەوەی لە لێکدانەوەی گەواهیدانی کەسوکاری تاوانباردا ڕووندەبێتەوە :

أ- (جێپێی کاریگەریی ) هاوسەری تاوانبارە ، بەسەر تەواوی لێدوانی گەواهیدەرەکان و بابەتی سەرەکی تاوانەکەوە ، لەبەر ئەوەی پەنجەمۆری زمانیی ناوبراو لە لێدوانەکانی هەریەکێکیاندا ، بەشێوەیەک لە شێوەکان ئاماژەی پێدراوە ، بۆنمونە :

• گەواهیدەر (ک) ئاماژە بەوەدەدات "چەندین جار هاوسەری تۆمەتبار تەلەفۆنی بۆ کردووم ، پێی گوتووم کە لەگەڵ تاوانبار کێشەیان هەیە ، تاوانبار بوختانم بۆ دەکات ، دەڵێیت پەیوەندیت لەگەڵ تاوانلێکراو هەیە".

• گەواهیدەر (ش) دەڵێت "لەو دانیشتنەدا تۆمەتبار گوتی من گومانم لە هاوسەرەکەم هەیە، کە پەیوەندی لەگەڵ تاوانلێکراودا هەبێت ، بەڵام هاوسەرەکەی وتەکانی تۆمەتباری ڕەتکردەوە "

• گەواهیدەر (س) باس لەوە دەکات "من خۆم بە تەنیا لەگەڵ هاوسەری تۆمەتبار دانیشتبووم پێم گووت کە ڕاستی بە من بڵێت ئایا پەیوەندی لەگەڵ تاوانلێکراو هەیە یاخود نا ، بەڵام هەموو جار هاوسەری تۆمەتبار قسەکانی ڕەتکردووەتەوە و گوتوویەتی هەرگیز پەیوەندیم لەگەڵ تاوانلێکراو نەبووە ".

• گەواهیدەر (ل) دەڵێ من بە تەنیا لەگەڵ هاوسەری تۆمەتبار دانیشتم بەڵام لای من سوێندی خوارد ،کە هیچ پەیوەندی لەگەڵ تاوانلێکراو نییە "

لەم وتانەدا بە ڕوونی ئەو کاریگەرییە ڕووندەبێتەوە ، کە هاوسەری تاوانبار بە شێوەی جۆراو لە ڕێگەی دروستکردنی وێنەی هزرییەوە ، بەهۆی کەرەستە زمانییەکانی وەک : (بوختانکردن ، ڕەتکردنەوە ، هەرگیز ، سوێندخواردن) لەسەر ئەو کەسانە دروستیکردووە ، لەبەرئەوەی " وێنەکاری Iconicity دەبێتە مەرجێکی پێشینە بۆ گەیاندن ، پێکەوە هاتن و تێگەیشتن "(مەحمود ٢٠١٣ :٩) ناوبراویش پێش ڕوودانی تاوانەکە ئەو وێنەکارییەی بەکارهێناوە ، تا مەبەستەکەی ، کە تێگەیاندنی ئەو کەسانەیە بەوەی هیچ جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوان ئەو و تاوانلێکراودا نییە ، بگەیەنێت.

٢- درکپێکردن بە (جێپێی دودڵی) لە وتەی (ل) دا ئاماژەیە بۆ درووستبوونی بڕوا بە ڕاستی ئەو گومانەی تاوانبار لەسەر هاوسەرەکەی و تاوانلێکراو هەیبووە ، بۆ نمونە :

أ. گەواهیدەر (ل) ، لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆرفیمی (بەڵام ) ، ئاماژە بە بوونی بەڵگەیەک دەکات دەکات ، لای تاوانبار ، کە ئەم بە گوێی خۆی نەیبیستووە ، دەڵێت " هاوسەری تاوانبار لای من سوێندی خوارد ، کە هیچ پەیوەندی لەگەڵ تاوانلێکراو نییە ، بەڵام تۆمەتبار دەیگوت لای من دانیپێداناوە کە پەیوەندی لەگەڵ تاوانلێکراو هەیە " هەروەها لە بەشێکی تری وتەکانییدا دەڵێت " لە دانیشتنەکەدا تۆمەتبار گوتی با هەموو شتێک قوربانی ئێوە بێت و هیچم لە دڵدا نەماوە ، ئەم دانیشتنە نزیکەی چەند مانگێک پێش ڕووداوەکە بوو" ئەمەش ئەو (جێپێی دودڵییە) زەقدەکاتەوە ، بەوەی توانراوە لەو دانیشتنەدا گومانی تاوانبار بڕەوێنرێتەوە ، بەڵام ئایا چ بەڵگەیەکی نوێ ، یاخود هۆکارێک بووەتە هۆی ئەوەی سەرلەنوێ گومانەکەی لا دروستبێتەوە و تاوانەکەی ئەنجامدا ؟ .

ب. گەواهیدەر (ک) ئاماژە بەوە دەدات " هەمیشە کە تۆمەتبار لە هاوسەرەکەی دەدا ، من دەمگوت بۆ وادەکەی ، ناوبراو دەیگوت من خۆم دەزانم بۆ وا دەکەم " ، جێپ َی دوودڵی لەم وتەیەدا لێکۆڵەر دەبات بەرەو ئەو لێکدانەوەی ، گەواهیدەر بە ڕەچاوکردنی ئەو شوێنە فەرمی و یاساییەی کە قسەی تێدا دەکات ، لەگەڵ پلە و پایەی ئەو کەسەی قسەکانی ئاڕاستە دەکات ، بە ناڕاستەوخۆ داوا لە دادوەر بکات ، داوای ڕوونکردنەوەی زیاتر لە تاوانبار بکات ، بۆ خستنەڕووی ئەو بەڵگانەی کە لایەتی لەسەر هەبوونی پەیوەنید لەلایەن هاوسەرەکەی و تاوانلێکراودا ، کە لە کاتی خۆیدا ئاماژەی بە هەبوونی داوە ، بەڵام باسینەکردووە ،

٢- لە لێکدانەوەی وتەی باوکی تاوانبارەکەوە ، درک بە دوو جێپێی زمانیی دەکرێت ، ئەوانیش :

أ. جێپێی بەڵگە : ئەم جێپێیە لە وتەکانییدا کاتێک دەردەکەوێت ، کە لە بەشێکی وتەکانیدا دەڵێت " نزیکەی سێ مانگ لەمەوبەر کاتێک من و هاوسەری تۆمەتبار لەبەر دەرگا دانیشتبووین ، ئەمبینی تاوانلێکراو ئیشارەتی بۆ هاوسەری تۆمەتبار دەکرد " گەواهیدەر لەم وتەیەدا لەڕێگەی پەیوەستکردنی وتەکانی بە کۆزانیاری پێشینەیەوە ، دەیەوێت درککردن و تێگەیشتنی خۆی سەبارەت بە بابەتی تاوانەکە بخاتە ڕوو ، لەبەر ئەوەی ئاشکرایە ئێمە "کاتێک لە شتێک تێدەگەین ، بەهۆی بەشداریکردنی بەشێک لە ئەزموونەکانمانەوەیە و پشتیش بە کۆزانیاری پێشینەوە (Background Knoledge) دەبەستین " (مەحموود ٢٠١٣: ٨) لێرشەوە و لەسەر بنەمای ئەم ڕوونکردنەوەیەی گەواهیدەر ئەو پرسیارە لای لێکۆڵەر دروستدەبێت ، ئایا ئەو ئیشارەتکردنە ، کۆدێکی نێوان پەیوەندییەکەیان بووە ؟ یان هەڕەشەبووە ؟ یاخود هەوڵدان بووە بۆ دروستکردنی پەیوەندی ؟ ... هتد.

ب. جێپێی پاڕانەوە : لە بەشێکی دیکەی وتەکانییدا ، باوکی تاوانلێکراو جارێکی دیکە ئەزموون و کۆزانیارییە پێشینەکانی وەکو بەڵگە بەکاردێنێتەوە ، بەڵام لێرەدا وەکو هۆکارێک بۆ ڕازیکردنی دادوەر بۆ سوککردنی سزای تاوانبارەکە ، بۆ نمونە :

- تاوانباری کوڕم و هاوسەرەکەی پێشتر هیچ کێشەیەکیان نەبووە.
- هەرگیز تۆمەتباری لای من باسی ئەوەی نەکردووە ، کە تاوانلێکراو دەکوژێت .

گەواهیدەر دەیەوێت بە دادوەر ڕابگەیەنێت ، کوڕەکەی کەسێکی خراپ نییە ، پێشتر و تا کاتی ئەو گومانە لەگەڵ هاوسەرەکەی خراپ نەبووە ، هەرگیز پلانی بۆ کوشتنی تاوانلێکراو دانەناوە و هۆکارێک پاڵنەربووە لە ناکاو ئەو کارە بکات ، هەر وەکو چۆن لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆرفیمی (هەر)ەوە دەیەوێت ئەوە دووپاتبکاتەوە ، کە کوڕەکەی هۆکارێکی هەبووە بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە و دەڵێت کاتێک کە لە کوڕەکەم پرسیوە بۆ لە هاوسەرەکەت دەدەیت " هەر دەیگوت تۆ پەیوەندیت بەوە نەبێت من خۆم دەزانم بۆ وادەکەم".

کەواتە ئەوەی لە لێکدانەوەی زمانەوانی بۆ دەقی وتەکانی ناو ئەم دۆسیە تاونکارییەوە ڕوونبووەوە ، ئەوەیە کە جێپێی سەرەکی دروستبوونی بیرۆکەی تاوانکردن لە لای تاونبار ، (جێپێی دانپێدانان لەلایەن هاوسەری تاوانبار)ەوەیە ، واتە ئەو دانپێدانانەی ، کە هاوسەری تاوانبار لە بارەی بوونی پەیوەندی سێکسی لەنێوان خۆی و تاوانلێکراودا ، بە تەنیا لەبەردەمی تاوانباردا دانیپێداناوە . لە هەمانکاتدا لەڕێگەی ئەو جیپێی بەڵگە زمانییانەی ، لە ڕێگەی پەنجەمۆری زمانیی تاوانبار ، گەواهیدەرەکان بە گشتییەوە ڕووندەبێتەوە ، ئەوە ئاشکرادەبێت ، کە هاوسەری تاوانبار و تاوانلێکراو بە شاردنەوەو نکوڵیکردن لەو پەیوەندییەی لەنێوانیاندا بووە لەلای کەسوکارەکەیان ، دانپێدانان پیایدا لای تاوانبار ، کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری دەروونی تاوانبار درووستکردووە ، لە ئەنجامدا ئەو تاوانەی لێکەوتووەتەوە.

## دووەم :تاوانی لاساییکردنەوە و بەکارهێنانی دراوی ساختە The crime of counterfeiting and using counterfeit currency :

لە یاسای سزادانی گشت وڵاتێکدا بەگشتی ، سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش لە یاسای سزادانی عێراقیدا ، ساختەکردنی درا و پەڕەدراوەکان و قەواڵەدراییەکان ، بە پێی جۆری تێوەگلانی تۆمەتبار لە تاوانەکە ،سزای تایبەتی بۆ دەستنیشانکراوە ، بە شێوەیەک تۆمەتبارێک ، کە تاوانی دەستکاریکردن و لاساییکردنەوەی دراوی لەسەر سەلمێدرابێت ، سزاکەی جیاوازە لە تۆمەتبارێک ، کە بە نیازپاکی دراوێکی لاساییکراو ، یان ساختەکراوی وەرگرتبێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مامەڵەی پێوەکردبێت ، بەهەمان شێوە جیاوازیشە لە تۆمەتبارێک کە بە نیازپاکی ئەوجۆرە دراوەی وەرگرتبێت و هەر لە نەزانینەوە مامەڵەی پێوەکردبێت ، ... هتد .

بەشـی سـەرەکی سـەلماندنی ئـەو تاوانانـە ، پەیوەسـتە بـەو بەڵگـە مادییانـەوە ، کـە دەخرێنـە بـەردەمی دادگـا ، بـەڵام بەهـەمان شـێوەی هـەر تـاوانێکی دیکـە ، دەکرێت بەڵگـەی سـەلماندنی تاوانباری و بێتاوانی تۆمەتبارەکان ، بەهۆی ئەو جێپێ زمانییانەوە چنگبکەون ، کە لـە ڕێگـەی پەنجـەمۆریی زمـانیی تۆمـەتباران و سـکاڵاکاران و گەواهیدەرەکانـەوە درکیانپێـدەکرێت ، بـۆ نمونە :

دۆسیەی دووەم :

ئـەم دۆسـیەیە بریتییـە لـە (تـاوانی بـەکارهێنانی دراوی سـاختە ) لـە لایـەن تۆمـەتبار (ن)، کـە بەڕەگـەز کوردی ڕۆژهەڵاتـە و هـەڵگری ناسـنامەی ئێرانـە ، بـەڵام کـاتی ئەنجامـدانی تاوانەکـە ماوەی شـەش بووە هاوسـەرگیری لەگەڵ پیاوێکی کوردی هـەرێمی کوردسـتاندا کـردووە ، کـە بەوتەی تاوانبارو هاوسـەرەکەی لەسـەرەتادا هاوسـەری تاوانبـار تاونبـاری (هـەڵگرتووە ) واتـە بێ هاوسـەرگیری هێناویەتییە لای خۆی ، بەڵام دواتر هاوسـەری تاوانبـار و بـاوکی پێکهـاتوون و لە کاتی ڕوودانی تاوانەکەدا هیچ کێشەیەکیان نەبووە ، تاوانی نێو ئەم دۆسیەیە لەو کاتـەوە دەستپێدەکات ، کە تاوانبـار دەچێتـە ئارایشـتگایەکی خانمـان و لـە بەرامبـەر ئـەو ئیشـەی بۆیـان کردووە بڕی (سـەد دۆلاری ئـەمریکی) دەدات بـە شـاگردەکانی ئـەو ئارایشـتگایە ، لەبەرئـەوەی خاوەنی ئارایشتگاکە لەو کاتەدا ئامادە نییە و شـاگردەکانیش باقییـان پێنیـە ، پارەکـە دەبـەن بـۆ لای دراوسێ دوکانەکەیان بۆ وردکردنەوە ، بەڵام لەژێر ئـامێری پشـکنیندا دەردەکـەوێت ، کـە دراوەکە ساختەیە ، هـەروەها پاش دەسـتگیرکردن ئـەوەش دەردەکـەوێت ، کـە تۆمـەتبار بـڕی (حـەوت سـەد دۆلاری) دیکـەی سـاختەی پێیـە. لـە ئەنجامـدا و پـاش بـەڕێوەچوونی ڕێکـارە دادوەرییـەکان ، بڕیـاری بەنـدکردنی بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ ، بـە لەبـەرچاوگرتنی بـارودۆخی کێشـەکە و لەبەرئـەوەی سـزادراو هـیچ پێشـینەیەکی نییـە ، بڕیـاری ئـازادکردنی تۆمـەتبار لـە بەرامبەر پڕکردنەوەی بەڵێننامەیەک و هەندێک ڕێکاری یاسای دیکە درا .

لە ڕاستییدا بـەو پێیـەی شـارەزای سـایکۆ_زمانیی بـە تـەواوی ئاشـنای ئەوەیـە ، لـە گێڕانـەوەی ڕووداوی تاوانـدا ، تۆمەتبار(هەریـەکێک لـە لایەنـەکانی بەشـدار لـە لێکۆڵینـەوە ) پێویسـتە لـە سـەرەتادا بـە شـێوەیەکی ئەبسـتراکتانە بـە پێـی پرۆسـەی ئینکـۆد ( Encoding Process) بـە هەڵاوێرکردنی زانیارییەکان هەستێت ، واتە چاوەڕێی ئەوە دەکات تۆمەتبارەکە زانیارییـەکانی بکات بە هێما و بەجفرەیان بکات ، چونکە "بەجفرەکردن لـە تیـۆری زمانـەوانیی گفتوگـۆکردن و لەیەکترگەیشـتدا (گەیانـدنـدا ) کـردە و ڕەوانـی گـۆڕینی تەسـەورەکانە بـۆ هێماکـانی زمـان یـان گـۆڕینی دەربڕینـەکانی پێـڕەوی هێمایـە بـۆ دەربڕینـی وشـەی هـاونرخی پێڕەوێکـی دییکـە و ئەمـەیش بـە مەبەسـتی گفتوگـۆ و لەیەکترگەیشـتن " (مـەحویی ٢٠٠٩ :١٤٠) ، پـاش ئەمانـەش لەڕێگـەی شـەپۆلی دەنگییـەوە زانیارییەکـە بگاتـە گـوێی ، هەربۆیـە هـەر ناچونیەکیـەک لـە

هەلاوێرکردنی ئەو زانیارییانە و نەگونجانێک لە پێکەوەهاتنی زانیارییەکاندا هەبێت خێرا درکپێدەکات ، ئەمە جگە لەوەی زۆر بە خێرایی دەتوانێت جیاکاری لە نێوان وشە و دەربڕاوەکان ، کە لە دەربڕینیاندا دەگۆڕێن بکات و جۆری گۆڕانە جۆراوجۆرەکان ، بە لەرچاوگرتنی مەرجەکانی دەربڕینە گۆڕدراوەکان ، کە لە چەند مەرجێک پێکهاتوون دەستنیشانبکات ، کە بریتین لە:

أ. دەقی / دەوروبەری دەنگی.

ب. جێکەوتە position لەناو وشەدا .

ت. مەرجە فۆنۆلۆژییەکان (نیشانەکانەی شکاندنەوە inflectional features و چەشنەکانی لاگر affix type ).

پ. خێرایی قسەکردن.

ج. شێواز " (مەحوی ٢٠٠٨ :١٧)

بەڵام لە لێکدانەوەی ، دۆسیەی ئەم تاوانە و سەرجەم تاوانەکانی نێو توێژینەوەیەدا ، لەبەر ئەوەی تەنیا پشت دەقە نووسراوەکانی لێدوانەکان بەستراوە ، هیچ تۆمارێکی دەنگی بەردەست نەبوو ، هەروەها هیچ ئامادەبوونێکی ڕووبەڕووی تێدانییە ، هەربۆیە نەتوانراوە ئەو لایەنە دەنگییانە لەبەرچاوبگیرێت ، بەلام ئەوەی توانراوە بە زانستییانە کاری لەسەربکرێت پشتبەستنە بە پەنجەمۆری زمانیی لایەنەکانی تۆمەتبار و سکاڵاکار و گەواهیدەران ، کە دەستنیشان و لێکدانەوە بۆ جێپێی بەڵگە زمانیەکانی نێو دەقی وتەکانیان دەکات :

١- بەتیشکخستنە سەر پەنجەمۆری زمانیی تۆمەتباری تاوانەکە ، تێبینی چەند جۆرێک جێپێی بەڵگەی زمانیی دەکرێت ، بۆ نمونە :

أ. جێپێی متمانەبەخۆبوون و بەرگریکردن لە خود: تاوانبار لە لێدوانەکەیدا باس لەوە دەکات ، پاش ئەوەی ئاشکرا بووە ، کە پارەکەی ساختەیە ، پێیان وتووە تەلەفۆن بۆ ئاسایش دەکەین ئەم لە وەڵامدا وتوویەتی (کێشەم نییە بیکەن ، من پارەی تریشم پێبوو) ، تۆمەتبار بەکارهێنانی (کێشەنەبوون ) لە وتەکانییدا ، دوو مەبەستی لە پشتە ، یەکەمیان بۆ مەبەستی دەربڕینی بێمنەتی و بڕوابەخۆبوونە ، ئەویتریش بەکارهێنانی ئەو متمانەبەخۆبوونەوەیە ، بۆ مەبەستی بەرگریکردن لە خۆی.

ب. جیپێی خۆلادان : تاوانبار سەبارەت بەو کەسەی کە پارەکەی بۆ گۆڕیوە ، خۆی لە ئاشکراکردنی هەر زانیارییەک لە بارەیەوە لادەدات و لەوڕووەوە دەڵێت "ئەو کەسەی کە

پارەکەی منی گۆڕی ، نە دوکان  نەمێزی نەبوو ، دەستگیڕبوو ، دوای ئەوە نازانم چیلێهات " بۆ لێ ًکدانەوەی ئەم بەشە لە وتەی تۆمەتبارەکە ، پێویستە لێکۆڵەر ئەبستراکتانە لەڕێگەی پرۆسەی تێگەیشتنەوە ، کە یەکێکە لە پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زماندا ، هەڵسەنگاندنێک بۆ گونجاندن و نەگونجاندنی ئاستی سیمانتیکی  و لۆژیکی ئەو بەشەی وتەی تۆمەتبارەکە ، بە پێی پرنسیپی سەلماندن The principle of verification  بکات ، چونکە "بە پێی ئەو ڕێبازە هیچ دەربڕینێک وەک دانەیەکی پڕواتا سەیر ناکرێ ، تا ئەو کاتەی سەلماندی لەسەر نەکرێ ، بەهۆی سەرنج و تێبینی ، یان ڕێبازێکی زانستی ستانداردەوە "(احمد ٢٠٠٨: ١٤٥) ، بۆیە لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە لەسەر پێکەوەهاتنی ئەو دەستەواژانە و گونجاندنیان لەگەڵ لۆژیکدا هەیەتێبینی ئەوە دەکرێت بابەتی ئاڵوگۆڕکردنی  دراو ، لە ڕوانگەی هەستی گشتییەوە ، بابەتێکی هەستیارە و هەمیشە کەسەکان هەوڵدەدەن ، لای کەسی متمانە پێکراو ئاڵوگۆڕی پێبکەن ، نەک لای کەسێک ، کە نەک دوکان ، تەنانەت مێزێکیشی نەبێت.

ت. جێپێی درۆکردن : تاوانبار لە کۆی وتەکانییدا ، دووجار ڕێگا بۆ لێکۆڵەر کراوە دەکات بە جێپێی درۆکانیدا بڕوات :

یەکەمیان :  تاوانبار بە پشتبەستن بەوەی لە بنەڕەتدا هاوڵاتی ئێرانە و هاوسەرگیری لەگەڵ هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستان کردووە ، دەیەوێت تۆمەتەکە بخاتە پاڵ ئەو کەسە نەناسراوەی ئاماژەی پێداوە ،دەڵێت "پارەکەی دامێ و وتی دۆلار بۆ تۆ باشترە " ، بەڵام لێکدانەوەی سایکۆ_زمانیانە ، بۆ ئەم بەشەی لێدوانەکەی، کە زانیارییەکانی نێوی دەبەستێتەوە بە "بە ئەزموونە تاکگەراییە کەسییەکانەوە " (مەحمود ٢٠١٢ :٣١٣ )  ئەوە ڕووندەبێتەوە ،  کە ناوبراو دەیەوێت بە پشتبەستن بەوەی کە لە بنەڕەتدا ، هاوڵاتی هەرێم نییە ، خۆی بێئاگا دەرخات لەوەی مامەڵەکردن لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی بە دیناری عێراقییە ، لەکاتێکدا لەگەڵ ئەوەی بە ڕەگەز هاوڵاتی ئێرانییە ، بەڵام هاوسەرکەی خەڵکی هەرێمی کوردستانە و شوێنی ژیان و مانەوەی هەر لەو کاتەوە کە لەگەڵ ئەم پیاوەدا هەڵهاتووە لە دوو ناوچەی جیاوازی ئەم هەرێمە بووە ، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەبێت زانیاری ئەوەی لابێت ، کە دیناری عێراقی بۆ ئەو باشە نەک دۆلار ، بە واتایەکی تر هەروەک چۆن (محمود ٢٠١٥ : ٣٦٠) دەڵێت "هەندێک جار تەنها یەک ڕاستی لە ئاخاوتنەکەدا هەیە ، کەسی درۆزان دەزانێت چۆن سەرجەمی درۆکانی لەو تاکە ڕاستییەوە دەپێچێت بەمەش یاسایی بوونێک بە سەرجەمی بابەتەکەی دەبەخشێت " ئەم تۆمەتبارەش لەڕێگەی ئەو تاکە ڕاستییەوە ، کە ناوبرا بە ڕەگەز ئێرانییە ، توانیویەتی بە درۆ سەرلەبەری دەقی وتەکانی لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە دابڕێژێتەوە.

دووەمیان : تاوانبار لە کۆتایی لێدوانەکەیدا دەڵێت " ئەو پارەیە مێردەکەم ئاگادارنەبووە ، لەبەر ئەوەی هەندێکی هی خۆم بوو ، هەندێکی هی دراوسێکانمان بوو ، دابوویان پێم قوماشیان بۆ بکڕم " ، ئاماژەیە بۆ ئەوەی تاوانبار بە لەبیرکردنی گریمانەی پێشینەی سایکۆلۆژی Psyological Presuppotition conviection ئەو لێدوانەی داوە ، چونکە گریمانەی پێشەکی سایکۆلۆژی لە دەقی ئەم بەشەی لێدوانەکەیدا ، بریتییە لەوەی تاوانبار شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستای ، ناوچەیەکە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ودراوسێکانیشی وەک هەر تاکێکی ئەم هەرێمە ئەو دراوەی مامەڵەی پێوەدەکەن ، دیناری عێراقییە ، لە کاتێکدا ئەو پارەیەی بە گوتەی خۆی ، کە هی دراوسێکانی بووە ، لەبنەڕەتدا تمەن بووە و ئەو گۆڕیویەتی بەو دۆلارە ساختەیە ، دەربڕینێکی لەمجۆرەش هەرگیز لای شارەزاییەکی زمانیی هەر وا بە ئاسانی تێناپەڕێت و بۆ دڵنیابوونەوە لەو جێپێی درۆکردنە ، جەختدەکاتەوە لەسەر داواکردنی وەڵامی هەندێک پرسیاری وەک ئەو دراوسێیانە لە هەرێمی کوردستان دراوسێی ئەون ؟ یان دراوسێی کەسوکارەکەین لە ئێران ؟ چونکە لێکۆڵەر لە ڕێگەی ئەو زانیارییەوە دەتوانێت بچێتە چەقی ڕاستی وتەکانییەوە ، جەخت لەسەر سەلماندنی جێپێی درۆکردن لە قسەکانییدا بکاتەوە ، چونکە ئەگەر دراوسێی خودی خۆی بن ، بۆ هەموویان دراوی ئێرانییان داوەتێ بۆ قوماش کڕین؟

١- لە لێکدانەوەی پەنجەمۆری زمانیی گەواهیدەراندا ، ئەم جێپێیانە دەردەکەوێت :

أ. جێپێی بڕواپێکردن : لە وتەی یەکێک لە گەواهیدەرەکاندا ، کە خاوەنی ئارایشتگاکەیە ، جێپێی بڕواپێکردن بە وتە و هەڵسوکەوتی تاونبارەکە ڕووندەبێتەوە ، کە خۆی ئامادەنەبووە و لەڕێگەی وتەی شاگردەکانییەوە بیستوویەتی ، بەوەی دەڵێت " شاگردەکانم پێیان وتم دوای ئەوەی کە گومانمانکردووە ، پارەکە ساختەیە تۆمەتبار خۆی بەلایەوە سەیربوو و داوایکردووە پارەکە ببەن بۆ فەحصکردن بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی ساختەیە یان نا".

ب. لە وتەی هاوسەری تاوانباردا ، درک بو بوونی دوو جێپێی بەڵگەی زمانیی دەکرێت ، ئەوانیش :

• جێپێی بێئاگایی و خۆبێبەریکردن : گەواهیدەر لە بەشێکی وتەکانییدا دەڵێت "من بە دادگای ڕادەگەیەنم کە هیچ زانیارییەکم نییە لەسەر ئەو حەوت سەد دۆلارەی کە هاوسەری تۆمەتبارم بە تمەن گۆڕیویەتییەوە و من لەگەڵیدا نەبووم و نازانم لە کێی کڕیوە و تەنانەت لای من باسینەکردووە ، کە تمەنەکەی گۆڕیوەتەوە بە دۆلار"

• جێپێی پاڕانەوە : لە کۆتایی وتەکانییدا ، گەواهیدەر بەمەبەستی سەلماندنی بێتاوانی خۆی و جێبەجێنەکردنی سزا بەسەرخۆی و هاوسەرەکەیدا ، پەنا دەباتە بەر شێوازی پاڕانەوە

لەڕێگای دووپاتکردنەوەی بێتاوانی خۆی هێنانەوەی بەڵگە وەکو پاڵپشتییەک بۆ بەرگریکردن لە خۆی و هاوسەرەکەی و دەڵێت " من بێتاوانم ، هیچ زانیارییم نییە لەسەر ئەو پارەیە و نازانم لە کێی کڕیوە و هاوسەرەکەشم نەیزانیوە کە ئەو پارەیە ساختەیە ، چونکە هەرگیز پارەی ساختەمان نەبووە و بەکارم نەهێناوە و ساختەشم نەکردووە و پێشتر حوکمنەدراوم" ، ئەوەی تێبینی دەکرێت لەو وتانەوە کە ئاماژەن بۆ جێپێی پارانەوە ، گەواهیدەر جۆرێک لە نادڵنیایی و گومان لە وتەکانییدا بەدیدەکرێت ، لە بارەی تاوانباری و بێتاوانی هاوسەرەکەیەوە ، چونکە لەو شوێنانەدا کە زمان بۆ بەرگریکردن بەکاردێنێت ، لە بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی تاک کە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و کەسی سێیەمی تاک کە دەگەڕێتەوە بۆ هەردووکیان ، کەمێک دوودڵە و بە شێوەیەکی یەکسان بەکاریان ناهێنێت ، من بێتاوانم ،هیچ زانیارییم نییە لەسەر ئەو پارەیە و نازانم لە کێی کڕیوە و هاوسەرەکەشم نەیزانیوە کە ئەو پارەیە ساختەیە ، چونکە هەرگیز پارەی ساختەمان نەبووە و بەکارم نەهێناوە و ساختەشم نەکردووە و پێشتر حوکمنەدراوم "، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی جێپێیەکی دیکە لە وتەکانییدا ، کە (جێپێی نادڵنیاییە).

لە لێکدانەوەی جێپێی بەڵگە زمانییەکانی نێو ئەم دۆسیە تاونکارییەدا ئەوەی ڕووندەبێتەوە ئەوەیە ، تاوانبار لەڕێگەی ( جێپێی متمانە بەخۆبوون و بەرگریکردن لە خود)ەوە ، توانیویەتی نیازپاکی خۆی لەبەکارهێنانی ئەو دراوە ساختانەوە بسەلمێنێت ، لەکاتێکدا هەندێک لە ئاماژە زمانییانەی لەڕێگەی پەنجەمۆری زمانیی تاوانبارەوە ڕوونوونەتەوە و جێپێی بەڵگەی جۆراوجۆریان درووستکردووە ، هەندێک بەڵگە لە دژی بێتاوانی ناوبراو دەخەنەبەردەست.

## سێیەم : تاوانی بردنیماڵی دەوڵەت Embezzlement :

تاوانی بردنی ماڵی دەوڵەت ، مەبەست لە تاوانەیە ، کە ئەنجامدەرەکەی " فەرمانبەرێک یان یا کەسێ کە خزمەتێکی گشتی دەکات بردنی ماڵی دەوڵەت لە ماڵێک یا کەلوپەلێک یا پەڕێکی سەلماندنی مافێک یا شتێکی ژێر دەستی خۆی کردبێ یا شاردبێتەوە "(خۆشناو ٢٠٢٠ :٣٠٤) .

دۆسیەی سێیەم :

تاوانی ئەم دۆسیەیە ، کە بریتییە لە (بردنی ماڵی دەوڵەت) ، دەربارەی تاوانی تاوانبار (ش) ، کە کارمەندی گرێبەست بووە لە یەکێک لە فەرمانگەکانی ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان ، ناوبراو لە فەرمانگەکەیدا ئەرکی بڕینی پسوڵە و ڕێکخستنی قەواڵە و ایداعی بانکی لە ئەستۆ بووە ، پاش ئەوەی لە فەرمانگەکەیدا دەفتەر وەسڵێکی پڕکراوە کە لە ئەستۆی ناوبراودا بووە ، دیارنامێنێت ، لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە ، کە بۆ لێکۆڵینەوە و وردبینی ئەو بابەتە دانراوە ، دەردەکەوێت بڕی (٢٢٩٨٥٠٠)دوو ملیۆن و دووسەد و نەوەد و هەشت هەزار و پێنج

سەددینار، بە ماوەی سێ ساڵ ، کە ناوبراو لێ بەرپرسیارە ، دیارنییە ، لە ئەنجامدا دادگا دوای بەڕێوەچوونی ڕێکارە یاسایەکان و وەرگرتنی دانپێدانانی تاوانبار ، کە دەڵێت "تەنها بڕی (٢٠٠٠٠٠)دوو سەد هەزار دیناری لە پارەی فەرمانگەکەی بردووە و داویەتی بە کرێی خانووەکەی ، کە کرێچییە و ئامادەیە ئەو بڕە پارەیە بگێڕێتەوە بۆ دەوڵەت " هەروەها وتەی گەواهیدەەکان ، بڕیاریداوە بە بەندکردنی بۆ ماوەی شەش مانگ بۆ هەر ساڵێک لەو سێ ساڵە و بە پێی ماددەی (٣/١٣٢) لەیاسای سزادانی عێراقی و جێبەجێکردنی سزاکەی یەک لە دوای یەک ، هەروەها ئازادنەکردنی ، تا ئەو کاتەی بڕی (٢٢٩٨٥٠٠) هکە دەگەڕێنێتەوە بۆ دەوڵەت ، تەنانەت ئەگەر ماوەی سزاکەشی تەواو کردبێت.

لێکدانەوەی زمانەوانی بۆ وردەکارییە زمانییەکانی تاوانی تێو ئەم دۆسیەیە ، لە ڕێگەی لە پەنجەمۆری زمانیی تاوانبار و هەریەک لە گەواهیدەرانی تاوانەکە ، بەپێی پرنسیپەکانی سایکۆ_زمانیی دادوەری بەم شێوەیە:

١- ئەوەی لە وتەکانی تاوانباردا تێبینیدەکرێت ، شێوازی دەربڕینی تیشکخستنەسەر و دەستنیشانکردنە ، کە وەکو پەنجەمۆری زمانیی ئەو تاوانبارە ، بەشێوەیەکی بەرچاو ، بەسەر تەواوی دەقی وتەکانییەوە دیارە ، واتە تاوانبار لە ناو وتەکانییدا بۆ ئەوەی ئەو تێگەیشتنەی ، کە خۆی مەبەستێتی لای دادوەر دروستبیکات ، پشت بە پرۆسەی دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی دەبەستێت ، بەوەی "لە ڕستە دەربڕاوەکاندا دەستەیەک یان کۆمەڵێک وشە و ڕستەی هەڵبژێردراو چالاکدەکات ، کە لەگەڵ تێکردەکەدا دەگونجێن و هەریەک لەم چالاککرانەوانە لەگەڵ یەکتردا کێبڕکێ دەکەن بۆ ئەو مەبەستەی بۆی چالاککراون ، ئەوانەش ، کەبەرگەی زۆرێک لە هاڤرکێکان ناگرن و دەکرێنەدەرەوەی دەستەکە و تەنها یەک وشەیان دەمێنێتەوە ، کە پڕاوپڕی هەڵبژاردنەکەیە "(مەحموود ٢٠١٢ :١٥٧) ، بەم شێوەیە تاوانبار لەناو وتەکانییدا تیشکدەخاتە سەر هەندێک مۆرفیم و دەستەواژە و چالاکیاندەکات ، کە هەریەک لەمانەش ئاماژەن بۆ جۆرێک جێپێی بەڵگەی زمانی ، کە تاوانبار هەوڵدەدات لە ڕێگەیانەوە جێپێی مەبەست پیشانی دادوەر بدات ، کە لە کۆتایی وتەکانییدا ڕووندەبێتەوە ، بۆ نمونە :

- تەنیا وەصڵی مامەڵەکانم دەبڕی. (جێپێی متمانەپێکردن).

- ئەو پارەیەی ، کە لە هاوڵاتیانم وەردەگرت بەبێ وەصڵ لەناو قاسەی فەرمانگەکەمان هەڵمدەگرت. (جێپێی بەڵگە هێنانەوە).

- دوای تەواو بوونی دەوام پارەکەم دەبرد بۆ بانکی ڕانیە بە پێی ئەو سجلەی کە ڕۆژانە وەسڵەکانی تێدا تەسجیل دەکرا لە لایەن دوو کارمەندی ژمێریاری دیکەوە بە ناوەکانی(ڕ) و (ب) . (جێپێی هێنانەناوەوە و بەشدارپێکردن)

• لە ماوەی ئەو چەند ساڵدا هیچ زیادەیەک نەبوو کە دەمبرد بۆ بانک ، بەڵکو زۆرجار کەمیدەکرد خۆم لەسەر گیرفانی خۆم دەکرد تەواومدەکرد و ڕادەستی بانکم دەکرد. (جێپێی پەسنکردن).

• تەنیا یەکجار پارەی زیادمان دا  بە بانک ، بەڵام نەمانتوانی وەریبگرینەوە ، چونکە پێویستی بە واژووی وەزیر بوو ، کارمەندێکی دیکەشمان لەگەڵ بوو بەناوی (م)، کە وەسڵەکانی تەسجیلدەکرد. (جێپێی بەڵگەهێنانەوە ، جێپێی هێنانەناوەوە و بەشدارپێکردن )

• لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٨)دا کە بەڕێوەبەر حساباتی کردبوو، دەرکەوت بڕی (٢٠٠٠٠٠)دووسەد هەزار دیارنییە. (جێپێی ئامراز)

• پێش دروستببونی ئەو کێشەیە نزیکەی بیست ڕۆژ دەبوو ، بڕی (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار دیناری عێراقیم لە قاصەی فەرمانگەکەمان دەرهێنا بۆ کرێی خانووەکەم. (جپێی بەڵگەهێنانەوە )

• چونکە زۆر هەژار بووم پارەم نەبوو لەلایەن خاوەنماڵەوە داوای کرێم لێدەکرا. (جێپێی پاساو هێنانەوە)

• هەندێک کەلوپەلی ماڵەوەم فرۆشت ، لەگەڵ ئەو دوو سەد هەزارە کرێی خانووەکەم پێدا. (جێپێی بەڵگەهێنانەوە)

• بەونیازەبووم ، کە مووچە وەربگرم بڕی (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار دینار بخەمەوە ناو قاسەی فەرمانگە، بەڵام پێش ئەوەی مووچە بێت ، ئەو کێشەیە دروستبوو ، تا ئێستا نەمتوانیوە بڕی (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار دینارەکە بخەمەوە ناو قاسەی فەرمانگە. (جێپێی نیازپاکی و پاڕانەوە)

• سەبارەت بەو پارانەی تر کە دیارنین و لە ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەدا هاتووە ، من ئاگاداری نیم بە هیچ شێوەیەک لای من نییە. (جێپێی مەبەست)

سەبارەت بە لێکدانەوەی وتەکانی تاوانبار ، بە پێی پەنجەمۆری زمانییەکەی ، تێبینی ئەوە دەکرێت، کە  تاوانبار لە شێوازی دەربڕینی وتەکانیدا ، پشتی بە (پلانی دەربڕین ) بەستووە ، چونکە بە پێی ئەم پلانە " ئاخێوەر لە سەرەتادا بە شێوەیەکی گشتی پلان بۆ ئاخاوتنەکەی دادەنێت ، پاشان بۆ ڕستە دواتریش بۆ پێکهاتەکانی ڕستە "(عبدة ١٩٨٤: ٤١) ، ناوبراویش لەسەرەتادا ، پلانی داناوە بۆ داڕشتنەوەی بەسەرهاتی ڕووداوی تاوانەکە ، لە ڕێگەی دەربڕینی چەند ڕستەیەکەوە کە هەریەکەیان جۆرێک جێپێی بەڵگەی زمانیی لە خۆدەگرن ، ئەمەش بەهۆی دەستنیشانکردنی هەندێک لەو کلیلە وشانەی ، کە یەک لە دوای یەک پەسنی

ڕووداوەکانی پێدەکات ، تا وەک زانیارییەکی پێشینە ، بیگەیەنێتە لای دادوەری لێکۆڵینەوە ، بۆ ئـەوەی جێپێـی کۆتـایی لێدوانەکـەی پێپەسـنبکات ، کـە (جێپێـی مەبەسـت)ە ، واتـە تاوانبـار هەوڵیداوە پلانی دەربڕینەکەی بەم شێوەیە دابڕێژێت :

(لەسـەرەتادا لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی مۆرفیمی تـەنیا جۆری ئەو وەسـڵانە دیاریبکات کە ئەم کاری لەسەرکردووە ، پاشان دەستەواژەی بەبێ وەسڵ بەکاردێنێت ، تا ئەو بەڵگەیە بهێنێتـەوە ، من بەرپرسم لـە هـەڵگرتنی پارەکان بـەڵام وەسڵەکان نا ، دواتر نـاوی کەسـانی دیکـە دێنێتـە ناوەوە جا بەمەبەستی ناوهێنان وەک بەشدار لـە تاوانەکەدا ، یان وەک ئەوەی گەواهیدەری کارەکـانی ئـەون ، پاشـان پەسـنی جـۆری کارەکـەی دەکـات ، کـە کێشـەداربووە و زۆرجـار کەمیهێناوە ، بـەڵام نـاوبراو لەسـەر گیرفـانی خـۆی چارەسـەری کـردووە ، نمونـە بـۆ چـۆنێتی ڕاپەڕاندی کارەکانی دێنێتەوە و دیسان ناوی کەسانی دیکە دێنێتە ناوەوە ، هەر بۆ یەکێک لەو دوو مەبەستەی پێشتر ئاماژەی پێدرا ، پاشان ڕاستییەک لە نێو ڕووداوەکەدا وەکو ئامرازێک ، تا لە ڕێگەیـەوە مەبەستەکانی دواتری پێداڕێژێت ، دەستنیشـاندەکات ، کە ئاشکرابوونی بڕی (٢٠٠٠٠٠) دووسـەد هـەزار دینـارە ، وەک سـەرەتای ئاشکرابوونی پارەکـانی دیکـەش ، دواتـر بیسـت ڕۆژ پـێش ڕوودانـی تاوانەکـە دیاریـدەکات ، وەکـو کـاتی بردنـی (٢٠٠٠٠٠)دووسـەد هەزارەکە ، تا لە ڕێ◌َگەیەوە خۆی بێبەریبکات لـە لـە بردنی پارەکانی پێش ئـەو بـەروارە کە برەکەیان زیاترە ، پاشان پاساوی هەژاری و زۆرلێکردنی خاوەن ماڵ بۆ پێدانی کرێی خانوو دێنێتـەوە ، دواتـر بـۆ سـەلماندنی ڕاسـتی وتـەکانی کەتـەنیا بـڕی (٢٠٠٠٠٠) دوو سـەدهەزار دینـاری لـەو پارەیـە بـردووە ، فرۆشـتنی کەلوپـەلی ماڵەکـەی بەمەبەسـتی تـەواوکردنی پـارەی کرێـی خانووەکـەی وەکـو بەڵگـەیـەک دەهێنێتـەوە ، پـێش پێشکەشـکردنی وتـەکانی کۆتـایش ، بەمەبەسـتی جوڵانـدنی هەسـتی دادوەر بـۆ نەسـەپاندنی سـزای قـورس ، پـەنا دەباتـە بـەر ، سـەلماندنی نیازپـاکی لەگەڕاندنـەوەی پارەکـە و خسـتنەڕووی هۆکـاری نەگەڕاندنەوەکـەی ، لەکۆتایشـدا مەبەسـتەکەی دەخاتـەڕوو ، کـە دەیـەوێت بڵێـت ، بـە پێـی ئـەو بەڵگانـەی پێشـتر هێنامەتەوە ، من لە بڕی ئەو (٢٢٩٨٥٠٠)دوو ملیۆن و دووسـەد و نـەوەد و هـەشـت هـەزار و پێنج سەد دینارە کە دیارنییە ، تەنها (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار دینارم بردووە.

٢- لــە لێکدانــەوەی پەنجــەمۆری زمــانیی هەریــەک گەواهیــدەرانی بــەرگری (کەســوکاری تاوانبار)ەکەوە درک بە (جێپێی ڕێکەوتن)دەکرێت ، چونکە :

بە وردبوونەوە لەسەرشێوازی داڕشتنەوەی وشەکانی نێو دەقی لێدوانـەکانی گەواهیـدەرەکان ، درک بە هەمان شێوازی دەربڕینی تاوانبارەکە دەکرێت ، کە پشتی بە پلانی دەربڕین بەسـتبوو چونکە گەر سەرنجی وتەکانیان بدرێت ، ئەو پلانە گشتییەی بۆ وتەکانیان دایانڕشتووە هـەمان پلانە ، لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤێک پێش دەستپێکردنی ئاخاوتن ئامادە باشییەک بۆ دەربڕینی

بیرۆکەکەی دەکات و خۆی باشی ئەوە دەزانێت بۆچی مەبەستێک بیرۆکەکەی دەردەبڕێت ، دیارە ئەمەش بەپێی توانای هزری و زمانیی و جیهانبینی و کۆزانیارییەکەی دەگۆڕێت ، بۆنمونە هەروەک چۆن ، تەماشاکەرانی هەمان فیلم ، لە پەسنی ڕووداوەکانی فیلمەکەدا ، هەریەکە و لە گۆشەنیگایەکەوە ، دەست بە بە باسکردن دەکەن ، تەنانەت گەر لە هەمان گۆشەنیگاشەوە قسەی لەبارەوە بکەن بەلاّم لە هەلّبژاردنی ئەو وشانەدا، کە گوزارشتی پێدەکەن جیاوازن ، چونکە ( وێنەی ئاوەزییەکان لە ئەزموونی درککردنی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن و پەیوەستن بەو ئەزموونانەوە ، ئەم ئەزموون و زانیاریی کەڵەکەبووانەش لە کاتی پێویستدا وەک بیرێک دەینێرێت ، یان بیرێکی پێشیدەکاتەوە و ڕاستەوخۆ با ئاستی تاکە کەسەکانەوە پەیوەستە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی کە جیاوازە ، چونکە پەیوەستە بە هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان ، بۆیە سەرجەمی وێنە ئاوەزییەکانی ناو مێشکی مرۆڤ خۆکردە و بەدەستهاتووە ) (احمد ، حەسەن ٢٠١٧ : ٥٧-٥٨) بەلاّم لە وتەی گەواهیدەرانی بەرگری تاوانبارەکەوە ، درک بە هەندێک لێکچوون دەکرێت ، کە تەواو ڕێکەوتنی پێوەدیارە ، بۆ نمونە :

• هەریەک لە گەواهیدەر (ن)، کە دەکاتە برای تاوانبار ، گەواهیدەر (ئـ) هاوسەری تاوانبار ، گەواهیدەر (هـ) دایکی تاوانبار ، لەسەرەتای وتەکانیانەوە ، باس لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٨) دەکەن ، وەکو ئەو کاتەی براکەیان تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە ، واتەدەستپێکی وتەکانیان ، بەجەختکردنەوە لە بەشی کۆتایی وتەکانی کوڕەکەیانەوە دەستپێدەکات ، کە بۆ مەبەستی ئەوە دەریبڕیبوو ، تا خۆی پاکبکاتەوە ، لە بردنی بڕی پارە زۆرەکەی پێش ئەو بەروارە دیارنەماوە .

• ڕاستەوخۆ پاش دەستنیشانکردنی ئەو بەروارە ، هەرسێ گەواهیدەری ناوبراو ، جەخت لەسەر ئەو بڕە پارەیە دەکەنەوە ، کە تاوانبار دەستیشانیکردووە و دەڵێت تەنیا لەو بڕە بەرپرسم ، کە بڕەکەی(٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار دیناری عێراقییە.

• دواتر هەرسێ گەواهیدەرەکە لەڕێی (جێپێی پاساوبۆهێنانەوە)وە ، پاساو دەهێننەوە کە کوڕەکەیان بە ناچاری و لەبەر هەژاری و بەمەبەستی دانی کرێی خانوو ، ئەو بڕە پارەیەی بردووە.

• پاش پاساوهێنانەوە ، هەرسێکیان ئاماژە بە نیازپاکی تاوانباردەکەن و ئاماژە بەوە دەدەن ، کە تاوانبار وتوویەتی "ئەو بڕە پارەیەم لە فەرمانگە هێناوە و کە مووچەم وەرگرت ، پارەکە دەگەڕێنمەوە"

• له كۆتاییشدا هەریەک لە گەواهیدەر (ئ) هاوسەری تاوانبار ، گەواهیدەر (هـ) دایکی تاوانبار ، لە ڕێگەی جێپێی (پاڕانەوە)وە ، بێتاوانی کوڕەکەیان پیشاندەدەن بەوەی دەڵێن"تاوانبار هیچ کاتێک هیچ کێشەیەکی نەبووە"

٣- لە لێکدانەوەی وتەی هەندێ لەو گەواهیدەرانەی لەو فەرمانگەیدا کاردەکەن ، کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدروا ،ئەم جێپێی بەڵگانە بەدیدەکرێت :

أ. جێپێی بەڵگەهێنانەوە : ئەمجۆرە جێپێیە لە ناوەڕۆکی وتەکانی هەندێک لە گەواهیدەرەکاندا دەردەکەوێت ، بۆ نمونە :

• گەواهیدەر (ل) دەڵێت" بەپێی ڕێنماییەکانی وردبینی دەبێت ، هەر تۆمارێک لە بەشی ژمێریاری تەواوبکرێت و پاشان بنێردرێت بۆ وردبینی ، بەڵام تۆماری پسوڵەکان نەهاتووە بۆ ژووری وردبینی ، لەو دوو ساڵەدا کە من لە وردبینی بووم " لە کاتێکدا کاری تاوانبار بڕینی وەسڵی پارەی هاوڵاتیان و وەرگرتنی پارە بوە لێیان لەو ماوەی ئەو ساڵأنەدا کە گەواهیدەر ئاماژەی پێداوە .

• گەواهیدەر (س) ئاماژە بەوەدەدات "تاوانبار کاتێک پارەی دەبر بۆ بانک لەسەر بنەمای تۆماری(...) دەیبرد ، کە ئەوەش ڕێکارێکی هەڵەیە ، دەبوایە لەسەر بنەمای بەراوردکردنی وەسڵەکان و تۆماری (...) پارەی ببردایە بۆ بانک.

• گەواهیدەر (د)باس لەوە دەکات "تۆمەتبار لە بری ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو وەصڵانەی ، کە لایەتی و بۆ مامەڵەی هاوڵاتیان بڕیوویەتی ،پارە بەرێت بۆ بانک لەسەر بنەمای ڕێکارێکی هەڵە دەیبرد"

• گەواهیدەر (ڕ) یش لە وتەکانییدا دەڵێت " کە دوو ساڵ بە لە ڕوودانی تاوانەکە ، تاوانبار پێی ڕاگەیاندوون ، کە بڕی پارەی زیادی بردووە بۆ بانک، ئەوان هەوڵیانداوە ، کە بیگەڕێننەوە ، بەڵام کە بە تۆمەتباریان وتووە پێویستی بە ئیمزای وەزیرە ، پێی وتوون وازی لێبێنن ماندووبوونی زۆری دەوێت، تۆمەتبار پارەکەی لە گیرفانی خۆی داوە" ، کە شەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی تۆمەتبار نەیویستووە ، پێداچوونەوە و وردبینی بەسەر پسوڵە و مامەڵەکاندا بکرێت و هیچ شتێک ئاشکرابێت.

ب. جێپێی پاساو هێنانەوە : لە لێدوانی زۆرێک لە گەواهیدەرەکانەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە ، کە تێپەڕبوونی ئەو کارە بەسەریاندا و ئاشکرانەبوونی ئەو تاوانە ، دەگەڕێتەوە، بۆ چۆنیەتی دەوامی فەرمانبەران ، کە بە هۆی قەیرانی داراییەوە ، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا دەوامکردنی فەرمانبەران بە شێوەی نۆبە بووە ، تەنیا دوو ڕۆژ لە هەفتەیەکدا دەوامیان کردووە ، ئەمەش

بووەتە هۆی ئەوەی فەرنمانبەران نەپەرژێ،ە سەر ئەوەی بزانن ، لە ڕۆژانەی ئەوانی لێنەبووە ، چ کارێک کراوە و چۆن بەڕێوەچووە.

کەواتە بۆ لێکدانەوەیەکی گشتی ئەو جێپێ بەڵگەییانەی لەم دۆسیە تاوانکارییەدا دەستنیشانکرا ، گەر جێپێی گەواهیدەرانەوە دەستپێبکەین و بگەڕێینەوە سەرەتا، تێبینی ئەوە دەکرێت ، کە بۆچوونی بەکارهێنانی پلانی دەربڕین لەلایەن ، تاونبارەوە بۆچوونێکی ڕاستە ، تاوانبار بەوپێیەی هیچ ڕێگایەکی نەبووە بۆ نکوڵیکردن لەو تاوانە ، ئەو پلانەی بۆ دەربڕینی وتەکانی داڕشتووە، تا بتوانێت لە ڕێگەیەوە ، هێزی تاوانەکەی سووکبکات ، چونکە وەک ئاشکرایە ، بە پێی وتەی خۆی و کەسوکارەکەی ، کە گەواهیدەر بوون ، جەختیان لەسەر بەروارێک دەکردەوە ، کە کەمترین بڕی پارەی تێدا دیارنەماوە . ئەمەش لە کاتێکدایە بەپێی وتەی ئەو فەرمانبەرانەی ، کە گەواهیدەر بوون لەو دۆسیەیەدا ، سەرجەمی ئەو بڕە پارەیەی کە دیارنەماوە و بڕەکەی (٢٢٩٨٥٠٠)دوو ملیۆن و دووسەد و نەوەد و هەشت هەزار و پێنج سەددینار بووە ، لەو کاتەدا بووە ، کە ئەو لە وەرگرتن و گەڕاندنەوەی بۆ بانک بەرپرس بووە

## چوارەم : تاوانی دزیکردن Theft crime:

لە یاسادا مەبەست لە تاوانی دزیکردن "بە ئەنقەست ماڵی گوێزراوەیە ، کە موڵکی تاوانکار نەبێت" (خۆشناو ٢٠٢٠:٤٥٠) ، لەم توێژینەوەیەدا ، لێکدانەوەی تاوانی دزیکردن ، لێکۆڵینەوەیە پەنجەمۆری زمانیی تاوانبارەکان و گەواهیدەران ، بە مەبەستی دۆزینەوەی تاوانباری شاراوە ، کە لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا هاندەری تاوانبارە سەرەکییەکە بووە ، یاخود بە زەبری هەڕەشە تۆقاندن تاوانەکەی پێئەنجامداوە ، یاخود هەر کاریگەرییکی تر کە لە ڕێگەی کەرەستەی زمانییەوە بێت ( ئەگەر هەبێت) . هەروەها سەلماندنی ڕاستی و دروستی وتەکانە لەڕێگەی جێپێی بەڵگە زمانییەکانەوە ، کە بەهۆی ئەو پەنجەمۆرانەوە دەستنیشاندەکرێن و پاشان لێکدانەوەیان.

دۆسیەی چوارەم :

ڕووداوی نێو ئەم دۆسیە تاوانکارییە ، بریتییە لە تاوانی دزیکردن لە لایەن دوو تاوانبار بە ناوەکانی (س) و(ئـ) . پوختەی ڕووداوەکە بەو شێوەیەیە ، کە تاوانبار (ئـ) ، هاوسەرگیری کردووە دوو منداڵی هەیە ، پەیوەندی خۆشەیستی لەگەڵ تاوانبار (س) دا هەیە ، پێکەوە ڕێکدەکەون ، دزی لە ماڵی دووان لە کەسوکارەکانی هاوسەری (ئ) بکەن . پاش ئاشکرابوونی تاوانەکانیان لەلایەن ئەو کەسوکارەوە، کە تاوانباران دزییەکەیان لێکردوون ، تاوانبار (ئـ) لە دانیشتنێکدا دان بەو دوو تاوانە و تاوانێکی دزیکردنی تریشدا دەنێت ، کەپێش ئەو دوو تاوانە ،

که لە هاوسەرەکەی (هاوسەری تاوانبار ئـ) کردوویانە . لە دەقی ئەو لێدوانانەیاندا ، کە لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن داویانە ، تاوانبار (ئـ) ئاماژە بەوە دەدات ، کە گوایە ئەو تاوانەی بە زۆرلێکردنی تاوانبار (س) و لە ئەنجامی ترساندن و هەڕەشەکانی ئەو تاوانبارەوە ئەنجامداوە ، تاوانبار(س)یش دان بەوەدا دەنێت ، "کە پارەو ئاڵتونی لە ماڵی سکاڵاکاران بردووە ، بەڵام تۆمەتبار (ئ) پارەو ئاڵتونەکانی بۆ هێناوە و ئەم نەچووەتە ماڵی سکاڵاکاران و کاتێک تاوانبار (ئـ) دزییەکەی کردووە ، ئەم تەنها منداڵەکانی بۆ مەشغوڵکردووە "هەروەها نەیزانیوە کە تاوانبار (ئ) ئەو پارانە دەدزێت، لە ئەنجامدا دادگا بەپێی ماددەی ٤٤٣/چوارەم لە یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری بەندکردنی بۆ ماوەی دووساڵ بۆ هەریەک لەو تاوانباران دەرکرد.

- دۆزینەوە و لێکدانەوەی جێپێی بەڵگە زمانییەکان لەم دۆسیەیەدا:

تاوانبارانی نێو ئەم دۆسیەیە ، لە گەیاندن بیری ڕووداوی چۆنیەتی تاوانکردنەدا ، هەریەکەیان بەو شێوەیە پەیامەکەیان ئاڕاستەی دادوەری لێکۆڵینەوە و دادگا دەکەن ، کە قورسایی تاوانەکە لەسەر خۆیان دووربخەنەوە، بۆ ئەمەش هانا بۆ بەکارهێنانی هەندێک فۆڕمی جیاواز و دژبەیەک لە هێما زمانییەکان ، لە ناو چوارچێوەی لێدوانە جیاوازەکانیاندا دەبەن، تا گوزارشتن لە بیرو و ئەو مەبەستانەی دەیانەوێت بەدادگای بگەیەنن، پێبکەن . هەربۆیە لە سایکۆ_زمانیی دادوەرییدا "بە مەبەستی لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان زمان و بیر و لێکدانەوەی خەسڵەتەکانی زمان ناتوانین تەنها پشت بە فۆڕمی هێما زمانییەکان و دروستەکانیان ببەستین ، بەڵکو بۆ لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە، خۆبەستنەوە بە پەیبێبردن(perception)درککردن (Cogntion)ی یەکە زمانییەکان وەک پێویستییەکی زانستیانە دەردەکەوێت" (مەحموود ٢٠١٢ :٧٠) . لەبەرئەوەی "لە ڕێگەی پەیبێبردنەوە سکێچێکی سەرەتای بۆ ناسینەوە و پێکەوەلکاندنی دەربڕاوێکی ئاخاوتنی دروستدەکەین بەجۆرێک ، کەهەر پارچەیەکی ناسراوە یان لکێنراو بەهۆی هەژمارەیی پراوپڕەوە شوێنی خۆی لە پێڕەوی درکپێکردن و هزردا جێگیر دەکرێت " (، قادر ، فەرەج ، مەحمود ٢٠١٧ :٢٨٤) ، واتە بەو پێیەی پەیپێبردن پشت بەستنە بە پێنج هەستەوەرەکەی مرۆڤ ، بۆیە گەر لە ناچونیەکیەک لە زانیارییەکانی نێو ئەو دەربڕاوە زمانییانەدا دەرکەوێت ، کە تاوانبار دەیگەیەنێت ، ئەوا "هەر چوار لێهاتووی (بیستن/بینین – نوسین / خوێندنەوە) یارمەتیدەرن بۆ پەیپێبردنی دەربڕاوە زمانیەکان و ئاخاوتن ."( مەحمود ، قادر ، فەرەج ٢٠١٧ :٢٨٤) ، لە لایەکی ترەوە لێکدانەوەی کەرەستە زمانییە بەکارهێنراوەکان، لە ڕێگەی سیستمی درکپێکردنەوە ، تەواوی مەبەست و تێڕوانینی تاوانبارەکان ڕووندەکاتەوە ، لەبەر ئەوەی "زمان لە ئەرکی درکپێکردندا چوارچێوە و ڕەنگرێژییەک پێشکەش دەکات سەبارەت بە سروشت و داڕشتن و ڕێکخراوەیی بیر و تێڕوانین و ئایدیاکان . واتە کارکردنیان لە ڕوانگەکانی (ڕێکخراوەیی "Organization"، (داڕشتن"Construction")ی

زمانــەوە دەبێت و وەڵامــی (چـۆن ؟چـۆن دادەڕێژرێـت ؟ ، چـۆن ڕێکخـراوە؟ ) دەدرێتــەوە ."
غەریب (٢٠١٦ :٧) .

یەکەم : لێکدانەوەی دەقی وتەکانی تاوانباران :

لە ڕوانگەی پەیپێبردن و درکپێکردن بەو دەربڕاوە زمانییانـەی هـەردوو تاوانبـار (س ، ئـ ) لـە دەقی وتەکانیاندا ڕووندەبێتەوە ، سەرەکیترین جێپێی کە تیایدا دەردەکەوێت (جێپێی درۆ)یـەە ، چونکە دەتوانرێت لە ڕێگەی خوێندنەوەی دەقی ئـەو لێدوانانـەوە ، کـە لـە قۆنـاغی لێکۆڵینـەوە و دانیشتنە جیاجیاکانی دادگاوە داویانە ، هەست بە ناچونیەکی تەواو بکرێت . لەڕێگەی چۆنیـەتی ڕێکخستن و داڕشتنەوەی یەکە زمانییـە بەکارهاتووەکانیشیانەوە ، درک بـەو مەبەسـتە بکرێت کە دەیانەوێت بیگەیەنن ، بۆ نمونە :

١- لەبارەی پەیوەندی نێوانیانەوە :

تاوانبار (ئـ):

أ. " ئێمـە لەگـەڵ مـاڵی تۆمـەتبار (س) دراوسـێین، ژمارەکـەم لای دایکی نـاوبراوە ، ژمارەکـەمی وەرگرتبوو چەند جار تەلـەفۆنی کرد داوای کرد پەیوەندی ببەستین بـەڵام من ڕازی نـەبووم چونکە من ماڵ و منداڵم هەیە "

ب. "تاوانبـار (س) مـاوەی (6)شـەش مانگە ، بـە قسـەکردن لەگەڵمـە ، کـە قسـەی خۆشـەویستی دەکرد لەگەڵم "

تاوانبار (س) :

ا. " من لەگەڵ تاوانبار (ئـ) هاوڕێ بووین"

ب. "من تۆمەتبار دەناسم بەهۆی ئەوەی  کە ئێمە دراوسێین ، هەرچەنـدە پەیوەندیم باش بـوو بە   بێ ئەوەی پەیوەندی سۆزداری لە نێوانمان هەبێت"

٢- لەبارەی ڕێکەوتن لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکە :

تاوانبار (ئـ) :

أ. "من لە ژێر هەڕەشەی تاوانبار (س) بەیەکەوە ئەو کارەمان کردووە".

ب. " دەیگوت  کە گوایە ئەمبا ت بۆ خاریج لەگەڵ خۆی ، بۆیە من هەڵخەڵەتام ئەم کارەم کرد"

ت. " زۆرجار هەڕەشەی خراپی کوشتنی خۆم و منداڵەکانمی لێدەکردم ، بۆیە لە ترسا دزیم بۆ ئەکرد"

تاوانبار (س) :

أ. "سەبارەت بە قسەکانی تۆمەتبار ، کە هەستاوە بە ئەنجامدانی ئەو تاوانە لەژێر هەڕەشە، بە هیچ جۆرێک هەڕەشەم نەکردووە"

ب. من هەڵنەساوم بە دزیکردن ، وە هانی (ئـ) نەداوە هەستێت بە دزیکردن."

٣- لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە و بڕی پارەی دزاو :

تاوانبار(ئـ) :

أ. "لە دەرگای پشتەوەی ماڵی (م) چوینە ناو ماڵی سکاڵاکار ، کە قاتی سەرەوەی ماڵی (م ) ە، لە ماڵێکی پشتەوە کە تازە درووستدەکرێ و تەواو نەبووە ، بە قادرمەکەدا چووینە تارمەکە و تاوانبار (س) خۆی بە لەقە پەنجەرەکەی کردەوە و لە ناو ماڵەکەدا پێکەوە سەعات (9)ی شەو گەڕاین ، لە ژووری نووستنەکەدا تاوانبار (س) خۆی پارەکەی دۆزیەوە ، کە دۆلار و دیناری تیادا بوو بردی "

ب. "لەگەڵ تۆمەتبار (س) سەعات (9)ی شەو ، لە ڕێگەی خانوویەک لە پشت خانووی سکاڵاکار هەیکەل بوو ، یەکەمجار من چووم لە ڕێگای پەنجەرەی ژووری نووستن ، توانیم (چوارهەزار دۆلار) بدزم لە ژووری سکاڵاکار وە دوبارە تۆمەتبار (س) خۆی چووە ماڵی سکاڵاکار و چووە ژووری نووستنی سکاڵاکار و منیش لە دواوەی بووم ، کە بڕێک پارەی هەزار دیناری هێنا ، کە نازانم مەبلەغەکەی چەند بوو "

ت. "لە هەیکەلێکی پشتەوە چوومە ماڵی سکاڵاکار پەنجەرەکەم کردەوە و چوومە ڕاڕاوەکەوە و گەڕام بە ناو ماڵەکەدا ، لە چەکمەجەی ژووری نووستنەکە گەڕام وە هەندێک پارەی دۆلارو دینارم دۆزیەوە و دامە دەستی بۆ تاوانبار (س) ، ئەو کاتە تاوانبار (س) پێی وتم کە ئەم پارەیە کەمە ، پارەی تری لێیە بۆم بێنە ، دووبارە بەیەکەوە ڕۆیشتینەوە ناو ماڵەکە و سەیرمانکرد هیچ پارەیەکی لێنەمابوو ، گەڕاینەوە بە هەمان شوێندا "

تاوانبار (س) :

أ. " قسەکانی تاوانبار (ئـ) دوورە لە ڕاستییەوە ، تەنها ئەوەبوو ،شەوی ڕووداوەکە وتی با منداڵەکانم لەلات بێت ، لە حەوشەی ماڵمان بە ئامادەبوونی برا بچوکەکەم ، بۆ ئەوەی بچێت

ئەو پارەیە بهێنێت ،دوای ماوەیەک (چوار هەزار دۆلاری ئەمریکی ) هێنابەلآم پارەی عێراقی تێدا نەبوو."

ب. " کە تۆمەتبار (ئ)خۆی بە تەنیا چووەتە ماڵی سکالآکار و بە تەنها دزییەکەی کردووە ڕاست ناکات منی لەگەڵ بووبم تەنها لە گەڕەکی (....) منالّەکانم مەشغولّکرد تا بۆی هێنام "

٤- لەبارەی هاوبەشیان لە تاوانی دزیکردنی دیکە :

تاوانبار (ئـ)

أ. "سەفەری یەکەم (٥) پێنج ملیۆن دینار ، لەگەڵ (٥) پێنج وەرەقە ، وە زنجیرێکی ئالّتوونی ئەستوور ، سەفەری دووەم دەستبەندێک لەگەڵ زنجیرێکی بچوک ، بۆ سەفەری سێیەم یەک ملە لیرە (٥) پێنج لیرەی پێوە بوو ،، لەگەڵ دەستبەندێکی لیرە ، لەگەڵ مستیلەیەکی لیرە، دواتر (١٢٥٠٠٠) سەدو بیست و پێنج هەزار دایە "

ب. "لێدوانی (٢) جارێک زنجیرێکی ملی خۆم ، کە بایی هەزار و سەد دۆلار بوو، وەجارێکی تریش بڕی (٥٠٠٠٠٠٠)پێنج ملیۆن دینارم دزی لە مێردەکەم ، ... وە مانگی (١١) لەماڵ (م) ، کە خۆیان لە ماڵ نەبوون زنجیرێکی مل کە پێنج لیرەی ئالّتونی لەسەر بوو، لەگەڵ دەستێکی بازنی (نیولیرە) و یەک مستیلەی لیرەم دزی لە ژێر هەڕەشەدا "

تاوانبار (س) :

أ. " تۆمەتبار (ئـ) تەنها دوو جار شتی بۆ هێناوم ، کە یەکێکیان دوو زنجیری ئالّتوون بوو ، ئەوەی تریان پارەکەی سکالآکار بوو ، بەلآم سەبارەت بە پارەی هاوسەرەکەی من پارەم نەبردووە و ئاگادار نیم، تۆمەتبار (ئـ) هیچ بڕە پارەیەکی بۆ نەهێناوم ، بێجگە لەو دووجارەی کە باسمکردووە"

ب. "جگە لە (4000) چوار هەزار دۆلارەکە ، جارێکیش زنجیرێک و مستیلەیەکی دامێ فرۆشتم بایی (600) شەش سەد دۆلارێک بوو ، لە کەرکوک فرۆشتم بە دوکاندارێک ، کە لەوانەیە شوێنەکەی پێبزانم "

ت. "تاوانبار (ئـ) بە چەند وەجبەیەک پارەی بۆ هێنام ، لەگەڵ ئالّتون، جارێک (5) پێنج ملیۆن دینار لەگەڵ پێنج وەرەقە و یەک زنجیری ئالّتونم لێوەرگرت ،سەفەرێکی تر یەک دەستەوانە لەگەڵ زنجیرێکی باریک ، سەفەرێکی تر زنجیرێک لەگەڵ پێنج لیرە ، سەفەرێکی تر یەک دەستبەند و یەک مستیلە ، سەفەرێکی تر سەفەرێکی تر (125000) سەد و بیست و پێنج هەزار دینارم وەرگرت"

تاوانبـارانی ئـەم دۆسـیەیە ، بـە ئاشـکرابوونی (جێپـێ درۆ) لـە وتەکانیانـدا ، کـە لـە ڕێگـەی ناچونیەکی وتەکانی خودی خۆیان ، هەروەها دژیەکییان بەرامبەر بە یەکتری ڕووندەبێتەوە ، سەرنجی شارەزای زمانیی بۆ جۆرێکی تر جێپێی بەڵگە لە وتەکانیاندا ڕادەکێشن ، کە ئەویش (جیپێی هەڵخەڵەتاندن) ە ، چونکە هەرچەندە لـە بـارەی پەیوەندی نێوانیانەوە ، تاوانبار (ئـ) لـە نێو دەقی زۆربەی لێدوانەکانییدا ، جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە ، هـەموو ئـەو تـاوانی دزییانـەی لـە ژێـر هەڕەشـەی (تاوانبـار (س) دا ، ئەنجامـداوە ، بـەڵام بـەو پێیـەی نـاوبراو لـە خـودی وتەکانییدا ئاماژە بەوە دەدات کە هیچ بەڵگە ، وێنە ، پەیوەندییەکی سێکسی لەنێوانیاندا نەبووە، بۆ نمونە :

أ. "جگە لە قسەکردن و باسی خوشەویستی هیچ پەیوەندییەکی تر لەگەڵ تۆمەتبار (س) نـەبووە "

ب. "هەڕەشـەکانی تۆمـەتبار هـەر ئـەوە بـووە ، کـە بـە مێردەکـەم بڵـێ ، پەیوەنـدی تەلـەفۆنیمان هەیە، هەرچەندە هیچ نامەیەک و ڕەسمی منی لا نەبوو "

ئەمەش وا دەکات شارەزای زمانیی بۆ پەیپێبردن بە ڕاستی وتەکانی هـەردوو تاوانبـار (ئـ س) ، لە ڕێگەی بیرۆکەی دەربڕینەکانیانەوەکە لە بارەیەوە داویانە ، ببات ، چونکە " ئامـانج لـە پەیپێبردن بریتییە لە وێناکردنی ناوەڕۆکە ڕاستییەکان وەک ئەوەی لە دونیادا هـەن " (مـەحمود ، قادر ، فەرەج ۲۰۱۷ :۲۸٤) ، ئەوەش کە لە بارەی ڕاستی وتەکانی تاوانبار (ئ) وێنا دەکرێت ، ئەوەیە تاوانبار گەر پەیوەندی بە تاوانبار (س) ەوە ، تەنیا لە چوارچێوەی چەند پەیوەندییـەکی تەلەفۆنیدایـە ؟ بـۆ هێنـدە لـە هەڕەشـەکانی تاوانبـار (س) ترسـاوە ؟ ئایـا ئاشـکرابوونی ئـەو پەیوەندییە تەلەفۆنانە سەختترە ، یان ئەنجامدانی ئەو تاوانانـە ؟ واتـە ئـەو وتانـەی تاوانبـار ناهەوسـەنگبوونی لـۆژیکی لێدەکەوێتـەوە ، کەواتـە بـۆ ئەمـە دەبێت لـە دەربڕینەکانیـدا بـەدوای بەڵگەیەکی زمانیی دیکەدا بگەڕێین ، کە لەگەڵ بەهای ڕاستی و لۆژیکدا یەکبگرنـەوە ، جا بـەو پێیەی زمان و لۆژیک لە وێناکردنی هزریدا یەکدەگرن و خودی وێناش ، " یەکەیەکی بڕیاردانی بنەڕەتییـە دەکرێـت کـە دەرببڕێـت لـە ڕێـی تاکـە وشـەیەکەوە و ئـەو تاکـە وشـەیە یەکـەیـەکی ئاوازییە و ڕووبەڕووی هەستەکان دەبێتەوە " (عەلی ۲۰۱٤ :٥٧) ، بۆیە بە پشتبەستن بـەوەی ، ئەنجامدانی ئـەو هـەموو تاوانـە ، تـەنیا لەبـەر ئاشکرابوونی بوونی پەیوەنـدی تەلـەفۆنی لەگـەڵ کەسـێکدا ، لەگـەڵ بـەهای ڕاستی و لۆژیکدا یەکناگرێتـەوە ، بـەڵکو دەبێت تاوانبـار (ئـ) ، یـان خودی خۆشی سودمەند بووبێت لەو تاوانە ، یان لەبەرامبـەر ئەنجامدانی ئەو تاوانە بـەڵێنێکی پێدرابێت و هاندرابێت ، کەواتە لەمەوە دەتوانین تیشکبخەینە سەر ئەو دانپێدانەی کە دەڵێت " دەیگوت کە گوایە ئەمبا ت بۆ خاریج لەگەڵ خۆی ، بۆیە من هەڵخەڵەتام ئەم کارەم کرد" ، چونکە ئەوە تاکە بیرۆکەیە ، کە لـەو بارەیـەوە وێنایـەکی هـزری گونجاو دروستبکات ، بـەڵام

تاوانبار لە جارێک زیاتر ئاماژەی پێنەداوە ، لەبەرئەوەی بارودۆخەکە بۆ خۆی ئاسان بکات ، بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر هەرەشەکردن دەکاتەوە لەلایەن تاونبار (س) ەوە ، تا قورسایی تاوانەکە بخاتە سەر ناوبراو.

لەلایەکی ترەوە ، نکوڵیلێکردنی تاوانبار (س) ، لە بوونی پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان خۆی و تاوانبار (ئـ) بۆ ئەوەیە ، تا بیرۆکەی دەربڕینەکەی لە ڕاستییەوە نزیکبکاتەوە ، لەبەرئەوەی لە ڕووی دەروونییەوە ، لە باری بوونی پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان دوو کەسدا ، دەتوانرێت لەڕێگەی تاکە وشەیەکەوە کاریگەری لەسەر یەکتری دروستبکرێت و کار لە ڕەفتاری دەروونی یەکتری بکرێت ، بەڵام بارودۆخەکە لە پەیوەندی هاوڕێیەتییدا ، بەو شێوەیە نییە ، بەڵکو هەریەکەیان بەجیا بەرژەوەندییەکی تایبەت پاڵیان پێوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی هاوبەش ، پوختەی ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە تاوانبار (س) ، لە ڕێگەی کارکردنە سەر لایەنی دەروونی تاوانبار (س) ، بە( پێدانی بەڵێن ، بزواندنی هەست و دەربڕینی خوشەویستی ) توانیەتی تاوانبار (ئـ ) هەڵبخەڵەتێنێت بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانانە.

دووەم : لێکدانەوەی دەقی وتەکانی گەواهیدەران :

لە لێکدانەوەی دەقی وتەی گەواهیدەرانی بەرگری لە تاوانبار (س) دا ، (جێپێی ئاڕاستەکردن و گونجاندن ) بە ئاشکرا دەردەکەوێت ، بەوەی لە دەقی وتەی هەردوو گەواهیدەر (ڕ ، ش) ، ئاماژە بەوە دەدرێت ، شەوی ڕووداوی دزیکردنەکە ، لە ماڵی تاوانبار (س) میوان بوون و ئاگاداری ڕووداوەکەن ، دەڵێن تاوانبار (س) لە کاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا ، تەنیا چاودێری منداڵەکانی تاوانبار (ئـ)ی کردووە و نەیزانیوە ، تاوانبار (ئـ) ئەو پارەیە دەدزێت ، بەڵام لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا ، پەیبەوەدەبرێت ، کە هەردوو گەواهیدەرەکە ئاڕاستەکراون بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێکی دروستکراو ، لەبەر ئەوەی :

١- گەواهیدەر (ڕ) لە بارەی بینیی تاوانبار (ئـ) لەشەوی ڕووداوەکەدا ، ئاماژە بەوە دەدات ، کە تاوانبار (ئـ) تەنیا یەمجار هاتووە بۆ ماڵی تاوانبار (س) و دەڵێت " لەکاتی هاتنی تاوانبار (ئـ) دوو منداڵی لەگەڵ بوو ، نەهاتنە ژوورەوە ،ئەوەندەی پێچوو کە پارەکەی دایەو ڕۆی " بەڵام گەواهیدەر ڕاست ئەو ڕ،وداوە وەها دەگێڕێتەوە کە دەڵێت " تەلەفۆنێک بۆ (تاوانبار (س) هات ، وتی (ئـ ) خان تا مردن مەمنونت دەبم ، لە هەمان کاتدا ئافرەتێک هات کە تاوانبار (ئـ ) بوو ، دوو منداڵی لەگەڵدا بوو ، منداڵەکانی دانا لە ماڵی (س) ، چووینە ژووەرەوە لە ماوەی (١٠ بۆ ١٥) دەقە ، تاوانبار (ئـ) گەڕایەوە ، بینیم (ئـ) زەرفێکی پێبوو دایە دەستی (س) وتم ئەوە چییە وتی بۆی هێناوم بە قەرز)

٢- لەبارەی ڕەگەزی منداڵەکانەوە ، هەردوو گەواهیدەرەکە ئاماژە بەوە دەدەن ، کە منداڵەکان کچ و کوڕێک بوون ، لە کاتێکدا بریکاری تاوانبار (ئـ) ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە ، کە ڕەگەزی هەردوو منداڵەکە کوڕە.

ئەم (جێپێی ئاڕاستەکردن و گونجاندن)ەش ، کە لە دژیەکیی لە وتەی هەردوو گەواهیدەرەوە ، ڕوونبووەوە، کە  ئەوە دەردەخات ، کە هەردووکیان ئاڕاستەکراون بۆ گێڕانەوەی ڕووداوی تاوانەکە ، بەوشێوەیەی لەگەڵ وتەکانی تاوانبار (س)دا بگونجێت ، بەبێ پێدانی زانیاری دروست و تەواو .

## پێنجەم : خۆکوشتن Suicide  :

دیاردەی خۆکوشتن ، یەکێکە لەو دیاردە نامۆیانەیانەی ، کە تیایدا "مرۆڤ هەڵدەستێ بە کوشتنی خۆی بە ئاگا یان بێ ئاگا " (کەریم ٢٠٠٤ :١٤٢٤) ، لە ڕووی یاساییەوە ، بە پێی هیچ مادده و بڕگەیەک بە تاوان نییە ، بەڵام گەر بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ ، پشتڕاستیبکاتەوە  ، کە وا کەسێک هاندەر یاخود  یارمەتیدەر بووە ، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە ، ئەوا بە پێی ماددەی (٤٠٨) لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵ ١٩٦٩ بە تۆمەتبار هەژماردەکرێ و سزای تایبەتی بۆ دانراوە.

(خضر ٢٠١٨ :٣٧٧) سەبارەت بە بەشداریکردن لە تاوان بە شێوەی لاوەکی دەڵێت " بە شێوەیەکی گشتی حاڵەتەکانی بەشداریکردن لە تاوان بە شێوەی لاوەکی ، سێ خاڵی سەرەکی دەگرێتەوە لە یاسای سزاکانی عێراقیدا  کە بریتین لە (هاندان و ڕێکەوتن و هاوکاری ) ، بەڵام بۆ بابەتی خۆکوشتن ، تەنها بابەتی هاندان و هاوکاری باس کردووە ، بەڵام یاسادانەری کوردستانی بابەتی بوونە هۆکاری بۆ زیادکردووە  " ، بەم پێیە سەبارەت بە ڕووداوی خۆکوژی بە پێی ستراتیژییەکانی زمانەوانی دەتوانرێت ، هەریەک لە بابەتەکانی هاندان و بوونە هۆکار بە شێوەیەکی سەرەکی لەڕووی زمانەوانییەوە لێکدانەوەی وردیان بۆ بکرێت ، بە شێوەیەک لێکدانەوەی ئەو بابەتانە لە ڕووداوێکی خۆکوژیدا ، بە بێ پشتبەستن بە لێکدانەوە زمانییەکان ، واتای کەموکورتییە لە ڕەوتی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا ، لەبەرئەوەی لێکدانەوە زمانییەکان ، لە ڕێگەی :

١- لێکدانەوەی دەقی هەر بەڵگەیەکی زمانیی ، بۆ نمونە (یاداشتێکی خۆکوژی ) ، کە لە پاش خۆکوژەکە بەجێدەمێنێت  .

٢- وتەی هەریەک لە کەسوکار ، هاوڕێ ، یاخود هەر کەسێکی نەناسراو ، کە ئاگاداری ساتی خۆکوشتنی کەسەکە بووە .

بە جێپێی ئەو بەڵگانەدا دەڕۆن ، کە هاندەر و هۆکاری ئەو ڕووداوە ڕووندەکەنەوە ، یان دەقی ئەو ڕێککەوتنە دەخەنەڕوو ، کە بووەتە هۆی ئەو ڕووداوی خۆکوژییە ، بە شێوەیەک لە ڕێگەی ئەو جێپێی بەڵگە زمانییانەوە ، کە لە پاش خۆکوژەکە بەجێماوە ، یاخود لەڕێگەی ئەو جێپێی بەڵگانەی لە وتەی گەواهیدەرەکانەوە ئاشکرادەبێت ، یەکێک لەم دوو ئاماژەیە بە دەستەوە دەدەن:

١- ئاماژەیەک بۆ بوونی تۆمەتبارێک ، یان چەند تۆمەتبارێک ، لە پشت ڕووداوی ئەو خۆکوشتنەوە ، وەکو هاندەر بوونیان هەبووە ، کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی تاوانی زمانیی (هاندان)ەوە ، هەر لە نێو دەقی وتەکانەوە (جێپێی تاوان)ەکە ئاشکرا دەبێت .

٢- ئاماژەیەک ، کە هیچ کەسێکی تێدا تۆمەتبار ناکرێت ، بەڵام بە ڕاستەوخۆ ،یان ناڕاستەوخۆ (جێپێی بەڵگە)ی هۆکاری خۆکوشتنەکەی تێدا ڕوندەبێتەوە.

ڕوونکردنەوەی هەریەک لەم دوو ئاماژەیەش ، بە پێی شێوەی خۆیان گرنگییەکەیان جیاوازە ، چونکە گەر ئاماژەی یەکەمیان بێت ، لەو جۆرەیە بواری دادوەری بەلایەوە گرنگە ، بە پێی یاسا کاری لەسەر دەکات ، ئەوەی دووەمیش جگە لەوەی وەکو بەڵگەیەک ، خزمەت بە بورای دادوەری دەکات ، لەهەمان کاتدا ئەو ئاماژانەی تێدا ڕووندەکرێتەوە ، کە کەسێک پێش ڕوداوی خۆکوشتن ، تیایاندا دەردەکەوێت ، تا ڕێگری لە ئەنجامدانی بکرێت .

بەم پێیە بۆ ڕووداوی خۆکوژی لێکدانەوەکانی زمانەوانی دادوەری بە گشتی و لێکدانەوە سایکۆ_زمانییە دادوەرییەکان بە تایبەتی ، ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە بەرە و ئاڕاستەیەکی زانستییانە و ئەکادیمیانە دەبەن ، لەبەرئەوەی " ئەوانەی بڕیاری خۆکوشتنیان داوە یاداشتێکی خۆکوژی بەجێدەهێڵن ، کە ئاماژە بە هاندەر و دۆخی دەروونیان دەدات " Lee , Joh 2019 (171:) ، کە ئەو یاداشتەش وەکو بەڵگەیەک بە دوو شێوەیە دەبێت :

یەکەم : لە ڕێگەی ئەو جێپێی بەڵگانەی ، کە پێش مردنی بە ناڕاستەوخۆ وەک پەنجەمۆری زمانیی کەسەکە دەناسرێت ، یاخود بە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی وشەکانییەوە ئاشکرای دەکات ، بۆ نمونە:

أ. ئەو وشەو دەستەواژانەی ، کە پێش ڕووداوی خۆکوژیەکە بە شێوەیەکی دووبارە ، لە ئاخاوتنەکانییدا ڕەنگیداوەتەوە ، بە دوو شێوە :

• بەکارهێنانی ئەو وشانەی گوزارشت لە باری هەستی (نائومێدی ، ترس ، بێزاری ، بێچارەیی ، نامۆیی ، دودڵی ، تەنیایی ، ... هتد ) دەکات ، کە هەرچەندە بە ڕاستەخۆ نیاز و مەبەستی خۆکوشتنەکە نادەن بە دەستەوە ، بەڵام ئاماژە بۆ ناجێگیری باری دەروونی کەسەکە دەکەن

و پێویستە بە بایەخەوە لە لایەن دەوروبەرەکەیەوە گرنگیپێبدرێت . نمونەش بۆ ئەمە ، خۆکوشتنی شاعیری کورد (محەمەد عومەر عوسمان ) ناسراو بە (جەنەڕاڵی پاییز)ە ، کە لەلایەک بە جەختکرنەوە لەسەر ئەو وشانەی ، لە چاوپێکەوتنەکان و ئاخاوتنەکانی ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریدەهێنا ، لەلایەکی دیکە ئەو وشانەی بیری شعرەکانی پێدەگەیاند ، بە گشتی گوزارشت لە جیپێی (بێ ئومێدی ، تەنیایی ،نامۆیی ، لێکدابڕان ، ڕەشبینی ، ونبوون... هتد) بوون ، ئاشکرایە ئەمانەش بنەمان بۆ دروستبوونی حەزی خۆکوژی .

لە تۆمارێکی ڤیدیۆیی ئەو شاعیرە دا ، کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بووەتەوە ، لە ڕێگەی وشەکانییەوە بە چەندین شێوەی جیاواز ئەو جیپێی (بێئومێدی ، تەنیایی ، بێهیوایی ، نامۆیی ، بێمتمانەیی ،...هتد)ییە لە وتەکانییدا دەردەکەوێت ، وەک :

- کۆمەڵێ بەهرەی باشم تیابوو ، وەلێ ئینسان تا کەم بزانێت باشترە ، هەر هیچ نەزانێت باشترە. (جێپێی بێئومێدی)

- ئینسان خۆی کائینێکی تەنیایە. (جێپێی تەنیایی).

- تۆ لە وڵاتەکەی خۆتا ، لە شارەکەی خۆتا، لە ماڵەکەی خۆتا غەریبی ، هەست بە غەریبی ئەکەیت ، دواجار لێرەوە تووشی بێهودەیی دەبی ، کە هیچ قازانجێک لەوەدا نییە شیعر بۆ کەسانێک بنووسی، کە وەکو کەڕ وان لە شاییا . ( جێپێی ڕەشبینی)

- موشکیلەکە ئەوەیە کاتێک تۆ وەک شاعیر بیردەکەیتەوە ، وەکو هونەرمەند تەعامول ئەکەیت ، تۆ هەستت هەیە مەسەلەن بۆ مردنی پەپولەیەک ،بۆ سوتانی پەپولەیەک ، بۆ مردنی چۆلەکەیەک ، یا پشیلەیەک ، یا شتێک. بەو هەستە قوڵ و چاوە شاعیرانە و چاوە عاتیفی و چاوە ئینسانییانە سەیری گەردوون ئەکەیت ، بەڵام ئینسانێک هەن کاکە ، ئینسان سەرئەبڕن بێ ئەوەی باکیان بێت ، کەسانێک هەن دەیان کەس بە کوشت دەدەن بە بێ ئەوەی ، بە خەیاڵیانا بێت ، ئا لێرەوەیە تەنیایی تۆ ، ئالێرەوەیە نامۆبوونی تۆ ..... (جێپێی نامۆیی).

- هەرگیز لە هیچ شتێکی خۆم ڕازی نەبووم لە ژیان . (جێپێی بێمتمانەیی).

- ئێوە هەرچییەک بن ، ئێمە هەرچییەک بین ، ئێوە لە هەر پلە و مەقامێکدابن ، چارەنووستان ئەم گەڵایانەیە ، کە با ئەیبات ، یان ئەوەرێت ، یان ئەکەوێتە ژێرپێی ڕێبوارانەوە ، با دوێنێش چەترێکی سەوز بووبین ، ئەمڕۆ گەڵایەکی زەردو بێگیانین. (جێپێی بێهیوایی)

ئەمە جگە لەوەی تەنانەت ئەم شاعیرە تەنانەت ناوی دیوانەکەشی لە (غوربەتا) ، بە هەمان شێوە گوزارشتە بۆ هەستی ( تەنیایی ، بێکەسی ) . هەر لەو دیوانەشدا لە سەرجەمی

شیعرەکانیدا  بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ ، ئەو وشانەی تێدا بەکارهێناوە ، کە ئاماژە بۆ جێپێی(هەستی مردن ) و جێپێی (بەڵگەی حەزی خۆکوشتن )  دەکەن ، بۆ نمونە :

-١-

"خۆکوشتن

ئای.. کەی بێ چەقۆی ژێر سەرینەکەت

لە قوڵپی خوێنتا گەرم بێتەوە ؟

یان مردن بمرێ و لە ژوورەکەتا

هەوری خۆکوشتن بڕەوێتەوە؟ "(عوسمان٢٠١٢ : ١٠)

-٢-

"لە غوربەتا

من بۆچی نەمرم ؟ بۆ نەبمە هەورێ ؟

تێر بگریم بەسەر باڵای ئازیزا

بۆ ئازیز ڕۆیی و لە من ناپرسێ ؟ ..

تەمێکم لەناو کۆشی پایزا" (عوسمان ٢٠١٢ :٣١)

لە نمونەی (١) دا ، جێپێی حەزی خۆکوشتن ، بە شێوەیەکی ئاشکرا لەنێو بیری شعرەکەدا ڕەنگدەداتەوە ، بە شێوەیەک شاعیر لە ڕێگەی وشەکانییەوە ، وێنەیەکی هزری بۆ ڕووداوی خۆکوشتنەکە داڕشتووە ، بەڵام نازانێت کام ڕۆژەیە ،  کە ئەنجامی دەدات . بە هەمان شێوە ئەو چەند دێڕەی شیعری (لە غوربەتا ) ، کە لە نمونەی (٢) دا  هاتووە ، ئەو هەستە پڕ نائومێدی و ڕەشبینییەی خۆی ئاشکرا دەکات ، کە بەهۆی ڕۆیشتنی بەرامبەرەکەیەوە لەلای درووستبووە ، لەڕێگەی پرسیارەکانی بۆچی نەمرم ؟ بۆ نەبمە هەورێ ؟ بە ناڕاستەوخۆ جیپێی (حەزی خۆکوشتن) دەردەکەوێت ،  چونکە شاعیر لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەوە ، دەیەوێت ، بێچارەیی و بێکەڵکی خۆی ئاشکرا بکات ، ئەوەش واتای ئەوەیە شاعیر لەو بارەدایە حەزی بۆ مردن هەیە ،  حەزی مردنیش لەڕێگەی هەوڵی خۆکوژییەوە دێتە دی.

• هەندێکجاریش بە پێچەوانەوە ، هەندێک کەس هەمیشە (ئومێد و هیوا)یەک لە وشەکانی نێو ئاخاوتن و نووسینەکانیاندا ، لەسەر بنەمای بەدیهاتنی خەون و ئاواتێکی دیاریکراو ،

ڕەنگیداوەتــەوە ، بــە شــێوەیەک ، کــە بووەتــە پەنجــەمۆری زمــانیی کەســەکە و ســەرجەم دەوروبەرەکــەی درکیــانپێکردووە ، بــەڵام کەســەکە لــە دواجــاردا ، بــەهۆی ئــەو پەنجــەمۆرە زمانییەیەوە ، کە لە دەوروبەردا پێی ناسراوە و بەدینەهاتنی خەونەکەیەوە ، تووشی چەندین ڕەفتــاری دەروونــی وەک (بێئــارامی ، شــەرمەزاری ، بێمتمانــەیی ، بێئومێــدی ، ...هتــد) بــووە ، بڕیــاری خۆکوشــتنی داوە ، نمونــەش بۆ ئەمــە ئــەو ڕووداوە خۆکوژییــە بــوو ، کــە لــە ســاڵی (٢٠١٩) لە یەکێک ناوچەکانی کوردستان ڕوویدا ، کاتێک کەسێک بە ناوی (ح. گ) بۆ ماوەی چەند مانگێک لەسەر چیا بە تەنیا مایەوە ، (هیوا و ئومێد)ی بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی ، وەکــو پەنجــەمۆری زمــانیی ئــەو کەســە لــە ڕێگــەی کەناڵــەکانی ڕاگەیانــدن و تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو فەیسبووکدا بە خەڵک ناسێنرا ، بە شێوەیەک بڕیاری دابوو ، تا کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی ، لەو چیایە نەیەتە خوارەوە ، بەڵام بەهۆی بارودۆخی تایبەتی هــەرێمی کوردســتان و دروســتنەبوونی دەوڵەتــەوە ، نــاوبراو بــوو بــە دیلــی ئــەو وشــانەی بــە ئاشکرا بڕیاری لەبەردەمی هەموو کورددا پێدابوو ، کە نەیدەویست لێی پاشگەز بێتەوە ، جۆرێک لە هەستەکانی وەک ، ( بێئارامی ، نائومێدی یاخود شەرمەزاری ) لا درووستبوو ، تا لە دواجاردا بە ئاشکرا ، لە پێگەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ، بڕیاری خۆکوشتنی خۆی بڵاو کردووە :

"بۆ هەمی ڕاگەیاندنێت کوردستانێ ، ئەڤشەفە لە ١١ێ لایڤ دێ ژیانا خۆ بدوماهیک ئینم ، لسەر پەیجێ من (ح.گ) . "

ناوبراو لە بەشی کۆتایی وتەکەیدا ، بە (جێپێی دەستنیشانکردن) هۆکاری خۆکوشتنەکەی ئاشکرا دەکات . کە دەڵێت " ژبەر بەردەوامبینا دژاتیا ناڤمالا کوردی " .

ب. ڕەنگە لە ڕێگەی تۆمارێکی دەنگییەوە بێت ، کە بۆ کەسێک یان کەسانێکی دەنێرێت پێش ڕووداوەکە ، بۆ ئەمە پێویستە لێکۆڵەر شارەزایانە ، بۆ بەدەستهێنانی جێپێی بەڵگە ، لە ڕێگەی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکەوە ، سەرجەمی ئەو وردەکارییانەی تایبەتن بە شێوەی دەنگ ، گۆکردن ، خێرایی و هێواشی قسەکردن ، ... هتد تیشکیانبخاتەسەر و بە باری دەروونی کەسەکەیان بەراورد بکات ، بۆ نمونە ئەو دەنگە تا چ ڕادەیەک ، لەگەڵ بارودۆخی دەروونی کەسێکدا ، کە بە نیازی خۆکوشتنە یەکدەگرێتەوە ؟ ئایا هیچ وشەیەک ، یان ئاماژەیەکی وەکو بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگ ، هێز ، وەستان ، ... هتد هەیە ، کە جێپێی بەڵگە بێت ، بۆ ئەوەی کەسێک لە ژێر هەر گوشارێکدا بێت ، ئەو نامە دەنگییەی پێ تۆمارکردووە ؟ ئەو وشــانەی بــەکاریهێناوە بــۆ گوزارشــتکردن ، تــەنیا یــەک واتــای هەیــە ، یــاخود واتــای دیکــەش هەڵدەگرێت و لە ڕێگەیەوە بە ناڕاستەوخۆ پەیامێکی پێدەگەیەنێت ؟ ...هتد .

ت. هەندێکجاریش ڕەنگە لە ڕێگەی کورتە نامەیەک ، کە (دەستنووس ، یان لەڕێگەی مۆبایل ، یاخود هەرپێگەیەکی دیکەی ئەلکترۆنی )یەوە بێت، کە بە شێوەیەکی گشتی لێکدانەوەی دەستنووس لەگەڵ نامەیەکی ئەلکترۆنی کەمێک جیاوازییان هەیە ، بەڵام هەروەکو (کۆبەین ) ئاماژەی پێداوە ، لە هەردوو جۆرەکەدا ، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت ، کە " نامەی خۆکوشتن زۆر کورتە و بە ئاگاییەوەیە ، پڕکرۆکە و خۆلادەرە لە دەرخستنی زانیاری زۆر " (مەحمود ٢٠١٥ :٣٥٠) ، ئەمەش واتای ئەوەیە ، لێکۆڵەر هەرگیز نابێت ، لێکدانەوەی نامەیەکی بەسەردا تێپەڕێت ، کە ئەو سنورانەی بەزاندبێت ، واتە دەبێت ، هەر لە ڕێگەی ئەو وشە و دەستەواژانە و چۆنیەتی پێکەوە هاتنیان و درێژدادڕی لە پێدانی زانیاریی و ... هتدییەوە ، بە بەراورد بە پەنجە مۆری زمانیی کەسەکە ، چەندین لایەنی نامەکە ڕوونبکاتەوە و جێپێی بەڵگەیان لێبدۆزێتەوە ، بۆ نمونە ، ئایا ئەو شێوازی دەربڕین و گوزارشتکردنە ، هەمان شێوازی خۆکوژەکەیە ؟ ئایا وشانەی بۆ گورزارشتکردن بەکاری هێناوە ، پێشتر تا چ ڕادەیەک لە لایەن ئەو کەسەوە بەکارهاتووە ؟ ئایا ئەو بارە دەروونییەی کە هۆکار بووە بۆ خۆکوشتنی کەسەکە ، لەگەڵ درێژی نامەکەدا یەکدەگرێتەوە ، چونکە ئەو وشە و دەستەواژانەی ، کە کەسێک لە پڕ هەوڵی خۆکوشتن بدات لە ئەنجامی هەر جۆرە گوشارێکەوە ، لە کەسێک جیاوازە ، کە ماوەیەکی زۆر بە بارێکی دەروونی نەرێنیدا تێدەپەڕێت و لە دواجاردا خۆی دەکوژێت ، لەبەرئەوەی ئەو کەسەی ، کە پڕ هۆکارێک دەبێتە هاندەری بۆ خۆکوشتن ، گەر نیازی خۆکوشتنەکەی ئاشکرا بکات ، دەبێت زۆر بە پوخت و کورتی بارودۆخەکەی ڕوونبکاتەوە ، وەک ئەوەی چی هۆکارە ؟ بۆ نمونە (فلان هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکەم لێدەکات ، تا ئابرووم نەچێت ، مەجبوورم خۆمبکوژم)، یان لەبەرامبەر پاراستنی گیانی کێ ئەو کارە دەکات؟ بۆ نمونە (تا ئێوە تووشی هیچ کێشەیەک نەبن ، من خۆم دەکوژم ) ؟یاخود لەبەرامبەر ملنەدان لە چی شتێک ئەو کارەی بە زۆر پێدەکەن ؟ ( تۆ ئاگادرابە ، من مردنم پێباشترە لەوەی فلان دەیەوێت ئەو تاوانێکی وا گەورەی بۆ بشارمەوە ) ، ... هتد ، بەڵام کەسێک کە ماوەیەکی زۆربێت باری دەروونی ناجێگیر بێت ، دەکرێت زۆر پێش ڕوودانی خۆکوژییەکە بیری لە نووسینی ئەو جۆرە نامەیە کردبێتەوە ، کە ڕەنگە زۆر پێشتریش نووسیبێتی بە ماوەیەکی کەم پێش ئەنجامدانەکەی ئاشکرای بکات ، یاخود بۆ کەسێکی بنێرێت ، بۆیە ئەو کەسانە ، ڕەنگە بۆئەوەی کەس لە دوای خۆیان توشی کێشەی یاسایی نەکەن ، یان بۆ ئەوەی هیچ گومانێک لە دوای خۆیان بەجێنەهێڵن ، ڕەنگە کەمێک زانیاری زیاتر لە نامەکەدا باس بکەن .

هەرچی سەبارەت بە نامەی دەستنووسیشە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانەدا ، پێویستە تیشکبخرێتە سەر چەندین لایەنی تر بۆ نمونە ، بەراوردکردنی شێوەی خەت ، کاڵ و تۆخی نووسین ، شپرزەیی و ڕێکی وشە نووسراوەکان ... هتد و وەڵامی چەندین پرسیاریان

لێبدۆزێتەوە وەک ، ئایا ئەو خەتە هەمان شێوەی خەتی خۆکوژەکەیە ، یاخود لاساییکراوەتەوە ؟ ئایا کەسێکی خۆکوژ ، لەژێر گوشارە دەروونییەکەیدا ، زۆر پەستان دەخاتە سەر پێنووسەکەی ، تا وشەکانی پێبنووسێت ، یاخود بە شێوەیەکی ئاسایی قەڵەمەکە دەگرێت ؟ ئایا ئەو نامەیە بە شێوەیەکی پەلەپەل نووسراوە هیچ گرنگییەک بە ڕوونی نووسین ، سڕینەوە و ڕەشکردنەوە و چاککردنەوەی وشەکان ، ڕێکی وشە و دێڕەکان نەدراوە ، یاخود بە پێچەوانەوە ... هتد ، چونکە لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت ڕوونبکرێتەوە ، ئەو شێوەی نووسینە بە چ بارودۆخێک هاوتایە ؟ واتە ئایا لەگەڵ کەسێکدا ، کە بە پەلە بڕیاری خۆکوشتنی داوە ، هەر بە پەلەش زانیارییەکان ئاشکرا دەکات یەکدەگرێتەوە ، یاخود ئاماژەیە بۆ بارودۆخێک ، کە چەندین جار بیری لە خۆکوژی کردۆتەوە و ئەو نامەیەی بە پەلە پەل ئامادەنەکردووە ، ... هتد .

بەگشتی ئەوەی باسکرا ، هەموو ئەو جێپێی بەڵگانە دەگرێتەوە ، کە خۆکوژەکە پێش ڕووداوی خۆکوژییەکە ، لە پەنجەمۆری زمانییدا بە بەردەوامی ڕەنگدەداتەوە ، یاخود بۆ جارێک دەردەکەوێت .

دووەم : لە ڕێگەی ئەو جێپێی بەڵگانەی لە پاش خۆکوشتنی کەسەکەوە دەردەکەون ، کە دەکرێت :

أ- لە ڕێگەی نامەیەکەوە ، تێبینی خۆکوشتنی تێدا نووسرابێت و بۆ پاش مردنی جێیبهێڵێت ، بێت ، کە لە ناوەڕۆکی دێڕەکانییدا ، بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هۆکاری خۆکوشتنەکەی تێدا ڕوونکرابێتەوە ، نمونەش بۆ ئەمە ، دەقی نامەیەکی خۆکوژییە ، کە لە بەرنامەی (بە کاتی سلێمانی ) لە ڕادیۆی ڕووداو لە بەرواری ٢٠٢٠/١٢/٥ کاتژمێر (٥) پێشەکەشکرا ، کە تیایدا سەرکەوت ئەحمەد ، چیرۆکی خۆکوشتنی خوێندکارێک ، لە ڕێگەی نامەیەکەوە ، کە بۆ دایک و باوکی بەجێهێشتووە ، باسدەکات ، کە لە نامەکەدا هاتووە :

" ئێوە زۆرتان هەوڵ لەگەڵ منددا ، منتان پێگەیاند ، بەڵام بەداخەوە من ئەوە نەبووم کە ببمە جێگەی شانازی ئێوە . . زۆرتان داوالێکردم کە نمرە بێنم ، بەڵام نەمتوانی " لە ڕاستییدا دەقی ئەو نامەیە ئەو بارە دەروونییە ڕووندەکاتەوە ، کە ئەو خوێندکارە بەهۆی گوشارەکانی سەرییەوە ، بۆ درووستبووە و لە دواجاردا پەنای بۆ بۆ خۆکوشتن بردووە ، هەر لە دەقی ئەو نامەیەدا ، لە ڕێگەی چەند جێپێیەکەوە هۆکاری ئەو گوشارە ڕووندەکاتەوە ، کە لەسەری درووستبووە ، ئەویش :

- بە هەستکردن بە بەرپرسیاریتی لە بەرانبەر ئەو هەوڵ و ماندوبوونی دایک و باوکی لەگەڵیدا داویانە بۆ بەدەستهێنانی نمرەی بەرز ، بەڵام خوێندکارەکە نەیتوانیوە ، نمرەی بەرز بەدەستبێنێت (جێپێی خۆبەتاوانبارزانین).

- لە ڕێگەی ئەو جەختکردنەوە زمانییەی دایک و باوکی بۆ نمرەی بەرز لێیانکردۆتەوە ، کە بووەتە هۆی دروستبوونی هەستی ترس و شەرمەزاری بۆ ڕووبەڕووبووەنەوەی دایک و باوکی ، لەکاتێکدا کە نمرەی بەرزی نەهێناوە ، بە پێی ئەوەی دەڵێت ". زۆرتان داوالێکردم کە نمرە بێنم ، بەڵام نەمتوانی " .(جێپێی ترس و شەرمەزاری لە ڕووبەڕووبونەوە) .

ب- دەکرێت جێپێی بەڵگە لە ڕێگەی دەقی لێدوانی کەسوکاری کوژراوەکە ، یاخود ئەو گەواهیدەرانەوە ، لە ساتی ڕوداوەکەدا ئامادەبوون ، بدۆزێتەوە .

لەم توێژینەوەیەدا جێپێی بەڵگە ، لە لێدوانی مامی خۆکوژێکدا بەناوی (س) دۆزرێتەوە ، کە لە مانگی چواری ساڵی (٢٠٢٠) ، بەهۆکارێکی نادیار لەماڵەکەی خۆیدا، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا ، ناوبراو لە دەقی وتەکانییدا دەڵێت :

" ئەو کارەساتەی بەسەر ئێمەدا هات ، بە هەرهەمووومان ئێستا خەریکین بیردەکەینەوە ، لێکیدەدەینەوە ، سەرمان لێیدەرناچێت ( جێپێی سەرسوڕمان) ، ئەم کچەی ئێمە (س) خان ، کچێکی عاقڵ، ژیر لە منداڵییەوە ڕا هەتا ئێستا ، کەسێکی هەڵکەوتە ، بە تایبەتی لە ڕووی ئەکادیمییەوە ، لە ڕووی زانستییەوە (جێپێی بەڵگەهێنانەوە) ، هەرچی پێویستە بۆ مرۆڤ بۆی دابینکراوە ... (جێپێی دڵنیایی) ، نەک کەسوکارەکەی لە ئاستێکی نزمدا بێت لە ڕووی هۆشیارییەوە ، لە ڕووی شارستانییەوە هەمووی ئەوەی لە دەوری ئەو کچەن لە مام و باب و خوشک و ئامۆزا ئاستێکی باڵای فکرییان هەیە (جێپێی دڵنیایی) هەمووی کنە و پشکینین بۆ ئەوە دەکات ئەو کچە بۆ وایکرد ؟ لە کاتێکدا بۆ خۆی کەسێکی نمونەی باڵا بوو لە هەموو ڕووەکاندا (جێپێی سەرسوڕمان ) ، ... مانگێک توشی حاڵەتێک بوو لە کۆلێژی پزیشکی بوو ، مەرحەلە چواری بوو ، سەعیکردنی یەکجار زۆری هەبوو بێتاقەتی کردبوو (جێپێی هۆکار) ، ڕۆژەکی ئەمن و ئەو پیاسەمانکرد ..... بەس موناقەشەی فیکریمانکردووە بە تایبەتی کە دەهاتە سەر مەسەلەی سوقرات و پلۆتۆن (جێپێی دڵنیایی) ، پێشتر لەناو خێزانەکەماندا دەهاتە سەر ئەوەی عەقڵ چییە ؟ ژیان بۆ وایە یەعنی ئەم وردەکارییانە، لە هەموو ڕوویەکەوە لێکمان دەدایەوە ، ئەویش هەمیشە شتی ئەکادیمی و زانستی کۆدەکردەوە لەسەر ئەم بابەتانە (جێپێی بەڵگە هێنانەوە ) ، کە دەهاتە سەر ئەو دڵتەنگی و بێتاقەتییەی دەیگوت خۆم نازانم هۆکارەکەی چییە (جێپێی سەرسوڕمان) ، پێم وابوو هی ئەوە بوو کە زۆر خوێندنەوەی هەبوو ، هەشت سەعات نۆ سەعات هەڵنەدەستا لەسەر کتێب و شتی وا ، یەعنی (جێپێی هۆکار) زۆر ئازاد بووە ئەمنی هەبووە (جێپێی دڵنیایی) ، ئەمن یەعنی ئەو کەسەم کە هەموو خێزان و خەڵکەکان

ئەمن دەناسیٚ ، لە پشتی مێینەم ، مێینەکان لە هەموو مافێک و لە هەموو دەسەڵاتێک هەموو عەقێکیان هەیە ، وە (س)یش لەمە تێگەیشتبوو هەر لە منداڵییەوە ئێستا من کچەکانمان و خوشکی ئەو لە ئامۆزاکانی لە هەموویان کەسی زۆر ڕادیکاڵ و پێشکەوتوو زۆرزان و ئەکادیمین(جێپێی دڵنیایی) .

لە (٢/٨) بۆ خۆ من نەمزانیوە ، بەس لە کن دایکی ئەوان گوتوویەتی ئەمن دەمهەویٚ بگریەم (جێپێی هۆکار) ، جاری وا هەبوو هەندێک حەرەکاتی کردبوو ، هەندێک جوڵە بۆ نمونە دۆشەکێک لەو ژوورەیە بردبووی بۆ ژوورێکی تر کە دانابوو ، دایکی گوتبوی بۆ وادەکەی وەڵا عەزم لێیە لێرەبیٚ ! ئەها هەندێک شتی تایبەتی کەسێکی ئاستی ئەکادیمی وا باڵا بیٚ و وشیار بیٚ هەندیٚ شتی سادە هەیە نابێت بیکات ، ئەویش دوایی لێی دەپرسن بۆ وادەکەیت ، وەڵاهی هەر حەزم لێیە دوایی پەشیمان دەبووەوە لەوانە ( جێپێی هۆکار) ، ئێمە هەموو خەڵک دەزانێت خێزانێکی زۆر بەختیار و بەختەوەرین ، هەموو پێکەوەین (جێپێی دڵنیایی) ، بەردەوام ئەو عەفتەیە هەمووی پێکەوە بووین ، کەچی ئەوەکەی گوتبووی وەڵا پێم خۆشە بچمەوە کن مامم (جێپێی سەرسوڕمان) ، دایکی وتی دەزانی چییە ، بێتاقەتە ، جاری وەهایە دەیەوێت بگریە ، ئەگەر وایگوت ، ئەنجا من هەستم بە شتەکە کرد (جێپێی هۆکار) یەکەمجار ئەگەر زانیم وتم چۆن وایە ئەوەم بۆ شەرح کە زیاتر (جێپێی دڵنیایی) ، بە تایبەتیش ئێستا ئەو دوو ڕۆژەی کە لە دوای ئەو کچەی ئەو زانیارییانەم کۆ کردووەتەوە ، بمزانیبا ئەو زانیارییانە لەسەر لایەنە دەروونییەکان لە خۆیانەوە ئەوە دەکەن ، قەت نەمدەهێشت ئەم کچە ئاوها بێئاگابین لێی ، هەمووشی دە دەقە دایکی لێی بێئاگابووە (جێپێی دڵنیایی) .

دوێنیٚ شەویٚ لەگەڵ بابی شەترەنجمان دەکرد ، تەبعەن ئەمن باوەشیان لێدەدەم لەو کچ و کاڵانە ، لە (س) ، گەردنی ماچ دەکەم ، سوعبەتم لەگەڵیان هەیە ، هەر هاتمە ماڵیان یەکسەر باوەشم لێنا و گەردنیم ماچکرد ، هەمووشیان فێرن هەموو گەردنم بۆ بەرزدەکەن ، هەموو کچەکان (جێپێی دڵنیایی) ، ... شەترەنجمانکرد ، لە لەحزەیەکی شەترەنج تەماشایەکی (س) م کرد داڵغەی لێدابوو (جێپێی هۆکار) ، ئەو کاتەی بەلامەوە نۆرماڵ بوو هەموو مرۆڤەکان داڵغەیان هەیە ، هەر فکری ئەوەشم نەکردەوە ئەگەر شتێکی نائاساییە (جێپێی دڵنیایی) ، بەڵام ئێستا بیردەکەمەوە ، ئەو کچە بۆ داڵغەی لێدابوو (جێپێی هۆکار ) ، هیچ کێشەیەکی نەبوو ، ... ئەمن منداڵکانم وەها پەروەردە کردووە ، بە کچ و کوڕەوە بە یەکسانی ، پەیوەندی دڵداری و شتی وای هەبووبێـ ، پێم دەڵیٚ (جێپێی دڵنیایی) ، دڵدارەکەی دەناسم ، ڕەفاقەتیان لەگەڵمە (جێپێی دڵنیایی) هەمووی پێکەوە بووینە ، لە مەسەلەی ماددە هەرچی گرفتە نییەتی ، کامل ئازادی هەیە (جێپێی دڵنیایی) ، ئەو رشۆژە پێم گوت (س) بزانە ، ئەمن بەو هەموو قودرەتەی هەمە لە پشتی تۆم (جێپێی دڵنیایی) گوتی تۆ کارێکت کردووە نەک خۆم بابم و دایکم ئەوانیش هەموو شانازی بە تووە دەکەین ، کە دەزانی مافەکان چییە ، مرۆڤ چییە ، چونکە

هەر لە کۆنەوە لە تەمەنی هەرزەکارییەوە بڕوام بە جیاوازی نێر و مێ نەبووە (جێپێی دڵنیایی) ، دنیا شاهیدە ، خوێندکارەکانی ڕەفیقی هەموو دنیا ئەوە دەزانن ( جێپێی بەڵگە هێنانەوە ) ، قەول وابوو سەعات سێ بچێ بۆ وەرزش - وەرزش بکات پێمانوتبوو ، وەرزش بکات ، ڕۆژی سەعاتێک بچێت بۆ هۆڵی وەرزشکردن (جێپێی دڵنیایی) ، ... (ئەمەش ئێستا دەزانین ، ئێستا ئەو زانیارییانەمان هەیە دوای ئەو نەخۆشییە زۆر دەقیق بیت ئاگاو لێبێ ( جێپێی دڵنیایی) ، ...بردمە دکتۆر مانگی ڕابردوو ، وتی نۆرماڵە وپەستانی زۆر لەسەربووە - سەعی زۆر دەکات ، ئەمەش شتێکی زۆر نۆرماڵە خوێندکاری خۆشمە دەزانم لە هەموو بوارەکاندا نمونەییە ئەو کچە (جێپێی بەڵگە هێنانەوە) ، دواتر بە دکتۆرم گوت دکتۆر گیان ئێمە کەسێکی خواپێداوین ئیمکاناتی ماددی ، پاسپۆرتی نێودەوڵەتی ، لە هەموو دنیا لە هەموو شوێنێ کەسمان هەیە ، هەر حاڵەتێکە ئەگەر سەرەتاییە چارەسەری بکەین گوتی یەک موشکیلەی نییە ، هەر گرفتێکە ، ئەو حەبانەی دەدەمێ دڵنیابە چاکدەبێتەوە (جێپێی دڵنیایی) "

بە شێوەیەکی گشتی لە سەرجەمی وتەکانی مامی (س) ەوە ، چوار جۆر جێپێ ڕووندەبێتەوە ، کە بریتین لە ( جێپێی سەسوڕمان ، جێپێی بەڵگە هێنانەوە ، جێپێی دڵنیایی ، جیپێی هۆکار ) . سایکۆ_زمانیی دادوەری ، بۆ تێگەیشتن لەو بیرە گشتییەی ، کە لە پێکەوەهاتنی ئەو جێپێیانەوە دێتە کایەوە ، پەنا دەبات بۆ پەنجەمۆری زمانی ناوبراو لەڕێگەی کەرەستە زمانییەکانییەوە ، کە ئەو جێپێیانەیان درووستکردووە ، چونکە "ئەگەر بمانەوێت لە مێشک و بیر و بۆچوون و پەیپێبردن و ئاوەزمەندی کەسەکان بگەین ، ئەوا هەر لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت بێئاوەز بە ئاوەز ، گێل و هۆشمەند ، بە سەلیقە و بێسەلیقە... هتد لە یەکتر جیابکەینەوە " (ئەحمەد٢٠١٧: ١٦٥) ، ئەوەی لە لێکدانەوەی وتەکانی ناوبراوەوە ڕووندەبێتەوە ئەوەیە ، کە مامی (س) بە ئاگایە ، لەو جیهانبینییەی تاکی کورد دەربارەی خۆکوشتنی ئافرەتێک هەیانە ، هەروەها دەزانێت ئەو گومانانە کامانەن لە پاش خۆکوشتنی ئافرەتێکەوە دروستدەبن ، هەربۆیە سەرجەمی ئەو بیرەی دەیەوێت بیگەیەنێت ، لە چوارچێوەی ئەو چوار جێپێیەدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، تا وێنەیەکی هزری تایبەت بە باردۆخی خۆکوژەکە لای گوێگر دروستبکات، کە ئەو گومانانە بڕەوێنێتەوە ، کە لە جیهانبینی تاکی کورددایە ، بە شێوەیەک :

لە ڕێگەی (جێپێی سەرسوڕمان) ەوە بوار بە دەوروبەر نادات ، هۆکاری خۆکوشتنی ئەو ئافرەتە بە کێشەی شەرەف ، کۆمەڵایەتی ، سۆزداری ، دەرامەت... هتدییەوە ببەستنەوە ، لەبەرئەوەی دەزانێت ئافرەت لە جیهانبینی تاکی کورددا "ناسک و بێهێز و نیشانەی شەرەفە ، پارێزگاری کردن لێی ئەرکە و ئەرکی نێرینەیە " (ئەحمەد ٢٠١٧ :١٨١) ، بۆ ئەوەش بە شێوەیەکی زنجیرەیی لە بەشە جیاجیاکانی لێدوانەکەیدا ، لە لایەک دەوروبەر بە جێپێی بەڵگەدا دەبات و لە ڕێگەی وشەکانی (ژیر ، عاقڵ ، هەڵکەوتە ، ئەکادیمی ، زانستی ، شاهید ، نموونەیی ، ئاستی باڵا ... هتد) پەسنی کچەکەیان دەکات و دەیەوێت بڵێت کچەکەمان زۆر زیاترە لەوەی

وەک ئافرەتێکی ئاسایی سەیری بکرێت ، لە لایەکی تریشەوە بۆ پالپ َشتی لە وتەکانی بە چەند وشەیەک وێنەیەکی هزری دەربارەی سروشتی خێزانەکەی دەکێشێت ( کە کەسانێکی ڕۆشنبیرن ، ئاستی داراییان باشە ، تێگەیشتوون ، ئازادی بە ئافرەت دەدەن ، یەکگرتوون ، پشتی یەک بەرنادەن ، پیاوسالار نین ، واتای ڕۆشنبیری و سۆزداری و پێشکەوتن دەزانن ، بەئاگا و هۆشیارن ، هەست لە بەرپرسیارێتی دەکەن ... هتد) ، تا لەو ڕێگایەوە بە هەندێک بڵێت ئێمە لە هەڵسوکەوتی کچەکەمان بە ئاگاین ، بە هەندێکیش بڵێت ئێمە لەو ڕووداوە نەخوازراوە ئێمە بێئاگاین ، پاشان لە چەند شوێنێکدا بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکانی ( گریان ، داڵغە لێدان ، هەڵسوکەوتی سەیر ، دکتۆری دەروونی ، گرنگی وەرزشکردن ،... هتد) جیچپێی هۆکاری خۆکوشتنەکە ئاشکرا دەکات و دەیبەستێتەوە بە گرفتی دەروونییەوە .

واتە بە شێوەیەکی گشتی لە پەنجەمۆری زمانیی مامی (س) ەوە چەند دڵنیاییەک دەدرێت :

١- دڵنیایی لە نەبوونی هیچ کێشەیەکی سۆزداری ، دارایی ، کۆمەلایەتی ، شەرەف ، ... هتد.

٢- دڵنییایی لە لابردنی بەرپرسیارێتی خۆکوشتنی کچەیان ، لەسەر هەر تاکێکی بنەماڵەکەیان و هەر کەسێکی دیکە .

٣- دڵنییای لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و هۆشیاری خێزانەکەیان لە چۆنیەتی مامەڵکردن لەگەڵ ئافرەتدا.

٤- دڵنیایی لە هەبوونی گرفت لە دەروونی نەخۆشەکەدا و دەستنیشانکردنی وەکو هۆکاری ڕووداوەکە .

## ٣/٣) کەرەستە زمانییەکان لە جێپێی بەڵگەکاندا :

لە ٢/٣ ی ئەم توێژینەوەیەدا ، بە لێکدانەوەی وتەی هەریەک لە (تاوانباران ، گەواهیدەران) لە نێو چەند دۆسیەیەکی جیاجیادا ، چەندین جێپێی بەڵگە ، کە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ واتای تاوانبارکردن ، یان بێتاواندەرخستنی دەگەیاند ، دەستنیشانکران ، سەرجەمی ئەم جێپێیانە لەسەر بنەمای ئەو وشە و مۆرفیم و ڕستانە دەستنیشانکران ، کە لە زاری ئەو لایەنانەی بەشدار لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن وەرگیرابوون و تۆمارکرابوون ، واتە بەو پێیەی کار لەسەر ئەو دۆسێیانە کرابوو کە یەکلاییکرابوونەوە (حسم) ، بۆیە نەتوانرا بۆ لێکدانەوە پشت بە هەندێک لە بنەماکانی لێکدانەوەی سایکۆ_زمانییانە ببەسترێت ، وەکو (کۆدکردنی فۆنۆلۆژی ، هەڵەدەربڕین ، هەڵەی زمانیی ، هەڵخلیسکانی زمانیی ، گرفتی زمانیی ، ...هتد ) ، کە بە پشتبەستن پێیان زیاتر پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان ئاشکرا دەبوو ، چەندین

جێپێی دیکەش دیاریدەکرا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەو شێوەیەش توانرا ژمارەیەکی زۆر جێپێی دەستنیشانبکرێت .

یەکەم : جیپێی بەڵگەکان پەیوەست بە وتەی تاوانبارانەوە :

لەچوارچێوەی ئەو دۆسێیانەی لەم توێژینەوەیەدا لێکدانەوەیان بۆکرا ، چەندین جێپێی جۆراوجۆر لە وتەی تاوانبارانەوە دەستنیشانکران و هەندێکیشیان دووبارەبوونەوە ، کە هەریەکەیان شێوازی زمانیی تایبەت بەخۆیان هەبوو ، وشەو کەرەستەی زمانی تایبەت بەخۆیانیان تێدا بەکارهات ، کە بەگشتی سەرجەمی ئەو جێپێیانە بۆ دوومەبەستە :

أ. لە نێو تاکە دۆسێیەکدا بەتاکەتاکە بۆ مەبەستی دەرخستن یان شاردنەوەی ڕاستییەکانە .

ب. هەمووشیان پێکەوە بۆ ڕازیکردنی ڕەوتی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنە لە بەرژەوەندی تاوانبار .

کەواتە بەو پێیەی تاوانباران بە شێوەکی گشتی جێپێی بەڵگەکان بەو دوو مەبەستە بەجێدەهێڵن ، هەربۆیە دەکرێت دادوەران چ لە قۆناغی لێکۆڵینەوە ، چ لە قۆناغی دادگاییکردن ، چەندەها جار ڕووبەڕووی ئەو جۆرە جێپێیانە ببنەوە ، کە هەڵگری بەڵگەی زمانین و دەکرێت ببنە بنەمایەک بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی نازمانیش ، لەبەرئەوە هەوڵدەدرێت ، پەیوەست بەو جێپێیانەی لەم چەند دۆسیەیەوە لە وتەی تاوانبارانەوە دەستنیشانکرا ، (مەبەست ، شێوازی زمانیی ، وشە و کەرەستە زمانیی)کان کە لەو جۆرە جێپێانەدا بەکاردێت ،دەستنشیشانبکرێت .بۆ نمونە:

١- جێپێی متمانەدروستکردن : تاوانبار ئەم جێپێیە بەمەبەستی دروستکردنی متمانە لای دادوەر بەجێدەهێڵێت ، تا بڕوا بە ڕاستی قسەکانی بکات ، ئەو شێوازە زمانییەی لەمجۆرە جێپێیەدا هەیە ، بریتییە لە شێوازی دیاریکردن و دەستنیشانکردنی زانیارییەکان لە نێو وتەکانیدا، بە ناوهێنان و دیاریکردن، بۆ نمونە (بە ئازادم وتبوو ، ٣/١٠ بۆ یەکەمجار یەکترمان بینی ، لە چایخانەی شەعب چاومان بە یەکتر کەوت ...

٢- جێپێی هەستکردن : ئەمجۆرە جێپێیە لەلایەن تاوانبارەوە بە مەبەستی پەنابردنە بەر تاوانبارکردنی هەستەکانی بەجێدەهێڵرێت ، بەشێوەیەک ، کە تاوانبار هیچ بەڵگەیەکی دروستی بە دەستەوە نەبوو ، کە بێتاوانییەکەی بسەلمێنێت ، پەنا دەباتە شێوازی نمونە هێنانەوە بەر باسکردنی ئەو هۆکارەکانەی ئەو هەستانەیان لەلا دروستکردووە ، ئەویش لە ڕێگەی هەندێک وشەی وەکو ( هەستکردن ، درکپێکردن ، پەیپێبردن ، تێبینیکردن ، ... هتد) بۆنمونە

(هەستمکردبوو لەگەڵ هاوسەرەکەم پەیوەندیی هەیە ، تێبینم کردبوو زۆر سەیری ماڵمان دەکات ...)

٣- جێپێی سووربوون لەسەرتاوانکردن : ئەمجۆرە جێپێیە بەمەبەستی پێداگری تاوانبار دێت ، لە بوونی هۆکارێکی بەهێز لە پشتی ئەنجامدانی تاوانەکەیەوە، ئەو شێوازە زمانییەی لەمجۆرە جێپێیەدا بەکاردێت ، بریتییە لە شێوازی جەختلێکردنەوە و دڵنیاکردنەوە ، هەربۆیە ئەو وشە و کەرەستانەی کەتیایدا بەکاردێت ئاماژەن بۆ واتای (دڵنیایی ، پێداگری ، سووربوون ، جەختلێکردنەوە ، ... هتد) بۆ نمونە (ئێستاش لەو بڕوایەدام بەهەڵەدا نەچووبووم ، بەدڵنیاییەوە هۆکاری خۆم هەیە ، ... )

٤- جێپێی دانپێدانان: تاوانباران لە زۆربەی دۆسێیەکاندا ، ئەم جێپێیە لە باری ناچارییدا بەجێدەهێڵن ، واتە لەو کاتانەدا ، کە هەموو دەرگاکانی پاساوهێنانەوە بەڕوویاندا دادەخرێت . ئەو شێوازە زمانییەی لەم جۆرە جێپێیە بەجێدەمێنێت ، شێوازی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆشە ، بەو واتایەی تاونبارەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دان بەوەدا دەنێت کە تاوانبارە ، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بە بەکارهێنانی تەمومژی زمانیی ، پاساو و بیانوو هێنانەوە ، بە شێوازی لابەلا دان بەتاوانەکەیدا دەنیت ، بۆ نمونە ( من دان بەوەدا دەنێم ، کە ئەو بەڵگانەم ساختەکردووە (شێوازی ڕاستەخۆ) ، ( ئەو بەڵگانەی لای من ساختەبوون (شێوازی ناڕاستەخۆ) )

٥- جێپێی متمانەبەخۆبوون: تاوانباران ئەمجۆرە جێپێیە بۆ مەبەستی بێباکییان لە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکەیان بەجێدەهێڵن ، شێوازی زمانیی ئەمجۆرە جێپێیە بەوە جیادەکرێتەوە کە کورت و پوختە ، تاوانبار ئەو وشە و دەستەواژانە بەکاردەهێنێت ، کە هێز ، متمانە ، بێباکی تێدایە بۆ نمونە (زۆر بێمنەتم ، دڵنیام لەخۆم ، بەڵگەم هەیە ، دەتوانم بیسەلمێنم ، ... )

٦- جێپێی بەرگریکردن لە خوود : ئەمجۆرەیان زۆربەی تاوانباران بەمەبەستی (بەرگریکردن ، سڕینەوەی تاوان ، کەمکردنەوەی هێزی تاوان ) لەسەر خۆیان بەکاریدێنن ، تیایدا شێوازی جۆراو جۆری وەک بەڵگەهێنانەوە ، سوێندخوارد ، ، ... هتد بەکاردێنن ، بۆ نمونە (لەو کاتەدا من لەسەفەر بووم ، سوێند بەخوا نەمدەزانی بەو شێوەیەی لێدێت ، ...)

٧- جێپێی خۆلادان : تاوانباران لەمجۆرەی جێپێدا بە مەبەستی شاردنەوە و ونکردنی ڕاستییەکان ،خۆیان لە درکاندنی سەرجەم ئەو زانیارییانە لادەدەن ، کە ئاشکرابوونی ڕووداوەکەی پێوە بەندە ، بۆ ئەم مەبەستەش، پەنا بۆ شێوازی نادیاریی دەبەن ، واتە ناوی کەس، شوێن ، شت ، بەروار ... هەمووی لە فۆڕمێکی نەناسراوییدا ئاماژەی پێدەدەدەن ،وەکو

( ڕۆژێک ، ئافرەتێک ، شوێنێک ، ... ) بۆ نمونە (ژنێک بوو پەیوەندی پێوەکردم ، ڕۆژێکیان ، کە بە دیاریکراوی بەروارەکەی نازانم ، ... هتد)

٨- جیێێی بەڵگەهێنانەوە : ئەمجۆرەیان بۆ هەردوو بەمەبەستی هەڵخەڵەتاندن و سەلماندنی ڕاستیش بکاردێت ، واتە لەو شێوازەدا کە بەڵگەی دروستکراو ناڕاستی تێدایە، تاوانبار دەیەوێت بەڵگەیەک دروستبکات ، تا خۆی پێ ڕزگار بکات و بۆی دەربچێت ، لەو شێوازەشدا کە بەڵگەکان دروستن ، تاوانبار بەمەبەستی سەلماندنی بێتاوانی و ڕاستگۆیی بەکاریدێنێت ، ئەویش لە ڕێگەی ئەو کەرەستە زمانییانەی واتای پاڵپشتی دەگەیەنن ، بۆ نمونە (فلان شاهیدە ، هەموویان ئاگادارن ، بەڵگەم لایە ، ... هتد)

٩- جێپێی هێنانەنانەوە و بەشدارییپێکردن : تاوانباران ئەم جێپێیە بەو مەبەستە بەجێدەهێڵن ، کە دادوەر سەرنجی ڕابکێشرێت بۆ لای کەسێکی نوێ ، کە ( تاوانباری سەرەکییە ، هاوبەشە لە تاوان ، وەک گەواهیدەرێک بینەر و بیستەری تاوانەکەیە) ، ئەو شێوازەی لەم جۆرە جێپێیەدایە بریتییە لە شێوازی ناوهێنان ، واتە تاوانبار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، ناوێک دەهێنێە ناوەوە بەشدارییپێدەکات بە پێی ئەو ڕۆڵەی لە تاوانەکەدا هەیبووە ، بۆ نمونە ( ئارام کەم تا زۆر ئاگاداری کارەکانم بوو ، هەمیشە پرسم بە ئازاد دەکرد ، ڕێنماییەکانم لە تواناوە وەردەگرت ، ...هتد)

١٠- جێپێی پەسنکردن : بەمەبەستی دەرخستنی کەسایەتی ، ڕەوشت ، دەستپاکی ، بێتاوانی ، ...هتد لەلایەن تاوانبارەوە بەکاردێت ، بەشێوەیەک تاوانبار پەسنی ئاستی ڕۆشنبیری ، شارستانی ، پلەو پایەی کۆمەڵایەتی ، خوێندەواری ، دارایی ... هتد خۆی و خێزانەکەی دەکات ، بەگشتی ئەو شێوازەی لەمجۆرە جێپێیەدا هەیە بریتییە لە شێوازی پەسنکردن ، ئەو وشە و دەستەواژانەی ، کە تیایدا بەکاردێن، بریتین لە ئاوەڵناو و وشە پەسنییەکان ، بۆ نمونە ( خۆمان هەبووین ، ناوبانگێکی خۆمم هەیە ، خاوەنی بڕوانامەیەکی بەرزم ، هەموو کەس دەمانناسێت ، ... هتد)

١١- جێپێی پاساوهێنانەوە :تاوانبارن کاتێک ، کە دڵنیان لە بوونی بەڵگەی پێویست لەسەر ئاشکرابوونی تاوانەکەیان ، ئەم جێپێیە بە مەبەستی سوککردنی سزا لەسەر خۆیان بەکاردێنن ، بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەبنە بەرشێوازی پاساو و بەهانە هێنانەوە ، بۆ نمونە ( نەمدەزانی ، چوزانم ، لەبەرخاتری فلان ڕازیببوم ، پێم وانەبوو بەو شێوەیە ، ...هتد).

١٢- جێپێی مەبەست : ئەمجۆرەیان هەروەکو ناوەکەی جێپێی مەبەستە ، بەڵام مەبەستێک ، کە تێکڕایی وشەکانی نێو وتەی تاونبارەکە ، لە خزمەتیدا بن ، هەربۆیە ئەو شێوازە زمانییەی لەمجۆرە جێپێیەدایە ، بەوە دەیناسێنین کە شێوازێکی (بیرلێکراوە ، پلانبۆداڕێژراو ، ،

فرەشێواز)ە ، واتە تاوانبارەکە ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی وتەکانییەوە دەیەوێت بیگەیەنێت ، پێشتر بە باشی بیرلێکردووەتەوە ، بە باشترین پلان وشەکانی دایڕشتووەتەوە ، بە شێوازی جیاجیا و لە شوێنی مەبەستدا بەڵگەی دروستکراو پاساوی گونجاو ، ...هتدی بۆ ئامادەکردووە ، ئەم جێپێیە لە وتەی تاوانباردا یان لەسەرەتای وتەکانییدا دەردەکەوێت و بەدواییدا سەرجەم بەڵگە و پاساوەکان دەخرێتە ڕوو ، یان لەکۆتاییدا ئاشکرا دەبێت ، کە گشت ئەو بەڵگە و پاساوانەی لەسەرەتای وتەکاندا هاتوون ، بەنیازی گەیاندنی ئەو مەبەستە ڕێکخراون بۆ نمونە :

أ. دەمەوێت ئەوە بڵێم ، کە لەپێناو بەرگریکردن لەخۆم ، ئەو کەسەم بریندار کرد ، چونکە ئەو لە پێشدا پەلاماری دام ، ئازاری دام ، جنێوی پێدام ، تەنانەت دراوسێکەشمان ئاگای لێبوو ، ئەگینا من هەرگیز بوێری ئەوەم نەبووە کاری وەها بکەم ، من هەرگیز کەسێکی هێندە شەڕانگێز نەبووم و نیم ....

ب. ئەو هات پەلاماری دام ، ئازاری دام ، جنێوی پێدام ، تەنانەت دراوسێکەشمان ئاگای لێبوو ، من هەرگیز حەزم بەکاری شەڕەنگێزی نەبووە و نییە ، بۆیە من لەپێناو بەرگریکردن لەخۆم ، ئەو کەسەم بریندار کرد .

١٣- جێپێی درۆ : بەگشتی تاوانبار درۆ بۆ مەبەستی شاردنەوەی ڕاستی بەکادێنێت ، شێوازی درۆکردن یان بە ئاشکرایە و پێچەوانەی هەموو ئەو بەڵگانەیە ، کە بەرأستی سەلمێنراون ، یان لە ڕێگەی ئەو بەدواداچوون بەو ناچونییەکییەوە ، کە (لە نێوان وتەکانی خۆی لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن ، ئەو ناهاوتاییەی وتەکانی خۆی لەگەڵ وتەی تاوانبارەکانی تر ، کە لەو تاوانەدا لەگەڵیدا هاوبەشن ، یاخود بەراوردکردنی وتەکانی ئەو تاوانبارە و لێدوانەکانی گەواهیدەران) ئاشکرا دەکرێت ، ئەو شێوازەی لەمجۆرە جێپێیە بەجێدەمێنێت ، شێوازی نەرێکردنە ، چونکە تاوانباران بە ڕاستەوخۆ درۆدەکەن و جەخت لەسەر ئەنجامنەدانی تاوانەکە دەکەنەوە ، بۆ نمونە (من ئەو تاوانەم ئەنجامنەداوە ، من ئەو دزییەم نەکردووە ، پەڕاوەکان من ساختەم نەکردوون ، ...)

١٤- جێپێی هەڵخەڵەتاندن : تاوانباران ، بە مەبەستی سەرلێشێواندن و تەفرەدان پەنادەبەنە بەر هەڵخەڵەتاندن. ئەو شێوازەی لەمجۆرە جێپێیەدا هەیە ، بریتییە لە شێوازی درۆ و فریودان ، جیاوازی ئەمجۆرە جێپێیە لە جێپێی درۆکردن ئەوەیە ، لە جێپێی درۆکردندا ، تاوانبار تەنیا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ، ڕاستییەکان بشارێتەوە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ درۆکەی بکات ، بەڵام لەمجۆرەدا تاوانباران ، تەنیا بەوەوە ناوەستن ڕاستییەکان بشارنەوە ، بەڵکو بە بەکارهێنانی بەڵگەی نادروست و پشتبەستن بە وەرگرتنی تاکە ڕاستییەک لە نێو ڕووداوەکەدا و هۆنینەوەی کۆمەڵێک درۆ لە سایەیدا ، دەیشێوێنن ، تا لەو

ڕێگەیەوە دادوەر و ڕەوتی دادگاییکردن بە لاڕێدا بەرن ، ئەمەش واتای ئەوەیە ، کە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ درۆکە ناکەن ، بۆ نمونە ( من چۆن کاری وادەکەم ، لەکاتێکدا خۆم لەناو بوارەکەدام دەزانم ئەوە نایاساییە ؟ هەموو کاتێک بە هاوڕێکانیشم وتووە ، لە کارانە خۆتان بەدوور بگرن ، چۆن ئێستا خۆم ئەنجامی دەدەم ؟ ... هتد .

دووەم : جێپێی بەڵگەکان پەیوەست بە وتەی تاوانبارانەوە:

لە ٢/٣ ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ، بە هەمان شێوەی تاوانباران ، لەو چەند دۆسیە دیاریکراوەدا چەند جێپێی بەڵگەیەک لە وتەکانی گەواهیدەرانیشەوە ئاشکرابوو ، بەڵام ئەگەر بە شێوەکی گشتی ، تاوانباران مەبەستی جێهێشتنی ئەو جێپێیانەیان بۆ ئەو دوو مەبەستە بێت کە ئاماژەی پێدرا ، ئەوا مەبەستەکانی جێهێشتنی جێپێی بەڵگە لەلەیەن گەواهیدەرانەوە ، کەمێک جیاوازترە ، بۆ نمونە :

١- گەواهیدەرانی بەرگری ( کەسوکار و هاوڕێ ... ی تاوانبار ) ، بە مەبەستی پاساو هێنانەوە لابردنی تاوان ، یان کەمکردنەوەی هیزی تاوان لەبەرژەوەندی تاوانبارەکە بەجێیدەهێڵن.

٢- گەواهیدەرانی دژ (کەسوکار و هاوڕێ ...ی تاوانلێکراو ) : بەمەبەستی تاوانبار کردن و قورسکردنی تاوان لەسەر تاوانبار بەجێیدەهێڵن .

٣- گەواهیدەرانی بێلایەن (ئەوانەی کە تەنیا ساتی ڕووداوەکە ئاگادارن هیچ لایەنێکیان ناناسن ) ، بەمەبەستی خۆلادان و خۆدوورخستنەوە و خۆدوورەپەرێزخستن بەکاریدێنن .

بە شێوەیەکی گشتی ئەوجێپێی بەڵگانەی لە نێو ئەو چەند دۆسەیەیەدا دەستنیشانکرا ، ئەمانەن :

١- جێپێی بێبەریکردنی تاوانلێکراو : ئەمجۆرە جێپێیە لە لایەن گەواهیدەرانی (دژ)ەوە ، لە هەندێک دۆسیەی وەکو ( کوشتن ، شەڕکردن ، ...) دا بەجێدەهێڵرێت ، ئەو وشە و کەرەستانەی لەم جێپێیەدایە ، بەو شێوەیەیە، کە ئەو گەواهیدەرانە بەمەبەستی زیاتر بێتاواندەرخستنی تاوانلێکراوەکە و جەختکردنەوە لەسەر قورسی تاوانی تاوانبار بەکاریانهێناوە ، ئەویش لە ڕێگەی پەسنکردنی تاوانلێکراوە بۆ نمونە ( کوڕەکەمان زۆر بێ کێشەیە ، هەرگیز کەسێکی شەڕانگێز نەبووە ، ... هتد).

٢- جێپێی کاریگەری زمانیی : ئەمجۆرەشیان لەلایەن گەواهیدەرانی (دژ) ەوە بەکاردێت ، لەو بارانەدا کە تاوانبار خەریکی تاوانکردن بووە ، بەڵام بەردەوام لەڕێگەی تەکنیکی زمانییەوە دەوروبەرەکەی هەڵخەڵەتاندووە ، تا بڕوا بە چاوی خۆیان نەکەن و ئەوە بە ڕاست بزانن ، کە لەو تاوانبارەوە گوێیان لێدەبێت ، بە واتایەکی تر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو وتانەی

تاوانبار لە پێشوودا بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندیان بەکاریهێناوە ، بە شێوەیەک کە تاکی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنیش گومانیان لە نادروستی ئەو وتانە هەیە ، وەکو بەڵگەیەک باسی دەکەنەوە ، لەم جێپێیەدا ئەو وشە و کەرەستە زمانییانەی کە دێت ، بە زۆری لەوانەن کە دەگەڕێنەوە بۆ ئاماژە زمانییەکانی تاوانبار وەک (ئەو خۆی ، دەیوت ، باسیدەکرد ، جەختیلێکردنەوە ، ... ) بۆ نمونە (بەردەوام باسیدەکرد هاوسەرەکەی لە هەموو کەس خۆشتر دەوێت ، هەمیشە جەختیلەوەدەکردەوە هەمیشە لە بەرژەوەندی گشتی کاردەکات ، ... هتد).

٣- جێپێی دوودڵی : ئەمجۆرەیان لەلایەن هەرسێ جۆر گەواهیدەرەکەوە بۆ مەبەستی جیاواز بەجێدەمێنێت ، بەزۆری مۆرفیمی (بەڵام ) ، (یان ) ، (هەرچەندە )لەمجۆرە جێپێیە بەجێدەمێنێت :

أ. گەواهیدەرانی بەرگری : لەو کاتەدا ، کە دوودڵن لە ئەنجامدانی تاوان لە لایەن تاوانبارەکەوە ، یان دڵنیان لە تاوانەکە و دوودڵن لە دانپێدانان ، بەکاریدێنن . بۆ نمونە ( لای من سوێندی دەخوارد کە هیچ نهێنییەکی مەترسیداری نییە ، بەڵام هەمیشە ترس لە ڕوویدا بوو ، دیاربوو شتێک دەشارێتەوە ، هاوڕێیەکی زۆر خراپی هەبوو ، هەموو شتێک ئەو فێری دەکرد ، نازانم ناوی ئارام بوو یان ئازاس ... هتد).

ب.گەواهیدەرانی دژ : لەو کاتانەدا ، کە خۆیان تا ڕادەیەک دوودڵن لەوەی خودی تاوانلێکراویش بەشێکە لە هۆکاری تاوانەکە بەکاریدێنن ، بۆ نمونە (هەمیشە باسیدەکرد ...... زۆر ڕقی لێیەتی ، هەرچەندە دەمزانی ئەمیش زۆر سەردەکاتە سەر ئەو ...هتد ) .

ت. گەواهیدەرانی بێلایەن : ئەمان بە مەبەستی ئەوەی خۆیان توشی هیچ بەرپرسیارێتییەک نەکەن و هەموو ئەو شتانە باسنەکەن ، کە بینیویانە یاخود بیستوویانە ، زۆربەی کات ئەو وشە و دەستەواژانە بەکاردێنن ، کە ئاماژەن بۆ دوودڵی و نادڵنیایی ، هەر بۆیە زیاتر لە دوو جۆرەکەی تر ، ئەم جێپێیە لە وتەی ئەمجۆرە گەواهیدەرانەدا بەجێدەمێنێت ، بۆ نمونە (هەرچەندە من لەوێ ئامادەبووم ، بەڵام لەو کاتەدا سەرقاڵبووم ، کەسێکیان لە پێشدا جنێویدا بەڵام نازانم فڵان بوو یان فیسار ... هتد).

٤- جێپێی بەڵگە : لەمجۆرە جێپێیەدا بەڵگەهێنانەوە و نمونە باسکردن لە لایەن گەواهیدەرانی بەرگرییەوە بۆ بەرگریکردنە لە تاوانبار و دەرخستنی بێتاوانییە ، بەڵام لەلایەن لەلایەن گەواهیدەرانی دژەوە بە مەبەستی سەلماندنی تاوانی تاوانبارە ، زۆر بەکەمیش گەواهیدەرانی بێلایەن خۆیان تووشی ئەو بەرپرسیارێتییە دەکەن و بەڵگە دەهێننەوە .

٥- جێپێی پاڕانەوە : ئەمجۆرەیان لەلایەن گەواهیدەرانی بەرگرییەوە بەکاردێت ، بە تایبەت لەلایەن کەسوکارە زۆر نزیکەکانی تاوانبار ، تایبەتتریش لەلایەن دایک و باوکی تاوانبارەوە ،

ئـەویش بـە مەبەسـتی چـاولێبوون و بەزەییپێداهاتنـەوە لـەکاتی دەرکردنـی سـزادا لـە لایـەن دادوەرەوە ، شـێوازی ئـەمجۆرە جێپێیـە ، تێکەڵـە لـە سـوێندخواردن ، تکـاکردن ، دەربڕینـی سەرسـوڕمان ، پەسـنکردنی تاوانبـار ، پاسـاوهێنانەوە ، ... بـۆ نمونـە (بـەخوا سەرمسـوڕماوە کوڕی من ئەوەی کردبێت ، چونکە ئەو هەرگیز کاری خراپی ئەنجامنەداوە ، تەنانەت هەڵەیەکی بچوکی نەکردووە ، تکات لێئەکەم بەزەییت پێیدا بێتەوە ، ... هتد)

٦- جێپێی بێئاگایی و خۆبێبەریکردن : ئەمجۆرە جێپێیە لە وتـەی گەواهیدەرانی بـەرگری تـا ڕادەیەکی زۆر و گەواهیدەرانی بێلایـەن بە ڕێژەیـەکی بـەرچاو بەجێدەمێنێت ، بە تایبـەت ، کە تاوانەکە قورس بێت و هەموو کەس ئارەزوو بکات خۆی لێ لابدات ، بۆ نمونە ( من ئێستا ئەم شتانە دەبیستم ، پێشتر هەرگیز هەستم پێنەکردووە ، بە تـەواوی ڕووداوەکەم نـەبینی چونکە لەو کاتەدا زۆر ترسا و شڵەژاوبووم ، ...)

٧- جێپێی پاساو : ئەمجۆرەیان لەلایەن گەواهیدەرانی بەگرییەوە بەدوو شێوە بەجێدەمێنێت :

أ. پاساو بۆهێنانـەوە : واتـە پاسـاو بـۆ تـاوانی تاونبارەکە دەهێننـەوە ، بـۆ نمونـە (دڵنیـام لەبـەر هەژار نەبووایە و زۆرناچار نەبووایە هەرگیز ئەو بڕە پارەیەی نەدەبرد.

ب. پاسـاوهێنانەوە : پاسـاو بـۆ خۆیـان دەهێننـەوە ، کـە ئاگـاداربوون لـە تاوانەکـە و لێـی بێدەنگبوون ، بۆ نمونە (ڕاستە من ئەو بڕە پارە زۆرەم لای ئەو دەبینی، بەڵام وامدەزانی هی کەسێکە لای ئەو دایناوە ).

٨- جێپێی ڕێکەوتن : ئەمجۆرەش لەلایەن گەواهیدەرانی بەرگرییەوە بەکاردێت ، بە شێوەیەک ، کە هەمووگەواهیدەرەکان پێکەوە ڕێکدەکەون بە (هـەمان شـێواز ، هـەمان زنجیرەی گێڕانـەوە ، هـەمان وشـە )ڕووداوەکـان بـاس بکـەن ، واتـە پێکـەوە بـە پلانێکـی زمـانیی پێشـوەختە دەقـی وتەکانیان ئامادەدەکەن بۆ کاتی گەواهیدان .

٩- جێپێی ئاڕاستەکردن و گونجاندن : جیاوازی ئەم جێپێیە لەگەڵ ئەوەی پێشوودا ئەوەیە ، کە (شێواز ، زنجیرەی گێڕانەوە ، وشەبەکارهاتووەکان)ی ناو وتـەی گەواهیدەرەکان لەگەڵ وتـەی تاوانبارەکـەدا گـونجێنراون ، ئەمـەش بـەو واتایـەدێت تاوانبـار هـەر لەسـەرەتاوە کەسوکارەکەی ئاڕاستە کردووە ، لە ئەگەری ئاشکرابوونی تاوانەکەیەدا ، بەو شێوەیە لێدوان بدەن .

بە شێوەیەکی گشتی ئەمانە تـەنها ئـەو جێپێیانە بوون ، کە لـە لێدانـەوەی ئەم چەند دۆسیە دیـاریکراوەی نێـو ئـەم توێژینەوەیـەدا لـە وتـەی تاوانبـاران و گەواهیدەرانـەوە بـەجێمابوون ، بەدووبارە بوونەوەی زۆربەیان لە دۆسیە جیاجیاکاندا ، ئەوە ڕووندەبێتەوە ، کە ئـەم جێپێیانـە

دەکرێت پەیوەست بەو ژمارە زۆرەی دۆسیەجیاوازەکانی نێو دادگاکانەوە ، چەندەها جار لە وتەی لایەنەکانی نێو دۆسیەکاندا بەجێبمێنن ، بۆیە پێویستە لێکۆڵەران و دادوەران بە باشی سەرنجیان بخەنە سەر ، چونکە ئەو جێپێیانە دەکرێت خۆیان بە سەربەخۆ ، بەڵگەیەک بن ، یاخود بنەمایەک بن بۆ دەرکەوتنی بەڵگەیەکی تر ، بە ڕادەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە هەندێک ڕووداوی وەکو (خۆکوشتن) ، هیچ دادپەروانە و زانستییانە نابێت ، گەر پشت بەو بەڵگە زمانییانەش نەبەسترێت ، چونکە لەو بارەدا ، ڕەنگە هۆکاری ئەو ڕووداوە ، زیاتر (لە ڕێی ئەو جێپێیانەوە ڕوونبێتەوە ، کە لە پەنجەمۆری زمانیی کەسەکەدا ، هەستپێکراوە ، یان لەو بەڵگانە نووسراو و تۆمارکراوانەی لە پاش خۆی بەجێیهێشتوون ، یان لەو جێپیانەی لە وتەی گەواهیدەرانەوە بەجێدەمێنێت ) ، ئاشکراشە لەهەموو بارەکاندا ، بەڵگەکان زمانین و لێکجانەوەکانیش بە زمانەوان دەکرێت .

## ٤/٣) گرنگی پەنجەمۆری زمانیی بە لێکدانەوە سایکۆ_ زمانییەکان :

لە ڕاستییدا خودی پەنجەمۆری زمانیی بۆ دۆزینەوە و لێکدانەوەی هەریەک لە (جێپێی تاوان ، جێپێی بەڵگە) ، لە هەر سێ تەوەرەی پێشووی ، ئەم بەشەی توێژینەوەیەدا ، بە پێی پرنسیپەکانی سایکۆ_زمانیی دادوەری، یارمەتیدەرمان بوو بۆ سێ خاڵی گرنگ :

أ. بەڕاستەوخۆیی تیشکخستنە سەر ، جێپێی تاوانەکان .

ب. دەستنیشانکردنی چۆنیەتی بەجێهێشتنی (جێپێی بەڵگە)ی هەریەک لە تاوانباران و گەواهیدەران لە ناو دۆسیەیەکی دیارکراودا .

ت. دۆزینەوەی ئەو (شێواز ، مەبەست ، کەرەستە زمانی)انەی ، کە هەریەک لەو لایەنانە ، لە جێپێکانیاندا بەجێیدەهێڵن.

هەربۆیە سەبارەت بە دەرخستنی ڕادەی گرنگێتی ئەم بابەتە ، لە لێکدانەوەی تاوانەکاندا ، ڕاپرسییەکمان ئامادەکرد ، بە خستنەڕووی بیست و سێ پرسیار و چەندین وەڵامی ئامادەکراو ، کە ڕۆڵی پەنجەمۆری زمانییان لە ناسینەوە و ناساندنی کەسەکاندا دەردەخست . چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو پرسیارو وەڵامانەش ، لەسەر بنەماکانی دۆزینەوەی پەنجەمۆری زمانیی بە پێی ستراتیژییەکانی سایکۆزمانیی دادوەری داڕێژرابوون .

لە ڕاپرسییەکەدا (٢٠٧) کەسی جیاواز لە (تەمەن ، پلەو پەیایەی کۆمەڵایەتی ، خوێندەواری ، ڕەگەز ، ... هتد) ، بەشدارییانکردووە ، هەریەکەیان بە پێی ڕادەی تێگەیشتنیان لە پرسیارەکان و ئەو وەڵامەی بۆیان گونجاوە وەڵامیان داوەتەوە ، چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە لەلایەن ئەو بەشداربووانەوە ، چەندین ئەنجام بۆ توێژینەوەکە بەدەستیهێنێت :

پرسیاری - ١ –

به چ جۆره وشـه و دنیابینینێک دەناسـرییتەوە ؟ یـاخود بە چ شـێوە و مـۆرکی زمـانییەک لە لایەن هاورێکانتەوە دەناسرێیتەوە ؟

ا. بە بەکار هێنانی ڕێزی زۆر.

ب. بە بەکار هێنانی وشەی هاوڕێیەتی.

ت. بە بەکار هێنانی جنێو.

پ. بە بەکار هێنانی توانج

ج. بە بەکار هێنانی وشەی سێکسی .

ح. بە بەکار هێنانی قسەی نەستەق

خ. بە بەکار هێنانی وشەی ئاڵۆز




هێڵکاری شریتی (١) ڕادەی دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان ، لەڕێگەی هەڵبژاردنی وشەکانیانەوە

هەڵبژاردنی وشەکان و جیهانبینی تاک  بە پێی ستراتیژییەکانی سایکۆ_زمانیی دادوەری دوو بنەمای دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانین .  لەم هێڵکارییەوە ئەوە ئەوە ئاشکرادەبێت ، کە جیهانبینی کەسەکان بە چ جۆرێک کاریکردووەتە سەر جۆری هەڵبژاردنی وشەکانیان بە شێوەیەک کە لە دەورووبەردا پێیناسرێتەوە .

پرسیاری- ٢ -

ئەگەر هەر پەیامێکی نووسراو ، لە ڕێگەی نامەیەکی دەستنووس ، ژمارەیەکی نەناسراو ، یان هەژمارێکی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ، کە بە ناوێکی خوازراوەوە بێت ، بۆت بێت ،لەلایەن هاوڕێ یان کەسێکی نزیکتەوە ، کە خۆی نەناساندبێت ، چۆن دەیناسیتەوە ؟

أ. لە ڕێگەی دەستخەتەکەی.

ب. لەڕێگەی ئەو فۆنتەی بەکاریدێنێت ، (لاتینی ،عەرەبی ،کوردی)

ت. لە ڕێگەی ئەو هەڵانەی لە ڕێنووسیدا هەیە.

پ. لە ڕێگەی ئەو وشانەوە ، کە زۆر دووبارەی دەکاتەوە .

ج. لە ڕێگەی ئەو وشانەی سەر بە زارو زارۆچکەی کەسەکەیە.

ح. لە ڕێگەی بۆچوونەکانی  دەربارەی ئەو پەیامەی ناردوویەتی.

خ. لە ڕێگەی ئەو یارییە زمانییەوە کە بە وشەکانی دەکات .




هێڵکاری شریتی (٢) ڕادەی بەکارهێنانی پەنجەمۆری زمانیی بۆ ناسینەوەی خاوەنی دەقێکی نووسراو ، کە خاوەنەکەی هاوڕێ یان کەسێکی نزیکە و نایەوێت خۆی ئاشکرابکات

لە هێڵکاری ژمارە (٢) دا ئەوە ڕوونده‌بێتەوە ، کە لە بارودۆخی ئاسایشدا ، کەسانی ئاسایی بۆ  ناسینەوەی خاوەنی دەقێک بە ناڕاستەوخۆیی پشت بە پەنجەمۆری زمانیی دەبەستن ، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە ، ڕێژەی هەرە زۆریان کە دەکاتە ( ٤٣,٨ ٪) پشت بە دووبارەبوونەوەی وشەکان دەبەستن ، بەدوای ئەودا بە ڕێژەی( ٤١,٨ ٪) پشت بە بۆچوون و دنیابینی کەسەکان لە پەیامە دیاریکراوەکاندا دەبەستن ، بەڵام  سەبارەت بە هەڵبژادەی

(یـاری زمـانیی ، هەڵـەی ڕێنـووس، فـۆنتی بـەکاهێنراو )ە بەرپێژەیـەکی بـەرچاو ، کـەمتر هـەڵبژێردراوە و هەڵبژاردنـەکانی تـریش لـە و نێوەنددادان ، ئەمـەش واتـای ئەوەیـە ، ئەگـەرچی هەنـدێک لـەو تایبەتمەندییانـە کـەمتر هـەڵبژێردراون و دەستیشـانکردنیان زیـاتر بـە پسـپۆڕی زمانەوانی دەکرێت ، بەڵام گەر زمان بکرێتە پێوەر بۆ دۆزینەوە (خاوەنی ) نامەیـەکی هەڕەشـە ، پـەیامێکی سـوکایەتیپێکردن ، ناوزڕانـدن ، نهێندرکانـدن ... هتـد ، زۆر بـە ئاسـانی لـە ڕێگـەی پرسـیارکردن لـە (لایەنـەکانی دۆسـیە)کە ، لـەبارەی ئـەو تایبەتماندییانـەوە بەڵگـەی دروسـت بەدەستدێت .

پرسیاری - ٣ -

کاتێک گوێت لە تۆمـارێکی دەنگی دەبیت ، کـە خاوەنەکـەی ئاشـکرا نـەبێت ، بـەچ ڕێگەیـەک هەوڵدەدەیت ، خاوەنەکەی بدۆزیتەوە ؟

أ. لەرێگەی شێوەی دەنگەکەیەوە .

ب. لە ڕێگەی ئەو زارو زارۆچکەیەی قسەی پێدەکات .

ت. لە ڕێگەی ئەو وشانەوە ، کە زۆر دووبارەی دەکاتەوە .

پ. لە ڕێگەی چۆنیەتی گۆکردنی وشەکانەوە.

ج. لە ڕێگەی بۆچوونەکانی دەربارەی ئەو پەیامەی لەو تۆمارە دەنگییەدا هەیە.

ح. لە ڕێگەی هەڵەکانی لە کاتی قسەکردندا دەیگات.

خ. لە ڕێگەی ئەو یارییە زمانییەوە کە بە وشەکانی دەکات .




هێڵکاری شریتی (٣) ڕادەی بەکارهێنانی پەنجەمۆری زمانیی بۆ ناسینەوەی خاوەنی پەیامێکی بیستراو ، کە خاوەنەکەی هاوڕێ یان کەسێکی نزیکە و نایەوێت خۆی ئاشکرابکات

ئەم هێڵکارییەش بە هەمان شێوەی هێڵکاری پێشوو ، ئەوەمان بۆ پشتڕاستدەکاتە ، ئەو تایبەتمەندییە زمانییانەی کە لە ئاخاوتنی کەسەکاندا دەدۆزرێنەوە و لە زمانەوانییدا بە (پەنجەمۆری زمانیی) ناسراون ، هەندێکیان کە زۆر ئاشکران و پێوەی دەناسرێنەوە ، بەڕاستەخۆ دەبنە بەڵگەی زمانیی و دەتوانرێت پشتیان پێ‌ببەسترێت ، ئەوانەی دیکەش لە شێوەی جیپێی بەڵگەدا لەلایەن پسپۆڕی زمانییەوە ، بە وردبوونەوە و بەدواداچوون دەتوانرێت ئاشکرابکرێت ، بۆ نمونە ناسینەوەی دەنگ لە ڕێگەی شێوەی دەنگەوە کە تایبەتمەندییەکەی زۆر باوە هەموو کەس توانای جیاکردنەوەی هەیە ، ڕێژی (٥.٥٢ ٪)دەنگیان پێداوە ، بەڵام دیسان یاری زمانیی ، کە خۆی لە شێوازی زمانیی و ، یاریکردن بە وشەکان بە پێی مەبەست ، ... هتد دا دەبینێتەوە ، تەنیا (٩. ١١٪) هەڵیبژاردووە ، هەربۆیە لێکۆڵەران بۆ دۆزینەوەی خاوەنداری پەیامێکی بیستراو ، کە هەڵگری ناوەڕۆکێکی تاوانکاری بێت ، بۆ نمونە تۆماری (هەڕەشەکردن ، ڕفاندنی کەسەکان ، نهێنی درکاندن ، ...هتد) لەکاتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانیاندا ، دەتوانن وەکوو بنەمایەک ، کەڵکی لێوەربگرن .

پرسیاری - ٤ -

کاتێک دەقی هەر وتارێکی سیاسی ، کۆمەلایەتی ،ویژەیی ، ئایینی ... هتد دەخوێنیتەوە ، کە خاوەنەکەی دەستنیشاننەکرابێت، بە چ ڕێگایەک بڕیار لەسەر خاوەنی ئەو نووسینە دەدەیت ؟

أ. لە ڕێگەی ئەو وشانەی بۆ گوزارشتکردن بەکاریدێنێت.

ب. لەڕێگەیی ئەو جیهانبینییەوە ، کە بیروبۆچوونەکەی پێ خراوەتە ڕوو.

ت. لە ڕێگەی ڕێنووسی دەقەکەوە.

پ. لە ڕێگەی کورتبڕی و درێژدادڕی لە گەیاندنی مەبەستەکەیدا.

ج. لە ڕێگەی ئەو یارییە زمانییەوە کە بە وشەکانی دەکات .



هێڵکاری شریتی (٤) ڕادەی بەکارهێنانی پەنجەمۆری زمانیی بۆ ناسینەوەی خاوەنی دەقێکی نووسراو

لـەم هێڵکارییـەوە ڕوونـدەبێـتـەوە ، ناسـینـەوەی خـاوەنی (دەقێکـی دزراو ، دەقێکی دروسـتکراو بەناوی کەسێکەوە ، دەقێکی دەستکاریکراو ، ... هتد) کە سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمارکرابێت ، بـە پێـی پـەنجـەمۆری زمـانیی کـارێکی قـورس و زەحمـەت نییـە ، لێکۆڵـەر دەتوانێـت ، بـە بـەراوردکردنی ئـەو تایبەتمەندییانـەی خـاوەنی دەقەکـە و ئـەو کەسـانەی گومانیـان لەسـەرە ، خاوەنە ڕاستەقینەکەی ئاشکرا بکات .

پرسیاری - ٥ -

کاتێک قسـەی کەسێکت بۆ دەگێڕدرێتـەوە ، بەچیدا دەزانی ئـەو قسـانە درووسـتکراوە ، یاخود بەڕاستی قسـەی ئەو کەسـەیە ؟

أ. بەهۆی ئەو وشانەی لە قسەکەدا ، بەکارهاتووە.

ب. بە بەراوردکردنی بیری قسەکە و چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەو کەسە .

ت. بە هۆی ئەو شێوە زارو زارۆچکەیەی قسەکەی پێدەربڕاوە.

پ. لە ڕێگەی سیفەتێکی تایبـەتی کەسـەکەوە ، بۆ نمونە بـەکاهێنانی پەندی پێشـینان و قسـەی نەستەق لەکاتی ئاخاوتندا.




هێڵکاری شریتی (٥) ڕادەی توانای ناسینەوەی وتەی هەڵبەستراو وتەی دروست

بـە پێـی سـتراتیژییەکانی سـایکۆ_زمانیی دادوەری هەریـەک لـەو هەڵبژاردانـە ، بنـەمای دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان ، کەچی بە بێ ئەوەی بەشداربووان نێو ئەم

ڕاپرسییە ئاگاداری ئەو لایەنە زانستییەی ئەو هەڵبژاردانە بن ، بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ ناسینەوەی کەسەکان پشتیان پێدەبەستن ، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات پشتبەستن بە پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان بۆ یەکلاییکردنەوەی هەندێک تاوانی وەکو (جنێودان ، سوکایەتییپێکردن ، ناوزڕاندن ، تۆمەتهەڵبەستن ، هاندان ، ...هتد) واتە بە شێوەیەکی گشتی سەرجەم تاوانە زمانییەکان ، دروستترین ڕێگابێت .

پرسیاری- ٦ -

کەسێک ڕاتسپێرێت ، بۆ گەیاندنی قسەیەک بە کەسێکی تر ، لە گەیاندنی ئەو وتەیەدا ، کام لەم ڕێگایانە بەکاردەهێنێت؟




نەخشەی بازنەیی (١) چۆنیەتی گەیاندنی پەیام

ئەم جیاوازییە لە هەڵبژاردنی ئەو وەڵامانەدا لەلایەن بەشداربووانەوە ، جیاوازی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان ، لەڕووی جیهانبینیان لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گواستنەوەی پەیامێکدا دەردەخات . لێکدانەوە ئەو هەڵبژاردنانەش لە ڕووی واتای پەیامە گەیەنراوەکە و هۆکاری چۆنێتی گەیاندنی پەیامەکە لە لایەن ئەو کەسەکەی دەیگەیەنێت ، لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت ، بۆ نمونە لەکاتێکدا کەسێک پەیامێکی هەڕەشە بە کەسێکی تردا بۆ یەکێک بنێرێت ، ئەو کەسەی پەیامەکە دەگەیەنێت ، بەهەر هۆکارێک بێت گوێ بە وردەکارییەکانی نێو پەیامەکە نەدات ، تەنیا جەخت لەسەر گەنجکردنی زانیارییە سەرەکییەکان بکاتەوە و بە پوختی ناوەڕۆکەکەی بگەیەنێت ، ڕەنگە هێزی وشەکانی نێو ئەو دەقەی خۆی داڕشتووەتەوە ، کەمتر یان زیاتر لەو هێزەی لە وشە هەڕەشەییەکانی نێو دەقە ڕاستییەکەدا هەیە ، بێت . بە پێچەوانەوەشەوە ئەو کەسانەی گرنگی بە وردەکایەدەن و تێڕوانیان بەوشێوەیە بۆ ئەوەی زانیارییەکان بە هەمان هێز و نرخ و بەهاوە بگەیەنێت ، پێویستە وشە بە وشەی ناو ئەو پەیامە وەکو خۆی بگوێزرێتەوە ، لە کاتێکدا ئەوانەی وەها بیردەکەنەوە ، کە گونجاو نییە خۆیان بخەنە ژێر لێپرسراوێتی گواستنەوەی پەیامێکی هەڕەشە ، تەنیا بەشێک لە پەیامەکە دەگێڕنەوە و ئەوەی تر بەجێدەهێڵن بۆ کەسەکەی پەیامەکەی پێگەیاندووە تا خۆی بەدواداچوونی بۆبکات .

پرسیاری -٧-

هەرگیز ڕوویداوە ، قسەت بۆ کەسێک کردبێت ، بەپێچەوانەوەی مەبەستی قسەکەی تۆوە تێگەیشتبێت ؟




نەخشەی بازنەیی (٢) ڕادەی تێنەگەیشتن لە مەبەست

زمانەوانی دەروونی دانی بە بوونی کێشەی ( تێنەگەیشتن ، درەنگتێگەیشتن ، هەڵەتێگەیشتن ،) دا ناوە و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین هۆکاری دەستنیشانکردووە ، کە هەندێکیان جۆرێکن لە تایبەتمەندی زمانیی و پەیوەندی بە پەنجەمۆری زمانیی ئاخێوەرەوە هەیە ، هەندێکیشیان پەیوەستە بە وەرگرەوە بۆ نمونە (بەکارهێنانی وشەی قورس ، وشەی فرەواتاو تەمومژاوی ، میتافۆر ،یان ڕەچاونەکردنی ئاستی شارەزایی و ڕۆشنبیری وەرگر ، بەخشینی زانیاری بێبەڵگە ، خۆماندوونەکردنی وەرگر بۆ تێگەیشتن ، پچراندنی پەیام ، ... هتد ) ، هەربۆیە دەبینین ، دەرئەنجامی ئەم نەخشەیەش بەو شێوەیە ، کە زۆربەی بەشداربووان کەرێژەکەیان٣(. ٩١ ٪)دایە ، ڕووبەڕووی کێشەی هەڵەتێگەیشتن بوونەتەوە ، تەنیا ڕێژەی (٧. ٨٪) دووچاری نەبوونەتەوە .لەڕاستییدا ئەم بابەتە بۆ زمانەوانی دادوەری جێگەی بایەخە ، چونکە زۆربەی ئەو تاوانانەی لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێن ، دەشێت هەندێکیان باری لەم جۆرەیان تێدابێت ، بۆ نمونە کەسێک تۆمەتبار بکرێت بە تاوانی هاندانی کەسێک ، بۆ ئەنجامدانی کارێکی نایاسایی یاخود تاوانێک ، بە لێکۆڵینەوە لە دەقی ئەو وتەیەی کە بە هاندان دەستیشانکراوە ، شارەزا بۆی ڕوونبێتەوە هیچ جۆرە هاندانێکی تێدا نییە ، پێشەوانەکەشی بەهەمان شێوە .

پرسیاری -٨-

تا چ ڕادەیەک وەکو کەسێک ناسراوی کە تەمومژ و ئاڵۆزی لە دەربڕینەکانتدا هەیە ؟




نەخشەی بازنەیی (٣) ڕادەی بوونی وشە تەمومژو ئاڵۆزەکان  وەک تایبەتمەندییەکی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان

وەرگرتنی ئەمجۆرەی وشە وەک نمونەیەک لە تایبەتمەندییەکانی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان ، بۆ ئەوەیە بوترێت ، دەوروبەر کاتێک هەست بە ئاڵۆزی و تەمومژاوی وشەبەکارهێنراوەکانی کەسێک دەکات ، کە درکیکردبێت بەردەوام لە قسەکانی ئەو کەسە تێناگات ، درەنگ تێدەگات ، یاخود هەڵەتێدەگات ، دیارە ئەمەش نمونەیەکی تەواو بەجێیە بۆ سەلماندنی ایکدانەوەی پرسیاری پێشوو.

پرسیاری -٩-

لە کاتی توڕەبووندا ، کام لەم ڕێگایانە بەکاردێنیت ؟

أ.	بێدەنگی.

ب.	وشەی ئاسایی .

ت.	جنێو .

پ.	هەڕەشە.




هێڵکاری شریتی (٦) ڕادەی بەکارهێنانی توندوتیژی زمانی لەکاتی توڕەبووندا

دەرئـەنجامی ئـەم هێڵکارییـە ئـەوە دەخاتـە ڕوو ، کـە سـەبارەت گوزارشـتکرن و دەربڕینـی هەستەکان لە باری توڕەبووندا بە پێی ڕێژەی تووڕەبوون و ئەو ڕەفتارەی کارییگەری لـە سەر هەستەکانیان دروستکردووە ، شێوازی جیاواز بەکاردێنن ، بۆ ئەمـەش سـەرنج دەدەینە سـەر ڕادەی هـەڵبژاردنی هـەڵبژاردەکانی ئـەم پرسـیارە ، کـە بـە مەبەسـت وەهـا ڕێکخـراوە، بەشداربووان بتوانن زیاتر لە هەڵبژاردنێک هـەڵبژێرن ، زۆرینـەی بەشداربوان ،کە ڕێژەکەیان (٦. ٥٦٪)ە بێدەنگییان هـەڵبژاردووە ، بـەدوای ئەویشدا وشـەی ئاسـایی ، بـەڵام دیـارە کاتێک توڕەبوونەکـەیان پەیوەسـتکردووە بـە جـۆری ئـەو بابەتـەی کـە لەسـەری توڕەبـوون جنێو و هەڕەشەشـیان بـەو ڕێژانـەی هـەروەک لـە هێڵکارییەکـەدا دیـارە هـەڵبژاردووە ، گـەر ئـەم وەڵامانەش بە باودۆخێکی تاوانکارییەوە پەیوەست بکەینەوە ، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت ، لـە هەنـدێ بـاری هەنـدێک تـاوانی وەکـو هەڕەشـەکردن ، سـوکایەتیپێکردن و جنێـودان ، تـەنیا کارکردن لەسەر چەمکی جنێو و هەڕەشەکردنەکە ، لێکۆڵینەوەکە دادپەروەرانە ناکات ، چونکە ڕێژەی زۆرینـەی کەسـی ئاسـایی ، گـەر بـارودۆخێکی تونـد کاریانتێنـەکات ، پـەنا بـۆ شـێوازی جنێو و هەڕەشە نابەن ، هـەر لەبـەر ئەمەشـە ، پێویسـتە بـە ڕێژەی لێکۆڵینـەوە لـە خـودی ئـەو وشـانەی کـە واتـای جنێـو ، هەڕەشـە ، سـوکایەتیپێکردن ، ... هتـد دەگەیـەنن ، پێویسـتە ئـەو ڕەفتـارەش بدۆزرێتـەوە ، کـە بووەتـە هـۆی بـەکارهێنانی ئـەو شـێوازە ، پاشـان لـە ڕووی قورساییەوە بەیەک هەڵبسەنگێنرێن.

پرسیاری -١٠ -

بەبێ بەکارهێنانی هیچ وشەیەکی زبر و بریندارکەر هەوڵتداوە پەیامێکی توند بگەیەنیت؟




نەخشەی بازنەیی (٤) ڕادەی بەکارهێنانی وشەی ئاسایی بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی توند

لێکدانەوەی ئەو پرسیارە پەیوەست بە لێکدانەوەی پرسیارەکەی پێشووەوە ئەوە دەسەلمێنێت ، کە پەیامی هەڕەشە و سوکایەتیپێکردن جگە لەوەی بە پێی ڕادەی تورەبوونەکە ، بە وشە زبر و توندەکان دەگەیەنرێت ، لە هەندێک باریشدا دەتوانرێت بە هەڵبژاردنی وشە ئاساییەکان و بە بەکارهێنانی تەکنیکی زمانییش بگەیەنرێت . ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پەنجەمۆری زمانیی کەسەکانەوە هەیە ، چونکە هەر کەسێک شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ هەڵبژاردنی وشە و توانایەکی زمانیی تایبەت بە خۆشی هەیە ، لە ڕادەی یاریکردن بە وشەکان بۆ گەیاندنی مەبەستی پێویست ، ئەمەش دوو لایەن بۆ لێکۆڵینەوەی تاوان ڕووندەکاتەوە :

١- ئەو کەسەی تۆمەتبارکراوە بە تاوانێکی زمانیی وەک (ناوزڕاندن یان تۆمەتخستنەپاڵ ) بە نمونە، واتای تەواوی دەقی تاوانەکەی تاچەند توانای لێزانیی هەڵبژاردنی وشە و لێهاتووی لە یاریکردن بە وشەی پێوە دیارە ؟ تا چەند خۆی ماندوو کردووە بەوەی یەکێک لەو دوو تاوانەئەنجامبدات بە بێ ئەوەی وشەیەکی ڕاستەوخۆ بەکاربێنێت ، کە لە کۆتاییدا لێی بەرپرسیاربێت ؟

٢- تیشکدەخاتە سەر جێپێی تاوانەکان لەو دەقانەدا ، کە پێش ئەنجامدانی تاوانەکە ئاراستەی تاوانبارەکە کراوە ، کە لە دەقی ئاسایی دەچن بەڵام لە ناوەڕۆکدا جۆرێک هێزیان تێدایە ، کە وای لەو کەسەکردووە لەبەرامبەردا هەڵبچێت و تاوانێکی وەکو جنێو ، هەڕەشە ، سوکایەتیپێکردن ، تۆمەتخستەپاڵ ، ... هتد ئەنجامبدات .

پرسیاری -١١ -

ئەو جنێوانەی داوتە ، کام لەم وشانەی تێدا بووە؟

ا. ئەو وشانەی پەیوەندییان بە سێکسەوە هەیە،

ب. ئەو وشانەی واتای سیفاتی بێرەوشتیین

ت.ئەو وشانەی سیفەتێکی نەخوازراو دەخاتە پاڵ مرۆڤ وەک چواندنی کەسەکە بە (ئاژەڵ ، شتی بێگیان...)

پ. هی تر ..




هێڵکاری شریتی (٧) ڕادەی بەکارهێنانی جنێو لەکاتی تورەبووندا بەپێی جۆری وشە جنێوییەکان

هەندێک لەو کەسانەی بۆ گوزارشتکردن لە هەڵچوونەکانیان بۆ نمونە (تورەیی) پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی وشەی جنێو ، لەناو ئەو جنێوانەشدا شێوازێکی تایبەت هەڵدەبژێرن بۆ نمونە (ئەو وشانەی واتای سیفاتی بێرەوشتی)یان تێدایە . ئەم هێڵکارییە ڕێژەی جۆری ئەو وشانە دەخاتەڕوو کەسەکان لە کاتی تورەبووندا و لە ئەنجامی دروستبوونی کاریگەری هەر ڕەفتارێکی زمانی و نازمانی لەلایەن بەرامبەرەکەیانەوە ، بە مەبەستی جنێو بەکاریدێنن ، ئەم بابەتە بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانی زمانیی گرنگییەکەی لەوەدایە ، هەندێک کەس بەبێ ئەوەی مەبەستێکی ناوزڕاندن یان تۆمەتخستنەپاڵیان هەبێت ، جۆرێک لەو وشە جینێوییانە بەکاردێنن ، کە واتای سیفەتی بێرەوشتی هەڵدەگرێت ، کە هەرچەندە ئەمە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕەفتار و ئاکارێکی نەشیاوە و پێویستە هەموو کەس خۆی لێبەدووربگرێت ، بەڵام جیاوازە لەوەی کەسێک ئەو وشانە لە تایبەتمەندییکانی پەنجەمۆری زمانییاندا نەبێت بۆ مەبەست بەکاریانبێنێت .

پرسیاری -١٢ –

گەر لە کاتی توڕەبووندا بێ مەبەست هەڕەشەتکردووە ، هەڕەشکردنەکەت بە بەکارهێنانی چ جۆرە وشەیەک بووە ؟

أ. ئەو وشانەی دەربارەی ئازاردانن.

ب. ئەو وشانەی دەربارەی کوشتن و برین.

ت. ئەو وشانەی دەربارەی ڕفاندن و بێسەروشوێنکردن.

پ. ئەو وشانەی دەربارەی بێبەریکردن لە مافی کەسەکە.

ج. هی تر.




هێلکاری شریتی (٨) ڕادەی بەکارهێنانی هەڕەشە لەکاتی توڕەبووندا بەپێی جۆری وشە هەڕەشەییەکان

هەر بەهەمان لێکدانەوەی پرسیاری (١٥) دەشێت بەکارهێنانی وشە هەڕەشەییەکان بەبێ مەبەست و لەکاتی توڕەبووندا ، بەشێک لە پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان بێت ، بەتایبەتی ئەو هەڕەشانەی پەیوەندییان بەو وشانەوە هەیە، کە واتای پچڕاندنی پەیوەندی ودوورکەوتنەوە و لە بیرکردن و ... هتد دەگەیەنن وەک چۆن لە هێلکارییەکەدا بە ڕێژەی (٩. ٦١٪) زۆرینەن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، کە بابەتەکە پەیوەست بە توورەبوونەوە بێت و تەنیا بۆ خاڵیکردنەوەی توڕەییەکە لە ڕێگای وشەکانەوە بێت ، ئەوا ڕەنگە زۆرجار پەنا بۆ بەکارهێنانی وشە هەڕەشەییەکانی تریش ببرێت ، بە پێی ئەو ڕێژانەی لە هێڵکارییەکەدا هاتووە.

پرسیاری – ١٣ –

کام لەم جۆرە وشانە بۆ دەربڕینی ڕق لە بەرامبەرتدا بەکارهێنراوە ؟

أ.ئەو وشانەی سوکایەتییە بە پلە و پایەی کۆمەڵایەتی.

ب.ئەو وشانەی سوکایەتییە بە ڕەگەز.

ت. ئەو وشانەی سوکایەتییە بە بیروڕای ئایینی.

پ. ناوونانۆرە لێنان




هێلکاری شریتی (٩) ڕادەی بەکارهێنانی وشە زبرەکان و سوکەکان بۆ دەربڕینی ڕق

بەکارهێنانی ئەو وشانەی واتای سوکایەتی لەخۆدەگرن ، ڕاستەوخۆ بەمەبەستی تاوانی سوکایەتیپێکردن بەکاردێت ، چونکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو بابەتە دیاریدەکات ، کە دەیەوێت سوکایەتی پێبکات ، بۆ نمونە هەڵبژاردنی وشەکانی (کافر ، بێدین ، مونافیق ، جاهیل ، دەجال ، ئیبلیس ، ... هتد) ڕاستەوخۆ لێدان و سوکایەتیپێکردنە بە بیروڕای ئایینی کەسێک ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو وشانە بەشێوازێکی ئاشکرا بەکارهێنران .

پرسیاری – ١٤–

بە چ شێوازێکی زمانیی هاندراوی بۆ ئەنجامدانی کارێکی خراپ ، یاخود هەر کارێک ، کە خودی خۆت ئەنجامدانیت لا پەسەند نەبووبێت ؟

أ. بە پێدانی بەڵێنێک لە بەرامبەردا .

ب. بە بەکارهێنانی ئەو وشانەی کاریگەری لەسەر هەست و سۆز دروستدەکەن.

ت. بە بەکارهێنانی شێوازی پاڕانەوە و تکاکردن.

پ. هی تر




هێڵکاری شریتی (١٠) ڕادەی هاندانی کەسێک بۆ ئەنجامدانی تاوان ، بە خوێندنەوەی جیهانبینی کەسەکە

توانای هاندانی زمانیی لە کەسێکدا بۆ ئەنجامدانی تاوانێک ، بەندە بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی وشەکانەوە ، کەسی هاندەر جگە لەوەی خاوەنی شێوازێکی تایبەت بەخۆیەتی ، کە لێهاتووییەکی لە چۆنیەتی پێکەوەهاتن و ڕیزکردنی وشەکان ، بەکارهێنانی زمانی جەستە ، بەکارهێنانی تەکنیکەکانی دەنگ ، ... هتد مەبەستی ڕازیکردنی بەرامبەر ، دەردەخات ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ کارکردن بەو لێهاتووییەی پەنا بۆ بەکارهێنانی ئەو دنیابینیەی ئەو کەسە هەیەتی ، کە مەبەستێتی هانیبدات ، دەبات. بۆ نمونە دەزانێت هەندێک کەس (تێڕوانینێکی ئارەزوومەندانەی بۆ پلە و پایەی کۆمەڵایەتی ، دەستکەوتی دارایی ، وەرگرتنی دیاری ، ... هتد ) هەیە لەبەرامبەر پێدانی بەڵێنێک تاوانەکەیان پێئەنجامدەدات ، بەڵام بزانێت لەو جۆرە کەسانەن ، کە تەنیا بە بەکارهێنانی وشە هەستوروژێنەرەکان دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە ، ئەو جۆرە وشانەیان لەگەڵدا بەکاردێنێت ، کە هەستدەبزوێنن ، ... هتد ، جا وردی لە لێکدانەوەی ئەو وشانەی کە هاندانەکەی پێکراوە ، ئەوە بۆ لێکۆڵەر ڕووندەکاتەوە ئایا کەسی هاندراو خۆی مەیلی لەو تاوانە هەبووە ، یان لەبری دەستکەوتنی بەرژەوەندییەک ئەو تاوانەی ئەنجامداوە ، یاخود بە پێچەوانەوە بەڕاستی کەوتووەتە ژێر کاریگەری وشە هەڵخەڵەتێنەرەکانەوە .

پرسیاری -١٥-

ئەو کەسە ی درۆی لەگەڵتدا کردووە ، چ ڕێگەیەکی لە قسەکانییدا بەکارهێناوە ، تا بڕوای پێهێناویت ؟

أ. لە ڕێگەی سوێندخواردنەوە.

ب. لە ڕێگەی بەڵگە هێنانەوەی نادروستەوە.

ت. لەڕێگەی ناوهێنانی کەسێک ، کە وەک گەواهیدەر ئاگادارە لە ڕاستی قسەکانییدا .

پ.باسکردنی بەشێک لە هەقیقەتی ڕووداوەکان و بابەتەکان.

ج.هی تر




.

هێڵکاری شریتی (١١) ڕادەی توانای بڕواهێنان بە کەسێک بە مەبەستی بڕواکردن بە درۆیەک ، بە خوێندنەوەی جیهانبینی کەسەکە.

لەم هێڵکاییەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە ، کە کەسە درۆزانەکان بەمەبەستی بڕواهێنان بە کەسێک بۆ بەڕاستی زانینی درۆیەک ، وەکو بەشێک لە و لێهاتوویی لە پەنجەمۆری زمانییاندا هەیانە سەبارەت بە هەڵبژاردنی وشە ، پەنا دەبەن بۆ چەند ڕێگایەک :

١- بەکارهێنانی جیهانبینی کەسەکە ، بۆ نمونە ئەو کەسانەی کە ڕوانگەیەکی ئایینیان هەیە ، ئەو وشانە لەلایان بەکاردێن ، کە واتای سوێندخواردن بە پیرۆزی و گەورەی ئەو ئایینە دەگەیەنن ، لە بەرامبەریشدا ئەو کەسەی کە درۆی لەگەڵدا کراوە ، بەهۆی ئەو جیهانبینی و ئەو پابەندییەیەوە بۆ بەدرۆ سوێندنەخواردن ، بە ئاسانی بڕوا بە درۆی کەسەکە دەکات ، هەر لەبەرئەوەشە ، کە دەبینین ، بە پێی دەرئەنجامی هێڵکارییەکە ، ئەو کەسانەی ، کە ئەگەر بڕوایان بە دەقێک کردبێتکە ڕاستنەبووبێت ،دەقەکان لەوجۆرە بوون کە سوێندخواردنی تێدابووە ، چونکە نەتەوەی کورد بە گشتی جیهانبینێکی ئایینیان هەیە ،

٢- بەڵگە هێنانەوەی نادروست : هەمیشە هێنانەوەی بەڵگەی دروست و لە واقیعەوە وەرگیراو ، بۆ سەلماندنی ڕاستییە ، بەڵام کەسانی درۆزن ، خۆیان دروستی دەکەن .

٣- ناوهێنانی کەسێک : هەندێکجار درۆزنەکان ناوی کەسێکی نائامادە بە ئاشکرا ، وەکو گەواهیدەر لەو بابەتەدا دەهێنن ، ئەمەش وا لەو کەسەدەکات زیاتر بڕوا بەو قسانە بکات و تەنانەت ڕووبەڕووشیان نەکاتەوە.

٤- کـەڵکوەرگرتن لـە واقیـع : لەڕاسـتیدا گونجـاوترین درۆ ئەوانـەن کـە بەسـێک لـە واقیعیـان تێدابێت ، چونکە ڕەنگە ئەو کەسەی درۆکەی لەگەڵدا دەکرێت تەنیا بەشێک لـەو بابەتـە بزانێک کە درۆزانەکە ، بە درۆوە دەیگێڕێتەوە ، کەسـی درۆزانیش تـەنیا ئـەو بەشـە لـەو سـەرجەمی بابەتەکـە وەردەگرێـت و سـەرجەمی درۆکـانی پێدادەڕێژێتـەوە ، بێـێ ئـەوەی بەرامبەرەکـەی پێیبزانێت.

هـەموو ئەمانـەش بۆ ڕەوتی لێکۆڵینـەوە و لێکدانـەوەی وتـەی گەواهیدەران و تاوانبـارن ، ئـەو سـوودەیان هەیـە ، کـە لێکۆڵـەر بزانێت خـاڵی دەسـتپێکردنی درۆکـە و کۆتاییهـاتنی و یـاخود دەستکاریکردنی ڕاستییەکە لەکوێدایە .

پرسیاری - ١٦ -

ئـەو هەڵانـەی بـەردەوام لـە کـاتی ئاخـاوتن و نووسـیندا دووبارەیـان دەکەیتـەوە ، زیـاتر لـە چ ڕوویەکەوەیە؟

أ. وەسفکردنی ڕووداوەکان.

ب. ناو.

ت. ئاوەڵناو .

پ. کردار

ج. پێکەوەهاتن و گونجاندنی وشەکان




هێڵکاری شریتیی (١٢) ڕادەی بەکارهێنانی پەنجەمۆری زمانیی بۆ ناسینەوەی هەڵە زمانییەکان

لـەم هێڵکارییـەدا ئـەوە ڕوونەبێـتەوە ، کـە گشـت کەسـێک بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە کـاتی ئاخاوتنەکانییدا ، دەکەوێتە هەڵەوە ، هەندێک لـەو هەڵانـەش ، کە بەشێوەی دووبـارەن ، دەبنـە بەشـێک لـە پەنجـەمۆری زمـانیی کەسـەکە ، بـۆ نمونـە لـەم هێڵکارییـەوە ئـەوە ڕوونەبێتـەوە)

٤٥.٤٧٪) کەسەکان هەڵەکانیان لەچۆنیەتی هەڵبژاردنی وشە و دروستکردنی ڕستەدایە ، تابتوانن پەیامێکی گونجاوی پێبگەیەنن ، بەڵام ڕێژەی (٤.٤٢٪)هەڵە لە چۆنیەتی وەسفکردنی ڕووداوەکاندا دەکەن ، ڕێژەکانی تریش بەدوایاندا ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ئەو هەڵانە دەتوانن بۆ دۆزینەوەی ناسینەوەی تاوانباری سەرجەم تاوانە زمانییەکان بەکاربهێنرێت ، ئەمە جگە لەوەی وەکو جێپێی بەڵگە لە تاوانەکردارییەکانیشدا کارپێدەکرێت ، بۆ نمونە تاوانبارێک کە بە ماددەیەکی یاسایی تایبەت بە تاوانێکی کرداری دەستگیرکرابێت ، پەنا بەرێت بۆ دروستکردنی پەیامێکی هەڕەشە ، جنێو ، سوکایەتی ، ... هتد ، بەناوی تاوانلێکراوەکەوە ، بە هۆکاری ئەنجامدانی تاوانە سەرەکییەکەی دەستیشانیبکات ، دەتوانرێت بە بەراوردکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو ڕەگەزانە پەیوەست بە هەڵە دەربڕینەوە لە نێو دەقە دروستکراوەکە و شێوازی زمانیی کەسە تاوانلێکراوەکەدا ، ڕاست و دروستی ئەو وتانە بسەلمێنرێت .

پرسیاری - ١٧-

تا چ ڕادەیەک ڕوویداوە ، ڕووداوێک یان کێشەیەکت بەسەردا هاتبێت ، کەسانێک چەند وشەیەکی ڕاستی بەسەرهاتی ڕووداوەکەویان وەرگرتبێت ، بە شێوەیەکی دیکە گێڕابێتیانەوە ؟




نەخشەی بازنەیی (٥) ڕادەی دەرفەتوەرگرتن بۆ گۆڕینی ڕاستییەکان ، لەڕێگەی وەرگرتنی تاکە زانیارییەکی دروستەوە.

لە لێکدانەوەی ئەم نەخشەیەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە ، کە ئەگەر بەتەواوی لێکدانەوە بۆ وتە و دانپێدانانی هەریەک لە تاوانباران و گەواهیدەران نەکرێت ، دەشێت بە شێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو ڕاستییەکان بەلاڕێدا ببرێن و ونبکرێن . چونکە کەسەکان وەکو هەر تایبەتمەندییکی تر ، لە کە پەنجەمۆری زمانییاندا هەیە و پێی دەناسرێنەوە ، دەشێت هەڵگری تایبەتمەندی لێهاتووی لە چۆنیەتی ڕێکخستن و پێکەوە گونجاندنی وشەکان بن ، بەشێوەیەک کە کەس درک بە نادروستیان نەکات ، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش دەتوانین پشت بە ئەنجامی نەخشەی بازنەیی ژمارە (٥) ببەستین ، کە ڕوونیدەکاتەوە زۆربەی بەشداربووان ، کە ڕێژەکەیان (٤٠٪)ە ، لە کاتی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەدا ، کەبەسەریاندا هاتووە ، لەلایەن

کەسانی ترەوە ، ڕووبەڕووی گۆڕینی ڕاستی زانیارییەکانی ناو ڕووداوەکەیان بووەتەوە ، ئەوانەش کە تارادەیەک بەسەریاندا هاتووە ڕێژەکەیان (٣٧.٥٪)ە، بەڵام ئەوانەی کەم ڕووبەڕووی بوونەتەوە (١٩٪)ن ، کەچی ئەوانەی هەرگیز ڕووبەڕووی نەبووەتەوە ڕێژەکەیان تەنها (٣.٥٪)ە.

پرسیاری - ١٨

لە کاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتی کێشەیەکدا ، تا چەند زانیاریت لە بیر دەچێتەوە ؟




نەخشەی بازنەیی (٦) ڕادەی بیرچوونەوەی زانیارییەکان

لێکدانەوەی ئەم نەخشە بازنەییە، ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکا ، کە زانیارییە گەنجکراوەکان پەیوەست بە جۆری زانیارییەکە و بە پرۆسەکانی چۆنیەتی چەسپاندنی زانیارییەکانەوە ، ئەگەری لەناوچوون یان بیرچوونەوەیان هەیە ، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆسەی هەڵگرتنی زانیارییەکان لەخۆوە و هەڕەمەکی نییە ، بەڵکو لەسەرەتادا بە هۆی پرۆسەی پاڵاوتنەوە (filtering process) لە ڕووی نرخەوە پۆلێندەکرێن ، بۆ ئەمەش "کامیان بە بەهاترە لە زانیارییەکانی تر زیاتر دەمێنێتەوە و لە شوێنی تایبەتدا هەڵدەگیرێن بۆ ئەوەی زوو بەدەستبهێنرێتەوە و لە لە پرۆسەی بیرکردنەوە پاشان لە کاتی بەکارهێناندا ساناییانە دەستمان پێیان بگات " (مەحمود ٢٠١٢: ٨١) ، هەربۆیە دەبینین پەیوەست بە نرخ و بەهای زانیارییەکانی نێو بە ڕووداو و کێشەکانەوە ، کە زۆربەیان زانیاری وردو بەهادارن لەو جۆرەن زوو بە دەستدێنەوە ، بۆیە وەک ئەوەی چاوەڕواندەکرا لە نەخشەکەدا ئەوانەی بەکەمی زانیارییەکان بیردەچێتەوە زۆرترین ڕێژەیان هەیە ،کە دەکاتە (٣٨.١٪) ،ئەوانەش کە تارادەیەک بیریان دەچێتەوە بە دوای ئەودا بە ڕێژەی (٣٦.١٪) ن، کەچی بە پێچەوانەوە ئەوانەی زۆر لەبیریان دەچێتەوە ڕێژەکەیان تەنها (٤.١٢٪) ە ، تەنانەت (٤.١٣٪) لەوجۆرەن کە هەرگیز بیریان ناچێتەوە .

پرسیاری -١٩ -

لەکاتی گێڕانەوەی کێشەکەدا ، ئەو زانیارییانەی بەردەوام بیرت دەچێتەوە، کام لەمانەیە؟

أ. ناوی کەسەکانی نێو کێشەکە.

ب. کاتی ڕوودانی کێشەکە.

ت. خودی کێشەکە .

پ. هیچیان.




هێڵکاری شریتی(١٣)ڕادەی بیرچوونەوەی زانیارییەکان بەپێی جۆرەکانیان

ئەم هێڵکاریە ئەوە ڕووندەکاتەوە ، لەکاتی لێکۆڵینەوە لە تاوانبارێک ، یاخود وەرگرتنی وتەی گەواهیدەرێک ، نابێت ئەوە بەسەر دادوەرەکاندا تێپەڕبێت ، تاوانبارەکە یاخود یەکێک لە گەواهیدەرەکان ، بە هەر بیانوویەک بێت، هیچ زانیارییەک نەدەن ، چونکە بۆ شییکاری ئەم پرسیارەش پشت بە لێکدانەوەی پرسیاری پێشوو دەبەستین ، ئەوەی دروستە ئەوەیە ، لەبەرئەوەی نرخ و بەهای هەریەک لەو زانیارییانەی دیاریکراون ، ڕەنگە پەیوەست بە بیرکردنەوەی ئەو کەسەی کێشەکەی بەسەرهاتووە ، یان ئاگاداری بووە گۆڕانی بەسەر بێت بەڵام بەگشتی سەرجەمیان لەو جۆرەن نرخ و بەهای تایبەتیان هەیەو بە ڕێژەیەکی زۆر کەم ئەگەری لەبیرچوونەوەیان هەیە ، هەرلەبەرئەوەشە ئەوانەی خودی کێشەکەیان بیردەچێتەوە کەمترین ڕێژەن ، کە دەکاتە (٤.٢٠٪) ، بە پێچەوانەوە ڕێژەی (٣.٣٨٪)کە دەکاتە زۆرینەی بەشداربووان ئەوەیان هەڵبژاردووە ، کە هیچ کام لەو زانیاریانەیان لەبیر ناچێتەوە ، سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی دیکەش ، هەریەک و بە ڕێژەیەکە . بەم پێیە ئەگەر هەر تاوانبار یان گەواهیدەرێک هیچ زانیارییەکی نەخستووەتە ڕوو بە بیانووی لەبیرچوونەوە ، ڕەنگە بیەوێت بەو ڕێگەیە ، دان بەتاوانەکەدا نەنێت یا خۆی بەدووربگرێت لە گەواهیدانی درۆ یاخود کەسێک یان کەسانێک بپارێزێت ، کە لە تاوانەکەوە تێوەگلاون و لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەوە ئاشکرا دەبن ، ... هتد

پرسیاری - ٢٠ -

تا چەند دەتوانیت بە وشەکانت گوزارشت لە تەواوی ئەو کێشەیە بکەیت ، کە بەسەرتدا هاتووە ؟




نەخشەی بازنەیی (٧) رادەی توانینی گوزارشتکردن لە رووداوێک ، لە رێگەی وشەکانەوە

وەلامی ئەم پرسیارە پەیوەندی بە پرۆسەکانی بەهەمهێنانی ئاخاوتنەوە هەیە ، بە پێی ئەم پرۆسەیە رەنگە کەسانێکی زۆر گرفتی چۆنیەتی پێکەوە گونجاندی وشە و پێکهێنانی رستەیان هەبێت ئەمەش کێشە بۆ گوزارشتکردن و دەربرینی مەبەستەکانیان دروستبکات ، بەلام ئەمە لە کاتێکدایە ، ئەو چەمک و وشانە پەیوەست بن بەبیرێکی ئەبستراکتەوە ، نەک تاوانێک یان کێشەیەک کە بەسەرتدا هاتبێت ، یاخود بینیبێتت یان ئاگاداری بێت ، دەرئەنجامی ئەم پرسیارەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت ، کە بابەتەکە پەیوەست بوو بە بابەتی کێشەوە بەرادەیەکی کەم نەبێت ، کە بە پێی ئەم نەخشەیە رێژەکەی دەکاتە(١٤.٤٪) ، زۆرنین ئەو کەسانەی نەتوانن گوزارشت لەو کێشەیە بکەن کەبەسەریاندا هاتووە ، چونکە گێرانەوەی رووداوەکانی ناو کێشەیەک ، تەنیا ئەوەندەی دەوێت ، ئەوەی دروستە و بینیوتە ، یاخود بەسەرتدا هاتووە ، وەکو خۆی بیگێریتەوە ، بە پێچەوانەوە بچوکترین دەستکاری ، یاخود هەر بیرکردنەوەیەک بۆ یاریکردن بە وشەکان ، مەبەستێک لەخۆدەگرێت .

پرسیاری - ٢١ -

لە کاتی پەشیمان بوونەوەت لە ئەنجامدانی کارێک ، یان دەربرینی وشەیەکی نەشیاو بەرامبەر کەسێک ، تا چ رادەیەک توانات هەیە ، لە رێگەی زمانەوە پاساو بۆ ئەو کارەت بهێنیتەوە و بروا بە بەرامبەرەکەت بهێنیت ؟




نەخشەی بازنەیی (٨) ڕادەی توانای پاساوهێنانەوە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی زمانییدا

لەم نەخشەیەدا ڕێژەی وەڵامی بەشداربووان ، سەبارەت بە پاساوهێنانەوە ، بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی زمانیی ، ئەوە پیشانددەدات ، کە زۆرینەی بەشداربوون کە ڕێژەکەیان( ٧.٤٣٪)ە هەڵبژاردەی (تاڕادەیەک)یان هەڵبژاردووە ، هەر نزیک لە ڕێژەیە کە (٢.٤٣٪) ە (زۆر) یان هەڵبژاردووە ، ئەوانەش کە توانایان کەمە ڕێژەکەیان (١.١٠٪) یە کەچی ، کەچی ئەوانەی هەرگیز یاخود بە هیچ شێوەیەک توانایان نییە ، ڕێژەکەیان تەنیا (٣٪)یە ، ئەمەش واتای ئەوەیە ، بە شێوەیەکی گشتی گەر کەسێک پەشیمان ببێتەوە لە ئەنجامدانی تاوانێک ، پێی ئەوتوانایەی لە پەنجەمۆری زمانییدایە ،دەتوانێت پاساوی شیاو بۆ تاوانەکەی بێنێتەوە ، گەر پاساوی نەهێنایەوە ، واتای پەشیمان نەبووەنەوە دەگەیەنێت ، بۆیە پێویستە لێکۆڵەر بەدوای ئەو هۆکارەدا بگەڕێت ، کە وای لەو کەسەکردووە ، کە پەشیمان نەبێتەوە لە ئەنجامدانی تاوانەکەی .

پرسیاری - ٢٢ -

چ جۆرە وشەیەک لە هزردا دەچەسپێت ، لەکاتێکدا کە دەکەویتە شەڕێکەوە لەگەڵ کەسێکدا ؟

أ. ئەو وشانەی واتای هەڕەشەکردن دەگەیەنن.

ب. ئەو وشانەی واتای سوکایەتی دەگەیەنن.

ت. ئەو وشانەی واتای جنێو دەگەیەنن .




هێڵکاری شریتی (١٤) ڕادەی چەسپانی وشە زبر و تابۆکان لە هزردا

پەیوەست بەو باروودۆخەوە ، کە کەسێک تیایدا ڕووبەڕووی هەریەکێک لە جۆرە وشانەدەبێتەوە ، چەسپینی وشەکان لە هزردا گۆڕانی بەسەردێت ، هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی ئەو وشانە دەچنە چوارچێوەی ئەو جۆرە زانیارییانەوە ، کە یادگەی پچرپچر گرنگیان پێدەدات و لەخۆیاندا هەڵیاندەگرێت ، بەڵام سەبارەت بە کەسە جیاوازەکان ، ئەو چەسپینی وشانە پەیوەستە بەو باروودۆخە تایبەتەی خودی کەسەکە ، کە ئەو وشەیەی تیایدا بەرامبەری بەکارهێنراوە ، بۆ نمونە کەسێک ، کە بە ڕێژەی یەکەم وشە هەرەشەییەکان لە هزریدا دەچەسپێت ، پەیوەندی بەو باروودۆخەوە تایبەتەوە هەیە ، کە کەسەکە بەهۆی ئەو وشانەوە ڕووبەڕووی بووەتەوە ،کاریگەری لەسەر بەجێهێشتبێت ، بەڵام سەبارەت بە کەسێکی تر کە بە هەمان شێوە وشە هەرەشەییەکان لە هزریدا دەچەسپێت ، ئەو چەسپینەی پەیوەستە بەباروودۆخێکی تایبەت خۆیەوە . ئەوەی گرنگە بوترێت ئەوەیە ، زمان دەتوانێت لەم ڕووەوە ئە تاوان سەیربکرێت ، کاتێک ، بەشێوەیەکی خراپ بەرامبەر بە کەسێک بەکاردێت و کاریگەری نەرێنی لە هزری کەسەکەدا بەجێدەهێڵێت.

پرسیاری -٢٢-

ڕەگەزت وەکو نێرینە یان مێینەیەک ، تا چەند کاریگەری لەسەر ئەو وشانە هەیە کە بەکاریدەهێنیت ؟



نەخشەی بازنەیی (٩) ڕۆڵی ڕەگەز لە دیاریکردنی پەنجەمۆری زمانییدا

ئەم نەخشەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە ، کە ڕەگەز ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانییدا ، بەوەی ڕەگەزە جیاوازەکان ، وشەی جیاواز بۆ گوزارشتکردن بەکاردەهێنن ، بە شێوەیەک ، کە دەتوانرێت پێی بناسرێنەوە ، ئەمەش لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاری دا سەبارەت بەو تاوانانەی لە ڕێگەی زمانەوە دەکرێت ، دەتوانرێت بە لایەنی کەمەوە دەستنیشانی ڕەگەزی ئەو تاوانبارە نادیارە بکات ، کە بۆ نمونە( نامەیەکی سوکایەتیپێکردن ، نامەیەکی هەڕەشە، .. هتد) بۆ کەسێک دەنێرێت .

پرسیاری -٢٣-

تا چ ڕادەیەک ڕوویداوە کەسێک بیرۆکەیەکی هەبووبێت و نەیویستبێت دەریبڕێت ، بەڵام لەڕێگەی ئەو وشانەوە ، کە ئاخاوتنی پێکردووە ، یان نووسیویتی ، درکت بە بیرۆکەکەی کردبێت ؟




نەخشەی بازنەیی (١٠)توانای هەڵێنجانی واتا ، لە ڕێگەی زانیارییە لەیەکپچڕاوەکانەوە

ئەم لێکدانەوەیە ئەوە دەخاتەڕوو ، کە تاوانبار یاخود گەواهیدەر زۆرجار نکوڵی لە تاوانەکە دەکەنەوە و بە هەموو شێ,ەیەک ڕەتیدەکەنەوە ، بەڵام دەتوانرێت هەر لە ڕێگەی تاتاکە وشەیەک یان چەند وشەیەکەوە ـ چەندین بەڵگەبێتە ئاراوە ، یاخود بە لێکدانی دوو زانیاری پێچەوانە زانیارییە دروستەکە بدۆزرێتەوە.

# ئەنجام

١- تاوانە زمانییەکان بە هەمان شێوەی تاوانە کردارییەکان ، بە کردەی نایاسایی دادەنرێن و لەیاسای سزادانی هەر وڵاتێکیشدا بەپێی شێوەکەی سزای تایبەتییان بۆ دیاریکراوە . لەبەرئەوەی هەر شێوەیە و بە جۆرێک بێت زیان بە دادپەروەری دەگەیەنن . سایکۆ_زمانیی دادوەری ، وەکو یەکێک لەو بوارانەی ، کە بە پشتبەستن بە ستراتیژییەکانی ، وردترین تایبەتمەندیی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکانی پێدەدۆزرێتەوە ، دەتوانرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەمجۆرە تاوانانە ، لەلایەک بۆ دەستنیشانکردنی جێپێی تاوان لە دۆسیەی تاوانە زمانییەکاندا و لێکدانەوەیان کەڵکیلێوەربگیرێت ، لەلایەک جێپێی بەڵگەی زمانیی لە تاوانە کردارییەکاندا پێدیاریبکرێت و لێکبدرێتەوە .

٢- پەنجەمۆری زمانیی ئاماژەیە بۆ ئەو شوێنەوارە تایبەتەی ، کە لە ئاخاوتنی تاک بەجێدەمێنێت و هەموو تایبەتمەندییەکی وەکو ڕەفتاری زارەکی تاک ، ڕێگای تایبەتی لە دەربڕین ، شێوازی نواندنی ئاخاوتن ، هەر تایبەتمەندییەکی دەنگی، واتایی ، بینراو ، کۆمەڵایەتی ، دەروونی ، ڕۆشنبیری ... هتد دەگرێتەوە ، واتە پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان ناوازەن ، هێندەی ناوازەیی هێڵکاری پەنجەکان ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، وەک چۆن لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا کەڵک لە پەنجەمۆری ئاسایی وەردەگیرێت وەکو بەڵگەیەک بۆ ناسینەوەی تاوانبار ، هەرواش دەتوانرێت کەڵک لە پەنجەمۆری زمانیی بۆ ئەو مەبەستە وەربگیرێت.

٣- جیاوازی جیهانبینی تاکەکەن ، بەو هۆکارەی لە لایەک کار لەسەر چۆنیەتی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن لەلایەن ئاخێوەر ، لە لایەکیش کار لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتن لە لایەن گوێگر دەکات ، هەر بۆیە لە سایکۆ_زمانیی دادوەرییدا وەکو ڕێگایەک بۆ دۆزینەوەی پەنجەمۆری زمانیی داتنیشانکراوە .

٤- سایکۆ_زمانیی دادوەری بۆ چارەسەرەکردنی کێشەکانی ( تێنەگەیشتن ، درەنگتێگەیشتن ، هەڵەتێگەیشتن ) لە دەقی دۆسیەیەکی تاوانکاری ، پەنا دەباتە بەر لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی وشەکانی لایەنەکانی بەشدار لە دۆسیەیەکی تاوانکاریدا ، لە ڕووی بەکارهێنانی (وشەی قورس ،وشەی ئاسایی، وشەی فرەواتاو تەمومژاوی ، میتافۆر ،... هتد ) وەکو بەشێک لە پەنجەمۆری زمانییان مامەڵەیان لەگەڵ دەکات.

٥- لێهاتوویی لە چۆنیەتی ڕێکخستن و پێکەوە گونجاندنی وشەکان لە لایەن ئاخێوەرەوە ، ڕێگایەکی بەهێزە بۆ کاریگەریی دروستکردن لەلای گوێگر ، ئەمەش زۆرجار بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی چەندین تاوانی وەکو ( هاندان ، هەڵخەڵەتاندن ، ساختەکردن ، ... هتد ) ، هەر بۆیە

سایکۆ_زمانیی دادوەری ئەم جۆرە لێهاتووییە وەکو بەشێکی گرنگ لە تایبەتمەندییەکانی پەنجەمۆری زمانیی کەسەکان بەهەند وەردەگرێت و لە لێکۆڵینەوەی دەقی تاوانەکاندا بەکاریان دەهێنێت.

٦- پەیوەست بە چۆنیەتی کارکردنی سیستمی چەسپاندنی زانیارییەکان و بەدەستهێنانەوەیان لە زمانەوانی دەروونییدا ، ئەوە ڕووندەبێتەوە نرخ و بەهای زانیارییەکانی نێو ڕووداو و کێشەکانی تایبەت بە دۆسیەیەکی تاوانکاری ، کە زۆربەیان زانیاری وردو بەهادارن لەو جۆرەن زوو بە دەستدێنەوە ، هەر بۆیە پێویستە هەر خۆلادان و نەخستنەڕووی زانیارییەک لە لایەن لایەنەکانی بەشدار لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا ، بە هەر پاساوێک بێت بە هەند وەربگیرێت و بە ئاسانی تێنەپەڕێت.

٧- بە شێوەیەکی گشتی توانست و توانای تاک لە لایەک و زۆری کەرەستە زمانییەکان لە لایەکی دیکە ، ئەو هەلەیان بۆ هەر کەسێک ڕەخساندووە ، کە بتوانن لە کاتی پەشیمانبوونەوەیان لا ئەنجامدانی تاوانێک پاساو بهێننەوە ، گەر کەسێک هیچ پاساوێکی نەهێنایەوە ، واتای پەشیمان نەبووەنەوە دەگەیەنێت ، بۆیە پێویستە لێکۆڵەر بەدوای ئەو هۆکارەدا بگەڕێت ، کە وای لەو کەسەکردووە ، کە پەشیمان نەبێتەوە لە ئەنجامدانی تاوانەکەی.

٨- ڕەگەز وەکو یەکێکی دیکە لە ستراتیژییەکانی سایکۆ_زمانیی دادوەری بۆ دەستنیشانکردنی پەنجە مۆری زمانیی ، بەهایەکی تایبەتی هەیە ، بەوەی ڕەگەزە جیاوازەکان ، وشەی جیاواز بۆ گوزارشتکردن بەکاردەهێنن ، بە شێوەیەک ، کە دەتوانرێت پێی بناسرێنەوە ، ئەمەش لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاری دا سەبارەت بەو تاوانانەی لە ڕێگەی زمانەوە دەکرێت ، دەتوانرێت بە لایەنی کەمەوە دەستنیشانی ڕەگەزی تاوانبارێکی نادیار بکات.

٩- بە شێوەیەکی گشتی بە لێکدانەوەی وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی نێو ئەم ڕاپرسییەوە ئەوە ڕوونبووەوە ، گشت ستراتیژییەکانی سایکۆ_زمانیی دادوەری ، کە ڕۆڵیان لە دەستنیشانکردنی پەنجەمۆری زمانییدا هەیە ، گرنگییەکەیان  بە شێوەیەکە ، کە لە بارودۆخی ئاسایشدا ، کەسانی ئاسایی بێ بوونی هیچ زانیارییەکی زمانەوانی ، بۆ ناسینەوەی خاوەنی دەقێکی نوسراو یاخود زارەکی ،  بە ناڕاستەوخۆیی پشتی دەبەستن . ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات پشتبەستن بە بنەماکانی سایکۆ_زمانیی دادوەری بۆ دەستنیشانکردنی تاوانباران و لێکدانەوەی تاوانەکانیان لە چەندین تاوانی وەکو (جنێودان ، سوکایەتیپێکردن ، ناوزڕاندن ، تۆمەتهەڵبەستن ، هاندان ، ...هتد) چەند گرنگە.

١٠- ئـەو ئەنجامانـەی لـە ڕێـی لێکدانـەوەکانی پەنجـەمۆری زمانییـەوە لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا ، بەردەسـتبوون ، لەلایـەک بـۆ زمانـەوانـان بەسـوودە ، تـا لـە ڕێگەیـەوە پشـتی پێببەسـتن بـۆ لێکدانەوەی ئەو تاوانە زمانییانەی ، کە وەکو شـارەزایەک لەدادگاکاندا کاری لەسـەر دەکەن ، لەلایـەکی تریشـەوە بۆ دادوەران ، بۆ لێکۆڵینـەوە لـە ڕاسـت و دروسـتی لـە وتـەی هەریـەک لـە تاوانبـاران و گەواهیـدەران لـەکاتی لێکۆڵینـەوە و دادگاییکردنـدا بەسـوودە ، لەهەمانکاتیشـدا سوودی هەیە بۆ بریکارەکانیش ، تا لە ڕێگەوە بەڵگەی دروست لە دەقی تاوانەکە ، یان دەقی وتەی لایەنە جیاوازەکانـەوە ، لـە بەرژەوەندی بریگرتـەکانیان بدۆزنـەوە ، ئەگـەر بریگرتەکەی مـافی ڕەوای هـەبوو ، ئەمـە جگـە لـەوەی کەسـانی ئاسـاییش دەتـوانن کـەڵکی لێوەربگرن ، بـۆ ناسینەوەی کەسی مەبەست ، لە بارودۆخە تایبەتییە کەسییەکاندا.

## لیستی سەرچاوەكان :

### ١) بە زمانی كوردی :

### أ. كتێب :


١- ئەكرەم ، سورێن (٢٠٢٠)تیۆرەكانی تاوانناسی ،چاپی یەكەم ، ناوەندی رۆشنبیری ئاوێر.

٢- ئەكادیمیای كوردی- لیژنەی رێنووس(٢٠١٣) ، رێنووسی كوردی بە پێی بنەما زانستییەكانی رێنووسی گشتی ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی حاجی هاوشم ، هەولێر.

٣- ئەكادیمیای كوردی (٢٠٠٩) ، راسپاردەكانی كۆنفرانسی بەرەو رێنووسێكی یەكگرتووی كوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر .

٤- تۆفیق ، قەیس كاكل (٢٠٠٧)،ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان ، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای توێژینەوەو بڵاوكردنەوەی موكریانی ، چاپخانەی دەزگای ئاراس.

٥- حەسەن ، غازی (٢٠٢٠) ،زمانەوانی دەروونی و شیكردنەوەی رۆمانی (كوێرەی چاوساغ) ی سابیر رەشید ، چاپی یەكەم ، ...

٦- حسین ، سەركەوت اسماعیل (٢٠١٣)شرۆڤەی یاسای سەلماندنی عێراقی ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەمواركراو ، لە بڵاوكراوەكانی سەنتەری پەرەپێدانی دیموكراسی و مافی مرۆڤ ، سلێمانی.

٧- حسەین ، ئازاد ئەحمەد (٢٠٠٩) ، سینتاكسی كرداری لێكدراو لە شێوەزاری هەورامیدا ، چاپخانەی یاد ، سلێمانی.

٨- خۆشناو ، سەردار عەزیز (٢٠٢٠) یاسای سزاكانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ ،چاپی شەشەم ،هەولێر.

٩- رەشید ، تەها عومەر (٢٠١٢)،شرۆڤەی یاسای بنەماكانی دادگایی سزایی ، چاپی یەكەم ، سەنتەری پەرەپێدانی دیموكراسی و مافی مرۆڤ DHRD، سلێمانی.

١٠-سەعدی ، كەمال (١٩٩٩) ، چەمكی یاسا ،چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین ، هەولێر.

١١- سعید ، كامران رسول (٢٠١٨) ، یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەكان ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١) ، چاپی یەكەم ، كتێبخانەی یادگار ، سلێمانی.

١٢ - سەعید ، یوسف شەریف (٢٠٠٦) ، واتاسازی ، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

١٣- شوانی ، هێمن ئەمین (٢٠١٦)، بنەماکانی تاوانناسی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر.

١٤- عبدالرحمن ، مظفرخالد (٢٠٢٠) تاوان و لێکۆڵینەوەی تاوانکاری ، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٥- عەلی ، تاڵیب حوسێن (٢٠١٤) ، زانستی زمان و زمانی کوردی ، بەشی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.

١٦- عەلی ت ، تاڵیب حوسێن (٢٠١٩)، شیکردنەوەی گوتار ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر.

١٧- عەلی ، تاڵیب حوسێن (٢٠٢٠) ، زانستی زمان و زمانی کوردی ، بەشی دووەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر.

١٨- عەلی ، حەمەئەمین ، بەکر عومەر ، شێرکۆ (٢٠٠٧) ، زارو شێوەزار ،چاپی دووەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی.

١٩- عەلی ، بەکر عومەر (٢٠١٤) ، چەند لایەنێکی زمانەوانی ، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر.

٢٠- عوسمان ، شیلان (٢٠٠٩) ، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هاوسەر ، هەولێر .

٢١- عوسمان ، محەمەد عومەر (٢٠١٢)، (لە غوربەتا)، لە بڵاوکراوەکانیماڵپەڕی ماڵێک لە ئاسمان .

٢٢- فتاح ، محمد معروف (٢٠١١) ، زمانەوانی ، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (١٢٤) ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

٢٣- کاکی ، حەمە نوری عمر (٢٠٠٨) ، شێواز لە شعری کلاسیکی کوردیدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تیشک ، ،سلێمانی.

٢٤- کاکەمد ، کاروان کاکەبرا (٢٠٢١) ، زمانەوانی دەروونی دیسلێکسیا هۆکار و نیشانە و چارەسەریەکانی ، چاپخانەی مێخەک ، تاران.

٢٥- کریم ، ڕزگار کریم (٢٠٠٦) ، فەرهەنگی دەریا ، عەرەبی – کوردی ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی احسان ، تهران .

٢٦- کۆمەڵێک نووسەر (٢٠١٥)، ئاشنابوون بە لاینبنتز ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دلێر ، سلێمانی.

٢٧- ١٤- وەیس ، غازی فاتیح (١٩٨٤) . فۆنەتیک . مطبعة الادیب البغدادیة ن بغداد.

٢٨- مەحوی ، محەمەدی (٢٠٠٨) ، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی (فۆنەتیک) ،بەرگی یەکەم ، زانکۆی سلێمانی.

٢٩- مەحمود ، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢) ، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا ، سلێمانی.

٣٠- مینە ، محەمەد ئەمین حسەین ، (٢٠٠٤) ، زمانی جەستە ،چاپی دووەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

٣١- ناڤارۆ ، جۆی ، وەرگێڕانی سەروەر نامیق (٢٠١٩) ، زمانی جەستە ، چاپخانەی تاران.

٣٢- یاسین ، عزالدین عبدالله (٢٠١٤) ، یاسایی شارەزایان لە بەرانبەر دادگا ژمارە (١٦٣) ساڵی (١٩٦٤) هەموارکراو ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر.

ب. نامەی زانکۆیی :

١- ئەحمەد ، عەبدولمەناف ڕەمەزان (٢٠٠٩)،ئەتڵەسی زمانی - هەرێمی کوردستان /عێراق وەک نموونە ، نامەی ماستەر ،زانکۆی سەلاحەدین.
٢- تۆفیق ، قیس کاکل (١٩٩٥) ،جۆرەکانی رستەو کردە قسەییەکان ، زانکۆی صلاح الدین ، نامەی ماستەر.
٣- تۆفیق ، قەیس کاکل (٢٠٠٢) پەیوەندییەکانی نێو دەق ،نامەی دکتۆرا (بڵاو نەکراوە) ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەڵاحەدین.
٤- حمە غریب ، بەهرە سەلام (٢٠١٦) ، شرۆڤەی مەرجی ڕاستەقینەیی لە واتای زمانییدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی .
٥- شەمس ، هێمن عبدالحمید (٢٠١٣) ، هەژموونی زمان لەسەر کەسێتیی کورد- پەندی پێشینان بە نمونە ، نامەی دکتۆرا ، کۆلیژی پەروەردە ، زانکۆی کۆیە.
٦- عارف ، زوبێر عەلی (٢٠١٢) ، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا ،نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان.
٧- عەلی ، بەکر عومەر (٢٠٠٠) ،میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی.
٨- عەبدولڕەحمان ، ڤیان بەکر (٢٠١٥) ، پارستە لا کوردیی ناوەڕاستدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی سەڵاحەدین.

٩- غولام ، هێژا کمال محمد (٢٠١٦) ، سەنگ و بەهای بیر لە یەکگرتنی ناولێنراو بە ناولێنەرەوە لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی..

١٠- غەریب ، نالی ئەدهەم (٢٠١٦) درکپێکردنی میتۆنۆمی لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی.

١١- کریم ، ئاسۆ عبدالرحمن (٢٠١٩) ، ستراتیژەکۆزمانەوانییەکان لە فێربوونی زمان دووەمدا ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی.

١٢- محمد امین ، هاژە چیچۆ (٢٠١٥)، دارشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا ،نامەی ماستەر ،زانکۆی سلێمانی.

١٣- یاسین ، بێری (٢٠١٢) ، هەندێ لایەنی پراگماتیکی فراوان "ماکرۆپراگماتیک " لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ،کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.

ت. گۆڤار :

١- احمد ، حسن ، محمود فتح الله ، نەریمان (٢٠١٧)، پەیرەو و بنەما سیمانتیکییاکانی درکپێکردن . گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ، ساڵی چوارەم ، ژمارە (١١) ، ٤٩-٩٢

٢- ئەمین ، وریا عومەر (١٩٩٥) ، لێڵی لە زماندا ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ١٣٦ ، بەغداد .

٣- ئەمین ، وریا عومەر (١٩٩٤) ، هێزو ئاواز ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ١٣٤

٤- ئەحمەد ، بێستوون حەسەن (٢٠١٧) ، ئاوەزمەندیی مرۆڤی کورد لە دەربڕینە چەسپاوەکاندا تێڕوانین بۆ ژن وەک نمونە ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ، ساڵی چوارەم، ژمارە (١٣) .

٥- احمد ، محمود فتح الله (٢٠٠٨) ، واگەیاندن لە زماندا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە (٢٤) ، بەشی B ، ١١٩- ١٦٨

٦- ئومێد سەعید خظر (٢٠١٨) ، بەرپرسیاریێتی تاوانی کەسی هۆکار لە خۆکوشتن ، لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا ، گۆڤاری توێژەر ، بەرگی ١ ، ژمارە ١

٧- بەرزنجی ، فەرهادی شلێر ڕەسول محمود ، ساجیدە (٢٠١٤) ،چەند لایەنێکی هەلاوێرکردن (الاستثناء) لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان ، بەرگی ١٨ ، ژمارە ٢

٨- صدیق ، شێرزاد سعید (٢٠١٩) ،ڕەگەز و قسەپێبڕین لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا ، گۆڤاری توێژەر ، بەرگی (٢) ژمارە (٣) .

٩- حسەین ، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٢)یاساکانی گواستنەوە بە گشتی لە شێوەزاری سلێمانیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە (٣٤) , بەشی B

١٠- حسین ،ڕێژنە معروف (٢٠١٦) ،شێوازی ئاخاوتنی ئافرەت لە قەزای پشدەر ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین . ساڵی سێیەم، ژمارە (٨) ، ١٠٧-١٢٦

١١- عەبدوڵڵا ، مهاباد کامیل (٢٠١٧) ، کۆزانیاری زمانیی لە شیعرەکانی فەرەیدوون عەبدوول دا ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١٣) ،٦٠٣ -٦٢٦

١٢- زەهاوی ، حەمید ، محمد ، دارا (٢٠١٤)، زمان و بیر ، مجلة الاستاذ ، العدد ٢١١ ، المجلد الأول (٤٥٣ -٤٧٠).

١٣- شەمس ، هێمن عبدالحمید (٢٠١٨) ، پەیوەندی و کارلێکی زمان وبیر تابۆی سێکس بە نمونە ، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان ، بەرگی ٢٢، ژمارە ٣ .

١٤- عەلی ، محمود ، بکر عومەر ، ئاڤێستا کمال (٢٠٠٩)،پەیوەندی سیمانتیک و لۆژیک لە ڕستەی کوردیدا ،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ،ژمارە (٢٦)، بەشی B.

١٥ – عەبدوڵلا ، ڕۆژان نوری (٢٠١٧) میتافۆر لە شیعرەکانی هاوژین سلێوەدا ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ، ژمارە (٤٢) .

١٦ – قادر ، مستەفا ، سەباح ڕەشید ، نەزیرە سابیر (٢٠١٧) ، گونجان و نەگونجان لە دەقدا ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ساڵی چوارەم ، ژمارە (١٢) ، (2522-7130) e-ISSN ، p-ISSN (2410-1036) .

١٧- قادر ، فرج ، مەحمود کاروان عومەر ،شاخەوان جلال ، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٧) ، پەیپێبردنی فۆنۆلۆژیانە لە ناسینەوەی وشەکانی زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی ، بەرگی (٣)، ژمارە (٤) ، پەڕە (٢٨٢-٣١٨).

١٨- مەحموود ، ئاڤێستا کەمال (٢٠٠٩) ، ئاوەزداری و درککردنی زمانیی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، بەشی (B) ،ژمارە ٢٦ ، (ل ٢٧-٤٢)

١٩- مەحموود ، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٣) وێنەی هزری ، ئاوەزداری و لێکدانەوە سایکۆزمانییەکان – ڕۆمانی (جەمشید حانی مامم) ی بەختیار عەلی وەک مۆدێلێکی جیهانبینی کورد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی (B)ژمارە (٤٢) ل ٧-٣٦.

٢٠- مەحموود ، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٥) ، ڕاڤەکردنی تاوانەکانی زمان لە چێوەی پەیپێبردنە زمانییە_دادوەرییەکاندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٥) ، بەرگی (٢) .

٢١- مەحموود ، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٧) ، گەشەنەسەندنی پراگماتیکی و ئاڵۆزبوونی هەژموونەزمانییەکان ، شیکردنەوەی سایکۆ-زمانی بۆ ئاریشە پراگماتیکییەکان ، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی ، بەرگی (٣) ،ژمارە (٣) ،پەڕە ٤٢٤-٤٥٢).

٢٢- محمد ، عبداللە حاتەم ولیا ، ژیان (٢٠١٥) ، پێکهێنانی زانیاری و کردە قسەییەکان ، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان ، بەرگی ١٩ ،ژمارە ٤ ، ٣٩-٦٤.

٢٣- محمد ، حاتم ولیا (٢٠٢٠) ، میتافۆری چەمکی لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان ،بەرگی (٢٤) ژمارە (٢٦).

٢٤- مستەفا ، ئەحمەد، چیا عەلی مستەفا ، بڕوا ڕەسول (٢٠١٨)شیکردنەوەی پراگماتیکی دەقە شیعری (ئەی ڕەقیب)، بە پێی تیۆری کردە قسەییەکان، کۆنفرانسی دڵدار.

## ٢)بە زمانی عەرەبی :

### أ. کتێب :

١- افيتش ، مليكا (٢٠٠٠) ، اتجاهات البحث اللساني ، ت: سعيد عبدالعزيز مصلوح ، وفاء كامل فايد ، ط٢ ،المجلس العلى للثقافه ، الجزائر.

٢- الراجحي ، عبده (١٩٩٥) ، علم اللغه التطبيقى و تعليم اللغات ، دار المعرفة الجامعية ، الاسكندرية .

٣- الراوي ، طارق (٢٠١٥) ، البصمة ، العراق .

٤- المرصفاوي، حسن صادق (١٩٧٥) شرح قانون العقوبات، القسم الخاص، الإسكندرية، منشأه المعارف،

٥- عبدة ، داود (١٩٨٤) ، دراسات فى علم اللغة النفسي ، طبعه ١ ، كويت .

٦- كريستال ، ترجمة حلمي خليل (١٩٧٤)،التعريف بعلم اللغة . ، الهيئة العامة المصرية للكتاب ، القاهرة ، (د.ت).

٧- نحلة ، محمود احمد (٢٠١١) ، افاق جديدة فى البحث اللغوي المعاصر ، الطبعه الاولى ، مكتبة الاداب ، القاهرة .

### ب- نامەی زانکۆیی :

١- حسن ، امال عبدالرحمن يوسف (٢٠١٢) ، الادلة العلمية الحديثة ودورها فى الاثبات اجنائي ، رسالة الماجستر ،كلية حقوق، جامعة الشرق الاوسط .

٢- شيماء ، غريبي (٢٠١٠) ، أثر التمارين الحس – الحركية في التمنية القدرة على الفهم الشفهي لدى الاطفال المتخلفين ذهنيا درجة خفيفا ، رسالة ماجستر ، جامعة العربي بن مهيدي – ام البواقي – الجزارئر ، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية ن قسم العلوم الاجتماعية.
٣- عبدالباقي ، زهرة (٢٠١٥) ،اشكالية ترجمة مصطلحات قانون الجنسية الجزارية ، مشروع ماجستر، كليه الاداب و اللغات ، جامعة ابي بكر بلقايد /تلمسان.
٤- محمود ، محافظي (٢٠١٢) ، البصمات كدليل علمي و حجيتها فى الاثبات الجنائي ، رسالة ماجستر ، كلية حقوق ، جامعة الجزائر ١ .

ت- گۆڤار :

١- العبودي ، د.عباس (١٩٨٨)مبدأ الثبوت بالكتابه واثره فى النظام القانونى للاثبات، مجلة القضاء ، العدد الاول و الثاني.
٢- الهندى ، عامر ، نور ،عاصم بنى (٢٠٢٠) ،البصمة الكلامية بين التطبيقات القضائية الغربية والعربية ، دراسات، العلوم الإنسانيه والاجتماعيه، المجلد ، ٤٧العدد ٤.
٣- سعدون ، نجاه ، بوتشاشه ، جمال (٢٠١٧) ، البناء اللغوي للنص القانوني ما بين العربية والفرنسية في ظل لغة الاختصاص ، مجلهة الاثر ، العدد ٢٨ ، جزائر.
٤- عمر ، عبد المجيد الطيب (٢٠٠٨) علم اللغه الجنائى : نشأته و تطوره و تطبيقاته ، المجلة العربية للدراسات الأمنية ، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنيهة، المجلد ٢٣، العدد ٤٥ (٢٨ فبراير/شباط ٢٠٠٨)، ص ص. ٢٧٣–٣٠٠، ٢٨ص.
٥- عباس ، سندس محمد (٢٠٢٠) ، اللسانيات الجنائيه و اثرها فى كشف الجريمه ، جريده العالم ، فقره اداب و فنون ، الخميس ١٨ حزيران (السنه الحاديه العشره) العدد ٢٤٥٨ .

## ٣) به زمانى ئينگليزى :

### أ- كتێب :

1- Allan , Keith (2012), What is common ground? , Monash University , Australia , DOI:10.1007/978-3-319-01014-4_1
2- Asher, R. E.E . & Simpson J. M. (Eds) (1994) The Encyclopedia of Language and Linguistics Oxford: Pergamon..
3- Ausburg, Tanya (2006). Becoming Interdisciplinary: An Introduction to Interdisciplinary Studies (2nd ed.). New York: Kendall/Hunt Publishing.
4- Arizona , Miranda v., (1966) 384 U.S. 436

5- Al-Saedi , Hayder Tuama Jasim (2013)A PRAGMATIC STUDY OF THE COOPERATIVE PRINCIPLE AND GRICES MAXIMS IN LOIS LOWRYS THE GIVER, A Thesis Submitted in Partial Fulfillment of the Requirements for the Master of Arts Degree, Department of Linguistics, Southern Illinois University Carbondale
6- Buckley ,Joseph P. (2020) , The Reid Technique of Investigative Interviewing and Positive Persuasion , 209 W. Jackson Blvd. Suite 400 , Chicago, Illinois 60606
7- Bhatia , V.K. (1985), An Applied Discourse Analysis of English Legislative Writing , Language Studies Unit, the University of Aston in Birmingham, U.K. May
8- Bhatia, V. K. 1987). Textual-mapping in British legislative writing. World Englishes, 6, 1, 1–10.CrossRef.
9- Coulthard, M. & Johnson, A. (2010). The Routledge Handbook of Forensic Linguistics. New York:Routledge
10- Corder, S. P. (1974). Error Analysis. In Allen J. P. B. and Pit Corder (1974,editors). Techniques in Applied Linguistics (The Edinburgh Course in Applied Linguistics). London: Oxford
11- Depraetere, Ilse. 2011. Perspective on Translation Quality. Berlin: De Gruyter GmbH &Co
12- Fitzgerald, J. (2005). Forensic linguistic services at the Behavioral Analysis Unit-1. Quantico, VA: FBI Academy and the National Center for the Analysis of Violent Crime.
13- Garner, B. A. (2004). Blacks law dictionary (8th ed.). St. Paul, MN: Thomson/West.
14- Grabe , William (2012) , Applied Linguistics: A Twenty-First-Century Discipline, The Oxford Handbook of Applied Linguistics, Oxford University Press
15- Haliday.M.A.K. (1985) , semantics : A new outline , New yourk, Cambridge University press.
16- Hollien , Harry (1990), ABOUT FORENSIC PHONETICS, Institute for Advanced Study of the Communication Processes, University of Florida, Gainesville, Florida 32611, USA. Email: hollien@ufl.edu
17- Hollien , Harry (2012) , ABOUT FORENSIC PHONETICS , University of Florida , UDK 81'342:343.98.
18- Hancock , Woodworth Jeffrey T , Michael (2008) , On Lying and Being Lied To: A Linguistic Analysis of Deception in Computer-Mediated Communication , Routledge, Informa Ltd Registered in England and Wales Registered Number: 1072954, : Mortimer House, 37-41 Mortimer Street, London W1T 3JH, UK

19-Herbert , Clark , H. (1996) , Commonground , Cambridge UK , Cambridge University Press.
20-Jan svartic(1968),THE EVANS STATEMENTS :A case for forensic linguistics ,BLANDERS BOKTRYCKERI ACTIEOBOLAG , GOTERBORG.
21-John E. Reid and Associates, Inc(1947), The Reid Technique of Interviewing and Interrogation
22-Levinson, S. C. (1983). Pragmatics. Cambridge [Cambridgeshire] ; New York : Cambridge University Press.
23- .McMenamin , Gerald R (2002), Forensic linguistics : advances in forensic stylistics, ISBN 0-8493-0966-2, CRC PRESS, Boca Raton London New York Washington, D.C
24-MuhammedAubed , Maan (2012), Polit request in English and Arabic , University of Bahri , sudan.
25-Olsson, J. (2004). Forensic linguistics: An introduction to language, crime, and the law. London-New York: Continuum.
26-Olsson, J. (2008). Forensic linguistics, 2nd Edition. London: Continuum.
27-Olsson, J. (2014). What is Forensic Linguistics? the text. Co. UK/docs/what_is. Doc.Acesso em
28-Olsson, luchjenbroers, John , June (2014), forensic linguistics , Bloomsbury academic , third edition, 50 bedford square , London, WS1B 3DP, UK. 1385 Brodway , New york , NY 10018, USA
29-Pádraig Ó RIAGÁIN (2002) , THE CONSEQUENCES OF DEMOGRAPHIC TRENDS FOR LANGUAGE LEARNING AND DIVERSITY , Language Policy Division , Directorate of School, Out-of-School and Higher Education , DGI
30-Spranger , Labudde, Michael & Dirk (2013)Semantic Tools for Forensics: Approaches in Forensic Text Analysis, The Third International Conference on Advances in Information Mining and Management, University of Applied Sciences Mittweida . Mittweida, Germany.
31-, R. W., 1993. Language Crimes: The Use and Abuse of Language Evidence in the Courtroom. Oxford: Blackwell.
32-Shuy, R. W. (2010). The Language of Defamation Cases. Oxford: University Press. DOI
33-Silveira , Rosane (2018) , INTRODUCTION: THE INTERDISCIPLINARY NATURE OF APPLIED , 1Universidade Federal de Santa Catarina, Florianópolis, Santa Catarina, Brasil

34- Sanni , Oluwole (2018) , The Role of Forensic Linguists in Courtroom Cross-examinations, The American University , Cairo
35- smith , shuy, Sharon s. , roger w. (2002) , Forensic Psycholinguistics: Using Language Analysis for Identifying and Assessing Offenders , 71 FBI L. Enforcement Bull.
36- Schmitt, N. and Celce-Murcia, M. (2002). An overview of applied linguistics. InSchmitt, N. (ed.), An Introduction Applied Linguistics. Arnold Press University Press
37- Turner, J. T. and Gelles, M. G. (2003). Threat assessment: A risk management approach. New York: Haworth Press.
38- Tiersma , Peter M. , Lawrence M. Solan (2012) , The Language of Crime, researchgate, Brooklyn Law School
39- Vrij A. 2008. Detecting Lies and Deceit: Pitfalls and Opportunities. Chichester, UK: Wiley. 2nd ed.
40- Wright, Richard A. 1975. "Meaning non-natural and Conversational Implicature", Cole and Morgan. Syntax and Semantics Vol. 3: Speech Act. New York: Academi Press
41- Yule, G. 1996. Pragmatics. Oxford: Oxford University Press
42- Zulawski , David E., and Douglas E. Wicklander,) 1998(Practical Aspects of Interview and Interrogation , CRC PressAnn Arbor

ب- گۆڤار :

1- Abuarrah , Sufyan (2018) Literal meaning: A first step to meaning interpretation, Topics in Linguistics , 19(2), pp. 86-96.
2- Ahmed , Hazhar (2021) , THE ROLE OF FORENSIC LINGUISTICS IN CRIME INVESTIGATION: USES IN LEGAL PROCEEDINGS , Anglisticum Journal (IJLLIS),Volume: 10 | Issue: 2|
3- Brown , Craik , Scott g , Fergus I.M.(2014) , Encoding and Retrieval of information , www.researchgate.net/publication/232589278 , 93-107.
4- Correa , Maite (2013), Forensic Linguistics: An Overview of the Intersection and Interaction of Language and Law , KALBŲ STUDIJOS. 2013. 23 NR. * STUDIES ABOUT LANGUAGES. 2013. NO. 23
5- Coulthard, M. (1997). 'A failed appeal, appeal in forensic linguistics. The International Journal of Speech, Language and the Law, 4(2), 287-302.
6- Coulthard, Malcolm (2010), FORENSIC LINGUISTICS: THE APPLICATION OF LANGUAGE DESCRIPTION IN LEGAL

CONTEXTS, Éditions de la Maison des sciences de l'homme, n° 132 , pages 15 à 33.

7- Coulthard , Malcolm (2014) , Forensic Linguistics: an interview with Malcolm Coulthard , ReVEL, vol. 12, n. 23.

8- Umiyati , Mirsa, 2020 , A Literature Review of Forensic Linguistics, IJFL (International Journal of Forensic Linguistics), 1(1)

9- Hyman, L. (1985). A Theory of Phonological Weight. Dordrecht: Foris. Iatridou, S., Anagnostopoulou, E. & Izvorski, R. (2001). Observations about the form and meaning of the perfect. In M. Kenstowicz (ed.), A Life in Language (pp. 189–238). Cambridge, MA: MIT Press.

10- Holmes, J. (1992) 'Womens talk in public contexts, Discourse and Society, 3, 2, 131–50.

11- Heydon , Georgina (2012)Helping the Police with Their Enquiries: Enhancing the Investigative Interview with Linguistic Research, Article in The Police Journal 85, 10.1350/pojo.2012.85.2.581, pages 101-122.

12- Holger Diessel (2017) , Usage-based linguistics , researchgate , Friedrich Schiller University Jena.

13- Jaconelli , Joseph (2018) , Incitement: A Study in Language Crime , Crim Law and Philos , 12 , 245–265.

14- Lehrberger, John. 1986. Sublanguage Analysis. Grishman, R., and Kittredge, R., Analyzing Language in Restricted Domains: Sublanguage Description and Processing. New Jersey: Lawrence Erlbaum Associates: 19-38.

15- Lee , David Yw (2001), GENRES, REGISTERS, TEXT TYPES, DOMAINS, AND STYLES: CLARIFYING THE CONCEPTS AND NAVIGATING A PATH THROUGH THE BNC JUNGLE , Vol. 5, Num. 3 , pp. 37-72

16- Mohbey , K . K (2011), Preprocessing and Morphological Analysis in Text Mining , International Journal of Electronics communication and computer Engeeniring , ISSN:2249 –O71X , Vol2 , Issue 2.

17- Sakakini, adel (2020), FORENSIC LINGUISTICS: AN APPLIED THEORY, BAU Journal - Society, Culture and Human Behavior, Volume 1, ISSN: 2663-9122.

18- Seyari2, Abdoreza, Bagheri , Mohammad Sadegh *3,(2019), Perspectives of Forensic Linguistics Research in Iran1, Journal of Language Horizons, Alzahra University, Volume 3, Issue 1, Biannual – Serial No. 5 ,pages 187-205 .

19- Sinha , Sweta (2015), Forensic Linguistics and Forensic Phonetics: An Introduction, International Journal of Interdisciplinary and Multidisciplinary Studies (IJIMS), Vol 2, No.6, ISSN: 2348 – 0343.

20- Shabanov MM (2010), Osobennosti provedeniya sudebnoi lingvisticheskoi ekspertizy po delam ob oskorblenii [Peculiarities of Carrying out Forensic Linguistic Expertise in Insult Cases]. Vestnik Dagestanskogo gosudarstvennogo universiteta. Seriya 2: Obshchestvennye nauki, 2,175-179.
21- Sajedi , F., & Ariani, M.(2014). Forensic Linguistics: A Brief Overview of the Key Elements. Procedia - Social and Behavioral Sciences, 158, 222–225.
22- Vijayan , N. (2013), Preplanned Crimes - An Analysis of Statements and Confessions in Forensic Linguistics , ISSN 1930-2940 Vol. 13:5
23- Xiu Yu(2011) A Psycholinguistic Study of Metaphor Processing, ACADEMY PUBLISHER , Vol. 1, No. 11, pp. 1614-1617.
24- yang , liu, Shaogang , zhuo (2018) , On the construction of the system for forensic psycholinguistics , Filozofia pubilczna i Edukacja Democtartyczna , DOI:10.14746/fped. 2018.7.2.2019.8.1.7 Numer 1• Art. #7 • s. 109-127.

## ت- نامەی زانكۆیی :

1- Nargis , Sultana Mahbuba (2014), Sensory Input and Mental Imagery in Second Language Acquisition , The University of Toledo.

## پ- پێگەی ئەلكترۆنی :

1- Abisamra, Nada. 2001. Teaching Writing Approach & Activities. (Retrieved on January 2013).http://www.jstor.org/stable/40014588 .
2- Brennan, R. (2001) “Linguistics and The Law“ (http: // www. Outreach. utk.edu./ Lip // AFL 2001/robert-rod man.htm
3- Deborah Wahlstrom(2010) ,Text Structures for DIFFERENT TYPES OF WRITING , www.DataDeb.wordpress.com
4- Tiersma¨ P. (2003).”What is Forensic Linguistics?.” (www.Language.law.org(
5- Keith Allan (2012) , What is common ground? , /www.researchgate.net/publication./
6- Wahlstrom, Dr. Deborah(2018) Text Structures for DIFFERENT TYPES O, , www.DataDeb.wordpress.com.

# الخلاصة


هذا البحث تحت عنوان (البصمة اللغوية في تفسير الجرائم اللغوية) هو بحث وصفي تحليلي و يظهر دور و اهمية (علم اللغة) كأي علم تكاملي باستطاعته أن يكون جزءا من طرق اكتساب دليل (المتهم و البريء) واظهاره في مجال العدل و العدالة و ذلك عن طريق تلك التفاسير المستوردة من البصمة اللغوية للأشخاص.

ولهذا الغرض تم تقسيمه الى ثلاثة اقسام الرئيسية:

**القسم الأول :** هذا القسم بعنوان (اللغة في حملة القضاءات) يتكون من ثلاثة مباحث رئيسية :

المبحث الأول يهتم بتعريف (علم اللغة القضائية- الشرعية) و مراجعة منبع و تطور مفهوم هذا العلم ، ومن ثم تحديدعمل اللغويين في اطار هذا المجال ، وبعد ذلك يظهر قانون (الخبرة)كقانون مرتبط بهذا المجال مع تلك القوانين التي يهتم العلم به في اطاره مع تحديد تقصيده .

والمبحث الثاني لتعريف علم القانون ، تفسير اللغة في اجراءات المحكمة و استحدا م اللغة كدليل .

وفي المبحث الثالث ، اظهار المقايس الأساسية التي هي ضرورية قيمة صدور النص، ثم تحديد النص القانوني كنوع خاص من النص ، ويتم فيه اثبات اهمية تلك المقايس الأساسية للتحليل.

**القسم الثاني :**هذا القسم من البحث بعنوان (تفسير الجرائم اللغوية من خلال بصمات لغوية) ويحتوي على اربعة مباحث:

المبحث الأول يتم فيه تفسير ماهية الجريمة وتحديد انواعه ، ومن ثم اظهار تلك الأساسيات و النظريات الخاصة بعلم الجريمة.

المبحث الثاني يتضح فيه تفاصيل و أنواع الجرائم اللغوية و تفصيلات البصمة اللغوية تحت عنوان ( البصمة اللغوية في الجرائم اللغوية) وفي هذا المجال يتوضح جانبين ، هما : البصمة اللغوية في تحليل الجرائم داخل شكوى الجزائية، والشكوى الجزائية المرتبطة بتلك الجرائم التي تفسر بالبصمة اللغوية.

المبحث الرابع ، وهو المبحث الأخير في هذا المبحث يتضح فيه استراتيجية (علم الصوتيات القضائية ، الأسلوب القضائي ، النحو القضائي ، استراتيجيات الدلالة و المنطق ، استراتيجيات البراغماتيكية ، استراتيجيات علم لغة الجسد ، مع استراتيجيات علم النفس اللغوي ) حول تحديد البصمة اللغوية.

**القسم الثالث :** الخاص بالقسم العلمي للبحث بعنوان (تفسير اثار (جرائم ، دلائل) اللغوية داخل نص ملف الجرائم ) و يتضح فيه المواضيع بطريقة عملية في اربعة رئيسية :

المبحث الأول لقد تم عرض فيع بعض الجرائم اللغوية مثل (التهديد، التفشير ،التهمة، التشهير ،التشجيع ، الخداع) ومن ثم بحسب انواعه تم اخذ بعض من ملفات الجرائم داخل محكمة السليمانية ، واثار الجريمة فيها محددة و مفسرات .

في المبحث الثاني نأخذ بعض من الجرائم الفعلية مثل ( القتل ، التقليد واستعمال العملة المزورة ، اخذ ممتلكات الدولة ، السرقة ، حوادث الانتحار ) ، و اثار دليل جرائمهم معلنة فيها .

وفي المبحث الثالث : تحت برق اثار الدلائل المكتشفة في المبحث الثاني بسبب تفسير الملفات محددة فيه القصد و الطريقة المواد اللغوية التي تستخدم في اي واحدة منهما .

المبحث الرابع :وهو المبحث الأخير تم تفسير نتيجة الاستقصائية مكونة من (٢٣)ثلاثة و عشرون سؤالا ، كدليل لاثبات اهمية البصمة اللغوية لتفسير الجرائم بصورة عامة ، وتلك البصمات االغوية التي تحدد بسبب استراتيجيات علم النفس اللغوي بصورة خاصة.

## Abstract

This research is titled “linguistic fingerprints in the investigation of linguistic crimes” the research is descriptive analytical paper. The role and importance of Linguistics has been shown as any complete science that is able to be part of a way of obtaining innocence and criminal evidence in the field of court and justice and that’s through the effects that are taken from people’s linguistic fingerprints. For this purpose, it has been divided into three major parts:

**Part one** :This part is titled ‘’language in judicial process’’, and is formed in three major chapters:

In the first chapter, importance has been given to introduce the forensic linguistics and the review of its emergence and development of the concept of the science. Then, linguists’ duty in the frame has been selected, and the law of expertise as a law specific to the field and the laws that are applied within the framework are shown with its defects.

The second chapter is to introduce the language of law that is explaining the language in the court’s procedure. In addition, Language is allocated as evidence.

The third chapter, the basic measures that are necessary to accurately review the text has been revealed then the legal text as specific type of text, to be mentioned and the importance of the basic criteria for text review.

**Part two**: this part of the research is titled "Interpretation of linguistic crimes through linguistic fingerprints” which includes four chapters:

Chapter one: What is the crime and its types are explained and principles and theories which are specific to criminality are presented.

Chapter two: details and types of language crimes are clarified under the title ( Linguistic fingerprint in the language crime ) . After thet contain concept of lingustuc fingerprint , then explain two parts:

Linguistic fingerprints in the investigation of crimes in the penal request.

Penal requests specific to the crimes which counts as a linguistic fingerprint.

Chapter Three: the last chapter of this part, strategies of “ judicial phonetic, judicial methodology , judicial of dialectology , judicial syntax, semantic an logistical strategies, pragmatic judicial strategies , body language strategies and psycholinguistic strategies} concerning the Linguistic fingerprints has been shown.

**Part three**: is specified to the practical part of the investigation entitled "foot editor" linguistic {crime, evidence} in the text of criminal cases divided into four main chapters , the subject has been explained practically.

Chapter one: some language crimes such as {threatening , insulting , inappropriate lying, defamation , intimidation, deception } have been revealed. Then, according to them, some cases were taken from the criminal cases in the Sulaimaniyah courts and the footsteps have been indicated and investigated.

In Chapter two, some of the crimes such as {murder , imitation , and the use of counterfeit currency , state property theft , suicide incident, } are taken and foot edit has been found.

Suicide incident and have been charged with criminal evidence. In the light of the footsteps of the documents that were issued last year because of the investigation of the dossier.

In the third chapter: in the light of evidence of footsteps in the second chapter which have been appeared due to the reveling of the cases, the purpose, style, and language line are specified which are used in each of them.

And fourth chapter which is the last chapter of this research a survey of 23 survey results were asked twenty three questions, as evidence to prove the importance of linguistic fingerprints in investigation of crimes in in general and the linguistic fingerprints identified by the principles and strategies of the psych- language judiciary, in particular.